# بنەما و میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی

د.نصرالله امامی

# بنەما و میتۆدەکانی

# ڕەخنەی ئەدەبی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

سەنگەر نازم          هیمداد حوسێن

٢٠١٨

- بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی
- د.نصرالله امامی
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن
- دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
- چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٨
- تیراژ: (١٠٠٠)دانە
- کلیلە وشەکان:بنەما، میتۆد، ڕەخنە، ئەدەب

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکاندا ژمارە(      )ی ساڵی ٢٠١٨ی دراوەتێ

امامی،نصر الله
مبانی و روش های نقد ادبی
تهران، نشر جامی ١٣٧٧.
چاپ سوم:١٣٨٥
ISBN:964-5620-62-7

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ئاماژەیەک بۆ ئەم وەرگێڕانە | ١٥ |
| **بەشی یەکەم: ناساندنێکی گشتی** | **١٩** |
| وشەی ڕەخنە | ١٩ |
| ڕەخنەی ئەدەبی و پێناسەی ئەدەب | ٢٠ |
| ئامانجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی | ٢٥ |
| ڕێژەیی بوونی ڕەخنەی ئەدەبی | ٣٥ |
| گرنگی ڕەخنەی ئەدەبی | ٣٦ |
| ڕەشبینی سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی | ٤٠ |
| پەراوێزەکانی بەشی یەکەم | ٤٣ |
| **بەشی دووەم: ڕەخنەی ئەدەبی لە ئێراندا** | **٤٧** |
| لە ئێرانی کۆندا | ٤٧ |
| ڕەخنەی یادداشتنامەکان | ٤٨ |
| لباب الالباب | ٥٠ |
| تذكرة الشعراء | ٥١ |
| اتشکده اذر | ٥٢ |
| یادداشتنامەی نەسرئابادی | ٥٣ |

توحفەی سامی و یادداشتنامەکانی دواتر..................... ٥٤
٢-ڕەخنەی نووسەران..................................... ٥٦
ترجمان البلاغة.......................................... ٥٧
چهار مقاله(چوار گوتار).................................. ٥٨
قابووسنامە............................................ ٦٠
حدائق السحر.......................................... ٦١
المعجم................................................ ٦٢
بەهارستانی جامی...................................... ٦٤
ڕەخنەی شاعیران....................................... ٦٥
پەراوێزەکانی بەشی دووەم............................... ٦٨
**بەشی سێیەم: شەپۆڵە نوێکان لە ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخی ئێراندا**............................................ ٧١
گەڕانەوەی ئەدەبی و بیرۆکە نوێگەراکان..................... ٧١
کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکان................................ ٧٦
سەردەمی قاجار و دەسپێکی گۆڕانکاری ئەدەبی.............. ٧٧
گرنگترین هۆکارەکانی گەشەکردنی ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی قاجار و مەشرووتەدا.................................. ٨٠
پێشەوایانی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئێرانیدا................. ٨٥
ئاخوندزادە............................................ ٨٥
موحەممەد تەقی بەهار( مەلیکولشوعەرا بەهار)............... ٨٨

فاتیمە سەییاح.....................................................................٩٢
بەدیعولزەمان فروزانفەر...........................................................٩٥
عەبدولحوسێن زەڕین کوب........................................................٩٨
پەروێز ناتل خانلەری..............................................................١٠١
پەراوێزەکانی بەشی سێیەم........................................................١٠٤
**بەشی چوارەم: ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبی عەرەبیدا........................١٠٩**
١.ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی جاهیلیدا.......................................١١٠
٢.ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی ئەمەویدا.......................................١١٢
٣.ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی عەبباسیدا.....................................١١٥
٤.ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخی عەرەبی............................................١٢٤
چەند کەسایەتییەکی هاوچەرخ لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا..........١٢٦
پەراوێزەکانی فەسڵی چوارەم........................................................١٣٠
**بەشی پێنجەم: ڕەخنەی ئەدەبی لە یۆنانی کۆن و ڕۆژئاوادا.................................١٣٥**
ئەفلاتوون.............................................................................١٣٨
ئەرستۆ.................................................................................١٤٣
تێڕوانینەکانی ئەرستۆ لە ڕەخنەدا ................................................١٤٦
ئەرستۆ و شێوە(فۆرم)................................................................١٤٧
راستی و درۆ لە شیعر لە ڕوانگەی ئەرستۆدا......................................١٤٨
ڕەخنەی ئەدەبی لەدوای ڕوخانی ئەسینا و زاڵبوونی ڕۆما...............١٥١

ڕەخنەی ئەدەبی لە چاخی ڕێنیسانسدا.............................................١٦٢
ڕەخنەی ئەدەبی لە سەدەی نۆزدەیەمدا...........................................١٦٩
ڕەخنەی نوێ.....................................................................١٧٧
دەسپێکی رەخنەی نوێ...........................................................١٧٧
لە ڕەخنەی پڕاکتیکی ڕیچاردزەوە تا ڕەخنەی نوێی ڕانسۆم.........١٨١
بنەماکانی ڕەخنەی نوێ...........................................................١٨٣
پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم.......................................................١٨٦
**بەشی شەشەم: ڕەخنەی دەقەکان، یا ڕەخنەی دەقناسی...............١٩٣**
ڕەخنەی دەقەکان و بەرهەمە هاوچەرخەکان......................................١٩٤
کورتە مێژوو و پێشینەیەکی ڕەخنە و ساغکردنەوەی.........................١٩٥
گرنگی و پێویستی ڕەخنەی دەقەکان..............................................٢٠٠
گۆڕانکاری و ساختەکاری لە دەقەکاندا...........................................٢٠٣
مەرج و تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەگری دەقەکان................................٢٠٨
پرۆسەی ڕاستکردنەوەی دەقەکان.................................................٢٠٩
پەراوێزەکانی بەشی شەشەم.......................................................٢١٨
**بەشی حەوتەم: رەخنەی رەوشتگەرایی.........................................٢٢٣**
باسێکی گشتی دەربارەی پێشینەی ڕەخنەی رەوشتگەرایی............٢٢٣
بەهادانانە ڕەوشتییەکان لە ئەدەبدا.............................................٢٢٥
ڕێژەیی بوونی ڕەوشت.............................................................٢٢٨
شێوازی ڕەخنەی ڕەوشتگەرا.......................................................٢٣٠

ڕەخنەی ڕەوشتی لە غەزەلێکی حافزدا.............................................٢٣٥
پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم.......................................................٢٤٠
**بەشی هەشتەم: ڕەخنەی دەروونناسی .............................................٢٤٣**
پێناسە و باسێکی گشتی...........................................................٢٤٣
پێشینەی ڕەخنەی دەروونناسی.....................................................٢٤٥
فرۆید و ڕەخنەی دەروونناسی.....................................................٢٤٧
هەڵە تێگەیشتن و سنوردارییەکان..................................................٢٤٨
فرۆید و ماهییەتی دەروون.........................................................٢٥١
هەست و نەست...................................................................٢٥٣
گرێیەکان لە پرۆسەی دەرونشیکارییەکانی فرۆید دا...................................٢٥٥
گرێی ئۆدیپ......................................................................٢٥٧
گرێی ئیلکترا.....................................................................٢٦١
یۆنگ و نەستی کۆ(دەستەجەمعی).................................................٢٦٢
خەون.............................................................................٢٦٣
خەون و ئەفراندنی ئەدەبی.........................................................٢٦٦
خەون و لێکدانەوەی هونەری.......................................................٢٦٨
شیکردنەوە ڕەمزییەکان............................................................٢٧٠
شیکردنەوە دەروونناسییەکان......................................................٢٧٢
نموونەیەک لە ڕەخنە و شیکردنەوەی دەروونناسی...................................٢٧٤
نهێنی شەهرزاد...................................................................٢٧٤

شیکردنەوەی دەروونناسی (نهێنی شەهرزاد)..................................٢٧٨
پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم................................................٢٨٣
**بەشی نۆیەم: رەخنەی مێژوویی- ژیاننامەیی..............................٢٨٩**
پێگەی رەخنەی مێژوویی-ژیاننامەیی........................................٢٩٣
ڕەخنەی مێژوویی.............................................................٢٩٨
ڕوانینە تاکلایەنەکانی ڕەخنەی نوێ بەرامبەر بە ڕەخنەی مێژوویی
شێواز و تەکنیکی کار لە ڕەخنەی مێژووییدا..................................٣٠٦
رەخنەی مێژوویی لە غەزەلێکی حافز دا......................................٣٠٧
چەند تێبینییەکی هونەری...................................................٣١٧
ڕوانینێکی سەربەخۆیانە بۆ ڕەخنەی ژیننامەیی ...............................٣١٩
شیاویی و گونجاوییەکانی ڕەخنەی ژیننامەیی ................................٣٢٠
بەرهەڵستیکارانی ڕەخنەی ژیننامەیی..........................................٣٢٢
لایەنگرانی ڕەخنەی ژیننامەیی................................................٣٢٦
ژیاننامە و ڕەخنەی ئەدەبی....................................................٣٢٨
پەراوێزەکانی بەشی نۆیەم.....................................................٣٣٣
**بەشی دەیەم: رەخنەی ئەفسانەیی..............................................٣٣٩**
چەمکی ئەفسانە.................................................................٣٣٩
ئەرک و ڕۆڵە بەراییەکان و مەرام و تایبەتمەندیی ئەفسانەکان.........٣٤٢
تەرزە سەرەتاییەکان یا شێوە میسالییەکان(ئارکی تایپەکان)..........٣٤٤
پێشینەی چەمکی تەرزە سەرەتاییەکان.......................................٣٤٥

کۆنەست و تەرزە سەرەتاییەکان.................................................٣٤٨
شیعرو ئەفسانە.........................................................................٣٥٠
ڕەنگدانەوەی ئەفسانە لە شیعر و ئەدەبدا.........................................٣٥٢
ئەرکەکانی ئەفسانە لە دنیای ئەمڕۆدا.............................................٣٥٩
پڕۆسەی ڕەخنەی ئەفسانەیی.....................................................٣٦٣
سەرنج و تێبینییە ئەفسانەییەکان لە (سێ هۆنراوە)دا.......................٣٦٥
کەموکوڕییەکانی ڕەخنەی ئەفسانەیی...........................................٣٧١
پەراوێزەکانی بەشی دەیەم...........................................................٣٧٣
**بەشی یازدەیەم: ڕەخنەی فۆرمالیستی.........................................٣٧٧**
بنەماو دیدی فۆرمالیستەکان........................................................٣٧٩
دەسپێکی بیروباوەڕە فۆرمالیستییەکان لە ڕەخنەی نوێدا.....................٣٨٢
چەمکی شێوە یا فۆرم.................................................................٣٨٤
پڕۆسەی ڕەخنەی فۆرمالیستی.....................................................٣٨٨
ڕەخنە و شیکردنەوەی غەزەلێکی حافز...........................................٣٩٣
شیکردنەوەیەکی فۆرمالیستیانە....................................................٣٩٤
پەراوێزەکانی بەشی یازدەیەم.......................................................٤٠٦
**بەشی دوازدەیەم: ڕەخنەی بنیاتگەری..........................................٤٠٧**
چەمکی گشتی بنیاتگەری............................................................٤٠٧
فردیناد دی سۆسێر و بنیاتگەری...................................................٤٠٩
زمان و ئاخاوتن(گوتن)...............................................................٤١٠

تیۆروانینی سوسێر و ئاماژەناسی........................................٤١٢
ئاستی سینکرۆنی و ئاستی دایکرۆنی.................................٤١٤
ئاستی ئاسۆیی و ئاستی ستوونی(تەوەری تەکنشینی و
تەوەری هاونشینی).................................................................٤١٥
شیکردنەوەی ئەدەبی لە فۆرمالیزم یا بنیاتگەریدا......................٤١٧
شیکردنەوەی بنیاتی شیعر و بەرهەمی ئەدەبی...........................٤١٨
بنیاتی زمانیی شیعر...............................................................٤٢٠
جۆرەکانی زمانی شیعر و باری دەلالەتی وشەکان.......................٤٢٢
هەڵبژاردنی وشەی شیعریی.....................................................٤٢٤
نموونە ئاوەزییەکانی شاعیر و هەڵبژاردنی وشەیی .......................٤٢٧
بنیاتی ڕێزمانی و شیکردنەوەی شیعر.........................................٤٢٩
بنیاتی مۆسیقایی شیعر و ڕۆڵی دەنگەکان (فۆنیمەکان)...................٤٣٠
پەراوێزەکانی بەشی دوازدەیەم.....................................................٤٣٦
**بەشی سێزدەیەم: هەڵوەشاندنەوەگەرایی.....................................٤٤١**
چەمکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی...................................................٤٤١
پێشینەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی.................................................٤٤٣
هەڵوەشاندنەوەگەرایی و دەرچوون لە بنیاتگەرایی.........................٤٤٥
هەڵوەشاندنەوەگەرایی و بەرامبەریە دوانەییەکان (جیاوازییە
دوانەییەکان)...........................................................................٤٤٧
هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە پڕۆسەی شیکردنەوەدا...........................٤٥٤

هەڵوەشاندنەوەگەرایی و بیروبۆچوونی نەیارانی............................٤٥٧
پەراوێزەکانی بەشی سێزدەیەم.................................................٤٦٠
**بەشی چواردەیەم: هێرمۆنەتیک** .................................................٤٦٣
چەمکی هێرمۆنەتیک(ڕاڤەکاری)..................................................٤٦٣
پێشینەی هێرمۆنەتیک...............................................................٤٦٥
ڕاڤەکردن و شیکردنەوە(تاویل و تفسیر).........................................٤٦٧
ڕاڤەکاری لە سەدەکانی ناوەڕاست.................................................٤٧٠
هێرمۆنەتیک لە سەدەی نۆزدەیەم و تیۆروانینی شلایەرماخەر.........٤٧١
دیلتای و فراوانکردنی تیۆری شلایەرماخەر.....................................٤٧٣
هێرمۆنەتیک لە سەدەی بیستەم و تیۆروانینە نوێترەکان..................٤٧٥
لە هایدگەرەوە تا گادامێر............................................................٤٧٧
(هیرش) و گەڕانەوە بۆ واتای کۆتایی..............................................٤٨٠
پۆڵ ڕیکۆر و میتۆدۆلۆژی هێرمۆنەتیک.........................................٤٨١
هێرمۆنەتیک لە تەرازووی ڕەخنەکاریدا.........................................٤٨٣
ڕاڤەکردنی هێرمۆنەتیکی و ڕەخنەی خوێنەر تەوەر...........................٤٨٥
ڕۆڵان بارت و مەرگی نووسەر........................................................٤٨٧
پەراوێزەکانی بەشی چواردەیەم......................................................٤٩٠
**بەشی پازدەیەم: ڕەخنەی فێمینیستی**..........................................٤٩٣
چەمکی فیمینیزم.......................................................................٤٩٣
ئامانجی فیمینیستەکان...............................................................٤٩٦

ڕەخنەی فیمینیستی لە ئەدەبدا.......................................................٤٩٨
ڕەخنەی فیمینیستی و زمانی ژنانە...................................................٥٠١
شیعری فارسی و تێڕوانینی فیمینیستی.............................................٥٠٥
پەراوێزەکانی فەسڵی پازدەیەم......................................................٥٠٩
لیستی سەرچاوەکان......................................................................٥١٣
ژیاننامەی نووسەر د. نصرت الله امامی.............................................٥٢٣
وەرگێڕەکان..................................................................................٥٢٦

# ئاماژەیەک بۆ ئەم وەرگێڕانە

بابەتی رەخنەی ئەدەبی بە رۆحی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەک دادەنرێ. ئەمڕۆ ئەدەبیاتناسی هۆکارێکی گرنگی ناسینی قۆناغەکانی پێشکەوتنی هزرو کۆمەڵەکانە. تێکەڵاوی لق و ژانر و هونەرەکانی ئەدەب لەلایەک و تێکەڵاوی ئەدەبیات لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتییەکانی تردا وردەکاری و کۆد ونهێنییەکانی دەقی ئەدەبی قورستر کردۆتەوە. بە تایبەتی رەخنەی ئەدەبی لەگەڵ فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی وزمانناسی و....بۆیە ئەرکی رەخنەگری ئینسکلۆپییدیشی قورستر کردووە.

ئەم کتێبەی بەردەستتان هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ مێژووی رەخنە لە رۆژهەڵات وخستنەڕووی میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبیاتی رۆژئاوایی،کە بە هەموویانەوە مێژووی بیری مرۆڤایەتی تەواو دەکەن. ئەم کتێبە هەم بۆ ناوەندی رۆشنبیریی و ئەدەبیی کوردی و هەم بۆ خوێندکارانی بەشە ئەدەبییەکان بە هەموو ئاستەکانی خوێندنی زانکۆییەوە پێویستە و سوودمەند دەبێت.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە داخەوە رەخنەی ئەدەبی نەیتوانیوە رووی راستەقینەو داهێنان و ستاتیکای دەقی ئەدەبی کوردی بەرجەستە

بکات،ئەمەش بێگومان نەبوونی شارەزایی و رۆشنبیریی رەخنەیی بووە لەو مەیدانەدا، بۆیە وەرگێڕانی ئەم جۆرە کتێبانە بە پێویست دەزانین چ بۆ ناوەندی ئەدەبی و چ بۆ خوێندکارانی بەشە ئەدەبییەکان تاوەکو شارەزایی لە مێژووی میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی رۆژئاواییدا وەربگرن و دواتر لەسەر دەقی کوردی پراکتیزەی بکەن.

نووسەری ئەم کتێبە خۆی رەخنگرێکی دیار و ئوستادی زانکۆیە و ژمارەیەک کتێب و وتاری ئەکادیمی بڵاوکردۆتەوە،ئەم کتێبە سێ جار چاپکراوەتەوەو سەرچاوەیەکی باشە بۆ بواری مێژوو و رەخنەی ئەدەبی فارسی. دەمەوێ لێرەدا ئەوە راست بکەمەوە بەکارهێنانی (ئەدەبیاتی ئێرانی) پێوەندی بە سیتم و بیرکردنەوەی بنەماکانی دەوڵەتی ئێرانەوە هەیە لە هەمبەر نەتەوەکانی ئێرانەوە،وەکو کورد، بلوچ و عەرەب و ئازەری و ئەوانی دی، راستە کلتوری هاوبەش لە نێوانی نەتەوەکانی چیاکانی زاگرۆسەوە هەیە،بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هەریەکێک لەو میللەتانە زمان و کلتوری جیاوازی خۆیان هەیەو پێی دەناسرێنەوە. ئەدەبیاتی کوردی و...... لە ئێران هەیە، بۆیە ئەم زاراوەیە دەستکردی سیاسەتی داگیرکاری و سەپاندنی بە زۆرەملێیەو کپکردنی دەنگی نەتەوەکانی ترە لە ئاست فارس، کە کەمینەن.

هیوادارین، وەرگێڕانەکەمان جێگەی پەسەندی بێت..

**هەولێر-٢٠١٨**

# پێشەکییەك بۆ چاپی دووەم


لە ساڵی ١٩٩٨ لەبەر پێویستیی خوێندکارانی بەشە ئەدەبییەکان و مکوڕیی هەندێ لە هاوکاران و پەلەی بەڕێز بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبە ئاهەنگی بڵاوبوونەوەی کتێبی (بنەما و میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی)م سازدا،خۆم دەمزانی کە بەهۆی خاڵی بوونی جێگەی هەندێ باس نوقرچم لێدەگرن،لە لایەکی دیکەوەش خۆم ئامادەکردبوو تا لە رەخنەکانی ئەهلی هونەریش سوود وەربگرم.

لە ماوەی تێپەڕبوونی چەند ساڵی نێوان چاپی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبەدا گوتەو گرنگی پێدانی خوێندکاران و سەرجەم خوازیارانی ئەدەب و رەخنە،منیان خستە سەر ئەو بارەی، کە بۆ تەواوکردنی کە موکورتییەکان،زیاتر بە پەرۆش بم و ئێستا دڵخۆشم کە ئەو کارە تەواو بووەو ئەگەر هێشتا کێماسیشی تێدا مابێ،کە بێگومان هەیە،لە چاپ و پێداچوونەوەکانی ئاییندەدا چارەسەری دەکەم.

بنیادی کارەکەم لە چاپی دووەمی ئەم کتێبەدا بە سادەیی نووسیوە و ئەگەر دژواری و ناڕوونییەکیش لە بەش و بابەتەکاندا بەرچاودەکەوێ، ئەوە سروشتی بابەتەکە وایە، هەڵبەتە تێگەیشتنی ئەو شتانە پێویستی بە هەندێ لێبووردەییشەوە هەیە.

**نصرالله امامی**

بەهاری ٢٠٠٦ - زانکۆی شهید چمران


با ویرایش جدید
مبانی و روش های نقد ادبی
تألیف: دکتر نصرالله امامی
استاد دانشگاه

# فەسڵی یەکەم

## ناساندنێکی گشتی

**وشەی ڕەخنە:**

وشـــەی رەخنە(نقد) لە زمانی فارســیدا چەند واتایەکی هەیە لەوانە: پارەی باو، پارەی نەختینە(بەرامبەر بە قەرز) ، هەڵبژاردنی بێخەوش و چاکی هەر شـــتێک، هەڵســـەنگاندن و پێوانەکردن، لە مەحەک دان، نیشاندانی چاکی و خراپی و هەڵبژاردنی باشترین و نایابترین.

وشــــەی ڕەخنەلێگرتن(انتقــاد)یش هەنــدێجــار وەکو هــاوواتــای ڕەخنە(نقد) بەکاردێت، بەڵام لە عورف و بەکارهێنانی باوی زماندا جیـاوازییەکی هەســـــتپێکراو لەنێوان ڕەخنە و ڕەخنەلێگرتن بەرچـاو دەکەوێت، واتە ڕەخنەلێگرتن زۆربەی کات بۆ واتای خســـــتنەڕووی کێماســـــییەکانی شــــتیک یا ڕەخنەگرتن لە لەکارێک یا کەســـێک دەهێنرێتەوە، لەکاتێکدا بەشــێوەیەکی گشـــتی ڕەخنە لەم جۆرە واتایە

داخراو و سنورداره بەکار ناهێنن و لە واتای هەڵسەنگاندنی شتەکان و بەرهەمە هزری و فیکری و هونەری و کلتورییەکان سـوودی لێ وەردەگرن. شـایەنی وتنە کە وشـەی ڕەخنەگرتنیش هەندێجار لە واتا بەربڵاوەکەی خۆیدا بەکاردەهێنرێت و لە بارودۆخێکی وەها دایە، کە ڕەخنە و ڕەخنەگرتن وەکو هـاوواتـای یەکتر لەگەڵ یەکتریـدا دەهێنرێنەوە.

هەر دوو وشـەی عەرەبی ڕەخنە(نقد) و ڕەخنەگرتن(انتقاد) هاوتای وشەی ئینگلیزی(Criticism)ن. وشەی ناوبراویش لە زمانی ئینگلیزیدا لەڕووی بەکارهێنانەوە حاڵەتێکی هاوشـێوە و لێکچووی لەگەڵ وشـە بەرامبەرەکانی لە زمانی فارسـیدا هەیە، واتە هەندێجار واتایەکی سنوردار و هەندێجاریش واتایەکی بەربڵاو لەخۆ دەگرێت.

ئەو کەسـەی، کە کـاری ڕەخنە دەکـات بە ڕەخنەگر(نـاقـد) یـا ڕەخنەکـار(منتقـد) نـاودەبردرێـت، وشـەی (نقـاد)، کە شـێوەیەکی زێدەڕۆیی ئامێز یا چەمکی پیشـەیی (ڕەخنەگر)ی هەیە کەمتر بەکار دەهێنرێت، بەڵام بەکارهێنانی وشەی(ڕەخنەکار) شیاو نییە.

## ڕەخنەی ئەدەبی و پێناسەی ئەدەب

بۆ پێناسـەی ڕەخنەی ئەدەبی سـەرەتا پێویسـتە پێناسـەیەک، هەرچەندە ڕێژەییش بێت دەربارەی ئەدەب بەدەستەوە بدرێت، یەکێک لە باوترین ئەو پێناسـانەی کە بۆ ئەدەبیان هێناوەتەوە بریتییە لە: ( کۆمەڵە بەرهەمێکی نووسـراوە کە بەرزترین و چاکترین بیرۆکە و

خەیاڵەکانی لە بڵندترین و چاکترین شـــێوەدا دەربریبێت)[1] بەڵام ئەم پێناسەیە سەرەڕای ناوبانگ و بەربڵاوییەکەی کەمێک مایەی تێڕامانە، چونکە بێگومـان بەرهەمی نووســـراویش هەن، کە ڕەنگـدەرەوەی پوکـاوەترین دەرخســـتەکـانی بیرکردنەوەو ڕەفتـاری مرۆڤەکـان یـا کۆمەڵگا بێ کلتور و هەندێجار کلتور لاوازەکانن و لەگەڵ ئەمەدا لە ڕیزی ئەدەبدا هەژمار دەکرێن.

هەروەها یەکێک لەو پێناســـانەی، کە بۆ ئەدەبیان کردووە ئەوەیە، کە ئەدەب چالاکییەکی زەوقی و بەرجەستەکردنێکی بیر و هەستەکانی مرۆڤە، و هەندێجار دەوترێت ئەدەب ئیلهام و ســـروشـــێکە لەبارەی سروشت و ژیانی مرۆڤە[2].

دەربارەی ئەدەب دەتوانرێت چەند پێناســـەیەکی دیکە بخرێتەروو، کە زۆربەی کـات زەوقی و هەنـدێجـاریش خوازەیین(تمثیلی)، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ســـەلمێنەری ئەوەیە، کە ئەدەب لە ڕەهەند و لایەنی جیـاوازەوە پێنـاســـەگەلی زۆر هەڵـدەگرێـت، لە ڕوێکی دیکەوە جۆراوجۆری ئەم پێنـاســـانە ڕەنگدانەوەی ئەم بـابەتەیە، کە ئەدەب بوارێکی بەربڵاوی هەیە و لە یەک پێنـاســـەدا جێگەی نـابێتەوە و تەنانەت لەبەر ئەو هۆیەشـــەوە دەوترێت، کە هەوڵدان بە مەبەســـتی بەدەســـتهێنانی پێناســـەیەکی گشـــتگیر و ســـەراپا بۆ ئەدەب هێندە بە شـــتێکی گرنگ و پێویســـت ناکەوێتە بەر چاوانەوە[3]، چونکە واتای ئەدەب و چەمکی عەقلّیی ئەدەب بۆ کەسانێک، کە سەروکاریان لەگەڵ

بەرهەمی شـــاعیران و نووســـەراندا هەیە، یا ســـوود لەم بەرهەمانە وەردەگرن شـــتێکی شـــــاراوە نییە[٤]، لە ڕوویێکی دیکەوە ئەگەر لە پێناســـەی ئەدەبدا بۆچوونی جیاواز هەبێت ئەوا لە ماهیەتی ئەدەبدا هیچ جیـاوازییەک بوونی نییە، چونکە نزیکـایەتی و لێکچوون و هاوبەشـــییەکان لەناو بەرهەمگەلێکی بەرجەســـتەی وەک شـــانامەی فیردەوســـی و ئیلیادە و ئۆدیســـای هۆمیرۆس و بەهەشـــتی ونبووی میلتۆن و کۆمێـدیـای یەزدانی دانتی مـایەی نکۆڵی لێکردن نییە و جیاوازی بیر و زمـان و پەیوەندیی و وابەســـتەییە شـــوێنییەکان نەیتوانیوە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئەم بەرهەمانە لەناو ببات[٥].

خاڵی دیار لێرەدا ئەوەیە کە بەرهەمە ئەدەبییەکان لە بەهای خۆیاندا قەرزاربارى نووسینی باڵا و ڕەسەنایەتی ناوەرۆک و پەیام و ڕەهەندە ئیســـتاتیکییەکان و قابیلیەتە هونەرییەکانن، ئەم بەرهەمانە دەتوانن لە ڕووبەرێکی بەربڵاوی ژانر و بەشـــە جۆراوجۆرەکان دەربکەون کە بریتین لە: بەرهەم و شـــیعرە داســـتانییەکان، لیریکی، ئەفســـانەیی، ڕۆمان، کورتە چیرۆک و هاوشێوەی ئەمانە[٦].

ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەب وەرگیراوە و ســـەرەکیترین بـابەتی ئەدەبیش پێکـدەهێنێـت، ئەگەرچی ڕەخنەی ئەدەبی لە چەمکە تـایبەتییەکەی خۆیـدا بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ ڕەهەنـدە هونەری و زەوقییەکان ناتوانرێت وەکو زانین یا زانستێک دابنرێت، بەڵام بێگومان بە جۆرە(زانینێکی ئەدەبی)[٧] هەژمار دەکرێت، چونکە خاوەنی بنەما و

پۆلێن بەندی تایبەتە و زاراوە و دەربڕینگەلی تایبەتی خۆی هەیە و تێگەیشـــتنە لۆژیکی و ڕوونکردنەوە بەڵگەدارەکان گرنگییەکی زۆریان تێیدا هەیە.

ڕەخنەی ئەدەبی بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە هەندێک لە بەرهەم و نووسینە ڕۆژنامەوانییەکان دەبینرێت، نە ستایشکردنە، نە داشۆرین، بەڵکو چالاکییەکە لەســـەر خوێندنەوەیکی زیرەکانەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان و وەسـفکردن و شـیکردنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم بەرهەمــانە بونیــاتنراوە. چــالاکییەکی لەم جۆرەش هەڵبەتە بە پشـــتیوانی ناســـینی تایبەتمەندییە هونەرییەکان و شـــارەزایی و ڕۆشنبیری و چێژی ڕەخنەگر فەراهەم دەبێت.

لە ڕەخنەی ئەدەبیدا – زۆربەی کات نەک هەموو کات- ڕەخنەگر یا ڕەخنەکــار بە داوەریکــار دانــانێن، بەڵکو ئەو خۆی بە داوەری یــا شـــیکردنەوە هەڵدەســـتێت، پێویســـتە ئەوە بزانرێت کە ئارەزوو بۆ شـیکردنەوە و داوەری کردن و هەڵســەنکاندن چالاکی و توانسـتێکی زگمـاکە لە ســـروشـــتی مرۆڤدا و مرۆڤ لە هەوەڵین مـانگەکـانی لەدایکبوونیـدا خـاوەنی جۆرە درککردن و هێزێکی شـــیکردنەوە و داوەرییە، هەر ئەوەی کە منداڵ بە بیســـتنی دەنگێکی خۆش دڵخۆش دەبێت و بە دەنگێکی ناخۆش دەکەوێتە ترس و تۆقینەوە ئەوا جۆرە شـیکردنەوە و داوەریکردنێک لەبارەی دیارەدەیەکی دەرەکی لە خۆیدا دەردەخـات و ئەم بـارودۆخە وردە وردە لەودا بەهێز دەبێت تـا ئەو

کاتەی کە شـــیکردنەوە و داوەرییەکانی لە قۆناغگەلێکی چاکتر و گرنگتر دەردەکەوێت.

لە تیۆرە نوێکانی ئەدەبی بە تایبەت بونیاتگەرەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و لە بیری کەســـانی وەک (ڕۆلان بارت)ی زمانەوان و ڕەخنەگری فەڕەنسی و نورترۆپ فرای ڕەخنەگری ئەمریکی، هەروەها تێڕوانینە هێرمۆنەتیکییەکان بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان کە لەبەشـــەکانی داهاتوودا دێینە سەریان، ئەرکی ڕەخنەگر لە شیکردنەوە یا نیشاندانی خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ دەقەکە چڕ دەبێتەوە تا ئەو شـــوێنەی کە هەروەکو بارت دەڵێت:( ڕەخنە گەر بیەوێت شـــۆڕشـــگێڕانە بێت، پێویستی بە داوەری کردن نییە)[8].

ئەوەی لە شـــیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم ڕەخنەگرانە و تێڕوانینە(دەق جەمسـەر) و (خوێنەر جەمسـەر)ەکەیان خراوەتەڕوو لە خودی خۆیدا خاڵی نییە لە ڕەخنە و کەموکوڕییە واقیعییەکان، چونکە ئەوان بە گشـــت بانگەواز و داواکارییەکان بۆ خۆلادان و هەڵاتن لە داوەریکردن و تۆمەتبارکردنی ڕەخنەگرانی نەریتی بە کۆت و بەندکردن و نیشـــاندانیان لە پێگەی پۆلیســـی ئەدەبیدا خۆیشـــیان نەیانتوانیوە خۆیان لە ڕاڕایی داوەریکردن دەرباز بکەن، بەتایبەت ڕەتکردنەوەی تێڕوانینەکانی دیکە لە بیری ئەم ڕەخنەگرانەدا خۆی لە خۆیدا جۆرە داوەریکردنێکە[9] و کارەکەیان زیاتر لە بارودۆخی دوژمنانی فەلســـەفە دەچێت کە نەیاندەزانی دوژمنایەتیکردن لەگەڵ

فەلســەفەدا خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە فەلســەفەگەرایی یا بە دەربڕینە ناســـراوەکە فەلســـەفاندنە، بەڵام لە تەک هەموو ئەمانە تێڕامانی ئەم ڕەخنەگرانە لەنیشـــاندانی گۆشـــە پەنهانەکانی دەق و توێکاری و شـــیکردنەوەی دەق بۆتە بەشـــێکی جێماوی توند و قاییم لە مێژووی ڕەخنەی نوێدا.

## ئامانجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی

ســەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی لە واتا کلاســیکییەکەیدا دەتوانرێت ژمارەیەک ئەرک و ئامانج بخرێتەڕوو کە لە پێکەوە پانتایی بەربڵاوی بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبی نیشـــان دەدەن. ئەم پانتاییە لە ڕەخنەی دەقەکان، کە جۆرە چالاکییەکی بەراییە ،لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دەســـت پێدەکات و تا شـــیکردنەوە و هەندێجاریش داوەریکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکـان کە لوتکەی کـارەکەیە بەردەوامی دەبێـت، لەم نێوانەدا باســە تیۆرییەکانی وەک ماهیەت و گرنگی ئەدەب و ئەو مەرامەیشــی کە ئەدەب لەبەرچاوی دەگرێت بەشـــێک لە قەڵەمڕەوی بابەتی ڕەخنە پێک دەهێنێت.


گشــتیترین و ســەرەکیترین ئامانجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە تێڕوانینە تەقلیـدیەکەیـدا، لە دوای بـاســـە بەراییەکـان و ڕەخنەی دەقەکـان بەتەواوەتی ئەم لایەنانەی خوارەوەن:

1. خستنەڕوو و شیکردنەوە و هەندێجار ڕاڤەکردن.

2. بەراوردکردن و بەهادانان.

3. نیشاندانی ڕەهەندە لۆژیکی و ڕوونکردنەوەییەکان.

سەرنجدان لەم ئامانجانە دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی ڕەخنە بارودۆخێکی ناتەواو و نەزۆک لەخۆ نەگرێت و دوور بێت لەو شیکردنەوە و بەهادانانە گشتی و لێلانەی ، کە هەندێجار ڕاستەوخۆ لەسەر سەلیقە تاکەکەسی و بەبێ بەڵگە و پاساوی ماقوڵ بنیات دەنرێن[١٠].



# ئامانجی سیانەیی ڕەخنەی ئەدەبی

## ١. خستنەڕوو و شیکردنەوە:

خستنەڕوو و شیکردنەوە و پەسنکردنی بەرهەمی ئەدەبی بەشێکی گەورەی کاری ڕەخنە پێکدەهێنێت، چونکە لەپێش هەڵسەنگاندنی هەر بەرهەمێک پێویستە بەرهەمەکە بە شێوەیەکی دروست خستنەڕوو و شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بە دەربڕینێکی دیکە دەبێت بتوانین هەر بەرهەمێک لە پێگە و چەمکی دروستی خۆیدا درک بکەین و تەنیا لەو ڕێگەیەوەیە، کە دەتوانین لە ئاستی پێوانەکردندا باشتر لە خراپتر بناسینەوە یا لە ئاستی لێکدانەوەدا ڕەهەندە نادیارەکانی بەرهەمی ئەدەبی بۆ خوێنەری ڕەخنە ئاشکرا بکەین.

کاتێک کە ڕەخنەگر بە وەسفکردنی بەرهەمێک هەڵدەستێت ئەوا کارەکەی بەو مانایە نییە، کە بەشێوەیەکی ڕەها سەرکەوتوو بووە لە ناساندن و شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەو بەرهەمە ، ئەم شیکردنەوەیە لەڕاستیدا تێڕوانینی ڕەخنەگرە لە ڕەهەند و لایەنێکی بەرهەمەکەدا، لەبەرئەوە وەسفکردنی ئەو ناتوانێت پەسنکردن یا شیکردنەوەی ڕەخنەگرێکی دیکە بەشێوەیەکی گشتی پووچەڵ بکاتەوە و لێرەدا بەشێوەیەکی بنەڕەتیانە دیدگاو خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان پوچەڵکەرەوەی یەکتر نین، چونکە ڕەخنەگرێکی دیکە دەتوانێت بەرهەمەکە بە وردبوونەوە لە چەند و لایەنێکی تازەتر یا جیاوازتر دەربخات و وەسف بکات و ئاشکرایە، کە ئەگەر لە پرۆسەیەکی لەم

جۆرەدا بەڵگەهێنانەوە، یا شـــیکردنەوە و ڕاڤەکارییەکیش دێتەکایەوە، ئەوا ئەو بەڵگەهێنانەوەش نیشاندەری بەهادانانە تایبەتەکانە لە دیدگای هەمان ڕەخنەگرەوە و تەنانەت ئەگەر تێڕوانینی بەهادانانی ڕەخنەی تەقلیدیش وەلا بنێین،هەمدیســان لە لێکدانەوە ڕەخنەییەکان(تەنانەت لە پێشـــکەوتووترین لێکدانەوە ڕەخنەییەکاندا) جۆرە هەڵســـەنگاندنێکی لۆژیکی بەشێوەیەکی شاراوە دەخرێتەڕوو.

لێرەدا پێویســـتە ســـەرنج لەوە بدرێت، کە شـــیکردنەوە و ڕەخنەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی چوونە نـــاو خوێنـــدنەوەیەکی وردی ئەو دەقەیە، ئەم کارە جۆرە هەوڵ و کۆشـــشـــێکی پیشـــەییە لەلایەن ڕەخنەگرانی ئەدەبی و خوێندکاران و خۆتەرخانکەرانی ئەدەب، چونکە خوێنەرانی ئاســـایی دەقە ئەدەبییەکان زیاتر لە هەر شـــتێک بەدوای بەدەســـهێنانی چێژن لە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا و کارێکی ئەوتۆیان  بە شیکردنەوە و لێکدانەوە وردەکانەوە نییە[١١].

**٢.هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان:**

هەڵســەنگاندن لە ڕەخنەدا بە کۆمەکی ئەزموونگەرییەکانی ڕەخنەگر دێتەکـایەوە و ئەم کـارە تەنیـا لەدوای قوڵبوونەوە لە بەرهەمە ئەدەبـیـیەکـان بە هەوڵـێکـی فـیـکـری داهـێـنەرانە و گەڕانەوە بـۆ ئەزموونەکانی ڕابردوو و پێوانە و بەراوردکردنی نموونە ئەدەبییەکان لەگەڵ یەکتریـدا بەدەســـــت دێـت، بەراوردکردن و بەرامبەرکردنی ڕەخنەگر قەرزاربارى خوێندنەوە ودەسکەوتەکانی پێشـینی ڕەخنەگرە

و بەم هۆیەوە هەرچەندە بازنەی خوێندنەوەی ڕەخنەگر فراوانتر بێت ئەوا لەکارەکەی خۆیدا ســـەرکەوتووتر دەبێت،ڕەخنەگر دەتوانێت بە لێکۆڵینەوە لە بەرهەمگەلێک، کە هاوســەردەمی بەرهەمێکی تایبەتن، یا بە کۆمەکی بەرهەمگەلێـک، کە پێش ئەو بەرهەمە هـاتوونەتەکـایەوە دەست بیات بۆ جۆرە شیکردنەوە و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنێکی ورد و لەم بارودۆخەدا کارەکەی بۆ خوێنەرانی ڕەخنە بەشـــێوەیەکی توندوتۆڵ خۆی دەنوێنێت و مایەی پەسەندکردن دەبێت، بۆ نموونە لە شــیعری فارســیدا بەرامبەرکردنی (گشــتاســب نامە)ی دەقیقی لەگەڵ شانامەی فیردەوسی دەتوانێت هاوکاری هەڵسەنگاندن و داوەریکردنی ئێمە دەربارەی هەر یەکێک لەم دوو بەرهەمە بکات و بەهێزی بکات[١٢].

بۆ درککردنێکی چاکتری ئەوەی وترا، پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە دەقیقی یەکێکە لە شاعیرانی غەزەلنووسی سەردەمی سامانی، ئەو کەمێک پێش فیردەوسی و پێدەچێت بەشێوەیەکی ڕێکەوت و بەپشت بەستن بە بارودۆخەکانی سـەردەم، کە پاڵپشـتی ڕووکردنە داسـتان و ڕەهەندە میللییەکانی دەکرد هەڵســـابێت بە هۆنینەوەی شـــانامە و لەدوای هۆنینەوەی بەشـــێک لێی کۆچی دوایی کرد، فیردەوســـیش ماوەیەک دوای ئەو دەســتی بە هۆنینەوەی شــانامە کرد و لە کرۆکی هـۆنـیـنەوەی بەرهەمە گەورەکەی خـۆی نـزیـکەی هەزار دێـڕی هۆنراوەکەی دەقیقی، کە دەربـارەی پەیـدابوونی زەردەشـــــت و حوکمڕانی گشـتاسـبە خسـتە ناو شـانامەکەی خۆی و بەم شـێوەیە،

توانای بەرامبەركردنی نێوان دوو دەقی داستانی و هەڵسەنگاندنیانی فەراهەمكرد.

هۆنینەوەی شانامەی دەقیقی لەسەر بنەمای شانامەی ئەبو مەنسووری، كە بە تەواوترین شانامەی پەخشانی دادەنرێت[١٣] هاتۆتەكایەوە و بێگومان شێوازی كارەكەی دەقیقیش كوالیتییەكی نزمی نییە، بەڵام لەنێوان شێوازی دەقیقی و شێوازی فیردەوسیدا جیاوازییەكی زۆر بەرچاو دەكەوێت. تێگەیشتنی ئەم جیاوازییانە و لە كۆتاییدا داوەریكردن دەربارەی هەردوو بەرهەمەكە بە پشتیوانی و كۆمەكی هاوسەنگیكردنێك لەبارەی ڕەهەندە جیاوازەكانیان شتێكی زۆر چاك و بەرهەمدار دەبێت.

## هەڵسەنگاندن لەڕێگەی هاوسەنگیكردنی دوو بەرهەمدا

ئێستا بە وردبوونەوە لەوەی، كە وترا كاری دەقیقی و فیردەوسی لە هۆنینەوەی شانامە لەگەڵ یەكتریدا بەراورد دەكەین:

1. دەقیقی لە هۆنینەوەی شانامەكەی خۆیدا بەشێوەیەكی تەواو خۆی ڕادەستی سەرچاوە و كانگای ڕەسەنی كارەكە ، واتە دەقە پەخشانییەكانی شانامە كردووە و لە داهێنان و هەڵسوكەوت و بلیمەتی شاعیرانەی خۆی بەو شێوەیەی كە بارتەقای بەرهەمێكی داستانی بێت سوودێكی ئەوتۆی وەرنەگرتووە و هەندێجار لەسەر بنەمای هەندێك بەڵگە ڕێك دەربڕینگەلێكی هاوشێوەی دەقە ئۆرجیناڵەكەی هۆنیوەتەوە.

2. کاری دەقیقی لە بەرامبەرکردن لەگەڵ شـــانامەی فیردەوســـی لەڕووی ڕەهەندە وەســفی و زەمینەکانی وێنەکێشــان و هێزی خەیاڵکردن لاوازترە.

3. شـــیعرەکانی دەقیقی لەڕووی بەرفراوانی و وردەکارییەوە کە زۆربەی کات لە بەرهەمە داســـتانییەکاندا بۆ هێنانەکایەوەی کاریگەرییەکی زیاتر چاوەڕوان دەکرێت بێبەشــە بەشـێوەیەک کە کـۆڕی بەزم و ڕەزم و گـفـتـوگـۆ و گـێـڕانەوەکــان بە مەبەستێکی کورت و هەندێجار لە یەک تا سێ چوار دێڕ تەواو دەبن، نموونەیەک لەم کورتبێژییە ئەو بەیتەی خوارەوەیە:

**در گنج بگشاد و روزی بداد          بزد نای رویین بنه بر نهاد**

یا وەسـفکردنی مەیدانەکانی جەنگ وەها کورت و بەپەلەپەلە کە لە حاڵەتە وەسفی و هونەرییە تایبەتەکانی داستانەکان دەچێتە دەرەوە و بەجۆرە ڕاپۆرت و چیرۆکێکی وشـــک دەچێت و تەنانەت لە هەندێک بواردا لەڕووی کارتێکردنی داســـتانییەوە لاوازە، لەکاتێکدا لەڕووی خستنەڕووی شیعریدا سست و لاواز نییە[١٤].

4. فیردەوســـی لە کرۆکی کارەکە و ئەو بۆشـــاییانەی، کە دێتە پێشــەوە ناوەرۆکی جیاواز و خسـتنەڕووی لایەنە فەلسـەفی و ڕەوشـــتییەکان دەئاخنێتە ناو کارەکە، لەکاتێکدا، کە (دەقیقی) خۆی لەم کارە داهێنەرانە بێبەشکردووە.

5.لە بەرهەمەکەی (دەقیقی)دا جۆراوجۆرییەک کە شایستەی هۆنراوەیەکی داستانی بێت نابینرێت و لەبەر ئەم هۆیە تەکنیکی ئەو لە وەسفکردنی پاڵەوانان و هێنانەوەی وشە و دەربڕینەکان دووچاری دوبارەکردنەوە ناهونەرییەکان دەبێت، شایەنی گوتنە، کە دووبارەکردنەوە لە بەرهەمە داستانییە بەرزەکاندا خاسیەت و شێوازێکی خۆ لێلانەدراوە، بەڵام لەم بارودۆخێکی لەم جۆرەدا زیرەکی و هونەرمەندێتییەکانی شاعیر دەتوانێت ڕەنگ و بۆی وەڕزبوون لەم لایەنە دووربخاتەوە، بۆ نموونە دەزانین، کە دوپاتکردنەوە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شانامەی فیردەوسی دادەنرێت، بەڵام فیردەوسی هەوڵیداوە تا قسە دووبارەکان و چەندبارەکان بە باڵادەستی زمانی و توانستە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو بکات بەشێوەیەک کە هیچ پارچەیەک لە وشەکانی ئەو بەشێوەیەکی دووبارە و بێزارکەر خۆی نەنوێنێت[١٥].

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، کە ئایا بەرهەمە ئەدەبییە بەرزەکان و شاکارەکان چۆن بوونەتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و بەهادانانەکان؟ وەڵامەکەی ئەوەیە، کە ئەم بەرهەمانە (بە هۆی هاودەنگی و کۆدەنگییەکی گشتی ماوەیەکی دورودرێژ)[١٦] بوونەتە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنە ڕەخنەییەکان و ئەم هەڵبژاردنە، کە

بەرهەمی تێپەڕینی کـات و پـاڵفتەیی و بێژینگی قۆنـاغ و وەچە جیاوازەکانە شێوەیەکی تەواو سروشتی و سەربەخۆی هەبووە.

لە کۆتـاییـدا پێویسـتـە ئەوە بگوترێت، کە لە دووڕیـانی هاوسـەنگیکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەگەڵ یەکتردا دەتوانرێت دوو بەرهەم یـا چـەنـد بەرهەمێکی یەک نووسـەریش لە ڕێگەی بەرامبەرکردنیان و بە سـەرنجدان لە نموونە هاوشـێوەکان بخرێتە بواری شـیکردنەوە و هەڵسـەنگاندن و لەم ڕێگەیشـەوە دەتوانرێت ڕەوتی گۆڕانی داهێنەرانە و دینامیکی، یا دابەزین و داڕووخانی کاری شاعیر درک بکرێت.

## ٣.بەڵگەکاری و ڕوونکردنەوە

دەبێت ئەوە قبووڵ بکرێت، کە دەتوانرێت بـابەتە ئەدەبییەکـان بەشـێوەیەکی لۆژیکی بخرێتە ژێر تیشـکی لێکۆڵینەوە، چونکە داوەریکردنە ئەدەبییەکان سەداسەد شتگەلێکی چێژ و سەلیقەیی نین، لە داوەریکردنـدا سـەبـارەت بە بەرهەمێکی ئەدەبیی نـاتوانرێت هاوشـێوەی قسـەکردن و نیشـاندانی بۆچوون دەربارەی جۆرە خۆراکێک یا خواردنەوەیەکی تایبەت کار بکرێت، ئێمە دەبێت بتوانین بۆ تێگەیشـتنە ئەدەبی و ڕەخنەییەکـانی خۆمـان چەنـد بەڵگەیەک بخەینەڕوو، کاتێک کە دەرەقەتی دەرخسـتن و چەسـپاندنی بەڵگە هاتین، ئەوسا دەتوانین ئومێدەوار بین، کە خۆمان و کەسانی دیکەمان قایل کردووە[١٧].

پێویســـــتە باســـــە ڕوونکردنەوەیی و بەڵگەکارییەکان(توجیهی و استدلالی) لە سنووری ڕەخنەدا بەشێوەیەکی شارەزایانە و زیرەکانە بخرێتەڕوو، چونکە هاوشێوەی ئەم جۆرە باس و گفتوگۆیانە دەتوانن بە ئاســـــانی لە ســـــنووری ئەدەبدا بچنە دەرەوە و بچنە ناو گوتارە ســـیاســـی و ئەخلاقی و ئایدۆلۆژییەکانەوە و لەکۆتاییدا ئەم گوتارانە ڕەخنەی ئەدەبی بەرەو لای خۆیـان کێش بکەن و بەهـا ئەدەبی و هونەرییەکان بخەنە پەراوێزەوە، لە بارودۆخێکی لەم جۆرەدا بەرهەمە ئەدەبییەکان لەســـــەر بنەمای بارودۆخە تایبەت و داخراوەکان دەچنە ژێر هەڵســـــەنگاندنەوە و ڕەهەندی ئەدەبی و هونەری بەرهەمەکە، کە پێویستە لەپێش هەر شتێکەوە سەرنجی لێبدرێت، شوێن و پێگەیەکی لاوەکی و پەراوێزیی وەردەگرێت.

بەڵگەهێنانەوە بۆ نیشـــــاندانی بەرزتری یا نزمتری هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێت بنەما و ئامرازەکانی خۆی لە خودی بەرهەمەکەوە وەدەســـــت بخات و ئەم خاڵە نیشـــــاندەری جەختکردنەوەیەکە، کە لە ڕەخنەی نوێـدا بە بەرهەمی ئەدەبی دەدرێـت، بەڵام بێگومـان بۆ ســـــوودوەرگرتن لە تێبینییە دەرەکی و دەوروبەرییەکان بەمەبەســـتی تێگەیشـتنە ڕەخنەییەکان دەتوانرێت سـوود لە زانیاری و هۆشـیارییە پەراوێزییەکـانیش وەربگیرێـت، ئەم تێبینی و زانیـارییـانە دەتوانن لە سەر تێگەیشتنەکانی ڕەخنەگر و بەڵگەکانی تا ئەندازەیەک پاڵپشتیکەر-(نەوەک یەکلاکەرەوە)بن.

بەڵگەهێنانەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا شێوەیەکی تەواو ڕێژەیی هەیە، چونکە وەکو ئەوەی پێشـــتریش بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاماژەی پێکرا،هەر بەڵگەهێنانەوەیەک، کە لەلایەن ڕەخنەگرەوە نیشان دەدەرێت پێوەندی بە ڕوانین و تێگەیشـــتنی تایبەتی ئەو لەگەڵ بەرهەمەکەوە هەیە، بۆ نموونە، بەڵگەهێنانەوەیەک، کە ڕەخنەگری دەروونناس لە لێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا هەیەتی دەتوانێت لەگەڵ ئەوەی، کە لەلایەن ڕەخنەگری ڕەوشـــتگەرا، یا ئەفســـانەناس یا زماناس دەخرێتەڕوو جیاواز بێت و لەهەمان کاتدا دژیەکییەکیش لەم نێوانەدا بەرچاو نەکەوێت.

## ڕێژەیی بوونی ڕەخنەی ئەدەبی

هیچ ڕەخنەیەک ناتوانێت شـێوەیەکی ڕەها و سـەدا سـەدی هەبێت، چونکە ڕەخنەگرانی ئەدەبی دەشـــێ بە ســـەرنجدان لە بارودۆخ و زەمینەی تێگەیشـــتنی خۆیان بۆ بەرهەمەکە و هەروەها بە ئاوڕدانەوە لە کات، هەروەها لەو بەرهەمانەشـــی کە دواتر دەخولقێنرێن تێڕوانین و لێکدانەوەیەکی دووبارەیان ســـەبارەت بە بەرهەمە ئەدەبییەکان هەبێت، بە دەربڕینێکی ســـادەتر ڕەخنەی هیچ بەرهەمێک بۆ یەک جار و بۆ هەمیشـــە شـــکڵ ناگرێت و بەرهەمە ئەدەبییەکان هاوتەک لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسـی و هونەرییەکاندا پێویسـتیان بە شیکردنەوە و ڕەخنەگرتنێکی دووبارە، یا چەند بارە دەبێت.

گۆڕان و ئەفراندنە تازەکان لە ئەدەبی ئەمڕۆدا ئێمە ناچار بە تێڕامان و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی ئەدەبی کۆن دەکات و لەڕوویێکی دیکەوە ڕەخنەی ئەدەبی ئەمڕۆ هەرگیز ناتوانێت بێ مەرام و نیاز بێت لەئاست ناسین و زانینی ئەدەبی کۆندا، چونکە ئەدەبیاتی کۆن زۆربەی کات ئەزموونێکە بۆ ئەدەبی ئەمڕۆ.

هەر چۆنێک بێت ئەو جیاوازییانەی، کە لەڕەخنەی ئەدەبیدا بەهۆی تێڕوانینە جیاوازەکانەوە دەردەکەون نیشاندەری ئەوەن، کە هەر جۆرە هەڵسەنگاندنێک بەشێوەیەک، کە گونجاوە لەگەڵ گۆشەنیگای ڕەخنەگر سەبارەت بە بەرهەمەکە ئەنجام دەدرێت و شێوەیەکی ڕەها و سەد لە سەدی نییە.

## گرنگی رەخنەی ئەدەبی

ئەو کاتەی، کە قسە دێتە سەر گرنگی رەخنەی ئەدەبی سەرەتا ئەم پرسیارە دەخرێتەڕوو، کە ئایا ئەدەب دەتوانێت بە بێ بوونی ڕەخنەی ئەدەبی بوونی هەبێت و بەردەوامی بە کاری خۆی بدات؟

وەڵامەکەی ئەوەیە، کە ئەدەب بەبێ ڕەخنەی ئەدەبیش دەتوانێت بوونی هەبێت، هەروەک ئەوەی، کە زمان بەبێ ڕێزمان دەتوانێت پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات. بەڵگەی ئەو قسەیە ئەوەیە، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان لەپێش ڕەخنەی ئەدەبییەوەن و بەشێکی گەورەی لەوەی، کە بە ناوی بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەخرێتەڕوو، لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە وەرگیراوە، کاری

ڕەخنەگر هەڵهێنجــان و پۆلێنبەنــدی و بەکــاربردنی ئەم بنەمــا و پێوەرانەیە لە پێگەی ڕاســـتەقینەی خۆیاندا و گوێزانەوەی ئەزموونە ئەدەبیی و هونەرییەکانی ڕابردووە بۆ کەســانی داهاتوو، ئەمەش ئەو خاڵەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی دەکاتە خاوەن بەها و گرنگیەکی نکۆڵی لێنەکراو.

لەتەک گرنگییەک، کە لە کۆنەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی دانراوە کەســـــانێکیش هەبوون، کە ڕەخنەی ئەدەبییان هێندە بە گرنگ و پێویســـت دانەناوە، پاڵنەری ئەم جۆرە کەســانە، کە زۆرێکیان خۆیان ئەفرێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکانیش بوون لەبەر ئەوەیە، کە زۆربەی کـات گیـانی قبوڵکردنی ڕەخنە لەلای هەنـدێکیـان لاواز بووە و لە ڕوویێکی دیکەوە نەیانتوانیوە لەم خاڵە تێبگەن، کە ڕەخنەگر دەتوانێت لە ڕێنوێنی و ئاراستەکردنی هەوڵە ئەدەبی و هونەرییەکانی نووسـەر و شاعیراندا کەسێکی سوودبەخش بێت.

ڕەخنەی تەندروســـت و زیندوو هەرچەندە دەتوانێت خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان ئاشـــکرا بکات، هاوکات بەهای ڕاســـتەقینەی ئەم بەرهەمـانەش دەردەخـات، بۆیە ئەوە ڕوونە، کە نەبوونی ڕەخنەیەکی لەم جۆرە دەبێتە هۆی چەقبەســتن لە ئەفراندنی بەرهەمە ئەدەبییەکانـدا و نەبوونی هەڵســـەنگانـدن و داوەریکردنە دروســـت و پتەوەکـان و لە کۆتـاییشـــدا دەبێتە هۆی دابەزین و داڕووخانی ئەدەب و هونەر.

بە دەربڕینێکی دیکە ڕەخنەگرێکی چـاوکراوە و بیمەرام، کە خاوەنی چێژێکی لێوانلێو و تێگەیشـتنێکی قووڵ و جوانە بە پاڵپشـتی زانست و لۆژیک لە مشت وماڵکردن و باڵابردنی هونەری تێدەکۆشێت و ئەرکێکی گرنگ و کاریگەر لە ئەسـتۆ دەگرێت، توانای لێکدانەوە و لۆژیکی مەحکەم مۆڵەتی پێنادات، کە هونەرفرۆشـە خۆدەرخەرەکان ناوبانگ و پەسـەندێتییەکی ناڕەوا بەدەسـت بێنن و هونەرمەندە خاکییەکانیش لە تاریکایی بیرچوونەوە و گۆشـەیەکی گومناویا بمێننەوە)[١٨] .

یەکێک لە دیارترین کارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوەیە، کە لەنێوان هونەرمەند و هونەر وەرگر ڕۆڵی نێوەند و میانگیری هەیە.

بابەتێک کە ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی لە بەرامبەر خوێنەرانی ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات بریتییە لە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی بەرهەمی ڕەسەن لە بەرهەمی ناڕەسەن و لاساییکەرەوە، کە زۆربەی کات سوودیان لە ڕووکەشگەرایی و تیف تیفەدان وەرگرتووە، ئەمەش بۆ خوێنەرانی ئاسـایی سـەختە و وەکو ئەوەی تۆلسـتۆی دەڵێ: **بەرهەمێکی ساختە زۆربەی کات زیاتر لە بەرهەمێکی ڕەسەن دەبێتە مـایەی سـەرسـوڕمـانی و ترس**[١٩]، لەڕوویێکی دیکەوە ڕێکلامە ڕۆژنامەوانییەکان لە چواردەوری هەندێک لە بەرهەمە ناڕەسـەنەکان دەتوانێت بیری خەڵکانێکی زۆر بە لاڕێدا ببات و لێرەوەیە، کە ڕەخنەگری ئەدەبی دەبێت ببێتە مایەی ڕێنموونی و ڕوونکەرەوەی

خوێنەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکـان لە بـارودۆخێکی وەهـادا ئەگەر خوێنەرێک وێنایەکی وا بکات، کە پێویسـتی بە ڕەخنەی ئەدەبی نییە و چێژ و سـەلیقەکەی بەسـە بۆی ، ئەوا بێگومان بەرامبەر بە هونەر و ئەدەب ستەمی کردووە.

ئەوە تەنیا خوێنەران نین، کە لە کاری ڕەخنەگر و لە کۆتاییشـدا لە ڕەخنەی ئەدەبیدا سـوود وەردەگرن، بەڵکو هەروەک ئەوەی پێشـتر ئاماژەی پێکرا ئەفرێنەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکانیش پێویسـتییان بە ڕێنموونی و ڕێنیشـاندانی ڕەخنەگران هەیە، چونکە زۆرجـار وا ڕوویداوە، کە شـاعیران و نووسـەران لەبارەی بەها و تەنانەت شـیکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆیاندا چەند داوەریکردنێکی ناڕەوا و بڕواپێنەکراویان هەبووە، لەکاتێکدا کە واقیعیەتی شـتەکە لە دید و ڕوانینی ڕەخنەگرانی ئەدەبدا شاراوە و پەنهان نەبووە[٢٠].

ئەوەی تا ئێستا گوترا گرنگی ڕەخنە و کارکردنی بووە لە بەرامبەر خوێنەر و ئەفرێنەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، بەڵام ڕەخنە ئەرکێکیشی لە بەرامبەر هونەر و ئەدەبدا هەیە، دەربارەی ئەم ئەرکە کە بەشـێک لە ئـامـانجە بنەڕەتییەکـانی ڕەخنەیش پێـک دەهێنێـت، پێشـتر ئاماژەیەکمان کردووە، بابەتەکە ئەوەیە، کە ڕەخنە دەتوانێت قسـە بکات، لەکاتێکدا کە هونەرەکان بێدەنگن[٢١]. بۆ نموونە، نیگارکێشـی و پەیکەرتـاشـی و هونەرەکـانی دیکە تەنیـا دەتوانن نیشـاندان و دەرخسـتەکاری بکەن، بەڵام شـتێک ناڵێن. ئەم بابەتە ڕەنگە سـەبارەت

بە شـیعر وەکو شـتێکی نەشـیاو خۆی بنوێنێ، بەڵام لە شـیعریشـدا بەکارهێنانە خوازەیی و ڕەمزی و واتا شـــاراوە و ناڕاســـتەوخۆی وشـــەکانە، کە ئەرکی ســـەرەکی جێبەجێ دەکەن. شـــاعیر، بە خستنەڕووی ڕاستەوخۆ ڕوو لە خوێنەر ناکات و شتێکی ئاساییە، کە درککردنی تێکڕای پەیام و مەبەسـتی شـاعیر لە بارودۆخێکی وەهادا بۆ زۆربەی خوێنەران کارێکی ســەخت و دژوار بێت. لێرەشـــەوە ڕەخنەگران شـــیکردنەوەی بۆ ئەو چەمکانە دەکەن، کە شـــاعیر مەبەســـتی بووە بیگەیەنێتە خوێنەران و هەر یەکێکیان گۆشـــە و ڕەهەندێکی قسـەی شـاعیر نیشـان دەداتەوە، لە کاتێکدا کە شـیعرەکە بێدەنگە، ڕەخنەگر قسە دەکات.

## ڕەشبینی سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی

لەگەڵ هەبوونی گرنگی و پێویســـتی نکۆڵی لێنەکراوانەی ڕەخنەی ئەدەبی هەمیشـە چەند ڕەشـبینییەک سـەبارەت بە ڕەخنە دەبینرێت و ڕەنگە بتوانرێـت بگوترێـت، کە ئەم ڕەشـــبینییە هێنـدە دێرینە، کە پێشینەیەکی بە ئەندازەی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی هەیە.

بیرکردنەوەی دوژمنکارانەی ڕەخنە زۆربەی کات بەلای نووسەر و هونەرمەنـدانێکەوە، کە بەرگەی لێکـدانەوە و ڕەخنەگرتنەکـانی ڕەخنەگران نـاگرن جـار جـار وابیردەکەنەوە، کە قســـەی ئەوان هەڵقولاوی بەخیلی و چـاوچنۆکییە. تۆڵســـتۆی لە یەکێـک لە ڕاشـــکاوانەترین ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ ڕەخنەگراندا دەڵێت: **ئەگەر**

**ڕەخنەگران سەرچاوەیەکی بەهرەیان تێدابووایە، ئەوا کاری ئەستەمی شـیکردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکانیان لە ئەسـتۆ نەدەگرت**[٢٢]. ئەو لە جێگایەکی دیکەدا توانای شـیکردنەوەی هونەری لەڕێگەی ڕەخنەگران، کە یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی ڕەخنە ڕەتدەکاتەوە و لەو باوەڕە دایە، کە (هونەرمەند ئەگەر هونەرمەندێکی واقیعی بێت ئەوا ســـەدا ســـەد لەڕێگەی بەرهەمەکەی خۆی هەســـتی خۆی بۆ خەڵـک گواستۆتەوە، ئیتر ڕەخنەگر دەیەوێت چ شتێک ڕوون بکاتەوە؟)[٢٣]

ڕەخنەگرانی بەرهەمەکـانی (شـــکســـپیر)یش زۆربەی کـات نموونەیەکن لەو ڕەخنەگرانەی، کە بوونەتە مایەی تانە و تەشـــەر و ڕەتکردنەوە بەلای نووســـەر و هونەرمەنـدانەوە. هەنـدێجـار وەکو گـاڵتەپێکردنێـک ئەم ڕەخنەگرانە بەئـامـانج دەگرن و دەڵێن ئەگەر (شکسپیر) سـەری لە گۆڕەکەی دەربهێنێت، ئەوا ناتوانێت لە ڕەخنە و شـــیکردنەوەی ئەو ڕەخنەگرانە تێبگات، یا ڕەخنەگرانی ناوبراو بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە چەمک و بابەتەکانیان زۆر لە ســـەرووی ئەوەی، کە شـــکســـپیر مەبەســـتی بووە، بار کردۆتە ســـەر بەرهەمەکانی شکسپیر[٢٤].

ناڕەزایی و ڕەشبینی سەبارەت بە ڕەخنە لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێـت، کە وا بیردەکەنەوە ڕەخنەگر لە بەرامبەر هونەرمەنـد یـا نووســـەردا وەســـتاوە، لەکاتێکدا کە ئەو لەتەک ئەوان دایە و هەوڵ و کۆششی ئەو لە ڕێگەی پاڵفتەکردن و بالآبردنی بەرهەمە هونەرییەکان

و گوێزانەوەی ئەزموونکـارییە هونەری و ئەدەبییەکـانە، لەڕوویێکی دیکەوە هەرچەندە هەندێجار ڕەخنە ڕق و کینەدارەکان یا داوەریکردنە بێ بنەماکان دەبێتە هۆی کزی و بێئومێدی هونەرمەندان، بەڵام ئەم بـابەتە هەرگیز نـابێت ببێتە هۆی لەبەرچـاونەگرتنی هەوڵەکـانی ئەو ڕەخـنەگـرانەی، کە لە ڕۆژگـاری ئەرسـتۆوە تـاوەکـو ئەمـڕۆ ڕوناککەرەوەی ڕێگەی هونەرمەند و شـاعیر و نووسـەران بوون و لێکدانەوەکـانیـان بێگومـان بە چەشـنێک لە دوبـارە ئەفرانـدنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان هەژمار دەکرێن.

# پەراوێزەکانی فەسڵی یەکەم

١- بڕوانە: نقد ادبی، عبدالحسین زرین کوب،امیر کبیر، تهران، ١٣٥٢، ج١، ص١٦. سەبارەت بە بەرەوپێشەوەچوونی واتای وشەی (ئەدەب)و راستی و دروستی واتاکانی بڕوانە:شعر بی دروغ، شعر بی نقاب، عبدالحسین زرین کوب،انتشارات علمی، تهران،١٣٤٦،ص٣١-٣٧.

٢- بڕوانە: نقد ادبی،شوقي ضیف،ترجمه لمیعه ضمیری،امیر کبیر، تهران،١٣٦٢، ص١٣.

٣- هەمان سەرچاوە،ج٢، ل٧.

٤-هەمان سەرچاوە.

5-A Dictionaryof Literary Terms, Cudden, G.B, p.365, (Literature).

٦-ئاساییە ،کە ئەدةبیات سەرچاوەیەکی چێژی خۆی هەیە و ناتوانرێ بە پێودانگی زانستی کۆت و بەند بکرێ،بەڵام ئەو زانستانەی سەروکاریان لەگەڵ ئەدەبیاتدا هەیەو بە(زانستە ئەدەبییەکان) یان(زانینە ئەدەبییەکان) دەناسرێن.ئەم زانستانە لە سەدەکانی سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامدا زیاتر گەشەیان کرد و پەلوپۆیان هاویشت بە بەراورد بە دواتر،کە شتێی ئەوتۆی بەرچاوو زیادەیەکی وایان نەخستەسەر،بەڵام لق و پۆپی زۆری لێکەوتەوەو و بەرفراوانتر بوو،کە بە زاراوەی ئەوێ رۆژێ،بە چاوپۆشی لە واتای راستەقینەی وشەکە، بە زانستی کران.ئەم لقانە برێتي بوون لە:١-زانستی زمان٢--زانستی گەردانکردن،٣-زانستی وشەرۆنان،٤-زانستی رێزمان ٥-

زانستی واتا ٦- زانستی روونبێژی ٧- زانستی جوانبێژی ٨-زانستی داڕشتن ٩-زانستی رەخنەی پەخشان ١٠-زانستی عەرووز ١١-زانست سەروا ١٢-زانستی قرض الشعر ١٣-زانستی رەخنەی شیعر ١٤-زانستی وتاربێژی ١٥-زانستی خەت و رێنووس ١٦-زانستی مێژوو.بڕوانە:انواع شعر فارسی،منصور رستگار فسائی،انتشارات نوید،شیراز،١٣٧٢،ص٢١-٢٢.

٧-بڕوانە:النقد الادبي الحديث ،غنيمی هلال،بيروت،١٩٨٧،ص١٦.

٨-نقد و حقيقت،رولان بارت،شيرين دخت دقيقيان،نشر مركز ١٣٧٧،ص٢٥.

٩- بڕوانە:ساختار و هرمنوتيک،بابک احمدی،نشر مرکز،١٣٨١،ص٥٧.

١٠-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

A Short Guide to Writing about Literature,Sylvan Barnt,U.S.A,1968.

١١-گفتاری درباره نقد،سەرچاوەی پێشوو،ص١٧.

١٢-بۆ ئەم بەراوردە بڕوانە:چالش نافرجام يا ساختار زبانی و بياتی شاهنامه،نصرالله امامی،مجله دانشكده ادبيات و علوم انسانی دانشگاه شهيد بهشتی، شماره ١٢ و ١٣،بهار و تابستان ١٣٧٢.

١٣-شاهنامە ابو منصوری،شانامەیەکە بە شێوەی پەخشان لەسەر فەرمانی ابو منصور محمد بن عبدالرزاق فەرمانڕەوای توس لە دەوروبەری ساڵی ٣٤٦ ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.کاری کۆکردنەوەو ئەو شانامەیە لە ئەستۆی زانایان و مێژوونووسانی ئەو رۆژگارەوبە چاوەدێری ابو منصور معمری وەزیری محمد بن عبدالرزاق ئەنجام دراوە. سەرچاوەی ئەو شانامەیە بریێتی بووە لە گێڕانەوەی زارەکی و ئەو داستانانەی لە کتێبە پەهلەوییەکان بە تایبەتی خودای نامەکانەوە کۆکراونەتەوە.شانامەی ابو منصوری بۆتە سەرچاوە بۆ دقیقی و فیردەوسی بۆ هۆنینەوەی سروودی شانامەکانیان.

١٤- بڕوانە:حماسە سرایی در ایران، ذبیح الله صفا، چاپ چهارم، امیر کبیر،تهران،١٣٦٣،ص١٦٨.

١٥-بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: از رنگ گل تا رنج خار، قدمعلی سرامی، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران،١٣٦٨،ص١٦٢.

١٦-گفتاری درباره نقد،سەرچاوەی پێشوو،ص١٧٦.

١٧-هەمان سەرچاوە،ل١٥.

١٨-نقد ادبی،زرین کوب،ج١،ص٢٥.

١٩-هنر چیست،تولستوی،ص١٥٩.

20-Modern Literary Criticism,Lawrence Liping and A.Waiton Litz,New York,1972,p.199.

٢١-دەکرێ لەبارەی ئەم جۆرە داوەرییە درامانووسی ناسراوی نەرویژی ئیبسن( Henrik Ibsen 1828-1906)بە نموونە بهێنرێتەوە.ئەو لە بارەی مەزنترین شانۆنانەی خۆی بە ناونیشانی Emperor and Galileanو چەند بەشێک لە Peer Geint گوتویەتی ،کە ئەو بەرهەمانە تەمسیلی و رەمزیی نین.لەم بارەیەوە تاکە شتێک کە دەتوانرێ بگوترێ ئەوەیە ئیبسن لە رەخنەی بەرهەمەکانی خۆیدا رەخنەگرێکی ورد نەبووە.( Modern Literary Criticism,p.199).

٢٢-هنر چیست،سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٤.

٢٣-هەمان سەرچاوە،ص١٣٢.

24-Modern Literary Criticism,p.199.

بۆ نموونەی زیاتری ئەو رەشبینییانە بڕوانە:شعر بی دروغ،شعر بی نقاب،ص٥-٧.

# فەسڵی دووەم

# ڕەخنەی ئەدەبی لە ئێراندا

## لە ئێرانی کۆندا

ڕەخنەی ئەدەبی لە ئێراندا پێشینەیەکی کۆنی هەیە، تەنانەت ئاماژەگەلێک هەن سەلمێنەری بوونی تێگەیشتنە ڕەخنەییەکانن لە ئێرانی پێش ئیسلامەتیدا. مێژوونووس و ئەدەبیانی بڕواپێکراوی وەک مەسعودی و سەعالبی و ئیبن نەدیم ناوی کتێبێکیان هێناوە بەناوی(ئایین نامە) کە لە چەشنی خۆیدا ئینسکلۆپیدیایەکی هونەر و زانستەکانی سەردەمی سامانی بووە، بەشێک لەم کتێبە تایبەت بووە بە مەعریفە ئەدەبییەکان و تەکنیکی نامەنووسی و بە دەربڕینێکی کۆنتر تایبەت بووە بە پسپۆڕێی خوێندنەوە[1]. لە ڕوویێکی دیکەوە تەنانەت ئەگەری وەرگێڕانێکی کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆش بە فارسی ناوەڕاست، یا پەهلەوی لەئارادایە[2]، ئەگەر ئەم بابەتە حەتمییەتی

تێدا بێت ئەوا دەتوانێت نیشاندەری تێڕوانینگەلێکی ق,ولْتر و بەربلاوتر بێت سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی لە ئێرانی پێش ئیسلامیێتیدا.

شایەنی باسە، کە ئێرانییەکان لە سەردەمی ئەشکانییەکانیشەوە ئاشنایەتییان لەگەڵ بەرهەمە شانۆیی و دراماتیکییەکانی یۆنانیدا هەبووە و بە سەرنجدان لە وەرگێڕانی (کەلیلە و دیمنە)ش بۆ زمانی پەهلەوی ئەگەرێکی دیکەش لەبارەی ئاسنایەتی ئێرانییەکان بە ئەدەبی هیندی دێتە ئاراوە و شتێکی سروشتییە، کە هەموو ئەمانە لە پێکهاتن و شێوەگیری بیرە ڕەخنەییەکان لە دانان و نووسینی بەرهەم و هۆنراوە ئێرانییەکان لە پێش ئیسلامدا کاریگەرییان هەبووە.

## لە قۆناغی ئیسلامەتیدا

لە میراتی ئەدەبی ئێرانی دوای ئیسلامدا ڕەخنەی ئەدەبی بارودۆخێکی گەشەکردووی هەیە، دێرینترین بەرهەمە ئەدەبییە فارسییەکانی ئەم قۆناغە خاوەنی ئاماژە و چەندین ڕەمزن لە بوونی ڕەخنەی ئەدەبیدا. هەندێک لەم بەرهەمانە لەسەر شێوەی چەند حیکایەتێکی کورت سوودی ڕەخنەییان تێدایە. بابەتی پوختەتر و لێکدراوەتری ڕەخنە بەشێوەیەکی پلەڕەوتی لە یادداشت نامەکان و بەرهەمی ئەدیبان و هۆنراوەکانی شاعیرانی فارسیدا دەبینین، هەروەها چەند کتێبێکی زۆریش لە زەمینەی کێش و سەروای شیعردا بەرچاو دەکەوێت، کە نیزامی عەرووزی لە (چوار نامیلکە)دا ئاماژەیان پێدەکات، کە بەدڵنیاییەوە هەڵگری چەند سوودێکی ڕەخنەی ئەدەبی

بوون، چونکە بەرهەمەکـانی دواتری وەک (المعجم و الترجمـان البلاغە)ش خاوەن خەسڵەت و چاکییەکی لەم جۆرەن. بە پشت بەستن بەوەی گوترا دەتوانرێـت ڕەنگـدانەوەکـانی ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی ئیسلامیدا لەم لایەنانەی خوارەوەدا سەرنجیان لێبدرێ.

## ڕەخنەی یادداشتنامەکان:

یادداشـتنامە فارسـییەکان وەکو بەرهەم کە باسـی شـاعیران و شـیعرەکانیان، هەندێجار زەمینەیەکی یارمەتیدەریان بۆ خسـتنەڕوی تێڕوانینە ڕەخنەییەکان بەدەست دەخست، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆرێک لەو یادداشتنامانە لە ڕازاندەوەکارییەکی پتەو و سەنگین و لێکۆڵدراوە لە بواری ڕەخنەدا خاڵین لە جوانی ، قسەکانی یاددا شتنامەنوو سەکان زۆربەی کـات گشـتی و تێکەڵاوە بە دارِشـتنکاری، یـا قسـەی پێناسـئامێزن، ئەم یادداشـتنامەنووسـانە لە زۆربەی بوارەکاندا شوێنکەوتەی چێژ و سەلیقە یا نەریتی شیعری سەردەمی خۆیانن و کەمتر چێژی بێخەوشـیان کردۆتە پێوەری داوەریکردنەکانی خۆیان، لەم نێوانەدا چەند یادداشـتنامەنوسـێک هەن، کە تێڕامان لە بۆچوونە ڕەخنەییەکـانیـان دەتوانێـت ڕەوتی تێگەیشـتنە ڕەخنەییەکـان لە ئەدەبیاتیدا فارسـی نیشـان بدەن، بە ڕەچاوکردنی کورتکردنەوەیەکی زۆر چاوخشاندنێکی خێرا بەم یادداشتنامانەدا دەکەین:

## لباب الالباب

ئەم كتێبە دانراوی ســــەدیدەددین عوفی(كۆتاییەكانی ســــەدەی شـەشـەم و سـەرەتاكانی سـەدەی حەوتەم)ە، وەكو یەكێك لە كۆنترین یادداشــتنامەكانی فارســـی چەند بابەتێكی ڕەخنەیی گرنگی دەربارەی شـیعر و هونەری شـیعری تێدایە، ئەم یادداشـتنامە دوو تایبەتمەندیی هەیە: یەكەمین دارِشــتنكاری لە خســتنەڕووی بابەتەكان و دووەمیان كورتكردنەوەیەكی فراوان لە خســـتنەڕووی دیدگا ڕەخنەییەكاندا، بەشـــێوەیەک كە لەم لایەنەدا داوەریكردنەكانی لە یەک دوو دێڕ تێناپەڕێت، بۆ نموونە دەربارەی(منجیک ترمذی)شــاعیری ســەردەمی سـامانی نووسـیویەتی:( منجیک لە سـاحیرانی شـاعیران بوو، شـیعری نامۆ و وشــەكانی چاک و مانای نوێ و داهێنراو و دەربڕینگەلی پاراو و ڕەوان و خواســتنی دەگمەنی هەبوو)[٣] یا لە وەســفكردنی (كەسـائی مروزی)، كە ئەویش یەكێكە لە شـــاعیرانی ســـەردەمی ســـامانی نووســـیویەتی:( زۆرینەی شـــیعرەكـانی ئەو دەربـارەی زوهـد و ئامۆژگارین و لەبارەی چاكەكانی ئال و بەیتی پەیامبەری و جار جارە لە هەندێ شوێندا، كە بۆ داهێنانی وەسف و شتە سەرنج ڕاكێشەكاندا چەند لێكچواندنێكی كردووە دەرەقەتی دەربڕینەكان هاتووە و مافی خستنەڕووی داوە)[٤] بوارەكانی دیكەش خستنەڕووی بابەتگەلێكی لەم جۆرە و بەهەمان كورتبڕین، كە ئەگەرچی لە شـــوێن و پێگەی خۆیدا شایەنی گرنگی پێدانە، بەڵام وردی و وردڕوانینی ڕەخنەیی تێدا نییە.

## تذكرة الشعراء

دەوڵتەشای سەمەرقەندی خاوەنی تذكرة الشعراء (سەدەی نۆیەمی کۆچی) هەرچەندە خاوەنی بەرز و باڵایی دەرخستن و ڕاشکاوێتییە لە گوتاردا، بەڵام ئەویش لە زۆرێک لە بۆنە و لایەنەکاندا خاوەنی تێڕوانینگەلێکی گشتگیر و هەندێجار ڕووکەشییە، دەوڵەتشا لە لایەنێکی دیکەوە بە توندی لەژێر کاریگەری نەریتەکانی سەردەمی خۆیدایە، بۆ نموونە ئەم ڕەخنەیە لە شیعری(ئەمیر خەسرەو دەهلەوی) دەگرێت، کە شیعری ئەو خاڵییە لە سەنعەتکاری و ڕووی لە هونەرە جوانکارییەکان نییە[٥].

ئەو شتەی، کە لە کارەکەی دەوڵەتشادا نوێیە بریتییە لە سوود وەرگرتن لە بەراوردکاری یا بە دەربڕینە باوەکە(هاوسەنگی کردن) لە هەڵسەنگاندنی شاعیراندا، ئەو لەم بوارەدا کاریگەر بووە بە ڕەخنەگرە عەرەبەکان. بۆ نموونە لەو شوێنەی، کە قسە لەبارەی(زوهێری فاریابی)دەکات، ئەو لەگەڵ (ئەنوەری)دا بەرامبەر دەکات[٦]، یا بۆ ناساندنی (کەمال ئیسماعیل)ی شاعیری سەردەمی مەغۆل ئەو لەگەڵ باوکی واتە(جەمالەددین عەبدولڕەزاق)دا دەخاتە تای تەرازووەوە[٧]، بەڵام لە کۆی ئەمانەدا پێویستە بوترێت، کە دەوڵەتشا خاوەنی چێژێکی پەروەردەکراو بووە و سەرەڕای پشت بەستن بە نەریتە ئەدەبییەکانی سەردەم پێوەرەکانی چێژی خۆی لەبەرچاو گرتووە.

## آتشگده آذر

ئازەر بێگدلی لە یادداشـــتنامەنووســـانی ســـەدەی دوازدەیەمی کۆچییە، ئەو کەســـێکە، کە دوای مەودا و ماوەیەکی گرنگ یەکێک لە بەناوبانگترین یاددا شتنامەکانی فار سی نوو سی، ئەگەرچی هەندێک لە بیریاران بۆچوونەکانی ئەویان بە پشتبەستن بە چێژی بێگەرد زانیوە[٨]، بەڵام یادداشـــتنامەکەی خاوەنی بەهایەکی ڕەخنەیی ئەوتۆ نییە، ئەو بێجگە لە چەند شـــاعیرێکی گەورە وتە و قســـەکانی هێندە بە کورتی هێنـــاوەتەوە، کە لە بنەڕەتـــدا بوارێـــک بۆ خســـــتنەڕووی بـــابەتە ڕەخنەییەکـان نـامێنێتەوە، تـا ئەو شـــوێنەی، کە بۆ نموونە ڕۆحی قســـــەکانی ئەو دەربارەی خاقانی شـــیروانی وەهایە:( لە ڕێچکەی و تاربێژ یدا شـــێوازێکی تایبەتی داهێناوە و خاوەنی مانای بەرز و وشەی دڵگیرە و لە کۆتاییدا مرۆڤ بێچارە بڕوا بە شێوازی قسەکانی دەهێنێت)[٩] تەنانەت لەبارەی ئەنوەری لەمە کورتر و گشـــتیتر قســـە دەکات: (ئەنوەری لە هونەری شـیعردا چ لەڕووی وشـە و چ لەڕووی واتـاوە هـاوشـــێوەی نییە)[١٠] و تەواوی داوەریکردنەکـانی ئەو لە یادداشتنامەی ئاتەشکەدەی ئازەر لەسەر ئەم پێوەرەن.

## یادداشتنامەی نصرئابادی

یادداشـــتنامەی نەســـر ئابادی ئەگەرچی ناوبانگێکی کەمتری لە ئـاتەشـــگەدەی ئـازەر هەیە، بەڵام لەپێش ئەودا نووســـراوە لە بەرهەمەکانی ســەدەی یازدەیەمی کۆچییە. دانەری ئەم یادداشـتنامەیە

واتە(میرزا موحەممەد تاهیر نەســـــر ئابادی) ژیان و بەســــەرهاتی نزیکەی هەزار شـــــاعیری لە چین و توێژە جیاوازەکان لە کتێبەکەی خۆیدا جێکردۆتەوە لە ڕێگەی چەند ئاماژەکردنێکی ســەرپێیی و هاوتا لەگەڵ هێنانەوەی نموونەیەک لە شیعرەکانیان .

نە سر ئابادیش هاو شێوەی زۆربەی یاددا شتنامەنوو سەکانی پێش خۆی گرفتاری وشـەئارایی و داڕشـتنکارییە و لە هەمان ئەو دەربڕینە کورتانەی، کە لەبارەی باسـکردن و ناسـاندنی شـاعیران دەیهێنێتەوە زۆربەی کات بابەتێکی گرنگی تێدا نییە و جەختکردنەوە لەســەر چەند لایەنێک لە ژیانی شــاعیران بەســەر نیشــاندانی تێبینیە ڕەخنەییەکاندا زاڵ دەکات، بەشێوەیەکی وەها، کە کەمتر دەتوانرێت تێگەیشتێکی ورد لە ڕوانگەی ڕەخنەیی ئەو بەدەســــت بهێنرێت، بۆ نموونە دەربارەی (ســـــائیبی تەبریزی) نووســــیویەتی: (واتا ڕەنگینە دڵگیرەکانی خامەی بێهاوتای دوو زمانی، بە جوڵاندنی ســــێ پەنجە بەرەو هەر چوار جەوسەری ئاسۆکان و شەش ڕوو، پێنج دەهۆڵی کوتاوە و گەنجینەی غەیبی لە گەوهەری مانادا هەڵســووە، ئاوێنە شــاراوە و دیارەکانی بە زاخاودەر و مشتومالکەری هەمیشەیی لە ڕەنگی تاریکیدا پاککردۆتەوە و دەرگای پەسەندی بەڕووی خۆیدا کردۆتەوە)[١١]

نەسرئابادی ئەگەرچی بە پشت بەستن بە چەند بەڵگەیەک خاوەنی پەروەردەیەکی ئەدەبی و چێژی شــــیعرییش بووە، بەڵام هەندێجار لە خســــتنەڕووی بابەت و قســــەکانیدا زۆر بازاڕیانە و بێ بنەما قســــە

دەکات بە شێوەیەکی وەها، کە لە کرۆکی ناساندنی شاعیرێک بەناوی (ســـگ لوند)دا دەنووســـێت: یەک بەیتی هەیە، کە بارتەقای دیوانێکە، پاشان دوو دێڕ دەهێنێتەوە، کە دێڕی دووەم بەم جۆرەیە:

سحر امدم به کویت به شکار رفته بودی

تو که سگ نبرده بودی به چه کار رفته بودی[١٢]

بێگومان مەبەستیشی لەم قسەیە ئەم دێڕەی کۆتاییە.

## توحفەی سامی و یادداشتنامەکانی دواتر

ئەم یادداشتنامەیە بەتەواوەتی بریتییە لە باسکردنی بەسەرهات و نموونەی زۆر کورتی نزیکەی حەفســـەد شـــاعیری ناودار و بێ ناو و ناوبانگی ســـەردەمی ســـەفەوی، دانەری ئەم بەرهەمە واتە ســـام میرزا لە یەکێکە لە شازادەکانی سەفەوی ئەو بەرهەمەی لە ساڵی ٩٥٨دا بە کۆتا هێناوە. ئەم یادداشتنامە ئەگەرچی بۆتە مایەی سوود لێوەرگرتن لە لایەن یادداشتنامەنووسەکانی دوای خۆی ، بەڵام کورتبڕی کتێبەکە زیاد لەو ئەندازە پێویستەیە، کە بتوانرێت سوودێکی ڕەخنەیی ئەوتۆی لێ چاوەڕێ بکرێت، ســـەرەڕای دەربڕینە زێدەڕۆییانە و گشـــتییەکانی نووســـــەر لەوانە (بێ هاوتا) و (بێ هاوشـــێوە ) کە بۆ زۆرێک لە کەســـەکان بەکارهێنراوە، هەڵگری بابەتێکی وەســـفکردن یا ڕەخنەیی نین، کە ســـوود و بەهرەیەکی لێ بەدەســـت بهێنرێت، ئەم یادداشـتنامە هەر چۆنێک بێت لە ڕووی ناســـــاندنێکی گشـــتییانەی زۆرێک لە

شـــاعیرانی قۆناغی ســـەفەوی شـــتێک بەســـوودە، بەڵام تێبینیگەلێکی ڕەخنەیی ئەوتۆی لێ بەدەست ناهێنرێت.

ڕەخنەگرتنە سەرپێیی و کورتەکانی سام میرزا لە توحفەی سامیدا هەندێجار بەشـــێوەیەکە کە لە ناوەرۆکی تەنزیش بەدەر نییە ، لەوانە دەربارەی شاعیرێک بەناوی مەولانا لیسانی شیرازی نووسیویەتی: ( شـــیعرەکانی ئەو بەشـــێوەیەکی نەگونجاو هەڵکەوتوون،لەبەرئەوەی غەزەلێکی ئەو کە چاک بێت کەمە، بەڵام ئەوەی کە باشە یەجگار چاک هەڵکەوتووە)(تحفه/١٠٤)یا دەربارەی شـــاعیرێک بەناوی حەیدەر کولیچەپەز ، کە یەکێکە لە شاعیرانی هەرات نووسیویەتی: شیعرێکی زۆری گوت، بەڵام لەبەرئەوەی بازاڕی و ڕەشـــۆکی بوو، لە زۆربەی قســـەکانی خۆی تێنەدەگەیشـــت و شـــیعرەکانی ئەو نزیکەی دە هەزار دێڕن، هەروەکو ئەوەی گوتویەتی:

**چنان طوطی صفت حیران آن ائینه رویم**
**كه میگویم سخن اما نمی دانم چه میگویم (تحفه/١١٥)**

شایەنی باسە، بەپێچەوانەی یادداشتنامەکانی سەردەمی سەفەوی لە ئێراندا ، یادداشتنامەنووسی بەراورد لەو ڕۆژگارەدا لە هیندستان لە قوڵبوونەوە و بەهایەکی ڕەخنەگرانەی زیاتر ســـوودمەند بوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکاری وردبینی و تێبینییە هونەرناسییەکانی ئەدیب و نووســـەرانی فارســـیزانی ئەم ناوچەیە بوو،بەڵام یادداشـــتنامەکانی ســـەردەمی قاجاریش ک زۆربەی کات

لاساییکردنەوەیەکی شێواز و تەکنیکی یادداشتنامەنووسانی پێشووە بوار و بابەتگەلی ڕەخنەیی ئەوتۆیان تێدا نییە، لەنێو یادداشـــتنامەکان کە زۆربەی کات لە ناســـیاوی هاوڕێیەتیانە یا نکۆڵیکردنە ڕق و کیناوییەکان خاڵی نین ڕەنگە (مجمع الفصـــحا)ی ڕەزا قولی خانی هیدایەت بتوانرێت لە هەموو ئەوانیتر دیار و بەرجەســـتەتر دابنرێت، هیدایەت کە خۆیشـــی دەســـتی شـــاعیریتی هەبوو، هەندێجار لەتەک دەربڕینە کڵێشـــەییە تایبەتەکانی یادداشـــتنامەنووســـان بابەتگەلێکی خستۆتەڕوو، کە خاڵی نییە لە سوودە ڕەخنەییەکان.

یەکێکیتر لە یادداشـــتنامەکانی ســـەردەمی قاجار (براهین المعجم)ی دانراوی موحەممەد تەقی ســـپهەری کاشـــانییە کە لەگەڵ تەواوی بانگەشـــەکانی دەربارەی تازەیی ئەم بەرهەمە، بەڵام ناوەڕۆکێکی ڕەخنەیی ئەوتۆی نییە تـا بتوانرێـت لەوڕێگەیەوە ئەم بەرهەمە بە چاکتر لە تەواوی یادداشتنامەکانی ئەم سەردەمە دابنرێت.

## ٢-ڕەخنەی نووسەران

لەتەک یادداشـتنامەکاندا چەند بەرهەمێکی دیکەش لەڕێگەی ئەدیب و شـیعرناسـانەوە نووسـراوە، کە زۆربەیان لەڕووی خسـتنەڕووی لایەنە ڕەخنەییەکاندا بەرزتر و قووڵتر لە یادداشـــتنامەکان دەکەونە بەرچـاو و ڕەوتی پێگەیشـــتوویی تێگەیشـــتنە ڕەخنەییەکـان لەم بەرهەمانەدا بە چاکی دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. لەچوارچێوەی ئەم

بەرهەمە ناوبراوانەدا پێویستە  ئاماژە بە کتێبەکانی وەک (چهار مقاله) و (ترجمان البلاغه)ش بکرێت.

لەم نێوانەدا ئەوەی شـــایەنی گوتنە ئەوەیە کە بەرهەمەکانی وەک قابوسـنامە یا (بەهارسـتان)ی (جامی)یش دەتوانرێت لێیان بڕوانرێت ، ئەگەرچی چەنـد بەشـــێکی کورتتریـان دەربـارەی شـــیعر و شـاعیرێتییە،بەڵام هەمدیسـان لە جێگەی خۆیاندا لە بابەت و ناوەرۆکە ڕەوانبێژییەکـانـدا خـاڵی نین ، تێروانینێکی خێراش بەم بەرهەمـانەدا دەکەین و چاوێکیان پێدا دەخشێنینەوە.

## ترجمان البلاغه:

لەو کاتەی، کە عومەر ڕادویانی لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمدا کـتـێـبـی (تـرجـمـان الـبـلاغه)ی دەربـارەی هـونەر و پـیشـــە ئەدەبییەکان(صـــناعات ادبی) نووســـی، ئەدەبی عەرەبی لە لوتکەی گەشـــەکردنی خۆیدا بوو و بەم هۆیە ئەو بە توندی کەوتۆتە ژێر کـاریگەری هـونەرە ئەدەبـیـیەکـانـی عەرەبی، بەڵام لەگەل ئەمەدا هەوڵیداوە دەســـت بۆ ئاشـــکراکردنی هونەرە جوانکارییەکان لە دەقە شیعرییە فارسییەکان بەرێت و لەم ڕووەوە لە کتێبەکەی خۆیدا چەند بەڵگەیەکی زۆر لە نموونە کۆنە فارســـییەکان بەدەســـتەوە دەدات. (ڕادویانی) لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لە کرۆکی خســتنەڕووی بابەتەکاندا چەند باس و مەســـەلەیەک دەخاتەڕوو، کە ئەگەرچی ناوەرۆکێکی گرنگیان نییە، بەڵام ســەلمێنەری بوونی هێزی پەیبردن و تێگەیشــتنی

ئەوە کەسەیە لە ڕەخنەی شیعردا. ئەو بنەڕەت و بنەمای کاری شیعر لەسەر سادەیی دەربڕین و یەکگرتوویی وشەکان دادەنێت. هەروەها ڕوادویانی لەسەر ئەم باوەڕە نییە، کە هەرچییەک پێشینان هێناویانەتەوە خاڵیی لە کەم و کوڕی‌نیە، ئەو لەسەر ئەم بنەمایە باوەڕی وایە، کە بەرهەمەکانی پێشینان ئەو یەکێتی و پتەویەیان تێدا نییە ، کە لەبەرهەمی کەسانی دواتردا بەرچاودەکەوێت و سەرەنجام ئەوەیە، کە ئەوان دەسپێکەر بوون و ڕێگەیان بۆ کەسانی داهاتوو خۆشتر کردووە[١٣].

## چهار مقاله (چوار گوتار)

دیدگا ڕەخنەییەکانی نیزامی عەروزی سەمەرقەندی لە (چهار مقاله)دا، کە یەکێکە لە بەرهەمە ئەدەبییە دیارەکانی سەدەی شەشەمی کۆچی لەڕووی کۆنی و خستنەڕووی بابەتە پتەو و لێکۆڵدراوە و بنیاتنراو لەسەر تێگەیشتنە قووڵەکان شایەنی گرنگی و بەهایەکی تایبەتە. نیزامی عەروزی لە هەردوو گوتاری هونەری نووسەریتی و شاعیریتی، کە لەتەک پزیشکی و ئەستێرەناسییەوە شوێنیان بۆ کراوەتەوە بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری هونەری شیعریی ئەرستۆ دایە، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا سوودی لە هەڵهێنجانە زەوقی و تێگەیشتنە تایبەتییەکانی خۆیشی وەرگرتووە.

یەکێک لەو بابەتە نوێیانەی، کە لە بیروبۆچوونەکانی نیزامی عەروزیدا مایەی سەرنجدانە ئەوەیە، کە ئەو ئامانجی کۆتایی لە

شـــیعردا بە کارتێکردن و کاریگەری خســـتنەســـەر مرۆڤ دادەنێت و لەڕوویێکی دیکەوە لەســـــەر ئەم باوەڕەیە، کە شـــــیعر دەتوانێت لە دەرئەنجامێکی ڕەوشتی سوودمەند بێت ، بەڵام ئەم جۆرە پابەندبوونە لەئـــارادانییە لەوەی، کە ڕەوشـــــــت بە تـــاکە پێوەری نەگۆڕاوی هەڵسەنگاندنی شیعر هەژمار بکرێت.

لەتەک ئەوەی گوترا دەبێت دان بەوە دابنرێت، کە نیزامی عەروزیش بە تەواوی وردبینییەکانی خۆی هێشـــــتا نەیتوانیوە خۆی لە کۆت و بەندی نەریتە ئەدەبییەکانی ســـــەردەمی خۆی ڕزگار بکات، بۆ نموونە خستنەڕووی بابەتە زانستییەکان یا سوود وەرگرتن لەناوەرۆکەکانی وابەســـتە بە مەعریفە جوراوجۆرەکان لە شـــیعردا بە کارێکی چاک و گرنگ دەزانێت، لەکاتێکدا ئەم بابەتە شـــتێکی نەریتییە، کە لەڕۆژگاری ئەودا واتە ســەدەی شــەشــەم لەژێر کاریگەری بڵاوبوونەوەی بازنەی زانســـــتەکان و کۆنترۆڵی چینی زانایان لەســــــەر تەواوی توێژەکاندا دەرکەوتووە و بەدیهاتووە، ئەگینا کەمتر شـــــاعیرێک لە قۆناغەکانی پێشـــــوو واتە ســــــەردەمی ســـــامانی و غەزنەوییەکان دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، کە بابەت و ناوەرۆکە زانســـــتییەکانی وەکو بەهایەک ئاخنیبێتە ناو شیعرەکانی.

## قابووسنامە

کتێبی قابووســـــنامە لەو بەرهەمانەیە، کە وابەســـــتەن بە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە و کتێبێک نییە، کە بەشێوەیەکی تایبەتمەند بۆ شــیعر و ئەدەب تەرخان کرابێت، بەڵام تێگەیشــتنەکانی (عنصــر المالی کەیکاوس بن ئەســکەندەر)ی نووســەری ئەو کتێبە لە پانتایی ڕەخنەی شـیعر و پەخشـاندا زۆر زیرەکانەیە، تا ئەوەی کە بە بوێرییەوە دەتوانرێـت بگوترێـت، کە ســـــوودە ڕەخنەییەکـانی ئەم بەرهەمە لە زۆرێـک لە کتێبەکـانی ڕەوانبێژی و یـادداشـــــتنـامە شیعرییەکان زیاترە.

تێڕامان و بۆچوونەکانی واقیعبین و فراوانن و نووسەری ئەم کتێبە لە بەشـی سـی و پێنجەمی کتێبەکەدا بە ناونیشـانی( دەربارەی داب و نەریتی شاعیرێتی) جێگەی بۆ کراوەتەوە، سەرەکیترین ئەو بابەتانەی، کە عنصر المعالی دەیخاتەڕوو بریتین لەوەی کە: شیعر ئەگەر خاوەنی شـــــێوازێکی ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵ(ســـــهل الممتنع) بێت چاکتر و کاریگەرترە و شاعیر دەبێت لە هۆنینەوەی شیعردا گوێگری لەبەرچاو بێت. ئەو جوانیی و نازکییە هونەرییەکان و بەکارهێنانە خوازەییەکانی بە شتە گرنگ و پێویستەکانی شیعر دەزانێت و لەهەمان کاتدا شاعیر ئـاگـادار دەکـاتەوە لە خۆپـارێزی لە نـامۆییەکـانی دەربڕین و کێشە(وزن)قورسەکان و خاڵێکی گرنگتری ئەو ئەوەیە، کە ئامۆژگاری شـاعیر دەکات بە زانین و ئاگادار بوون لە(ڕەخنەی شـیعر) و پێیوایە،

کە ڕەخنەی شیعر دەتوانێت وا لە شاعیر بکات، کە بەسەر هۆنینەوەی شیعردا زاڵ بێت[١٤].

خاوەنی قابووسنامە زیاتر گرنگی بە مانا دەدا تا وشە و ستایش و پێداهەڵگوتنە، زێدەڕۆئامێزەکان بەشـــتێکی پەســـەند و ڕەوا دانانێت، بەڵام دان بەو خاڵەشدا دادەنێت، کە زێدەڕۆییکردن لە پانتایی شیعردا شتێکە ناکرێت پشتگوێ بخرێت[١٥].

## حدائق السحر

(حدائق الســحر)ی (ڕەشــیدەددین وات وات) بەتەواوەتی دەربارەی هونەرەکانی جوانکارییە، بەڵام بەپێچەوانەی هەندێک لە تێڕوانینەکان تا ڕاددەیەک خاڵێکی بەرچاوی دەربارەی ڕەخنەی شــیعر تێیدا نییە و بــابەتەکــانی زۆربەیــان دووبــارەکردنەوەی ئەو بــابەتــانەن، کە لەســەرچاوەکانی پێشــووتردا هاتوون. بۆچوونە ســەرەکییەکانی ئەو بەشەکی و تایبەتن، بۆ نموونە لە لەمیانەی ئاماژەکرنێک بۆ لێکچواندنە خەیاڵییەکان ئەم لێکچواندنە بە ناپەســەند دادەنێت و لەو شــوێنەی، کە چێژ و ســەلیقەی خۆی دەخاتەڕوو کارەکە لە ســنووری میانڕەوی و ڕەنگە عەقڵییشــــدا دەباتە دەرەوە، بۆ نموونە دەربارەی شــــاعیرێکی ناســراو بە (کەمالی) دەنووســێت: ( باوەڕی من ئەوەیە، کە لە عەرەب و عەجەمـدا هیچ کەســـێک چـاکتر لەمە نـازنـاوی(تخلص) بۆ خۆی دانەناوە!)[١٦] ئەو لەپێگەی داوەریکردنیشــدا هێندە ڕوو لە ڕاســتگۆیی و

ویـژدان نـاکـات هەروەکـو ئەوەی دەربـارەی(تـرجـمـان الـبـلاغە) نووســـــیویەتی: ( دێڕ و بەڵگەکانی ئەو کتێبە(ترجمان البلاغە)م زۆر نـاپەســـەنـد بینی، گشـــتی لەڕێگەی زۆر لەخۆکردن دانراوە و بە شـــێوازێکی ســـتەمگەرانە و بێ وردبوونەوە فەراهەم بووە و لەگەڵ ئەمـانەدا خـاڵی نییە لە هەڵە جۆراوجۆرەکـان وەســـفە نیوەنـاچـڵ و کەموکوڕەکان)[17] لەکاتێکدا بە وتەی یەکێک لەو کەســـە گەورانەی، کە خاوەنی بیروڕا و بۆچوونە ئەم ڕەخنەیە ناڕەوایە دەرهەق بە حدائق الســـحر ڕاســـتگۆتر و گونجاوتر خۆی دەنوێنێت[18]، لەتەک ئەوەی کە باسمان کرد خستنەڕووی ئەم کتێبە بەتەواوەتی لەبەرئەوەیە کە هەر چۆنێـک بێـت هەنـدێجـار تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لەملا و لەولای بابەتەکانیدا بەرچاو دەکەوێت.

**المعجم**

ئەم کتێبە، کە ناوی تەواوی (المعجم فی المعاییر اشعار العجم)ە، بە یەکێک لە میراتە بەهادارەکانی ئەدەبی فارسی دەربارەی کێشی شیعر و ڕەخنەی شیعر هەژمار دەکرێت. خاوەنی المعجم واتە (شەمسەددینی قەیســـی ڕازی ، لەدوای ســـاڵی ٦٢٨ی کۆچی- هەیڤی کۆچی دوایی کردووە) یەکێکە لە زیرەکترین و وردترین ئەدیبـانی ســـەدەکـانی ڕابردوو، ئەگەرچی هەنـدێـک لە تێڕوانینەکـانی قەیســـی ڕازی بۆ ڕەخنەگران و شـــیعرناســـانی ئەمڕۆ مایەی پەســـەندکردن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا زۆرێک لە قســـەکانی بەهادار و مایەی پشـت پێبەسـتنن.

ئەو کەمتر ڕوو لە قسەکردنی گشتگیرانە و خستنەڕووی بابەتە ئاڵۆز و نادیارەکان دەکات و بەهۆی باوەڕبوونی بە لایەنە بەڵگەکارییەکان هەمیشـــە گەواهی و بەڵگە بۆ قســـەکـانی دەهێنێتەوە. گرنگترین تێگەیشـتنە ڕەخنەییەکانی شـەمسـی قەیسـی ڕازی لەبەشـی (گوتارە بەراییەکانی شاعیریێتی ) هێنراوەتەوە. شەمسی قەیسی ڕازی لە سەر ئەم باوەڕەیە، کە ڕەخنەگری شـیعر پێویسـتە شـاعیر نەبێت، چونکە زۆرێک لە شـاعیران هەن، کە توانایان بەسـەر ڕەخنەی شـیعرییەوە نییە ، یا ڕەخنەگرانێک هەن، کە دەستی شاعیریێتییان نییە. ئەو، کاتێک کە دەچێتە ناو ڕەهەندە دیار و واقیعیترەکانی ڕەخنەوە سـەرنج لە هەردوو ڕەهەندی ڕەخنەی واتایی و وشـەیی دەدات و دەسـت بە خستنەڕووی چەند بەڵگە و لێکدانەوەیەک دەکات.

پوختە و هەڵبژاردەی ڕاسـپاردەکانی شـەمسـی قەیسـی ڕازی بۆ شاعیران بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١.شـاعیر دەبێت ئاگای لە موفرەداتی وشـەکان و بەشـەکانی پێکهاتە دروست و خراپەکان هەبێت.

٢.سوودە لە ئەزموونگەرییەکانی شاعیرانی کۆن وەربگرێت.

٣.ئاگای لە یاساکانی زانستی خستنەڕوو و جوانکاری هەبێت.

٤.چیرۆک و پەند و مێژووە کۆنەکان بزانێت.

٥.خۆی لە زۆر لەخۆکردن و ئاڵۆزکاندن و لێڵی و ناڕوونی و پۆشینە ناپەسەندەکان بپارێزێت.

٦.کێش و سەروا و عەرووز بزانێت.

٧.بەرهەمە بەرزەکانی شاعیرانی کۆنی لەبەرچاو بێت و تێیان ڕامێنێت و وشە و ناوەرۆکەکانیان بکاتە بنەما و سەرمەشقی هۆش و زمانی خۆی.

٨.هەرکاتێک دەستی بۆ هۆنینەوەی شیعرێک برد، سەرەتا شێوەی پەخشانی ئەم هۆنراوەیەی لەبەرچاوی خۆی دابنێت و ماناکانی لەسەر لاپەڕەی دڵیدا بنووسێت و وشە و کێشە شایستەکانی ڕێک بخات و هەڵبژێرێت پاشان شیعر دابنێت[١٩].

٩.لەدوای کۆتایی هێنانی شیعرەکە دووبارە شیعرەکە بخوێنێتەوە و پێیدابچێتەوە و ئەوەی کە پێویستە، دەبێت ڕەخنە و مشتومالکردنی تێدا بکات و زێدەڕۆیی لەم کارەیدا نەکات[٢٠].

## بەهارستانی جامی

سوودە ڕەخنەییەکانی کتێبی (بەهارستان)ی دانراوی(نورەددین عەبدولڕەحمانی جامی) شاعیری بەرزی سەدەی نۆیەمی کۆچی، چەند بابەتێکی کورت دەگرێتەوە، کە لە(باغچە= روضة)یا بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە کورتەدا هاتووە. (جامی) بابەتە ڕەخنەییەکانی خۆی لە کرۆکی باسکردنی ژیاننامەی شاعیراندا دەخاتەڕوو. بابەتە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی کتێبەکە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و داوەریکردنە خوددییەکانی نووسەر لەبارەی شاعیرەکانەوە دامەزراوە، لە کۆی قسەکانی (جامی)دا ئەوە درک دەکرێت، کە ئەو زیاتر لە هەر لایەنێک

سەرنجی لە یەکگرتوویی زمان و ڕەوانی شیعرداوە و بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر ساغی دەربڕینەکان و ڕەوانییان دەکاتەوە[٢١] و لە ڕەخنە و داوەریکردن دەربارەی شاعیران دەست بەداوێنی بەرامبەری کردن و هاوسەنگیکردنەوە دەبێت، بۆ نموونە دەربارەی حافزی شیرازی نووسیویەتی: ( سەلیقەی شیعری ئەو لە شێوازی نزاری نزیکە، بەڵام لە شیعری نزاریدا زیاد و کەم کردن یەجگار زۆرە، بەڵام لەشیعری حافزدا بەم جۆرە نییە)[٢٢] لەگەڵ ئەمەدا (جامی)ش وەکو زۆرێک لە پێشینانی خۆی گرفتاری ئافەتی سەرواداری و داڕشتنکاریی بووە.

لەتەک ئەو بەرهەمانەی، کە ژماردمان کتێبی دیکەی زۆریش بەتایبەت لە قۆناغی سەفەویدا دانراون، کە زۆربەی کات لەدوتوێی بابەتەکانی خۆیاندا چەندین بابەتیان دەربارەی ڕەخنەی شیعر تێدایە، بەڵام ژماردن و لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی ئەم بەرهەمانە پێویستی بە کتێبێکی سەربەخۆ هەیە.

## ڕەخنەی شاعیران

بەشێکی گرنگ لە تێگەیشتنە ڕەخنەییەکان لە میراتی ئەدەبی فارسیدا هی ئەو شاعیرانەیە، کە لەنێو شیعرەکانیاندا چەند بابەتێکیان لە وەسفکردنی شیعرەکانی خۆیان یان ڕەخنەگرتن لە هۆنراوەی کەسانی دیکە، یا هەندێک داوەریکردنیان سەبارەت بە شیعر

خستۆتەڕوو، کە لە پانتایی ڕەخنەی شیعریدا بەجۆرێک لە جۆرەکان شایەنی ئاوڕلێدانەوەن.

کۆنترین بابەت لە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی شاعیراندا لە شیعری (ڕودکی) و لە هۆنراوە ناسراوەکەی ئەودا، کە بە ناونیشانی(قەسیدەی دایکم)ناسراوە دەخوێنینەوە، کە (وشەی چاک و واتای ئاسان) بە جەوهەریترین مەرجی شیعر دەزانێت[٢٣] هەربەم جۆرەش (شەهید بەلخی) ی شاعیری هاوچەرخی ڕودکی (چێژ و حیکمەت) بە مەرجی شیعر دەزانێت[٢٤].

لەدوای ئەم شاعیرانە دەتوانرێت  ئاماژە بە زۆرێک لە شاعیرانی فارسی زمان بکرێت، کە هەر کامێکیان سەرنجی گۆشەیەکی دنیای شیعریان داوە. شایەنی گوتنە، زۆربەی داوەریکردنەکانی ئەم شاعیرانە بە نەریتە شیعرییەکانی سەردەمی خۆیان کاریگەر بووە، بۆ نموونە شاعیرانی سەردەمی سەلجووقی هەبوونی ناوەرۆکی زانستی و ڕوانینی حەکیمانە و لۆژیکییەکان بە پێوەر و بەهاکانی شیعر دادەنێن، لەکاتێکدا شاعیرانی قۆناغی سەفەوی و هیندی جەخت لەسەر ناسکی خەیاڵ و هێنانەوەی ناوەرۆکە تازەکان دەکەنەوە.

ڕەخنەی شاعیران لەتەک خستنەڕووی ئەو بابەتە ڕەخنەییانەی، کە شایەنی سەرنجدانن خاڵی نییە لە ستایشکردنە بێ بنەماکانی یەکتر و هەندێجاریش داوەریکردنە  خزم خزمێنە و دۆستئامێزەکان. ئەوان، کە خۆیان لە مەیدانی ڕەخنەدا بە حەوجەی هێنانەوەی بەڵگە و گەواهییەک

نابینن لە زۆرێک لە بوارەکاناندا هەڵچوون و ســـەلیقەکانی خۆیان بەســـەر واقیعیەتدا فەرز دەکەن. ئەم شـــاعیرانە لە ڕەتکردنەوە و پەســـەندکردنی یەکتردا هەندێجار وەها زێدەڕۆیی دەکەن، کە کاری ڕەخنەگریی تێکەڵ بە داشـــۆرین و بەدگۆیی دەکەن. بەرهەمە ئەدەبییەکان و یادداشتنامە فارسییەکان پڕاوپڕن لە چیرۆک گەلێک کە شـاعیران تیایاندا هەوڵی ڕەتکردنەوە و نکوڵی لێکردن یا داشـۆرین و خراپ بـاســـکردنی یەکتریـان داوە، ئەم جۆرە داوەریکردن و ڕەخنەگرتنانە شـتێکی ئاسـاییە یەکێ لەو نموونانە چیرۆکی ڕەشـیدی ســـەمەرقەندی و عەمعەقی بوخاراییە هیچ کۆمەک و هاوکارییەکی بە ڕەخنەی ئەدەبی و بەدەســـتهێنانی ئەزموونی شـــیعرییەوە نەدەکرد[٢٥]، بەڵام وەکو ئەوەی پێشـــتر ئـامـاژەی پێکرا گێڕانەوە و ڕەخنەی شـاعیران، کە بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەر تێگەیشـتنە ڕاستەوخۆکانی خۆیـان بۆ شـــیعرو جۆرەکـانییـەوە بنیـاتنراوە ئـەوەیـان بە تەواوی توانیویەتی بەشـــێکی نکوڵی لێنەکراو لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیی فارسی پێک بهێنێت[٢٦].

# پەراوێزەکانی فەسڵی دووەم

١- بڕوانە:فرهنگ ایرانی پیش از اسلام،محمد محمدی، چاپ دوم، انتشارات توس،تهران،١٣٥٢،ص١٥٨.

٢- ر.ک:نقد ادبی،زرین کوب،ج١،ص١٨٣.

٣- لباب الالباب،سدیدالدین محمد عوفی،تصحیح ادواردبراون، لیدن ،١٩٠٣،ص١٣.

٤- هەمان سەرچاوە،،ص٣٤.

٥- تذکرة الشعراء،دولتشاه سمرقندی،به همت محمدرمضانی،کلاله خاور، تهران،١٣٣٨،ص١٨٩.

٦- هەمان سەرچاوە،ص٨٦،

٧- هەمان سەرچاوە،ص١٠٨.

٨- بڕوانە:نقد ادبی،زرین کوب،ج١،ص٢٦٦.

٩- اتشکده اذر،اذر بیگدلی،تصحیح سیدحسن سادات ناصری،امیر کبیر،تهران،١٣٣٦،ج١،ص١٥١.

١٠- هەمان سەرچاوە،ص٢١٥.

١١- بڕوانە:تذکره نصرابادی،محمد طاهر نصرابادی،تصحیح وحید دستگردی،کتابفروشی فروغی،تهران،(بی تا)،ص٢١٧-٢١٨.

١٢- هەمان سەرچاوە،ص ٤١٣.

١٣- ترجمان البلاغه،محمد بن عمر رادویانی،به تصحیح و اهتمام احمد اتش، انتشارات اساطیر،تهران١٣٦٢،ص١٠.

١٤- قابوسنامه،،عنصرالمعالی کیکاوس بن اسکندر،به اهتمام و تصحیح غلامحسین یوسفی،شرکت انتشارات علمی و فرهنگی،تهران،١٣٦٢،ص١٩٠.

١٥- هەمان سەرچاوە،ص١٩١.

١٦- حدائق السحر،رشیدالدین عمر وطواط شیرازی،تصحیح عباس اقبال،کتابخانه سنائی، تهران،١٣٦٢،ص٣٢.

١٧- هەمان سەرچاوە،ل١.

١٨- نقد ادبی،زرین کوب،ص٢٠٥.

١٩- سەرنجی ئەوە بدەن ئەم خاڵە لە دووتوێی ڕا و بۆچوونەکانی شمس قیس دا جییگەی سەرنجە،چونکە ئگەر شاعیر بتوانێت ئەوەی بە شاعیر دەریببڕێ پێشتر بە پەخشان بیڵێت،ئیدی شیعر گوتنەکەی کارێکی بێهوودەیە.لە شیعردا چەندین کۆد و خاڵ و ئاماژە هەن،کە پەخشان لێی بێ بەشەو لە بنەڕەتدا لە بارێکی دەروونی و هەستی تایبەتدا خولقێنراوەو زۆر لەگەڵ دنیای پەخشاندا جیاوازە.

٢٠- المعجم في معاییر اشعار العجم،شمس الدین قیس رازی،تصحیح علامه قزوینی،کتابفروشی تهران(بی تا)،ص٤٤٥-٤٤٧.

٢١- بڕوانە:بهارستان، نورالدین عبدالرحمن جامی، چاپ وین، افست کتابفروشی مرکزی، تهران،١٣٤٨ ،ص٩٧،٩٩.

٢٢- هەمان سەرچاوە،ل١٠٠.

٢٣- بڕوانە: رودکی استاد شاعران، نصراله امامی، نشر جامی، تهران،١٣٧٣ ،ص١٦٠.

٢٤- شهید بلخی دەڵێت:

دعوی کنی که شاعر دهرم ولیک نیست

در شعر تو نه حکمت و نه لذت و نه چم

بڕوانە:پیشاهنگان شعر فارسی،محمد دبیر سیاقی،ص١٤.

٢٥- ئەو بەسەرهاتە راڤەکردنەکەی لە چهار مقاله عروضی دا هاتووە بەم شێوەیە: جارێکیان خضرخان امیر ماوراء النهر لە عمعقبخارایي ،کە لە زومرەی شاعیرانی سەر بە خۆی بوو دەپرسێ کە شیعری رەشیدی سەمەرقەندی چۆن دەبینی ؟ عمعق لة وەڵامدا دەڵێ کەشیعرەکانی پاک و جوانن بەڵام بێ خوێیە.هەندێک خوێیان پێویستە.دوای ساتێک رەشیدی دەگات و میر پرسیار و وەڵامەکەی عمعق بۆ رەشیدی دەگێڕێتەوە. رەشیدی دەپەشۆکێ و هەر سەر پێیی بەم سێ بەیتە وەڵامی داوەرییەکەی عمعق دەداتەوە:

شعرهای مرا به بی نمکی　　　　عیب کردی روا بود شاید

شعر من همچو شکر و شهداست　　　　وندریندو نمک نکوناید

شلغم و باقلی است گفتهء تو　　　　نمک ای قلتبان ترا باید

(بڕوانە: چهار مقاله،سەرچاوەی پێشوو،ص٤٦-٤٧).

٢٦- لەم بارەیەوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ نامەی دکتۆرای (شعر به روایت شاعران)،کە بە هیممەتی بەڕێز دکتۆر محمد رضا صالحی مازندرانی و بە رێنوێنی بەندە لە کۆلێژی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی شەهید چمران(١٣٨١)دا نووسراوە.

# فەسڵی سێیەم

# شەپۆلە نوێیەكان لە ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخی ئێراندا

## گەڕانەوەی ئەدەبی و بیرۆكە نوێگەراكان:

لەو كاتەوەی كە شاعیرانی شێوازی هیندی و شاعیرانی سەردەمی سەفەوی لە ئەفراندنی وێنە خەیاڵییە سەیر و نامۆكان و بەپێی زاراوە زانستییەكە لە داهێنانە خەیاڵاوییە تازەكاندا ڕێگەیەكی زێدەڕۆییانەیان گرتەبەر جۆرە نامۆییەک لە چێژی گشتی سەبارەت بە شیعرەكانیان پەیدا بوو و هەوەڵین پریشک و بروسكەی هاتنەكایەوەی شەپۆلێكی نوێ لە گەڕانەوە(بازگشت)بۆ سەر شێوە و تەكنیكی شاعیرانی كۆن خۆی دەرخست. ئەم شەپۆڵە لە كۆتاییەكانی سەردەمی سەفەوییەوە دەستی پێكرد و ئامادەییەكەی بەشێوەیەكی نزیكەیی تا سەرەتای جووڵانەوەی مەشروتە بەردەوامی هەبوو، هەرچەندە دوای ئەم قۆناغە و هاتنەكایەوەی شەپۆڵە نوێیەكانیش هەمدیسان چەندین

ڕێچکە لەسەر شێوەی شاعیرانی قۆناغی گەڕانەوەدا لەنێو هەندێک لە شاعیرانی فارسی زماندا دەبینرا.

بۆ دەرکەوتن و هاتنەکایەوەی قۆناغی گەڕانەوەی ئەدەبی چەند هۆکارێکیان ژماردووە، کە زیاتر دەتوانێت دەرخەری زەمینەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بێت، لەوانە ئاماژەیان بە بەتاڵان بردنی کتێبخانەکان بەهۆی هێرشی ئەفغانەکان لە کۆتاییەکانی سەردەمی سەفەوی و بڵاوبوونەوەی دیوانی شاعیرانی کۆن لەبەر دەستی خەڵک و ئارەزوویەکی زۆری هەوەڵین پاشایانی زنجیرەی قاجاری بە کۆکردنەوەی شاعیران لە دەربار و دەزگاکانی خۆیان و زیندوکردنەوەی نەریتی شاعیرانی دەرباری و شێوازی هۆنینەوەی شیعری ستایشئامێز کردووە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەر شتێک بووە مایەی دەرچوون لە شێوازی هیندی و ڕووکردنە شێوازی شاعیرانی سەردەمی غەزنەوی و سەلجووقی بێزاری بوو لە شێوازی شاعیرانێک، کە شیعرەکانیان هەندێجار تا ئەندازەی مەتەڵ ئاڵۆز و دژوار دەبوو و زۆربەی کات هیچ بنەما و هۆکارێکی چێژ و سوودی هونەری لەتەکدا نەبوو.

شاعیرانی قۆناغی گەڕانەوەی ئەدەبی ئەگەرچی هەوڵیان دەدا شیعری فارسی لە چەقبەستوویی و داڕووخان ڕزگار بکەن، بەڵام خۆیشیان نەیانتوانی شتێکی تازە بە دیاریی بهێنن، ئەم شاعیرانە ئەگەر دەیانویست لە کۆتاییدا چێژ و سەلیقەی خۆیان نیشان بدەن،

ئەوا مەبەستی کارەکەیان ئەوە بوو، کە کۆپییەکی نزیک لە ئەسڵییەکە لە لاسـاییکردنەوەی شـاعیرانی ڕابردوودا بەرجەسـتە بکەن[1]، لەم ڕووەوە بەراوردکردنی قۆناغی ناوبراو لەگەڵ شـێوازی کلاسـیزم لە ئەوروپادا، یا ناونیشـانی (ڕێنیسـانسـی ئەدەبیی ئێران) بۆ ئەوە ، جگە لە جۆرە تەنز و گاڵتەجاڕییەک بۆ هەڵسـەنگاندنی پێگە و جێگەی ئەم قۆناغە شتێکی دیکە نییە[2]، چونکە مەسـەلەکە بەلانیکەمەوە ئەوەیە، کە کلاسـیزمی ئەوروپا لەتەک لاسـاییکردنەوەی ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانیدا جۆرە داهێنان و دەسـتێوەردانێکی زەوقییشـی لەگەڵدا بوو، لەکاتێکدا قۆناغی گەڕانەوەی ئەدەبی بەم جۆرە نەبوو.

ڕەنگە ئەگەر شـاعیران و ئەدیبانی قۆناغی گەڕانەوە خاوەنی چەند دیدگـایەکی بەهێز و پتەو و شـێوەگرتوو ببووان، ئەوا دەیـانتوانی لەجێگەی لاسـاییکردنەوەیەکی تەواو جۆرێـک لە ئەفرانـدنەوە و سـەرلەنوێ خولقاندنەوە لە ئەدەبی کۆنی فارسیدا بهێننەکایەوە، بەڵام ئەوان تەنانەت لە کاری لاساییکردنەوەی خۆیشیان دەستەوەستانن و بە بوێرییەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە هیچ کامێکیان نەگەیشـتوون بە قۆناغێک لە دانان و خاوەنداریکردنێکی شـێواز تا بتوانێت بنچینەی دیاریکراوی ئەوان بێت لە هۆنینەوەی شـیعردا و تەنانەت لە پێگە و پلەی لاسـاییکردنەوەشـدا لە تێگەیشـتن و درککردنی هەندێک لە سـادەترین تـایبەتمەنـدییەکـانی زمـانی شـاعیرانی خوراسـان دەسـتەوەسـتـان مـاون و بوونی هەڵە زمـانییە زۆرەکـان لە

هۆنراوەکانیاندا لەبەر ئەم هۆیەیە هەروەها نیشـــاندەری ئەم جۆرە نەتوانین و بێدەسەڵاتییەیە.

ئەوەی دەبێتە مایەی سـەرسوڕمان، هەڵسـەنگاندنی لێکۆڵەرانێکە، کە لە درککردن و تێگەیشتنی پێگەی ڕاستەقینەی شاعیرانی سەردەمی گەڕانەوەدا کەوتوونەتە هەڵەوە و دەســـتیـان بردووە بۆ چەنـد داوەریکردنێک کە شـــیاوی ســـەلماندن و بەرجەســـتەکردن نیین، بۆ نموونە، هەروەکو ئەوەی لە پێشـــەکییەک بۆ دیوانی (موشـــتـاقی ئیســـفەهانی)دا ئەویان بە (مانگی ئاســـمانی قســـە زانیوە)[٣] یا بەهۆی ســـاویلکەییەوە بەشـێک لە لاســاییکردنەوەکانی ئەم شــاعیرانەیان بە نموونەیەکی باشـــتر و بەرزتر لە ئەســـڵییەکە زانیوە، تا ئەوەی کە لەیەکێک لەو بەرهەمانەی، کە دەربارەی قۆناغی گەڕانەوە نووسیویانە ئەوە هاتووە، کە: (قائانی قەسیدە شیرینەکانی خۆی وەکو قەسیدەکانی خاقانی و موســـەممەتی وەکو موســـەممەتەکانی مەنوچەهری بگرە شیرینتر هۆنیوەتەوە)[٤].

لەتەک هەموو ئەمـانەدا قۆنـاغی گەڕانەوەی ئەدەبی دەبێـت بە ناسنامەی قۆناغی وەستان و سستی لە ئەفراندنە ئەدەبی و تێگەیشتنە ڕەخنەییەکـانیش هەژمـار بکرێـت، چونکە لە چـاوپیـاخشـــاندنێکی ســـەرپێیانە بە زەمینە ئەدەبی و کلتورییەکانی کۆتاییەکانی قۆناغی ســـەفەوی و قۆناغی ئەفشــاری و ســـەردەمی زەندی تا ســـەرەتاکانی

سەردەمی قاجاری بابەتێکی شایستە لە گوتاری ڕەخنەدا دەست ناکەوێت

کۆتاییەکانی سەردەمی سەفەوی هەروەکو ئەوەی، کە ڕوون و ئاشکرایە، بە قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان کۆتایی پێهات و بە ڕووداوەگەلێکی کارەساتبار گەیشتە ئەنجام. قۆناغی ئەفشاریش کورتتر بوو لەوەی، کە بەدیهێنەری ئەو جۆرە سەقامگیریانە بێت لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تا ئەدەبی فارسی بتوانێت لە سێبەریدا شێواز یا شێوازە ڕەسەنەکان پەروەردە بکات و خۆی لە شێواوی ڕزگار بکات. . قۆناغی کورتی (زەند)یش هەموکات لەنێو ململانێ و جەنگەکاندا تێپەڕی و بێجگە لە چەقی حکومەت واتە شیراز تەواوی ناوچەکانی ئێران زۆربەی کات گرفتاری شەڕ و ململانێ ئاشکرا و شاراوەکانی سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان لەگەڵ خان و فەرمانڕەواکانی حکومەت بوو. سەرەتاکانی سەردەمی (قاجار)یش سەرەڕای بوونی هەوڵ و توندوتیژی و زەبرەوزەنگ و ستەمکارییەکانی ئاغا موحەممەد خان گرفتاری نائارامی ڕێگاکان و وێرانبوونی گوندەکان و لەناوچوونی بازرگانی بوو و شتێک لە ئاوەدانی نەمابوویەوە و ئەوە شتێکی ئاساییەکە کە لەبارودۆخێکی ناهەمواری وەهادا ناتوانرێت بەدوای پانتاییە کلتوری و سەقامگیرەکان بیت، تا شەپۆڵ و بزوتنەوەیەکی ڕەسەنی داهێنان و ڕەخنەی شیعر و ئەدەب پەروەردە بکات.

## کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکان

درەوشـــــاوەترین میراتی قۆنـاغی گەڕانەوەی ئەدەبی لەڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دامەزرانـدنی کۆمەڵە ئەدەبییەکـان بوو. لە سـەرەتاکانی سـەدەی دوازدەیەمدا تا قۆناغی قاجارییش بەردەوامییان هەبوو. یەکێـک لە کۆنترین کۆمەڵە ئەدەبییەکـان (کۆمەڵەی ئەدەبیی موشـتاق)بوو، کە بە کۆشـشـی موشـتاقی ئیسـفەهانی لە ئیسـفەهان دامەزرا و شـــوێنی کۆبوونەوەی شـــاعیر و نووســـەرانێک بوو، کە هەفتەی شەوێک لەدەوری یەکتردا کۆدەبوونەوە. موشتاق و هاوەڵانی لەم کۆمەڵەیەدا لەگەڵ خســـتنەڕووی بابەتە ئەدەبییەکان، شـــاعیرانی گەنج و تازە دەســـپێکەریان پەروەردە دەکرد و پێدەگەیاند ، لەدوای ئەوە پێویستە ئاماژە بە کۆمەڵەی(ئەدەبیی نشاط= چالاکی)بکرێت، کە ئەوەیش هەر لە ئیسفەهاندا دامەزرا و مەیدانێک بوو بۆ خستنەڕووی بابەتە ڕەخنەییەکان لە پانتایی و بواری شیعردا. ئەم کۆمەڵە ئەدەبییانە ئەگەرچی دواتر لە ســـەردەمی قـاجـاریـدا چەنـد زەمینەیەکیـان بۆ نوێگەرایی فەراهەم کرد، بەڵام هەندێجار دەبوونە مایەی چەند وەستان و چەقبەســـتووییەکیش، بۆ نموونە هەر ئەم کۆمەڵەی (چـالاکی)یە کـاتێـک لە تـاران بەنـاوی (کۆمەڵەی ئەدەبی خـاقـان) بەردەوامی بەکـارەکەیـدا بەتەواوەتـی خـۆی لە چـوارچـێـوەی هەمـان لاســاییکردنەوەکانی ڕابردوودا زیندانی کرد و ئەندامەکانی لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنە و عەیب و عارییەی، کە لە شـــاعیرانی تریان دەگرت،

بێجگە لە برەودان و ڕەونەقدان بە بازاڕی شـیعری سـتایشـکەری و لاساییکردنەوە و دووبارە کردنەوە شتێکیان بۆ شیعری فارسی وەکو میرات جێنەهێشت[٦].

قۆنـاغی گەڕانەوەی ئەدەبی لەڕووی گۆڕانکـاری لە پەخشـــــانی فارسـیدا هەم شـتێکی لەدوای خۆیدا جێنەهێشـت، نووسـەرانێکی وەک (میرزا مەهدی خان ئەسترائابادی)ی خاوەنی (دوڕڕەی نادری) و پاش ئەویش ژمارەیەکی زۆر لە پەخشـاننوسـانی سـەرەتاکانی سـەردەمی قـاجاریش بەهەمـان شــــێوە گرفتـاری لاســــاییکردنەوە بوون و لە ســــەردەمی فەتح عەلی شــــا بەدواوەیە کە پەخشــــانی فارســــی گۆڕانکارییەکی ڕێژەیی و پلەڕەوتی(تدریجی) گرتەبەر.

## سەردەمی قاجار و دەسپێکی گۆڕانکاری ئەدەبی

ئەگەرچی مەرایی گەرایی و حەزی سـتایشـگەری فەتح عەلی شـا و موحەممەد شــــا ســــەدان نووســــەر و شــــاعیری لە حکومەتی قاجار پەروەردە کردبوو[٧]، بەڵام بەهرە و توانایەکی شـایسـتە کە بتوانێت لە ئەدەبیاتی فارسی پێگەیەکی نەمرانە بەدەست بهێنێت گەشەی نەکرد و هیچ بەرهەمێـک، کە بتوانێـت بەشــــێوەیەکی جیـددی دەرخەری دیدگاگەلێکی ڕەخنەی ئەدەبی ئەم قۆناغە بێت بەرچاو ناکەوێت.

شـاعیرانی سـتایشـکەری قۆناغی قاجاریش وەکو پێشـینانی خۆیان هەوڵیان دەدا تا هۆنیارانی سـەردەمی غەزنەوی و سـەلجووقی بکەنە

سەرمەشق و نموونەی خۆیان و تەنانەت لەم نێوانەدا نووسەرانێکیش بەدوای ئەوەوە بوون تا لە لاساییکردنەوەی شێوازی نووسینی پێشینیاندا پێش یەک بکەون ، قۆناغی ناوبراو لەهەمان کاتدا سەردەمی هەرا و زەنای داوەریکردنە درۆزنانە و بێ بنەماکان بوو.

شاعیر و ئەدیبە لاساییکەرەوەکانی ئەم ڕۆژگارەش هاوشێوەی وەچەی خۆیان بنەمایەکیان بۆ درککردن و داوەریکردنە ئەدەبییەکانی خۆیان نەبوو.

چەقبەستوویی ئەدەبی نەیدەتوانی سەردەمێکی دورودرێژ بەردەوامی هەبێت، زنجیرەی قاجار هاوتابوو لەگەڵ شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا، ئەم ڕووداوە ئەگەرچی لە ئێراندا هاوتەریب بوو بە بێدەنگی و بێ ئاگایی ، بەڵام دواتر بەرهەمەكان خۆیان لەسەرشێوەی بزووتنەوە کلتورییەکان نیشاندا.

تامەزرۆیی لە بەدەستهێنانی زانست و هونەرە نوێکان و پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپاش، کە قەرزارباری کۆششی عەباس میرزای کوڕی فەتح عەلی شا بوو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئارەزووکردن لە نوێگەریدا هەبوو. ڕەنگە بتوانرێت بگوترێت، کە ئەم ئارەزووە بۆ نوێگەری لە ئازەربایجانەوە دەستی پێکرد، کە لەگەڵ ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی هاوسنوور بوو و لە ئەوروپا نزیک بوو[٨] ، هێندەی نەخایاند، کە لەتەک پەیدابوونی کارگەکان و گەشەی پیشەسازییە نوێکان چەند چاپخانەیەکیش دامەزران، گەشەی پیشەسازی چاپ

کـاریگەرییکەی کلتوری بەرچـاوی لە بزووتنەوەی نوێگەری هەبوو، چونکە ئامرازێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامەکان.

ئەم گۆڕانکـارییـانە لەتەک زێـدەبوونی هـاتوچۆ و گەشـــتەکـانی ئێرانییەکـان بۆ دەرەوەی وڵات و دامەزرانـدنی قوتـابخـانە نوێکـان زێدەبوونی نوێگەری دەکردە شتێکی خۆلێلانەدراو.

لەتەک ئەوەی گوترا کۆمەڵگای سـەردەمی قاجار لەگەڵ ئەو هەموو ئـارەزووەی، کە بۆ نوێگەرایی هەیبوو گۆڕەپـانی ململانێی هەر دوو توێژی (کۆنەخواز) و (نوێخواز) بوو، کە هەر کـامێکیـان ئەوەیتری دەکردە مـایە ڕەخنەلێگرتنە زێـدەڕۆییەکـانی خۆی و لەهەمـان کـاتـدا بیروباوەڕەکانی هەردوو ڕێچکە لە یارییە ســـیاســـییەکانیش بەدەر نەبوون.

## گرنگترین هۆکارەکانی گەشەکردنی ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی قاجار و مەشرووتەدا

هەرچەند ئارەزوووکردن لە نوێگەریدا زەمینەیەکی بۆ خستنەڕووی تێڕوانینە ڕەخنەییەکان لە ئەدەبدا هێنایەکایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا فراوانبوونی ڕوانینە ڕەخنەییەکان لەم ڕۆژگارەدا قەرزاربارى چەند هۆکار و پاڵنەرێکە:

١.جوڵانەوەیەک کە بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییە خۆرئاواییەکان بە تایبەت لە فڕەنسی و ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی فارسی هاتەکایەوە، لە گۆڕانکاری پەخشانی سەردەمی قاجاری کاریگەرییەکی پتەو و بەرچاوی هەبوو، لەم ڕۆژگارەدا کتێبەکانی وەک (**سێ چەکدار**) و (**کۆنت مۆنت کریستۆ**)ی ئەلیکساندەر دۆمای باوک، **ڕۆبنسن کرۆزۆی** دانیال دیڤۆ، **گەشتەکانی گۆلیڤەر**ی جۆناتان سویفت، **بەسەرهاتی حاجی بابای ئیسفەهانی** جێمز مۆریێ و چەند ڕۆمانێکی ژۆڵ ڤێرن بۆ فارسی وەرگێڕدران[٩]، ئەم بەرهەمانە بە زمانێکی بەهێز و توندوتۆڵ وەردەگێڕدران و پەخشانەکانیان سادە و بێ گرێ و گۆڵ و رەوان بوو. گرنگی وەرگێڕانی ئەم بەرهەم و ڕۆمانانە ئەوە بوو، کە ئەدەبی لە خەڵکی ڕەشۆک و زمانەکەیان نزیکتر دەکردەوە و لەلاییێکی دیکەوە خەڵکیش لەگەڵ ژانرە نوێکانی ئەدەب واتە ڕۆمان و شانۆنامەکان ئاشنایەتییان پەیدا دەکرد و بەم شێوەیە ئەدەب تاقمێک گوێگری نوێی لەبەردەمی خۆیا دەبینی کە پێشتر بارودۆخێکی بێزاری و

ڕەوینەوەیان سەبارەت بە ئەدەب نیشان دەدا. ئامادەیی ئەم گوێگرانە لە شیعریشدا کاریگەر بوو، چونکە شاعیرانی سەردەمی قاجار هەوەڵین پڕوشکە و شەڕارەی گۆڕانکاری و نوێخوازی خۆیان بە ئاوڕدانەوە و سەرنجدان لە زمانی خەڵک و کلتور و ئەدەبی میللی نیشان دەدا، پێوەندی نێوان ئەدەب و زمانی ئاسایی خەلک و سادەنووسی دەبووە هۆی ئەوەی، کە گەنجینەی عەمبارکراوی وشەکانی زمانی ئاخاوتن و کلتوری میللی بێنە ناو ئەدەبیاتەوە.

٢.شێواز و سەلیقەی نوێ لەگەڵ زمانی تازە و گوێگرە نوێکان لەڕووی لایەنی ناوەرۆکی و واتاییشدا داخوازی ناوەرۆک و بابەتگەلێکی تازە و نوێگەرانە بوو و بەم هۆیەوە خستنەڕووی بابەتە کۆمەلایەتی و نەتەوەیی لە شیعر و هەلاتن لە پێداهەڵگوتن و ستایشکردنە لەقاڵب دراو و کلێشەییەکان چەند پێوەرێکی تازەی لە هەڵسەنگاندنە ئەدەبییەکاندا هێنایە ئاراوە. ئەم پێوەرانە تەنانەت کاریگەرییان خستە سەر ئەدەبی فەرمی و دیوانییش، کە بەرهەمی ئەمە بووە مایەی چاوپێخشاندنەوەیەکی کارەکی و پڕاکتیکی بە پەخشانی فارسی لە نووسینە دیوانییەکاندا، چونکە لە پێش ئەوەوە پەخشانی فارسی تەنیا تابلۆ و ئامرازێک بوو بۆ بەرز و باڵایی و وشە توڕدان و وشە عەرەبییەکانی نووسەر و میرزایان و باری واتایی و گوێزانەوەیی لە پلەیەکی خوارتری گرنگێتی و بەهاپێدان جێی گرتبوو.

٣.کۆمەڵە ئەدەبییەکان ، کە لە قۆناغی گەڕانەوەی ئەدەبیدا دامەزرابوون لە قۆناغی نوێگەرێتیدا شـەوق و ڕەونەقیان بەخشـییە بەرزکردنەوەی جوڵانەوە ڕەخنەییەکـان، لەنێو ئەم کۆمەڵانە پێویســـتە ئـامـاژە بە کۆمەڵەی ئەدەبی کۆلیژ(دانشـــکدە) بکرێت کە بە ڕۆڵ و کۆشـــشـــی ســـەرەکی مەلیکولشـــوعەرای بەهار دامەزرا و لەدوای ئەم کۆمەڵەش کۆمەڵەی ئەدەبی ئێران بوو کە بە هەوڵی وەحید دەستگەردی دامەزرا و پاشــــان کۆمەڵەی حەکیمی نیزامی بوو کە وەحید دەســـــتگەردی لەدوای جیابوونەوەی لە کۆمەڵەی ئەدەبی ئێران دایمەزراند، ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە دەرفەتێک بوون بۆ خســـتنەڕووی بابەت و بوارە ئەدەبیی و ڕەخنەییەکان و هەندێکیان لە برەوپێدانی(ڕەخنەی دەقە)ئەدەبییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبوو.

٤.بە برەوســەندنی بیری مەشـرووتەخوازی و لەدوای بەرقەراربوونی و جێگیربوونی ئەو بیرۆکەیە ناوەرۆکە کۆمەڵایەتی و ســیاســییەکان بەشـــێوەیەکی هەتەری (جیددی) هاتنە ناو شـــیعرەوە و بووە مایەی پەســـەندێتی زیاتری ئەدەب لەنێو جەماوەر و بووە هۆکارێک تا هۆش و زەینی ڕەخنەگرانی کۆمەڵانی خەڵک بە ڕەخنەگرتن لە هونراوەکان هەڵبســـتێت و لەم ڕێگەیەدایە کە بە زوویی ســـــادەیی دەربڕین و خستنەڕووی ناوەرۆکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ئامادەیی بابەتە بزۆز و گەرم و زیندووەکانی ڕۆژ و خۆپارێزی لە وشـــەکاری و سەرواداری بوون بە پێوەرگەلێکی نوێ بۆ ڕەخنەی شیعر.

٥.ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان لە چەسپاندنی پێوەرە نوێکانی ڕەخنەی ئەدەبی هەبوو. ئەگەرچی ئەو ڕۆژنامانەی کە لەسەردەمی حکومەتی ناسرەددین شادا یا لە سەردەمی مەشروتییەت دەردەچوون ڕاستەوخۆ بابەتگەلێکی ئەوتۆیان لە خستنەڕووی دیدگاکانی ڕەخنەی ئەدەبی تێدا نەبوو، بەڵام خستنەڕووی بابەتە ڕەخنەییەکان تیایاندا دەیتوانی ببێتە مایەی بەهێزکردنی بۆن و بەرامەی ڕەخنەگرانە لەنێو خەڵکدا[١٠].

شایەنی گوتنە کە لەم نێوانەدا هەندێک لە ڕۆژنامەکان سەرنجێکی جیدیتر و نوێتریان سەبارەت بە ئەدەب و ڕەخنە هەبوو کە لەڕیزی ئەوانە پێویستە ئاماژە بە (ڕۆژنامەی نوێگەری= روزنامە تجدد) بکرێت. نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە کە بابەتە ئەدەبییەکانیان بەجیا و و دابڕاو لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دانەدەنا هەمیشە هەڵدەستان بە خستنەڕووی بابەتگەلی تایبەتمەند لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا. بۆ نموونە هەر لەم ڕۆژنامەیە لە یەکێک لە ژمارەکانی خۆیدا بابەتی نوێگەری لە ئەدەبدا لە سێ ڕوانگەوە، واتە : شێوە و زمان و شێواز سەرنجی لێدراوە کە لە سەردەمی خۆیدا بابەتێکی تازە و شایەنی سەرنجدانە[١١].

لەنێو گۆڤارە ئەدەبییەکاندا پێویستە ئاماژە بە (گۆڤاری بەهار)ی وابەستە بە یوسف خانی ئیعتیسام(ئیعتیسام دەولە)ی باوکی پەروین ئیعتیسامی بکرێت کە چەند وتارێکی بەسوودی ڕەخنەگرانەی

لەخۆگرتبوو و زۆربەیان خودی میرزا یوسف خان دەینووسین. نووسەرانی لەم وتارانەدا جەختیان لە گرنگیتی ئاشنایەتی بە ئەدەبیاتی خۆرئاوا و شێوازە ئەدەبییەکانی ئەدەبی خۆرئاوایی دەکردەوە.

گۆڤاری (دانشگدە) کە لە سالّی ١٣٣٦ی کۆچی- هەیڤی لەڕێگەی مەلیکولشوعەرای بەهار دامەزرا لەماوەی یەک سالّدا دە ژمارەی بڵاوکردەوە. ئەم گۆڤارە خاوەنی زنجیرە وتارێک بوو لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدیب و نووسەرانێکی بەناوبانگ بەشدارییان لەم زنجیرەیەدا کردبوو و ئامانجیان (برەوپێدانی گیانی ئەدەبی و دەشتنیشانکردنی شێواز و ڕێچکەیەکی نوێبوو لە ئەدەبی ئێرانیدا)[١٢]

گۆڤاری ئازادیستان کە بە کۆششی تەقی ڕەفعەت بڵاو دەکرایەوە بەهەمان شێوە داخوازی نوێخوازی بوو لەنێو گەنجان دا. ئەم گۆڤارە بە خستنەڕووی بابەتە ڕەخنەییەکان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە نوێکان بووە مایەی جوولە و بزاوتێک لە ڕەخنەی ئەدەبیدا[١٣] یەکێک لەو بابەتانەی کە ڕەنگە بۆ یەکەمین جار لەم گۆڤارە بڵاو بووبێتەوە مەسەلەی بزاوتن و ماهیەتی کات بوو کە خۆی لەخۆیدا دەیتوانی بنەمایەک بێت بۆ تیڕوانینە نوێکان بۆ ئەدەب.

## پێشەوایانی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئێرانیدا

### ئاخوندزادە

هەوەڵین ڕەنگدانەوە و بریسکاییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لەسەردەمی شۆڕشی مەشروتییەتدا لە وتەکانی میرزا فەتح عەلی ئاخوندزادە(١٢٢٨-١٢٩٥ی کۆچی- هەیڤی) دەرکەوت. ئاخوند زادە کە خۆی لە یارانی شیعر و ئەدەب بوو ئاشنایەتی هەبوو لەگەڵ ڕەخنە بە چەمکە ئەوروپاییەکەی و جار جارە لە نوسینەکانیدا زاراوەی فەڕەنسی ڕەخنە، واتە قریتیقا(Critique=)یشی بەکار دەهێنا[١٤].

ئاخوندزادە لە قەفقاز هاتۆتە دونیاوە و لە گەنجە دەرسی خوێندبوو و لە تەفلیس وەکو وەرگێڕ کاری دەکرد، ئەو لەگەڵ ڕووسەکان سەروکاری هەبووە و لەتەک کارە دیوانیی و کارگێڕییەکاندا ڕووی لە کارە ئەدەبییەکانیش دەکرد. لەنێو کارەکانی ئاخوند زادە کە لەڕووی ڕەخنەی شیعرییەوە ناسراو و بەناوبانگە، ڕەخنەیەکە، کە لەسەر شیعرەکانی سرووشی ئیسفەهانی(لە ١٢٨٥کۆچی- هەیڤی کۆچی دوایی کردووە) نووسیویەتی. ئەو لەڕووی فۆرم و ناوەرۆک لێکدانەوەی بۆ شیعری سرووش کرد. ڕەخنەی ناوبراو لە قاڵبی نامیلکەیەکە لە چل و هەشت لاپەڕەدا، کە بەگشتی بریتییە لە ڕەخنەی گوزارشت و دەربڕینەکان و ناوەرۆک و هەر بەم جۆرەش کۆنتێکستە ڕستەییەکان و کێشە شیعرییەکانی سرووش لەخۆ دەگرێت[١٥]، ئەگەرچی دواتر هەندێک لە ئەدیبان ئاخوند

زادەیان بەوە تۆمەتبار کرد کە لە شیعر تێنەگەیشتووە، بەڵام هەر ئەم ئەدیبانە نکۆڵییان لە پێشڕەوی و شان و شەوکەتی ئەو لە خستنەڕووی بابەتە ڕەخنەییەکان نەکردووە، پێویستە دان بەوەدا دابنرێت کە ئاخوند زادە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەسپێکەر بووە، ئەگینا تێگەیشتنەکانی ئەو لە ڕەخنەی ئەدەبیدا فراوان و بەربڵاو نییە و بەهای کارەکەی زیاتر لەو تێڕوانینە تازانانەیە کە لەسەر بنەمای بیروباوەڕە ڕیالیستییەکانی خۆی بۆ ئەدەب دەریخستووە.

ئاخوندزادە لە هەڵسەنگاندنی شیعردا پێوەری هەڵسەنگاندنەکە لەسەر (جوانی ناوەرۆک ) و (چاکی وشە و دەربڕینەکان) یا جوانی دەربڕین بونیات دەنێت کە هەر هۆنراوەیەک پێویستە بەم دوو پێوەرە لێی بکۆڵدرێتەوە، خاڵێکی دیکە پێناسەی شیعرە کە بە گومانی ئاخوند زادە چەمکی شیعر بەشێوەیەکی هەڵە و تێکەڵکردن سەیری کراوە و قسەی لەبارەوە کراوە، چونکە واباوە کە هەر بابەتێکی کێش و سەروادار بە شیعر دادەنێن. لەڕوانگەی ئەوەوە بەرهەمێکی وەک شانامە دەتوانرێت بە بەڵگە و سەلمێنەری وردی شیعر دابنرێت، بەڵام زۆرێک لە بەرهەمە کێش و سەروادارەکان کە بە شیعر ناسراون شیعر نین.

ئاخوند زادە لەو باوەڕەیە کە شاعیرێتی بەهرەیەکی خوداییە و خوێندن و پەروەردە دەبێتە مایەی گەشەکردنی ئەم بەهرە و ڕازاندنەوەی قسەی شاعیر، ئەگەرچی ئەمڕۆ بابەتی بەهرەی

پەروەردەکراو لە کاری شاعیریتیدا یەکێکە لە کارە ڕوون و ئاشکراکان، بەڵام خستنەڕووی ئەم بابەتە لە سەردەمی خۆیدا بابەتێکە شایەنی سەرنجدان و هەڵوەستە کردنە، ئەو هەروەها مەسەلەی شیعرییەت دەخاتەڕوو و لەوباوەڕە دایە کە بەرهەمە شیعرییەکان لەڕووی پلەی شیعرییەتەوە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن بۆ نموونە باوەڕی وایە کە مەسنەوی مەولەوی بەرهەمێکی پەسەندە، بەڵام پلەی شیعرییەتەکەی نزمە و لەسەر ئەم بنەمایەش فیردەوسی و نیزامی و سەعدی و حافز و جامی لە پێشەوەی شاعیرانی ئیرانی دادەنێت[١٦].

لەگەڵ هەموو ئەوانەی وتران ئاخوند زادە نەیتوانیوە لە هزری خۆیدا پۆلین بەندییەکی وردی شاعیرانی فارسی زمان لەڕووی داهێنانە شیعرییەکانیان بخاتەڕوو، هەروەکو ئەوەی کە ستایشی جامی لەتەک فیردەوسی و سەعدی و حافز دەکات یا لەسەر بنەمای تێڕوانینە ماتریالیستییەکانی خۆی چەند ڕەخنەیەک لە تێگەیشتنە سۆفیگەری و فەلسەفییەکانی مەولانا دەگرێت کە لە هەندێک لایەندا دەچێتە دەرەوەی سنوری ڕەخنە و تەنانەت شێوەیەکی سەرزەنشتکردن و جێهێشتنی ئەدەب وەردەگرێت[١٧].

ئاخوندزادە وەکو ڕەخنەگرێکی نوێگەر تانە و توانج لە شێوازە زۆرلەخۆکاری و وشەکارییەکانی نووسەرانی نەریتی ڕۆژگاری خۆی لەنموونەی ڕەزا قولی خانی هیدایەت دەدات، هەرچەندە بەشێکی

بەرچاو لە تێگەیشـــتتنە ڕەخنەییەکانی ئاخوند زادە شـــایەنی تێڕامانە، بەڵام بێگومـان نووســـــینەکـانی ئەو برەوپێدەری جۆرە ڕیـالیزمێکی ڕەخنەگرانە و تەنزئامێزە لە ئەدەبی فارســـــیدا و دەتوانرێت بە خاڵی دەسپێک بۆ تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی دوای چەندین دەیە لە وەستان و چەقبەســــــتوویی هەژمـار بکرێت، لەڕوێکی دیکەوە بنەمـای ڕوانینە ڕەخنەییەکانی ئاخوند زادە هێنانەکایەوەی پەیوەندییەک بوو لەنێوان هونەر و ئەدەب لەگەڵ ژیاندا[١٨]، بابەتێک کە هەمیشـــــە لێی دەکەوتە غەفڵەتەوە.

ئاخوندزادە لەتەک وتارە ڕەخنەییەکان، بەشێک لە ڕەخنەکانی خۆی ئاخنیوەتە ناو شـــانۆنامەکانی، ئەم شـــانۆنامانە لەڕووی شـــێوازەوە کاریگەرن بە پووشـکین و گۆگۆڵ و مۆلییێر و شـکسـپیر، کە پاشـان بووە نموونە و سـەرمەشـقێک بۆ زۆرێک لە شـانۆنامەنووسـان کە لە چاخی مەشروتیەتدا دوای ئاخوند زادە دەستیان کرد بە داهێنانی ئەم ژانرە ئەدەبییە[١٩].

## موحەممەد تەقی بەهار( مەلیکولشوعەرا بەهار)

بەهار، شـاعیر و ئەدیب و ڕەخنەگرێکە کە نازناوی سـتایشـکەری ئازادییان پێداوە[٢٠]، لە سـاڵی ١٢٦٥ی هەتاوی لە مەشـهەد لەدایک بوو، ئەو بەقەد ئەوەی لە چالاکییە سـیاسـییەکان بوو سـوودی لە بەهرەی شـــیعری خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە و خســـتنەڕووی تێروانینە ســـیاســـییەکانی خۆی وەردەگرت. بەهار ماوەیەک ڕووی لە کاری

ڕۆژنامەنووســـی کرد و لە ســـاڵی ١٣١٦ ی هەتاوی کە هاوکات بوو لەگەڵ دامەزرانـدنی زانکۆی تـاران وتنەوەی هەنـدێـک وانەی لە وانەکانی قۆناغی دکتۆرای زمان و ئەدەبی فارسی لەئەستۆ گرت و لە ڕاستیدا چالاکییە زانستییەکانی ئەو لەو ڕۆژگارەدا دەستی پێکرد.

لە گرنگترین بەرهەمەکانی بەهار پێویستە شێوازناسی یا مێژووی گەشـــەکردنی پەخشـــانی فارســـی، یا ڕاســـتکردنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی دابنرێن. بەهار لەســـــاڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە تاران چووە بەر دلۆڤانی خودا.

(بەهار) لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی لە سـەردەمی خۆیدا فراوان کرد و بابەتگەلێکی لە چەشــــنی ڕەخنە و لێکدانەوەی دەقەکان و فۆلکلۆر و زارناســی و مرۆڤناســی و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیشــی خســتە ناو قەڵەمڕەوی کارەکانی خۆیەوە.

بەهار لە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی خۆیدا ڕەخنەگرێکی ڕیالیســـتی و ڕەوشـــــتگەرایە، ئەو ڕەوشـــــتی بەرز لەتەک هەســــــت و هەڵچوونە بەهێزەکان بە بنەمای سەرەکی شیعر دەزانێت و ئەم دوانە بە کۆڵەگە ســـــەرەکییەکانی پەســـــەندێتی شـــــاعیر دادەنێت[٢١]. بەهار شـــاعیر لە بەرامبەر بابەت و مەســـــەلەکانی کۆمەڵگای خۆی بە بەرپرس دادەنێت و ئەرکی شـیعری کۆمەڵایەتی بە وێنەکێشـان و بەرجەسـتەکردنی ئەم مەســـــەلانە دەزانێـت، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا بۆ گۆڕانی شــــێوەیی و ناوەرۆکی شیعر باوەڕی بە بەها و بایەخێکی تایبەت هەیە[٢٢].

ئەگەرچی ڕەنگە زۆرێک لە شـــیعرەکانی بەهار بەتایبەت شـــیعرە گـاڵتەجـاڕی و تەنزئـامێزەکـانی لە تەرازووی ڕەخنەی ڕەوشـــتی تەقلیدگەراکاندا جێگەی قســـە و باس بێت، بەڵام خۆی بە توندی هەوڵدەدات تا بنەما ڕەوشتی و خاکەڕاییە عەقڵانییەکان لە ڕەخنەکانی خۆیدا ڕەچاو بکات[٢٣].

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بەهار بوونی چێژی ڕەخنەییە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکـانیـدا تـا ئەوەی کە لە هیچ یەکێـک لە بەرهەمەکانیدا تێڕوانینی ڕەخنەیی وەلا نەناوە، ئەم هەناسـە ڕەخنەییە هەڵبەتە وابەستە نەبوو بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو، بەهار لە لایەنی سیاسەت و مێژوونووسیشدا هەمیشە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی هەبوو.

ڕەخنەکـانی بەهـار پتەو و کورت و بەرز و پێگەیشـــتوون و تاڕاددەیەک شـــوێنێک بۆ دەمەتەقێ ناهێڵێتەوە، داوەریکردنی بەهار دەربارەی شـیعری قائانی شـیرازی شـاعیری سـەردەمی قاجاری نیشـاندەری لایەنێکی ئەم بابەتەیە، ئەو دەربارەی قائانی دەنووسـێت: لە شـیعری قائانی دا وشـە بەسـەر مانا و خەیاڵاتە ڕووکەشـەکان بەسـەر خەیاڵکردنە بەرز و وێناکردنە باڵاکان زاڵە، قائانی لە شـیعردا بە خۆنوێنی و کەش و فشـێک یا جەنگێک و پشـێوییەکی پڕ هات و هاوار بەسندەیی کردووە)[٢٤].

بەهار لەسەر (مێژووی ئەدەبی ئێران)ی دانراوی (ئیدوارد براون)ی ئینگلیزی کە لە سـەردەمی ئەودا یەکێـک لەبەنـاوبـانگترین بگرە

دەگمەنترین و تایبەتیترین مێژووی نووســراوی ئەدەبی فارســی بوو ئەم ڕەخنەیە دەگرێت، کە ئەم بەرهەمە خاڵییە لە تێڕوانینی ڕەخنەیی.

شـــایەنی گوتنە، کە دیدگای ڕیالیســـتی ڕەخنەگرانی ســـەردەمی مەشـــرووتە و چێژی ســـیاســـی و کۆمەلایەتی ئەو ســـەردەمە کاریگەرییەکی زۆری لەســـەر تێڕوانینی ڕەخنەیی بەهاردا هەبووە، هەروەک ئەوەی کە لە پۆلێنبەندی خۆی بۆ شـــیعر لیریکی دڵداری بە بوون و ســـوودوەرگرتن لە زەمینەیەکی تاکەکەســـی دادەنێت، کە بەبەراورد بە شـــیعرە ســـیاســـیی و کۆمەڵایەتییەکان کە گوێگرێکی بەربڵاوتر و بگرە جیهانییان هەیە لە پێگە و پایەیەکی خوارتر شـــوێن دەگرێت[٢٥].

بەهار لە وتارە ڕەخنەییەکانی خۆیدا زۆربەی کات پرســـیارگەلێک دەخاتەڕوو و بەدوای وەڵامدانەوەی ئەم پرســـیارانەوەیە بۆ نموونە: ماهییەتی شـیعر چییە؟[٢٦] پێوەری هەڵســەنگاندن و بەهادانانی شـیعر چییە؟ پۆلێنبەندییە ناوەرۆکی و چۆنایەتییەکان دەربارەی شـــیعری چاک پێویستە چۆن بن؟ ئەو بە ڕەچاوکردنی ئەم پرسیارانە کاتێک کە هەڵدەســـتێ بە ڕەخنەگرتن لە بەرهەمێکی شـــاعیران هەوڵدەدات لە ســـنوری ڕوانینە ڕووکەشـــەکان تێپەڕێت و قوڵاییەکانی بەرهەمەکان بخـاتە بەر تیشـــکی هەڵســـەنکـانـدن و لێکۆڵینەوە. پێشـــەکییە ڕەخنەگرانەکەی ئەو بۆ ســـەر دیوانی پەروین ئیعتیســـامی یەکێکە لە باڵاترین ڕەخنە کلاسـیکییەکان کە تێیدا لە گشـت لایەنەکانی شـیعری

پەروین دەکۆڵێتەوە، بەتایبەت لەو شـوێنەی کە دەربارەی سـێبەری ڕوونی ئامادەیی عیشـق و ڕەهەندە تایبەتییەکانی عیشـق لە شـیعری پەرویندا قسـە دەکات تێگەیشـتنێکی چاک و گونجاوی لەگەڵ زەمینەی ڕۆحی ئەو شاعیرە هەیە[٢٧].

هەرچۆنێک بێت بەهار لە لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخی ئێراندا پێگەیەکی نکۆڵی لێنەکراوی هەیە و سـەردەمێک ئەویان بە پێشڕەوی ئەدەبیە نوێخوازەکانی سەردەمی خۆی زانیوە[٢٨].

بەهار لە سـاڵی ١٣٢٤ی کۆچی- هەیڤی گۆڤاری کۆلێژی دەرکرد. تەمەنی ئەم گۆڤـارە ئەگەرچی نەگەیشـتە سـاڵێـک، بەڵام لە پەروەردەکردنی شـاعیران و نووسـەران و خسـتنەڕووی تێڕوانینە تازەکان لە ڕەخنەی ئەدەبیدا گۆڕانکاری هێنایەکایەوە بە دەربڕینێکی دیکە بە خسـتنەڕووی تێگەیشـتنە نوێکان لە بواری شـاعیرێتی و نووسـەری بووە داهێنەری شـێواز و تەکنیکێکی تازە لە شـیعر و پەخشانی فارسیدا[٢٩].

## فاتیمە سەییاح

فـاتیمە سـەییـاح یەکێکە لەو ئەدیبـانەی کە پێگەکەی لە ڕەخنەی ئەدەبی هـاوچەرخدا بە نـادیـاری مـاوەتەوە، هەروەهـا نـاوەکەیشـی تەنانەت بەلای هەندێ لە کەسـانی دەسـتەبژێر و تایبەتەوە هێندە ناسـراو نییە. ئەو لەسـاڵی ١٢٨١ی هەتاوی(١٩٠٢) لە مۆسـکۆ لەدایک بوو، لە ڕووسـیا چووە بەر خوێندن و پاشـان بوو بە مامۆسـتای

زانکۆی تاران و تا کاتی مردنی مامۆستای وانەی (بەراوردی ئەدەبی) و (ئەدەبی ڕووســـــی) بوو. زۆرێک لە مامۆســـــتایانی بەرزی ئەدەبی فارســی (فاتیمە ســەییاح)ی هەمیشــە لەیادبە یەکێک لە ســەرئامەدانی بێهاوتای ڕەخنەی ئەدەبی لە ئێراندا ناوزەد دەکەن[30] و بەرهەمەکانی ئەویش گەواهیدەری توانا و توانســـــتی ئەون لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا.

دیدگا ڕەخنەییەکانی ســـــەییاح لەدوتوێی چەند وتارێک کە لە بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی ســـــەردەمی خۆی بڵاوی کردۆتەوە تۆمار کراون. یەکێک لەم وتارانە وتارێکە بەناوی (پێگەی نەریت لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێراندا)[31]یە. نووســەر کە خۆی یەکێک بوو لەوانەی ئاشنای ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا بوو، نەریتی وەکو کۆگا و گەنجینەیەکی ئەزموون و ســـــەلیقەکانی کەســـــانی ڕابردوو دادەنا، کە هیچ کاتێک وەچەکانی پاشتر نابێت سەبارەت بەمە هەستی بێنیازی و بێسوودی بنوێنن. ئەو لەوباوەڕەدابوو کە نەریتی ئەدەبی لەژێر تیشکی ڕاستەوخۆی چێژی جەماوەر دێتەکایەوە و نەریت تەواوی ڕەگەزەکانی چێژی جەماوەر پێکدەهێنێت[32]، لەگەڵ ئەمەدا لەو بــاوەڕەیە کە نەریــت دەتوانێت زیانهێنەریش بێت، چونکە دەشـــێ بۆ لاســـاییکردنەوەیەکی پەتی و دەقاودەق درێژبێتەوە و ببێتە ڕێگر لەبەردەم پێگەیاندنی داهێنان و دەسپێشخەری.

ئەو بۆچوونانەی، کە فاتیمە سەییاح دەیخستەڕوو، هەندێجار لە سەردەمی خۆیدا مایەی سەرسوڕمان بوو، چونکە وەکو نموونە لەوباوەڕەدابوو، کە خستنەڕووی بابەتە نوێکان لە قاڵبە کۆنەکاندا کارێکی بێمانا و دور لە لۆژیکە، بۆ بابەتە نوێکان پێویستە قاڵب و فۆرمی ژانر دابهێنرێت. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە پاراستنی گەنجینەی ئەدەبی ڕابردوو بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو پێویستە بە هێزی داهێنانی خۆت زیادە بخەیتەسەر زەخیرەکانی ڕابردوو[٣٣]. لە ڕوێکی دیکەوە ئێمە دەتوانین هەندێک لە ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە بە قەرز وەربگرین و بەم شێوەیە بۆشایی نەبوونی هەندێک لە ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبیاتی خۆمان پڕ بکەینەوە[٣٤].

یەکێک لەو لایەنە گرنگانەلە بۆچوونەکانی فاتیمە سەییاحدا خستنەڕووی چەند بابەتێکە لە ئەدەب و ڕەخنەدا کە شیاوی لێکۆڵینەوە و هەڵوەستە لەسەر کردنن.

گوتاری(چۆنیەتی ڕۆمان) لە ڕەخنەگرتن لە بەرهەمێکی (احمد کسروی) دەربارەی ڕۆمان سەلمێنەری قوڵی تێگەیشتنی سەییاح بوو لە بواری ڕەخنەی ڕۆماندا و بیروباوەڕی هەڵە و بێ بنەمای لە نکۆڵیکردنی پێگەی ڕۆمان لە هزرەکاندا شۆردەوە[٣٥]. بابەتەکە ئەوەیە، کە کەسرەوی بێ ئەوەی ئاگای لە بابەتی ڕاستی و درۆیینەیی لە شیعر و ئەدەب و جیاوازییەکەی لەگەڵ ڕاستی و درۆییەنی لۆژیکی بێت ڕۆماننوسانی بە درۆکردن تۆمەتبار کردووە و ڕۆمان بە

بەرهەمێک دەزانێت، کە سەراپا درۆیە و لەم ڕووەوە خوێندنەوە و هەڵسان بە درۆیەکی لەم جۆرە بە ڕەوا نازانێ. سەییاح بە سوودوەرگرتن لە بەڵگەکارییەکان و چەند گەواهییەکی زۆر و بە جەختکردنە سەر بەها هونەری و فێرکارییەکانی ڕۆمان وەڵامی قسەی کەسرەوی دەداتەوە و لەهەمان کاتدا چەند ڕوانگە و چاوتێبڕینێک لە ناسینی ڕۆمان و ڕەهەندەکانی ڕووندەکاتەوە. فاتیمە سەییاح لە مانگی ئەسفەندی ١٣٢٦لە تەمەنی لاوێتی و بە مردنێکی ناوادە چاوی لە دونیا لێکنا.

## بەدیعولزەمان فروزانفەر

مامۆستا بەدیعوولزەمانی فروزانفەر[٣٦] لە ساڵی ١٢٨٣ی هەتاوی لە یەکێک لە شوێنەکانی وابەستە بە (تەبەس) لە خوراسان هاتە دنیاوە. ئەو پێشینە ئەدەبی و زانستییەکانی سەردەمی خۆی لە زاگەی خۆی فێربوو و پاش ئەوە لە مەشهەد لە کۆڕی ئەدیبی نیشابۆری سوودمەند بوو و بە زوویی بلیمەتی خۆی نیشاندا. لە ساڵی ١٣٠٣ی هەتاوی چووە تاران و لەوێ بەردەوامی بە خوێندنی خۆی دا ، پاش ماوەیەک لە (خانەی هونەرەکان = دار الفنون)کەوتە وانەوتنەوە و بە دامەزراندنی زانکۆی تاران گوتنەوەی وانەی مێژووی ئەدەبی فارسی و تەسەووف و عیرفان و دەقە عیرفانییەکانی لەئەستۆ گرت.

لەنێو دانراوەکانی فروازانفەر کتێبی (**سخن و سخنوران**)ی ئەو، کە جۆرە مێژووێکی ئەدەبی شیکاری و ڕەخنەییە و دوو کتێبی دیکەی

ئەو واتە( **نـامیلکەیەک دەربـارەی ژیـان و بەســـەرهـاتی مەولانـا جەلالەددینی موحەممەد ناســـراو بە مەولەوی**) و (**ژیان و ڕەخنە و لێکدانەوەی بەرهەمەکانی شـــێخ فەریدەدین عەتتاری نیشـــاپوری**) لەڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە پێگەیەکی تایبەتییان هەیە و نیشـاندەری هۆشـــی ڕەخنەگرانە و تیژبینانەی مامۆســـتا فروزانفەرن لە باســـە ڕەخنەییەکان و لێکدانەوەی دەقەکاندا[٣٧].

مامۆســـتا زەڕین کوب لەبارەی پێگەی بەدیوعولزەمانی فروزانفەر لەنێو هاوچەرخەکانیدا نووسیویەتی:

( لە جێگەیەکدا کە زیاتر نووســـەرانی دیکە بەدەوری وشـــە و دەربڕینەکان خولیان دەخواردەوە تەنیا ئەو بوو کە چێژی و سەلیقەی (واتـا)ی هەبوو و ئەدەبی لە ئەنـدازەی بـابەتە زمـانەوانی و زانینی نووســـخە دەســـتنووس و چاپکراوەکانی کتێبەکان بەرەو ســـەرەوەتر دەبرد)[٣٨]

فروزانفەر بێ ئەوەی هێندە ئاشنای پێوەرەکانی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی بێت توانی لە ســـێبەری هۆشـــی تیژ و ســـەلیقەی پێگەیشـتووی خۆی نموونەگەلێکی ورد و بـاوەڕپێکراو لە ڕەخنەی شـــیعری فـارســـی دابهێنێت. کتێبی (ســخن و ســخنوران= شـیعر و شـاعیران)ی ئەو کە پێشـــتر باســـمان لێوەکرد تا ســـەردەمی خۆی تاکە کتێبێک بوو لە شێوەی مێژووی ئەدەبدا کە تێیدا ڕەخنەی شیعری هۆنیاران زاڵ بوو بەســـەر ناوهێنان و باســـکردنی ڕووداو و بەســـەرهاتی ژیانی

شـــــاعیرەکان. ئەو لەم کتێبەدا توانی قۆناغێکی شـــــیکاری ڕەخنەیی شیعری فارسـی لە ڕوودەکییەوە تا خاقانی بەدەسـتەوە بدات. ئەو کە بە لێکۆڵەرێکی ماندونەناسی بەرهەمەکانی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی بەناوبانگ بوو، کۆتاییەکانی تەمەنی خۆی ڕاسـتەوخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی مەولەوی و لێکدانەوەی شـــیعرەکانی ئەو تەرخان کرد. فروزانفەر سـەرەڕای شـیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکان لە ڕەخنەی دەقناسـیشـدا پێەیەکی باڵای هەیە کە لەم نێوەندەدا (تصـحیح غزلیات شـمس= ڕاسـتکردنەوەی غەزەلیاتی شـەمس ) و (فیە مافیە= تێیدایە تێیدا نییە)باشترین گەواهیدەری ئیشی ئەوە.

فروزانفەر لە ڕەخنەکانی خۆی بۆ ســەر بەرهەمی هاوچەرخەکانی ڕەخنەگرێکی بەهێز و ڕاســـتگۆ بوو و نموونەیەک لە ڕەخنەی ڕاســـتگۆیـانەی ئەو دەتوانرێـت لە گوتـاری ڕەخنەگرانەی ئەو بە ناونیشـانی (ڕەخنەیەک بۆ سـەر پەراوێزەکانی چهار مقالە)ببینرێت، کە ڕەخنە لە پەراوێزنووسی هەمیشە لەیاد(عەلامە قەزوینی)بۆ سەر ئەم کتێبە(مەبەســـت لە کتێبەکە چهـار مقـالەی نیزامی عەرووزییە. و. کوردی) دەگرێت[٣٩]. فروزانفەر لە ١٣٤٩دا لە تەمەنی ٦٨ساڵیدا لە تاران بارگە و بنەی پێچایەوە و چووە بەر دلۆڤانی خودا[٤٠].

## عەبدولحوسێن زەڕین کوب

مامۆستا عەبدولحوسێن زەڕین کوب لە ساڵی ١٣٠١ی هەتاوی لە بروجرد چاوی هەڵهێناوە. ئەو پێشینەکانی خوێندنی لە هەمان شوێن بە کۆتا هێناوە و پاشان لە تاران بەردەوامی پێداوە و لە ساڵی ١٣٣٤ پلەی دکتۆرای لە زمان و ئەدەبی فارسی بەدەست هێناوە[٤١]. زەڕین کوب چەندین ساڵ لە زانکۆی تاران و سەنتەرە زانستییەکانی جیهاندا بە وتنەوەی ئەدەبی فارسی و مێژووی ئێران و باسە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان و سۆفیگەرییەوە خەریک بوو ، بەڵام خواست و ئارەزووی بەهێزتر و بەرچاوتری ئەو پێویستە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەدواداچوونی بۆ بکرێت. ئەو لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرهەمێکی چڕوپڕی بەناونیشانی (ڕەخنەی ئەدەبی )نووسی . ئەم کتێبە کە یەکەمجار لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاویدا بڵاوکرایەوە دواتر لەلایەن مامۆستاوە دووبارە پێداچوونەوەی بۆ کرایەوە و چەند بەشێکی کتێبەکە فراوانییان بەخۆیانەوە بینی و چەند بابەتێکی زۆر بۆ کتێبەکە زیاد کرا و لەسەر شێوەی یەکێک لە بەرهەمە زیندووەکانی فارسی لە مێژوو و لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا دەرکەوت. لە بەرهەمەکانی دیکەی زەڕین کوب، کە پەیوەندییان بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەیە، بێجگە لە کۆمەڵە وتارێک پێویستە ئاماژە بە چەند کتێبێکی وەک: (سیری در شعر فارسی= گەڕانێک بەناو شیعری فارسیدا)و (شیعری بێ درۆ، شیعری بێ پەچە)و (پێشەکی و وەرگێڕانی هونەری شیعری

ئەرستۆ) بکرێت. ئەو هەروەها بەرهەمگەلێکی بەناونیشانی : (از کوچە رندان= لە کوچەی ڕەندانەوە) لە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی شـــیعر و ژیانی حافز و (بحر در کوزە= دەریا لە گۆزەدا) و (ســـر نی= نهێنی نەی) و (پلە پلە تا ملاقات خدا= پلە پلە تا دیدەنی خودا)دەربارەی شـیعر و بیرۆکەکانی مەولانا و بەرهەمگەلێکی زۆری دیکەی لەبارەی ڕەخنە و لێکدانەوەی میراتی شاعیرانی فارسی زمان نووسیوە[٤٢].

زەڕین کوب یەکێکە لە تێکۆشەرترین ئەو لێکۆڵەرانەی، کە لەسایەی زانینی فراوان و ئاشـــنایەتی لەگەڵ زمانە ئەوروپاییەکان و زمانی عەرەبی و باڵادەستی بەسەر سەرچاوە جۆراوجۆر و هەمەڕەنگەکاندا باسە ڕەخنەییەکانی لە ئاسۆیەکی بەربڵاو لە ڕۆژهەلاتەوە تا ڕۆژئاوا بە جەختکردنە سەر ئەدەبی فارسی خستۆتە ژێر زەڕەبینی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.

ڕەخنە ئەکادیمی و خاکەرایی و شیکارییەکانی زەرین کوب چەندین ســـاڵ ڕێنوێنیکەر و ڕێبەری ئـەو کەســـانـە بووە، کە هەوەڵین هەنگـاوەکـانی خۆیـان لە مەیـدانی ڕەخنەی دەق و لێکـدانەوە ڕەخنەییەکانی بەرهەمە ئەدەبییە فارسییەکاندا هەڵهێناوە و سەرمایەی کارەکانیان هەمیشـە گوتار و بەرهەمەکانی ئەم مامۆستایە بووە و بە واتـایـەکی دی، ڕەخنەی ئەدەبی زەرین کوب نزیکەی پێنج دەیە ڕێخۆشـــکەری لێکۆڵەرانی ئەدەبی ئێران و هەوادارانی مێژوو و تیۆرەکانی جوانیناسی بووە[٤٣].

مامۆستا زەرین کوب بنەمای هەر جۆرە ڕەخنەیەکی پتەو و پشت پێبەستراوی دەقە ئەدەبییەکانی ڕابردووی بە وابەستەیی هەبوونی بەرهەمگەلێکی ڕاستکراوە(مصحح) و ئاوەڵاکراو(مفتح)لە دەقە کۆنەکان دەزانی[1] و لەبەر ئەم هۆیە جەختکردنەوەیەکی مەبەستدارانەی بۆ سەر ڕەخنەی دەقناسی هەبوو. ئەو لەم بارەوە نووسیویەتی:(هەر جۆرە ڕەخنەیەکی مێژوویی یا چێژیی یا زمانەوانی، کە لەبارەی بەرهەمەکانی شاعیران یا نووسەران ئەنجام بدرێت، هەتاوەکو پشتی بە دەقە ڕاست و بڕواپێکراوەکان نەبەستبێت ئەوا جێگەی باوەڕپێکردن و بایەخپێدان نییە و لەم ڕووەوەیە کە لە کۆنەوە ڕەخنەگران و وتەناسان سەرنجیان لەمە داوە و لە ڕەخنە و ڕاستکردنەوەی دەقە کۆنەکاندا هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆریان کردووە.)[٤٤]

زەڕین کوب لە ڕەخنەی ئەدەبیی خۆیدا سنوور و پێناسەگەلێکی زۆری چەمکە ڕەخنەییەکانی نیشانداوە و بە توێژینەوە لە میراتی کۆنی فارسی ڕەگ و بنجی زۆرێک لە تێگەیشتنە تازەکانی ڕەخنەی لەنێو دێر دێڕی دەقەکانی ڕابردوودا هەڵهێنجاوە و بەم شێوەیە لە

[1]. (واتە هەر جۆرە ڕەخنەیەکی پتەو لەبارەی دەقە کۆنەکانی ڕابردوو پێویستی بە هەبوونی نوسخەی ڕاستکراوە لەبەردەستی ڕەخنەگردا هەیە، ئەو کات ڕەخنەکەی جێگەی باوەڕ و پشت پێبەستنە.) و.کوردی

ناســـاندنی ســـەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئێراندا لەپێش تێکڕای لێکۆڵەرە هاوچەرخەکانی خۆیەتی.

لەتەک ئەوەی گوترا قســـەکردن لەبارەی ســـوودەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و ماهییەتی ســروش و حاڵی ئەدەبی و ڕێچکە و تەکنیکەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و زۆرێـک لە بـابەتەکـانی دیکە بۆ یەکەم جـار لە بەرهەمەکانی زەڕین کوبدا بە پتەوی و بەهێزییەوە خرایەڕوو و باسی لێوەکرا و ئوســتاد زەڕین کوب بەهۆی هەموو ئەمانە هەق و مافێکی گەورەی بەســـەر لێکۆڵینەوەکانی وابەســـتە بە ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێمەدا هەیە.

## پەروێز ناتل خانلەری

ئەگەرچی شـەپۆلەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان بە هەمان شـــێوە بەردەوامی هەیە، بەڵام وەکو یەکێک لە دواهەمین کەســـایەتییە کاریگەرەکانی وەچەی یەکەمی ڕەخنەگرانی نوێخوازی ســـەدەی بیســـتەم لە ئەدەبی فارســـیدا جێگەی خۆیەتی یادێکیش لە مامۆستا پەروێز ناتل خانلەری بکرێتەوە.

خانلەری لە ســـاڵی ١٢٩٢ی کۆچی- هەتاوی لە تاران لەدایک بووە، خوێندنی خۆی تا قۆناغی دکتۆرای زمان و ئەدەبی فارسی درێژە پێدا ، پاش ئەوە چووە ناو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و بە پاڵپشتی چێژی ئەدەبی و بیری تیژ و ئاشــنایەتی بە زمان و ڕێچکە و شــێوازەکان و لـێکـۆڵـینەوەکـانی خـۆرئـاوا دەرگـایەکی تـازەی لە تـێڕوانـینە

زمانەوانییەکانی بەرەو ڕووی ئەدەب و هونەرە ئەدەبییەکان بە تایبەت کێشی شیعر ئاوەڵا کرد.

خانلەری، کە خۆی مامۆســـــتای ئەدەبی کۆن بوو و ســــوودی لە بنچینە و زانیارییەکانی ئەدەبی کۆن وەردەگرت و لێیان شــارەزابوو ، هەمیشـــــە بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئەدەب و ئـارەزوو لە نوێگەرایی ڕەخنەی لە نووســـــەرە نەریتییەکــان دەگرت. ئەو لە جێگەیەکــدا نووسیویەتی:

( زانینی ئەو شــتەی، کە ئەدیبانی کۆنی فارســی لە دونیای ئەدەبدا پێگەیەکی بــاڵایــان هەیە نـابێـت ببێتە هۆی ئەوەی، کە گۆڕانکـاری لەوەدا(= لە ئەدیباندا) بە شتێکی ڕەوا دانەنێین و خۆمان بەشایستە و نیازمەندی ئەدەبێکی نوێ لە خودی ئەدەبی ئەمڕۆدا نەبینین)[٤٥].

خــانلەری لەوبــاوەڕەدابوو، کە لە لێکــدانەوەی نوێی ئەدەبــدا نــاتوانرێــت ئـامرازە کۆنەکــان بەکــاربهێنرێن، بەبــاوەڕی ئەو بــارودۆخەکــانی ئەمڕۆ ئەدەبێکی تــازە دێنێتەکـایەوە، کە ڕەخنە و شیکردنەوەی ئەو ئەدەبەش پێویستی بە پێوەری تازە هەیە.

یەکێک لەو وتـارە بەنرخـانەی خـانلەری، کە دەربـارەی ڕەخنەی ئەدەبییە وتارێکە بەناونیشـــانی (بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی)[٤٦] یەکێک لەو خـاڵە وردانەی، کە ئەو لەم وتـارەدا دەیخـاتەڕوو ڕێژەیی بوونی پێوەرەکــانی ڕەخنەی ئەدەبییە. لە شـــــیکردنەوەی ئەم بــابەتەدا لەوباوەڕەدایە، کە زۆرێک لە پێوەرەکانی ڕەخنە لەچەند ڕامانێک لە

بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕابردوو وەرگیراوە ، هەمدیسان لەم گوتارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە گۆڕانکاری لە ئەدەبی نوێدا بەرەو تێڕوانینێکی نوێ لە ئەدەبدا ناچارمان دەکات.

خانلەری تێڕوانینی ڕەوشتگەرایی بێگەرد لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، کە زۆربەی کات مایەی سەرنجدان بووە بەلای ئەدیبانی ئاسایی ڕەتدەکاتەوە، ئەو لە دوو توێی بەهادان بە ڕەوشت و ڕێچکەگەراییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتگەراییە زێدەڕۆییکەرەکان بە شتە دژوارەکانی کاری ڕەخنە دادەنێت و خۆپارێزی کردن لێیان بە شتێکی پێویست و گرنگ دادەنێت، چونکە واباوە، کە ڕەخنەگرانی ئەدەبی بیانەوێ یا نەیانەوێ چەندین بۆچوونی لەم جۆرە لە هەڵسەنگاندنە هونەری و ئەدەبییەکانیاندا خۆیاندا دەردەکەوێت[٤٧].

یەکێک لە کاریگەرترین ئیشەکانی خانلەری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بڵاوکردنەوەی گۆڤاری(سخن) بوو. گۆڤاری سوخەن کە زنجیرە بیست و شەش بەرگییەکەی لەماوەی نزیکەی سێ دەیەدا ڕەنگدەرەوەی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان بوو لە بواری ئەدەب و هونەردا، کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنەری لە ڕێنماییکردنی ئەدیب و ڕەخنەگرانی گەنجی سەردەمی خۆی هەبوو، لەم گۆڤاردەدا گوتارگەلێکی ڕەخنەیی زۆری خانلەری و کەسانی دیکە دەربارەی هونەر و ئەدەب بڵاودەبووەوە و زۆربەی کات لە باسە ڕەخنەیی و جوانیناسییەکاندا دەرخەری بوارگەلێکی نوێ و تازە بوون.

خانلەری لە ساڵی ١٣٦٩ی کۆچی – هەتاوی لە تاراندا کۆچی دوایی کرد[٤٨].

# پەراوێزەكانی فەسڵی سێیەم

١- مكتب بازگشت ادبی، شمس لنگرودی، نشر مركز، تهران ١٣٧٢، ص ٤٨.

٢- سبک شناسی شعر،سیروس شمیسا، انتشارات فردوس،تهران ١٣٧٤، ص٣٢٠.

٣- دیوان مشتاق اصفهانی، به كوشش ر حسین مكی، مقدمه، ص یک و شش.

٤- نهضت ادبی ایران در عصر قاجار،ابراهیم صفائی،تهران (بی تا» ١٣٣٣، ص٤.

٥- بڕوانە: از صبا تا نیما، یحیی آرین پور، شركت سهامی،كتابهای جیبی، تهران ١٣٥١، ج ١،ص ١٣.

٦- بڕوانە: مكتب بازكشست ادبی، پێشتر، ص ١١٧.

٧- وا باوە زۆربوونی شاعیران لە سەردەمی قاجاردا ئەوەندە زۆربوو بازاڕیان كز بوو. ر.ك: بازگشت ادبی، ص١٢٥.

٨- بڕوانە: از صبا تا نیما، پێشتر،ج ١، ل٥.

٩- هەمان سەرچاوە،ج١،ل٣٦٠.

١٠- لەم رۆژنامەیەدا بە دەگمەن وتارێک لە بارەی شێواز و لێكۆڵینەوەی شیعر نووسراوە. یەكێ لەو وتارانە لەبارەی شمس الشعراء (سروش اصفهانی)یە.

١١- بڕوانە: ازصبا تا نیما،ج ٢، ص ٤٥٢.

١٢- هەمان سەرچاوە،ج٢ ، ل٤٤٦.

١٣- هەمان سەرچاوە،ج٢ ، ل٤٦٣.

١٤- نقد ادبی، عبدالحسین زرین کوب، امیرکبیر، تهران ١٣٥٢،ج٢، ص٦٣٦.

١٥- لەم بارەیەوە. ر.ک: نه شرقی، نه غربی -انسانی، عبدالحسین زرین کوب، امیرکبیر، تهران ١٣٥٣، ص ٢٩٣.

١٦- بڕوانه: اندیشه های میرزا فتحعلی آخوندزاده، فریدون آدمیت، تهران، خوارزمی ١٣٤٩،ص ٢٤٨-٢٥٠.

١٧- بڕوانه هەمان سەرچاوە به همان منیر ص ٢٥٩-٢٦٢ هەروەها نقد ادبی، زرین کوب، ج ص، ص ٦٣٧.

١٨- ازصبا تا نیما،ج١،ص ٣٥١.

١٩- دەربارەی پێڕەوانی آخوندزاده له مەیدانی شانۆنامەنووسیدا، بڕوانه: از صبا تا نیما،ج ١ ، ص٣٥٠.

٢٠- با کاروان حله، عبدالحسین زرین کوب، تهران، انتشارات علمی ١٣٤٧، ص ٣٠٩ و٤٢٤.

٢١- بڕوانه : بهار و ادب فارسي (مجموعه مقالات بهار) به کوشش محمد گلبن، خوارزمی١٣٥١،ج ١، ص٤.

٢٢) هەمان سەرچاوە،ج٢، ل٣٨٠.

٢٣) بۆ هەسەنگاندنی وتارە رەخنەییەکانی بەهار بڕوانه: «یادگار عمر» از غلامحسین یوسقی له کتێبی

(بهار و ادب فارسی، ج١،ل پازده تا چل.

٢٤- هەمان سەرچاوە،ج ١، ل ٦٠.

٢٥-هەمان سەرچاوە ،ج ١، ل ١٦-١٨.

٢٦- هەمان سەرچاوە،ج ١، ل ٣-٦.

٢٧- بڕوانە: دیوان قصائد و مثنویات و تمثیلات و مقطعات پروین اعتصامی، تهران١٣٣٣ شمسی، ص ز تا ید.

٢٨- بڕوانە: هفتاد سخن، پرویز ناتل خانلری، تهران، طوس ١٣٦٧،ج ١، ص ٨.

٢٩- رک: از صبا تا نیما،ج ١ ، صر سا عمها ٣-٣٣٢. بۆ دیدی رەخنەیی بەهار بڕوانە:

پیشگامان نقد ادبی درایران، محمد دهقانی، انتشارات سخن، تهران ، ١٣٨٠،ص ١٣١-١٧٢.

٣٠- رک: نقد و سیاحت (مجموعه مقالات و تقریرات دکتر فاطمه سیاح) به کوشش محمد گلبن، انتشارات

طوس، تهران ١٣٥٤، ص ٤٤.

٣١- بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ٢١٧-٢٣١.

٣٢- رک: «مقام سنت در تاریخ ادبیات ایران» در نقد و سیاحت، پێشتر، ل ٢٢٠.

٣٣) بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٨-٢٢٩.

٣٤- بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٠.

٣٥- بڕوانە هەمان سەرچاوە، ص ٢٤٥-٢٥٣. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پیشگامان نقد ادبی در ایران،محمد دهقانی، پێشتر، ل ٣٠٠-٣٠٣.

٣٦- ناوی خۆی جلیل ضیاء بووە و ئەم نازناوە بدیع الزمان احمد قوام ا لسلطنه لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆی لە خوراسان پێی بەخشیوە. رک:

از نیما تا روزگار ما، یحیی آرین پور، انتشارات زوار، تهران ١٣٧٤، ص ١٢٢.

٣٧- بۆ بیرخستنەوەی بەرهەمەکانی بڕوانە:

- سخن و سخنوران، بدیع الزمان فروزانفر، خوارزمی، تهران ، ١٣٥٠.

- رساله در تحقیق و احوال و زندگی مولانا جلال الدین محمد، بدیع الزمان فروزانفر، تهران،(بی تا) ١٣١٥.

- شرح احوال و نقد و تحلیل آثار فرید الدین عطار نیشابوری، انجمن آثار ملی، تهران ١٣٣٣.

٣٨- بڕوانە: (تجدید عهدی با خاطره استاد)، استاد بدیع الزمان فروزانفر، عنایت الله مجیدی، انتشارات دهخدا، تهران ١٣٥١، ص٧.

٣٩- رک:«انتقادی بر حواشی چهار مقاله»، بدیع الزمان فروزانفر، مجموعه مقالات و اشعار استاد بدیع الزمان فروزانفر، به کوشش عنایت الله مجیدی، انتشارات دهخدا، تهران ١٣٥١، ص٨-٢٢.

٤٠- تێکەڵاوی فروزانفەر بە کاروباری سیاسی لە نیوەی ڕێگای تەمەندا بێ ئەوەی هیچ رۆڵێکی سیاسی دیاری هەبێت، نەوەک هەر هیچی بۆ زیاد نەکرد، بەڵکو بووە مایەی وەڕزی و کاری لە چالاکی زانستی و رەنگە کاریگەری بەسەر لایەنی جەستەیشدا هەبووبێ و بۆ ئەو ناخۆش بوو.

٤١- بۆ ژیاننامەو کارو چالاکییەکانی ئوستاد زرین کوب، بڕوانە:درخت معرفت، به کوشش اصغر محمدخانی، انتشارات سخن، تهران ١٣٧٤، ص ١٣-٣٩.

٤٢- دربارەی بەرهەمەکانی زرین کوب، کە زیاتر لە چل کتێبی سەربەخۆیە، ٦ کۆمەڵە، ٧ وەرگێڕان و وتارگەلێکە زۆرە، بڕوانە هەمان سەرچاوە، ص ٢٣-٣٨.

٤٣- بڕوانە: «مروری بر برخی از ارزشهای نقد ادبی»، محمود عبادیان، درخث معرفت، پێشتر،ص ١٠٨.

٤٤- نقد ادبی، زرین کوب، پێشتر،ج ١، ص ٩٤.

٤٥- هفتاد سخن،ج ١،ص ٣٠.

٤٦- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

٤٧- هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٥-٣٦٠.

٤٨- بۆ وردەکاری ژیان و بەرهەمەکانی خانلری بڕوانە: وتاری «پرویز ناتل خانلری»،

عبدالحسین آذرنگ ،بخارا، فروردین- اردیبهشت ١٣٨١،شماره ه‌ه٢٣، ص ٢٨-٤٩.

# فەسڵی چوارەم

## ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبی عەرەبیدا

هونەرەکانی پەیکەرتاشـــی و نیگارکێشـــی و هونەرەکانی دیکە لە نموونەی هەڵکۆڵینکاری و مەڕمەڕکاری و چنین و هاوشـــێوەکانی ئەوانە لەنێو عەرەبی ســـەردەمی جاهیلیدا پێگە و جێگەیەکی ئەوتۆی نەبوو و بەم هۆیەوە عەرەبەکانی ســـەردەمی زوو توانا و گەوهەری هونەری خۆیان لە شیعر و وشە و دەربڕینە شیعرییەکان دادەڕشت، بە دەربڕینێکی دیکە شـــیعر ناســـنامەی هونەری عەرەبە لە چاخە کۆنەکاندا و بەم پێشـینانە وا گومان دەکرێت، کە تێڕوانین و بۆچوونە ڕەخنەییەکـان هەر لەهەمـان دەســـپێکی برەوی شـــاعیرێتی لەنـاو عەرەبەکـانـدا دەرکەوتبێـت، ئەم بڕیـارە ڕەخنەییـانە هەنـدێجـار بەشـێوەیەکی بەشـەکی و زۆربەی کاتت بە پاڵپشـتی بەبەرزتر دانانی

دێڕێک بەسەر دێڕێکی دیکەدا و یا نیشاندانی بیروبۆچوونێکی گشتی لەبارەی بەچاکتر دانانی شاعیرێک بەسەر شاعیرێکی دیکەدا دەخرایەڕوو[١]، بەڵام وردە وردە ڕێک و پێکتر و پوختەتر دەبوو، لە مێژووی ڕەخنەیی عەرەبدا دەتوانرێت چوار قۆناغ دیاری بکرێت:

## ١.ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی جاهیلیدا

داوەریکردن دەربارەی شیعر و بوونی نموونەگەلێک لە ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی سەردەمی جاهیلیدا شتێکی بێ چەندوچوون و بەڵگەدارە، لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانەی کە هەن ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی لە سەردەمی جاهیلیدا دەتوانرێت بە جۆرە ڕەخنەیەک دابنرێت کە دوو لایەنی لەخۆگرتووە: یەکیان ڕەخنەی دەربڕینە شیعرییەکان و ئەوەیتریان ڕەخنەی واتای شیعری. بنەمای ڕەخنە و داوەریکردن و بەچاکتر دانانی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەسەر یەکتر، بە چاوپۆشی لە هەڵهێنجانە چێژدارییەکان لەسەر بنەمای پێوانەکردن و هاوسەنگیکردن(الموازنە)ی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەگەڵ یەکتریدا بوو، لەم هاوسەنگیکردنانەدا زەمینە هەستەکی و سۆزدارییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو، چونکە عەرەبەکان هەمیشە سوودمەند بوون لە هەستێکی نەرم و نازک و بچووکترین پاڵنەر دەیتوانی بیانخاتە خرۆشان، یا کەمترین زەمینەی سۆزداری و هەستەکی ببێتە مایەی دڵنەوایی و دڵدانەوەیان و شتێکی ئاسایی بوو، کە ئەوان لە ڕەخنەی

شـیعریدا زیاتر لە هەر شـتێک پشـت بە هەسـت و هەڵچوونی خۆیان ببەستن[٢].

کۆنترین ماک و ڕەنگدانەوە بەڵگەدار و بابەتییەکانی ڕەخنە چەند داوەریکردنێکی جۆراوجۆر بوو لەبـارەی شـــیعر، کە لە بـازاڕە عەرەبییەکـان و بەتـایبەت لە بـازاڕی عوکـازدا بەرپـادەکرا، ئەم داوەریـکردنـانە دەیـتوانـی لە پەروەردەکـردنـی چـێژ و هـونەرە شـیعرییەکان و نازکترکردنی دەربڕینە شـیعرییەکان و وردی زیاتر لە واتای شـــیعریدا کاریگەری هەبێت و لەڕوێکی دیکەوە بەشـــێوەیەکی پڕاکتیکی دەکرا ببێتە مـایەی گەشـــەکردن و پێشـــکەوتنی ڕەخنەی ئەدەبی.

عوکـاز بیـابـانێـک بوو لەنێوان تـائیف و نەخلە و عەرەبەکـان لە مەڕاســـیمی حەجـدا بۆ مـاوەی بیســـــت ڕۆژ لەوێـدا کـاڵاکـانیـان دەخســـتنەڕوو و کالاکان دەکڕی و دەفرۆشـــت، واتا عوکاز تەنیا پیشانگای کاڵا نەبوو، بەڵکو شوێنی خستنەڕوو و نیشاندانی شیعر و وتـاریش بوو. هەروەهـا لەوێـدا چەنـد کۆڕ و کۆبوونەوەیەکیش ڕێکدەخرا و شـــاعیران لە کۆڕگەلێکی وەهادا شـــیعرەکانی خۆیان دەخوێندەوە و وتاربێژەکانیش هەڵدەســـتان بە ڕەخنەگرتن لە وتار و داوەران بۆ ڕەخنەگرتن و داوەریکردنی ئەم بەرهەمانە دادەنیشـــتن و هەندێجاریش چەند داوەریکردنێک بۆ چارەســەکردنی بابەتەکانی دیکە دەهاتە پێشـــەوە ، هەرچۆنێک بێت ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە یا ئەم

کۆنگرانەی عەرەب جێگەیەکی لەبار بوو تا شـــاعیران هۆنراوەکانی خۆیان نمایش بکەن و بیخەنە ســـەنگی تەرازووی هەڵســـەنگاندنەوە. کاتێک کە لەم داوەریکردنانە پەسەندێتی شیعرێک بەسەر شیعرێکی دیکە ڕوون دەبوویەوە ئەو شـــیعرەیان دەنووســـییەوە و لەهەمان شوێندا، یا بە کەعبەیان هەڵدەواسی[٣].

ڕەخنەکـانی ســـەردەمی نەفـامی زۆربەی کـات شـــێوەیەکی تاکەکەسـیانەی هەبوو و کاتێک کە پشـتگیری کەسـانی دیکە دەبووە مایەی پاڵپشـتیکردنی شـیعرەکە، ئەوا شـیعرەکە ناوبانگی پەیدا دەکرد، ئەم ڕەخنانە زیاتر لەلایەن شـــاعیرانێک دەردەکەوت، کە هەندێجار شـاعیرێکیان بەسـەر شـاعیرێکی دیکە بەچاکتر دادەنا. دەگوترێت، کە یەکێک لە کۆنترین شـاعیرانێک، کە دەسـتی بۆ ڕەخنە دەبرد نابیغەی زوبیانی بوو[٤]، لە نابیغەی زوبیانی، کە کارامەیی و شـارەزایی هەبووە گێڕاویانەتەوە کە نابیغە (ئەعشا)ی شاعیری لیریک بێژ[٥] و (خەنسا)ی ژنە شـــاعیر، کە شـــیعری لاواندنەوەی دەهۆنییەوە[٦] بەبەرزتر لە شـــاعیرانی دیکە داناوە[٧]، هەروەها لە شـــاعیران و وتاربێژانی دیکەی عەرەب لە سـەردەمی جاهیلیدا چەند ڕەخنەیەکی بەشـەکی و پاڵپشـت بە تێگەیشـتنە چێژداری و سـۆزدارییەکان لەبەردەسـتدایە و دانەری کتێبی (الاغاني)[٨]چەندین نموونەی لێ تۆمارکردووە.

## ٢.ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی ئەمەویدا

لەدوای سـەردەمی خولەفای ڕاشـیدین و لە سـەردەمی ئەمەویدا بەهۆی خۆشـگوزەرانی بارودۆخ و زۆری بەخشـش و ئەو ئارامی و ئاسـاییشـەی کە لە قەڵەمڕەوی ئیسـلامیدا هاتبوویەکایەوە، ڕەخنەی ئەدەبیش لەتەک برەوی بەربڵاوتری شـیعر و ئەدەبدا درەوشـایەوە. ڕەخنەی ئەدەبی لە سـەردەمی ئەمەویدا لە هەر سـێ مەڵبەندی سەرەکی واتە، حیجاز و عێراق و شامدا گەشەی کرد و وادەردەکەوێت کە لەدەرەوی ئەم قەڵەمڕەویانەشـدا لە جێگەی دیکەدا برەو و گەشەکردنی نەبووە[٩].

گرنگترین شـارەکانی حیجاز واتە مەککە و مەدینە لە سـەردەمی ئەمەویدا هێشتا بە گرنگترین ناوەندەکانی بزووتنەوەی ئایینی هەژمار دەکران و لە گەشەکردنێکی ئابوری و کلتوریانەی بەرچاو سوودمەند بوون. لەم شارانەدا ئایەتە قورئانییەکان دەخرانە ژێر تیشکی تەفسیر و فێرکارییەوە و زانسـتگەلێکی وەک فەرموودە و فیقە گەشـەیان دەکرد و هەمیش لەم ناوچانە مۆسـیقا و گۆرانی و لەحاڵەتی نەشـونمانکردندا بوون بە مۆسـیقای گەلانی دیکە تێکەڵاو دەبوو و هەمەڕەنگی پەیدا دەکرد[١٠].

ڕەخنەی ئەدەبی لە ناوچەی حیجازدا کاریگەر بوو بە سـەردەمی نەفامییەوە ، بەڵام بنەما و ناوەرۆکە لیریکییەکان لە شیعری شاعیرانی عێراق کەمتر و شانازیکردن و داشۆرین زیاتر بوو، ڕەخنە لە عێراقدا

زیاتر شـێوەیەکی هاوسـەنگیکردنی هەبوو و زۆربەی کات دەربارەی بەبەرزتردانانی شـاعیرێک بەسـەر شـاعیرێکی دیکە بوو و زۆرتری تەوەری باسە ڕەخنەییەکان لەچواردەوری ئەوە بوون کە هەریەک لە جەریر[11] و فەرەزدەق[12] و ئەختەل[13] کـامیـان شـاعیرترن. ئەوان ڕەخنەگریان بە (دادوەر) و ڕەخنەیشـیان بە (فەرمانڕەوایەتی) واتە داوەریکردن ناودەبرد، ڕەخنەی ئەم دادوەرە ئەدەبییانە لەهەمان کاتدا خاوەنی جۆرێک لە بیاباننشـینی و سـادەیی بوو. هەروەک ئەوەی کە پێوەرەکانی بەهادانانەکانیشـیان نیشـاندەری هەمان بارودۆخ بوو، بۆنموونە هەندێجار دەگوترا کە ئەم شیعرە هەزاران دەرهەم دەهێنێت یا ئەو شیعرە یەک درهەم زیاتر ناهێنێت[14].

شیعری سەردەمی ئەمەوی لە شامدا شیعرێکی ستاییشی بوو و پێداهەڵدان و ستایش بە دیارترین دەرکەوتەکانی شیعر و ئەدەبی ئەو ناوچەیە هەژمار دەکرا و ڕەخنەی ئەدەبیش پێوانە بابەتییەکان و هەڵسـەنگاندنەکانی خۆی بەرەو ڕووی ئەو لایەنە ئاراسـتە کردبوو، خەلیفەکانی بەنی ئومەییە شـاعیرانیان بەرەو دەرگای خۆیان بانگ دەکرد و لە درێژەی سـیاسـەتی بانگەشـەی خۆیاندا دیاری و بەخشـشـێکی زۆریان پێدەدان و لەهەمان کاتدا خۆیان لە شـەڕ و زیانی زمانی ئەو شاعیرانە دەپاراست.

گرنگیدانی خەلیفەکانی بەنی ئومەییە بە شـاعیران تا ئەو شـوێنە بوو کە کۆشکی خەلیفە لەسەر شێوەی ناوەندێکی لێهاتبوو بۆ ڕەخنە

و ئەدەب و کاتێک شــــاعیرێک لە دام و دەزگای ئەوان شـــیعرێکی دەخوێندەوە، ئەوا هۆنراوەکەی دەکەوتە ژێر تیشـــک و ســـەرنجی ڕەخنەیی هەموانەوە[15]، هەندێک لە خەلیفە ئەمەوییەکانی وەک عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان خۆیشـی خاوەن چێژێکی ڕەخنەیی بوو، دەربارەی ئەم عەبدولمەلیکە وایان گێڕاوەتەوە کە چێژی شـــیعری هەبووە و هەندێجار شـــیعری شـــاعیرانی بەهۆی کەم و کورتی و لاوازیی و ڕەچاونەکردنی بارودۆخ، یا نەبوونی جوانی دەســپێک(عدم براعت استهلال)دەخستە ژێر تیشکی ڕەخنەلێگرتن[16].

شاعیرانی شام لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەمەویدا بەرەو لیریک و ناوەرۆکە مەینۆشـــییەکان مەیل و ئارەزوویان نیشـــاندا و ئەم شـــتە دواتر لە چێژو و سەلیقەی خەلیفە ئەمەوییەکانی بەدەر نەبوو.

لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەمەویدا ڕێزمان دەرکەوت و ژمارەیەک لە زانایان بۆ دانانی چەند ڕێســـایەک بۆ ڕێزمان هەوڵیاندا و شـاعیرانیش بە تێبینییە ڕێزمانییەکان ڕەخنەیان لە شـیعرەکان دەگرت و جۆرە ڕێچکەیەکی تـازە لە ڕەخنەی ئەدەبیـدا دەرکەوت، کە دەتوانرێت بە جۆرە (ڕەخنەیەکی زانسـتی) یا (ڕەخنەی ڕێزمانی) ناو بنرێت[17].

## ٣.ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی عەبباسیدا

سەردەمی عەبباسی قۆناغی گەشەکردنی کلتوری و زانستی عەرەب بوو و سەنتەری خەلافەتی عەبباسییەکان واتە بەغدا بە جێگەی یەکانگیری نەژاد و ئایین و مەزهەب و کلتورە جۆراوجۆرەکان هەژمار دەکرا، ئەم هەلومەرجە ژینگەیی و تێکەڵاوبوونی کلتورەکان و برەوی مەعریفە جۆراوجۆرەکان بەشێوەیەکی خواستراو کاریگەری خستە سەر ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنە، کە لە سەردەمی ئەمەویدا لەسەر چێژێکی خۆڕسک بوو پشتی بە کلتورێکی زانستی فراوان بەست و ڕەخنەی ئەدەبی توانی سوود لە دەسکەوت و سەرمایەگەلێکی زۆری زانستی و ئەدەبی وەربگرێت.

ڕەخنەگرانی سەردەمی عەبباسی سەرەڕای سوودوەرگرتن لە بنەما خۆڕسکییە ڕەخنەییەکان لە داوەریکردنەکانی خۆیان لە بواری چەمکە ڕەوانبێژییەکانیدا سوودیان لە بیروبۆچوونی ئێرانی و هیندی و یۆنانییەکانیش وەردەگرت[18] و لەکۆتاییدا ڕەخنەی شیعر لەم سەردەمەدا گەیشتە پلەوپایەی حەقیقی خۆی بەشێوەیەکی وەها کە یەکێک لە ئەدیبانی هەمان سەردەم گوتوویەتی : (ڕەخنەی شیعر لە هۆنینەوەی شیعر سەختترە)[19].

ڕەخنەی شیعر لە سەردەمی عەبباسیدا، لە سەردەمی هاڕوونە ڕەشیدەوە دەستی بە برەو و گەشەی خۆی کرد ، ئەو کە شیعردۆست

بوو و شـــــاعیران لەلای ئەو پێگەیەکیان هەبوو و شــــیعرەکانیان لەبەرامبەر ئەودا دەخرایە ژێر تیشکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەوە.

لە ڕەخنەی ئەدەبی عەبباسیدا دوو ئاراستە بەرچاو دەکەوێت:

ا- بەردەوامی شـێوازی ڕەخنەگرتنی سـەردەمی جاهیلی و سـەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام، لەم شێوازەدا، کە ڕەخنەگرانێکی وەک ئەسمەعی و کەسائی باوەڕیان پێبوو شاعیرانی سەردەمی نەفامی و ئیسلامی لە پێگەی هـاوســـەنگیکردن لەگەڵ یەکتریـدا دەخرانە تەرازووی هەڵســـەنگاندنەوە و کۆن و نوێ بەبێ هیچ دژایەتی و ســـەرنج و تێڕامانێک دەخرانە تای تەرازووەوە و ڕەخنەگران لەبارەی بەپەسەندتر دانانی شـاعیرێک بەسـەر شـاعیرێکی دیکەدا زۆرانبازی و ململانێیان دەکرد، ئەم شێواز لەسەر بنەمای جیاوازی سەلیقەی ڕەخنەگران بوو. هەندێک لایەنگیری بەکارهێنانی وشـــە نامۆکان بوون و هەندێک لیریکیـان پەســـەنـد دەکرد و هەنـدێکیش بەهۆی دیـد و تێبینییە ڕێزمانییەکانەوە کاری ڕەخنەییان دەکرد[٢٠].

ب-بـەشـــێوەیەکی دیکە، کە بەتەواوەتی نوێبوو لە بەســـرا دەرکەوتبوو و ئەم بابەتە ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیە بووبێت، کە هەوەڵین ئـامـاژە و نیشـــانەکـانی جوڵانەوەی موعتەزیلە لەوێ پێیـدەگرت، موعتەزیلەکان، کە دانەرانی ڕاســـتەقینەی بنەماکانی ڕەوانبێژی بوون لە بانگەشـــە و بەڵگەهێنانەوەکانی خۆیاندا پێویســـتییان بەوە هەبوو. ئەوان لە فراوانکردنی ڕەوانبێژی عەرەبیدا چەندین کۆشـشـیان کرد و

سـەرەنجام لە ڕەخنەی ئەدەبیشـدا کاریگەرییەکی قووڵیان جێهێشـت. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی، کە بەسـرا بەو شـێوەیەی بە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی لە سەردەمی عەبباسیدا دەرکەوێت، بە جۆرێک کە کۆنترین بەرهەمە ڕەخنەییەکانی عەرەب واتە(طبقات الشعراء)یش لە لایەن یەکێک لە ئەدیبەکانی بە سرا بەناوی(محمد بن سلام الجمحی)(لە ٢٣١ی کۆچی مردووە)، کە خاوەن مەعریفەیەکی بەربڵاو بوو لە زمـان و ئەدەب و ڕێزمـان و مێژووی عەرەب دانرا.

ئیبن سـەلام لە کتێبەکەی خۆیدا وێڕای جەختکردن لە سـەر چێژ لەو بـاوەڕەدایە، کە ڕەخنەگر نـابێـت لە داوەریکردنەکـانی خۆیـدا ڕاسـتەوخۆ پشـت بە چێژی خۆی ببەسـتێت، بەڵکو ئەم چێژە دەبێت لەگەڵ ئەزموونی ڕەخنەگران و ڕامانە تایبەتییەکانی هونەر دۆستان و شارەزایانی شیعردا هاوتەریب بێت، بەڵام دوای ئیبن سەلام پێویستە ئاماژە بە ئیبن قوتەیبە بکرێت. لە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ئەودا دوو تـایبەتمەنـدی شـایـانی گرنگی پێـدانە: یەکەمیـان ئەوەیە، کە لە هەڵسـەنگاندنی شـیعردا نابێت جەخت لەسـەر کۆن و نوێ بکرێتەوە، چونکە شـیعری کۆن دەکرێت باش یا خراپ بێت، هەروەک چۆن شـیعری نوێش دەکرێت بارودۆخێکی وەهای هەبێت.تایبەتمەندییەکەی دیکە ئەوەیە، کە دەبێت لەنێوان گیـانی زانسـتی و چێژی ئەدەبیدا جیاوازی بکرێت، چونکە ئەگەر ئەدیبێک لە کاری ڕەخنەدا پشـت بە

تێڕوانین و چەمکە فەلسەفییەکان ببەستێت، ئەوا هێندە ناپڕژێتە سەر کارەکەی و بگرە دەبێتە مایەی لاوازکردنی چێژەکەشی و لەبەرئەوە ڕەخنەگر دەبێت چێژی خۆی بەهۆی خوێندنەوە و لەبەرکردنی نموونە ئەدەبییەکان و لاساییکردنەوەیان بەهێز بکات[٢١].

ئیبن قوتەیبە لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا واتە(شیعر و شاعیران) بنەمای هەڵسەنگاندنی شیعر تەنیا لە وشە و واتادا کورت ناکاتەوە، بەڵکو بە بۆچوونی ئەو ئەفراندنی وێنەکانیش دەکرێت ببنە بنەمایەک بۆ بەچاکتر دانانی شیعرێک بەسەر شیعرێکی دیکەدا[٢٢].

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێت، کە بۆچوونەکانی ئیبن قوتەیبە بە وردبوونەوە لە سەردەمەکەی خۆی بۆچوونی ورد و بەهادارن.

قودامەی کوڕی جەعفەر ڕەخنەگرێکی دیاری دیکەی سەردەمی عەباسییەکانە. ئەو کتێبێکی بەناوبانگی لەبارەی ڕەخنەی شیعرەوە دانا[٢٣]. ئەم بەرهەمە زیاتر لە زەمینەی بابەتە ڕەوانبێژییەکاندایە و ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بێت، کە هەندێک لە لێکۆڵەرانی ئەدەبی لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ئەو لە باسە تیۆرییە ڕەخنەییەکاندا بابەتێکی ئەوتۆی نەخستۆتەڕوو[٢٤].

قودامە سەرەڕای ئەمانەش لە تۆمارکردن و نووسینی زاراوە ڕەوانبێژییەکان و سوودوەرگرتن لە پێوەرەکانی ڕەوانبێژی یۆنانییەکاندا هەوڵ و کۆششێکی زۆری کرد و زانایانی پایەبەرزی ڕەوانبێژی لە نموونەی (سەککاکی)ی خاوەنی (مفتاح العلوم) و

ســـــەعـدەددینی تەفتـازانی و کەســــــانی دیکە لەدوای ئەو هـاتن و کاریگەرییەکی زۆری ئەویان کەوتە سەر.

وا دەردەکەوێــت، کە قودامە لەو پێوەرانەی، کە بۆ ڕەوانبێژی دەریخستووە ئەو مەرامەی هەبووە، کە لە ناسین و ڕەخنەی شیعردا مەعریفەیەک بنیات بنێت، کە بە پاڵپشــتی ئەوە بتوانێت شــیعری چاک لە شــیعری خراپ جیا بکاتەوە[٢٥] و دەســتنیشــانی بکات. هەڵبەتە ئەو بێگومان لەم کارەی خۆیدا کاریگەر بووە بە ئەرستۆ و کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆوە، خاڵێکی دیکە، کە لە بۆچوونەکانی قودامەدا گرنگ و ســـەرنجڕاکێش دەردەکەوێت ئەوەیە، کە ئەو شــــیعری لە گوتاری ڕەوشــت بە جیاواز و جودا زانیوە[٢٦] و ئەمەش شــتێکە، کە ڕەخنەگران چەندین ســــەدە دوای ئەو دەربارەی ئەو بـابەتە قســــە و بـاس و خواستیان هەبووە.

بابەتی ناودار و فرە ڕەهەندی بەرامبەرکردن و هاوســـەنگیکردنی ئەبوتەمــام و بوحتری یەکێکە لەو بـابەتە پەراوێزییـانەی شـــەپۆڵە ڕەخنەییەکانی سەردەمی عەبباسی، کە لە خودی خۆیدا بووە پاڵنەرێک بۆ باس و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لە ڕەخنەی ئەدەبیدا. لەنێو مەیدانی ڕەخنە و هاوســــەنگیکردنێکی وەهادا ڕەخنەگرانێکی وەکو (ئامەدی)[٢٧] تــاڕاددەیەک ڕێگەیەکی میـانەگیر و یەکســــــانیـانیـان گرتەبەر و دادپەروەرانە هەڵســــان بە خســــتنەڕووی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی

شـــیعرەکانی ئەم دوو شـــاعیرە و هەندێکیش وەکو (الصـــولي)[٢٨] ڕێگەیەکی دەمارگیریانەیان کوتایەوە[٢٩].

ئەوەی ئامەدی لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا واتە(الموازنە)دا دەریخستووە[٣٠] لە ڕەخنەی ئەدەبی سەردەمی عەبباسیدا هەنگاوێکی بەرزە. ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا گرنگی بە کاریگەریی ژینگە دەدات، واتە هەمان ئەو شتەی، کە (تین)ی ڕەخنەگری ناوداری فرەنسی سەدان ساڵ دوای ئەو خستیەڕوو[٢].

بەرهەمێکی گرنگی دیکەی ئەم قۆناغە (یتیمة الدهر)ی دانراوی(الثعالبي)[٣١]یە، ئەم کتێبە ئەگەرچی جۆرە ژیاننامەیەکی ئەدەبییە، بەڵام لە تێڕوانینی ڕەخنەییەیش خاڵی نییە. ڕەخنەگرێکی دیکەی ئەم قۆناغە (عەبدولقادری جورجانی)ی خاوەنی کتێی(اسرار البلاغة) و (دلائل الاعجاز)ە، کە تێگەیشتنەکانی دەرخەری چێژێکی باڵای ئەدەبی و درککردنە بەهێزەکەیەتی لە لێکدانەوە و هەڵهێنجانی ڕەهەندە جوانیناسییەکاندا، شایەنی گوتنە، کە چێژ و هزری پێشکەوتووی لەژێر کاریگەری ئەو هۆشیاری و شارەزاییەدا بووە، کە لە زانستی کەلامدا هەیبووە. ئەو و ڕەخنەگرێکی دیکەی سەردەمی عەبباسییەکان واتە(ئەبو هیلالی عەسکەری) خاوەنی کتێبی

---

[٢] :ئەدەب و رەخنەی عەرەبي سەردەمی عەبباسییەکان لە رێگەی وەرگێڕانەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان سوودیان لە بۆچوونە رەخنەییەکانی یۆنانییەکان و بە تایبەتییش لە کتێبی(پیوتیکا) ی ئەرستۆ وەرگرتووەو چەمکی لاساییکردنەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی سەەد وەرگرتن لە ژینگەو دەوروبەر.و.کوردی.

(الصـــناعتين= دوو هونەرەکە) لە ڕەخنەکانی خۆیاندا ســــەرنج و گرنگییەکی زیاتریان بە بنەماکانی ڕەوانبێژی و ڕێزمان داوە.

هەروەها لەنێو نووســـەر و ڕەخنەگرانی ســــەردەمی عەبباســـیدا پێویســــتە ئاماژەیەک بە (ابو علاء المعري)شـــاعیری ناوداری ئەم ســــەردەمە بەهۆی نووســــینی کتێبی (رســــاله الغفران= پەیـامی لێخۆشـبوون)بکرێت. ئەم پەیامە پێویسـتە بە جۆرە ڕەخنەیەکی خەون و خەیاڵیی دابنرێت، کە لەهەمان کاتدا چەند هەڵهێنجانێکی ڕەخنەیی گرنگ لەخۆ دەگرێت. ئەبو عەلا لە زەمینەی شــــیعر و ئەدەبدا چەند ڕەخنەیەکی لە هەندێک لە ئەدیبانی پێش خۆی هەیە، کە لەگەڵ چەند ناوەرۆکێکی گاڵتەجاڕی و هەزەلی ئاوێتەی کردوون[٣٢].

هەروەها ئەبو عەلا چەند بابەتێکی ســـەربەخۆی لەســـەر رەخنەی شیعرەکانی (امرؤ القيس)، نابغة، ابو تمام، بحتري و متنبي هەیە، کەڵک و سوودی زۆری بۆ رەخنە هەیەو شایانی گرنگی پێدانن[٣٣].

یەکێک لەو شـەپۆلانەی، کە لەسـەردەمی عەبباسـیدا کاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆی خسـتە سـەر ڕەخنە و پێشـتریش ئاماژەیەکمان بۆ کرد بزووتنەوەی موعتەزیلە بوو. ئەم کـاریگەرییە گەیشــــتۆتە ئەو ئەنـدازەیەی، کە گوتوویـانە: ( ڕەخنەی ئەدەبیی عەرەبی لە ئـامێزی موعتەزیلەدا لەدایک بوو)[٣٤] لە ڕوانگەی ڕەخنەگرە موعتەزیلییەکـانـدا بنەمای ڕەخنەی ئەدەبی لەســەر جوانی و ناشـرینییە و عەقڵ ژێدەر و سەرچاوەیەکە بۆ چێژ و چێژیش لەهەر بارێکدا بێت ڕووی لە عەقڵە .

بۆچوونەکـانی ڕەخنەی ئەدەبیش لەدەرەوەی ئەم بنەمـایە نین، چونکە بۆ نموونە ئەگەر دەوترێت، کە ڕاسـتی لە شـیعردا باشـتر و بەرزترە، ئەم بەرزترییە بەم هۆیەوە دەخرێتەڕوو، کە ڕاستی لەڕووی عەقڵییەوە شتێکی پەسەندە[٣٥].

یەکێک لە دیارترین ڕەخنەگرانی عەرەب واتە (الجاحظ) ڕێچکەیەکی موعتەزیلی هەبوو و بەیەکێک لە کەسـە بەرزەکانی موعتەزیلە هەژمار دەکرا، ئەو ئەگەرچی هیچ کتێبێکی سەربەخۆی لەبارەی ڕەخنەوە نییە، بەڵام تێڕوانینە ڕەخنەییەکـانی لە دووتوێی بـابەتەکـانی نـاو دوو کتێبەکەی واتە (البیـان و التبیین) و (الحیوان)گرنگی و بەهـایەکی تایبەتییان تێدایە. ئەو لە بابەتە ڕەخنەییەکاندا زیاتر ڕووی لە شـــیعر کردووە و لەم نێوانەدا دەمارگیر نەبوو ســـەبارەت بە نموونە کۆن و نوێکان، واتە بەپێی هەڵســـەنگاندنی خوودی شـــیعرەکە بەهای بۆ شیعرەکە دادەنا. جاحز دۆستی چێژ و تێگەیشتنی دروست و بێگەرد بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا هەندێک لە وتە و قسەکانی ئەو بۆتە مایەی تێگەیشـــتن و وێناکردنی بابەتگەلێکی دژیەکانە لە داوەریکردنەکانیدا، جاحز کاریگەرییەکی خســـتە ســـەر زۆرێک لە ئەدیب و ڕەخنەرانی دوای خۆی. دەربـارەی پێگەی ئەدەبی ئەو گووتویـانە کە ئەو لە ڕۆژگـاری خۆیدا مـامۆســـتـایەک بوو، کە بۆچوونەکـانی خۆی بۆ ســـەراپای جیهانی عەرەب ئاراســـتە دەکرد و چەندین ســـەدە دانراوە

بەهـادارەکەی ئەو واتە(البیـان و التبیین)بە یەکێـک لە کۆڵەگەکـانی ئەدەبی عەرەبی هەژمار دەکرا[٣٦].

## ٤.ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخی عەرەبی:

ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی لەدوای ســـەردەمی عەبباســـی و لە سەدەکانی دواتردا گەشە و برەوێکی ئەوتۆی نەبوو و چەندین سەدە لەســـەر ئەوەی کەســـە گەورەکانی ڕابردوو گوتبوویان تاڕاددەیەک بابەتێک زیاد نەکرا، بەڵام لەم ســـەدەیەی ئێســـتادا گۆڕانکارییەک لە ڕەخنەی هاوچەرخی عەرەبیدا هاتەکایەوە.

ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی لە ســـەردەمی ئێمەدا بە تونـدی لەژێر کـاریگەری ڕەخنەگرانی ئەوروپـایی و ڕێبـازەکـانی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوادا بووە. دەســـپێکی گۆڕانکاری لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا لەدوای چەند سەدەیەک لە بێدەنگی وابەستەیە بە سەرەتاکانی سەدەی ســـێزدەیەمی کۆچییەوە و پاش هێرشـــی ناپلیۆن بۆ ســـەر میســـرە. کۆڵەگەی ئەم گۆڕانکـــارییە بەهۆی لێکۆڵینەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوایی و دەرکەوتنی قوتابخانە نوێکان و چالاک بوونی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسیی و توێژینەوە نوێکان بووە لە ئەدەبی عەرەبیدا[٣٧].

هەوەڵین لێکۆڵینەوە جیـددییەکـانی عەرەبەکـان لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا قەرزارباری زانا و ئەدیبانی لوبنانە. ئەوان لەماوەی ســـالانی پێش جەنگی یەکەمی جیهـانیـدا و پـاش ئەوەش بە پـاڵپشـــتی چەنـد پێشەوایەکی وەک سلیمان البستانی و میخایل النعیمە و امین الریحانی

و چەند ئەدبییێکی دیاری دیکە گۆڕانکارییەکیان لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هێنایە کایەوە و ڕەخنەی ئەدەبییان وا لێکرد، کە سوود لە وردی و چێژ و جۆرێک لە تەندروستی فیکر و ڕەسەنایەتی وەربگرێت[٣٨].

ئەم ڕەخنەگرە پێشڕەوانەی عەرەب، کە زۆربەیان لە ڕیزی نووسەرانی پەناهەندەی خۆرئاوایی بوون، جووڵە و بزاوتێکیان لە ڕەخنەدا هێنایەکایەوە، کە بەپێی زاراوە فەرهەنگییەکە بە (بزاقی کۆچکردن) ناودەبرێت.

ڕەخنەی ئەدەبی لوبنان دوای جەنگی دووەمی جیهانی شێواز و ڕێچکەیەکی زانکۆیی و ئەکادیمی پەیدا کرد و بنەمای ئەوە لەسەر سەرنجدان و وردبوونەوە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکان و دەربازبوون لە نەریتەکانی ڕەخنەی کۆن وەستابوو.

ئەم ڕێچکەیە بوارێکی شایستەی بۆ لێکۆڵینەوە جوانیناسییەکان و فۆرمالیستییەکان فەراهەم کرد و بووە هۆکارێک بۆ گوێزانەوەی تێڕوانینە ڕەخنەییەکان بۆ وڵاتانی دیکەی عەرەبی لەوانە میسر و سوریا[٣٩].

ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی لە میسردا بە کۆششی ڕەخنەگرانی گەورەی وەک (طه حسین و عباس محمود العقاد و ابراهیم عبدالقادر مازنی و احمد الشایب و شوقي ضیف و احمد امین) برەو و گەشەی سەند، لەم نێوانەدا تەها حوسەین، کە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی شوێنی یەکانگیری هەر دوو لایەنی تێگەیشتە زانستی و چێژدارییەکان بوو

پێگەیەکی تایبەتی هەیە، هەروەک ئەوەی کە لەبارەی ئەودا دەگوترێت : ( تەها حوسەین بێگومان گیانێکی تازەی لە ڕەخنەگرتن و ڕەخنەکاری نوێی عەرەبی دەرخستووە)[٤٠].

برەوی ڕەخنەی نوێ لە سوریا قەرزارباری دوو کەسایەتی دیار و بەرجەستەی ڕەخنەییە واتە خەلیل مەرام و موحەممەد کورد عەلی[٤١]، ئەوان بە بەرهەمە ڕەخنەییەکانی خۆیان دەرگایەکی تازەیان لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی سوریادا ئاوەڵاکرد. ڕەخنەی ئەدەبی ئێستا لە وڵاتانی عەرەبیدا ڕەوتێکی پەرەسەندوو و دینامیکی هەیە و بوونی سەربەخۆبوونەکەی لە دنیای ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا بەتەواوەتی هەستپێکراوە.

## چەند کەسایەتییەکی هاوچەرخ لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا

لەنێو کەسایەتییە هاوچەرخەکان لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا، کە بە کاریگەربوونی میراتە کۆنەکان و سەرنجدان لە دیدگا نوێکان لە گۆڕانکاری ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕۆڵێکی کارایان هەبووە دەتوانرێت زیاتر لە کەسانی دیکە ئاماژە بە عەباس مەحموود عەققاد و میخاییل نعێمە و تەها حوسەیین بکرێت . ڕەنگە زۆرترین خزمەتی ئەم ڕەخنەگرانە بە ئەدەبی عەرەبی سەرلەنوێ خوێندنەوە و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەرهەمەکانی پێشینان و بەرهەمە فەرامۆشکراوەکانی ئەدەبی عەرەبی بووبێت، چونکە لەدوای شەش سەدە خامۆشی لە سایەی بزووتنەوەیەکی کلتوری نوێ و دامەزراندنی زانکۆکان و دەسپێکی

لێکۆڵینەوە نوێکـان لە ئەدەبـدا وەچەی نوێی عەرەبی دەیتوانی بە ڕوانین و باوەڕێکی نوێخوازەوە ڕوو لە ئەدەبی پێشینانی خۆی بکات.

عەبـاس مەحموود عەققـاد زیـاتر لەوەی، کە بەهۆی ڕامـان و قووڵبوونەوە لە ئەدەبی کلاسـیکی عەرەبی و گونجاندنیان لەسـەر پێوەرە نوێیەکان کاریگەری هەبێت لەڕووی بیرۆکە تاکەکەسـی و نوێکانیەوە بۆ ئەدەبی عەرەبی و کاریگەرییەک، کە خسـتیە سـەر وەچەکانی ڕابردوو شایەنی سەرنجدان و گرنگی پێدانە.

تێڕوانینـی عەقـاد بە بـاوەڕبوون بە ڕەهەنـدە دەروونـی و تاکەکەسـییەکانی خاوەن بەرهەمەکە بیرهێنەرەوەی (ڕەخنەی خوێنەر تەوەر)ە. ئەو کەدەشـیت بیروباوەڕەکەی لە تێڕوانینە نوێترەکاندا مایەی ڕامان و سـەرنجدانێکی زۆر بێت، دەیگوت: ئەگەر نەتوانین شاعیرێک لەڕێگەی بەرهەمەکەیەوە بناسین، ئەوا بێگومان ئەو شاعیرە ئەو مافەی نەبووە، کە بناسـرێت[٤٢]. بەم هۆیەوە عەققاد لە وەچەی هاوچەرخی ڕەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبیدا پێشەوای ئەو کەسانەیە، کە وا بیرەدەکەنەوە ئەدەب ئـاوێنەی تەواونیشـاندەری کەسـایەتی نووسەرە.

میخاییل نعێمە، کە زیاتر فەیلەسـووف بوو تا ئەدیب، بە بەرهەمە بەناوبانگەکەی بەناونیشـانی (الغربال- بێژینگ)لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبی هـاوچەرخی عەرەبیـدا دەرکەوت و بەم هۆیەوە دیـدگـا ڕەخنەییەکـانی ئەو خـاوەنی پـاڵپشـتییەکن، کە لە بیرکردنەوە

فەلســـــەفییەکەی ئەودا ســـــەرچاوەیان گرتووە.میخاییل نعێمە، کە لەگەنجیدا چووبوویە ڕۆژئاوا و لەوێ خوێندبووی ئاشـــــناییەکی تەواوی لەگەڵ دیدگا ڕەخنەییەکانی خۆرئاوا هەبوو و لەم ڕووەوە زۆرێک لە بیرۆکەکانی لەدوای تێپەڕینی چەندین ســاڵ هێشــتا تازەن. ئەو لەو باوەڕەدابوو، کە بەرزترین لایەنی کاری ڕەخنەگری ئەدەبی لایەنی نوێخوازی ڕەخنەگرە ، چونکە دەتوانێـت بە ســـــەرلەنوێ خولقاندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕابردوو هەڵبســـتێت و ژیانێکی تازە بە بەرهەمە ئەدەبییەکان ببەخشێت[٤٣].

تەها حوســـــەین وەکو بەناوبانگترین و بێباکترین ڕەخنەگری هــاوچەرخی عەرەبی بە ســـــوودوەرگرتنێکی قووڵ لە ئەدەبیــاتی پێشــینانی عەرەب و ڕوانینە نوێیەکان بۆ ئەدەب زیاتر لە هەر شــتێک پشتی بە ڕەخنەی دەقناسی بەستبوو و لە سایەی چێژ و تێگەیشتنی لۆژیکی و شیکاری خۆیدا دەرگایەکی تازەی لە دەرگاکانی سـەرنج و ڕوانینە ڕەخنەییەکــان کردەوە. لەنێو بەرهەمە زۆرەکــانی (تەهــا حوســـــەین)دا ڕەنگە بێخەوشـــــترینیــان ئەو بەرهەمەی بێـت، کە بەناونیشانی(قصة الشعر و النثر= سەرگوزشتەی شیعر و پەخشان)ە، کە بریتییە لە کۆی چەند وتارێکی چڕوپڕی ئەو.

ئەو لەم بەرهەمەدا دیارترین بەرهەمە کلاســـیکییەکانی ئەدەبی عەرەبی دەخاتە تای تەرازووی دووبارە هەڵســـەنگاندنەوە و لەپێگەی هاوســـــەنگیکردن و بەرامبەرکردن لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەدا دایان

دەنێت. تەها حوســـــەین لە تێگەیشـــتنی تایبەتیی خۆی بۆ (مێژووی ئەدەب) و (کــاریگەری دوو لایەنی بەرهەمە ئەدەبییە فــارســـــی و عەرەبییەکان لەســـــەر یەکتری) و لێکۆڵینەوەی ژیاننامەیی و تایبەت دەربارەی هەندێک لە کەســــایەتییە شـــیعرییەکانی عەرەبی لەوانە (ئەبوعەلای موعەڕڕی) نموونەگەلێکی نوێی بۆ لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی وەچەی دوای خۆی فەراهەم کرد.

# پەراوێزەکانی فەسڵی چوارەم

١- بڕوانە: تاریخ النقد الادبی عند العرب، احسان عباس، عمان ١٩٨٦، ص ٤٥.

٢- النقد الادبي، احمد امین، دارالکتاب العربی، بیروت ١٩٦٧، ص ٤٤٩.

٣- بڕوانە: نقد ادبی، زرین کوب،ج ١، ص ١٣٧. تاریخ ادب عربی (العصرالجاهلی، شوقی ضیف، ترجمە علیرضا ذکاوتی قراگزلو، امیرکبیر، تهران ١٣٦٢، ص ٨٧. درباره منابع مربوط به اسواق العرب و بازار عکاظ رک: هەمان سەرچاوە، ص ١١٥.

٤- نابغه ذبیانی (٥٣٥ – ٦٠٤): لە شاعیرانی ناسراوی عەرەبی سەردەمی جاهیلیەتە.

٥- اعشی: یەکێ لە ناسراوترین شاعیرانی سەردەمی جاهیلی و سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بووە،بەڵام پێڕانەگەشتووە بەو دینە شاد بێت.

٦- خنساء: کچی عمرو بن الشرید لە شاعیرانی هەردوو سەردەمی جاهیلی و ئیسلام بووە.لاواندنەوەیەکی بەناوبانگی بۆ (صخر)ی براکەی هەیە.

٧- رک: النقد الادبی، پێشتر، ل ٤٤٦-٤٤٧.

٨- الاغانی، تألیف ابوالفرج الاصفهانی، یەکێ لە ناسراوترین بەرهەمە کۆنەکانی شیعر و مۆسیقای عەرەبە.بەردەوام جێگەی بایەخی ئەدیب و توێژەران بووە.

٩- بڕوانە: النقدالادبی، ص ٤٥٠.

١٠- بۆ ئاگاداری لە قۆناغە جیاوازەکانی مۆسیقای عەرەبی لە سەردەمی ئەمەویدا لە دەوروبەری حیجاز و مۆسیقازانە بەناوبانگەکانی عەرەب لەو سەردەمەدا،بڕوانە: النقد الادبی، ص ٤٥١.

١١-جریر(٢٨-١١٠ک): جریر بن عطیة لە گەورە شاعیرانی سەرەتای ئیسلامە. لە سەرتاپای ژیانی ئەدەبیی خۆیدا لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی لە ململانێدا بووەو شەڕەشیعریان بووەو لە داشۆریندا باڵادەست بووە.

١٢- فرزدق (لە ١١٠ی کۆچیدا مردووە) لە شایرانی ناسراوی عەرەبی سەدەی یەکەمی ئیسلامی بووەو لەگەڵ جەریردا ململانێیەکی سەرسەختدا بووە.

١٣- اخطل ( ١٩-٩٠ کۆچي)لە شاعیرانە هەجوگۆی عەربە. لە زۆربەی خولەفاکانی بەنی ئومەییەوە نزیک بووە.

١٤- بڕوانە: النقد الادبی، ص٤٦٠.

١٥- هەمان سەرچاوە، ل ٤٦٥.

١٦- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

١٧- هەمان سەرچاوە،ل٤٦٩.

١٨- هەمان سەرچاوە،ل٤٧٠.

١٩- نقد ادبی، زرین کوب،ج ١، ص١٤٣.

٢٠- النقد الادبی، ص٤٧١.

٢١-  النقد الادبی، ص ٤٧٩.
٢٢) بڕوانە: مقدمه الشعر والشعراء. در آيين نقد ادبی، ترجمه آذرنوش، اميركبير، تهران،١٣٦٣، ص ١١٥.
٢٣- مەبەست  کتێبی (نقد الشعر) است؛ ئەو چەند کتێبی دیکەشی هەیە.
٢٤- تاريخ النقد الادبي عند العرب، پێشتر، ص١١٩.
٢٥-  بڕوانە: الاتجاهات الفلسفية في النقد الادبي، سعيد عدنان، دار الرائد، بيروت ١٩٨٧،ص ٥٩.
٢٦- هەمان سەرچاوە، ل ٦٣.
٢٧- آمدی (لە ٣٧١ک مردووە)، لە زانایانی ناسراوی عەرەبە لە زانستەکانی عەقل و فەلسەفە و شیعرە. بەرهەمێکی رەخنەیی بەناوبانگی بە ناونیشانی الموازنة بين ابی تمام و البحتری هەیە.
٢٨- الصولي (لە ٣٣٥-٣٣٦ ک)مردووە. محمد ن يحيى ناسراو بە الصولي شطرنجی٠ ئەو لە ئەدیبانی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە و لێرەدا ئاماژە بە وتارەکانی کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی (اخبار ابی تمام ) کراوە.
٢٩- النقد الادبی، ص٤٨١.
٣٠- هەمان سەرچاوە، ل ٤٧١.
٣١-  الثعالبي (لە ٤٢٩ک)دا مردووە.ئەدیب و نووسەر و مێژوونووسی سەدەی چوارەم  و سەرەتای سەدەی پێنجەمەو خاوەنی کتێبی ناسراوی (يتيمة الدهر) و چەند بەرهەمێکی دیکەیە.
٣٢- بڕوانە: عقايد فلسفی ابوالعلاء معری، عمر فروخ، ترجمەء حسين خديوجم، شركت سهامی كتابهای جيبی، تهران ص ٢٤٨.

٣٣- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی رەخنەی ئەدەبی سەردەمی عەبباسی بڕوانە: النقد الادبي، احمد امين، ص٤٧٠-٤٨٠.

٣٤- تاريخ النقد الادبى عند العرب، ص ١٦.

٣٥-هەمان سەرچاوە،ل١٧.

٣٦- بڕوانە: تاريخ ادبيات عرب، حنا فاخورى، ترجمه عبدالمحمد آيتى، انتشارات توس،تهران (بى تا» ص ٤٢٠- ٤٢٨.

٣٧- نقد ادبى، زرين كوب، ج ١، ص١٧٦-١٧٧.

٣٨- بڕوانە: النقد الادبى، ميشل عاصي، دارالعلم للملايين، بيروت ، ١٩٩٠، ص١٢٢.

٣٩- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٥.

٤٠- نقد ادبى زرين كوب، ج ١، ص١٧٩.

٤١- بڕوانە: تاريخ ادبيات عرب حنا فاخورى، ص٤٨٠.

٤٢- بڕوانە: آشنايى با نقد ادبى معاصر عرب، نجمهء رجايى، انتشارات دانشگاه فردوسى، مشهد،١٣٧٨،ص٢٦٠.

٤٣- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٤.

# فەسڵی پێنجەم

## رەخنەی ئەدەبی لە یۆنانی کۆن و رۆژئاوادا

ڕەخنەی ئەدەبی لە رۆژئـاوادا پێشـــینەیەکی زیـاتر لە دوو هەزار ساڵەی هەیە و پیشـینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری پێش ئەفلاتوون و ڕەنگە بتوانرێت بگوترێت، کە یۆنانییەکان کۆنترین خەڵکانێک بوون، کە بە دیـدێکی ڕەخنەگرانەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکـانیـان ڕوانیوە و تێگەیشتنەکانی خۆیان خستۆتەڕوو. ئەم تێگەیشتنانە کە لە هەندێک لە بابەتەکان زۆر بەشـــەکی بەرچاو دەکەون زۆربەی کات لە دوو توێی بابەت و گوتارە فەلسـەفییەکان یا سـەرنج و تێبینییە تاکەکەسـییەکان خراوەتەڕوو. یەکێک لە نموونەکانی ئەم جۆرە ڕەخنەیە داوەریکردنی ئەریســـتۆڤانســـی شـــاعیر و شـــانۆنامەنووســـی دێرینی یۆنان و هاوچەرخی سـوکراتە دەربارەی ئەشـیل(=ئەخیلۆس)ی سـۆفۆکلیس و ئۆرۆپیدس. ئەریسـتۆڤانس لە شـانۆنامەی (بۆقەکان)[1] کە لە حەقیقەتدا

زەمینەی لێکۆڵینەوەی باس و ڕەخنەی ئەدەبی بووە، ڕووداوی جەنگی ئۆرۆپید لەگەڵ ئەشیل دەربارەی بانگەشەی هەریەکێکیان سەبارەت بە چاکتری و بەرزتری بەرامبەر بەوەی دیکە دەگێڕێتەوە و سەرەنجام لەم داوەریکردنەدا ئەشیل بەبەرزتر هەژمار دەکات و ئۆرۆپیدس دەخاتە بەردەم تانە و تورەیی . ئەم ڕەخنەیە لەم ڕووەوەی کە تێکەڵاوە بەبارودۆخێکی گاڵتەجاڕی و پیاهەڵدانەوە تا ئەندازەیەکی زۆر بە شتێکی خوودی و تاکەکەسی وەرگیراوە.

ئەریستۆفانس چونکە لە شانۆنامەنووسیدا پشتی بە تەکنیکە کۆنەکان دەبەست، نەیدەتوانی تێڕوانینە تازەکانی ئۆرۆپیدس، کە وەک بڵێی لەگەڵ کلتوری خۆرهەڵاتی و بەتایبەتیش کلتوری ئێرانی ئاشنایەتی هەبووە پەسەند بکات. داوەریکردنی ئەرستۆفانس، کە لەڕۆژگاری خۆیدا بە نەریتگەرایی و هەڵاتن لە نوێگەری ناوبانگی هەبووە، لەهەمان کاتدا سوودی لە زەمینە ئەخلاقییەکان وەرگرتووە و بەم هۆیەوە دەتوانرێت بە کۆنترین ڕەخنەگری ڕەوشتگەرا لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیشدا بناسێنرێت.

ئەریستۆفانس لە شانۆنامەی بۆقەکاندا لەکۆتاییدا دەگات بە پەیوەندی توندوتۆڵی ئەدەب و بابەتەکانی ئەدەب لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و مەسەلە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگە تێگەیشتنەکانی ئەو بێ کاریگەربوون بە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ نەبووبێت[٢].

لەپاڵ تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی (ئەریستۆڤانس)دا پێویستە سەرنج لەوە بدرێت، کە سۆفستاییەکانیش ئەگەرچی ڕووبەڕووی هێرشە توندەکانی ئەفلاتوون و سوکرات بوون، کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر بۆچوونەکانی ئەم دوو فەیلەسووفە هەبوو لەبارەی ڕەخنەی شیعرەوە، چونکە باس و گفتوگۆکانیان لە وتاربێژی و وشە و واتای وشەکان و جیاوازییە واتاناسییەکانیان کۆمەک و هاوکارییەکی زۆری ئەرستۆی کردووە لە باسە ڕەخنەییەکاندا[٣]، هەروەها لەم پێناوەدا پێویستە ئاماژە بە داوەریکردنە پەرش و بڵاوەکان بکرێت کە لە هۆنراوەکانی شاعیراندا لە کەرنەڤاڵە ئاینییەکان هەڵدەسەنگێنران و شاعیرانی بەرزتر و چاکتر دەبوونە مایەی هاندان و دەستخۆشی لێکردن.

بە چاوپۆشی لەو کەم و کوڕی و ڕەخنانەی، کە دەکرێت لە ڕەخنەی ئەریستۆڤانس و ڕەنگە لە ڕەخنەی ڕەخنەگرە هاوچەرخەکانیشی لەئارادا بێت، بەڵام ناتوانرێت گومان و نکوڵی لەم خاڵە بکرێت، کە کۆمەڵگای یۆنان و خەڵکەکەی لەو ڕۆژگارەدا زەمینەیەکی لەباریان بۆ درککردنی بۆچوونە ڕەخنەییەکان هەبووە لە قەڵەمڕەوی شیعردا و ئەم بابەتە شایەنی گرنگی پێدانێکی زۆرە، هەر چۆنێک بێت دەسپێکی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕۆژئاوادا پاڵپشت بووە بە بۆچوونەکانی زانایانی یۆنان و بەتایبەتیش دوو فەیلەسووف، کە لەم باسەدا بە کورتی قسەیان لەبارەوە دەکرێت.

## ئەفلاتوون

ئەوە ڕوونە، کە داوەریکردنەکانی ئەریستۆڤانس و هاوچەرخەکانی زۆربەی کات شـێوەیەکی پڕاکتیکی هەبووە و زیاتر دەکرێت لە باسە پڕاکتیکییەکانی ڕەخنە دابنرێت تا لە باسـه تیۆرییەکان و تیۆری ئەدەبیدا، لەبەر ئەم هۆیە پێویستە بگوترێت :

( بۆچوونە تیۆرییە گشـتییەکـان) لە ڕەخنەی ئەدەبیـدا لەگەڵ ئەفلاتووندا دەستی پێکردووە[٤].

تێڕوانینەکـانی ئەفلاتوون دەربـارەی شـیعر و دوژمنـایەتی ڕاشـکاوانە و بێپەردەی ئەو لەگەڵ شـاعیرێتی و شـاعیران و مەرجە سـەختەکانی و لەهەمان کاتدا سـنورێک، کە لە نامەی (ئەیۆن)[٥]دا بۆ شـاعیرانی دەکێشـێت سـەرەنجام بە دەرکردنی شـاعیران لە (شـاری خێرەومەند)یا (شاری یۆتۆپی)ی ئەفلاتوون کۆتایی پێدێت.

دوژمنایەتی ئەفلاتوون لەگەڵ شیعردا زیاتر لەوەی، کە هەڵقوڵاوی زەمینەی بیرکردنەوەی هونەری و چێژداری و فەلسەفی بێت بەرهەمی چەند مەرج و بارودۆخێکی تایبەتە، کە ئەو خۆی لە کۆمەڵگای یۆنانیدا بینیویەتی. بە وتەی تۆڵسـتۆی بێبەزەیی و بگرە ناپاکی ئەفلاتوون سـەبارەت بە شـاعیران بەهۆی ئامانجێکی باڵاتر بووە، کە ئەو لە مێشـکی خۆیدا پەروەردەی دەکرد. ئەم ئامانجە باڵایە ڕزگارکردنی کۆمەڵگای یۆنانی بوو لە بێهێزی و گەندەڵی کە چەند سـاڵێکی دورودرێژ بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا زاڵ بوو.

ئەفلاتوون، کە لە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆیدا بەتوندی لەژێر کاریگەری سوکراتدایە شیعر بە بەرهەمی خورپە و کێشکردنێکی دەرەکی و سرووشێکی ناخەکی دەزانێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شیعر بە بەرهەمی شێواوی و سەرگەردانی وەسف دەکات. ئەو لە زنجیرەیەکی هەڕەمی، کە بۆ گیان و عەقڵەکانی مرۆیی باوەڕی پێیەتی شاعیرانی لە پلەی نۆیەم داناوە، لەکاتێکدا فەیلەسووف و زانایان لە پلەی دووەم و لەدوای خوداوەندان دادەنێت و لەم لایەنەوە بە چاکی ئەوە درک دەکرێت کە شیعر لە بۆچوونی ئەودا پێگەیەکی باڵای نەبووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ڕاستگۆیانەتر ئەوەیە، کە بڵێین ئەفلاتوون لە دوو لایەنەوە سەرنجی لە شیعر داوە: یەکێکیان ڕەهەندێکی فەلسەفی و ڕەوشتی کە شاعیر تێیدا جێگەیەکی باڵای نییە و ئەوەیتر ڕەهەندێکی هونەری کە تێیدا باوەڕی بە پێگەیەکی باڵا هەیە بۆ شیعر و بە بەرزترین چاکترین ئامرازی خەیاڵکردنەکانی دەژمێرێت[٦].

ئەفلاتوون لەڕووی ڕەوشتییەوە شاعیر بە کەسێک دادەنێت، کە توانا و لێهاتوویی نییە و لەو باوەڕەدایە، کە ئەوەی شاعیر دەیڵێت لەسەر بنەمای نادیارییە و لە دەرەوەی سنووری زانین و هۆشیارییە تاکەکەسییەکانە، واتە سەبارەت بەوەی دەیڵێت و دەیهۆنێتەوە خواست و زانیارییەکی نییە. لێکچواندنەکەی ئەفلاتوون لەم بارەیەوە زۆر بەناوبانگە. بەبۆچوونی ئەو عەرەبانەچی سەبارەت بە کارەکەی

خۆی ئاگادارترە لە شاعیر سەبارەت بە شیعرەکەی، هۆی ئەم خاڵەش ئەوەیە کە شاعیر بەهۆی سرووشەوە شیعر دەڵێت نەوەک لەسەر بنەمای بیر و خواست و ئارەزووو[٧].

بە بۆچوونی ئەفلاتوون مرۆڤ پێویستە بۆ ڕەوشتەکان بەدوای هەر کەسێک و هەر شوێنێکەوە بڕوات بێجە لە شاعیران. یەکێک لە بەڵگەکانی ئەو بۆ نیشاندانی لاوازی زەمینە ڕەوشتییەکان لە شیعردا ئەوەیە، کە (هۆمێر) خوداوەندان بە چەند سیفاتێکەوە نیشان دەدات، کە لەڕووی ڕوشتییەوە ناشایستە و ناڕەوان، لەوەی کە ئەو دەیخاتەڕوو خوداوەندان بوونەوەرگەلێکی شەڕانگێز و شەڕخوازن. ئەفلاتوون لەو باوەڕەدایە، کە هۆمێر نەک تەنیا سیفاتی نادروستی خستۆتە پاڵ خوداوەندانەوە، بگرە بۆتە مایەی گومڕاکردنی خەڵکیشەوە.

ئەفلاتوون بۆ نیشاندانی پتەوتری ڕوانینی نێگەتیڤیانەی خۆی بۆ شیعر کاریگەرە بە دیدگای ڕەوشتی خۆی و بە بنەمایەکی فەلسەفی کە بنچینەی جیهانبینی ئەوە خۆی گرێ دەدات.

ئەفلاتوون لەو باوەڕە دایە، کە حەقیقەت واتە ئەوەی کە بابەتی مەعریفەت و درککردنی ئێمە پێکدەهێنێت، حەقیقەتگەلێکی بەرچاو و بینراو نین، بەڵکو ئەوەی دەبینرێت وێنە و نموونەگەلێکن لە بوونێکی حەقیقی، یا حەقیقەتێکن لە دەرەوەی جیهانی هەستپێکراوەکان. بە دەربڕینێکی دیکە تەنیا شێوە هەستەکییەکانی حەقیقەت درک دەکەین،

کە لە واقیعدا شـــتێکی جیایە لە خودی حەقیقەت. ئەو ئەم ڕوانینەی خۆی لە جیهانی بووندا بە لێچکواندێکی بەناوبانگ کە لێکچواندنی ئەشکەوتەکەیە بەرجەستە دەکات و نیشان دەدات. ئەشکەوتێک لەگەڵ ڕاڕەوێک کە لە کۆتاییەکەیدا ئاگرێک داگیرســـاوە و لە کۆتاییەکەی دیکەیدا پەردەیە هەیە و لەنێوان ئاگر و پەردەکە خەڵکانێک هەن کە ڕوویان لە پەردەکەیە و لە تەمەنی منداڵییەوە وەها زنجیر و کۆت و بەند کراون کە پەل و پۆ و ملیان توانای جوڵانیان نییە و تەنیا دەتوانن ئەوەی لە بەرامبەریان کەوتۆتە ســەر پەردەکە ببینن، لەبەرئەوەی ئەوان ناتوانن ئاوڕ بدەنەوە، تەنیا ســێبەرەکانی یەکتر و ئەوەی کە ڕووناکی ئاگرەکە خستویەتە سەر پەردەکە دەبینن و ئەو شتانە بە کەلوپەلگەلێکی واقیعی دادەنێن[٨].

ئێســتا ئەفلاتوون لەســەر بنەمای ئەم باوەڕە میتافیزیکییەی خۆی دەڵێت، کە حەقیقەت وابەستەیە بە جیهانی نموونە(میسالی). بۆ نموونە لە جیهانی نموونەییدا نموونەیەکی قەرەوێڵە کە حەقیقەتێکی نەگۆڕ بوونی هەیە و قەرەوێڵەیەک، کە دارتاش دروســتی دەکات لاســاییکردنەوەیەکی ئەوە و بە بەراورد بە حەقیقەتی میســالی قەرەوێڵەکە شتێکی تەواو نییە. کاتێک شاعیر قەرەوێڵەیەک وەسف دەکات دەستدەکات بە وەسفکردن و باسکردنی شتێک کە خۆی لە خۆیدا لاساییکراوەیەکی حەقیقەتێکە، کەواتە ئەوەی شاعیر دەیهێنێت دوو پلە لە حەقیقەتەوە دوورە.

لێرەدا بە وردبوونەوە لەوەی، کە ئەفلاتوون شاعیر بە کەسێکی سوودمەند بۆ شارە نموونەییەکەی خۆی نازانێت و بۆ ئەم شوێنە دەستبەرداریان دەبێت، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا هیچ شیعر و هۆنراوەیەک نابێت بخرێتە سەر زمان؟ وەڵامی ئەفلاتوون ئەوەیە، کە بۆچی نا! بەڵام تا ئەو شوێن و ئەندازەیەی کە بلوێت لەژێر چاودێری و سەرنجدانی دەسەڵاتداران هاتبێتەکایەوە بۆ نموونە شیعر و گۆرانییەک کە ببێتە مایەی ڕێککاری و ڕێکخستن لە کاری سەربازیدا و ئەو هۆنراوە و بالادانەی کە دەربارەی ستایشکردنی خوداوەندان و مرۆڤە چاکەکان بێت مایەی پەسەند کردنە.، بەڵام هۆنینەوەی ئەم ئەندازیەش لە شیعردا کاری گشت کەسێک نییە و پێویستە بە جۆرێک لە (شیعر و ئەدەبی فەرمی)دەستنیشان بکرێت، بۆ نموونە، براوەکانی جەنگەکان یا پێشبڕکێکاران، کە سەرەنجام دەبنە مایەی بەهێزبوونی وڵات شایستەی ستایش و وەسفکردنن، لەگەڵ ئەمەدا ئەفلاتوون بۆ چالاکییەکی شاعیرانەی لەم چەشنەش مەرجێک دەخاتەڕوو، مەرجەکەش ئەوەیە کە شاعیرێکی لەم جۆرە نابێت تەمەنی لە پەنجا ساڵ کەمتر بێت و هەرچەند خاوەنی بەهرەی شیعری و مۆسیقایە، بەڵام پێویستە ڕەسەن و خاوەن پێگە و پلە وپایە بێت و لە شار و مەفتەنی خۆیدا بەیەکێک لە کەسە گرنگ و بەرچاوەکان دابنرێت. ئەفلاتوون لەتەک ئەمانەدا چاودێری و ئاگا لێبوونێکی قورس لە کاری شاعیرانیشدا پێشنیاز دەکات.

بۆچوونەکـانی ئەفلاتوون هەر چەنـدە بوونەتە پـاڵنەرێـک بۆ نیشـاندان و تۆمارکردنی زۆرێک لە بابەتە تیۆرییەکانی وابەسـتە بە ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام ئەو هەرگیز وەکو ئەرسـتۆ خاوەنی دیدگا سـیسـتماتیک و نووسـراوەکان نەبووە لە ڕەخنەی شـیعردا و بەم هۆیەوە هەوەڵین نموونە نووسراو و تۆمارکراوەکان لە بۆچوونەکانی وابەسـتە بە شـیعر و جۆرەکانی شـیعر دەخرێتە پاڵ ئەرسـتۆوە و پێوەندی بە ئەرستۆوە هەیە[٩].

## ئەرستۆ:

ئەرسـتۆ کۆنترین دانەری بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبییە، ئەوەی ئەو لە کتێبی هونەری شـیعر و وتـاربێژیـدا لە زەمینەی ڕەخنەدا هێناویەتییەوە دەرخەری دیدگای شیکاریانە و وردی ئەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا[١٠].

تێڕامـانەکـانی ئەرسـتۆ لە لێکـدانەوە و لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دواتر لەسـەر شـێوەی یاسـاگەلێکی باوەڕپێکراو بۆ داوەریکردن لە ڕەخنەی شـیعریدا دەرکەوت و بێگومان هۆشـی لۆژیکیانە و یاسـادانەری ئەرسـتۆ دەیتوانی زەمینەیەکی لەم چەشـنە فەراهەم بکات، هەڵبەتە نابێت ئەوەش لەبەرچاو نەگیرێت، کە ئەم کارە لە دواتردا بووە مـایەی ئەو ڕەخنە و بەرپەرچدانەوەیە بۆ سـەر ئەرسـتۆ بەجۆرێک، کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی لەژێر ڕۆشـنایی چەند یاسایەکی ڕەها و پێوەرەگەلێکی حەتمی و گومانلێنەکراو داناوە.

بۆچوون و تیۆرەکانی ئەرستۆ دەربارەی شیعر و ئەدەب بە توندی لەژێر کاریگەری تێڕوانینە فەلسەفییە تایبەتییەکانی ئەو سەبارەت بە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و کلتوری یۆنان و تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی ئەو وڵاتە دایە. ئەرستۆ بە باوەڕی زۆرێک لە ڕەخنەگرانی دوای خۆی چاکترین وەڵامگەلێکی بە پرسیارە گەڵاڵەکراوەکانی ئەفلاتوون داوەتەوە. ئەرستۆ لە سایەی بلیمەتی خۆی لەوە تێگەیشت کە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەفلاتوون وا چاکترە کە بنەما گشتییەکانی بیرکردنەوە میتافیزیکییەکانی خۆی ڕووبەڕووی بیرکردنەوەکانی ئەو دابنێت و ئەدەب لەسەر هەمان شێوەی نموونەگەلێکی زیندەزانی کە لە کتێبی (پێکهاتەی بەشەکانی گیانلەبەران)[11] لێکدانەوە و پشکنینی بۆ کردبوون بخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە.

کتێبی (هونەری شیعر)ی ئەرستۆ ڕەنگدەرەوەی بەشێکی سەرەکی لە هەوڵەکانی ئەم فەیلەسووفەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەفلاتوون. ئەو لەم کتێبەدا هەر لە دەسپێکەوە بە تێڕامانێکی دوور لە پێش گریمانەکانی ئەفلاتوون لە ئەدەبی کۆڵیوەتەوە. ئەرستۆ لەوە تێگەیشت، کە شیعری داستانی و تراژیدی و کۆمیدی و شێوەکانی دیکەی هۆنراوە و مۆسیقا لە ڕوویێکەوە هاوشێوەی یەکن، چونکە هەموویان لەسەر لاساییکردنەوە بنیات دەنرێت، لەڕوویێکی دیکەوە هەموویان بێجگە لە مۆسیقا بە پاڵپشتی زمانێکی کێشدار لاسایی دەکەنەوە[12]، بەڵام لەگەڵ

ئەمەدا تەنیا بە کێشـــداربوونی شـــیعر بەســـەندە ناکات. ئەو لەو باوەڕەدایە، کە ناتوانرێت ئەمپیدۆکلس(Empedocles) بە شـــاعیر دابنرێت، چونکە ئەو باســـە ســـروشـــتییەکانی هۆنیوەتەوە، لە بیری ئەرستۆدا شاعیر دەبێت مرۆڤگەلێک، کە لە کرداردا لە ئێمە چاکترن یا خراپترن لاسایی بکاتەوە و کردارەکانیان لە شانۆنامەکان بەرجەستە بکـات و ئەمەش ئەو خـاڵەیە، کە ژانرە ئەدەبییەکـان لەیەکتری جیـا دەکاتەوە، بە تێڕوانینی ئەو کۆمێدیا مرۆڤگەلێکی ســووکتر و نزمتر و تراژیدیا مرۆڤگەلێکی بالاتر و چاکتر بەرجەســـتە دەکەن و گرنگی پێدەدەن.

ئەگەرچی گرنگترین بۆچوونەکانی ئەرســتۆ لە ڕەخنەی شــیعر و ئەدەبدا لە نامیلکەی هونەری شـــیعردا هەڵهێنجراوە، بەڵام بەشـــێکی گرنگی ئەم نـامیلکەیە لەنـاوچووە و تەنیـا ئەو بەشـــانەی، کە لێی ماوەتەوە، بنەما و بنیاتی دیدگا ڕەخنەییەکانی ڕۆژئاوای لەســـەر بنیاتنراوە[١٣].

گۆشـەکانی دیکەی تێگەیشـتنە رەخنەییەکانی ئەرسـتۆ پێویسـتە لە کتێبی (وتاربێژی)دا گەڕان و بەدواداچوونی بۆ بکرێت، هەرچەندە ئەو لەو کتێبەدا زیـاتر ڕووی لە زەمینەکـانی ڕەوانبێژی کردووە، بەڵام دەتوانرێت چەندین ســـوودی گرنگ و بەرچاوی چەمکەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لێ هەڵبهێنجرێت.

## تێڕوانینەکانی ئەرستۆ لە ڕەخنەدا

ئەرستۆ بۆ دەرکەوتن و پەیدابوونی شیعر دوو هۆکاری سروشتی ناو دەبات: یەکێکیان غەریزەی لاســـاییکردنەوە(mimesis) و ئەویتر ئارەزووی زگماکی مرۆڤ بۆ کێش و ڕیتم(rythmos)ە.

ئەرســـتۆ لە تیۆری ناســـراو بە(لاســـاییکردنەوە) شـــیعر بە لاساییکردنەوە و نواندنێکی سروشتی کەلوپەلەکان و مرۆڤ دەزانێت، ئەم لاســـــاییکرنەوە لـەبـەرئـەوەیـە، کە مرۆڤ لە خودی خۆیـدا بوونەوەرێکی لاساییکەرەوەیە و چێژ لە لاساییکردنەوە وەردەگرێت و بۆ جەختکردنەوە و پـاڵپشـــتیکردنی ئەم خـاڵە چەنـد بەڵگەیەکی ئەزموونی زۆر بوونیان هەیە. بەرچاوترین بەڵگەی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە هەندێک لە دیمەنەکان دەشـێ بەلای ئێمەوە دزێو بن، بەڵام کاتێک کە لەسـەر شـێوەی کۆپیکردنێکی ڕاسـتگۆیانە دەخولقێنرێتەوە و ئێمە تێیان ڕامێنین ئەوا بەلامانەوە شـتێکی چێژبەخشـە بۆ نموونە بینینی لاشەی مردار بۆ مرۆڤ شتێکی دزێو و ناخۆشە لەکاتێکدا، کە وێنە و نیگارێکی ئەو دیمەنە، کە لە واقیعدا لاسـاییکردنەوەیەکی ڕەسـەنەکەیە وەکو شتێکی پەسەند دێتە بەرچاو.

کێش و هـارمۆنی[١٤] و بە دەربڕینێکی دیکە ئیقـاعیش بەبۆچوونی ئەرسـتۆ خاوەنی بنیاتێکی غەریزی و سـروشـتییە، چونکە بەشـێک لە هونەرەکان لاســاییکردنەوە لەڕێگەی ئیقاع و ئاوازەوە ئەنجام دەدەن، وەکو ژەنینی نەی و چەنگ[١٥].

## ئەرستۆ و شێوە(فۆرم)

خستنەڕووی تیۆری فۆرم یا شێوە بەخششێکی دیکەی ئەرستۆیە لە ڕەخنەی شـــیعردا، کە لە جێگەی خۆیدا خاوەن گرنگییەکی زۆرە. ئەو بەپێچەوانەی ئەفلاتوون، کە نـاســـنـامەی ئەدەبی لە بـابەت و نـاوەرۆکدا دەبینی بەهـای ئەدەب لە شـــێوە و فۆرمی لۆژیکیـانەیدا دەبینێت. ئەرستۆ لەو باوەڕەدایە، کە تراژیدیا خاوەنی چەند بەشێکە و هەر یەکێک لەم بەشـــانە لە پێوەندییدایە لەگەڵ بەشـــەکانی دیکەدا و بوونێکی ســـیســـتماتیکی ئەم بەشـــانە فۆرم یا شـــێوەی بەرهەمەکە پێکدەهێنێت.

ئەرســـتۆ لەتەک شـــێوەی ئۆرگانیکی بەرهەمەکە لە ناوەرۆک و بابەتیشدا غافڵ نابێت ، واتە لە ڕاستیدا ئاگای لە فۆرمێکی لۆژیکی[١٦] و ناوەرۆکێک هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە پاڵەوانی تراژیدیا کەسێکە، کە لە کۆتـا پلەی چـاکی و دادپەروەری نییە و داڕوخـان و کەوتنە نـاو گەرداوی بەدبەختیش بەهۆی گونـاه یـا گەندەڵییەوە نەهـاتۆتەکـایەوە، بەڵکو بەهۆی هەڵە و چەوتی ئەو بووە لە کـارەکـانـدا ، لەڕوێکی دیکەوە ئەو دەبێت بەناوبانگ و شـــکۆدار بێت. بەهەر حاڵ پاڵەوانی تراژیـدیـا خـاوەنی خـاڵێکی لاوازە، ئەگەرچی لەم خـاڵە لاوازەدا گوناهێکیشـــی نەبێت، بەم هۆیەوە ئەگەر ئەو بکەوێتە بەدبەختییەوە ئەوا دوور لە دادپەروەری نابێت.

ئەو شـــتەی، کە پـاڵەوانی تراژیـدیـا دەبێـت لە ڕەچەڵەک و خـانەوادەیەکی بەرز و شـــکۆدار بێت تەنیا لەڕێگەی ئەرســـتۆوە نەخراوەتەڕوو، بەڵکو بـابەتی نـاوبراو شـــتێکە کە ڕەخنەگران و شانۆنامەنووسانی دواتریش باوەڕیان پێی هەبووە.

جەختکردن لەســەر فۆرم بووە هۆی ئەوەی، کە ئەرســتۆ بتوانێت وەڵامی تۆمەتی ئەفلاتوون لەبارەی شـێتی شـاعیران بداتەوە، ئەرسـتۆ لەو باوەڕەدایە، کە شـــاعیرێتی بەهرەیەکی هونەرییە، کە بە مرۆڤی شـاعیر بەخشـراوە، نەوەک بە مرۆڤێکی شـێت. شـاعیر پێویسـتە ئەو دەرد و ئازارانەی کە لاســـاییان دەکاتەوە درک بکات، ئەو دەبێت لە ڕێگەی لاساییکردنەوەیەکی لەم جۆرە ئاگاداری هەست و پەرێشانی و تورەییەکانی مرۆڤ بێت و شتێکی ئاساییە، کە کارێکی لەم چەشنە بە کەسانی شێت ناکرێت[١٧].

## ڕاستی و درۆ لە شیعر لە ڕوانگەی ئەرستۆدا

لایەنێـک لە تێڕوانینەکـانی ئەرســـتۆ بریتییە لە هەوڵـدان بۆ هەموارکردنـەوەی تیۆری زێـدەڕۆییکـارانەی ئەفلاتوون لە بـابەتی (ڕاسـتی و درۆ) و خسـتنەپاڵی درۆ و هەڵەکردن بۆ سـەر شـاعیران. ئەفلاتوون لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە توانای شاعیر لە دانانی شیعردا لەگەڵ توانای کەسانی دیکەدا لە باسکردن و وەسفکردنی عەقڵانیانەی شـــتەکاندا جیاوازە، بە دەربڕینێکی دیکە وەســـفکردنی شـــاعیران بۆ

شـــــتەکـــان بنەمـــایەکی زانســـــتی نییە و بنچینە و بنەمـــای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەفلاتوون لەگەڵ شیعردا هەر لەبەر ئەمەیە[18].

ئەرســـتۆ لەوباوەڕەدایە، کە واتای ڕاســـتی و درۆینە لە قەڵەمڕەوی شـــیعردا لەگەڵ ئەوەی کە لە ژیاندا یا لە پانتایی تەواوی هونەرەکاندا بوونی هەیە جیاوازە. شـــاعیر هەوڵدەدات تا ئەوەی، کە هەســـتی پێدەکات لاســـاییی بکاتەوە و ڕاســـتی و درۆیینەیی بۆ ئەو ئەوەیە کە بتوانێت ئەم لاســـاییکردنەوەیە بە شـــێوەیەکی کاریگەر و خوازراو ئەنجام بدات و بنەڕەت و بنەمای ڕاســتیش بۆ ئەو هەر ئەمەیە، لەبەر ئەوە بنەمای ڕاستی بەو شێوەیەی، کە ئەفلاتوون سەرنجی لێداوە، بە هیچ کلۆجێک ئەرســتۆ لێی ناڕوانێت، بە کورتی لەڕوانگەی ئەرســتۆوە ڕاســتی و درۆیینەی لۆژیکی لە پانتایی لاســاییکردنەوە شــیعرییەکاندا بوونی نییە.

خـــاڵێکی دیکە، کە ڕەنگە بە جۆرێـــک لە جۆرەکـــان پێوەنـــدی بە بابەتەکانی ســـەرەوە هەبێت ئەوەیە، کە ئەرســتۆ شــیعر بە فەلســەفیتر دادەنێت لە مێژوو. ئەو لەو باوەڕە دایە، کە شــیعر لاســـاییکردنەوەی شــتە گشــتییەکان دەکات، لەکاتێکدا مێژوو ڕوو لە شــتە بەشــەکییەکان دەکات، لەڕوویێکی دیکەوە شـاعیر کارەکان نەک بەو جۆرەی کە هەن، بەڵکو بەو جۆرەی، کە پێوســـــتە وابن باس دەکات و لەســـــەر ئەم بنەمایەش جێگە و پێگەیەکی باڵا بۆ شیعر دادەنێت.

لە کۆتـایی ئەم بـاســـەدا پێویســـتە ئـامـاژە بەوە بکرێـت، کە بۆچوونەکانی ئەرســـتۆ لەگەڵ بوونی وردییەکی زۆر، زۆربەی کات وەســتاونەتە ســەر نموونەگەلێکی ئەدەبی یۆنانی ســەردەمی ئەو[١٩] ، یەکێک لەو ڕەخنانەی، کە زۆربەی کات لە ئەرستۆیان گرتووە ئەوەیە، کە ئەو لەســەر نموونەگەلێکی زۆر، کە لەبەردەســتی هەبووە بنەما و یاســاگەلێکی گشــتی دەرهێناوە و هەڵهێنجاوە و قســەی (درایدن)ی شـــاعیری ئینگلیزی دەربارەی ئەو زۆر بەناوبانگە بەوەی، کە ئەگەر ئەرستۆ تراژیدیاکانی سەردەمی ئێمەی ببینیبوایە ، ئەوا لە بۆچوون و بیروباوەڕی خۆی دەربارەی تراژیدیا پێداچوونەوەی دەکرد[٢٠]. ئەوەی کە شـــاعیری ئینگلیزی هێناویەتییەوە دەتوانێت ئەم هەڵهێنجانەشـــی بەدواوە بێت، کە هەندێک لە بۆچوونەکانی ئەرســـتۆ ڕەنگە لە بارەی زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان لە زمان و کلتورە جۆراوجۆرەکاندا بابەتیی نەبێت، یا بەشێوەیەکی تەواو شایستەی گونجان و بەرامبەری نەبێت. ئەوەی دەوترێت نابێتە هۆی ئەوەی، کە لەبارەی پێگەی بەرزی ئەرســـتۆ لە ڕەخنەی ئەدەبی و کـاریگەری ســـەرســـوڕهێنەری بۆچوونەکـانی لە ڕەخنەی ئەدەبی کۆن و نوێدا مـافی نکۆڵی لێکردن بدەینە خۆمان، چونکە بیرۆکەکانی ئەرســـتۆ چەندین ســـەدەیە، کە کاریگەری خســـتۆتە ســـەر دنیای ڕەخنەی ئەدەبی و زۆربەی ئەو ڕەخنەگرانەی، کە لەدوای ئەوەوە هاتوون زیاتر باس و شیکردنەوە و فراوانکردنی بۆچوونەکانی ئەویان کردووە و زۆرێک لەوان شـــتێکی

تــازەی ئەوتۆیــان نەخســـــتۆتەڕوو، لەڕوویێکی دیکەوە دەتوانرێــت بگوترێــت، کە زۆرێــک لە تێڕوانین و تیۆرە نوێیــەکــانی ئەدەبیش بەهەمان شێوە بنج و ڕەگیان لە بۆچوونەکانی ئەرستۆوە سەرچاوەی گــرتـــووە و لەگەڵ کەوتـــنە لەرزەی هەنـــدێــک لە بـــنەمـــا بەڵگەکارییە(اســـــتدلالی) ئەرســـــتۆییەکان، زۆرێک لە بیروباوەڕ و هەڵهێنجانەکانی ئەو لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هێشتا بە هەمان هێزی خۆی ماوەتەوە[21].

## ڕەخنەی ئەدەبی لەدوای ڕوخانی ئەسینا و زاڵبوونی ڕۆمادا

لەدوای ئاوابوونی دەســـەڵاتی ئەســـینا و پاشـــانیش لەناوچوونی ئیمپراتۆڕیەتی ئەســـــکەندەر توانای ڕۆمییەکان بەربڵاوییەکی فراوانی بەخۆیەوە بینی و بە زاڵبوون و باڵادەســـتییان بەســـەر یۆنان، برەوی ئەدەبی ڕۆمانی دەستیپێکرد، بێگومان نەشونماکردنی ئەدەبی ڕۆمانی قەرزار باری بڵاوبوونەوەی کلتوری یۆنانییە لەنێو ئەم گەلەدا، چونکە پێش ئەوە ئاماژەیەکی بەرچاو لە ئەدەبی لاتینیدا لەبەردەســـتدا نییە و کلتوری ڕۆمییەکان لە ســـەردەمانی پێشـــودا بەتەواوەتی لە شـــەڕ و شـــۆڕ و ڕێوڕەســـمەکانی جەنگدا کورت دەبوویەوە، بەشـــێوەیەک کە تەنانەت دەگوترێت لە زمانی ڕۆمانیدا پێش ئاشـــــناییەتی بە ئەدەبی یۆنـانی وشـــــەیەکی تـایبەت بۆ شـــــیعر بوونی نەبوو و لەبنەڕەتدا پێناســـەیەکی شـیعر بەلایانەوە شـایەنی بەرجەسـتەکردن و وێناکردن

نەبوو و وشـــەیpoesis ،کە دواتر بۆ شـــیعر بەکاریان هێنا لە یۆنانییەکانیان وەرگرت[٢٢].

لە تێڕوانینی ڕۆمانییەکاندا کەســـانێک، کە شـــیعریان دەگوت یا فەلسـەفەکارییان دەکرد، کەسـانێکی مشـەخۆر بوون و بەم هۆیەوەیە کە شـانۆ و شـانۆنامەنووسـی نەیتوانیبوو لەنێویاندا پێگەیەکی گرنگ بەدەســـت بهێنێت، بەڵام پێوەندی لەگەڵ کلتوری یۆنانیدا بووە هۆی ئەوەی، کە ئەدەب و زمانی یۆنانی لە ماوەیەکی کەمدا دڵ و هۆشـــی ڕۆمییەکان داگیر بکات و فێربوون و لاســـاییکردنەوەی زمانی یۆنانی و لاســـاییکردنەوەی ئەدەب و هونەری یۆنان لەنێویاندا ببێتە شـــتێکی باو، هەوەڵین بەرهەمەکانی ئەدەبی لاتینی لەژێر کاریگەری شـــێوە و نموونە یۆنـانییەکـانـدا دەرکەوێـت و بە کورتی بەربڵاوی و فراوانی کلتور و ئەدەب تا ئەو شـــوێنە بەرەو پێش ڕۆیشـــت، کە (ســـیزار)ی ئیمپراتۆری بەنـاوبـانگی ڕۆمیش بەرەو گۆڕەپانی ئەدەب دۆســـتـان پەلکێشـکرا و بووە خاوەن تێڕامانێک لە ئەدەب و ڕەوانبێژیدا و گوایە نامیلکەیەکیش لەبارەی لێکچواندن و پێوانەکردن لەو جێماوە[٢٣].

مەودای نێوان ئاوابوونی ئەدەبی یۆنان تا برەوســـەندنی ئەدەبی فەرمی ڕۆمـا تـاڕاددەیەک دورودرێژە، چونکە لە ئـاوابوونی خۆری ئەدەبی یۆنانی تا دەمەوسپێدەی ئەدەبی لاتینی چەند ماوەیەکی خایاند و لەم نێوانەدا کەســـانێک کە لەبەرهەمەکـانیـانـدا ڕەنگدانەوەیەکی

بۆچوون و تیۆرییە ڕەخنەییەکان بەدەی دەکرێت، بەڕاددەیەکی زۆر هەموویان کاریگەر بوون بە بیرۆکەکانی بیرمەندە یۆنانییەکان.

شـــیشـــرۆن cicero (١٠٦-٤٣پ.ز)[٢٤]ی وتاربێژ و ســـیاســـەتمەدار و فەیلەســـووفی ڕۆمانی لە هەوەڵین ئەو کەســـانەیە، کە پێویســـتە لەو مەودا زەمەنییەدا ئاماژەی بۆ بکرێت. ئەو لە ئیتاڵیا لەدایک بوو و لە هەرێتی لاوێتیدا ئاشـــنانی ئەدەب و فەلســـەفەی یۆنانی بوو، ئەو ســـەرباری چەند بەرهەمێکی زۆر بە هەبوونی تێبینی و ســـەرنجە ڕەخنەییەکان لە ئەدەبیاتدا بەناوبانگە. بەشـــێک لە بۆچوونەکانی ســیســرۆن لەبارەی ڕەوانبێژیدا دەتوانرێت لە بەرهەمە ناســراوەکەی ئەودا واتە وتاربێژ(oratore de) لێکۆڵینەوەی لەســـەر بکرێت. ئەو لەم کتێبەدا ڕەوانبێژی بە بەهرەیەکی زگماکی دەزانێت، کە ناتوانرێت لەڕێگەی فێربوونەوە بەدەســـت بهێنرێ، بەڵام ئەگەر کەســـێک ســـوودمەند بێت لەم بەهرەیە ئەوا دەتوانێت بە یارمەتی ڕاهێنان و مەشـــقکردن پێگەیەک لە وتاربێژیدا بەدەســـت بهێنێت. ئەو لە وتارێکدا بەناونیشانی بەرگریکردن لە ئارکیاس(pro archias) چەند بابەتێکش لەبارەی شـــیعر دەخاتەڕوو. بۆچوون و تێگەیشـــتنەکانی ئەو لەبارەی شـــیعر پێویســـتە بە پێکەوەگرێدانێکی نێوان بۆچوونەکانی ســـوکرات و ئەفلاتوون دابنرێن. ئەو هەروەکو ســـوکرات و ئەفلاتوون هێزی شـــاعیرێتی بە وابەســـتەی ســـرووش دەزانێت و لەو باوەڕەدایە، کە

شـــــاعیر لە هەموو شـــــتێکی خۆیدا قەرزاربارى بەهرە و بنیات و سروشت و چێژ و بلیمەتی خۆیەتی[25].

هۆراس Horace(٦٥-٨پ.ز) یەکێکی دیکەیە لەو ڕەخنەگرە گەورانەی، کە چەندین ســاڵ دوای ئەرســتۆ و لەســەردەمی لوتکەی دەســـەڵات و توانـاداری ڕۆمـانی کۆنـدا دەرکەوت و نـامیلکە بەناوبانگەکەی بەناوی (هونەری شـــیعر)[26]ە، کە باشـــترین بەرهەمی ئەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد. هۆراس وەکو ڕەخنەگرێکی نەریتخواز باوەڕێکی زۆری بە ئەدەبی یۆنانی هەبوو ، بەوە ئامۆژگاری کەسـانی تامەزرۆی نێو بواری شـیعر و شـاعیریێتی دەکرد کە تێڕامـانێکی بەردەوام و هەمیشـــەییـان بۆ شـــاکـارە ئەدەبییەکانی یۆنان هەبێت، ئەو لاساییکردنەوەی شاکارە یۆنانییەکانی بە شـتێکی گرنگ و ناچاریانە دەزانی و بێگومان ئەم ڕادەسـتبوونەی ئەو بە بۆچوون و بیرۆکەکـانی شـــاعیران و ڕەخنەگرانی یۆنـانی دەبووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کە ئەو بتوانێت کۆششێکی داهێنەرانەی هەبێـت لە خســـتنەڕووی تیۆرییە تـازەکـان لە ڕەخنەی ئەدەبیـدا، لەڕاســـتیدا ئەوەی ئەرســـتۆ لەژێر ناونیشـــانی چەند ســـەرنج و بیروبۆچوونێک دەربارەی هونەری شـاعیرێتیدا خستبوویەڕوو لە بیر و تێڕانینی هۆڕاســـدا گۆڕا بۆ بنەماکانی شـــاعیرێتی، هۆراس لەو باوەڕەدایە، کە ئەرکی شـاعیر فێرکردنە، بەڵام فێرکردنێک کە تێکەڵ و

ئـاوێتە بێـت بە چێژەوە[٢٧]، بە دەربڕینێکی دیکە تێکەڵەیەک لە چێژ و سوودمەندی بۆ سوود وەرگرتنێکی زیاتر لە ژیانی مرۆییدا[٢٨].

هۆراس جەخت لەســـەر ئەم خاڵە دەکاتەوە، کە شـــاعیری بە ئەزموون و باڵادەســـت دەبێت ژیان و کەســـایەتی مرۆیی بکاتە ســـەرمەشــق و نموونەی کاری خۆی و بۆ ئەم مەبەســتە پێویســتە زمانێک بەکار بهێنێت کە زمانی ڕاســتگۆیانە و واقیعیانەی ژیان بێت، بەڵام چــاکترین ڕێگە بۆ گەیشـــتن بە زمــانێکی لەم چەشـــنە، لاســاییکردنەوەی چاکترین نموونەکانی یۆنانی کۆنە، هەروەها ئەو بۆ باسکردن و دارِشتنکاری بابەتەکانیش چەند یاسایەک دەخاتەڕوو، کە پێویســـتە بەشــێک بێت لە مەعریفە و فێربوونەکانی هەر شــاعیرێکی زیرەک، ئەوەی هۆڕاس خســـتوەتیەڕوو ڕاســـپاردەگەلێکی تەواو زانستییە و لەســەر بەرهەمەکانی نووسەرانی پێش خۆی بونیاتنراوە، بە دەربڕینێکی دیکە لە پاذتایی تیۆری ئەدەبی و بابەتە تیۆرییەکانی ڕەخنەدا مەبەست و بابەیێکی نوێی تێدا نییە.

هەرچەندە هۆراس لەماوەی ســاڵانی(١٥٠٠-١٨٠٠ز) بە یەکێک لە دیــارترین ڕەخنەگرانی ئەدەبی هەژمــار دەکرا و بۆچوونەکــانی لە چاخی ڕێنیســـــانســـــدا گرنگییەکی زۆری پێدەدرا، بەڵام لە قۆناغی شـــاعیرانی ڕۆمانتیکدا بۆچوونەکانی هێندە مایەی باس و خواســـت نەبوون، چونکە گوتن و هۆنینەوەی شـــیعری وەکو کــارامەییەکی میکــانیکی هەژمــار دەکرد و بەم هۆیەوە تــاڕاددەیەک غــافڵ بوو لە

ماهییەتە زیندوو و هونەرییەکەی، ئەگەرچی هۆڕاس لە سەردەمی شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکانی قۆناغەکانی دواتریشدا بە ڕەخنەگرێکی کۆنەخواز و موحافیزکار هەژمار دەکرا، بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنرێت ، کە زۆرێک لەو ڕاسپاردانەی کە ئەو نووسیویەتی و تۆماری کردوون تا ڕۆژگاری ئێمەش هێشتا بە شتگەلی سوودمەند و ماقوڵ دێنە بەرچاو[29].

دیۆنیسیۆس(dionysius)(لە ٢٧٣ز. کوژراوە)ی خەڵکی هالی کارناس(hali carnas) ئەدیب و بیرمەندێکی بەناوبانگی دیکەی هەمان ڕۆژگارە، کە لە دەروازەی تەمەنی لاوێتیدا چووە ڕۆما، ئەو لە دوتوێی خوێندنی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا هەڵسا بە دانانی بەرهەمێک بەناونیشانی مێژووی دێرینی ڕۆما.

ئەو باوەڕی بە لاساییکردنەوەی شێواز و تەکنیکی پێشینان و لەبەرچاوگرتنی نەریتە ئەدەبییەکان بوو و وابیری دەکردەوە کە ئەدەب دەبێت لەڕێگەی فێربوونەوە وەربگیرێت و سوود لە بنەما و یاسا تیۆرییەکانی ئەدەب وەربگیردرێت و پاشان بەپاڵپشتی ڕاهێنان و مەشقکردنەوە بگات بە قۆناغی داهێنانی ئەدەبی. دیۆنیسیۆس لە یەکێک لە نامیلکەکانی خۆی بەناوی (دانان و خولقاندنی وشەکان)[3] چەند تێڕوانینێکی نەریتی و چەسپاو دەربارەی بەکارهێنانی وشەکان دەخاتەڕوو و لەڕاستیدا ڕوو لە جۆرە (دۆگماتیزمێکی وشەیی) دەکات

---

[3]. تالیف کلمات.

و باوەڕی پێدەهێنێت ، ئەو داهێنان و خولقاندنی وشـەکان لە شـیعر و پەخشـاندا بە جیاواز لەیەکتر دەزانێت و لەوباوەڕەدایە، کە خولقاندنی وشەکان لەسەر سێ شێوەیە: یەکێک ئەوەیە، کە پێگەوگرێدانێک بێت لە وشـە پتەو و بەهێزەکان، ئەوەیتر ئەوەیە، کە داهێنراو و داتاشـراو و بە زۆر دروستکراو نەبێت، سێیەم ئەوەی، کە خاوەنی هاوسەنگییەک بێت لە نێوان ئەم دوو جۆرەی پێشوودا، واتە هەم سوودی لە بەهێزی و پتەوی وەرگرتبێت و هەمیش لە سەنعەت و داهێنان بێبەش نەبێت[٣٠].

لایەنەکـانی دیکەی هەبوونی زەمینە ڕەخنەییەکـان لەم قۆنـاعەدا دەکرێت لە بیرۆکەکانی لوسـیان lucian (دەوروبەری ١٣٠-٢٠٠ز) بەدەسـت بهێنرێت. ئەو، کە لەڕەچەڵەکدا خەڵکی سـوریا بوو، زمانی یۆنانی لەڕێگەی فێربوونەوە فێربوو و سـەرەنجام گەیشـتە قۆناغێکی قوڵبوونەوە لە زانسـت و زانیـاریـدا، کە بووە یەکێـک گەورەترین نووسـەرانی سـەردەمی خۆی. ئەو لە نامیلکەیەکدا کە لەبنەڕەتدا دەربارەی تەکنیک و شێوازی مێژوونووسی نووسیویەتی بەشێکی بۆ شـێوازی خسـتنەڕووی نووسـەر و مێژوونووس تەرخان کردووە. بە باوەڕی ئەو نووسەر دەبێت وشە و دەربڕینێکی تەواو ڕوونی هەبێت و خۆپارێزی لە بەکارهێنانی وتە و شـە ناباوەکان، یا ڕەشـۆکیانە و بازاڕی و دەربڕینە سەختەکان بکات و دووربکەوێتەوە لە بەکارهێنانی خوازە و لێکچواندنە دوور و لێک دابڕاوەکان[٣١]، دەوترێت ئەگەرچی قسـەکانی ئەو لە ڕواڵەتدا لە شـێوازی نیشـاندان و دەربڕینی

مێژوونووســـــان دەچێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا نیشـــاندەری ســـەلیقەی چینێـــک لە ئەدیبـــان و بیرمەنـــدانی ڕۆژگـــاری ئەوە. تێگەیشـــــتنە ڕەخنەییەکـان و وتەی شـــــیرینی لۆســـــیان بۆتە هۆی ئەوەی، کە لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی بۆ کەســـــانێک، کە بیانەوێت لە مێژووی ڕەخنەی کۆندا لێکۆڵینەوە بکەن بە شتێکی گرنگ دەست نیشان بکرێت و دابنرێت[٣٢].

لۆنگینۆس[٣٣](Longinus)(لە ٢٧٣زاییینی کوژراوە)فەیلەســـووف و زانای ڕەوانبێژی لە ســـەدەی ســـێیەمدا کۆتا ڕەخنەگری دیاری دوای ڕووخانی یۆنانە و یەکێکە لە پێشـڕەوانی ڕەخنەی ئەدەبی لە ســەدەی ســـێیەمـدا. نـاوبـانگی ئەو بەهۆی کتێبە بەنـاوبـانگەیەوە(شـــێوازی باڵا)[٣٤]وەیە، ئەم بەرهەمە بە کۆتا نامیلکەی ڕەخنەی ئەدەبی بە زمانی یۆنانی کۆن هەژمار دەکرێت، دەربارەی ڕاســت و دروســتی دانەپاڵی ئەم نامیلکەیە بە لۆنگینۆس گومانیان کردووە و لە هەمانکاتدا ڕوون نییە، کە نامیلکەی ناوبراو بەوردی لە چ کاتێک نووسراوە[٣٥]، ئەگەرچی زۆرێک لە بابەتەکانی نامیلکەی شـێوازی باڵا لە کتێبە ڕەوانبێژییەکانی سـەردەمی لۆنگینۆس و قۆناغەکانی پێش خۆی وەرگیراون[٣٦]، بەڵام لە هەمان کاتدا چەند بابەتێک لەخۆ دەگرێت ، کە بۆتە مایەی ئەوەی ئەم کتێبە بەلای ڕەخنەگران و مێژوونووســـانی ئەدەبییەوە ببێتە شـــتێکی ناودار و نەمر.

ئەنجامی قسەی لۆنگینۆس لە شێوازی باڵادا ئەوەیە، کە باڵابوونی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی وابەستەیە بەو ڕەهەندە واتایی و چەمک و بیرۆکانەی، کە لەناو کتێبەکەدا بوونیان هەیە و ئەم شێوازە وابەستە نییە بە زمان و خستنەڕوو و وشەوە، بەڵکو وابەستەیە بەو چەمکە باڵایانەی، کە لەناو بەرهەمەکەدا ئامادەییان هەیە. ئەو بەپێچەوانەی دیۆنیسیۆس لەو باوەڕەدابوو، کە داهێنان و باڵابوونی ئەدەبی ناتوانرێت لەڕێگەی فێربوون و مەشق و ڕاهێنانەوە بەدەست بهێنرێت، بەڵکو هەوڵ و ڕاهێنانی نووسەر دەبێتە مایەی بەهێزبوون و سەرکەوتنی زیاتری نووسەر و لەم ڕووەوە گرنگی خۆی هەیە[٣٧].

مەبەستی لۆنگینۆس لە شێوازی باڵادا، ئەو باڵایی و چۆنایەتییە خودییەی ناو بەرهەمەکەیە، کە بەرەو بەرهەمەکە کێشمان دەکات و لە چێژ و تامەزرۆییەوە لێوانلێومان دەکات ، بەشێوەیەک وا گومان دەکەین، کە ئەوەی دەیبیستین خۆمان خولقاندومانە. ئەگەر خوێنەرێکی وشیار و ڕۆشنبیر بەرهەمێک چەند جارێک بخوێنێتەوە و تێیدا هەستێکی باڵایی بەدەست نەهێنێت، یا هۆکار و بنەماگەلێکی بیر و هزری باڵا نەبینێت و ئەو بەرهەمەی، کە دەخوێندرێتەوە بەتەواوەتی شوێنێک بێت بۆ نیشاندنی وشە و دەربڕینە بێهێز و بێکاریگەرییەکان ، ئەوا هەڵبەتە نابێت ئەم بەرهەمە بە بەرهەمێک دابنرێت، کە شێوازێکی باڵای هەیە، بەڵکو بەرهەمێکە سوودمەند نەبووە لە شێوازێکی باڵا[٣٨].

بە تێڕوانینی لۆنگینۆس شـێوازی باڵا بەپێی ڕێکەوت بەدی نایەت، بەڵکو وەکو ئەوەی گوترا ئەنجـامی بلیمەتییە، بەڵام ئەم بلیمەتییە دەبێت تێکهەڵشـــێلدرێ و پەروەردە بکرێت. یەکێک لە لایەنەکانی ئەم پەروەردەکارییە، زانیاری و لاسـاییکردنەوەی میراتەکانی ڕابردووە و هەروەکو ئەوەی دەیبینین ئەو لەم بوارەدا لە هۆارس نزیـک دەکەوێتەوە، بە بـاوەڕی لۆنگینۆس نـابێـت وا بزانرێـت کە هەر نووســەرێک خاوەنی شــێوازێکی باڵا بێت، چونکە تەنانەت هۆمێریش هەندێجار دوچاری چەند هەڵەیەک هاتووە، بەڵام ســـوودوەرگرتن لە کارامەییە پێویستەکان دەتوانێت تاڕاددەیەکی باش هاوکاری نووسـەر بکـات لە دورکەوتنەوە لە هەڵەکردن و خزین، بەڵام لۆنگینۆس بۆ باڵایی بەرهەم پێنج کانگە یا سەرچاوە دەژمێرێت:

١.چاکترین سەرچاوەی هەر بەرهەمێکی باڵا، بەرز و باڵایی و مەزنیی بیرەکەیەتی، بە دەربڕینێکی دیکە توانســـتێکە، کە بەکۆمەکی ئەوە بتوانرێت چەمک و بیرە گەورەکان بەدەســـت بهێنرێت و ئەم شــــتە کاتێک دەستەبەر دەبێت، کە نووسـەر خاوەنی سروشـت و فیترەتێکی پاک بێت.

٢.بەرهەمی ئەدەبی خاوەنی هەســـتێکی پڕ جۆش و خرۆش بێت و سوودی لە سروش وەرگرتبێت.

٣.بەرهەمی ئەدەبی پێویسـتە سـوودمەند بێت لە ڕەهەندە ڕەوانبێژییە کاریگەرەکان و لەهەمانکاتدا زۆر لەخۆکارانە نەبێت.

٤.بەرهەمی ئەدەبی پێویستە خاوەنی زمانێکی ڕەسەن و شکومەند و بەرز و بالاّ بێت، هەروەها سوودی لە خواستن و جوانکارییە وشەییەکان وەرگرتبێت.

٥.بەرهەمی ئەدەبی پێویستە خاوەنی شکۆدارییەکی فرە ڕەهەند شێوازێکی بالاّ بێت، ئەم خالّە لە ئامادەسازییەکی وەک ڕێکخستنی تایبەتی وشەکان و بنیاتێکی ڕوون بۆ دەستگەیشتن بە یەکێتییەکی ئۆرگانیکی[٣٩] خۆی دەبینێتەوە[٤٠].

ئەوەی دەربارەی لۆنگینۆس بە دەسکەوت و ئیمتیازێک هەژمار دەکرێت ئەوەیە، کە ئەو خاوەنی هەستێکی ناسک و بەهێز بووە و بە هاوکاری ئەوە داهێنان و چاکییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە چاکی درککردووە[٤١]، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لۆنگینۆس هەرگیز لە چاخی کلاسیکدا نەیتوانی بە ئەندازەی ڕەخنەگرانی پێش خۆی کاریگەر بێت، هەرچەند لە دواتردا بە زاڵبوونی ڕۆمانسیزم بووە مایەی ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆر[٤٢].

## ڕەخنەی ئەدەبی لە چاخی ڕێنیسانسدا

لەماوەی ڕووخانی ڕۆما تا چاخی ڕێنیسـانس(١٣٠٠-١٦٠٠ز) زیادەیە کی ئەوتۆ نەخرایە سەر ڕەخنەی ئەدەبی، لە قۆناغی ڕێنیسانسدا واتە سـەرلەنوێ ژیانەوەی هونەری و ئەدەبی ئەوروپا، ڕەخنەی ئەدەبی جارێکی دیکە گەشەی کرد[٤٣] و بە کۆششی نووسەرانێکی وەک دانتی و پۆکاچیۆ تێڕوانینگەلێکی تازە و شـێوازگەلێکی نوێ لە ئەدەبدا دەرکەوتن.ئەوان هەوڵیاندا تا بەرهەمگەلێکی جیاواز بە شـێوازی باو بهێننەکایەوە و ئەم نوێگەرییەش بووە هۆی خستـنەڕووی چەند پرسـیارێک، چونکە ئەم نووسـەرانە لەبری زمانی لاتینی هەوڵیاندەدا بەرهەمەکانی خۆیان بە زمانی ئاسـایی خەڵکی وڵاتەکەیان بنووسـن. یەکێک لەو پرسیارانە ئەمە بوو، کە ئایا ئەم نووسەرانە نابێت نەریتی زمانی باو لە ئەدەبدا ڕەچاو بکەن و بەرهەمەکانی خۆیان هاوشێوەی پێشینان بە زمانی لاتینی بهێننەکایەوە؟[٤٤]

چـاخی ڕێنیسـانس ئەم توانـایەی بە ڕەخنەگران دا تـا دوای سـەردەمی تاریکی، کە کڵێسـای مەسـیحییەت هەر جۆرە گرنگیدان و ئـاوڕدانەوەیەکی لە بەرهەمە ئەدەبییەکـان و میراتەکـانی ڕەخنەی ئەدەبی بە کوفر دادەنا، جارێکی دیکە چاوەکان سـەرنج لە میراتە کۆنەکان بدەن و ئەوە شتێکی سەیر و سەمەرە و مایەی سەرنجە، کە لەم قۆناغەدا ئاشـنایەتی سـەبارەت بە بەرهەمەکانی ڕابردوو بەتوندی ڕووی لە کەمی کردبوو، هەروەک ئەوەی لە نامەی (دانتی) بۆ یەکێک

لە کەســـە بەرزە هاوچەرخەکانی، کە لە ڕاســـتیدا بە پێشـــەکییەک بۆ کۆمێدیای یەزدانی هەژمار دەکرێت نیشاندەری ئاشناییەتی زۆر کەمی ئەوە دەربارەی ئەدەبی کلاسیک.

لەدوای ڕووخـــانی قوســـــتەنتینیە(١٤٥٣ز)زۆرێـــک لە لێکۆڵەر و بیرمەندانی یۆنانی بۆ ئیتاڵیا هەڵاتن و نوســـــخەگەلێکی بەدەســـــت نووســــــراوی زۆریان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەو وڵاتە برد، ئەم ڕووداوە تامەزرۆیی بەرامبەر بەرهەمە کلاسیکییەکان زیاتر کرد و زانیارییەکی زیاتری بۆ تێگەیشـــتن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕابردوو بەتایبەت لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بەوان بەخشـــی، شـــایەنی وتنە، تا پێش ئەم ڕۆژگارە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بەشـــێوەیەکی دیاریکراو و ناتەواو ناسرا بوون.

وەرگێڕانی (هونەری شـــیعر)ی ئەرســـتۆ بەتـــایبەت وەرگێڕانە پاکتاوکراو و مشـــــت و ماڵ کراوەکەی بە زمانی لاتینی لەتەک دەقە ئەســـڵییەکەی لە ســـاڵ ١٤٥٨ی زایینی و دواتر وەرگێڕانی ئیتاڵیی ئەو کتێبە لە ســــــاڵی ١٥٤٩زایینیدا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە مێژووی ڕەخنەی ئیتاڵیا و ســـــەردەمی ڕێنیســـانســـدا هێنایەکایەوە، ئەگەرچی دوابەدوای ئەم ڕۆژگارە لە بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی ئەرســـــتۆ لە هونەری شـــیعردا چەند بابەتێک خرانەڕوو، بەڵام وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە بووە مایەی چەند شـــیکردنەوە وڕاڤەکردنێکی زۆر لەســـەر کتێبەکە. قســـەکانی ئەرســـتۆ لە باڵایی شـــیعر بەســـــەر مێژوو و

پاکبوونەوە(کاتارسیس) و یەکێتی کات لە تراژیدیا ، باس و خواسگەلێکی زۆری هێنایەپێشەوە و خۆی لەخۆیدا بووە مایەی چەند زێدەبوون و نەشونماکردنێک لە ڕەخنەی ئەدەبی چاخی ڕێنیسانسدا[٤٥].

ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپا، کە لەماوەی قۆناغی ڕێنیسانسدا زۆربەی کات لەژێر کاریگەری هونەری شیعری ئەرستۆ و باسەکانی ئەو کتێبە دابوو لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا تووشی جۆرە وەستاوییەک بوو و بابەتێکی ئەوتۆی نەخرایە سەر، هەڵبەتە پێویستە دان بەوەدا بنرێت، کە ڕەخنەی ئەدەبی لە سەدەکانی شازدەیەم و حەڤدەیەمی زایینیدا لە هەموو شوێنێکی ئەوروپادا بارودۆخێکی یەکسانی نەبوو، چونکە کاتێک کە ئیسپانییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەیەمدا تەواوی ئەوروپایان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و بینای (هیومانیزم)[٤٦]یان لە ئیتاڵیای سەدەی حەڤدەیەمدا ڕووخاند، سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ سەردەمی پشکنینی بیروباوەڕەکان، دەرکەوت. لەم ماوەیەدا بەهۆی گەندەڵی دەسەڵاتداران و گەرمی بازاڕی بەرتیل خۆری و ئارەزوو لە چێژە جەستەییەکان و لەشپەروەری و برەوی مەرایی لەنێو شاعیران و نەداری گشتی، بەرهەمێکی ئەدەبی ئەوتۆ نەخولقێنرا و لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا بزاڤێک دەرنەکەوت، لە کاتێکدا هەمان سەردەم بە یەکێک لە سەردەمە درەوشاوەکان هەژمار دەکرێت لە ئەدەبی ئینگلیزی و فرەنسیدا[٤٧].

سەدەی هەژدەیەم لە مێژووی ئەدەبی خۆرئاوادا پێگەیەکی باڵای هەیە و چەند کەسایەتییەکی وەک کۆرنێ، ڤۆڵتێر، سامویڵ جۆنسۆن کاریگەرییەکی گەورەیان خستە سەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی ئەورووپا. یەکێک لەو بەرهەمە گرنگانە لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا واتە لە ساڵی (١٧١١ز)دا بڵاوکرایەوە کتێبی (گوتارێک لەبارەی ڕەخنە Essay on Criticism) ی بەرهەمی (پۆپ)ی شاعیر و ڕەخنەگری ناوداری ئینگلیزی(١٦٨٨- ١٧٤٤ز)بوو. ئەو لەو باوەڕەدابوو، کە شاعیر و ڕەخنەگر پێویستە خوێندنەوەیەکی بەردەوامی ئەدەبی کۆنیان هەبێت، چونکە ئەوە پێشینان بوون، کە یاساکانی سروشتیان ئاشکرا کرد. ئەو لەسەر ئەم باوەڕە بوو، کە ڕەخنە و شاعیرێتی وەکو فیزیک وایە، چونکە یاساکانی سروشت فەرمانڕەوایەتی بەسەر هەردووکیاندا دەکەن[٤٨].

هەر لەو سەردەمەدا، واتە لە سەدەی هەژدەیەمدا ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەڵمانیا لە گەشەکردنی خۆیدا قەرزاری لیسینگlessing ی نووسەر و ڕەخنەگری ناوداری ئەڵمانییە. بیرۆکەکانی ئەو لە ئەڵمانیادا بیرهێنەرەوەی بیرۆکەکانی (ڤۆڵتێر)ە و ئەم وتەیەی (گۆتە) دەربارەی ئەو یەجگار بەناوبانگە کە دەڵێت: لەو دەمەی بیرۆکەکانی لیسینگ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دەرکەوتن، تەواوی ڕەخنەکانی پێش خۆی وەکو پۆشاکێکی کۆنە و داڕزاو دوور فڕێدران. گرنگیی بەرهەمە بەناوبانگەکەی (لیسینگ)، کە بەناونیشانی(لاوکۆن Laokoon)ە

بەهۆی ئەو بەڵگەکارییە ورد و ڕوونانەوەیە، کە لە بابەتەکانی ڕەخنە و جوانیناسـیدا بە دەسـیهێناوە[49]. ئەو بە توندی لەژێر کاریگەری ئەرسـتۆدا بوو و بەپاڵپشـتی زانین و شـارەزاییەک، کە لە زمانەکانی یۆنـانی و لاتینییـەوە هەیبوو، بەرهەمی ڕەخنەگرە گەورەکـانی ڕابردووی لەڕێگەی دەقە ڕەسـەنەکـانی خۆیـانەوە خوێنـدبووەوە. لیسـینگ لەڕوویێکی دیکەوە ئاشـناییەتی لەگەڵ زمانەکانی فرەنسـی و ئیتاڵی و ئیسـپانی هەبوو و سـوودی لە بەرهەمی ڕەخنەگرانی ئەدەبی ئەم زمانانە وەردەگرت و هەر بۆیە، تێگەیشـتنەکانی ئەو یەجگار پتەو و بەڵگەدارن[50].

شایەنی وتنە، بەرهەمە سەرنجڕاکێشەکانی کەسانی وەک ڤۆڵتێر و شکسپیر دەستکەوتێکی باش بوو بۆ ڕەخنەگرانی سـەدەی هەژدەیەم تا بەردەوامی بە چالاکییە ڕەخنەییەکانی خۆیان بدەن و لەم نێوانەدا هەندێجار بەرهەمی نووسـەرانی پێشـووی وەک (دانتی)ش بخەنە تای تەرازووی ڕەخنەکـاری خۆیـانەوە. لە ڕەخنەی ئەدەبی سـەدەی هەژدەیەمدا هەروەکو ئەوەی، کە پێشـووتر ئاماژەی پێکرا، وێڕای ئەو دیـدگـا تـازانەی، کە لەلایەن ڕەخنەگرانی ئینگلیزی و فرەنسـییـەوە خرانەڕوو کاریگەری ڕێبازی کلاسـیزم و بۆچوونەکانی ئەرسـتۆ هێشـتا لە بەرهەمی ڕەخنەگرانی دیاری ئەم چەرخەدا بەئاشـکرا دەبینرێت.

## ڕەخنەی ئەدەبی لە سەدەی نۆزدەیەمدا

سـەدەی نۆزدەیەم یەکێکە لە پڕ بەرهەمترین سـەردەمەکان لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا، لەم قۆناغەدا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بارودۆخی زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەب و هونەردا دەرکەوت. یەکەمین ڕووداوی ئەدەبی گرنگ لەم سـەدەیەدا بڵاوبوونەوەی ڕێبازی ڕۆمانسیزم بوو. ئەم قوتابخانەیە بەپێچەوانەی ڕێبازی کلاسیزم، کە زیاتر پشتی بە عەقڵ بەستبوو ڕووی لە بابەتە هەستەکی و سـۆزدارییەکان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا رەخنەی ئەم ڕۆژگارە کەوتە ژێر کاریگەری پێشکەوتنە زانستییەکان تائەوەی، کە ڕەنگە بتوانرێت بگوترێت، کە ڕەهەندە زانسـتییەکان زیاتر لە هۆکارە جیاوازەکانی دیکە کاریگەرییان خسـتە سـەر ڕەخنە، بەجۆرێک کە بیرۆکەکانی زانایانی وەک(لامارک) و (داروین) و (سـپێنسـەر) بووە هۆی دەرکەوتنی چەند دیدگایەکی نوێ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، ئەم تێڕوانینە تازانە، کە لە سـەرانسـەری سـەدەی نۆزدەیەمدا بەرچاو دەکەون دەرخەری هەمەجۆریی و جووڵەی فیکریی و هەسـتەکی خەڵکی ئەم سەدەیەیە.

لە قوتابخانەی ڕۆمانسـیزمدا بیرۆکە عیرفانییەکان و فەلسـەفەی یەکێتیی بوون(وحدت الوجود) و ئەدەب و فەلسـەفەی خۆرهەڵات، هەروەها کلتور و چیرۆکە مەسـیحییەکانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت دەبوونە مایەی گرنگی پێدان و سەرنج لێدان[٥١] و لە لایەکی دیکەشەوە

گرنگی و بایەخ بە بەرهەمە ئەدەبییە نوێیەکانیش دەدرا تا بتوانن وەکو شـاکارە کۆنەکان بخرێنە تەرازووی ڕەخنە و ڕەخنەکارییەوە، چونکە لە پێش ئەم ڕۆژگارەدا تەنیا بەرهەمە کلاسیک و کۆنەکان شایستەی ئەوە بوون، کە بخرێنە تای تەرازووی ڕەخنەوە.

یەکێک لە بیرە باوەکان لە سـەدەی نۆزدەیەمدا دروشـمی(هونەر بۆ هونەر) بوو، کە (تیۆڤیـل گوتییە) خسـتییەڕوو. ئەو تیرِوانینێکی زێدەڕۆییانەی هەبوو و لەو باوەڕە دابوو، کە (تەنیا شـتێک جوانە، کە هیچ سـوودێکی نەبێت و هەر شـتێک، کە سـوودێکی هەیە ناشـرینە، چونکە یەکێک لە پێداویسـتییەکان دەخاتەڕوو و پێداویسـتییەکانی مرۆڤ هەموویان نزم و ناپەسەند و قێزەونن)[٥٢].

ڕێچکە و بیروبـاوەڕی زێـدەڕۆییـانەی (گوتییە) لە سـەدەی نۆزدەیەمـدا بووە هۆی دەرکەوتنی هەر دوو ڕێبـازی نـاتۆرالیزم[٥٣] و ڕیالیزم٥٤ و ڕێبازی واقیعگەرایی یا ڕیالیزم لەڕاستیدا شۆڕشێک بوو بەسـەر تەواوی خەیـاڵپڵاوی و ئـاشـوب و ئـاژاوەکـانی ڕێبـازی ڕۆمانسـیزم و لە هەمان کاتدا وەکو کاردانەوە و ناڕەزاییەتییەک بەرامبەر بە بیرۆکەی(هونەر بۆ هونەر) هەژمار دەکرا٥٥. نووسـەرانی ڕیـالیسـت ڕوویـان لە (بـابەتی) بـوو و خـۆپـارێزییـان لە ناخگەرایی(خودی)دەکرد. دەوترێت ڕیالیزم لەوەوە شـایەنی گرنگی پێـدانە، کە ڕێبـازگەلێکی زۆری دواتر نەیـانتوانی لە بـایەخی کەم

بکەنەوە و لەم ڕووەوە بنیاتی ڕۆماننووسی نوێ و بەشێکی گەورەی ئەدەبی ئەمڕۆی جیهان لەسەر بنەمای ڕیالیزمدا هاتەکایەوە[٥٦].

هەر لەم قۆناغەدا ڕێبازی ناتۆرالیزم لە بنەڕەتدا پشتی بە تێڕوانینە فەلسەفییەکان بەستبوو و بە جۆرە بیرێکی فەلسەفی هەژمار دەکرا، ئەم قوتابخانەیە باوەڕی بە توانستی بێخەوشی سروشت(nature) هەبوو و سروشتی وەکو ئامێرێک دانەدەنا، کە لەبەر دەستی سیستمێکی سەرووتر بێت[٥٧]. ناتۆرالیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی چوازچێوەیەکی یەجگار سنوورداری هەبوو و لە سەرەتادا بە قوتابخانەیەک دەگوترا، کە ئیمیل زۆلا(١٨٤٠-١٩٠٢) و هاوەڵانی بنیاتیان نا و نزیکەی دە ساڵ(١٨٨٠-١٨٩٠) بەسەر ئەدەبی ئەورووپیدا باڵادەست بوو، ئەگەرچی لەدوای ئەوەوە وەکو ڕێبازێکی ئەدەبیی خاوەن بنیات و شێوەگرتوو نەمایەوە، بەڵام کاریگەرییەکەی لە بەرهەمی زۆرێک لە نووسەرانی سەدەی بیستەمدا بەرچاو دەکەوێت[٥٨].

لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەتەک ڕێبازەکانی دیکەدا ڕێبازێک بەناوی سیمبولیزم یا ڕەمزگەرایی دەرکەوت، کە لەڕاستیدا جۆرە کاردانەوە و یاخی بوونێک بوو بەرامبەر بە زۆربەی ڕێبازە فەلسەفی و ئەدەبییە باوەکانی ئەم سەدەیە، لەوانە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی ئۆگۆست کۆنت[٥٩] و ڕێبازی پەرناس[٦٠] و ڕیالیزم و ناتۆرالیزم. پێشەوای سیمبولیزم شارل بۆدلێر (Baudelaire)ی شاعیری فەرەنسی بوو،

ئەو کە بە یەکێک لە لایەنگرانی فەلســــەفەی هونەر بۆ هونەر هەژمار دەکرا ئەم ڕێبــازە نوێیەی بنیــاتنــا، لە تێڕوانینی بۆدلێر (دونیــا دارســـتانێکە پڕاوپڕ لە نیشـــانە و ئاماژەکان و حەقیقەت لەبەر چاوی مرۆڤی ئاســـاییدا شـــاردراوەتەوە و تەنیا شـــاعیر بەو هێز و توانا درککردنەی، کە هەیەتی دەتوانێت بە یارمەتی و کۆمەکی ڕاڤەکاری و لێکدانەوە هەست بەم ئاماژانە بکات)[٦١].

لەنێوان پەیڕەوکارانی (بۆدلێر)دا زیاتر لە هەموویان پێویســـتە ئاماژە بە ڤێرلین و ڕامبۆ و مالارمێ بکرێت، کە ڕێگەیان بۆ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی زیاتری سیمبولیزم خۆشکرد.

سیمبولیستەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کە شیعر پێویستە بە یارمەتی جوانییە مۆســـیقی و وشـــەییەکان، بارودۆخە ڕۆحی و هەســـتەکییەکان، کە ناتوانرێن ڕاســـتەوخۆ نیشـــان بدرێن، بخرێتەڕوو، لەلایەکی دیکەوە مرۆڤ دیلی چەند هێزێکی نادیار و شـــوومە، کە چارەنووســـی خۆی و ســـروشـــت دیاری دەکەن، ئەوان لەبەرئەوە هەوڵیان دەدا بارودۆخە کارەســـاتبار و تۆقێنەرەکانی ئەم هێزانە لەڕێگەی جۆرە خەون و ئەفسانەیەکدا بخەنەڕوو[٦٢].

هەمیشـــە خەرمانەیەک لە نادیاری باڵی بەســـەر چەند بەشـێک لە شیعری شاعیرانی سیمبولیستدا دەکێشا، ئەوان ئەو بیروباوەڕەیان دەخســـتەڕوو، کە هەر خوێنەرێک بەپێی هەســـت و تێگەیشـتنی خۆی بەرهەمی ئەدەبی درک دەکات، لەم ڕووەوە پێویســـتە بەرهەمەگەلێک

بهێنرێته کایەوە، کە هەموو کەسێک ئەو بەرهەمە بەشێوەیەکی ئاسایی و لێکچوو درک نەکات، بەڵکو هەر خوێنەرێک بە پشـــت بەســـتن بە بـارودۆخی ڕۆحیی خۆی و تەرازووی درککردنی خۆی مـانـایەکی دیکەی شیعرەکە تێبگات[٦٣].

ڕێبازی سیمبولیزم تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم برەوی هەبوو و بـووە هـۆی دەرکەوتـنـی چەنـد بەرهەمـێـک لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا.

پێویســـتە دان بەوەدابنرێت، کە لە ســـەدەی نۆزدەیەمدا ئامادەیی ڕەخنەگرانی فرەنســـی و ئینگلیزی لە قەڵەمڕەوی ڕەخنەیی ئەدەبیدا هەستپێکراوترە وەک لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپیدا.

یەکێک لە دیارترین ڕەخنەگرانی فرەنسـی لە سـەدەی نۆزدەیەمدا (سـانت بۆڤ)٦٤(١٨٠٤-١٨٦٩)ه. لە سـەرانسـەری سـەردەمی برەوی ڕێبازی ڕۆمانسـیزمدا ئەویان بە دەسـەڵاتداری بێ ڕکابەری ڕەخنەی ئەدەبی زانیوە، ئەو بە توندی ســروشــتخواز بوو و لە بەرهەمەکانیدا هەوڵیدەدا بگات بە جۆرە ڕەخنەیەکی زانستی و بابەتی٦٥. ئەو بنەمای ڕەخنەی میتۆدگەرای لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا تێکشـــکاند و بە تەنگەڕێیەک بۆ گەشەکردن و نەشونماکردنی داهێنانی ئەدەبی وەسفی کـرد و لەم بـاوەڕە دابـوو کە مـیـتـۆدگەرایـی نـکـۆڵـی لە جـووڵە داهێنەرەکانی عەقڵ، کە شـیاوی پێشـبینی کردن نین دەکات ، سـانت بۆڤ لەلایەکەوە هەوڵیدەدا تا بە تێڕوانینی زانســـتیی خۆی بەرهەمە

ئەدەبییەکان بخاتە ژێر تیشــکی لێکدانەوە و لەلایەکی دیکەشــەوە لەو باوەڕە دابوو، کە ناتوانرێت بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی، بەبێ ناسینێک، کە لەو بەرهەمە هەڵیدەهێنجین بیروبۆچوونەکانمان بخەینەڕوو[٦٦].

ڕەخنەگرێکی بەناوبانگی دیکەی فرەنســی لە ســەدەی نۆزدەیەمدا (هیپۆڵــت تین)٦٧(١٨٢٧-١٨٩٣)ە. ئەو کــاریگەر بوو بە فەلســـەفەی پۆزەتیڤیزمی ئۆگۆســـت کۆنت و بەهۆی زاڵبوونی ســـروشـــتگەرایی بەســـەر بیرەکانییەوە لەو باوەڕەدا بوو، کە ڕەخنەی ئەدەبی پێویســتە بەرهەمە ئەدەبییەکــان وەکو بوونەوەرە زینــدووەکــان بخــاتە ژێر کۆنترۆڵی زانســـتییەوە، بۆچوونەکانی (تین) و خوێندکارەکانی بوونە هۆی پەیـدابوونی چەنـد تێڕامـان و بیرکردنەوەیەک، کە لە کۆتـاییـدا بوونە مایەی چەمکگەلێکی بنەڕەتی بۆ (ڕەخنەی زانسـتی )و (ڕەخنەی کۆمەڵناسیی).

(تین) لە هەمان کاتدا بەهۆی تێڕوانینی تایبەتی خۆی لە ئەدەبدا ئــارەزووی بۆ جۆرە ڕەخنەیەکی ژینــاننــامەییش نیشـــانــدا، لەو بــاوەڕەدابوو،کە لە پشـــــت هەر بەرهەم و کتێبێکدا مرۆڤێـک خۆی حەشـــارداوە ســـەرەتا پێویســـتە مرۆڤێک، کە هەمان خولقێنەری بەرهەمەکەیە بخەینە ژێر تیشــکی لێکۆڵینەوە. لەم توێژینەوەیەدا تەنیا بە لێکۆڵینەوە لە ڕوخســـار و پۆشـــاک و کارە تاکەکەســـییەکانی نووسەرەکە ناوەستین، بەڵکو پێویستە بچینە ناو عەمباری هەستەکی و هێزی ناخەکی ئەو، واتە ئەوەی حەقیقەتی ناخەکی ئەوە بپشکنین و

پاش ئەوە، کە حەقیقەتی ناخەکی ئەومان بۆ ئاشکرا بوو دەست ببەین بۆ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونناسی دەربارەی ئەو[٦٨].

ڕەخنەگرێکی دیکەی فرەنسی واتە(فردیناند برۆنتییر)[٦٩] لەڕاستیدا چەسپێنەری بۆچوونەکانی تین و سانت بۆڤە. ئەویش ڕەخنەیەکی بابەتگەرایی دەخاتەڕوو، لە تێڕوانینی ئەودا ڕەخنەی ئەدەبی ئەو توانستەی هەیە، کە بە جۆرە ڕەهایەتییەک و بابەتیەتێکی زانستی بگات، ئەوەی لە بیرۆکە ڕەخنەییەکانی برۆنتییر شایەنی گرنگی پێدانە دووربوونیەتی لە ڕەخنە خودییەکان(کەسییەکان). بە تێڕوانینی ئەو چێژ وەرگرتن لە بەرهەمی ئەدەبی شتێکە و داوەریکردن دەربارەی ئەو بەرهەمە شتێکی ترە[٧٠]، واتە تەنیا چێژ وەرگرتن لە بەرهەمێک ناکرێت بەڵگە و هۆکارێک بێت بۆ بەها و ڕەسەنایەتی بەرهەمەکە.

ڕەخنەی ئەدەبی لە ئینگلتەرا لە سەدەی نۆزدەیەمدا قەرزارباری هەوڵەکانی دوو شاعیر و ڕەخنەگری ناودارە لە ئەدەبی ئەم وڵاتەدا، واتە قەرزارباری وۆردس وۆرس[٧١]و کۆلدرێجە[٧٢]، هەوڵی ئەم ڕەخنەگرانە لەوەدا بوو، کە پێوەرەکانی ڕەخنەی کلاسیک تێک بشکێنن.

پێشەکییە بەناوبانگەکەی وۆردس وۆرس بۆ سەر کۆمەڵە شیعری (هۆنراوە لیریکییەکان)[٧٣] لەڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە خاوەنی گرنگییەکی زۆرە. ئەو لەم پێشەکییەدا داهێنانی داهێنەر بە بەرزتر بەسەر بنەماو پێوەرە تەقلیدییەکان نیشان دەدات و زمان و دەربڕینە

سـادەکان بە بەرزتر لە شـێوازی سـەخت و زۆرلەخۆکارییانەی کلاسیک دادەنێت. ئەم پێشەکییە هەرچەندە لە هەندێ لایەنەوە نادیارە و باوەڕپێکراو نییە، بەڵام لە ڕیزی ئەو کارانەیە، کە وەکو شـۆڕش و کودەتایەک لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هەژمار دەکرێن.

لە ڕوانگەی (وۆردس وۆرس)ەوە شـاعیر پێویسـتە کەرەسـەی کاری خۆی لە ژیانی سـادە و ئاسـایی مرۆڤەکاندا وەربگرێت و بە زمانی ئاسـایی خەڵک و وێنەگەلێکی جوان پیشـانی بدات، هەروەها ناوەرۆکە ئاسـاییەکان لە شـکلێکی داهێنراو و نوێدا دەربخات[٧٤]، هەر چۆنێک بێت بیروباوەڕ ڕەخنەییەکانی وۆردس وۆرس و لێکدانەوە تایبەتییەکانی ئەو لە زمانی شیعر و کێش و سادەیی دەربڕین و پشت بەسـتن بە چێژ و سـەلیقە و داهێنانی شـاعیرانە کۆششـێک بوو تا پایەکانی بیروباوەر و پەیمانە کۆنەکان لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بخاتە لەرزە و تێکیان بشکێنێت.

(کۆلریدج Samuel Taylor Coleridge)ی شاعیر و ڕەخنەگری ناوداری ئینگلیزی بە یەکێک لە کەسـە دیارەکان لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوادا هەژمار دەکرێت، تێڕوانینەکانی ئەو لەژێر کاریگەری بۆچوونی فەیلەسـووف و نووسـەرانی ئەڵمانیا دایە، بەشـی زۆری بۆچوونەکانی کۆلریدج لە بەرامبەر بۆچوونەکانی وۆردس وۆرسـدا خراونەتەڕوو. ئەو ئەم بۆچوونەی وۆردس وۆرس، کە دەڵێت پێویستە زمانی شـیعر دەسـتەبژێر یا هەڵبژاردەیەک بێت لە زمانی خەڵکی لادێ

ڕەتدەکاتەوە. کۆلریدج لەو باوەڕەیە، کە پێویستە زمانێک هەڵبژێردرێت کە تێکڕای خەڵک قســـەی پێدەکەن، یەکێک لە دیدگا ڕەخنەییەکانی دیکەی ئەو، کە نـاوبـانگێکی زۆری هەیە بۆچوونی ئەوە دەربـارەی کێش و هەروەها ڕێچکەشکێنییەکانی شکسپیر[٧٥].

بە هەمان شـــێوە بەها و بایەخی کۆلریدج لای ڕەخنەگرانی نوێ بەهۆی تێڕوانینی ئەو دەربارەی یەکێتی یا(یەکێتی ئۆرگانیکی شیعر)[٧٦] و هەروەها وەســـتان لەســـەر خۆخاوەنداریێتی و خۆڕاڤەکاری[٧٧] و خۆناســـاندنی شـــیعرە[٧٨]، ئەم بۆچوونانە بۆتە هۆی بەدەســـتهێنانی پێگەیەکی بـالا بۆ ئەو لە لای ڕەخنەگرانی دوای خۆی. ئەم بەهـا و بایەپێدانە تا ئەو شـــوێنەیە کە ئەویان بە یەکێک لە ســـێ ڕەخنەگرە بەرزەکەی جیهان و لەپلەی دوای ئەرستۆ و لۆنگینۆس داناوە[٧٩].

لێرەدا ئـامـاژە کردنێک بە (ئـارنۆڵـد)[٨٠]، کە ئـامـادەییەکەی زیـاتر وابەســـتەیە بە نیوەی دووەمی ســـەدەی نۆزدەیەم شـــتێکی گرنگ و پێویســـتە، ئەو لە ڕەخنەکاریدا پێڕەوی تیۆری هونەر بۆ هونەر بوو و بەم هۆیەوە نەک تەنیا ڕەخنەی ڕەوشـتی، بگرە ڕەخنەی مێژووییشـی بە ڕێگر لەبەردەم گەیشـــتن بە هەڵســـەنگاندنێکی لۆژیکیانەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دادەنا[٨١].

شـــایەنی باســـە ســـەدەی نۆزدەیەم لەگەڵ هەمەجۆری تێڕوانینە ڕەخنەییەکان و ڕێبازە جیاوازەکاندا دەســـپێکێک بوو بۆ چوونە ناو قەڵەمڕەوی ڕەخنەی نوێ، لەوانەیە ئەمەش لەبەر ئەم هۆیە بێت، کە

زۆرێک لە ڕەخنەگرانی سەدەی نۆزدەیەم لە سەدەی بیستەمدا بەردەوامییان بە کاری خۆیاندا و هەمدیسان لەسەر هەمان بنەمایە کە هەندێک لە لێکۆڵەرانی مێژووی ڕەخنە سەدەی نۆزدەیەمیشیان لە سنور و قەڵەمڕەوی دونیای ڕەخنەی نوێ هەژمار کردووە[٨٢].

# رەخنەی نوێ

## دەسپێکی ڕەخنەی نوێ

سەدەی نۆزدەیەم وەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکرا بە سەردەمی ڕەخنەی ئەدەبی دانراوە، لە کاتێکدا، کە بێگومان سەدەی بیستەم دەکرێت بۆ ناونیشانێکی لەم جۆرە شایستەتر بێت. لەم سەدەیەدا نەک تەنیا لافاوێکی دیدگا جیاوازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بەرپا بوو، بەڵکو ڕەخنەی ئەدەبی دەستی بە هۆشیارییەکی تازە و پێگەیەکی باڵاتر گەیشت و سەرەنجام لە دەیەکانی کۆتاییدا دەستی بە تەکنیکە تازە و هەڵسەنگاندنە نوێکان گەیشت، کە لەڕووی زاراوەوە بە ڕەخنەی نوێ ناو دەبردرێت[٨٣].

ڕەخنەی ئەدەبی تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمیش تاڕاددەیەک تەنیا لە سنووری فڕەنسا و ئینگلستاندا جێگەی بایەخ بوو، لە سەدەی بیستەمدا توانی خۆی لە دەرەوەی ئەم سنورە جوگرافییە و لە وڵاتانی دیکە، کە دورەپەرێز بوون لە شەپۆلە تازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بناسێنێت و ئاشکرایە کە هەر لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی لە سەدەی بیستەمدا پێویستە ئەم فراوانی و بەربڵاوییە جوگرافییە و ئەم شۆڕشە گشتگیر و هاوکاتەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە ناوچە جیاوازەکانی لەبەرچاو بێت[٨٤].

ئەگەرچی سـەرەتای ڕەخنەی نوێ بۆ دەیەی دووەمی سـەدەی بیستەم(١٩٢٠ز) دەگەڕێننەوە، بەڵام دەسپێکی ڕاستەقینە و چەسپانی ئەم زاراوەیە لە کـاتێکـدایە، کە (جۆن کراو ڕانسـۆم) بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناونیشـانی(ڕەخنەی نوێNew Criticism) بڵاوکردەوە، ئەم ناوە لە حەقیقەتدا لە گوزارشـتی(ڕەخنەگرانی نوێ) وەرگیرابوو، کە گروپێـک لە شـارەزایـانی ڕەخنەی ئەدەبی لەم ڕۆژگـارەدا ئەم نـاوەیـان لە خۆیـان نـابوو، شـایەنی گووتنە ئەم ڕەخنەگرە نوێیـانە یەکەمین جـار لە سـاڵی ١٩١٠زلە زانکۆی ڤـانـدەربێـلـت(Vanderbilt)لەدەوری یەک کۆبوونەوە و لەنێوانیـانـدا کەسـانی وەک جۆن کراو ڕانسـۆمی لێکۆڵەر و شـاعیر و مامۆسـتای زانکۆ و خوێننکـارانێکی وەک ئـاڵن تیـت، ڕۆبێرت پۆن وارن، کلینس برۆکس دەبینران. هەڵبەتە ناونیشانێک کە ئەم کۆمەڵە کەسە لەخۆیان نـابوومـایەی ڕامـان و بگرە بێواتـا دەهـاتە بەر چـاو، چونکە هەر ڕەخنەیەک کـاتێـک بۆ یەکەمین جـار دەخرێتەڕوو دەکرێـت بە نوێ دابنرێت[٨٥].

ڕەگ و ڕیشـەکانی ڕەخنەی نوێ پێویسـتە لە سـاڵانی بەر لە سـەردەمی ئەم ڕەخنەگرانە بەتایبەت لە ناوەندی زانکۆیی کامبریج لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ بکرێـت، پێشـەوای لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی نوێ لە کامبریجدا(ئای. ئەی ڕیچاردزI.A.Richards)بوو و دوو کتێبە بەنـاوبـانگەکەی ئەو واتە(بنەمـاکـانی ڕەخنەی ئەدەبی)[٨٦] و

(ڕەخنەی پراکتیکی)[87] کــاریگەرییەکی قووڵیــان هەبوو لە فێرکــاری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیــدا، لەم نێوانەدا بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە وتــارێکی ڕەخنەیی ت.س. ئیلیەتی شــــاعیر و ڕەخنەگری ئەمریکی دانیشتووی ئینگلستان بە ناونیشانی (دارستانی پیرۆز)[88]، کە لە ساڵی ١٩٢٠دا بڵاوکرانەوە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو.

ڕەخنەی نوێ لەماوەی یەک دوو دەیە ئەزموونکاری وەها بەهێز بوو کە لە دەیەی پەنجای زاییندیدا بە باڵادەســـتترین و چالاکترین شـــێوازی ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرا، ڕەخنەگرانی نوێ ئەدەبیان وەکو (نەریت)ێک و شـــێوەیەکی ئۆرگانیکی ســـەیردەکرد و لەمیانەی بەها دانان بۆ نەریتە کلاســـیکییەکان گرنگییەکی تایبەتییان بە لێکۆڵینەوەی شـیکاری و وردی دەق دەدا[89]، کاری ئەوان پێکەوەبەســتانێک بوو لە شـــێوازی فۆرمالیســـتی و هەندێجار بونیادگەری و هەندێجاریش باڵادەســـتی و زاڵبوونی یەکێک لەم دوانە بوو، ئەوانە کە ســـەرنجی خۆیـان لە خودی بەرهەمەکە قوت دەکردەوە، خۆپـارێزییـان دەکرد لەســـەر کارکردن لە ژیانی نووســـەر و مێژووی ســـەردەمەکەی و ڕەهەندە ئابوری و سـیاســی یا کۆمەڵایەتییەکان. گرنگی ئەم ڕەخنەیە لەوەدا بوو کە لانیکەم یەک وەچەی خوێندکارانی خســـتبوویە ژێر کاریگەری میتۆدی خۆیەوە و لە پەروەردەکردنیان وەکو خوێنەرانێکی ورد و پاشانیش ڕەخنەگرانێکی ورد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو[90].

ڕەخنەگرانی نویێ هەرچەندە(دەقی ئەدەبییان) کردبوویە سەنتەر و تەوەری لێکۆڵینەوەی خۆیان و لە بابەتە دەقئاوێزانییەکاندا تا ڕاددەیەک خۆپارێزییان دەکرد، بەڵام هەمدیسان چەند جیاوازییەکیشیان لەگەڵ یەکدا هەبوو، چونکە لەتەک خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە وردی دەق هەندێجار جەختیان لەسەر ڕەوشت و هەندێجار لەسەر دەروونناسی و کۆمەڵناسی یا ئەفسانەکان دەکردەوە، ئەم ئاوێتەییە بەو هۆیە بوو کە چەند پەیوەندییەکی جۆراوجۆر لەلای ڕەخنەگرانی ئینگلیزی و ئەمریکی هاتبوویە ناو ڕەخنەی نوێوە و لەڕاستیدا بەرهەمی پێکەوەگرێدان و ئاوێتەبوونی بۆچوونی ڕەخنەگرانی ئەوروپا و ئەمریکا بوو، ڕەخنەگرانێک، کە بەپێچەوانەی هەندێک لە هەوڵەکان ناتوانرێت بە سادەیی لەیەکتر جیابکرێنەوە، چونکە ڕەخنەگرانی ئەمریکی ئەم گرووپە لە نموونەی کەسانی وەک هێنری جێمز ، ئەزرا پاوەند ، تی ئێس ئیلیەت لە ئەمریکاوە بەرەو ئینگلتەرا کۆچیان کردبوو، لەکاتێکدا کە ڕیچاردزی ڕەخنەگری ناسراوی ئینگلیزی و مامۆستای زانکۆی کامبریج چەند دەیەیەکی تەمەنی لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی بەڕێکردبوو[٩١].

## لە ڕەخنەی پڕاکتیکی ڕیچاردزەوە تا ڕەخنەی نوێی ڕانسۆم

کاتێک کە ئای ئەی ڕیچاردز بۆچوونەکانی خۆی لە کتێبەکانی بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی پڕاکتیکی خستەڕوو، وابەستەیی و پەیوەندییە سەرەکییەکانی ئەو جوانیناسی و دەروونناسی بوو و هەوڵی ئەوەی دەدا بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکاری تەرازووی ڕاستی و دروستی داوەریکردنی ئەدەبی و هەڵسەنگانی بەرهەمەکان لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا پێوەر و مەرجگەلێکی پڕاکتیکی بخاتەڕوو، ئەو لە کامبریجدا دەستی برد بۆ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی تاقیگەیی، بەمجۆرەی کە دەقگەلی شیعری نەناسراوی بە خوێندکاران دەدا و داوای لێدەکردن بەشێوەیەکی ئازادانە ئەم دەقانە ڕاڤە بکەن. ڕیچاردز لەدوای ئەوە بە کۆکردنەوەی ئەم لێکۆڵینەوە و ئەزموونانە توانی ئەو کێماسی و کەموکوڕییانەی کە لە ڕەخنەی خوێندکارانی ناوبراودا هەبوون پۆلێن بکا و بیانخاتە ژێر تیشکی شیکردنەوە و شرۆڤەکاری، ئەم کێماسییانە کە دەورووبەری دە پەڕەگراف بوون هەر لە ناتێگەیشتنی دروست لە دەق تا هەست و سۆزداری[٩٢] و لە ڕەخنەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی لەخۆ دەگرت و نیشاندەری نزمی و لەخوارەوە بوونی ئاستی ئەدەبی بوو لە ئینگلتەرا دا و سەیر لەوە بوو کە ئەم خوێندکارانە لە ڕیزی باشترین خوێنەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکان هەژمار دەکران، ڕیچاردز بە یارمەتی کارێک کە بە ئامانجی چاکسازی فێرکاری ئەدەب ئەنجامیدا کاریگەرییەکی

گرنگی لە بەڕێدابردنی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ هەبوو. کاری ڕیچاردز کە بەهۆی خوێندکارەکانی لەوانە (ویلیام ئیمپسـون)[93] بەردەوامی پێدرا[94] لەتەک هەوڵە زیرەکانەکانی تی.ئێس ئیلیەت بوونە پێشینەگەلێک بۆ دەرکەوتنی جوڵانەوەیەکی نوێ لە ڕەخنەدا کە ئەم ڕەخنەیان بە ڕەخنەی تازە یا ڕەخنەی نوێ ناوناوە. شایەنی باسە کە پێگەی ئیلیەت لە ڕەخنەی نوێدا ئا ئەو شـوێنەیە، کە هەندێجار بە باوکی ڕەخنەی نوێ ناودێریان کردووە.

جۆن کراو ڕانسـۆم، کە پاشـخان و پاڵپشـتییەکی لە ڕەخنەگرانی پێش خۆی هەبوو بە ڕەخنەگرتن بەرامبەر هەمان ئەو کەسـانە واتە ئـای ئەی ڕیچـاردز و تی ئێس ئیلیەت و ئیمپسـۆن و بڕۆنتییێر سکاڵانامە و مانیفێستێکی خستەڕوو کە نخۆی بە ڕەخنەی ئۆنتۆلۆژی (ontological critic) نـاوی دەبرد و ئەمەش دەسـپێکی ئەم جوڵانەوەیە کە بە ڕەخنەی نوێ ناوبانگی دەرکرد، بنچینەی ڕەخنەی نوێ لەسـەر خوێندنەوەی ورد(close reading) و لێکۆڵینەوەی ورد و مایکرۆییانە، یا لێکدانەوەی دەقناسـی بەشـەکانی بەرهەمەکە بوو. ئەم شـێوازە کاری بە بیر و کەسـایەتی نووسـەر، یا شـاعیر و لایەنە دەقئـاوێزانییەکـان و پێشـینەی بیروبـاوەڕەکـان و دەلالەت و هۆکارە سـیاسـی و کۆمەڵایەتییەکان نەبوو، لە شـێوازی ناوبراودا هەڵسـان بە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە ئەدەبی و واتاناسـییەکان کە لەناو خوی بەرهەمەکەدا هەبوون گرنگییەکی تـایبەتی پێـدەدرا. لەتەک

ڕانسۆم پێویستە ئاماژە بە ئالین تەیت (allen tate) و بلاکمۆڕ(blackmur) و کینس بروک(Kenneth bruke ) و کلینیت بڕۆکس و ڕۆبێرت پێن وارن( Robert Penn warren ) بکەین کە لە بڵاوکردنەوەی دیدگا نوێکاندا بەشدارییەکی زۆر و کاریگەریان هەبوو[٩٥].

## بنەماکانی ڕەخنەی نوێ

ڕەخنەی نوێ لە بنچینە و بنەماکانی خۆیدا بە سەختی لە ڕەخنەی فۆڕمالیزم نزیک بوویەوە و تا ئەو شوێنەی کە هەندێجار ناونیشانی(رەخنەی فۆرمالیست)ی لەخۆی دەنا، کلینس بڕوکس کە یەکێکە لە پێشەواکانی ڕەخنە لە وتارێکدا بەناونیشانی(ڕەخنەگری فۆرمالیست) بۆچوونەکانی ڕەخنەگرانی نوێ بەم جۆرە دەخاتەڕوو:

(( هەوەڵین سەرنجی ڕەخنەگر لە یەکێتی ئۆڕگانیکی بەرهەمەکەیە، واتە گشتگیرییەکی یەکتا و یەکانە، کە بەرهەمە ئەدەبییەکەی هێناوەتەکایەوە، هەروەها ڕەخنەگر پێویستە باس لە پەیوەندییە دژیەکەکانی بەشەکانی ناو ئەم گشتە بکات کە بوونەتە هۆی بونیاتنانی ئەم گشتگیرییە)) لە باوەڕی ئەم ڕەخنەگرانەدا- هاوشێوەی فۆڕمالیستەکان هەروەکو ئەوەی دواتر دەیبینین- فۆرم و ناوەرۆک لەیەک جیاناکرێنەوە. فۆرم هەمان ناوەرۆک و ناوەرۆک هەمان فۆرمە. ڕەخنەگرانی نوێ لەگەڵ ئەمەدا هەرگیز بانگەشەکەری ئەوە نەبوون، کە ڕەخنەکانیان تاکە ئامرازی درککردن و تێگەیشتنی بەرهەمە

ئەدەبییەکانە، ئەوان زۆر بە واقیعیبینیانەوە بنچینەی ڕەخنەی خۆیان لەسەر ڕەتکردنەوە و نەریکردنی ڕەهای نووسەر بنیات نەدەنا، بەڵکو ئەم تێڕوانینەیان ڕەتدەکردەوە کە نووسەر تاکە سەرچاوە و تاکە داوەریکاری واتا و چەمکی بەرهەمەکە بێت[٩٦]، بە دەربڕینێکی دیکە بیرۆکەی سەرەکی و بنچینەیی لە ڕەخنەی نوێدا ئەوە بوو کە واتای دەق لەو سیستەمە وشەیی و وتەییەی کە لەناو هەمان دەقدایە وەرگیراوە.

لە کۆتاییدا دەتوانرێت بنەماکانی (ڕەخنەی نوێ) بەم جۆرەی خوارەوە کورت بکرێتەوە[٩٧]:

بەرهەمی ئەدەبی وەکو دیاردەیەکی زەمەنی سەربەخۆ و وەستاو لەسەر خودی خۆی تەماشای دەکرێت.

لە شیکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا پێویستە لە بارکردنی ڕەهەندە ژیاننامەییەکانی نووسەر و مەرج و هۆکارە کۆمەڵایەتی و لایەنە دەروونناسی و ڕەوشتی یا مێژووییەکان بۆ سەر بەرهەمەکە خۆپارێزی بکرێت و هەموو سەرنجەکان لەسەر خودی بەرهەمەکە چڕبکرێتەوە.

لێکۆڵینەوەی دەق گرنگی بە لایەنە بەشەکییەکان و شیکردنەوەی وردی پێوەندییە پێکەوەبەستراوەکان و فراواتاییەکانی ناو پەیکەری پێکهاتەکان (components) ی بەرهەمەکە دەدات.

ڕەخنەی نوێ لەبنەڕەتدا شیکرددنەوەیەکی وشەییە، بەو واتایەی کە بەرهەمی ئەدەبی وەکو شێوەیەکی زمان سەیری دەکرێت کە تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی لەڕێگەی ڕووبەڕووکردنەوە و بەرامبەرکردنی لەگەڵ زمانی زانست، یا زمانی ئاخاوتن و خستنەڕووی لۆژیکی و باو دەناسرێت. ئەم شیکردنەوەیە لەسەر بنەمای ڕامان و ڕاڤەکاری واتایی و هەڵسوکەوت و کردارە دژیەکەکانی وشەکان و بارودۆخەکانی دەربڕین و ڕەمزەکانی ناو دەق بنیات دەنرێت.

لە ڕەخنەی نوێدا جیاوازی ژانرە ئەدەبییەکان ڕۆڵێکی بنچینەیی گرنگ ناگێڕێت، بەڵکو لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی پێکڕا چ لە لیریکی و گێڕانەوەیی یا دراماتیکیدا وێنە و ڕەمزەکانی ناو دەق و پێوەندییەکانی وشەکان و ڕازاندنەوە و دیکۆرکاری و پێوەندییە جوانیناسییەکانن، کە پێگەیەکی یەکلاییکەرەوە و دیاریکەریان هەیە[٩٨].

# پەراوێزەکانی فەسڵی پێنجەم

1-Barlakhoi

٢- النقدالادبی الحدیث، غنیمي هلال، دارالعودة، بیروت ١٩٨٧، ص ٢٨.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

4-A Short History of Literary Criticism, by Vernon Hall,London 1963,p.1.

5-Ion.

٦- بڕوانە: نقد ادبی، زرین کوب،ج ١، ص ٢٨١، ٢٨٢.

7- A Short History of Literary Criticism,p.2.

٨- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مبحث «تفکر یونانی»، میرمحمد شریف، ترجمه جلال الدین مجتبوی، ازکتاب تاریخ فلسفه در اسلام، م.م. شریف، مرکز نشر دانشگاهی، تهران١٣٦٤،ج١، ص٢٢.

٩- بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە:

-Cruh,G.M.A.Plato's Thought,London,1935.
-Shorey,Paul.What Plato Said.Chicago,1933.
-Taylor,A.E.Plato,London,1920.

١٠- کتێبی (وتاربێژی) بە تەواوی بە دەست ئێمە گەیشتووە،بەڵام نیوەی زیاتری کتێبی (هونەری شیعر) لەناوچووە.ئەم دوو کتێبە بۆ یەکەمجار لە لایەن (متی بن یونس) لە زمانی سریانییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە.

11-De Paribus Animaliums.
12-Metrical.

١٣- گرایشهای فلسفی در نقد ادبی، سعید عدنان، ترجمه نصرالله امامی، دانشگاه شهید چمران، اهواز ،١٣٧٦، ص ٣-٧.

14-Harmony.

١٥- ارسطو و فن شعر، ص١١٣. دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین،کە ئیفلاتوون هەردوو بنەمای کێش و سەروا بە زیانبەخش دادەنێت و پێیوایە دەبنە هۆی نابووتکردنی لایەنە باشەکانی ژیاری ومەدەنیەت.ئەرستۆ بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بابەتە لەباتی ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبە ڕووی ئیفلاتوون ببێتەوە لە دووتوێی باسێکدا ئەوە دەخاتەڕوو،کە شیعر لەسەر لاساییکردنەوە دامەزراوە. لاساییکردنەوەو ریتم یان کێش و ئاوازە بەلای مرۆڤەوە ئاساییە ومرۆڤ حەزی پێدەکات.ئەرستۆ لە لایەکی دیکەوە لاساییکردنەوە بە هۆکارێک بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانیاری دادەنێ.

16-Logical form.

17- A Short History of Literary Criticism,p.7-8.

18-ibid,8.

١٩- نقد ادبی، زرین کوب،ج١، ص٢٧٩.

٢٠-هەمان سەرچاوە،هەمان لاپەڕە.

٢١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

-By Water,Ingram: Aristotle,On The Art of Poetry,Oxford 1909.

- Cooper,Lane: The Poetic of Aristotle,Boston,1923.

-ارسطو و فن شعر، عبدالحسین زرین کوب، امیرکبیر، تهران ١٣٥٧.

-Stac,W.T: A Critical History of Greek Philosophy,1956.

٢٢- بڕوانە: نقد ادبی، زرین کوب،ج١، ص ٣١٣.

٢٣-هەمان سەرچاوە، ل ٣١٦-٣١٧.

24-Cicro,Marcus Tullius(106-43 B.C)

٢٥- نقد ادبی، زرينكوب،ج١، ص٣١٧-٣١٩.

26-On the Art of Poetry.

٢٧-دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ،کە ئەرستۆیش فێربوون و فێرکاری بە یەکێ لە سوود و دەسکەوتەکانی شاعیریی دەزانێ وئیفلاتونیش لەم ڕووەوە پێیوایە،کە ڕەنگە شاعیران ببنە هۆکاری پەروەردەیەکی خراپ وگوناهباریان دەکات،بەڵام بابەتی چێژ مەسەلەیەکی تازەیەو هۆراس وروژاندوویەتی. بڕوانە:

A Short History of Literary Criticism,p.13-15.

28-An Introduction to Literary Criticism,p.25.

29-ibibd,p.26.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی (هۆراس)ەوە بڕوانە:

- Blackeneney, E.H.Horace on the Art of the Poetry. London, 1928.
- Cook, A.S. The Art Of Poetry. New York, 1926.
- Wilkinson. L.P.Horace and His lyric Poetry. Cambridge, 1946.

٣٠- بڕوانە: نقد ادبی، زرين كوب،ج ٢ ، ص ٣٠٤-٣٠٥.

٣١- هەمان سەرچاوە،ج ٢، ص ٣٠٦.

٣٢- هەمان سەرچاوە،ج ٢، ص٣٠٧.

33- Longinius, Dionysious Cassius.

34- On the Sublime.

35- An Introduction to Literary Criticism, p 26.

٣٦- نقد ادبی، زرينكوب،ج ا، ص ٣٠٩-٣١٠.

٣٧- هەمان سەرچاوە،ج ا، ص ٣١٢.

38- An Introduction to Literary Criticism, p. 27.

39- Organic unin

40- ibid, p. 28.

٤١- بڕوانە: نقد ادبی، زرين كوب،ج ١، ص٣١١.

42- An Introduction to Literary Criticism, p. 28.

بۆ زانیاری زیاتر دربارەی لۆنگینوس بڕوانە:

- Henn, I.R. Longinius and English Criticism, Cambridge, 1934.
- Henn, TR. On the Sublime, Tr. by W.H. Fyfe. New York, 1927.
- Monk, S.H. The Sublime: A Study of Critical Theories in Eighteenth century, England, New York, 1932.
- Robert s, W.R. Longinius on the Sublime, Cambridge, 1935.

٤٣- دیارە ڕێنیسانس سەرەتا لە ئیتالیا و دواتر لە ئینگلستان و فرەنسا دەرکەوت.

44) An Introduction to Literary Criticism, p. 29.
45) A Short History of Literary Criticism, p. 21.
46) Humanism

٤٧- بڕوانە: مکتبهای ادبی، رضا سیدحسینی، چاپ دوم، انتشارات کتاب زمان، تهران، ١٣٦٥،ج١، ص ٤٤-٤٥.

48) A Short History of Literary Criticism, p. 70-71.

٤٩- نقد ادبی، زرین کوب،ج ٢، ص ٤٢٠.

٥٠- النقدالادبی، احمد امین، ي٢٩٥-٢٩٦.

٥١- نقد ادبی، زرین کوب،ج ٢، ص ٤٥٥.

زاراوەی رۆمانتیزم لە رووی دەربڕینەوە لە وشەی رۆمانتیسیسزم Romanticisme ی فرەنسی و رۆمانسیزم Romanticimی بەربڵاوترە بۆیە ئەوەمان بەکارهێناوە.

٥٢- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

53) Naturalism
54) Realism

٥٥-نقد ادبی،زرین کوب،ج٢،ص٢٥٦.

٥٦- مکتبهای ادبی،ج ١،ص١٤٣.

٥٧- هەمان سەرچاوە،ج١،ل ٢٢٩.

٥٨-هەمان سەرچاوە،ج١،ل ٢٣٠. لەسەر بنچینەی تێڕوانینێکی هەڵە،ناتورالیسم لە وڵاتی ئێمە بە ڕێبازێکی وەها ناسراوە،کە تەنیا وەسفی جوانیی سروشت دەگرێتەوەو ناشیرینییەکان نا دیدە دەگرێت.یڕوانە:هەمان سەرچاوە،ج١،ص٢٢٩.

59) Positivism.

60) Parnassus.

٦١- مکتبهای ادبی،ج ٢،ص٣٠٥.

٦٢و٦٣- هەمان سەرچاوە،ج٢،ص٣٢٣ -٣٢٤.

64) Sainte Beuve (1804-1869)

٦٥- نقد ادبی زرین کوب،ج ٢، ص٤٦٠

66) A Short History of Literary Criticism, p. 99-100

67) Hippolyte Adophe taine (1828-1893).

68) A Short History of Literary Criticism, p1, 109.

69) Ferdinand Brunetiere (1849-1906).

٧٠- بڕوانە: نقد ادبی زرین کوب،ج ٢، ص٢٦٥.

71) W.Wordsworth (1770-1850).

72) Coleridge (1772-1834)

73) Lyrical; Ballads. First included in the second edition of 1800 revised
with an Appendix, 1802.

74) A Short History of Literary Criticism, p. 79.

75) An Introduction to Literary Criticism, p. 54.

76) Organic unity.

77) Self Justifiying.

78) Self difining.

٧٩-رک: نقد ادبی، زرین کوب،ج ٢، ص ٤٩٢.

80)Matthew Arnold (1822-1888).

٨١- نقد ادبی، زرین کوب،ج ٢، ص ٥٠٢.

٨٢- النقدالادبي، احمد امین، ص ٢٨٧.

83) Concept of Criticism, Rene Wellek, London 1971, p. 344.
84) ibid,p. 344.
٨٥- تاریخچه نقد ادبی، هال، ص٢٠٧.
86) the Principles of Literary Criticism.
87) Pratical Criticism.
88) Sacred wood.
٨٩- رک: راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص ٩٤-٩٥.
٩٠- بڕوانە هەمان سەرچاوە، هەمان ئەو لاپەڕانە.
٩١- بڕوانە:تاریخ نقد جدید،ص٢٨.
92) Sentimentality
93) William Empson
94) An Introduction to Literary Criticism, p. 69.
95) Cuddon, "New Criticism", p. 422.
96) Critical theory and Practice, p. 222
٩٧- ئەم خاڵەیە وا دەکات، کە ڕەخنەی نوێ زۆر زۆر لە ڕەخنەی فۆرمالیستی نزیک بێتەوە.
98) - Critical Theory and Practice, p.222.
- A dictionary of Literary Terms, Cuddon, p. 422.
- A Glassory of Literary Term, Abrams, p.246-8.
هەروەها: راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص ٩٤.

# فەسڵی شەشەم

## ڕەخنەی دەقەکان، یا ڕەخنەی دەقناسی

### ناساندنێکی گشتی

ڕەخنەی دەقەکان و ساغکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان دوو زاراوەی ئاشـــنان، زۆربەی کات وەکو هاوواتای یەکتر بەکار دەهێنرێن و لەڕاستیدا کارکردنێکی هاوشێوەی یەکیان هەیە، بەڵام لەنێو نووسەرە تەقلیدییەکان زاراوی (نساغکردنەوەی دەقەکان )شتێکی باوترە[1].

ڕەخنەی دەقەکان شـــارەزایی و کارامەییەکە بۆ ئاشـــکراکردنی ئەو هەڵانەی کە لە دەقدا هەن و هونەری هێنانەدەرەوەی ئەو هەڵانەیە[2]، ئەم شـــێوازەی ڕەخنە بە ئامانجی گەیاندنی دەق بەرەو دروســـتی و ڕەسەنایەتی سەرەتایی خۆی سوودی لێ وەردەگیرێت و دەکرێت لە چەند بارودۆخێکی فراوانتر لەوە، کە تەنیا نوســـخەیەک لە دەقەکە بوونی هەبێت، یا چەندن نوســـخە و چاپکراوێکی زۆری بەرهەمەکە بوونی هەبێت بەکار بهێنرێت.

ڕەخنەی دەقەکان کە پێشـــی دەڵێن ڕەخنەی دەقناســـی[3] یا ڕەخنەی دەقی، وێڕای ئەوەی کە بنەما و دەســـپێکێکە بۆ شـــێوازەکانی دیکەی ڕەخنەی ئەدەبی، بە پڕاکتیترین و پتەوترین تێڕوانینیش لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هەژمار دەکرێت[4].

کاتێک کە ڕەخنەی دەقەکان لە سەر شکڵی ساغکردنەوەی دەقەکان دەردەکەوێت ڕەخنەگر هەوڵدەدات بە سوود وەرگرتن لە و نوسخانەی کە هەن و بەیارمەتی سەرچاوەگەلی دیکە هەڵە و پەڵە و کێماسییەکانی دەق ڕاســـت بکاتەوە و چاکیان بکاتەوە و بەهەمان ئەو شـــێوەیە ڕەســـەنەی کە لەژێر دەســـتی نووســـەر یا خاوەنی بەرهەمەکە هاتۆتە دەرەوە بگەیەنێت، یا لانیکەم نزیکی بکاتەوە لە شـــێوە ڕەســـەنەکەی خۆی.

## ڕەخنەی دەقەکان و بەرهەمە هاوچەرخەکان

ڕەخنەی دەقەکان بەپێچەوانەی بۆچوونەکان تەنیا بەرهەمە کۆن و دەســتنووســەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دەکرێت لەبارەی دەقە هاوچەرخ و بەرهەمە چاپکراوەکانیش جۆرە ڕەخنەیەکی ڕاســـت و شـــیاو بێت، چونکە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی هــاوچەرخ دەکرێــت بەهۆی چەنــد هۆکارێکەوە لایدابێت لەوەی کە نووسەر مەبەست و مەرامی لێ بووە، لە دەقی دەســتنووســدا دەشــێ وشــەیەک ســڕابێتەوە یا بە ڕێنووســی هەڵە نووســـرا بێت و هەمان ئەم هەڵەیەش کەوتبێتە ناو دەقەکەوە و

ئاشـکرایە کە وازهێنان و پەراوێزخسـنی ئەم کێماسـییانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەقەکە بە شێوەیەکی هەڵەدار بڵاوبێتەوە[٥].

هەندێجار چاپە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمێک کە کاتێکی زۆر بەسـەر هەوەڵین بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکە تێنەپەڕیوە جیـاوازیگەلێکی زۆر لەڕووی وشـە و تەنانەت دەربڕینەکانیش نیشـان دەدات و ئەم جیـاوازییـانە بە هەر هۆیەک بێـت پێویسـتی بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی دەقناسـی هەیە[٦]. ڕەخنە و سـاغکردنەوەی دەقە نوێکان هەندێجار بەشـێوەی پێداچوونەوە و بەئاگاداری و داوای خاوەن بەرهەمەکە دەکرێت و دەرئەنجامەکەی بۆ بەهـا و مـانەوەی دەقەکە شتێکی گرنگ و پێویستە[٧].

هەر چۆنێک بێت، ئەگەرچی ڕاسـتکردنەوە و پێداچوونەوەی دەقە چاپکراوەکان تا ئەندازەیەکی زۆر لە دەقە دەسـنووسـەکان ئاسـانترە، بەڵام دەقە چاپکراوەکانیش دەکرێت لە هەندێک لایەندا بە ئەندازەی دەقە بەدەسـت نووسـراوەکان لەڕووی دانانەوە و نووسـینەوەی دروستی وشەکان یا دەربڕینەکان کێشە دروستکەر بن.

## کورتە مێژوو و پێشینەیەکی ڕەخنە و ساغکردنەوەی دەقەکان

ڕەخنەی دەقەکان لە مێژووی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا پێشـینەیەکی یەجگار کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمانی بەر لە لەدایکبوونی مەسیح و لەنێو یۆنانییە کۆنەکاندا چالاکییەکی ناسراو و باو بووە.

ســـــاغکردنەوە و ڕەخنەی دەقەکان لەنێو زانایانی ئەســـــکەندەرییە بە تەوەرێکـی لـێکـۆڵـینەوە ئەدەبـییەکـان هەژمــار دەکـرا، چـونکە نوســـــخەگەلێکی زۆری بەرهەمە زانســـــتی و ئەدەبییەکـان، کە لە کتێبخانەکانی ئەسکەندەرییە دەپارێزران بۆ دەست گەیشتن بە دەقێکی پاڵفتە و مشـــــتوماڵکراو دەخرانە ژێر لێکۆڵینەوە و ســـــاغکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ئەمیـنـداره کـارامەکـانـی ئەم کـتـێبـخـانـانە کە بـانـاوبـانگترینیـان(ئەریســـــتۆڤـان)[8]ی خەڵکی(بیزانس)[9] بووە بە ڕاستکردنەوە و مشت و ماڵکردنی شیعرەکانی هۆمێر لەوانە(ئەلیادە و ئۆدیسا) و بەرهەمی تەواوی نووسەرانی یۆنانی هەڵساون[10].

باوانی کڵێسـا پاشـتر سـوودیان لە زۆرێک لە تەکنیکەکانی ڕەخنەی دەقی لەسەر شێوازی بەکاربردنەکانی ئەدیبانی یۆنانی و ئەسکەندەری وەرگرت و بە جێبەجێکردنیان لەســـــەر تایبەتمەندییەکانی کتێبەکانی پەیمـانی کۆن و پەیمـانی نوێ(تەوڕات و ئینجیـل) هەڵســـــان بە ڕاستکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی کتێبی پیرۆز.

لە دەوروبەری ســـــەدەی چوارەمی زاییندا ڕەخنەی دەقەکان بە تەواوەتی جێگیر و فراوان بوو، تائەوەی کە (ســـانت ئۆگســـتین)[11]یش ئەو توانا و دەرفەتەی بەدەستهێنا کە بابەتەکانی وابەستە بە ڕەخنەی دەقی بخاتە ژێر تیشکی تێڕامان و هەڵسەنگاندن.

کەلەپوری لێکۆڵینەوە دەقناســـــییەکان پاشـــــتر لە ســـــەدەکانی ناوەڕاســـــتیشـــــدا بەردەوامی هەبوو و بەهێز بوو و لە قوناغەکانی

دواتریش سەردەمێک بەهۆی کێشکردنە تایبەتییەکانی خۆی سەرنجی هەندێک لە شـــاعیر و نووســـەرانی گەورەشـــی بەرەو ڕووی خۆی ڕاکێشـا بۆ نموونە (میلتۆن)ی شـاعیری ناسـراوی ئینگلیزی لەسـەر بنەمای ئەو دۆکیۆمێنت و نووسـراوانەی کە هەبوون چەند تێڕامانێکی لە ڕەخنەی دەقەکـان هەبووە و گرنگترین کـاری ئەو بریتییە لە پەراوێزنووســـی و ســـاغکردنەوە و پێداچوونەوە بەســـەر دەقە تراژیدییەکانی (ئۆرۆپیدس)ی شـــانۆنامەنووســـی کۆنی یۆنانی. ئەم پەراوێزنووسـییە پێکرا چاکسـازی لە وشـەکان و جێگۆڕکێی وشـە و دەربڕینەکان و خاڵبەندی و هەندێک لە پێشـــنیازە دەقناســـییەکان دەگرێتەخۆی[١٢]، شـایەنی گوتنە ڕەخنەی دەقەکان بەشـێوە زانسـتی و نوێکەی خۆی لە ســـەدەی نۆزدەیەمی زایینییەوە لەنێو ئەوروپییەکاندا بووە شتێکی باو.

ڕەخنە و ڕاســـتکردنەوەی دەقەکان لە کلتوری ئیســـلامیشـــدا پێشـــینەیەکی دێرینی هەیە و وا دەردەکەوێت کە لە ســـەدەی ســـێیەم بەدواوە برەوێکی چـاکی پەیـدا کردووە. یەکێـک لە کۆنترین ئەو بەرهەمـانەی کە لە دەقە ئیســـلامییەکـانـدا خراوەتە بەر ڕەخنە و سـاغکردنەوە کتێبی(المجسـطی)[١٣]یە، کە (سـهل بن ڕەببان تەبەڕی)ی خەڵکی(مەڕو) بۆ عەرەبی وەریگێڕا و حەجاج بن یوسف مطرحاسب لە دەوروبەری ساڵی ٢١١کۆچی- هەیڤی تێیڕاما و چاکسازی تێدا کرد و پاشـان(حنین بن اسـحاق) و دوای ئەویش(محمد التبانی= لە ٣١٦ی

کۆچی- هەیڤی مردووە) ڕاســـــتکردنەوە و پاکســـــازییان بۆ هەمان وەرگێڕان کرد[١٤].

پێشــینەی ڕەخنە و ڕاسـتکردنەوەی دەقەکان بۆ چەند سـەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، یەکێک لەو کەسانەی کە دەستی بۆ ئەم جۆرە کارە بردووە سەنایی غەزنەویی شاعیری ناوداری ئێرانییە، کە دیوانی (مەسعوود سەعد)ی ساغکردۆتەوە[١٥].

وا دەردەکەوێت کە ڕەخنە و ساغکردنەوەی دەقە فارسـییەکان لە ســـــەدەی نۆیەم بەدواوە برەوێکی زیاتری پەیداکردووە، یەکێک لەو بەرهەمانەی کە لە دەوروبەری هەمان ســـــەردەم بە بەرامبەرکردنی چەند نوسخەیەکی کۆن ساغکرایەوە شانامەی باینسقەرییە، کە خاوەن ناوبانگێکی زۆرە[١٦]، لەپاش ئەوە لە سەردەمی سەفەویدا بەرهەمگەلێی وەک دیوانی حافز و مەسـنەوی مەعنەوی و خەمســەی نیزامی خرانە بەر ڕەخنە و ساغکردنەوە[١٧].

لە ســـەدەکانی یازدەیەم تا ســێزدەیەمی کۆچی نیمچە قارەی هیند بە یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی ڕاســـــتکردنەوە دەقە فارســــییەکان هەژمار دەکرا و بەرهەمگەلێکی زۆر لەڕێگەی ئەدیب و شیکەرەوەکانی ئەو وڵاتە ڕەخنەکاری و ساغکردنەوەی بۆ کرا. لەم قۆناغەدا لە نیمچە قارەی هیند چەند ئەدیبێک پێیان نایە ناو مەیدانی ڕەخنەکاری دەقەکانەوە، کە بەشـــی زۆری تەمەنیان لەم پێناوەدا ســـەرف کرد بۆ نموونە عەبدوللەتیفی عەبباســـــی(لە ١٠٤٨ یا ١٠٤٩ی کۆچی- هەیڤی

مردووه) حەدیقەی حەقیقی سەنایی لەسەر بنەمای چەندین نووسخە ساغ کردەوە و ئامادەکرد و نوسخەیەکی مەسنەوی مەعنەوی لەسەر بنەمای زیاتر لە حەفتا نوسخەی دەستنووس هێنایەکایەوە[١٨]، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا ئەوەی جێگەی باسە ئەوەیە، کە ڕەخنە و ساغکردنەوەی پێشینان بۆ دەقەکانی پێشوو بەهۆی ئەوەی کە لە تەکنیکی زانستی و ڕەخنەکاری ئاگادار نەبوون و زۆربەی کات شارەزاییان لە قۆناغە زانستییەکانی نوسخەناسی نەبووە، بۆیە پڕن لە کێماسی و نادروستی و زیادەخستنەسەرە بێسوود و پاش و پێش کردنە ناپەسەندەکان لە دێڕ[٤] و دەربڕینەکاندا[١٩].

ساغکردنەوەی دەقە فارسییەکان بەشێوازە زانستی و نوێکەی خۆیەوە لەسەردەمی بڵاوکردنەوەی نوسخە دەستنووسە فارسییەکان لە هیندستان لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە دەستی پێکرد و یەکێک لە هەوەڵین ئەو بەرهەمانەی، کە بەم شێوازە ساغکرایەوە و چاپکرا گوڵستانی سەعدی بوو، کە لەسەر بنەمای نوسخەیەک ، کە وا دەردەکەوێت بە یەک ئەڵقە و پێناو دەگاتەوە نوسخە ڕەسەنەکەی خۆی بە کۆششی (ا.سپرینگەر=A.sprenger) لە ساڵی ١٨٥٢ی زایینی لە کالکۆتا بڵاوکرایەوە.

---

[٤]: لە دەقەکەدا نووسراوە ادبیات، کە بە واتای ئەدەب دێت، بەڵام پێدەچێت مەبەستی نووسەر (ابیات)بێت، کە بەواتای دێڕەکان دێت و ئەمەش لەگەڵ کۆنتێکستی ڕستەکەدا گونجاوترە بۆیە دەشێ ئەمە هەڵەی تایپ بێت.و.

لە سەدەی ئەمڕۆماندا مامۆستایانی هەمیشە لەیادی وەک عەللامە قەزوینی و مامۆستا عەبباس ئیقبال ئاشتیانی یەکەمین کەسانێک بوون، کە دەستیان بۆ ڕەخنە و ڕاستکردنەوەی ڕەخنەگرانەی دەقەکان لە ئێراندا برد ، سەرەڕای ئەوانە لێکۆڵەر و مامۆستایانی دیکەی وەک خوالێخۆشبوو بەدیعولزەمان فروزانفەر و سەید موحەممەد مشکوە و جەلالەددینی هومایی‌یش لەم پێناوەدا کۆششێکی زۆریان کردووە و ڕەخنە و ساغکردنەوەی دەقەکان بە شێوازە نوێکەی قەرزارباری هەوڵەکانی ئەوانە[20]، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هێشتا بۆ گەیشتن بە قۆناغەکانی پێگەشتن و کەماڵ لە ڕەخنەی دەقەکانی فارسیدا ڕێگەیەکی درێژ لە بەردەممان دایە.

## گرنگی و پێویستی ڕەخنەی دەقەکان

گشت تیۆریستانی ڕەخنەی ئەدەبی لەم خاڵەدا کۆکن کە هەر جۆرە ڕەخنەکارییەک لە دەقە ئەدەبییەکاندا وابەستەیە بە بوونی دەقێکی دروست و باوەڕپێکراو، چونکە ڕەخنەگر دەبێت دڵنیایی و متمانە بەدەست بهێنێت لەوەی کە لە هەمان ئەو بەرهەمە دەکۆڵێتەوە کە لە ئەسڵدا لەژێر دەستی خاوەنی بەرهەمەکە، واتە شاعیر یا نووسەر هاتۆتەدەرەوە، ئەو پێویستییەی کە وتمان لەبارەی بەرهەمە چاپکراو و نوێکانیش هەر ڕاستە، بەڵام لەبارەی دەقە کلاسیکییەکان شتێکی خۆ لێ لانەدراوە، چونکە دەقەکانی پێشینان بەهۆی بەبەرزدانان، یا هەڵە جۆراوجۆرەکانی نووسەر و نووسخەنووسەکانەوە زۆربەی

کات دوچاری دەســت تێوەردانێکی ناهۆشــیارانە بوونەتەوە، دەســت تێوەردانێک کە هەندێجار ڕاستەوخۆ دەقە ئەدەبییەکانی خراپ کردووە و وایلێکردووە کە شیاوی سودلێوەرگرتن نەبێت.

بە دەربڕینێکی دیکە گرنگی ڕەخنەی دەقەکــان ، کــاتێــک زیــاتر هەســتی پێدەکرێت کە ڕەخنەگری ئەدەبی ڕووبەڕووی چەند دێڕێکی شــێواو و بێ واتا و کێش و ســەروای عەیبدار و وشــە و دەربڕینە دەســـــکاریکراوەکان دەبێتەوە[٢٢] و ســــەرنجام کارەکەی ئەو بەهۆی شــێواوی دەقەکە دەوەســتێت و هەر جۆرە چالاکییەکی ڕەخەگرانەی وابەســـتە پێی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ، کە بۆ بەردەوامیدان بە کارەکە دەقێکی چاککراو و پاکتاوکراوی لەبەر دەســـــت بێت و بەم هۆیەوەیە کە دەگوترێت: ڕەخنەگری دەقی(= دەقناســـــی) هەوەڵین کەســــێکە لە کۆمەڵی ڕەخنەگران کە جەســتەی دەقی ئەدەبی بۆ توێکارییەکی زیاتر ئامادە دەکات.[٢٣] بۆ نموونە نووســــخە جۆراوجۆرەکانی دیوانی حافز لەماوەی چەند ســـەدەدا بە چەند هۆکارێکی جۆراوجۆر کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان لە دەرەوەی ســــنوری کارەکەی ئێمەدایە دوچاری چەند کەموکورتی و گیروگرفتێک بوونەتەوە، کە دەشێت گشتیان لەم حەوت خاڵەی خوارەوەدا دەست نیشان بکەین:

- هەندێ لە نوسخەکان غەزەلە ساختەکان لەخۆدەگرن.
- هەندێک لە نووســـخەکان غەزەلە ڕەســـەن و ئۆرژیناڵەکانیان تێدا نییە.

- هەندێک لە غەزەلە ڕەسەنەکان چەند بەیتێکی ساختە لەخۆ دەگرن.
- هەندێک لە غەزەلە ڕەسەنەکان بەشێک لە بەیتە ڕەسەنەکانیان تێدانییە.
- لە زۆرێک لە غەزەلە ڕەسەنەکاندا ڕیزکردنی دێڕەکان شێوەیەکی شێواوی هەیە.
- دانان و ڕیزکردنی وشەکان لە زۆرێک لە بەیتە ڕەسەنەکان هەڵەیە یا دەسکاریکراوە.
- هەندێک لە شیعرە ڕەسەنەکان ، کە سەربەخۆن(بەتایبەت مەسنەوییە هاوکێشەکان) بەشێوەیەکی هەڵە لەگەڵ یەکتر تێکەڵکراون و لەسەر شێوەی تاکەشیعرێک دانراون و مامەڵەیان لەگەڵ کراوە[٢٤].

ئاشکرایە کە سەرەڕای ئەم کێماسییانە هەر جۆرە ڕەخنەیەک لە دیوانی حافزدا پێویستی بەهەوڵێکە بۆ دەستگەیشتن بە دەقێکی ڕاستکراوەی پتەو و ڕەسەن.

ڕەخنە و ساغکردنەوەی دەقەکان لەگەڵ ئەو پێگە دیار و تایبەتەی خۆی و ئەو هەموو وردەکاری و گرنگییەی کە تێدیایە، نابێت وەکو دوا ئامانج سەیری بکرێت و بەسەر ڕەهەندەکانی دیکەی ڕەخنەی ئەدەبی بار بکرێت و بسەپێنرێت، چونکە دەشێ دەقناسان دەقی ئەدەبی بە تیژبینییە تایبەت و هۆشمەندانەکانی خۆیان بخەنە ژێر

تیشــکی لێکۆڵینەوە و پشــکنین، لەکاتێکدا ئاوڕ لە ڕەهەندە هونەری و ئەدەبییەکــان، یــا مێژووییەکــانی بەرهەمەکە نەدەنەوە و چــاڵاکییە ڕەخنەییەکانیان لەچوارچێوەی ڕەخنەی دەقەکاندا نەچێتەدەرەوە[٢٥].

## گۆڕانکاری و ساختەکاری لە دەقەکاندا

ئەو ئەرەکە ســــەرەکییەی ڕەخنەی دەقناســــی لەخۆی دەگرێت هێنانەدەرەوە و چاکسازیکردن و ڕاستکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بەپێی ڕۆژگار یا بەهۆکاری ڕووداوەکان و لایەنە تایبەتەکانەوە دێتە ناو دەقەکان و بەم هۆیەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ڕەهەند و لایەنەکانی ئەم گۆڕانکــاری و لادانــانە لەپێش چوونەنــاو لێکۆڵینەوە دەربــارەی شێواز و تەکنیکی ڕەخنەی دەقەکان شتێکی گرنگە.

میراتە ئەدەبییە کۆنەکان هەر لە بەرهەمە پەخشــانییە جۆراوجۆرەکان تا دیوانەکانی شاعیران زۆربەی کات بەهۆی لاوازی ئاستی هۆشیاری نووســــەران یا هۆکارگەلێکی دیکە کە دێن، دوچاری چەند لادان و گۆڕانکارییەک، یا زیادە خســــتنەســــەرێک هاتوون کە بنەبڕکردن و چاککردنیان پێویستی بە ئاگایی و وردبینی و هەوڵێکی جیددیانە هەیە.

ئەو گیروگرفتانەی کە لەســەر شــێوەی دەســت تێوەردان یا هەڵەی نووســــەرەوە و نووســــخەنووســــەکان هاتۆتە ناو دەقە کۆنەکانەوە یەکێکە لە باوترین و پێشبینیکراوترین ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەکرێت دەقی ئەدەبی لە دروســتی و ڕەســەنایەتییەکەی خۆی دور بخاتەوە. هەندێک لەم کێمــاســــی و گۆڕانکــارییــانە بەهۆی هەڵەخوێندنەوەی

نووســـــەر، یـا هەڵەی گوێ لێگرەكەی-ئەگەر دەقەكە لەســــەر ئەو نووسـرابێتەوە- دێنەپێشـەوە، بەڵام لە هەمان كاتدا نزیكی و لێكچوونە وێنەییەكانی هەندێك لە پیتەكان لەگەڵ یەكتریدا و شـــێوازی تایبەتی نووســـین و خەتیش دەبنە مایەی ئەم جۆرە گیروگرفتانە بۆ نموونە لەو دێڕە شیعرەی خوارەوەی سەعدی ڕەنگە بەم هۆیەوە بووبێت كە وشەی(حور) بە (مور)گۆڕاوە:

سبزپوشان خطت بر گرد لب          همچو مورانند گرد سلسبیل

نووسەرەوە لەم دێڕەدا پیتی (ح)ی بەشێوەیەكی پڕ نووسیوە كە بە (م) خوێندراوەتەوە و لەئەنجامدا خوێنەر و نووســـەرەوەكانی دواتر (حوران)یان بەشێوەی (موران) خوێندۆتەوە[٢٦].

وێڕای هەڵە و نائاگایی، یا مەبەســـت و مەرامگەلێك كە هەندێجار بۆتە هۆی دەســـت تێوەردانی نووســـخەنووســـەكان هۆكارگەلێكی دیكەش شـــایەنی باســـكردنن لەوانە یەكێك لەم هۆكارانە هەوڵی نووسـەرەوەیە بۆ بەخێرایی نووسین و كاری زیاتر بۆ بەدەستهێنانی دەسهەقی زیاتر، چونكە سەردەمێك لەبەرگرتنەوەی كتێب تاكە ڕێگەی بژێوی ژیانی نووســەرەوە و نووســخەنووســان بووە و بەم هۆیەوە ماندوێتی و هەڵەی چاوی نووسەرەوان دروستی نووسخەی خستۆتە مەترسییەوە[٢٧].

هەندێجار وا دەهاتە پێشـــەوە، كە نووســـەرەوەكان تایبەتمەندییە شـــێوەزارییەكانی دەقیان درك نەدەكرد و هەندێك لە نووســـین و

تۆماره دروستەکانیان بە هەڵە دادەنا و بەم هۆیەوە لەدەقدا بە مەرامی چاکسازیکردن لە هەڵە ئەگەرییەکان(ئیحتیمالییەکان)دەستوەردانیان دەکرد و بەدەربڕینێکی دیکە هونەر و وەستاکاری خۆیان تێدا دەنواند .

نموونەیەکی دیکە لە دەستێوەردانی نووسەرەوەکان هێنانەناوەوەی پەراوێزەکانی کتێبەکانە بۆ ناو دەقەکە، ئەم پەراوێزانە، کە زۆربەی کات بەهۆی خوێنەرانێکی نەناسراو لە گۆشە و تەنیشتی کتێبەوە دەنووسران، نووسەرەوە و نووسخەنووسانی دواتر دەخستە هەڵەوە و ئەوانەیان وەکو بەشێکی دەقەکە هەژمار دەکرد و لە لەبەرگرتنەوەی دواتری کتێبەکەدا دەیانخستە ناو دەقەکە و دەبوونە مایەی چەند پاشکۆ و زیادەخستنەسەرێکی نارەسەن لە دەقەکەدا.

گۆڕانکاری و گیروگرفتەکانی دەق هەندێجار ڕاستەوخۆ لە ئەگەر و مەزەندەی هەڵەی نووسەرەوەکان سەرهەڵدەدات و وابەستە دەبێت بە توانای شاعیر لە بەکارهێنانی وشەکان و بونیات، یا تەنانەت پەیوەست دەبێت بە تەنگ و چەڵەمەکانی کێش و سەرواوە، ئەم گۆڕانکارییانە لە هەندێک بواردا زۆرجار دەبێتە هۆی نادیاری و ئاڵۆزی، یا بێتوانایی لە گەیاندنی بابەتدا. ڕەخنەگری دەقەکان دەبێت ئاگاداری ئەم جۆرە کەموکوڕییانە بێت و ئەگەرچی ڕێگەی پێنادرێت گۆڕانکاری لە دەقەکەدا بکات، بەڵام هەرچۆنێک بێت ڕوونکردنەوە و ئاماژەگەلێک لەلایەن ئەوەوە دەکرێت شتێکی ڕۆشنکەرەوە و بەسوود

بێــت، ئەو کەمتەرخەمی و لەبەرچــاونەگرتنــانەی، کە گوتران لە بەکارهێنانی شــــاعیرانی پێشـــــینان هێندە نییە بۆ نموونە لەم دێڕەی خوارەوەی مەنوچەهریدا وشــەی(مؤَّذن) بەشـێوەی(مؤذ`ن) و وشــەی (محب_ر) بەشێوەی (محب-ر)هاتووە:

نعایم پیش او چون چار خاطب    به پیش چار خاطب چار مؤذن[28]

به زیر پر قوش اندر همچون چرخ دیباها

به پر کبک بر خطی سیه  چون خط  محبرها[29]

یا ســەعدی لەو دێڕەی خوارەوە کرداری(نوشـیدن)ی بۆ هەنگوین و مریشـــک و بەرخ بەکارهێناوە لەکاتێکدا هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم فرمانە بۆهەنگوین شیاوە، بەڵام بێگومان بۆ مریشک و بەرخ نەشیاوە مەگەر بە یاریدەی ڕوونکردنەوە تایبەتەکان[30] نەبێت:

**کسان شهد نوشند و مرغ و بره          مرا روی نان نبیند تره**[31]

دەست وەردانە چێژدارییەکانیش هەمیشە بە یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانکارییەکان یا ئەو دەستێوەردانانە دادەنرێت، کە خۆیان خزاندۆتە ناو دەقەکانەوە[32]، ئەم دەســـــت تێوەردانانە زۆربەی کات بە بیانووی جوانترکردن یا چاکترکردنی دەق بووە و ئەگەرچی یەک بەباری خۆی دەکرێت بە جۆرە داوەریکردنێکی چێژداری ســـــەیری بکرێت، بەڵام واقیعیەت ئەوەیە کە ئەم جۆرە دەست تێوەردانە لەڕووی دەقناسی و ڕەخنەی دەقەکانەوە شـــتێکی ناڕەوا و بێســـوودە، چونکە لە گشـــت

بارێکدا ئەم شێوە جوانترە، تەنانەت ئەگەر بەکردارەکیش ببێتە مایەی بەرزوبالاکردنی جوانی بەرهەمەکە وابەستە نییە بە شاعیر یا نووسەرەوە، بەڵکو بە ساختە و گۆڕانکاری نووسەرەوە یا ساغکەرەوە لێی دەڕواندرێت.

ئەم خاڵە سەبارەت بە دەستێوەردانی چێژدارانە ، کە لەلایەن نووسەر یا شاعیر، یا بەگشتی لەلایەن خاوەنی بەرهەمەکەشەوە بووبێت شتێکی ڕاستە. لە بارێکی وەهادا بارودۆخەکە تەواو جیاواز دەبێت بۆ نموونە وادەردەکەوێت، کە حافز بەشێک لە وشەکان، یا دەربڕینەکانی غەزەلەکانی خۆی گۆڕی بێت، ئەم خاڵە کە تەنیا مایەی سەرنج و تێڕامانی لێکۆڵەرانی حافزناسییە، لەبارەی تێکڕای شاعیران یا نووسەرانیش لەئارادایە و لەبنەڕەتتدا لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواشدا شتێکی بێ پێشینە نییە، بۆ نموونە دەربارەی جێمس جۆیس(١٨٨٢-١٩٤١)ی نووسەری ناوداری ئیرلەندی وایان نووسیوە، کە ئەو لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا(ئۆلیسیسulysses ) هەندێک لە هەڵە و دەسکاریکردنە پیتچنی و چاپییەکانی بەباشتر لە دانان و ڕیزکردنەکانی خۆی داناوە و لە دەقی بەرهەمەکەی خۆیدا شوێنی بۆکردووەنەتەوە و پارێزگاری لێکردوون[٣٤]. لە بارودۆخێکی وەهادا هەڵبەتە بارەکە جیاواز دەبێت و گۆڕانکارییەکە پێویستە لە زومرەی جۆرە پێداچوونەوە و سەرلەنوێ خوێندنەوەیەکی خاوەنی بەرهەمەکە

بۆ بەرهەمەکەی خۆی لێی بڕوانرێت و وەکو شـێوەیەکی دروسـت و ڕەسەنی دەقەکە دابنرێت و بپارێزرێت.

## مەرج و تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەگری دەقەکان

ڕەخنەی دەقەکـان پێکهـاتەیەکە لە زانین و هونەر. ڕەخنەگر لە مەیدانێکی وەهادا پێویســـتە ســـەرباری هۆشـــیارییە تەکنیکییەکانی وابەستە بە نووسخەناسی و وردەکارییەکانی و هەروەها ئاشناییەتی لە پڕۆســـەی ســـاغکردنەوەی دەق، خاوەنی چێژ و مەعریفەیەکی ئەدەبیش بێت تا داوەریکردنەکەی لەبارەی دروســـتی ئەو دەقەی کە ســـاغیکردۆتەوە ببێتە جێگەی باوەڕ و تەنانەت ســـەرتریش لەمە دەگوترێت کە ڕاستکەرەوەی شایستە و ڕەخنەگری خوازراو کەسێکە کە لەیەک کـاتـدا کتێبنـاس، ڕەخنەگر، مێژوونووس، نوســـخەنـاس، خەتنـاس و زمـانەوان و فەلســـەفەزانیش بێت[٣٥]. ئەم مەرجـانە بەم هۆیەوەیە، کە هیچ ڕاســـتکەرەوەیەک ناتوانێت بە کۆمەکی مەزەندە و زەینی خۆی لایەنە زمانی ، مێژوویی ، هەواڵ و بەســـەرهاتەکان، وتە و ناوە کەســـی و جوگرافییەکانی بەرهەمێکی نەناســـراو بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و ســـەرنجـامیش ســـاغی بکـاتەوە، کەواتە کـاری ئەو ســـەرەڕای زانیاری و هۆشـــیارییە پێویســـتەکان لەم زەمینەیەدا ، پێویســتی بە توانا و تاقەتێکی تەواو بۆ پێداچوونەوە بە ســەرچاوە و دەقە جۆراوجۆرەکان و لەسەرخۆیی و هێمنی دەبێت[٣٦].

لە ســـــەردەمی ئەمڕۆماندا هەر جۆرە چالاکییەکی لێکۆڵینەوەکاری وابەستەیە بە شارەزاییەکانی زانیاری بەدەستهێنان و پشت بەستن بە توانســـتەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری.ڕەخنەگری دەقەکان پێویســـتە لە بەکارهێنانی تۆڕەکانی زانیاری گەیاندنیش ئاگادار بێت و بتوانێت ئەو ســەرچاوە و ژێدەرانەی کە مەبەســتیەتی لە کتێبخانە جۆراوجۆرەکان بەدەست بهێنێت و لەم ڕووەوە ئاشنایيەتی لەگەڵ کتێبخانە گرنگەکان و هەروەهـــا ئـــاشـــــنـــایـــیەتـــی بە پـــێـــرســـــــت و کـــتـــێـــبە ژێدەرییەکان(ئینســکلۆپیدییەکان) و شــێوازە جۆراوجۆرەکانی دانان و تۆمارکردنیان لەڕیزی ئەو ئامرازنەن کە ڕەخنەگری دەقەکان پێویستە خۆی پێیان پێبگەیەنێت[37].

بەهەمان ئەو شێوەیەی کە پێشتر گوترا کاری ڕەخنەگری دەقەکان تەنیا پشـــت بەســـتن بە زانیارییە زانســـتی و شـــارەزایی و کارامە تەکنیکییەکـان نییە، چونکە ســــەرەڕای ئەم بـابەتـانە چەنـد بۆنە و لایەنێکی بەشـەکیش دێتەپێشـەوە کە ڕەخنەگر پێویستە لەڕێی داهێنان و خولقاندن و ئەزمونگەرایی ڕەخنەگرانەی خۆی دەرەقەتیان بێت و بەهەر حاڵ چەند لایەنێک لە کارەکە لە ڕیزی تێگەیشـتنە داهێنەرانە و خولقێنەرانەکاندایە.

## پرۆسەی ڕاستکردنەوەی دەقەکان

بە ســــەرنجدان لە بابەتەکانی پێشـــوو لەوە تێدەگەین، کە هەوڵی ڕەخنەگر و ساغکەرەوەی دەقەکان ئەوەیە، کە بە سوود وەرگرتن لەو

نوســـــخانەی کە هەن دەقێک بهێنێتەکایەوە کە لە ترۆپکی نزیکایەتی بێت لەگەڵ دەقە ئۆرژیناڵەکە و ئەو دەقەی کە لەژێر دەســـــتی خاوەن بەرهەمەکەدا هاتۆتەدەرەوە. ڕاستکەرەوە(ساغکەرەوە) بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پێنج قۆناغ تێدەپەڕێنێت، هەر یەک لەم قۆناغانە دەشـــــێت گونجاو بێت لەگەڵ دەقێک کە دەخرێتە ژێر ڕاســـــتکردنەوە و لەڕووی ڕاددەی گرنگییەوە خاوەن گرنگییەکی زیاتر یا کەمتر بێت، قۆناغەکان بریتین لە:

**کۆکردنەوەی نوسخەکان.**

1. لێکۆڵینەوە و پشکنینی نووسخەکان.
2. هەڵبژاردنی نوسخەی سەرەکی.
3. ڕاستکردنەوەی نوسخەی سەرەکی.
4. باس و شـــــیکردنەوە و ڕوونکردنەوەکانی وابەســـــتە بە دەقە ڕاستکراوەکە.

**١.کۆکردنەوەی نوسخەکان**

نوســـــخە وشـــــەیەکە بۆ هەر بەرهەمێکی دەســـــنووس، تایپکراو، بەدەســـــت نووســـراو، یا چاپکراو بەکاردێت. بۆ ڕاســـــتکردنەوەی دەق پێویستە هەموو نووسخەکانی وابەستە بە بەرهەمەکە بەشێوەیەکی ماندونەناســـــانە کۆبکرێنەوە، مەگەر ئەوەی کە ئاشـــــکرا بێت کە نوسخەیەک بێ بەها و بایەخە.

مێژووی مردنی نووســـــەر یــا خــاوەن بەرهەم بنەمــایەکە بۆ ڕەچاوکردنی ڕێکخستنی زەمەنی نوسخەکان و بەم هۆیەوە ئاشکرایە کە نوسـخەی کۆنتر ئەو نوسـخەیەیە، کە نووسـینەوەکەی نزیکتر بێت لە مێژووی مردنی نووســـــەر، لە ڕویێکی دیکەوە وا بــاوە کە ئەو نووســـخانەی وابەســـتە بن بە پاش مێژووی مردنی نووســـەرخاوەن بەها و بابەخێکی بەرز نین.

ڕەنگە لە هەنـدێ بواردا کۆکردنەوەی تەواوی نووســــخەکـان بۆ لێکۆڵەر بەهەر هۆیەک بێت شـتێکی ناکردە و نەشـیاو بێت، بەڵام هەر چۆنێت بێت هەوڵدانێکی  یەجگار زۆر لەپێناو کۆکردنەوەی نووســـخە ڕەســــەنەکــان شــــتێکی گرنــگ و پێویســــتە. کــاتێـک کە ساغکەرەوە(ڕاستکەرەوە) هەست بکات کە نزیکەی هەشتا لە سەدی نووسخەکان و هەروەها ڕەسەنترین و ڕاستترین نووسخەکانی لەبەر دەستدایە دەتوانێت دەست بە کارەکە بکات، چونکە کارێکی لەم جۆرە باشـــترە لەوەی کە بۆ هەمیشــــە لە چاوەڕوانی کۆکردنەوەی تێکڕای نووسخەکان بێت و ئەو دەقەشی کە مەبەستە هەرگیز بڵاونەبێتەوە و نەکەوێتە بەردەســـتی هەواداران. ئەوەی شـــایەنی باســـە کە، ئەگەر دەقێکی باوەڕپێکراوتری بەرهەمەکە لە داهاتوودا، یا دوای کۆتاییهاتنی ڕاسـتکردنەوە و چاپکردن بەدەسـت بکەوێت دەکرێت وەکو دەرفەتێک بێت بۆ ســـەرلەنوێ چاوخشـــاندنەوە بە بەرهەمەکە و دەســـتکەوتە

نوێکان بەشـــێوەی گوتارێک، یا پاشـــکۆیەک بخرێتە ســـەر دەقە ساغکراوەکە.

کاتێک کە هەموو یا زۆرینەی نوســـخە کۆن و ڕێک و پێکەکانی بەرهەمێک ئامادە بێت بەشـــێکی گرنگ لە کارەکە بەکۆتا هاتووە، چونکە سەختی و دژواری لە کاتێکدایە، کە ئەو نووسخانەی لەئارادان هەڵە و باوەپێنەکراو بن و ڕاســـتکەرەوە بیەوێت لەم نوســـخە هەڵانە دەقێکی پاکسازکراو و مشتومالّکراو دەربخات[٣٨].

**٢.لێکۆڵینەوە و پشکنینی نوسخەکان**

کۆکردنەوە ولێکۆڵینەوەی نوســـخەکان لە ڕاســـتیدا قۆناغگەلێکی هاوکات و نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، چونکە لەم قۆناغەدا پێویســـتە پلان دابنرێت کە پێویســـتە کام لە نووســـخەکان کۆبکرێنەوە. ئەم پلانە لەم ڕووەوەیە کە هەر نوســـــخەیەکی بەرهەمەکە وێڕای ئەوەی کە نوســـخەیەکی بەرهەمەکەیە ناکرێت شـــیاوی ســـود لێوەرگرتن بێت، بەڵکو ئەم کۆکردنەوەیە پێویستی بە دووربینی و قوڵبوونەوە هەیە.

**٣.هەڵبژاردنی نوسخەی سەرەکی**

هەڵبژاردنی نوســـخەی ســـەرەکی کارێکی ورد و ســـەختە، چونکە ڕاستکەرەوە لەم قۆناغەدا پلان دادەنێت کە کام نوسخە بکاتە بنەڕەت و بنەمای کارەکەی، نوســـــخەیەک کە وەکو نوســـــخەی ســـــەرەکی هەڵدەبژێردرێت پێویســـــتە ڕەســـــەنترین و ڕاســـتترین نوســـخە بێت، بۆچوونی زۆرینە ئەوەیە کە نوســـخەی ســـەرەکی ئەو نوســـخەیە کە

سەرەڕای دروستترین ، کۆنترین نوسخەش بێت، بەڵام هەرگیز نابێت وا گومان بکرێت کە کۆنترین نوســـخە یا بەپێی زاراوەکە ئەوەی کە پێیدەوترێن(بەراییترین نوســـخە) هەمووکات ڕاســـتترین نوســـخەیە، چونکە دەشـێت بەم جۆرە نەبێت، لەبەر ئەم هۆیە ڕاسـتکەرەوە نابێت ڕاستەوڕاست بە کۆن بوون یا بەراییترین بوونی نوسخە دڵی خۆش بکات و هەڵخەڵەتێت، کۆنی نوسـخە بەشـێوەیەکی گشـتی لە مێژووی نووســـینەوەکەی دەزانرێت، بەڵام هەندێجار دەشـــێت نوســـخەیەک ماوەگەلێکی زۆر بەســـەر نوسـینەوەی تێپەڕیبێت و پاشـــان مێژووی لەسەر نوسرا بێت، لەبەرئەوە دەستنیشانکردنی کۆنی نوسخە تەنیا بە پشـت بەسـتن بە مێژووی نووسـینەوەکەی نازانرێت، بەڵکو پێویسـتە ڕاســـتکەرەوە بە چەنـد خوێنـدنەوەو لێکـدانەوەیەکی وەک کـاغەز، مەرەکەب، شـێوازی خەت، شـێوازی داڕشـتنی وشـەکان و تەنانەت بەرگ، کۆنی نوسخە دەستنیشان بکات.

لە کۆتاییدا هەڵبژاردنی نوسـخەی سـەرەکی و چڕکردنەوەی کاری ڕاسـتکردنەوە لەسـەر ئەو نوسـخەیە یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی ڕەخنە و ڕاستکردنەوەی دەقەکان.

**٤.تەواوکردنی نوسخەی سەرەکی**

تەواوکردنی نوسـخەی سـەرەکی لە ڕاسـتیدا قۆناغێکی هەسـتیار و ئەنجام بەخشـــە لە پڕۆســـەی ڕاســـتکردنەوە و ڕەخنەی دەقدا. لەم قۆناغەدا دەشـــێت بە ســـێ شـــێواز کار بکرێت تاوەکو بە نزیکترین

شـێوەی ڕەسـەنی نوسـخەکە، واتا ئەو شـێوەیەی کە لەژێر دەسـتی نووسـەر یا خاوەنی بەرهەمەکە هاتۆتەدەرەوە بگەیت، ئەم شـێوازانە ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرنەوە:

١.دانانی نوسـخەی سـەرەکی وەکو دەق و تۆمارکردن خوێندنەوە و لێکدانەوەکانی دیکە ، کە لە لەناو نوسـخەکانی دیکە و لەپەراوێزی دەقدا هەن ، لەم بارودۆخەدا ڕاسـتکەرەوە لە گۆڕانکاریکردن لە ڕێکخستنکاری نوسخەی سەرەکی خۆپارێزی دەکات، گرنگی ئەم کارە لەوەدایە کە نوسخەیەک ی باوەڕپێکراوی بەرهەمێک فەراهەم بووە و سـەرەڕای ئەوەش شـێوەگەلێکی جۆراوجۆری نوسـخە جێگرەوە(بەدیل)کانیش بۆ تێگەیشـتنە گریمانەیی و کۆشـشـکارییەکان(ئیجتیهادییەکان)ی خوێنەرانی خاوەن زانیاری بەدەست دەخرێت.

**٢.ڕاستکردنەوەی دەق لەسەر بنەمای شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و دەقناسانە:**

ئەم کارە لەڕووی ڕەخنەی دەقناسـییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە. شـێوازی ناوبراو کە لەڕاسـتیدا بەدەسـتەوەدانی ڕاسـتکردنەوەیەکی پانۆرامایی (=پێکەوەبەستراو)ی بەرهەمەکەیە، زۆربەی کات لەبارێکدا بەکار دەبردرێت کە نوسـخەیەکی زۆر باوەڕپێکراوی بەرهەمەکە لەبەردەسـتدا نەبێت و ئەو نوسـخانەی کە هەن هەڵەدار و ناڕێک و پێک بن. لەم شێوازەدا ڕاستکەرەوە پێویستە ئاشنابیەتی لەگەڵ زمان و شـێوازی خستنەڕوو و بابەتی بەرهەمەکە هەبێت و لە لێکدانی ئەو

پاشـــماوە و ئەرشـــیڤانەی کە هەن باشـــترین و بەرزترین شـــکڵ بەدەســـتەوە بدات. جێی بیرهێنانەوەیە، کە ئەم شـــێوازە پێویســـتی بە شـــارەزاییەکی زۆر هەیە و ڕاســـتکەرەوە نابێت بە هۆی بێتوانایی لە بەدەســـتخســـتنی نوســـخەی ڕەســـەن یا بێتوانایی لە هەڵبژاردنی نوســـخەیەک وەکو نوســـخەی ســـەرەکی، خۆی بە ڕێگەپێدراوی ڕاســـتکردنەوەی پانۆرامـایی بزانێت، بەڵکو وەکو ئەوەی وترا ئەم شـــێوازە کاتێک پەســـەندە، کە هیچ یەکێک لەو نوســـخانەی کە هەن باوەڕپێکراو و ڕێک و پێک نەبن[٣٩].

٣.چـاککـردنـی گـۆڕانـکـارییـە ڕووداوی و نـاخـودیـیـەکـان(= ئەو گۆڕانکـارییـانەی کە بە هۆی ڕوداوەوە یـا بەهۆی دەســـتێوەردانی نووسەرەوەن) لە دەقدا. کارکردنی ئەم شێوازە لە چەند بارودۆخێدایە کە چـاککردنی هەنـدێـک لە گۆڕانکـارییە بەڕووداوەکـان( واتە ئەو گۆڕانکـارییـانەی، کە بەهۆی ڕووداو و ڕێکەوتێـک بەســـەر دەقەکە هاتوون.و) لە دەقەکەدا شـــتێکی خۆ لێ لانەدراو بێت. ئەم کارە کاتێک دێتەکایەوە، کە ڕەخنەگر بەتەواوەتی ئاشـــنای ئامانج و مەبەســـتی خولقێنەری بەرهەمەکە بێت. لەم شـــێوازەدا ڕەخنەگر یا ڕاســـتکەرەوە بە چاککردنی ڕێنووســـی وشـەکان و نیشـانداندانی خاڵبەندی دروسـت و تەنانەت لە هەندێک بارودۆخدا هەڵدەســـتێت بە جیاکردنەوەی بابەتە ســـەرەکییەکـان لە بـابەتە لاوەکییەکـان بەیـارمەتی نیشـــانەکـانی خاڵبەندی[٤٠].

### ٥.شیکردنەوە و ڕاڤەکاری دەق

کاتێک ڕاستکەرەوە دەقێک ڕاستدەکاتەوە، هەندێجار پێویستی بە نیشاندانی چەند ڕوونکردنەوەیەک بۆ بابەتە چاکسازی تێداکراوەکان هەیە. ئەم ڕوونکردنەوانە پێویستە بە ڕەچاوکردنی پوختنووسییەوە بنوسرێتەوە و گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی خوێنەر بۆ نموونە ئەگەر دەقەکە بۆ سوودوەرگرتنی خوێندکاران ئامادەکراوە ئەوا پێویستە ئەم ڕوونکردنەوانە زۆر پوخت بکرێن و بەشێوەی یادداشتگەلێک لە پەراوێز یا وەکو چەند کۆمێنتێکی دەقەکە بهێنرێنەوە، بەڵام ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەقناسی ئامادەکراوە و ڕووی قسە لە کەسانی زیرەک و شارەزایانی دەقە کلاسیکییەکانە، ئەوا پێداویستییەک دەبێت گشت زانیارییە بنچینەیی و تایبەتمەندەکان نیشان بدرێت، لەهەمان کاتدا پێویستە وریا ئەوە بین کە هەندێک لە ڕەخنەگرە دەقناسەکان گرفتاری ئەم دودڵییە یا ئارەزووە دەبن کە تەواوی مەعریفە و زانیارییەکانی خۆیان، کە هەرچەندە خوێنەریش پێویستی پێیانەوە نەبێت لە پەراوێز یا لە کۆمێنتەکان نیشان بدەن و پەراوێز و کۆمێنتەکانی کتێبەکە وەکو هەلێکی گونجاو بۆ خۆنوێنی و گەورەیی دەستەبەر بکەن.

ڕاستکەرەوە لەتەک ڕوونکردنەوە تەواو گرنگەکان پێویستە پێڕستێکی وشە و گوزارشت و ناو و بابەتە پێویستەکان و ئەگەری

دیکە ئامادە بکات و تەنانەت پێڕسـتێکی بابەتی بۆ دەقەکەش فەراهەم بکات[٤١].

لەتەک ئەو شـێوازانەی، کە باسـیان لێوەکرا ، هەندێجار ڕاسـتکەرەوەکان دەسـت بۆ (ڕاسـتکردنەوەی مەزەندەیی )[٤٢] دەقەکە دەبەن، ئەم شێوازە کاتێک ڕێگەپێدراوە کە ئەو تاکە نوسخەی دەقەکە کە هەیە هەڵەدار و ناڕێک و پێک بێت و ڕاسـتکەرەوە هەوڵبدات ئەو نوسـخەیە بەشـێوەیەکی تاڕاددەیەک ڕاسـت نیشـان بدات. ئەم کارە پێویسـتی بە کارامەیی و زانینێکی قووڵی ڕاسـتکەرەوە لە زمان و وشەکان و شێواز و بونیاتی ڕێزمانی و دەربڕینیی(بیانی) بەرهەمەکە هەیە. ڕەخنەگر لەم شـێوازەدا بەهەمان شـێوە پێویسـتە زانیاریەکی قووڵ و بـاوەڕپێکراوی لە بـارەی بـابەتی کتێبەکەوە هەبێـت. لە ڕاسـتکردنەوەی مەزەنـدەییـدا زۆرجـار هەنـدێـک لە تێبینییە چـێـژداریـیەکـانـیـش بـتەوێ یـا نەتەوێ دێـنە نـاوەوە، بەڵام ڕاسـتکردنەوەیەکی لەم جۆرە بێگومان ئەگەر پاڵپشـت بە هۆشـیارییە زانسـتی و تێگەیشـتنە کۆشـشـکارییەکان(ئیجتیهادییەکان) نەبێت، ئەوا ناکرێت وەکو دەقێکی باوەڕپێکراو لێی بڕوانرێت.

# پەراوێزەکانی فەسڵی شەشەم

١- راستکردنەوەی دەق لە راستیدا رەخنەی دەقە، چونکە راستکردنەوەی دەق بەبێ روانینێکی رەخنەیی ناتوانێ بە کەماڵ بگات.بڕوانە: نقد و تصحیح متون، نجیب مایل هروی، آستان قدس رضوی، مشهد١٣٦٩.

٢- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ویلفرد ال.گورین و دیگران، انتشارات اطلاعات، تهران١٣٧٠، ص١٩.

3-Textual Criticism

٤- بڕوانە: یادداشت ها و اندیشه ها، عبدالحسین زرین کوب، طهوری، تهران ١٣٥١، ص ٤٢.

٥- هەروەها بڕوانە: راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص٤٠.

٦- بۆ شارەزایی دربارەی هۆکار و کێشەکانی دەق لە دەقی چاپکراو دا بڕوانە:

An Introduction to Literary Criticism, p. 6. ، تێکستی چاپی لەوانەیە بە هۆی کێشەی سیاسی و تێبینی سیاسی یان عورفی یا ئایدیۆلۆژی یان هەر مەسەلەیەکی ترەوە لە هەندێ چاپدا بە ناچاری تووشی سڕینەوە یان لابردنی هەندێ وتارو بابەت بێت،بۆیە توێژەر دەبێ لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ئاگای لەو حاڵەتانە بێت، چونکە زۆر لەو بابەتانە نرخ و بەهای خۆیان بە باش یان خراپ بە هۆی ئەو لابردنامەوە لەدەست دەدەن.

٧-پێداچوونەوەوچاکردنەوەو دەسکاریکردنەکەی «عەزرا پاوەند Ezra pound بۆ کتێبی وێرانەخاک

The Waste Landی «تی٠ئێس٠ئیلیوت–T.S.Eliot است، کە لە قەسیدەیەکی ئاساییەوە کرد بە شاکارێک لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، نموونەیەکی بەرچاوە.

8-Aristophanes.

9-Byzantium.

١٠- خاوەن کتێبە بەناوبانگەکانی ئەو کتێبخانەیە برێتی بوون لە زندوتوس Zendotus خەڵکیEphesus و ئیرستارخس خەڵکی Samotrace ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Principes of Textual Criticism, by James Throp, California,1972, P.81.

11-St.Augustine

12-ibid, p.81-82.

١٣- المجسطی Almageste ناوی نامەیەکە دەبارەی ئەستێرەناسییە لە دانانی (بطلمیوس)ە.

١٤- نقد و تصحیح متون، پێشوو، ل ٢٣١.

١٥- بڕوانە: یادداشتها و اندیشه ها،ص٣٠-٣١.

١٦-ئاماژە بەو شنامەیە،کە بە فەرمانی بایسنقەری کوڕی شاهروخی تەیموری بە خەتێکی زۆر جوان لە ساڵی ٨٢٩.ک نووسراوەو شاکارێکی هونەری و ئەدەبییە.

١٧- بڕوانە: نقد و تصحیح متون، ص ٢٣٣-٢٣٤.

١٨- هەمان کتێب، ل٢٣٥.

١٩- هەمان کتێب، هەمان لاپەڕە، هەروەها یادداشتها و اندیشە ها، ص ٢٩.

٢٠- نقد و تصحیح متون، ص ٢٤٥.

٢١- نقد ادبی، زرین کوب،ج١، ص٢٩٠ ، شیوههای نقد ادبی، دیچز، ص٥١٠.

٢٢- نقد ادبی، زرین کوب،ج ١، ص٩٦.

٢٣- راهنمای رویکردهای نقد ادبی،ص٤٢.

٢٤- جامع نسخ دیوان حافظ، مسعود فرزاد، دانشگاه شیراز، شیراز ١٣٤٧، ص١١.

٢٥-بڕوانە:نظریەء ادبیات، رنه ولک / اوستن وارن، ترجمه ضیاء موحد و پرویز مهاجر،نشر اندیشه های عصر نو، تهران ٣٧٣١، ص٥٣.

٢٦- بڕوانە:: نقد و تصحیح متون، ص٨٢.

٢٧- هەمان سەرچاوە، ل٧١-٧٤.

٢٨- دیوان منوچهری، تصحیح محمد دبیر سیاقی، ص٦٣.

٢٩- هەمان کتێب، ل ٣.

٣٠- سەرنجێک هەیە، کە فرمانی ناوبراو لە چەمکی خوازەیی خۆیدا فراوانتر بۆتەوەو بەکارهێنانی ئەم وتەیە (لادان)ی زمانی تێکەوتووە.

٣١- بوستان سعدی، تصحیح غلامحسین یوسفی، چاب دوم، انتشارات خوارزمی، تهران،١٣٦٣،ص٧١.

٣٢- دەقە کۆنەکانی فارسی، پڕیەتی لەم جۆرە دیاردانە.

33-Principles of Textual Crirticism,p.4.

34-ibid,p.22.

هەروەها بڕوانە::

A. Walton List, Uses of the Finnegans Wake manuscripts, London 1966, p.100.

٣٥- شیوە های نقد ادبی، پێشوو، ص ٥٠٩.

٣٦- نقد و تصحیح متون، ص٢٦٧.

٣٧- نظریەء ادبیات، پێشوو، ص٥٤.

٣٨- یادداشتها و اندیشه ها، ص٢٧.

٣٩- بڕوانە: نقد و تصحیح متون، ص ٢٧٩-٢٨٠ هەروا:

Principles of Textual criticism, p. 186.

٤٠- هەندێ لە رەخنەگرانی دەق لەو باوەڕەدان، کە هەڵەچن لە هێنانی نیشانەکانی سجاوندی اه دەقە کۆنەکاندا خۆپارێزی بکات،بە تایبەتی دەقی

شیعری، تاوەکو خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ خوێنەر نەیەتە پێشەوەو خوێنەر بتوانێت خوێندنەوەی جیاواز شێوەی رەسون دیاری بکات.، بەڵام لە دیدی دەقناس و رەخنەگرانی رۆژئاواییەوە،نووسینی دەسپێکی هەندێ لە وشەو گوزارشتەکان (Capitalization) لارکردنەوەی هەندێ وشە (Italization) و هەروەها چاکردنی رێنووسی وشەو نیشانەکان کاری سەرەکی هەڵەچنن،بۆیە ئەو مەسەلە وێنەییانە بیش لەوانەیە تێگەیشتنی دەق دژوار بکات و بزربوونی نیشانەیەکی وەستان یان وێرگوڵێک ببێتە هۆی ئاوەژووکردنی چەمکەکە. بڕوانە:

-Principles of Textual criticism, p. 130.

-An Introduction to Literary criticism, p. 7-8.

٤١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Principles of Textual criticism, p. 183-199.

٤٢- بڕوانە: نقد و تصحیح متون،ص٢٨١-٢٨٢.

# فەسڵی حەوتەم

# رەخنەی رەوشتگەرایی

## باسێکی گشتی دەربارەی پێشینەی ڕەخنەی ڕەوشتگەرایی

لەنێو جۆرە باوەکانی ڕەخنە لە ڕۆژگاری ئێمەدا ڕەخنەی ڕەوشتگەرایی خاوەن پێشینەیەکی کۆنترە. (ئەفلاتوون) لە کۆماردا سەرنجی لە کاریگەری ڕەوشتیی شیعر داوە و ئەرستۆ مەسەلەی پاکژبوونەوە بە پەند و عیبرەت وەرگرتن لە چارەنووسی پاڵەوانان باس دەکات و هۆڕاس بۆ سوودبەخش بوونی شیعر لەتەک بەها هونەریی و جوانیناسییەکانی پشتی بە ڕەهەندە ڕەوشتییەکان بەستووە. ئەم سەرنج و گرنگیدانە بە زەمینە ڕەوشتییەکان پاشتر لە قۆناغی ڕێنیسانسیشدا بەردەوامی هەبوو . ڕەخنەگرانی پاش ڕێنیسانس و قۆناغەکانی پاشتر لەوانە(ساموێل جۆنسۆن) و (ماتیۆ ئارنولد)یش پێگەیەکی زۆریان بۆ ڕەوشت داناوە[1]. لە سەدەی

نۆزدەیەم و بیستەمی زایینیدا بەهەمان شێوە پشت بەستن بە زەمینە ڕەوشـــتییەکان لە هەندێک لە ڕێباز و دیدگا ئەدەبییەکاندا درێژە و بەردەوامی بەدەسـت خسـت، بەڵام بە گرنگیدان بە بەها سـۆزداری و ئەدەبی و جوانیناسییەکان جێگە و پێگەیەکی بەرزتریان بەدەست هێنا. بەربڵاوی و برەوی لەمێژینە و جاودیدانەی ڕەخنەی ڕەوشـــتگەرایی زۆربەی کات قەرزارباری پارێزگاری لێکردنەکانی فەیلەســووف و پیـاوانی ئـایینی و مرۆڤنـاســەکـان بووە و لەوەوەی کە ڕەخنەی ڕەوشـتگەرایی زیاتر لەپەیوەندی لەگەڵ ئاییندا خراوەتەڕوو هەمیشـە بۆتە مایەی پارێزگاری لێکردنێکی زۆر لەلایەن خەڵکی ڕەشــۆک و چاکســازیکەرە کۆمەڵایەتییەکان و لەم ڕووەوە لە زۆربەی زمان و کلتورەکاندا ئەو بەرهەمە هونەرییانەی کە خاوەن بارێکی ڕەوشـــتین لەبەرامبەر ئەوانەی کە بارودۆخێکی ڕەوشـــتییان تێدانییە زۆر زیاتر بووە.

بێگومان ریســـگەلێکی ئاشـــکراو پەنهانی زۆر دەتوانن ئەدەب بە ڕەوشـــت ببەســـتنەوە. پەندئامێز بوونی ئەدەب یەکێکە لەو بابەتانە. ئەدەب هەمیشـــە نموونەگەلێکی زۆری ئەزموونکـارییە مرۆییەکـانی پێمان نیشانداوە تا بەو هۆیەوە داواخوازی سیفاتە ڕەوشتییەکان بین و لە خراپەکان دوور بکەوینەوە. داســـتانەکان لەڕوێکەوە خـاوەنی بارێکی ڕەوشـتین و ئەفسـانەکانیش کە بەیەکێک لە گرنگترین پاڵپشـتە نـاواخنییەکـانی ئەدەب هەژمـار دەکرێن هەنـدێجـار بونیـاتێکی تەواو

ڕەوشـــتییـان هەیە، لە ڕوویێکی دیکەوە تراژیـدییە کۆنەکـانیش بەپێچەوانەی ئەوەی هەنـدێک لە ڕەخنەگرانی هـاوچەرخ بـاســـیان کردووە بەتەواوەتی لەســـەر ســوودە ڕەوشــتییەکان بنیاتنراون[٢]، لەم نێوانەدا ئەگەر بنەمـا ڕەوشـــتییەکـان لە هەنـدێـک لە بەرهەمە شـــیعرییەکانی وەک شـــیعرە لیریکییەکان کەمتر بەرچاو دەکەون، یا هەر بەرچاو ناکەن، ئەوا بێگومان پەیوەســـتە بە پێکهاتە و ناوەرۆکی تایبەتی ئەم جۆرە شـیعرانە و ئەو جۆرە سـۆزەی، کە لەو شـیعرانەدا ڕەنگدەداتەوە.

## بەهادانانە ڕەوشتییەکان لە ئەدەبدا

ڕەوشـــتگەراکان و ئەدیبە ڕەوشـــتگەراکان هەمیشـــە لەســـەر ئەم باوەڕە بوون، کە ئەدەب پێویستە ڕاستەوڕاست لە خزمەتی ڕەوشتدا بێت و بە دەربڕینێکی دیکە بە بۆچوونی ئەوان ڕەوشتی بوونی ئەدەب تاکە پێوەری بەهادانانە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، بەڵام ئەم تیۆرییە هەرگیز ناکرێت و ناشـــبێت بە واتای لەبەرچاونەگرتنی تەواوی بەها ئەدەبییەکان لێی بڕوانرێت، چونکە بەرهەم و دەقەکان تەنیا بەهۆی ســـوودمەندبوون لە ناوەرۆکە ڕەوشـــتییەکان مۆڵەتی چوونە ناو دونیای ئەدەب وەرنـاگرن، لە ڕوویێکی دیکەوە ئەم بەرهەمـانە ئەگەر چاکیی و فەزیلەتە ڕەوشـــتییەکانیان بە تەواوەتی و بەبێ هیچ جۆرە دەســـت تێوەردانێکی هونەری و تەنیـا بەشـــێوەیەکی ڕێگەپێدراو ئـاخنیبێتە نـاو خۆیـان، ئەوا ئیتر بە ئەدەب هەژمـار نـاکرێن. بە

گرنگدانانی پاڵپشـــتیی ڕەوشـــتی لە ئەدەبدا بەبێ ئاوڕدانەوە لە بەها ئەدەبی و هونەرییەکان هەرگیز ئەزموونێکی ســـەرکەوتووی ئەدەبی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە. نموونەیەکی دیاری شتێکی لەم جۆرە شانۆنامە ڕەوشتییە باوەکانی ئەورووپای خۆرئاواییە لە سەدەکانی ناوەڕاست و ســـەرەتاکانی ڕێنیســـانســـدا. ئەم شـــانۆنامانە کە زۆربەیان لەســـەر ململانێی نێوان چـــاکە و خراپە و بەرزی و نزمی بوون بەهۆی گرنگینەدان ڕەهەندە ئەدەبییەکـان زۆربەی کـات لاواز و نـاکـاریگەر دێنەبەرچاو و ڕەنگە پاڵپشتیکەری ئەم خاڵە ئەوە بێت کە هیچ یەکێک لەم بەرهەمانە پەیوەست نین بە شاعیر یا نووسەرێکی بەناوبانگەوە[٣].

سنووردارکردنی بێ مەرجدارانەی ئەدەب بە بەها ڕەوشـتییەکان- بەبێ هەبوونی ڕوانینێکی قووڵ و فەلســـەفی بۆ ڕەوشـــت- دەتوانێت ناچارمان بکات بەوەی، کە بەشـــێکی گەورەی میراتە ڕاســـتەقینەکانی ئەدەب لەبەرچاو نەگرین[٤] و هەمیشـــە ناچار بین بەوەی کە بەرهەمە ئەدەبییەکان بە هەر دوو دەستەی ڕەوشتی و ناڕەوشتی و بگرە دژە ڕەوشتی دابەش بکەین، لەکاتێکدا ئەم دابەشکردنە شتێکی بێ واتایە.

ئەوەی ئێســـتا وترا دەشـــێ بیرخەرەوەی تێڕوانینی پەیڕەوکارانی تیۆری هونەر بۆ هونەر بێـت، یـا بە نزیـک لێیەوە بزانرێـت، چونکە ئەوان لەســـەر ئەم باوەڕەن، کە شـــیعر دەبێت ڕاســـتەوڕاســـت لە هەر جۆرە تێکەڵاوییەکی ڕەوشـــتی و کۆمەڵایەتی دوور بێـت[٥]. تیۆری ناوبراو لەسەر ئەم تەوەرە وەستاوە، کە هونەر پێویستە بەشێوەیەکی

سەربەخۆیانە بە مەبەست و ئامانج دابنرێت، نەوەک ئامراز. ئێستا ئەم پرسیارە بۆمان دێتە پێشەوە کە ئایا تیۆری ناوبراو بەو ڕوونکردنەوەی کە هەیەتی دەکرێت وەکو خاڵێکی پێچەوانە و دژ لەگەڵ ڕەوشتدا هەژمار بکرێت؟ بەپێی ڕوانینێکی شیکارانە نابێت بەم جۆرە بێت، چونکە دەشێت ئەدەب لەگەڵ مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش لە پەیوەندیدا نەبێت، لەکاتێکدا ، کە ململانێی و دژایەتییەکیشی لەگەڵیاندا نییە[٦].

ئێستا پێویستە لەنێوان تیۆری(ڕەوشت تەوەری- اخلاق محوری) و بیروباوەڕی (هونەر بۆ هونەر) ڕێگەیەکی مامناوەندی بەدەست بهێنرێت، کە تێگەیشتنمان لە واقیعییەتەکانی وابەستە بە ژیانی مرۆیی لە ڕوێکەوە و بەها ڕەوشتی و هونەرییەکان لە ڕوێکی دیکەوە دورنەخاتەوە، لە مەیدانێکی لەم جۆرەدا بەهادانانە ڕەوشتییەکان لە ئەدەبدا تەنیا لە چوارچێوەی باری ڕەوشتیدا ناوەستێت، بەڵکو ڕەخنەگر هەوڵدەدات کە بەدیدێکی قووڵ و کراوە لە ئەدەب بڕوانێت. لێرەدا تەنیا هەبوونی چەمک و واتا ڕەوشتییەکان لە بەرهەمەکەدا شتێکی یەکلاییکەرەوە نییە، چونکە دەشێت لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا ئەو واتایانەی کە بەڕووکەش دژە ڕەوشتین بە جۆرێک لە جۆرەکان لە خزمەتی ڕەوشت دا بن[٧] و سەرەڕای ئەوە، ئەگەر واتا ڕەوشتییەکانیش لە بونیاتێکی هونەری و کاریگەردا نیشان نەدرێن، ئەوا ماهییەتێکی نزم بەدەست دەهێنێت، کە ئیتر نە بارە ڕەوشتییەکەی

سودبەخش دەبێت، نە بەها هونەرییەکەشی شایەنی پشت پێبەستنە، هۆشیاری و ئاگاداربوون سەبارەت بەم ڕاستییانە ڕەخنەگر ناچار دەکات کە تەرازووی ڕەخنە ڕەوشـگەراییەکەی خۆی یەجگار ورد دامەزرێنێت و زیرەکانە بەکاری بهێنێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی گوترا گومان لەوەدا نییە، کە مەیل و ئارەزووی زگماکیی مرۆڤ بۆ ڕەوشت، ئەم ئومێدەمان لەلا دروست دەکات، کە ئەدەب پێویستە بتوانێت ببێتە مایەی بڵاوکردنەوەی ئەزموونی ڕەوشتی و لەئەنجامیشدا ببێتە مایەی هەڵسەنگاندنی ڕەوشتی[٨]، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە ناشتوانین ڕێژەیی بوونی پێوەرە ڕەوشتییەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرە مرۆییەکان لەبەرچاو نەگرین.

## ڕێژەیی بوونی ڕەوشت

ئەوەی خولقێنەری پێوەرە ڕەوشتییەکانە لەناو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، وێڕای ڕەهەندە زگماکی و ویژدانییەکان، ڕەگ و ڕیشەیەکیشی لە هۆکارە جەستەیی و دەروونی و نەژادی و زەمینە ئایینی و بیروباوەڕییەکان و نەتەوە و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، هەندێک لەم هۆکارانە شێوەگەلێکی نەگۆڕ و هەندێکی دیکەیان شێوەگەلێکی تەواو گۆڕاو لە هۆشی ئێمەدا بەرجەستە دەکەن، ئەوە ئاشکرایە، کە هەر جۆرە داوەریکردنێک لەسەر بنەمای شێوە گۆڕاوەکان شتێکی تەواو ڕێژەیی دەبێت، لەبەرئەوە ڕەخنەی ڕەوشتگەراییش هەمووکات لە چوارچێوەی ڕێژەییەکاندایە و

ڕەخنەگرێک کە هەڵدەستێت بە ڕەخنەی ڕەوشتی ناتوانێت غافڵ بێت لەم ڕێژیی بوونانە، چونکە بۆ نموونە بەرهەمێکی وەک (وەیس و ڕامین)ی (فەخرەددینی گورگانی) دەکرێت لە داوەریکردنی ڕەوشتگەراییانەی (عوبێد زاکانی)دا بە هۆنراوەیەکی گومڕاکەر هەژمار بکرێت، لەکاتێکدا چەند بەیتێکی ئەم هۆنراوەیە ساڵەهایە نموونەگەلێکی لە دەقە وانەییەکان (مەنهجییەکان ، یا ئەرکییەکان ئەوانەی لە قوتابخانە و زانکۆکان وەکو ئەرک دەخوێندرێن.و)پێکهێناوە[9] ، هاوشێوەی ئەم جۆرە داوەریکردنانە لە ئەدەب و هونەری ڕۆژئاواشدا زۆرە[10]، لە سەردەمی پشکنینی بیروباوەڕەکان لە ئینگلتەرا دا بەرهەمەکانی شکسپیر بە قەدەغە دانران، بەهەمان شێوە یەکێک لە پاپاکانیش بەشێوەیەکی خورتەکی نیگارەکانی (مایکل ئانژ)ی لە پەرستگای سیستین(sistine) لە چاوی خەڵک دەشاردەوە و بەشێوەیەکی پەنهانانە پاسەوانی لێدەکردن[11].

ئێستا ئەم دەرەنجامە دەتوانرێت هەڵبهێنجرێت کە ڕەخنە ڕەخنەگرە ڕەوشتییەکان ناچار بن بۆ خۆپاراستن لە هەندێک لە داوەریکردنە لەرزۆک و ناپتەوەکان بازنەی تێڕامان و تێبینییە ڕەوشتییەکانی خۆیان بڕێک فراوانتر بکەن، چونکە ئەگەر نووسەرێک لە بەرهەمەکەی خۆیدا هەوڵی دابێت هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، یا سیاسییەکانی قۆناغێک بەشێوەیەکی ڕووتەڵ و واقیعی باس بکات و تێیدا دەرەنجامێکی بەسوود و خولقێنەر بەدەست بهێنێت، ئەوا ئیتر

شـــــتێکی بێویژدانیـانە، کـاتێـک دەبێتە مـایەی ڕەتکردنەوە و سەرزەنشتکردن لەلایەن ڕەخنەگرانی ڕەوشتگەراوە.

هەروەها ڕەخنەگر ناتوانێت لە هەڵسـەنگاندنە ڕەوشـتییەکاندا چەند پێوەر و ئـامـاژەیەکی دیـاریکراو و تـایبەتی بکـاتە بنەمـا بۆ نموونە گونجـاونەبوونی بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ منـدالأن نـاکرێـت بە واتـای ناڕەوشـــتی بوونی بەرهەمەکە ســـەیر بکرێت، لە ڕوویێکی دیکەوە وا دەردەکەوێـت، کە بەدگـومـانـیـیەکـانـی ئـێـمە بەزۆری بەرهەمە هاوچەرخەکان دەگرێتەوە و دەقە کلاســـیکییەکان لەخۆ ناگرێت، لە کـاتێکدا وا بڕیـار بێت کە بە وردبینییە ڕەوشـــتییەکان لە بەرهەمە کلاســـیکییەکـانیش بڕوانین و لێکۆڵینەوەیـان لەســــەر بکەین، ئەوا بابەتگەلێکی زۆر بۆ ڕەخنەلێگرتنی ڕەخنەگرانی ڕەوشـــتگەرا بوونیان دەبێت[١٢]، بەڵام ئەوە دەزانین، کە داوەریکردن و هەڵســـەنگاندنی وەچە جۆراوجۆرە مرۆییەکـان بە تێڕوانینە فراوان و تێبینییە ئـاوەڵایە کلتوری و هونەری و ئەدەبییەکانیان، بەرهەمگەلێکی لەم جۆرەیان لە بێژینگی نادیاری و ئاڵۆزی تێپەڕاندووە.

## شێوازی ڕەخنەی ڕەوشتگەرا

بە وردبوونەوە لە بابەتەکانی پێشـوو، سـنووری کاری ڕەخنەگری ڕەوشتگەرا تا ئەندازەیەک دەستنیشان کرا، ڕەخنەگرێکی لەم جۆرە بە پشت بەستن بە زەمینە زەینییەکان و سەلیقەکانی خۆی هەولدەدات لە ڕەهەندە ئەرێنی یا نەرێنییە ڕەوشـتییەکانی بەرهەمەکە بڕوانێت، بەڵام

ئەگەر کارەکەی ئەو بەم ئەندازەیە سنوردار بێت، واتە بنەما ئیستاتیکی و هونەرییەکانی بەرهەمەکە نەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و بەهادانان، ئەوا کەموکورییەکی سەرەکی دێتە ناو کارەکەیەوە، چونکە گەورەیی شاکارە ئەدەبییەکان سەرەڕای ئەوەی کە بیرۆکە باڵاکان بەشداریکردنێکی نکولی لێنەکراویان تیایاندا هەیە، قەرزارباری بەها و بایەخە هونەرییەکانیانە.

هەرچۆنێک بێت ڕەخنەگری ڕەوشتی نابێت لە هەڵسەنگاندنی خۆیدا خۆی لە دونیای ئەدەب و داوەریکردنە تایبەتەکانی ئەدەب دورەپەرێز بگرێت، چونکە هەرچونێک بێت کاتێک بەرهەمێک وەکو بوونەوەرێک لە دونیای ئەدەبدا دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە و بە ئەدەب تەماشای دەکەین، ئەوا بنەڕەتیترین پێوەری ئێمە بەها هونەری و پێوەرە ئەدەبییەکان دەبێت[13] و هیچ گومانێک لەوەدا نییە، کە ئەم بەهایانە نەک تەنیا هاوتا و بەرامبەر نییە لەگەڵ سوودە ڕەوشتییەکانی ناو بەرهەمەکە، بەڵکو کاریگەری ڕەوشتی بەرهەمەکە بەهێزتر دەکات و ڕەخنەگری ڕەوشتی دەتوانێت لە بنەما هونەرییەکانی بەرهەمەکە بۆ نیشاندانی ڕۆڵێکی ڕەوشتی کاریگەرتر سوودی لێ وەربگرێت و ڕەنگە بەهۆی سەرنجدان لەم لایەنەوە بێت، کە شاعیرانی وەک (شیللی)شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی(١٧٩٢-١٨٢٢ز) لەسەر ئەم باوەڕەن، کە (ڕەوشت نەک لەڕێگەی ئامۆژگاریکەران، بەڵکو بەهۆی شاعیرانەوە بنیاتنراوە)[14].

کاری ڕەخنەگری ڕەوشـــتی کاتێک لەنێو ژانرە ئەدەبییەکاندا پەلکێشی قەڵەمڕەوی شیعر دەبێت، ئەوا خاوەن هەستیارییەکی زیاترە و پێویســـتی بە چاوکراوەییەکی زیاتر هەیە، شـــیعرە لیریکی و وەســـفییەکان زۆربەی کات وا دەردەکەون، کە وا گومان بکەی پێیان خســـتوەتە ئەودیوی ســـنوورە ڕەوشـــتییەکانەوە، بەڵام ئەم هێرش و پەلامارە دەربڕینی و گوزارشتییە نابێت وەکو دژ و پێچەوانەی شیعر و ڕەوشـــت لێی بڕوانرێت، چونکە شـــیعر لە زۆرێک لە بابەتەکاندا ڕەوشـــتی قەرزاربـاری خۆی کردووە و زۆرێک لە بەهـا و دیدگـا ڕەوشـتییەکان، کە لە بۆچوونەکانی فەیلەسـووفاندا هاتۆتە بەرچاو، لە شـیعردا نازکی و ڕوونی وەرگرتووە و سـەرنجڕاکێشـییەکی زیاتری لەخۆ گرتووە[١٥]، ئەم واقیعییەتـانە بۆنەتە هۆیەک تـا ڕەخنەگرانی ڕەوشـــتیی زۆربەی کات بە جۆرە چاوپۆشـــی لێکردنێک لە شـــیعر بڕوانن و بێگومان بەهۆی ئەم خاڵەوەیە، کە زۆرێک لە تیۆریســـتە سـیاسـییەکانیش تێڕوانینێکی چاوپۆشـیگەرانەیان بەرامبەر بە شـیعر هەبووە[١٦] و یا بیرمەندانێکی وەک(ژان پۆل ســـارتەر)یش کاتێک کە قســـە لەبارەی ئەدەبی پابەندەوە دەکات شـــیعر لە ئەدەبی پابەند جیادەکاتەوە[١٧].

ســـەرنجدان لە لە بەها جوانیناســـییەکانی شـــیعر لە دووتوێی ڕەخنەی ڕەوشـــتیدا، یا لە پەراوێزی ئەودا دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بەهەمان شـــێوە بوونی شـــیعر وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی و هونەری

لەبەرچاو بگیرێت ، لەبەرئەوە ڕەخنەگرێک، کە شـــیعرێک تەنیا بەپێی ڕهەندە ڕەوشـــتییەکانی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە، ئەوا بەشـــێوەیەکی بێئاگایانە و نەخوازراو گوێگرەکانی خۆی ســـنووردار دەکات، چونکە تەنیا چینێکی تایبەت واتە ڕەوشتگەراکان ڕازی دەکات، لەکاتێکدا چەند گوێگرێکی دیکەشـــی هەیە، کە بەها ڕەوشـــتی و هونەرییەکان لەتەک یەکدا وەکو هۆکارێکی بەهاداربوونی بەرهەمەکە دادەنێن، یا تەنانەت لەوانەیە بەهای هونەری بە بەرزتر هەژمار بکەن.

ئەوەی بەرهەمێک دەکاتە ئەوەی، کە شـــایســـتەی تێڕوانینێکی ڕەوشـــتگەرایی بێت، هەبوونی بنەما ڕەوشـــتییە گرنگەکانە تێیدا، ئەم قســـەیە بەو واتایە نییە، کە ئەگەر بەرهەمێک ڕاســـتەوڕاســـت بابەتە ڕەوشـــتییەکانی لەخۆ نەگرت، شـــایســـتەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ڕەوشـــتگەراییانە نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر بەرهەمێک دەکرێت لەگەڵ هەبوونی زەمینەکانی دیکەی خۆی بەپێی ئەو گۆشـــە نیگا ڕەوشـــتییانەی، کە تێیدایە گونجاویش بێت بۆ پرۆســـەی ڕەخنەی ڕەوشـــتگەرایی ، لەبەرامبەریشـــدا بەرهەمگەلێک هەن، کە قابیلیەتی ڕەخنەی ڕەوشـتیان تێدا نییە، واتە شـێوەیەکی بابەتییان بۆ باسـکردن و خستنەڕووی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە ڕەوشتییەکانیان نییە، لێرەدا پێویســـتە جارێکی دیکە ئەم بابەتە ســـەرەکییە لە شـێوازەکانی ڕەخنە بیربخرێتەوە، کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی توانـای ئەوەی نییە، کە لە گشـــت شـــێوازەکانی ڕەخنەدا بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، هەندێک لە

بەرهەمەکان زۆربەی کات دەتوانن تەنیا لە یەک یا چەند شـێوازێک لە شێوازەکانی ڕەخنە لێیان بکۆڵدرێتەوە، نەوەک لە گشت شێوازەکاندا.

## ڕەخنەی ڕەوشتی لە غەزەلێکی حافزدا

مـا نگـــــویم بد و میل به ناحــــــق نکنیم
جـامه کس سیه و دلق خـــــود ازرق نکنیم
عیب درویش و توانگر به کم و بیش بد است
کــــــار بد، مصلحت ان است که مطلق نکنیم
رقــــم مغلطه بر دفــــــتر دانش نــــــزنیم
سر حق بر ورق شــــعبده، ملحق نکــــنیم
شاه اگر جرعه رندان نه به حرمت نوشـــــد
التفاتش به می صـــــاف مـــــروق نکــنیم
خـــــوش برانیم جـــهان در نظر راهروان
فکر اسب ســـــیه و زین مغرق نکــــــنیم
اســــمان کشتی اربــــاب هنر می شکند
تکیه ان کـــــــه بر این مـعلق نکــــــنیم
گـــــر بدی گـــفت حسودی و رفیقی رنجید
گو تو خوش باش که ما گوش به احمق نکنیم
حــــافظ از خصم خـــطا گـــفت نگیریم برو
ور به حق گــفت ، جــدل با سخن حق نکنیم

ئەم غەزەلە، کە پێدەچێت لە ڕۆژگاری چوونەناو ســـاڵی یا پیری شــاعیرەوە هۆنرابێتەوە، گوزارشــتی هەڵسـوکەوتی ئاینییانەی ئەوە و بەم هۆیەوە جیــاوازییەکی لەگەڵ بیرکردنەوەی ســـۆفیگەریــانە و ســروشــتی ڕەخنەگرانەی ئەو بەرامبەر خەڵکی ســەردەم و شــەڕ و ململانێ لەگەڵ ڕیاکاران و ڕووکەشگەرایان و پلەوپایە پەرستان نییە، خواجە لەم غەزەلە هەشت بەیتییەدا، کە خاوەنی جۆرە بەدواییەکداهاتن و یەکێتییەکی بابەتییە، تێڕوانینە ڕەوشـتییەکانی خۆی لەگەڵ چەمک و واتاگەلێکی ڕەوشتی کردەیی تێکەڵ کردووە.

شــاعیر لەم شـیعردەدا هەوڵ دەدات، کە بێزاری خۆی لەبەرامبەر کۆمەڵێک کەموکوڕی و نزمی و خراپییە ڕەوشـــتییەکانی ســـەردەمی خۆیــدا بخــاتەڕوو، ئەم هەوڵەی ئەو زیــاتر لەوەی، کە وەک بڵێی دووربوونی ئەو بێت لەم کەموکوڕییــانە، نیشـــــاندەری داڕوخــانی ڕەوشــتی و کلتوری ســەردەمی شــاعیرە، کە لە شــیعرەکانی دیکەی شـــــاعیردا هەمـدیســـــان چەنـدین جـار بە شـــێوەی جۆراوجۆر بەرجەســـتەکراوە و  بەرهەمە مێژووییەکـانی ســـــەردەمی حـافز و هەروەها ســەرچاوە ناوەند و دواترینەکانیش، کە بەجۆرێک قســەیان لەبارەی سـەردەمی ناوبراوەوە کردووە، جەخت لەســەر ئەم ڕاسـتییە دەکەنەوە.

ئەوەی لە بەیتەکانی ئەم غەزەلەدا گێڕەرەوەی چەند نیشـــانە و ئـامـاژەیەکە لە داڕوخـانە ڕەوشـــتی و ڕەفتـارییەکـانی ســـەردەمە

پیڕستێکی پوخت و گشتگیری گەندەڵی و خراپەکارییەکانە، کە لەچەند دەیە لە پێش سەردەمی حافزەوە بە زاڵبوون و باڵادەستی پەیڕەوکارانی ئیلخان(مەغول) و ئەو ئاغا و خاوەن موڵکانەی، کە لەلایەن سوپای ئیلخانییەوە پارێزگارییان لێدەکرا فراوانی بەخۆیەوە گرتبوو و لە سەردەمی حافزدا بە برەوێکی زیاتری دنیاییەکان و ماڵپەرستەکانی دەسەڵاتداران و فێڵ و تەڵەکەکانی دام و دەزگاکانیان گەیشتبووە لوتکەی خۆی، وەک بڵێی لەو ڕۆژەدا بازاڕی گەندەڵی و خراپەکاری هەر گروپێک هەوڵیدەدا تا لەوەیتر دانەبڕێت.، لەڕوویێکی دیکەوە بارانی تانە و تەشەر و توانجی حافز بۆ سەر شێخی خانەقا و زاهید و موفتی و دارۆغە و دادوەر و کرێکار و کارگوزار و زۆرێک لە کەسانی دیکە لە تان و پۆی ئەم گەندەڵکاری و خراپەکارییانە دایە.

شاعیری غەزەل لەم شەڕ و ژاوەژاوانەدا چەند تایبەتمەندییەک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئاینییانە(تەریقەتیانە)ی خۆی بەم جۆرەی خوارەوە دەگێڕێتەوە:

-خۆپارێزی لە قسەی خراپ و پوچگەرایی.

-دوری لە ساختەکاری و بەدناوکردنی کەسانی دیکە.

- بێزاری لە هەڵەکاری و فێڵبازی.

-خۆپارێزی لە خۆڕازاندنەوەکاری و خانەدانێتی.

-گرنگینەدان بە ڕۆژگارێک، کە ڕێز لە کەسانی هونەرمەند و خاوەن بەهرە ناگرێت.

-گوێ پێنەدان بە مرۆڤە نەزانەکان.
- ڕادەستبوون بەرامبەر قسەی هەق.

شـــتێک کە قســـەی خواجەی لە خســـتنەڕووی ئەو بابەت و نـاوەرۆکـانەی، کە پێشـــتر بـاســـکران ڕەونەقـدارتر کردووە و سەرنجڕاکێشییەکی زیاتری پێداوە بریتییە لە نیشاندانە ڕاستگۆیانە و ڕازاوەکەی ئەو لە قاڵبی غەزەلێکی پوخت و بەپێز.

ئەو کێشەی بۆ غەزەلەکە هەڵبژێردراوە لەڕیزی ئەو کێشانەیە، کە گونجاوە لەگەڵ ئاوازی ئامۆژگاری و پەند و ئاماژەیەکی لە هێمنی و تێڕامانی شـــاعیر لە خســـتنەڕووی بابەتەکان تێدایە، هێواشـــی و لەســـەرخۆییەک کە خوێنەر یا گوێگر ناچـاردەکـات دوور لە هەر پەلەپەلی و کەمتەرخەمییەک بچێتە بنج و بنەوانی و لێی قووڵ بێتەوە بەکارهێنانی سـەرواکانی بەیتەکان و ئامادەیی نەبزوێنی سـەراپایی(ق) لە وشـــەکانی ســـەرودا(= ازرق، مطلق، ملحق، مروق...) نیشـــاندەری هەڵبژاردنێکی وشـــە ڕەوانەکانە بۆ گەیاندنێکی بەهێزتری بابەتەکە بە کۆمەکی دەرخســـتەکاری وشـــەکانی ســـەرواوە. شـــاعیر لە تەکنیکی ناوبراودا یەکێک لە پتەوترین ئەزموونە شـیعرییەکانی شـاعیرانی پێش خۆی، واتە لە سەردەمی مەنوچەهری بەدواوە، خستۆتە کارەکەوە[١٨].

لەڕووێکی دیکەوە بەکـارهێنـانی پێش ســـەروا(ردیف)ی (نکنیم) نیشـــاندەری خۆپارێزە چەندبارەکانی شـــاعیر بووە لە هەموو شـــتە نەشیاوەکان، کە  بەدوای خۆدورخستنەوە بووە لێیان.

دژیەک و گونجاوییە(تناسب) زۆرەکان و لەهەمانکاتدا سروشتی و دور لە سەختی و زۆرلەخۆکاری سەرنجڕاکێشی و بەهایەکی هونەری دیکەی بە وشـــەکـانی شـــیعرەکە داوە و وایلێکرووە کە خـاوەنی کاریگەرییەکی زیاتر بێت، دچیەکی وشـــەگەلێکی وەک حق و ناحق، درویش و توانگر، جامە و دلق، اسمان و بحر، بەهەمان شێوە گونجان و تەناسوبی وشەگەلێکی وەک (رقم، ورق، دفتر، یا جرعە، می صاف، مروق ) هاوشـــێوەکانیان، بوونەتە مایەی گونجاوی و یەکانگیری و پێوندیگەلێک، کە لە کاریگەربوونی وشەکانی شاعیردا ڕۆڵێکی یەجگار بنیاتنەریان هەبووە.

# پەراوێزەکانی فەسڵی حەوتەم

1-Five Approaches of Literary Criticism,p.23.

٢- گفتاری دربارەء نقد،ص ٣٩.

٣- معجم مصطلحات الادب، مجدی وهبة، بیروت، ١٩٧٤،ص٣٣١.

٤- گفتاری دربارەء نقد،ص ٣٩.

٥- بە باوەڕی لایەنگرانی ئەم تیۆرییە،ئەگەر ئەدەبیات خاوەنی ڕەوتێکی ڕەوشتی بێت ئەوا لە ڕاستیدا بەدوای سوود و بایەخەوەیە و هەر شتێکیش سوود و بایەخی هەبێ ناشیرینە،چونکە لە نیاز و پێداویستییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووەو هەموو پێویستییەکانی مرۆڤیش ناشیرین و پەست و ناچیزن.بڕوانە:شعر بی دروغ ، شعر بی نقاب، ص ٢٤٣.

٦- در نقد و ادب، مندور، ص٦٥.

٧- بۆ نموونەی ئەوە، خستنەرووی لە ڕێ لادان و شتە بێ ڕەوشتییەکان لە بەرهەمی ئەدەبیدا بە مەبەستی ریفۆرمی تاک و کۆمەڵە. ڕەنگە بەردەوام دووپات کردنەوەی لەو بەرهەمانەدا بە شێوەیەکی نادروست سوودی لێ وەربگیرێ و کاریگەرییەکی نێگەتیڤی ببێت.لە کاتێکدا ئەو بەرجەستەکردنە هەرگیز بە ئەندازەی بەهای فێرکاریی ئەو بەرهەمانە دەرناکەون.

٨- گفتاری دربارەء نقد،ص٤٠.

٩- رک: کلیات عبید زاکانی، رساله صد پند، انتشارات اقبال. تهران ،١٣٤٦،ص٥٥.

١٠- نظیر داوری های درباره أثارج٠اج٠ لارنس و اسکار وایلد شده است.

١١- ادبیات و بازتاب آن، ویلیام ج٠گریس، ترجمه بهروز عزب دفتری، انتشارات آگاه، تهران،١٣٦٣،ص٩٦.

١٢- وەسفی عاشقانەی جوانیی خۆشەویست لە دەقی غەزل و موغازەلەی دوورو درێژ یان داشۆرین وتەنزی شاعیران و لەو وتەیەدا جێی دەبێتەوە ،بەڵام ئەگەر لەو باوەڕەدابین ئەو ناوەرۆکانە ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئەو لادانانە،ناچار دەبین ئەو پێودانگە بەسەر زۆر شتی هاوشێوەدا پیادە بکەین،ئەڵبەتە کارێکی ئاوەها لەجیاتی ئەوەی رەوتێکی ریفۆرمخوازانە وەربگرێت،دەبێتە رێگر و لەمپەر لەبەردەم داوەریکردنمان بۆ کاری هونەری و ئەدەبی.

13-Five Approaches of Literary Criticism,p.23.

14- Prriniples of Literary criticism, p. 46.

١٥- شیوه های نقد ادبی،ص١٩٦.

١٦- هەروەک چاوپۆشیگەراکان،هەندێ جار لە رەخنەی مارکسیستیشدا بۆ شیعر پەسەندی دەکەن.

١٧- گفتاری دربارۀ نقد،ص ٤٥.

١٨- رک: منوجهری دامغانی ادوار زندکی وآقرینثی‌های هنری، نصرالله امامی، چاپ دوم،دانشگاه شهید چمران اهواز، ١٣٧١،ص٤١.

# فەسڵی هەشتەم

# ڕەخنەی دەروونناسی

## پێناسە و باسێکی گشتی

پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونی مرۆڤ پێویستی بە سەلماندن نییە، ئەم پێوەندییە هەمیشە خەسڵەتێکی دووسەرەی هەیە، دەروونی مرۆڤ ئەدەب دەخولقێنێت و ئەدەبیش دەروونی مرۆڤ پەروەردە دەکات، تێگەیشتن و تێڕوانینە دەروونییەکانی مرۆڤ سەیری چەند لایەنێک لە ژیانی سروشتی و مرۆیی دەکات و بنەماکانی ئەفراندنە ئەدەبییەکان دەهێنێتەکایەوە، لەڕن٨وێکی دیکەوە ئەدەبیش سەیری حەقیقەتەکانی ژیان دەکات تا ڕونکەرەوەی چەند لایەنێکی دەروونی مرۆیی بێت[1] و هەر لەم ڕێگەیەشە کە ڕەخنەی ئەدەبی و دەروونناسی پەیوەندیگەلێکی هاوبەش پەیدا دەکەن.

ژیانی مرۆڤ و بابەتەکانی ڕەگ و ڕیشەگەلێکی جێگیر و دیاریکراو و نەگۆڕاویان هەیە، ئەوەی دەگۆڕێت دیمەنەکانی ژیانی مرۆییە.

شاعیر و نووسەر لە گۆشەنیگایەک و دەروونناس لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لە ژیانی مرۆیی دەڕوانێت ، بەڵام گۆشـــەنیگا و تێڕوانینی هەردووکیان وەک یەکە، واتە هەردوکیان گرنگی بە ژیانی مرۆیی و دیمەنەکانی ژیانی مرۆیی دەدەن و هەر کامێکیان بە جۆرێک گەڕان و پشکنین و خۆی وابەستە بە خەیاڵ و هەست و سۆزەکان و بابەتە ڕۆحی و دەرونییەکانی مرۆڤ دەکات.

ڕەخنەی دەروونناســـی لەم نێوانەدا هەوڵی ئەوە دەدات، کە پەیوەندییە زیندوو و هەســـتپێکراوەکانی نێوان هونەر و هونەرمەند بدۆزێتەوە و هەڵبستێت بە لێکۆڵینەوە لەوەی کە لە پشتی بەرهەمی ئەدەبیی دایە، لەکاتێکدا ڕەخنە تەقلیدی و کلاسیکییەکان زۆربەی کات ســـەرنجیان لە ڕەهەندە مێژوویی و فیکری و ئیســـتاتیکی، یا ڕەوشـــتییەکان داوە، بە دەربڕینێکی دیکە بێ ئەوەی بتوانرێت کە بانگەشـــەی ئەوە بکرێت کە تەواوی لایەن و ڕەهەندەکانی بەرهەمێک دەکرێت لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی دەروونناسی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت دەتوانرێت دان بەوەدا بنرێت کە ڕەخنەی دەروونناســـی لەتوانایدایە کە هەندێ لە لایەن و ڕەهەندەکانی بەرهەمەکەمان بۆ ڕاڤە بکات کە ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕابردوودا فەرامۆشی کردووە.

## پێشینەی ڕەخنەی دەروونناسی

ئەگەرچی پێویستە سەدەی بیستەم بە سەردەمی دەرکەوتنی ڕاستەقینە و گەشەکردنی ڕەخنەی دەروونا سی هەژمار بکرێت، بەڵام ناکرێت چەند چالاکییەکی سنورداری هەندێک لە کەسانی پێشینان لە سەدەکانی ڕابردووشدا نکوڵییان لێبکرێت.

ڕەنگە ئەرستۆ یەکەمین کەسێک بێت، کە بە خستنەڕووی بیردۆزی کاسارسیس(catharsis)(= پاککردنەوەی دەروون یا دەرون پاکژی)بەشێوەیەکی نیمچە زانستی سەرنجی لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەروون داوە و جۆرێک لە ڕەخنەی دەروونناسی داڕشتووە. ئەرستۆ لە هونەری شیعردا کاتێک پێاسەی تراژیدیا دەکات، تراژیدیا وەکو لاساییکردنەوەیەکی کرداری کەسەکان دادەنێت، کە دەبێتە مایەی وروژاندنی هەستی ترس و بەزەیی لای بینەران و دەرئەنجامەکەشی پاکژکردنەوەی دەرونی مرۆڤە[٢].

لەدوای ئەرستۆ پێویستە باسی شاعیر و وتاربێژانی کۆن بکرێت، کە لەسەر شێوەی تێگەیشتنگەلێکی کورت و هەندێجاریش ئاڵۆز و دوور لە هەبوونی دیدگا ئەزموونییەکان پێوەندی نێوان دەروونی مرۆڤ و بەرهەم و ئەفراندنە ئەدەبییەکانیان خستۆتە بەر تیشکی سەرنج و ڕوانین.

لەنێو نووسەرانی ئێمەدا عەبدولقادری جورجانی(لە ٤٧١ کۆچی مردووە)خاوەن چەند بەرهەمیکی وەک ( اسرار البلاغە= ڕازەکانی

ڕەوانبێژی) و (دلائل الاعجاز)،یەکێکە لەو کەسانەی کە شرۆڤە و توێکاری دەلالەتە دەروونییەکانی بۆ دەربڕینە ئەدەبییەکان کردووە، بەڵام تێگەیشتنەکانی ئەو زۆربەی کات لەم چوارچێوەیە ، کە ناخ(نەفس) یا دەروونی مرۆڤ لە هێنانەکایەوەی دەربڕینە ئەدەبییەکاندا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە[٣]، هەڵبەتە ئەوەی شایەنی وتنە ئەوەیە، کە پێش ئەو (ئەبو ن٢هیلالی عەسکەری)(لە ٣٩٥کۆچی مردووە) خاوەنی کتێبی بەناوبانگی(الصناعتین= دوو سەنعەتەکە) دەربارەی کاریگەری دەروونی لە ئەفراندنی خواستنەکاندا قسەی کردووە، هەروەها (ئەبو حەسەنی جورجانی)(لە ٣٦٦کۆچی مردووە) لە کتێبی(الوساطة بین المتنبی و خصومە= نێوەندگیرییەک لەنێوان موتەنەببی و ڕکابەرەکانی) تێڕوانینێکی دەروونناسانەی لە پێوەندی شیعر لەگەڵ شاعیرەکەیدا خستۆتەڕوو.

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گرنگیدان بە لێکۆڵینەوە دەروونناسییەکان لە بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەرانی ڕابردوودا ، تێگەیشتن و لێکدانەوەیان بۆ جۆرە (نەست)ێکی دەروونی بێت ، بەر لەوەی لەلایەن فرۆیدەوە باسی لێوە کرابێت، ئەوان بە ئاشکراکردنی نەست(ناخی مرۆڤ) زۆرێک لە کێشەکێشمە دەرونییەکانیان لە بەرهەمەکانی خۆیان بەرجەستە کردووە و ئەمەش خاڵێکە کە فرۆیدیش چەندین جار خۆی دانی پێداناوە و بەرهەمگەلێکی وەک برایانی کارامازۆڤی دیستۆڤسکی نووسەری ناوداری ڕووسی و

تراژیدیای هاملێتی شـــکســـپیری گەورە شـــانۆنامەنووســـی ئینگلیزی گەواهیدەری ڕاستییەکی لەم جۆرەن.

## فرۆید و ڕەخنەی دەروونناسی

بێگومـان لە ســـەدەی بیســـتەمـدا فرۆیـد پێشـــەوای ڕەخنەی دەروونناســـییە، کـاتێـک ئەو دوو نـامیلکە بەنـاوبـانگەکەی خۆی دەربارەی لیۆناردۆ داڤینشی و هۆڵدەرلین نووسی، ئەوا خۆی لەخۆیدا کارێکی نوێ وابەســتە بە تاکی نیشــاندا و کارەکەی ئەو بووە نموونە و ســـەرمەشـــقێک بۆ کەســـانێک کە لەم ڕێگەیەدا هەنگاویان هەڵهێنا، سەیری ئەمە لەوەدا بوو کە بە ماوەیەکی کەم هەر لەگەڵ برەوسەندنی شـــێوازێکی لەم جۆرە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ســـەدان کتێب و نامیلکە و لەبارەی شـــیکردنەوە و شـــرۆڤەکاری دەروونناســـی بەرهەمەکانی نووســـەرە جۆراوجۆرەکان نووســـرا و ئەم بیروباوەڕەی لە هۆشـــی خەڵک ڕەگی داکوتا کە شـــێوازگەلێکی وەک تێڕوانینی ئیســـتاتیکی یا ڕەوشتی بە تەنیا بەسەندە و ڕازیکەر نییە.

ئاشنایی نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بە بیرۆکەکانی فرۆید لە یەکەمین ساڵەکانی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم دەستی پێکرد و بە وەرگێڕانی بەرهەمەکـانی فرۆیـد بۆ زمـانی ئینگلیزی[٤]، گروپێکی گەورەی ڕەخنەگران ئاشـــنایەتییان لەگەڵ بیرۆکەکانی ئەو پەیدا کرد، کـاتێـک کە دکتۆر(ئـارنســـــت جۆنز)(Ernest jones) شـــیکردنەوە بەناوبانگەکەی خۆی دەربارەی هاملێت لە گۆشـــەنیگای فرۆیدییەوە

بڵاوکردەوە، سـەرەڕای هەندێک ڕەخنە لێگرتن پێشـوازییەکی فراوانی لێکرا، چونکە ڕەخنەگرانی ئەدەبی ئەم شـــیکردنەوەیان بە مۆدێل و نموونەیەک بۆ پڕۆسەی شیکردنەوە دەروونناسییەکانی خۆیان دانا[٥].

دەســـپێک و بڵاوبوونەوەی رەخنەی دەروونیی نوێ بەهۆی فرۆید و لایەنگران و خوێندکارەکانییەوە بوو،بەڵام ئەو بۆچوونانەی فرۆید و شیکردنەوە دەروونییەکان ئەو لە نێوانی پشتگیری و رەتکردنەوەدا بووە هۆی ئەوەی چەندین گوزارشتی نەشیاو و تاوانی زۆری بدرێتە پاڵ.

## هەڵە تێگەیشتن و سنوورداریيەکان

ئەوەی بە بنەڕەت و بنەمای هەڵە تێگەیشـتن سـەبارەت بە ڕەخنەی دەروونناسـی هەژمار دەکرێت، تێنەگەیشـتنێکی دروسـتە لەبارەی ئەم شـــێوازە، هەروەها چەند کەموکوڕییەکە لە لێکدانەوەگەلێک کە دەچنە نـاو خـانەی ئەم شـــێوازە ڕەخنەییەوە ، ڕەخنەگرانی دەروونناس هەندێجار لە شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی خۆیان سوود لە وشەگەلێکی تایبەتمەند(واتە وشــــەگەلێک کە لەناو گروپەکەی خۆیاندا بەکار دێت) وەردەگرن، کە زۆربەی کات بۆ کەسانی ناپیشـەیی شتێکی نەناسراون، لە ڕوێکی دیکەوە ئەم ڕەخنەگرانە کاتێک ئاشنایەتییان لەگەڵ ماهییەتی ئەدەب نەبێت، ئەوا لەبارەی پاژ و وردەکارییە ئەدەبییەکان دەکەونە غەفڵەتەوە و ئەم خاڵەش دەبێتە هۆی جۆرە ڕوانین و سـەیرکردنێکی تـاک لایەنـانە بەرامبەر بە بەرهەمە ئەدەبییەکـان، هەڵبەتە پێچەوانەی

ئەم بابەتەش ڕاستە، چونکە زۆرجار وا هاتۆتە پێشەوە کە چەند ئەدیبێکی ناشارەزا لە چەمکە وردەکانی دەروو ناسیش، بەهۆی ئاشنایەتییەکی ڕووکەشی لە چوارچێوەی درککردنی هەندێک لە زاراوەکان ، چەند شیکردنەوەیەکیان بەدەست داوە، کە بە هۆی هەندێک تێڕوانینی سادەوە بۆتە هۆی هاتنەکایەوەی چەند شکستێک لە کارەکانیاندا ، ئۆبالّی ئەوەش کەوتۆتە ئەستۆی ڕەخنەی دەروونناسی.

جگە لەمانە بۆ زۆرێک لە ئەدیبە نەریتی و ئەوانەی کە ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕەخنەی دەروناسی نییە خستنەڕووی چەند بابەتێکی وەک گرێی ئۆدیپ، گرێی خەساندن، ڕۆڵی بەرزبوونەوە و بالاّیی لە داهێنان و ئەفراندنی بەرهەمی هونەریدا، هەمیشە بۆتە مایەی سەرسوڕمانی و هەندێجاریش بۆتە مایەی ترس و سەرەنجام بە خۆپارێزی و ڕەتکردنەوەی ڕەخنەی دەروونناسی کۆتایی پێهاتووە[٧].

لایەنێکی دیکەی ئەم ڕەشبینییە بەرهەمی پێداگری و سووربوونی ڕەخنەگرانی دەروونناسە لەسەر دیدگا و تێگەیشتنەکانی خۆیان و لەبەر ئەم هۆیەشە کە کاری ئەم جۆرە ڕەخنەگرانەیان بە کرداری(پرۆکراستۆس)ی ڕێگری یۆنانی چواندووە. دەوترێت (پرۆکراستۆس) بۆ سزادانی کەسەکان، کەسەکانی لەسەر چرپایەک یا قەرەوێڵەیەک دەخەواند و بۆ ئەوەی کە درێژی کەسەکان هاوتای درێژی چرپاکە بێت، ئەندامەکانی کەسەکانی ڕادەکێشا، یا پێیەکانی

دەبڕینەوە، مەبەست لەمە ئەوەیە كە نەیارانی ڕەخنەی دەروونناسی لەو باوەڕە دان كە ڕەخنەگرانی دەروونناس دیدگاكانی خۆیان بەسەر بەرهەمەكە دەسەپێنن و زۆربەی بە تێگەیشتنەكانیان چەند لایەنێكی بەرهەمەكە دەخەنە خانەی كەمتەرخەمی لێكردن و فەرامۆشكارییەوە[٨].

لەتەك ئەوەی وترا سەرنجدان و وردبوونەوە لەم خاڵەش شتێكی پێویست و گرنگە، ئەویش ئەوەیە كە بەكارهێنانی دەرووناسی لە ئەدەبدا پێویستی وریاییەكی تەواو هەیە، چونكە ئەدەب ڕەهەندە دەروونی و كەسایەتییە مرۆییەكان بە دید و تێڕامانێكی وەسفی و بە وردبوونەوە لە وردەكارییەكان تەماشا دەكات، لە بەرامبەریشدا دەروونناسی خاوەنی چەند بنەما و پۆلێنبەندییەكی گشتییە و هەڵسوكەوتی دەروونی كەسایەتی پاڵەوانانی بەرهەمەكە بە تێڕوانینێكی گشتی دەخاتە ژێر لێكۆڵینەوە. لە پێكچواندنێكدا پێویستە بگوترێت، كە كەسایەتییە مرۆییەكان خاوەنی چەند تایبەتمەندی و كەسایەتییەكی جیاوازن و ناكرێت بە گەڵاكانی درەختێك بچوێنرێن و هەموویان بە یەك شێوە و ڕووخسار سەیر بكرێن، یا لە تێڕوانینە دەروونناسییەكاندا ڕەهەندە ئیستاتیكی و ئەدەبییەكان لەبەرچاو نەگیرێن.

## فرۆید و ماهییەتی دەروون

شـــیکردنەوە دەروونناســـییەکانی فرۆید لەســـەر تێگەیشـــتن و توێکارییکانی ئەو بۆ دەروونی مرۆڤ دامەزراوە، لەباوەڕی فرۆیدا دەروونی مرۆڤ لەڕووی پڕۆســـە ناخەکییەکانەوە لە ســـێ ناوچە یا سێ سنوور پێکهاتووە. ئەم سێ سنورە بریتین لە ئەو(Id)، من(Ego) و منی باڵا(super ego .)

**١.بنیات(ئەو):**

بنیات یا کۆگای (لیبیدۆ)[٩] ، بنچینەی ژیانی ئەزەلی[١٠] تێر دەکات ، کە فرۆید بە زاراوەی (بنەمای چێژوەرگرتن)[١١] باســـی لێوەدەکات ، بنیات بەبێ هەست، کە هێما و نیشانەی سیستمێکی لۆژیکییە، ژیانێکی ناڕێک[١٢] و پێکی هەیە. بنیات بێ یاســـا و دژە کۆمەڵایەتی و دژە ڕەوشتییە و کارەکەی تەنیا تێرکردنی ڕەمەکە چێژخوازەکانە[١٣]. فرۆید لەو باوەڕەدایە، کە چالاکی (لەبیدۆ) لە ســـەردەمی منداڵییەوە دەســـت پێدەکات و لە بەشـگەلێکی جۆراوجۆری جەستەدا هاتوچۆ دەکات، لە کەسانی گەورەدا بەرەو ئەندامە سێکسییەکان دەگوازرێتەوە، کەواتە لە باوەڕی فرۆییدا ژیانی سێکسی لە سەردەمی پێگەیشتنەوە دەست پێناکات، بەڵکو چالاکییەکەی لە ســـەرەتای قۆناغی منداڵی دەســـت پێدەکات[١٤].

شـایەنی گوتنە بنیات لە پێش فرۆییدا لە بیرۆکەکانی فەیلەسـووف و سۆفی و ئەدیبانی کۆن و پاشـتریش شـتێکی ناسـراو بووە و درکی

پێکراوە. نیچەی فەیلەسووفی ئەڵمانی (١٨٤٤-١٩٠٠) لە پێش فرۆیید دا بوذیاتی وەکو بنەمای هێز و ئارەزووە سەرەتاییەکانی مرۆڤ باسکردووە. لە کلتوری ئیسلامیدا بە گوزارشتی(نەفس) یا(نەفسی ئەممارە) قسەیان لەبارەی بونیات کردووە، ئەم هێزە شەڕانگێز و دژە کۆمەڵایەتی و سەرکێشە، ئەگەر ڕام بکرێ و بەڕێدا ببردرێت، دەکرێت لە پێناوی ئامانجە مەعنەوییەکاندا بەکار بهێنرێت[١٥].

**٢.من**

بۆ پێشگیریکردن لە سەرکێشی و لە فەرمان دەرچوونەکانی بونیات، وا پێویست دەکات، کە هێزگەلێکی ڕێگریکەر هەبن تاوەکو بە پاسەوانیکردن لە تاک و کۆمەڵگا هەڵبستن[١٦]، هەوەڵین هۆکار و هێزی ڕێکخەری بنیات و چاودێریکەری تاک(من)ە. من لەژێر کاریگەری بنەمای حەقیقەت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و عەقڵی و سۆزدارییەکاندا دێتەکایەوە ، دەرخەری کەسایەتی دەروونی مرۆڤە[١٧].

بەشێک لە من لە قەڵەمڕەوی هەستدایە و لە چالاکییە هەستییەکانی وەک درککردن، قسەکردن و شتە ناخەکیی و ڕەفتارییەکاندا ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی هەیە، هەروەها تاکەکەس لەگەڵ ژینگە دەگونجێنێت و ئارەزووە دژەکان و جووڵە و بزاوتنەکان و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ گونجاو و هاوتەریب دەکات[١٨]، لەبەرئەوە وا دەردەکەوێت، کە من نوێنەری عەقڵ و لۆژیک و بەرژەوەندی خوازییە، لەکاتێکدا بونیات نوێنەری ئارەزووە هەوسار پچڕاوەکانە[١٩].

### ٣.منی باڵا

منی ســـــەرتر یــا منی بــاڵا هۆکــارێکی ڕێکخەری دیکەیە و بۆ پارێزگاریکرنی کۆمەڵگا چالاکی دەنوێنێت، بەشــی ســەرەکی (منی باڵا) نەســـــتە[٢٠] و لە تێکڕای هەندێک لە ئەزموونەکانی ژیان و لە ئەنجامی پەیوەندیکردن لەگەڵ باوان و کەســـــانی دەوروبەر دێتەکایەوە[٢١]، ئەم پێوەندی و هەندێجار پاڵپەستۆیانە بە سـەپاندن و باڵا و بەم شـێوەیە منی باڵا بە دوورکەوتنەوە لە من دێتەکایەوە[٢٢]. منی باڵا هەوڵدەدات شـــێوازکانی پەروەردەکردنێک، کە پێدەچێت لە زۆرێک لە لایەنەکاندا شـیاوی درککردن نەبن و بە ترسـناک دێنەبەرچاو هاوسـەنگ بکات، بەڵام منی باڵایەک کە زۆر چالاک بێت جۆرە هەستکردنێکی نەست بە تاوان دەخولقێنێت کە شـێوە سـەخت و توندەکەی ئەم هەسـتکردنە بریتییە لە (گرێی تاوان guilt complex).

ئامادەیی ئەم سـێ لایەنە واتە بونیاد و من و منی باڵا لە کەسـایەتی مرۆییدا لە ڕۆژگاری منداڵێتیدا دەســـت پێدەکات و لە هەرزەکاریدا پێدەگات و دێتەکایەوە، ئەوانە دەتوانن بە شـێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا لە ململانێ دا بن[٢٣].

### هەست و نەست

تا ئێسـتا چەندین جار قسـە لەبارەی هەسـت و نەسـت کراوە، بەڵام بێگومان شـارەزا بوون لە (توێکاری سـروشـتی ناخەکی و دەروونی مرۆڤ)[٢٤] بەبێ تێڕامان و قوڵبوونەوە لەم دوو ناوچەیە نایەتەکایەوە.

هەســــت هەروەکو ئەوەی لەنـاوەکەیـدا دیـارە،کۆمەڵە هەڵچوون و بـارودۆخێکە کە لە بەشــــی ڕونـاکی نـاخ دان و مرۆڤ بەرامبەریـان هۆشــیارە، بەڵام هەســتیترین پڕۆســەکانیش تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم هەســـتین و زۆر زوو وندەبن و لە نەســـتدا شـــوێن دەگرن،ئەرچی هەندێک لەوانە بە ئاسـانی دەتوانن دوبارە بێنەوە ناو هەسـت، ئەوەی لە بیرۆکەکانی فرۆید بە قســـەیەکی شـــۆڕشــگێڕانە و زۆر گرنگ لێی دەڕواندرێت خســـتنەڕووی ئەم خاڵەیە کە نەســـت لایەنێگی گەورەی بوونی دەروونی مرۆڤ پێکدەهێنێت، هەرچەندە هەمیشە داپۆشراو و شاراوەیە.

به گوزارشـــتێکی دیکە نـــاخی مرۆڤ هـــاوشـــێوەی کێوێکی سـەهۆڵییە،کە قەبارە و کەڵەکەبوونە سـەرەکییەکەی(= نەسـت) لە ژێر ئاودا شاردراوەتەوە و ئەوەی دیارە(= هەست) ، کەمێکە لە شتگەلێکی زۆر[٢٥].

شـــتێک، کە هەمیشـــە جەختی لێدەکرێتەوە ئەوەیە کە ســـنورێکی دیاریکراو لەنێوان هەســـت و نەســـتدا نییە، بەڵام لەنێوان ئەم دوو ناوچەیەدا ، ناوچەی ســـێیەم لەئارادایە، کە نە هەســـتی تەواوە و نە نەستی تەواو، هەم تاریکە و هەم ڕووناک. لە فەرهەنگی فرۆیدیستیدا چەند دەربڕینێکی وەک(پێش هەســـت) یا (ژێر هەســـت) بەم ناوچەیە دەوترێت، بەڵام زاراوەی بـاوتر لەمە (نیمچە هەســـــت)[٢٦] یـا (نیوە ئاگا)[٢٦]یە، بەشـــێوەیەکی کورت و بە دەربڕینێکی ڕوونتر ئەوەی بە

سـەختی و لە بارودۆخە تایبەتەکان دەبێتە هەسـت نەسـتە و ئەوەی ئاسانتر دەگاتە هەرێمی هەست نیوە ئاگایە[٢٨].

لە ڕوانینی فرۆید دا هەست لەبەرامبەر نەستدا سەنگەری گرتووە و بەرگری دەکات و ڕێگری لەوە دەکات کە بابەتەکانی پەیوەسـت بە نەسـت بچنە ناو ئەوەوە[٢٩]. ئەو ئارەزووانەی، کە لە نەسـتدا عەمبار دەکرێن گۆڕانکاری بەسـەر ڕواڵەتیان دێنن و هەڵدەگیرێن و بەم هۆیەوە لەکاتی تێپەڕین بە هەسـت زۆربەی کات ڕەنگ وشـێوەیەکی دیکە لەخۆ دەگرن[٣٠] و هەمدیسان هەر بەم هۆیەوەیە کە ڕەنگدانەوە و بەرجەسـتەبوونەکانی نەسـت لە شـکڵ و شـێوەگەلی جۆراوجۆردا دەردەکەون و درککردنی ماهییەت و حەقیقەت و کرۆک و تیمەکەی پێویستی بە شیکردنەوەیەکی زیرەکانەیە.

لە داهاتوودا ئاماژە بەوە دەکەین کە(کارل گۆستاڤ یۆنگ) چەمکی هەست فراوان و بەربڵاوتر دەکات و تیۆری نەستی گشتی(نەتەوەیی) دەخاتەڕوو و بە بنەمای ڕەمز و فۆلکلۆر و ئایینەکانی گروپە مرۆییە سەرەتاییەکانی دەزانێت.

## گرێیەکان لە پرۆسەی دەرونشیکارییەکانی فرۆید دا

کـاتێـک کە ئـارەزووەکـان تێر نەکرێن، بەردەوام بۆ دواوە دەگەڕێنرێنەوە و لە نەسـتدا عەمبار دەکرێن، لە بارودۆخێکی وەهادا لەنێوان من و نەستدا ململانێ پەیدا دەبێت، بەشێوەیەک کە وەک بڵێی لە سنوری حکومەتێکدا جەنگێکی ناوخۆیی هەڵگیرسێت[٣١].

دەوترێت ڕەتکردنەوەی ئارەزووەکان ، وزەیەکی فراوان لە نەستدا کۆدەکاتەوە و زیندانی دەکات و ڕێکی و ئاسوودەیی دەروونی تێکدەدات، ئارەزووگەلێک کە بە توندی ڕەتدەکرێنەوە و دەکشێنرێنەوە دواوە لە نەستدا کۆدەبنەوە ودەستە دەستە کەڵەکە دەبن و گرێ دەدرێن و ناخ بریندار دەکەن)[٣٢] ئەم ئارەزوانە هەمیشە بەدوای ڕێگەیەکی هەڵاتن و دەرچووندا دەگەڕێن، هەندێجار لە نەستدا، هەندێجار لە نیمچە هەستدا و لە کۆتاییدا لە مەیدانی هەستدا خۆیان دەردەخەن، بەڵام هەست بە پشت بەستن بە پێداویستییەکانی جیهانی دەرەوە و هەندێک کۆت و بەند و سنور مۆڵەتی پێشڕەوییان پێنادات و لەبەرامبەردا ئەوان بە توندی بەرگری دەکەن[٣٣].

پێشگیری کردن لە خواست و ئارەزووە ڕەمەکییەکان چ بە سادەیی و چ هاوتا لەگەڵ هەندێک ئاگاداركردنەوە و هەڕەشە لێکردنەکان و بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەکی ڕازیکەر و پەسەندکراو دەبنە هۆی سەرکوتکردنی ئارەزووە غەریزییەکان ودەرکەوتنی گرێکان[٣٤]. ژمارەی گرێکان زۆرە، چونکە هەر ئارەزوویەک، کە بە ئەندازەیەکی زێدەڕۆییانە سەرکوت بکرێت، لە کۆتاییدا کۆدەبێتەوە و بەهێز دەبێت و لەسەر شێوەی گرێ[٣٥] دەردەکەوێت. دیارترین ئەو گرێیانەی کە لە بۆچوونەکانی فرۆید دا باسیان لێوە دەکرێت و زۆربەی کاتیش بنەمایەکن بۆ شیکردنەوە دەروونناسییەکانی هونەر و ئەدەب بریتین لە گرێکانی (ئۆدیپ و ئەلکترا و خەساندن).

## گرێی ئۆدیپ

گرێی ئۆدیپ لە ڕکابەری نەستی منداڵ(نێر) بەرامبەر باوکی خۆی و ئارەزوویەکی زۆر و سروشتیانە بەرامبەر بەدایک سەرچاوە دەگرێت[٣٦]. سەرچاوە و کانگەی بارودۆخێکی لەم چەشنە ئارەزووە سێکسییە شاراوە و نادیارەکانە، سەرەنجام بەهۆی دوژمنایەتی بەرامبەر باوک درێژ دەبێتەوە بۆ جۆرە هەستکردنێک بە تاوان لە نەستی منداڵدا . منداڵ لەم قۆناغەدا ناتوانێت هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ عەقڵ هاوتەریب بکات و سەرەنجام هەڵسوکەوتێکی هەیە کە لەژێر کاریگەری هەستەکاندایە. ئەم بارودۆخانە بەشێوەیەکی(نەستیانە)دەبنە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەگەلێک لەگەڵ باوان کە منداڵ هۆکاری ئەوە درک ناکات، ئەم بارودۆخە لەسەر شێوەی دوژمنایەتی و جەنگ بەرامبەر بە باوک و وەکو ڕکابەری و توندوتیژییەک بەرامبەر بە دایک بۆ دورخستنەوەی هەستی حەزلێکردنی زگماکیانە، کە منداڵ بەهۆی ئەوەوە هەست بە تاوان دەکات دەردەکەوێت.

شایانی باسە، ئەم دوژمنایەتی و ڕووتێکردنە(حەزلیکردنە) دیاردەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو یەکێکە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ و تا کاتێک بە قۆناغێکی توندی دوژمنایەتی یا خۆشەویستی نەگات شتێکی نابێتە شتێکی زیانهێنەر[٣٧]، هەر چۆنێک بێت ئەگەر بارودۆخگەلێکی لەم شێوەیە بە شێوەیەکی زێدەڕۆییانە سەرکوت

بکرێت منداڵ هەست بە تاوان دەکات و پەنا بۆ خەون و خەیاڵاتەکانی خۆی دەبات و کاریگەری ئەوە لە کەسایەتی دەروونی ئەودا بە نەمری و پایەداری دەمێنێتەوە.

فرۆید لە ناولێنانی هەستە ناوبراوەکان بە(گرێی ئۆدیپ) سوودی لە ئەفسانەی یۆنانی ئۆدیپ oedipe یا Oedipus ی بەرهەمی سۆفۆکلیسی ترایژیدیانووسی کۆنی یۆنانی وەرگرتووە کە لە دەوروبەری ساڵی ٤٩٦ پ.ز کۆچی دوایی کردووە. سەرنجدانێکی کورت لە تراژیدیای ناوبراو بۆ زیاتی ئاشنابوون بە چەمکی گرێی ئۆدیپی شتێکی بێسوود نابێت:

چارەنووس وەها بووە کە لە زنجیرە و ڕەچەڵەکی (لاداسیدا)کان هەموو پاشایان بەر نەفرەتی خودایان بکەون و بە مردنێکی زۆر ئازاراوی بمرن.

بە (لایۆس) کە هەر لەم نەژادەیە دەوترێت چارەنووس وەهایە کە کوڕەکەی باوکی خۆی دەکوژێت ودایکی خۆی مارە دەکاتەوە، کاتێک کە ئەم منداڵە واتە ئۆدیپ لەدایک دەبێت،باوک و دایکی بۆ هەڵگەڕاندنەوەی چارەنووسێکی لەم جۆرە ئۆدیپ لە کێوی سیترۆنcitheron بەڕەڵا دەکەن تا منداڵەکە بمرێت یاخود ببێتە پاروە نانێک بۆ دڕندەکان،شوانێک ئۆدیپ دەدۆزێتەوە و دەیباتە لای پۆلیبpolybe ی پاشای ئەم مەملەکەتە و ئۆدیپ لەوێدا گەورە دەبێت و گەنجێکی بەهێز و تونەوتۆڵی لێدەردەچێت. لەم کاتەدا ئەو لە

چارەنووســــەکەی خۆی کە کوشـــتنی باوک و چوونە پاڵ دایکیەتی ئاگادار دەکەنەوە. ئۆدیپ کە ئەم دایک و باوکەی بەخێویان کردووە بە دایک و باوکی ڕاســــتەقینەی خۆی دایاندەنێت لە کۆرنێت هەڵدێت تاوەکو لە چارەنووس و قەدەری خۆی ڕزگاری بیت. لە ڕێگەدا بەرەو شـاری تیبە دەگاتە لایۆسی باوکی ڕاستەقینەی خۆی و بەهۆی شـەڕ وململانێیەک، کە لەکـاتی پەڕینەوەی ئەو لە پردێـک لەگەڵ بـاوکی ڕوودەدات، باوکی خۆی دەکوژێت، بەڵام لەڕێگەدا بەرەو شـــاری تیبە ڕووبەڕووی ئەژدیهایەک دەبێتەوە بەناوی ســـفینکس، کە ئەندامەکانی ئەندامی شـــێرن و دەموچاوێکی ژنانەی هەیە و لەســــەر گابەردێک دانیشتووە و بۆ هەر کەسێک کە مەبەستییەتی بچێتە ناو شـارەکەوە پرســــیارێک دەخاتەڕوو، کە کەســــەکە دەبێت بە ناچاری وەڵامی پرســــیارەکە بداتەوە، بەڵام لە وەڵامەکەدا نهێنییەک هەیە، کە جگە لە ســفینکس کەســی دیکە ئەم نهێنییە نازانێت. پرسـیارەکە بەم جۆرەیە: ئەو بوونەوەرە چییە، کە بەیـانیـان لەســــەر چوار پێ و نیوەڕۆیـان لەسەر دوو پێ و ئێواران لەسەر سێ پێ دەڕوات؟

ئۆدیپ نهێنییەکە هەڵدێنێت و دەڵێت ئەمە بارودۆخی مرۆڤێکە، کە لە منداڵیدا لەســـەر چوار پەلی دەڕوات و لەکاتی گەنجیدا لەســـەر هەر دوو پێی خۆیدا وەســـتاوە وســـەرەنجام لە پیریدا بێ یارمەتی گۆچان نـاتوانێـت هەنگـاو بنێـت. ســــفینکس هەر کە دەبینێـت نهێنییەکەی هەڵهێنراوە ژیانی کۆتایی پێدێت و ئۆدیپ ســەرکەوتوانە دەگاتەشـاری

تیبە. خەڵکی ئەم شارە وەکو سوپاسگوزارییەک بۆ ئەم ڕزگاربوونە ئەو دەکەن بە پاشای خۆیان و ئۆدیپ هاوسەرگیری لەگەڵ شاژنی شار، کە لە حەقیقەتدا دایکی خۆیەتی دەکات و بەم شێوەیە چارەنووسەکە دێتەدی، چونکە ئێستا باوکی خۆی کوشتووە و دایکی خۆی هێناوە.

دوا تێپەڕبوونی چەند ساڵێک لە پادشایەتی دادپەروەرانەی ئەو، مردن و وشکەساڵی باڵ بەسەر شاردا دەکێشێت، پێشبینیکەران بۆ ڕزگار بوون لەم دەرد و بەڵا و وشکەساڵییە دۆزینەوەی بکوژی لایۆس بە چارەسەر دادەنێن.

لێرەدا ئۆدیپیش لەڕێگەی ئەو شوانە لە بارودۆخی ڕابردووی خۆی ئاگادار دەبێتەوە و بێ چاو وڕوویی و(دایکبوونی ژنەکەی ) بۆ ڕوون دەبێتەوە، کاتێک کە دەچێتە لای دایکی و دەیدۆزێتەوە دەبینێت دایکی بە پەتێکەوە خۆی بەدار هەڵواسیوە:

پاشا ئەوی بینی و بە ناڵە و شیوەنگەلێکی دڵبریندارانەوە پەتەکەی کردەوە و دایکی خستە سەر زەوی،بەڵام دیمەنێکی ترسناکتری بەدواوە بوو، بەسەر پۆشاکەکەیشابانوو چەنەد قولاپەیەکی زێڕین هەبوون، کە پاشا ڕایکێشان و بە درێژایی دەستەکانی هەڵیکێشان چەقاندیە ناو چاوەکانییەوە[٣٨].

فرمێسکی خوێنین دەموچاوی ئۆدیپی داپۆشی و ئامادەی دورکەوتنەوە لە وڵاتێک دەبێت، کە ئیتر توانای مانەوەی تێیدا نییە و ئەمەش دەسپێکی ئاوارەیی و تاریکییەکانە.

## گرێی ئیلکترا

گرێی ئیلکترا Electra complex گوزارشتێکە بۆ خستنەڕووی عیشق و خۆشەویستییەکی زۆری کچ بەرامبەر باوک لەتەک نەفرین و ڕژدییەکی زۆر بەرامبەر دایک. ئەم پەیوەستبوونە بەهۆی داب و نەریت و کۆت و بەندە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەرفەت و بوێری خۆدەرخستن بەدەست ناهێنێت، بە ناچاری دوو سۆزی دژیەک واتە خۆشەویستی بۆ باوک و نەفرین لە دایک بە توندی یەکتری سەرکوت دەکەن و بەهۆی ئەوەوە گرێی ئیلکترا پەیدا دەبێت[٣٩].

گوزارشتی(گرێی ئیلکترا) لە ئەفسانەی یۆنانی کۆنەوە وەرگیراوە. کاتێک ئیلکترای کچی ئاگامەمنوون لەوە تێدەگات، کە باوکی بە دەستی دایکی و بە کۆمەکی خۆشەویستەکەی دایکی کوژراوە. براکەی خۆی( ئۆریستoreste )هاندەدات، کە دایکیان بکوژێت و بەم شێوەیە دایکی ئیلکترا و مێردە تازەکەی بە دەستی ئیلکترا و ئۆرێست دەکوژرێن[٤٠].

دەروونناسان گرێی ئیلکترایان وەکو بنەمایەک داناوە بۆ هەندێک لە شیکردنەوە دەروونناسییەکانی خۆیان، کە بۆ دەقە ئەدەبییەکان ئەنجامیان داوە و چەند نموونەیەکی جۆراوجۆری ئەو گرێیەیان لە

بەرهەمە ئەدەبییەکاندا شیکردۆتەوە بۆ نموونە لە چیرۆکگەلێکی وەک دڵبەندبوون و شەیدابوونی کچ بە هەر کەسایەتییەکی نێرینەی بەرزتر، کە بتوانێت لە ناخی ئەودا جێگرەوەی باوک بێت، نموونەیەک لە گرێی ئیلکترای بە مێشکدا دێت. شایەنی وتنە بابەتی جێنشینی یا جێگرتنەوە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانە لە شیکردنەوە دەروونناسییەکاندا[٤١].

گرێ دەروونییەکان بەپێی هەڵکەوتەوبارودۆخەوە دەکرێ چەند جۆرێک بن،بەڵام گرێ گشتییەکان لە سێ شێوەدا ، گرێی ئۆدیپ و ئیلکترا و خەسان[٤٢]دا دەردەکەون.

## یۆنگ و نەستی کۆ(دەستەجەمعی)

کارل گۆستاڤ یۆنگ دەروونناسی بەناوباگی سویسری لەسەر بنەمای تیۆری (کۆ-نەست)ی خۆی شیکردنەوەیەک بۆ گرێ بەدەستەوە دەدات، کە جیاوازی لەگەڵ تیۆری (فرۆید)دا هەیە.ئەو لەو باوەڕەیە، کە هەموو ناخی مرۆڤ لە نەستە تاکەکەسییەکەیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو نەستی تاکەکەسی بەشێکی کەمی دەروونی مرۆڤ پێکدەهێنێت و بەشە گەورەتر و گشتییەکەی بریتییە لە کۆمەڵە دەستکەوت و کەڵەکەبوون و تێگەیشتن و هەست و چەندین هەڵچوون، کە ڕەهەندێکی سەراپایی هەیە و بە دەربڕینێکی دیکە کۆ-نەستی مرۆڤ دەهێننەکایەوە. ئەم عەمبارکراوانەی کۆ-نەست وابەستە نین بە ئەزموون و دەسکەوتە تاکەکەسییەکانی مرۆڤەوە، بەڵکو خاوەنی بیروباوەڕە و هەست و چەندین هەڵچوون، کە لە

ڕابردوو و پێشینانەوە گوازراوەتەوە بۆی ، بە پشت بەستن بەوەی، کە وترا باوەڕی یۆنگ دەربارەی گرێ لە تیۆری ئەو دەربارەی(کۆ-نەست) جیاواز و دابڕاو نییە.

باوەڕی یۆنگ ئەوەیە، کە گرێکان چەند پارچەیەکن لە دەروونی مرۆڤ، کە بەدوای ڕووداو و پێشهاتە ناخۆشەکاندا، یا بەهۆی خواست و ئارەزووە نەگونجاوەکان چالاکی هەست پەشێو و پەرێشان دەکەن.

لە باوەڕی یۆنگدا گرێکان بە پەیڕەویکردن لە یاسایەکی تایبەتدا دەردەکەون و وندەبن و بوون و چالاکییەکی سەربەخۆیانەیان هەیە[٤٣]، بە هەمان شێوە لەتەک ئەوەی،و کە وترا ئەو ئاماژە بە سنوردار بوونی ژمارەی گرێکان دەکات.

لەو بەشەی پێوەندی بە (ڕەخنەی ئەفسانەیی و تەرزە کۆنەکان)ەوە هەیە بە وردی قسە لەبارەی ڕوانینەکانی (یۆنگ)ەوە دەکرێت.

## خەون

فرۆید تێڕوانین و بیرۆکەکانی خۆی دەربارەی خەون لە بەرهەمێکدا بە ناوی(لێکدانەوەی خەونەکان)دا باسکردووە[٤٤]، کە تا ئەمڕۆش یەکێک لە پڕ خوێنەرترین بەرهەمەکانی فرۆید بووە، لە خودی خۆیدا وەکو بنەڕەتێک بۆ چەند تیۆرێک دەربارەی شیعر و خەیاڵ و وێنە شیعرییەکان هەژمار دەکرێت[٤٥].

خەون لە باوەڕی فرۆیددا ڕەنگدەرەوەی نەستی مرۆڤە و لە ڕاستیدا تانوپۆی ئەو ئارەزووە چەپێنراوانەی مرۆڤ پێکدەهێنێت.

ئەم ئارەزووە چەپێنراوانە زۆربەی کات کۆن و وابەستەن بە سەردەمی منداڵی مرۆڤەوە، بەڵام هەندێجار بابەت و ناوەرۆکەکانی خەون ئارەزووگەلێکی نوێش دروستدەکەن[٤٦]. فرۆید لەوباوەڕەیە، کە بەشێکی گەورەی خەونەکانمان وابەستەن بە چەند ئەزموون و کاریگەییەک، کە لە قۆناغی منداڵیدا هەمانبووە، لە تێڕوانینی ئەودا گشت کەسێک دەتوانێت ئەم ڕاستییە بە گەڕانەوە بۆ خەونەکانی خۆی چاکتر درک بکات[٤٧].

بۆ منداڵان خەون جێگەی بەدیهاتنی ئارەزووەکانە، هەڵبەتە کەسانی گەورەش لەم تایبەتمەندییەدا بەدەر نین[٤٨]، بەڵام منداڵ بەشێوەیەکی سەرەکی ئارەزووە تێرنەکراوەکانی خۆی لەڕێگەی خەونەوە تێر دەکات.

لە شیکردنەوەی تیۆری فرۆید دا پێویستە بگوترێت خەون بریتییە لە بەدواییەکداهاتنی چەند یادەوەرییەک، کە لەسەردەمی منداڵێتییەوە تێرنەکراون و لە نەستدا عەمبار کراون. لە بارودۆخەکانی دەرکەوتنی خەوندا سانسۆری عەقڵ لەباردەچێت و ئارەزووەکان لە نەستەوە بۆ هەست شۆڕدەبنەوە و تێر دەبن. خەونەکان بە هەر شێوە و بە هەر قاڵبێک دەرکەون زمانێکی ڕەمزین بۆ خستنەڕووی ئارەزووەکانی مرۆڤ[٤٩].

لەکـاتی بێـداریـدا هێزە بەرگریکـارەکـان لێنـاگەڕێن ئـارەزووە بەشـخوراوەکان و خواسـتە سـەرکوتکراوەکان لە نەسـتەوە بچنە ناو هەسـت، بەڵام لەکاتی خەودا ئەم هێزانە بەرگرییکردنێکی ئەوتۆیان نییە، کە ڕێگرییان لێبکەن تا نەچنە ناو هەسـتەوە و بەم هۆیەوە تەنیا کارێک کە دەیکەن ئەوەیە، کە پۆشـاکێک دەخەنە سـەر ئەم ئارەزووە سـەرکوتکراوانە و دەیانخەنە سـەر ڕەنگ و شـێوەیەکی دیکە و بەم شێوەیە کەسێک کە خەوندەبینێت ناتوانێت پێوەندی ئەو خەونە لەگەڵ واقیعیەت درک بکات[٥٠]، چونکە کاتێک کە ئارەزووە چەپێنراوەکان لە خەوندا بەرجەسـتە دەبن، شـکڵ و شـێوەی خۆیان دەگۆڕن و ئەم شـێوەگۆڕکێ و دۆخگۆڕکێیە دەکرێت بە چەند شـێوەیەکی جۆراو جۆرر و سەرسوڕهێنەر دەربکەوێت، بۆ نموونە دەگوترێت لە خەوندا نـاوی ڕاسـتەقینە بۆ نـاوێکی دیکە، کە تەنیـا لە ڕیزبوون و بەدواییکـداهـاتنی دەنگە بزوێنەکـانـدا خـاڵی لێکچووی لەگەڵ نـاوە ڕاسـتەقینە هەیە دەگۆڕێت[٥١]، یا بە شـێوە و شـکڵێکی سـیمبولیک و ڕەمزی دەردەکەوێت[52] و بەم هۆیەوە پێویسـتە جارێکی دیکە ئەوە دوبارە بکرێتەوە، کە ئەگەرچی خەون بەرامبەر بە بارودۆخی بێداری زمانێکی جیاوازی هەیە، بەڵام زمانێکی نالۆژیکی نییە، بەڵکو پەیڕەوی لە لۆژیکی تـایبەتی خۆی دەکـات[٥٣]. لەتەک ئەوەی وترا، پێویسـتە سـەرنج لەوە بدرێت، کە لەباوەڕی فرۆید دا لێکدانەوەی خەون وەکو شـا ڕێگەی( via regia) یە بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی نەسـت، بە

دەربڕینێکی دیکە لەبنەڕەتدا لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی خەون ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ناسینی شتە نەستییەکان و بەم هۆیەوەیە، کە لە ڕوانەی ئەودا خەون بە گەورەترین بنەما و بەش و بابەتی دەروونناسی هەژمار دەکرێت[٥٤].

فرۆید ئەگەرچی لە بەشێک لە بەرهەمەکانی خۆیدا بابەتەکانی غەریزەی سێکسی بە کانگە و سەرچاوەی خەون داناوە، بەڵام بە جەختکردنەوەیەکی دوپاتکراوەوە دەڵێت :من هەرگیز نەمگوتووە، کە تەواوی خەونەکان خاوەن چەمک و واتایەکی سێکسین، یا پەیوەندییان بەو هێزانەوە هەیە، کە لە غەریزەی سێکسییەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە بە ئاسانی دەتوانرێت ئەوە ببینرێت، کە ئارەزووە چەپێنراوەکانی دیکەی وەک تینوێتی و برسیەتی و پێداویستییەکانی دیکەی مرۆڤ بەهەمان شێوە دەتوانن لە هێنانەکایەوەی خەوندا کاریگەرییان هەبێت[٥٥].

لێرەدا پێویستە ئەوە باسبکرێت، کە چەند ڕەخنەیەکیش بەرامبەر تێڕوانینەکانی فرۆید دەربارەی خەون هاتۆتەکایەوە[٥٦].

## خەون و ئەفراندنی ئەدەبی

ڕۆڵی خەون لە پێکهێنانی ئەفسانە و خورافاتە کۆنەکان، هەر لە کۆنەوە بۆ لێکۆڵەران شتێکی ڕوون و ئاشکرا بووە[٥٧]. خەونەکانی خەڵکی جیهانی کۆن بە ڕوونکەرەوە و نیشاندەری ئارەزووەکان و ئایندە لە قەڵەم دەدران[٥٨]. خەون لەتەک ئەو ڕۆڵەی، کە لە

هێنانەکایەوەی ئەفسانەدا هەیەتی بە سەرچاوەیەکیش بۆ داهێنانی بەرهەمە هونەرییەکان دەژمێردرێ و ئەم بابەتە واتە پێوەندی نێوان خەون و هونەر زۆر بەر لە فرۆید شتێکی زانراو بوو. ئەوەی فرۆید ئەنجامی دا دووبارە جەختکردنەوە و ڕوونکردنەوەیەکە لەم بوارەدا[٥٩].

وێڕای ئەوەی، کە خەون بە سەرچاوەیەک بۆ داهێنانی بەرهەمە هونەرییەکان هەژمار دەکرێت، چەند لێکچوونێکیش لەنێوان ئەم دوانەدا، واتە هونەر و خەون دەبینرێت، چونکە کارکردنی خەیاڵ، یا بە دەربڕینێکی دیکە یاری خەیاڵ لە هەردووکیاندا وەکو یەکە[٦٠].

یەکێک لە لایەنە لێکچووەکانی خەون و هونەر یەکسانی و هاوتایی ڕەمزەکانی هونەر و ڕەمزەکانی خەونە[٦١]، بە دەربڕینێکی دیکە هەمان ئەو پاڵنەرانەی، کە لەنەستەوە سەرچاوە دەگرن و پاشان دەبنە مایەی دەرکەوتنی خەون، بەهەمان شێوە دەبنە هۆی داهێنان و ئەفراندنی هونەریش و بەم هۆیەوە ڕەمز و سیمبولەکانی خەون و هونەر هاوشێوەیی و لێکچوون لەگەڵ یەکتریدا پەیدا دەکەن.

فرۆید لە شیکردنەوەی کورتە چیرۆکێکدا بەناوی (گرادیڤا)[٦٢] (لەبارەی ڕەگەز)[٦٣] هەوڵیداوە ئەوە بسەلمێنێت، کە خەو وخەیاڵە داهێنراوەکانی نووسەر دەتوانرێت وەکو خەون و خەیاڵە ڕاستەقینەکان لێکبدرێنەوە، لەبەر ئەوەی هەمان ئەو میکانیزمە نەستیانەی کە لە پێکهاتن و شێوەگیری[٦٤](elaboration) خەوندا چالاکن دەست دەخەنە ناو کاری هونەری شاعیریش[٦٥].

دەوترێت زانینی پێوەندییەکی لەم جۆرەی نێوان شـــیعر و خەون تەنانەت بۆ مرۆڤە ئاساییەکانیش شیاوی تێگەیشتتنە ، چونکە ئەوانیش درکیـان بە هەبوونی جۆرە لێکچوون و هـاوشـــێوەییەک لە نێوان خەونەکانی خۆیان و ئەوناوەرۆکانەی، کە زادەی میزاجی شـــاعیرانن کردووە و بەهۆیەوە هەســـتیان بە ســـەرســـوڕماوی کردووە[٦٦]. لە ڕوانگەی دەروونناســـانەوە پەیدابوونی خەونی شـــاعیر پەیڕەوی لە هەمـان ئەو بنەمـایـانە دەکـات، کە لە پرۆســـەی دەرکەوتنی خەونی واقیعی لەئارادان[٦٧].

## خەون و لێکدانەوەی هونەری

زۆر لە دیاردە هونەرییەکان هەروەکو خەون زادەی نەســـتن و هەردووکیـان ســـوود لە یەک کـانگە و ســـەرچـاوە وەردەگرن، شـــیکردنەوەی زۆر لە دیمەنە هونەرییەکانیش وەکو شـــیکردنەوەی خەون وایە، واتە دەتوانرێت لەچەند بابەت و لایەنێکی زۆر بە هەمان ئەو شـــێوازەی، کە خەونەکان لێکدەدرێنەوە ، لێکدانەوەی بەرهەمە هونەرییەکانیش ئەنجام بدرێت[٦٨].

بۆ لێکدانەوەی خەون پێویســـتە ســـەرنج لەوە بدرێت، کە ئەو کەرەســـانەی خەون ســـوودیان لێوەردەگرێت پەیڕەوی لە هەردوو یاســای کەڵەکەبوون یا (چڕکردنەوە condensation) و (جێگۆڕکێ displacement)دەکەن[٦٩].

(چركردنەوە) واتە كەڵەكەبوون و چوونەناویەك لە خەوندا، بەرهەمی كۆبوونەوەی چەندین بیرۆكە و هەست و چەندین تێبینی شاراوەیە، كە هەموویان لە خەودا لەسەر شێوەی سیمبول یا ڕەمزێكدا دەردەكەون. ئەم سیمبولە دەرخەری هەموو بیرۆكە ئاوێتەبووەكانە، بە جۆرێك كە لێكدانەوە و ڕاڤەكردن یا توێژینەوە و شیكردنەوەكەی دەرخەر و نیشاندەری بیرۆكەگەلێكە، كە خەون پەیوەستە پێیانەوە[٧٠]. بەراوردكردنی ناوەرۆكی ئاشكرا و بەرجەستەی خەون لەڕووی واتاییەوە چەندین جار بەقەت ئەو ناوەرۆكە ئاشكرایەیە، كە كەڵەكەبوونی بەخۆیەوە بینیوە، هەڵبەتە ئەوەی شایەنی وتنە ئەوەیە، كە تەرازووی ئەم كەڵەكەبوونە لە خەونە جۆراوجۆرەكاندا جیاوازە[٧١].

كەڵەكەبوون لە خەونەكاندا لەسەر بنەمای سڕینەوە و كورتكردنەوە پەیدا دەبێت، واتە خەون بە ڕەنگدەرەوەی تەواو و وردی بیرۆكە شاراوە و پەنهانەكان هەژمار ناكرێت، بەڵكو خستنەڕوویێكی كورت و پوختیەتی[٧٢].

جێگۆڕكی بەتەواوەتی بریتییە لە گۆڕانی شكل و شێوەگرتنی بابەتی خەون[٧٣]، ئەم شێوەگۆڕكێیە پۆشاكێك بەسەر ڕووی ئارەزووە سەركوتكراوەكاندا دادەدات و ڕەنگێكی تریان پێدەدات و هەر بۆیە، كە بینەری خەون ناتوانێت بابەتی سەرەكی خەون درك بكات[٧٤]. میكانیزم یا بنیاتی جێگۆڕكێ و گۆڕانی نەست و ئارەزووە

سەرکوتکراوەکانی لە ئەدەبدا بە شێوەی نیشانە ڕەمزییەکان و درکە و خواستنەکان و بگرە پۆشینیش بەرجەستە دەکرێن[٧٥].

هەرچەندە دەتوانین بە تەماشا کردنی وێنەیەک، لە ناوەرۆکەکەی تێبگەین، بەڵام ناتوانرێت دیمەنەکانی خەون لە بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەراندا لەڕێگەی ئاماژە ڕاستەوخۆکانەوە درک بکرێت ، چونکە بە پاڵپشتی و یارمەتی زمانی تایبەتی خەون فەراهەم بووە و درککردنی ئەم زمانە بەبێ گرنگیدان بە دیاردەی کەڵەکەبوون وجێگۆڕکێ لە دروستبوونی و پێکهاتنی خەوندا شتێکی نەشیاو و ناکردەییە[٧٦].

## شیکردنەوە ڕەمزییەکان

سیمبولەکان، یا ڕەمزەکان لە کۆنەوە ئامرازێک بوون بۆ نیشاندانی بیرۆکە و هەست و هەڵچوونەکانی مرۆڤ و دەروونناسان جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەنەوە، کە سەرچاوەی بیرکردنەوەی مرۆیی پێش هەر شتێک لە ئەفسانەکاندا شاردراوەتەوە و بەهۆی سیمبولەکانەوە خراوەتەڕوو[٧٧]. زۆرێک لە ڕەمزسازییەکان بەرهەمی تێگەیشتنە خۆنەویستەکانی(لا ارادي)مرۆڤن، کە ڕوونکردنەوە و پاساوەکانیان لە نەستی تاکەکەسی یا کۆنەستی مرۆڤ دایە و لەخودی خۆیاندا وێڕای ئەو جۆراوجۆرییەکی کە هەیانە پەیڕەوی لە سیستم و دەزگایەکی تایبەت دەکەن.

لە باوەڕی فرۆید دا سـیمبول و ڕەمزەکان دەرەنجامی ئەو پاڵنەرە ڕەتکراوانەن کە دەبنە هۆی جۆرە ئاخاوتنێکی ناڕاستەوخۆ و لە بارودۆخێکی وەها دایە کە ئاو دەبێتە ڕەمزی زاوزێ و ژیان، یا گەشت وەکو ڕەمزێک بۆ مەرگ دەردەکەوێت[٧٨]. شایەنی باسە کە میسداقیەت و بەڵگەی ئەم ڕەمزانە دەشێ هەمیشە لەباری بەربڵاوی و فراوان بوون دابێت هەروەک ئەوەی کە ئاو وەکو یەکێک لە باوترین ڕەمزەکانی نەست لە پڕۆسەی ڕەمزسازییەکانی مرۆڤدا واتاگەلێکی وەک: دووگیان بوون، ئەفراندن، لەدایکبوون، سەروەت و سامان، زۆربوون و فراوانی، ئاسوودەیی و ئاسایش، پاکبوونەوە، شیفا وتەنانەت مەرگ و زیندوبوونەوەشی پەیدا کردووە.

لە بەشی (ڕەخنەی ئەفسانەیی)دا بە وردەکارییەکی زیاتر قسە و باس لەبارەی ڕەمزەکان دەکەین.

لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا تێگەیشتنی زۆرێک لە واتاکان بە یارمەتی ناسینی ڕەمزەکان دەبێت، بە دەربڕینێکی یکە بە کۆمەکی شیکردنەوە ڕەمزییەکان فەراهەم دەبێت. لە شیکردنەوەگەلێکی وەها دا ئەفسانەی پاکیزەیی(پاڵتۆی سوور)ی چکۆلە وەکو حیکایەتێکی خوازەیی بۆ نیشاندانی کێشمەکێشمی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز دەخرێتەڕوو، کە تێیدا کچۆلەیەکی گەنج و ئازا کە کڵاوە سوورەکەی ڕەمزێکە بۆ(بێنوێژی= سوڕی مانگانە)گورگی خوێنخۆر و تینوی هەوەس دەست بەسەر دەکات[٧٩].

هەروەها پێویسـتە ئاماژە بەوە بكرێت، كە زۆرێك لە زاراوەی سۆفییەكان لەوانە: خەرابات، ساقی، مەی، شاهید، دێری موغان، دڵ، جام و هاوشـێوەكانی هەندێجار واتا و چەمكێكی تەواو ڕەمزی لەخۆ دەگرن و درككردنی قسـە و وتەكانی سـۆفییەكان لە چوارچێوەی زانینی چەمكە ڕەمزییەكانیان دایە، واتە تا ئاشنایەتیمان لەگەڵ چەمكە ڕەمزییەكانیان نەبێت، ناتوانین درك بە قسەی سۆفییەكان بكەین.

## شیكردنەوە دەروونناسییەكان

شـیكردنەوەیەك،كە بە سـوودوەرگرتن لە تێگەیشـتن و زەمینە دەروونناسـییەكان دێتەكایەوە، زۆربەی كات سـەرنج لە چەند بەرهەمێك دەدەن، كە بابەتێتی(موضـوعیت) تەواو و پێویسـتیان بۆ شـیكردنەوەیەكی لەم جۆرە هەبێت و ڕەخنەگری ئەدەبی بە مەرجی هەبوونی شـایسـتەییەكی لەم جۆرە لە بەرهەمەكەدا، هەوڵدەدات بە یارمەتی ڕەخنە و شـیكردنەوەی دەروونناسـی بەرەو قوڵاییەكان و چینەكانی ژێرەوەی بەرهەمەكە شۆڕبێتەوە.

ئەگەرچی شـیكردنەوە دەروونناسـییەكان هەروەك ئەوەی پێشـتر ئـامـاژەمـان پێكرد قەرزاربـاری دەسـكەوتەكـانی فرۆیـد و خوێندكارەكانیەتی، بەڵام پێویسـتە ئەم ڕاسـتییە پەسـەندبكرێت، كە دەتوانرێت زۆرێك لە بەرهەمە ئەدەبییەكان بە بێ سـنوردار بوون و كۆت و بەند بوون لە چوارچێوەی تێگەیشـتنە دەروونناسـییەكانی

فرۆید و دیدگا فرۆیدیستییەکان شیبکرێنەوە، چونکە ئەوەی زەمینە و لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤ پێکدەهێنێت، وابەستە نییە بە دەسکەوتەکانی فرۆید و لایەنگرانی.

هەندێجار وا بەرچاو دەکەوێت، کە زۆرێک لەو چیرۆکانەی، کە زەمینەیەکیان بۆ شیکردنەوەی دەروونی هەیە، یا تێگەیشتنێکی دەروونی تایبەت لە مێشکی نووسەردا بۆتە هۆی ئەفراندیان، ڕیشەیەکی ڕیالیستی بەهێز و هەسپێکراویان هەبووە. بۆ نموونە لە ئەدەبی هاوچەرخی فارسیدا هەندێک لە بەرهەمەکانی غولام حوسێنی ساعیدی (گەوهەری موراد) لەم دەستەیەن، کە زۆربەی کات داوای شیکردنەوەیەکی دەروونناسیانەی تایبەت بە خۆیان دەکەن،بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین بەرهەمی وەک (کوندەپەپۆی کوێر)ی سادقی هیدایەتیش لەسەر بنەمای گرێی ئۆدیپی شیکردنەوەی بۆ کراوە[٨٠].

ئەوەی پێویستە لە ڕەخنەی دەروونناسیدا بەشێوەیەکی جیددی سەرنجی لێبدرێت ئەوەیە، کە میتۆدێکی لەم جۆرە ناتوانێت ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی بەتەواوەتی بخاتە بەر لێکۆڵینەوە[٨١] و تەنانەت دان پێدانانی گەورەترین هاوەڵانی فرۆید ئەوەیە، کە فرۆید تێگەیشتنە ئیستاتیکییەکانی سنووردار کردووە و لەم پێناوەدا هەندێجار خودی هونەرمەندانیش ڕەخنەیان لە فرۆید گرتووە بەوەی، کە نەیتوانیوە ئامانجەکانی ئەوان درک بکات[٨٢].

لە ڕوویــەکی دیکەوە ســــنورداریێتی خۆ لیَ لانەدراوی ڕەخنەی دەروونناســـی لەو کێماســـی و کەموکوڕییە ئیســـتاتیکیانەدایە، کە هەیەتی، بەم هۆیەوە شیکەرەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان زۆربەی کات هەوڵیان داوە کەم و کوڕییەکانی ڕەخنەی دەروونناســـی بە ســـوود وەرگرتن لە ئامراز و میتۆدەکانی دیکەی وەک ڕەخنەی تەقلیدی، یا فۆرمالیستی پڕبکەنەوە[٨٣].

لەســـەر بنەمای تیۆرێک، کە بەڵگە بینراو و هەســـپێکراوەکانی لە چەند جۆرێکی بەرهەمە ئەدەبییەکانیش نیشـــاندراوە ، تاڕاددەیەک دەکرێــت هەموو میتۆدە بــاوەکــانی ڕەخنە لەڕێگەی ڕەخنەگری دەروونناســـەوە ســـوودیان لێوەربگیرێت، بە دەربڕینێکی ســـادەتر، ڕەخنەی دەروونناســـی دەتوانێت بوون و ئامادەیی خۆی بە ئاوێتەیی لەگەڵ زۆرێک لە میتۆدەکانی دیکەی ڕەخنەدا دەربخات[٨٤].

# نموونەیەک لە ڕەخنە و شیکردنەوەی دەروونناسی

## نهێنی شەهرزاد

پاشا(شەهریار) بەرامبەر خانمی خۆی(پدور) خۆشەویستی و میهرەبانییەکی زۆری هەبوو، بەڵام ئەوەی ئەم خۆشەویستییەی ڕەش و تار دەکرد خولقوخوی ئارەزووبازانە و دەسەڵاخوازانەی شەهریار بوو. ئەم خاسیەتەی شەهریار لەگەڵ بارودۆخەکانی ناو ناخی (پدور) گونجاو نەبوو و هەر بۆیە خۆی ڕادەستی خواستەکای شەهریار نەدەکرد، ئەم کارەی ئەو دەبووە هۆی ئەوەی هەندێجار پشکۆی توڕەیی شەهریار وەها دابگیرسێت، کە بیر لەوە بکاتەوە شمشێری خۆی لە سینەی پدوردا بچەقێنێت.

دوورەپەرێزییەکانی پدور لە شەهریار ببوە هۆی ئەوەی کەوا گومان بکات شەهریار خۆشەویستیی خۆی لەو وەرگێڕاوە، بۆیە پدور کەوتە دوای ئەوەی، کە شەهریار تاقی بکاتەوە. ئەو داوای لە هاوەڵەکەی شەهریار کرد تا خزمەتکارێکی قولەڕەش بنێرێتە سەر جێگای خەوتنەکەی و لەلایەکی دیکەوە کچە هاوەڵەکەی خۆیشی بەرەو لای شەهریار نارد تا شەهریار بۆ سەرجێگای خەوتنەکەی بانگ بکات و بەم شێوەیە عیشق و توڕەیی شەهریار بەرامبەر بەخۆی تاقی بکاتەوە، هاوەڵەکە پاش ئەوەی بەندەکەی بۆ سەر جێی خەوتنەکە برد بە ترسەوە بەرەو لای شەهریار چوو تا حیکایەتی ئەم یارییە بۆ شەهریار بگێڕێتەوە. دەرەنجامی ڕووداوەکە وای لێهات، کە

شــەهریار بەندە ڕەشــەکەی لە جێگەی خەوتنەکەدا کوشــت وپدوریش بەر لەوەی بتوانێت شــەهریار لە ڕاســتیی ئەوەی لەدڵیدایە تێبگەیەنێت دەکوژرێت.

شــەهریار دوای کوشــتنی هاوســەرەکەی بەرامبەر بە تێکڕای ژنان دەکەوێتە بەدگومانییەوە و گشــت شــەوێک کچێکی دەکردە ژنی خۆی و لە سپێدەدا دەیسپاردە دەستی جەللادەکان.

شــــەهریار لەم ماوەیەدا نورەددرینی وەزیری خۆی لەســــەر کار لابرد و وەزیرێکی ناشــــایســــتەی بەناوی (رکن الدولە)ی لە پێگەی وەزیرێتی دانا، نەشــــیاوی وەزیری نوێ بووە هۆی ئەوەی، کە کاری پاشا بەرەو خراپی بچێت.

نورەددینی وەزیری پێشوو دوو کچی هەبوو بەناوەکانی شەهرزاد و دونیازاد، کە ڕەزوانی حەکیم ئەوانی پەروەردە دەکرد، ئەم ڕەزوان حەکیمە هەر خۆیشی مامۆستا و ڕاوێژکاری شەهریار بوو، شەهریار خوازبێنی شــــەهریاری کرد بۆئەوەی دوای هەفتەیەک ببێت بە ژنی ، ئەم ڕووداوە هەموویانی خســــتە ترســــەوە و لە هەمان کاتدا پیلان و فەرتەنەی (رکن الــدولە)ی وەزیــری نــوێش کــاریــگەری هەبــوو و لەکۆتاییدا شــــەهریار پلانی دانا، کە شــــەهرزاد لە هەمان شــــەوی خوازبێنییەکەیدا بکات بە هاوســــەری خۆی و هەر کە ســــپێدە داهات بەدەستی جەللادی بسپێرێت و جەللاد سەری ئەو و باوکی(نورەددین) لە جەستەیان جیا بکاتەوە.

لە شـــەوی پەردەدا، هەمووان لە کۆشـــک چوونە دەرەوە و تەنیا شـەهریار و شـەهرزاد لە کۆشـک مانەوە. دنیازادی خوشـکە بچووکی شــــەهرزاد کە مندالْ بوو و هەرگیز بەرگەی دووری شــــەهرزادی نەدەگرت لەســـەر ڕاوێژ و تەگبیری شـــەهرزاد لەپشـــت پەردەیەک لە خەڵوەتگاکەدا خۆی شاردبوویەوە شەهریار لەگەڵ شەهرزاددا کەوتە قســەوە و شــەیدای وتە و جوانی شــەهرزاد بوو، لەم کاتەدا دونیازاد خۆی دەرخســـت و بیانوێکی منداڵانەی هێنایەوە بەوەی، کە لەســـەر تەختی شــەهریاردا پاڵکەوێت و شــەهرزاد چیرۆکێکی بۆ بگێڕێتەوە تا خەوی لێبکەوێت، شـــەهریار کە شـــیفتەی چیرۆکی شـــەهرزاد بوو، شەهرزادی بە زیندوویی هێشتەوە تا لە شەوی دواتریشدا بەردەوامی بە چیرۆکەکەی خۆی بدات.

بەم شێوەیە چیرۆک دوای چیرۆک هات و چەندین شەوگاری زۆر تێپەڕی. شـــەهرزاد هەر شـــەوێک چیرۆکێکی دەگێڕایەوەو شـــەهریار شـێت و شــەیدای حیکایەتەکانی ئەو دەبوو، بەڵام لەهەر لەو ماوەیەدا شەهریار بێ ئەوەی ئاگای لە حاڵی خۆی بێت گشت شەوێک لە خەو ڕادەپەڕی و شــمشــێری لە کاڵان دەردێنا و بەدوای تارمایی (پدور)دا دەڕۆیشـــــت و دوای ئەوەی هـاواریـدەکرد:( ئەی خراپەکـار تۆیش دەکوژم) و لە خەیاڵی خۆیدا پدوری دەکوشـــــت و هێور دەبویەوە و دووبارە دەگەڕایەوە سەر جێگەی خەوەکەی.

شـــەهرزاد، کە لە ڕووداوەکە تێگەیشـــتبوو دەیزانی، کە پاشـــا ئەگەرچی ســـاغ و ســـەلامەت دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام دەروونی نەخۆشـــە، پاشـــان لەگەڵ ڕەزوان حەکیم ڕاوێژی کرد و بەدوای چارەسەرێکەوە بوون.

ڕۆژێک، کە شەهریار بە تەنیایی بۆ ڕاو دەچووە دەرەوە، شەهرزاد بەدوای ئەوە بوو تـا کـارەکەی جێبەجێ بکـات، ئەو داوای لە ژنە هاوەڵەکەی خۆی کرد جلی کۆیلەکان لەبەر کەنیزەکێکی ڕەشـپێسـت بکات و بیخاتە ژووری خەوتنەکەوە و هیچ شـــتێک دەربارەی ئەم ڕووداوە بە شـــەهریار نەڵێت، کاتیک شـــەهریار لە ڕاو دەگەڕایەوە، شەهریار بەهەمان شێوەی پدور بەهەڵەداوان بۆ پێشوازی ڕۆیشت، بەڵام شەهریار هەر لەگەڵ چوونەژوورەوە کۆیلەیەکی لە خەڵوەتگاکەی خۆی بینی و قینێکی گەورە ناخی تەنی و شـــەهرزادی لە خیانەتێکی هاوشـێوەی پدور و ژنانی دیکەدا بینی، کاتێک کە شـمشـێری لە کاڵان دەردەهێنا تا شـــەهرزاد بکوژێت لەوە تێگەیشـــت، کە ئەو کەســـەی پۆشـــاکەکەی لەبەرە کەنیزەکێکی هاوەڵانی شـــەهرزادە و ناپاکییەک ڕووینەداوە و ئەم شتە جگە لە گاڵتە و شۆخییەک چیتر نەبووە، بەڵام کاریگەری ئەم ڕووداوە لە دەرونی شـــەهریاردا یەجگار گەورە بوو، ئەوەی هێنایە مێشکی، کە پدوریش ناپاکی لەو نەکردبوو و ئەو کاتەی، کە ئەوی لەگەڵ کۆیلەکە بکوشـتایە ئەوسـا دەیزانی، کە ئەو خیانەتکار نەبووە.

شـــەهریار لەو ســـاتەدا هاتەوە ســـەر خۆی و پەی بە خراپی ئەو تـــاوانە برد، کە دەســـــــتی بۆ بردبوو و ڕەزوان حەکیمیش بۆ قەرەبووکردنەوە و پاکبوونەوەی تاوانەکان شەهریاری بە ئەنجامدانی کاری باش ڕاســـپارد. شـــــەهریار کە لەگوناهەکانی خۆی پەشـــیمان ببووەوە دەستی لە هەموو شتێک بەردا و وەکو گەڕیدەکانی لێهات و ئاوارەی دونیا بوو.

## شیکردنەوەی دەروونناسی نهێنی شەهرزاد

خستنەڕووی چیرۆکەکە سەرەتا سادە دەکەوێتە بەرچاو. پیاوێک ژنی خۆی بە هۆی ناپاکیکردن کوشـــــتووە، بەڵام وەک بڵێی لە ناخی خۆیدا بەئاگایە لەوەی، کە تەنیا وەهم یا گومانی ناپاکیکردن هۆکاری ئەم کوشـــتنە بووە و بەم هۆیەوە ناتوانێت خۆی لە تاوانی کارێک، کە ئەنجامیداوە ڕزگار بکات. ڕەنگە خۆشـــەویســـتی زۆری شـــەهریار بۆ پدور و لەبەرامبەردا ساردی و خۆشنەویستنی پدور بۆ ئەو بتوانرێت بە هۆکاری ســـەرەکی دابنرێت، خۆشـــەویســـتییەکی لەڕاددەبەدەر، کە بەهۆی نائومێدبوونە هەســـــتەکیەکان دەگۆڕێت بۆ کینەیەکی قووڵ. بوونی ئەم بابەتانە لە نەستی شەهریاردا کێشمەکێشمێک دێنێتەکایەوە، کە هەمیشـە شـەهریار ئازار دەدات، بەڵام لە کۆتاییدا گرێی ئەم گرفتە بە دەستی شەهرزاد دەکرێتەوە.

لەخەو ڕابوونەکانی گشت شەوێکی شەهریار لە خەو و گەڕانی بەدوای تارمایی پدور بە خاڵێکی گرنگی دیکەی ئەم چیرۆکە هەژمار دەکرێت، شەهریار لەکاتێکدا کە شمشێر لە کالآن دەردەهێنێت گشت جارێک هاوار دەکات: (ئەی خراپەکار تۆ دەکوژم) و بەدوایەوە لە وەهم خەیاڵاتەکانی خۆیدا تارمایی پدور دەکوژێت. ئەم بزاوتە ئەوە دەگەیەنێت، کە گرفتەکە لە ناخی شەهریاردا شاراوە و زیندووە و لە ڕاستیدا شەهریاری گرفتاری ململانێیەکی ناخەکی کردووە، ئەو گەرچی لە کۆتاییدا هەر شەوێکدا کچێک کە بووەتە ژنی دەکوژێت، بەڵام ناتوانێت تا کۆتایی هۆکاری کوشتنی پدور لە ناخی خۆیدا خامۆش بکات. شەهریار دەزانێت، کە پدور ناپاکی لەو نەکردووە، بەڵام نەستی ئەو پێچەوانەی بابەتێکی لەم جۆرەی دەخاتە بەردەمی، چونکە پێویستی بەوە هەیە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی لە کوشتنی پدور قاییل بکات، کاتێک ، کە لەماوەی ئەو شەوانەی شەهرزاد چیرۆکی بۆ دەگێڕێتەوە ناتوانێت درێژە بە کوشتنی کچان بدات تارمایی پدور دەکوژێت تا هۆکارەکانی دڵدانەوەی خۆی فەراهەمبکات، بەڵام ئەم کارەی ئەو دەرمانێکی کاتەکی و ڕووکەشییە و ناتوانێت لە ململانێی ناخەکی دەربازی بکات. لێرەوە، کە شەهرزادی چیرۆک بێژ بیر لە چارەیەک دەکاتەوە تا بتوانێت لەقوڵاییەکانەوە ناخی شەهریار هەڵبداتەوە.

ململانێیەک، کە شـــەهریار بەهۆیەوە ئازاری دەکێشـــا جۆرە هەســـتکردێکە بە تـاوان. ئەم هەســـتکردنە بەتـاوان ئەوی بەرەو ناخگەرایی هەڵپێچاوە و دوچاری جۆرە شیزۆفیرینیایەکی کردووە.

ئەم بـارودۆخە بۆتە هۆی دوولەتبوونی کەســـایەتی و هەڵاتن لە واقیع[85]، بێگومان بارودۆخێکی وەها دەرهاوێشتەی کاردانەوەکانیەتی لەبەرامبەر نـائومێد بوونەکـانی، کە لەکۆتـاییدا بەرەو خۆفریودان و ڕێگریکردن پەلکێشـــی دەکات[86]. شـــەهریار بۆ ڕزگار بوون لە دوو لەتبوونی کەسایەتی پێویستی بەوە هەبوو، کە لە هەستکردن بە تاوان ڕزگاری بێت و بۆ دەرباز بوون لە هەست بەتاوان کردنیش پێویستە بەرامبەر تاوانێک، کە ئازاریدەدا هەســـت(خودئاگاه) بدۆزێتەوە و بەم شـــێوەیە خۆی لە ناخ ڕازی بکات.شـــەهرزاد ئەم ســـەرکەوتنەی بەدەســـتهێنا، چونکە یەکێک لە کاریگەرترین شـــێوازەکانی دەرمانی نەخۆشی تووشبوو بە شیزۆفیرینیا ئەوەیە، کە کەسەکە هان بدەن تا لە قەفەزی دەروونی خۆی بێتە دەرەوە و یارمەتی بدرێت تا دید و تێڕوانینی پێویســـت بۆ چارەســـەرکردنی گرفتی خۆی بدۆزێتەوە و ڕووبەڕووی واقیع ببێتەوە. لە بارودۆخگەلێکی وەها دا خستنە شۆکی نەخۆش شتێکی کاریگەرە[87] و ئەمە کارێک بووکە شەهرزاد ئەنجامیدا لەڕێگەی پۆشـینی پۆشـاکی پیاوان، کە لەبەر یەکێک لە کەنیزەکەکانی کرد و لە ئەنجامدا بووە هۆی فریودانی شەهرزاد ، هێشتا هەنگاوێکی دیکە مابوو، شـــەهریار پێویســـت بوو قەرەبووی ئەو تاوانە بکاتەوە،

کە ئەنجـامی دابوو، هەر لێرەوە، کە ڕەزاوان حەکیم دێت بۆ یـارمەتیـدانی دێت و شـەهریـار لەوە ئـاگـادار دەکـاتەوە، کە بۆ دەربازبوون لە تاوان دەست بۆ کاری چاکە ببات تا ناخی ئاسوودە بێت و دەروونی ڕزگار بێت و پاک ببێتەوە و سەرەنجام شەهریار بەم زەمینەسازیانانە لە حەقیقەتی حاڵی خۆی تێدەگات[٨٨].

# پەراوێزەکانی فەسڵی هەشتەم

١- التفسير النفسي للادب، عزالدين اسماعيل. بيروت ١٩٦٢، ص١٣.
٢- ارسطو و فن شعر، پێشووتر، ص ١٢١. دەربارەی کاسارسیس «کثارسیس» و بۆچوونی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و کاریگەریی رەوشتی و پێوەندی بە کاسارسیسەوە بڕوانە:هەمان سەرچاوە،ل١٥.کاسارسیس هەندێ جار (پالایش) و هەندێ جار بە (تزکیه و تهذیب)تەرجەمەیان کردووە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بە زۆریی (التطهير-پاکبوونەوە)بۆ هەڵبژاردووە. بڕوانە: معجم المصطلحات الادبية. فريد وجدى، بيروت، ١٩٧٢،ص٦٢.
٣- التفسيرالنفسي للادب ص١٤.
٤-لەو بەرهەمانە وەکو:

-Three Contributions to the Theory of Sex.
-The Interpretation of Dreams.

٥- بڕوانە:

Five Approaches of Literary Criticism, P. 59

هەروەها: النقدالادبى الحديث احمد زكى كمال، القاهرة ١٩٧٢، ص١٧٠.
٦- بڕوانە: راهنمای رویکردهای نقد ادبی پێشوو، ص١٤١.
٧- هەمان سەرچاوە، ١٤١.
٨-هەمان سەرچاوە، ١٤١.
٩-Libido بنەچەکەی لە زمانی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە Lieben (= خۆشویستن). لە بەرهەمەکانی فرۆید دا (لیبیدۆ) بە واتای وزەی توانای سێکسییە، کە لە رووی چەندێتییەوە،دەگۆڕێت،بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانرێ

مەزەندە بکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فرویدیسم با اشاراتی به ادبیات و عرفان،ا٠ح.آریانیور، شرکت سهامی کتابهای جیبی، تهران،ص٩٠.

10-Premordial Life Principle.

11-Pleasure Principle.

١٢- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٤٣.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل١٤٤.

١٤- بڕوانە: فروید، ناخودآگاه و روانکاوی، ژان پل شاریه، ترجمه سیدعلی محمد، نشر نکته، تهران ١٣٧٠،ص٥٣. هەندێ لە دەروونناسانی وەکو «اوتوریک»، دەسپێکی چالاکی لیبیدۆ لە قۆناغی مەلۆتکەییهەوە دەست پێدەکات. بڕوانە: فرویدیسم، پێشوو، ص١٠١.

١٥- فروید، ناخودآگاه و روانکاوی، ص٤٠.

١٦- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٤٤.

١٧- فروید، ناخودآگاه و روانکاوی،ص٢٩ ، ٤٠.

١٨-هەمان سەرچاوە،ل٤٠.

١٩- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٤٤.

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل١٤٥.

٢١- فروید، ناخودآگاه و روانکاوی، ص٤١.

٢٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

٢٣- هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

24-The Anatomy of Mental Personality.

25-Preconcious

٢٦- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٤٢.

٢٧- فرویدیسم، ص ٩٦-٩٧ و هەروەها فروید، ناخودآکاه و روانکاوی، ص٢٠.

٢٨- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٤٢.

٢٩- روانشناسی، زیگموند فروید، ترجمه مهدی افشار، انتشارات کاویان، تهران (بی تا)،ص٣٩.
٣٠- هەمان سەرچاوە، ل٤٠.
٣١-فروید، ناخودآگاه و روانکاوی، ص٤٦.
٣٢- فرویدیسم، ص١٣٧.
٣٣- هەمان سەرچاوە،١٦٨.
٣٤- فروید، ناخودآگاه و روانکاوی، ص٤٧.
٣٥-گرێی Complex لە مانی فارسیدا هاوواتای وەکو: گەرم ،گرێ و داخستن هەیە. بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی لە دەقی شیعریدا،بڕوانە: فرویدیسم با اشارتی به ادبیات و عرفان. ص١٣٥-١٤٤.
٣٦- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٤٨.
٣٧- بڕوانە: فروید، ناخودآگاه و روانکاوی، ص٥٩ ،٦٠.
٣٨-ادیب شهریار، سوفوکل،ترجمة شاهرغ، نشر اندیشه، تهران ١٣٦٤،ص ١٠٨.
٣٩- بڕوانە: فرویدیسم، ص ١٤٣.
٤٠- اساطیر یونان و روم، سعید فاطمی، انتشارات دانشگاه تهران ١٣٤٧، ص ١٤٣.
٤١- مکانیزمە دەروونییەکان، چلۆنایەتییەکی سادە و شاراوەی فراوانیان هەیە، لەوانە ناچارکردن(دەسدرێژی)،چاکتر سازکردن، هەڵگرتن و گەڕانەوەیش دەگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:فرویدیسم، ص١٨٤.
٤٢- گرێی خەسان واتا ناچارکردنی کچۆڵەیەک بۆکاری سێکسی و دەرکەوتنی هەستی سێکسی تێیدا و هەستی بە خەیاڵ لەدەستدانی ئەندامێکی سێکسی لە منداڵاندا(باڵقبوون). لێرەدا لە جیاتی سەرکوتکردنی حەزی منداڵ بە جوانی و ناسکییەوە ڕێنوێنی بکرێت تاوەکو نەبێتە هۆی دەرکەوتنی

شڵەژان و لەرێ لادان و تێکچوون.بڕوانە: فروید، ناخودآگاه و روانکاوی، ص٦٠.

٤٣- رمز و مثل در روانکاوی، ص٤٢١-٤٢٢.

44-Interpretation of Dream.

ئەم بەرهەمە بە ناونیشانی «تعبیر خواب» لەلایەن ایرج پورباقر، انتشارات آسیا، تهران (بی تا) بۆ زمانی فارسي وەرگێڕدراوە.

45-Freudianism and the Literary Mind, Frederick J. Hoffman, U.S.A 1967 p. 10.

٤٦- بڕوانە: فرویدیسم، ص٢٢٣.

٤٧-زیگموند فروید، روانشناسی، پێشوو، ص١١٢.

٤٨- هەمان سەرچاوە، ل١٠٨.

٤٩- بڕوانە: فروید، ناخودآگاه و روانکاوی، ص٨٢.

٥٠- زیکموند فروید ، روانشناسی، ص١٠٩.

٥١- بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم تیۆرییە،بڕوانە: رمز و مثل در روانکاوی، ص١٢٩.

٥٢- فروید، ناخودآگاەو روانکاوی، ص١٤.

٥٣: بڕوانە: فرویدیسم، ص٢٣١.

54-Freudianism and the Literary Mind, p. 10.

٥٥- روانکاوی و زندگی من، زیگموند فروید. ص٦٨.

٥٦- بۆ ئەم بابەتانە بڕوانە: روانکاوی و خیال پردازی، روبرو دوزوال، درکتاب رمز و مثل در روانکاوی،ص٤٠٢-٤١٩.

٥٧- رمز و مثل در روانکاوی،ص٧٤.

٥٨- زیکموند فروید ، روانشناسی، ص١٠٧.

٥٩-بڕوانە: رمز و مثل در روانکاوی، ص٥٢.

٦٠-هەمان سەرچاوە،ل٥٣.

٦١- هەمان سەرچاوە،ل٥٣.

62-Gradiva

٦٣-ئەم شیکردنەوەیەی فرۆید بۆ زمانی فارسی وەرگێڕدراوە.بڕوانە W.Jensen

64-Elaboration

٦٥- رمز و مثل در روانکاوی، ص٥٤.

٦٦- هەمان سەرچاوە،ل٥٤.

٦٧- هەمان سەرچاوە،ل٥٥.

٦٨- بۆ ئەم بابەتانە بڕوتنە: رمز و مثل در روانکاوی، ص٥٩.

٦٩- رمز و مثل در روانکاوی،ص٥٢.

٧٠- روانشناسی، زیگموند فروید، ص ١١.

٧١- تعبیر خواب و بیماری های روانی، فروید، ترجمه ایرج پورباقر، انتشارارت آسیا، ١٣٤١، ص٢٠٣.

٧٢- هەمان سەرچاوە،ل٢٠٣.

٧٣- روانشناسی، زیگموند فروید، ص١٠٨ و ١٠٩.

٧٤- هەمان سەرچاوە،ل١٠٩.

٧٥-بڕوانە: فروید،ناخودآگاه و روانکاوی، ص١٤.

76-Freudianism and the Literary Mind, p.142.

٧٧- فروید،ناخودآگاه و روانکاوی، ص ٩٤.

٧٨- هەمان سەرچاوە،ل٨٤ هەروەها فروییسم،ص٢١٣.

٧٩- بڕوانە: راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٤٧.

٨٠- بڕوانە: «بوف کور و عقده اديپى»، بهرام مقدادی، مجله جهان نو،سال ٤٩،شماره ١-٢.

٨١- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٣.

٨٢- رمز و مثل در روانکاوی،ص١٤٢.

٨٣-راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٤٠، هەروەها بڕوانە:

Literary Criticism and Psychology, edited by Joseph p. Strelka , London, 1966. ،p. VII.

٨٤- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم جۆرە شیکردنەوانە:بڕوانە:
The Practice of Psychoanalytic Criticism, edited by Leonard Tennenhouse، Detroit 1976.

٨٥- بڕوانە: اصول روانشناسی، ترمان ل٠مان، ترجمە و اقتباس محمود ساعتچی، انتشارات امیرکبیر، تهران،١٣٦٦ ج١،ص٦٠٧-٦٠٨.

٨٦- زێدەڕەوی لە خۆفریودان، خۆدەرخستن، شڵەژانی سۆزداری وخەیاڵپلاوی لە میکانیزمەکانی بەرگری

«من» ن لە بەرامبەر ناکامیدا. بڕوانە: روانشناسی رفتار غیرعادی (مرضی)، ترجمە و تألیف دکتر پروین بیرجندی، چاپ چهارم، کتابفروشی دهخدا، تهران، ١٣٦٢، ص٢٧٦.

٨٧- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اصول روانشناسی،ج ١، ص٥٩٦-٥٩٧.

٨٨- بۆ شیکردنەوەی ئەم چیرۆکە سەرباری سەرچاوە ناوبراوەکان لە بواری دەروونناسیدا لە شیکردنەوەی سەنگینەکەی دکتر عزالدین اسماعیل لە کتێبی التفسیرالنفسي للادب، بیروت، ١٩٦٢ ص٢٠٠-٢٠٣ سوودم وەرگرتووە.سەرچاوەی بنچینەیی چیرۆکەکەم لە شانۆنامەی ( سر شهرزاد) ی نووسەر و ئەدیبی ناوداری عەرەب علي احمد باكثير وەرگرتووە.نووسەر لەو بەرهەمەدا،گۆڕانکاری لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا کردووە، بە شێوەیەک لەگەڵ دەقە بنجییە عەرەبی و وەرگێڕانە فارسییەکەیدا کردووە.

سەبارەت بە (هەزار و یەک شەوەی عەرەب)یش دەبێ ئەوە بگوترێ ئەگەرچی ئەگەرێکی بەهێز هەیە، کە بنچینەی کتێبەکە ئێرانی و هیندی بووبێت،بەڵام وا پێدەچێت بە تێپەڕبوونی کات و رۆژگار سەدان گۆڕان و

دەسکاری تێدا کرا بێت.هەر بۆیە دەبێ بە ئاوێنەی هەقایەتگێڕانەوەی ڕۆژهەڵاتی و بە گوزارشتی دایرة المعارف بە ئەفسانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی دادەنرێ. هەوەڵین وەرگێڕانی (هەزار و یەک شەوە)بۆ زمانە ئەوروپاییەکان لەلایەن (Antoine Galland(1646-1715، کە لە ئەسڵە عەرەبییەکەوە بۆ فرەنسی وەرگێڕدراوەو کاردانەوەیەکی فراوانی بووو دواتر بۆ چەندین زمانی دی وەرگێڕدرا،کە زۆربەیان بە سەلیقەو زەوقی خۆیان وەریانگرتووە.یەکێ لە وەرگێڕانە سەرەتاییەکان بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕانەکەی ئەدیبی ناسراوی سەدەی سێزدەمی کۆچی (عبداللطیف طسوجی تبریزی)یە، کە بە فەرمانی (بهمن میرزا )ی کوڕی (عباس میرزای نایب السلطنة)ئەنجامدراوە. ناوەرۆکی ئەم کتێبە لەلایەن (انتشارات علمی)یەوە چاپکراوە. لەم وەرگێڕانەدا شیعرە عەرەبییەکانی نێو کتێبەکە لەلایەن (سروش اصفهانی)یەوە بۆ فارسي وەرگێڕدراوە. بۆ ئاگاداری زێتر و وەرگێڕان و چاپە جیاوازەکانی کتێبەکە بڕوانە:

افسون شهرزاد: پژوهشی در هزار افسان، جلال ستاری، انتشارات توس، تهران ١٣٦٨،ص٥-٧.

# فەسڵی نۆیەم

## ڕەخنەی مێژوویی- ژیننامەیی(بایۆگرافی)

ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی ئێمەدا وەکو زانستێکی سەربەخۆ و بە ئامانجگەلێکی تایبەت و جیا لە قەوارەی گشـــتیی ئەدەب ، پێگەی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست هێناوەتەوە.

ڕەخنەی ئەدەبی هەوڵی ئەوە دەدات بەرهەمە ئەدەبییەکـان بە خوێنەرانیان بناسـێنێت و بێ ئەوەی ڕاسـتەوخۆ دەسـت بۆ داهێنانی ئەدەبی ببـات، بە شـــێوەیەکی کردارەکی جۆرە خولقـانـدنەوەیەک ســـــازدەکات. ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە شـــێوازە تەقلیدییەکەیدا لەبەردەمی دایە بریتییە لە: شـــرۆڤەکردن و ڕاڤەکردن، بەهادانان و خســـتنەڕووی بەڵگە و ڕوونکردنەوەگەلێکی بـاوەڕپێکراو بۆ بەهادانانەکان و بەم شـــێوەیە ڕەخنەی ئەدەبی هەوڵدەدات کارەکەی

خۆی لەگەڵ خاسیەتە تەواو چێژدارییەکان، کە زۆربەی کات پێویستییان بە نیشاندان و خستنەڕووی بەڵگە بۆ پەسەندکردن یا ڕەتکردنەوە نییە تێکەڵ نەکات.

ڕەخنەگرانی ئەدەبی لە ئامانجەکانی خۆیاندا کە هەندێجار بە خستنەڕووی خوێندنەوە یا لێکدانەوەیەکی تایبەت بۆ بەرهەمەکە کۆتایی پێدێت و تەنانەت هەڵسەنگاندن دەخاتە پەراوێزەوە سوود لە میتۆدی جۆراوجۆر وەردەگرن و هەر کامێکیان هەوڵدەدەن تا لە دیدگایەکی تایبەتەوە کە ڕەنگە مەودای هەندێکیان لەگەڵ یەکتریدا هێندە نزیک نەبێت بە ڕەخنەگرتن لە بەرهەمە ئەدەبییەکان هەڵبستن.

هەندێک لە تیۆریستەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمی ئێمەدا هەوڵیانداوە مەودای نێوان میتۆدە جیاوازەکانی ڕەخنە کەمتر بکەنەوە، دوو ڕێچکە یا شێوازی گشتییان بۆ تێڕوانینە ڕەخنەییەکان لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا خستۆتەڕوو: یەکەم میتۆدی فۆرمالیستی و دووەم شێوازی ڕەوشتی. لەم پۆلێنبەندییەدا، کە لە کاریگەریی هەردوو دیدگای پێچەوانەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ بەرامبەر بە بەرهەمە ئەدەبییەکان بەدەر نییە، دەتوانرێت بە کەمێک دەسکارییەوە زۆربەی میتۆدە ڕەخنەییەکان لە ئامانج و شێواز و بنەما گشتییەکانی کارەکەیاندا لەیەکتر نزیک بکرێنەوە.

هەروەها کاریگەری ڕەخنەیش، کە لە ڕوویەکەوە پەیوەستە بە داهێنانە ئەدەبییەکانەوە و لە ڕوویەکی دیکەشەوە ڕەنگ و بۆیەکی

زانستی هەیە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە زانایانی زانستە جۆراوجۆرەکانیش بەشێک لە تێڕامانەکانی خۆیان پەیوەست بە بابەتەکانی ڕەخنە بکەن، کە لەخودی خۆیدا لە جۆراوجۆری میتۆدە ڕەخنەییەکاندا کاریگەرییەکی ڕەهای هەیە، لەوانە دەکرێت ئاماژە بە زمانناسان و کۆمەڵناسان و دەروونناسان وئەفسانەناسان و زانایانی مێژوو بکرێت. شایەنی باسە کە هەر یەکێک لەم زانایانە لەسەر بنەمای تێرمینۆلۆژی یا زاراوەناسی تایبەت بە بەشی خۆی و بەکارهێنانی نوێترین دەسکەوتە زانستییەکان بۆ چوارچێوەدارتر کردنی ڕەخنە، یا بە دەربڕینێکی دیکە بەدوای بە زانستیتر کردنی سنووری ڕەخنەی ئەدەبییەوەن لە قەڵەمڕەوی کاری خۆیاندا.

ڕوانینی تاکلایەنانە لە کاری هەندێک لەم ڕەخنەگرانە بۆتە هۆی ئەوەی، کە ئەو میتۆدانەی لەلایەن ڕەخنەگرانی دیکەوە کاریان لەسەر دەکرێت بە نازانستی دابنرێت، هەروەها ئەو زێدەڕۆییانەی کە لە هەندێک لە میتۆدەکانیشدا هەن بوونەتە مایەی چەند سەپاندن و زیادە خستنەسەرێکی تایبەت بۆ سەر بەرهەمە ئەدەبییەکان و بێبەشکردنی خوێنەران لە سوود وەرگرتنە هەمەجۆرەکانی ئەم بەرهەمانە، بۆ نموونە هەندێک لە دەروونناسانی پەیڕەوکاری قوتابخانەی فرۆید لە هەوڵ و تەقەلای دۆزینەوەی ڕیشەگەلێکی گرێی ئۆدیپ یا ئیلکترا لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندان سەرەنجام یەکێکن لە دروستکەر و خولقێنەرانی ئەم بەرهەمانەدا، ڕەخنەگرانی

ئەفسانەگەرا جەخت لەسەرئەم خاڵە دەکەنەوە، کە تێکڕای بەرهەمە ئەدەبییەکان هەڵگێڕانەوە یا کاردانەوەیەکن بەرامبەر بیروباوەڕە ئەفسانەییەکانی مرۆڤە کۆنەکان یا دیمەن و نیشانەیەکی تەرزە سەرەتاییەکانن(ئارکی تایپ) و زمانناسان، کە شیعر یا هەر بەرهەمێکی دیکەی ئەدەبی بە دیاردە و داهێنانێک لە قەڵەمڕەوی زمان دادەنێن و داوەریکردن دەربارەی ئەو بەرهەمە بە ئەرکی زمانەوان دەزانن. بەهەمان پێودانگ هەوڵی فۆرمالیستە مۆدێرن و بنیاتگەرەکان پرۆسەیەکی زانستی و ئاڵۆز لە پەیدابوونی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەدەستەوە دەدات، کە ڕەنگە پەسەندکردنی هەندێجار پێویستی بە لەبەرچاونەگرتنی هەندێک لە ڕەهەندە هونەری و تەواو ئیستاتیکیەکان هەبێت.

ئەوەی لەنێو میتۆدە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنەدا دەکرێت بە مەترسیدار و کارەساتبار هەژمار بکرێت، سەرنج نەدانە لە بنەما تەواو ئەدەبییەکانی بەرهەمگەلێک، کە دەخرێنە بەر تیشکی ڕەخنەوە، بۆ نموونە زمانناسێک، کە لێکۆڵینەوەی زمانناسیی بەرهەمە ئەدەبییەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، هەڵبەتە پێویستە لەسەری زانیاریەکی گرنگ و زۆری لە بواری ئەدەبدا هەبێت، بەهەمان شێوە ئەم شتە سەدا سەد لەبارەی ئەدیبێکیش، کە بە سەرنج و تێبینی زمانناسییەوە ڕوو لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکات هەر ڕاستە.

یەکێک لەو تێڕوانینانەی، کە ڕەنگە لەنێو میتۆدە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنەدا زیاتر لە میتۆدەکانی دیکە سەرنجی لێدراوە و هەندێجار بە پشکنین و بەدواداچوونێکی ئاوێتە بە ڕەتکردنەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە ، میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی- ژیننامەییە.

## پێگەی ڕەخنەی مێژوویی – ژیننامەیی

بەشێکی گەورەی میراتە ئەدەبییەکان لەڕووی ئەو ناوەرۆکە تایبەتییەی، کە هەیانە بە شێوەیەک پەیوەست بە ژیان و ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی نووسەر یا شیعر دەبن، بۆیە گرنگی و پێویستی لێکۆڵینەوەکاری لەم بابەتانە بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە کۆنەوە جێگەی سەرنج بووە. ئەم گرنگییە کاتێک زیاتر هەستی پێدەکرێت، کە هۆنراوەی شاعیر ڕەنگدانەوەی وردی ڕۆژگار و ژیانی ئەو و بگرە لە هەندێک بواردا ئۆتۆبیۆگرافی و خۆ-ژیاننامەنووسی نووسەر بێت. لە ڕوویێکی دیکەوە، بە پشت بەستن بە چەند سەرنج و تێبینییەک، کە باسکردنی بە وردی لێرەدا شیاو نییە. هونەر و ئەدەب لەڕووی خاسیەتی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە – تەنانەت لە ئەبستراکترین جۆرەکانییەوە- بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرهەم و زادەی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانە لە دونیای دەرەوەدا و لەم ڕووەوە بەرهەمی ئەدەبی لەلایەکەوە لە پێوەندیدایە لەگەڵ کەسەکە و لە لایەکی تریشەوە لەپێوەندیدایە لەگەڵ کۆمەڵ[٢]، کە ئەم

دووانەش دوپاتکردنەوەیەکە لەســـەر ڕەوایەتی لیکۆڵینەوە مێژوویی- ژیننامەییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان.

ڕەخنەگرانی نوێ ، کە هەمیشە لە کۆششدان بۆ سنووردارترکردنی بازنەی کاری ڕەخنەی ئەدەبی، هەوڵدەدەن لێۆڵینەوەی ســـەربەخۆی بەرهەمەکە نەخەنە ژێر کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکانی وەک ژیانی نووســـەر و پێوەرە مێژووییەکانی ســـەردەمی نووســـەر، بەم هۆیەوە دەتوانرێت بگوترێت کە ڕەخنەی نوێ تـا ئەنـدازەیەک بەرامبەر بە ڕەخنەی مێژوویی- ژیننـامەیی وەســـتـاوەتەوە و زۆربەی کـات دەوترێت، کە پێویستە بەرهەمی ئەدەبی بەبێ گرنگیدان بە مەبەستی نووسەری داهێنەر و سەرنج و تێبینییەکانی دیکە لێی بکۆڵدرێتەوە.

پێویســـتی(زەرورەت) ســـەرنجدانی ڕاســـتەوخۆ بە بەرهەم و بە ســـــەربەخۆ دانـانی بەرهەمەکە، کە بنچینە و بنەمـای دژایەتیکردنی ڕەخنەگرانی نوێیە لەگەڵ ڕەخنەی مێژوویی – ژیننامەییدا، بابەتێک نییە کە دەســـــکەوتی ڕەخنەگرانی نوێی خۆرئاوایی بێت. لە ئەدەبی کۆنی ئێران و عەرەبیشـدا، هەروەها لەنێو یۆنانییەکانیشـدا زۆرترین ســـەرنجدان وابەســـتە بووە بە بەرهەمەکەوە. لەنێو ڕەخنەگرانی کۆن تەنیا ئەرستۆیە، کە سەرنج لە پێوەندییە چالاک و زیندووەکانی نێوان بەرهەم و هونەرمەنـد دەدات و ڕەخنەگرانی دیکەی کۆن زۆربەیـان لەوەیان نەکۆڵیوەتەوە، کە لە پشـــتی بەرهەمی ئەدەبیەوەیە و تەنیا ســـــەرنجیان لە بەرهەمەکە داوە. پێویســـــتە ئەوەش زیاد بکرێت، کە

دیدگا ئیســـتاتیکی و ڕەوشـــتییەکان کە دوو دیدگای زاڵ و باوی ڕەخنەی پێشینانن لەم ڕوانین و سەرنجدانەوە هەڵقولاون[٣].

ناســـنامەی نوێی ڕەخنەی مێژوویی – ژیننامەیی لە ڕۆژئاوادا بە برەوی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبدا بووە شتێکی باو و لەم نێوانەدا (سانت بۆڤ)[٤] ڕۆڵێکی یەجگـار کـاریگەری هەبووە. ئەو لە دیـدگـا ڕەخنەییەکـانی خۆیـدا، کە لەژێر کـاریگەری بزووتنەوەی گشـــتی ڕەخنەی سەردەمی زاڵبوونی ڕۆمانسیزمدا بوو، باوەڕی وابوو کە لە هەڵسەنگاندنە ئەدەبییەکاندا هەموو شتێک پێوەندی لەگەڵ ئەفرێنەری بەرهەمەکەوە هەیە، بە باوەڕی ئەو لە شـــیعردا ناوەرۆکی خراپ و چاک لەئارادا نییە و تەنیا شـــاعیرانی چاک و خراپ بوونیان هەیە[٥]، لە تێڕوانینی (بۆڤ)دا هەر شـــتێـک، کە بەجۆرێـک لە جۆرەکـان پەیوەســـت بە نووســـەر دەبێت دەکرێت بۆ ناســـینی شـــیعرەکەی ئەو(مەبەست نووسەرەکەیە) لێی بکۆڵدرێتەوە: باپیرە، دایک و باوک، خوشکان، برایان و کەسانێکی زۆری دیکە.

بەبۆچوونی (بۆڤ) تەمەن و ســـەردەم و ڕۆژگاری نووســـەر یا شـــاعیرێک بۆ خوێندکاری ئەدەب گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا پێویســـتە ئاگای لەوە بێت، کە کارەکەی بەم بنەمایە ســـنووردار نەبێت[٦]. مەرامی ئەو لەمە بیرهێنانەوە ئەوەیە، کە نابێت گرنگێتی چێژی هونەریش لەبەرچـاو نەگیرێـت و بەهەمـا ئەو شێوەیەی، کە لە فەلسـەفە و زانستەکاندا چێژی هونەری فەیلەسوف

و زانا شــتێکی پێویســته، له ڕەخنەیشــدا پێویســته ســوود له جۆره چێژێکی تایبەت وەربگیردرێت[٧].

وا دەردەکەوێــت، کە ڕەخنەی ژیننــامەیی زیــاتر لە ڕەخنەی مێژوویی لای ڕۆمانســـیزمەکان ئاوڕی لێدراوتەوە و گرنگی پێدراوە، چونکە ئەوان بە تێگەیشـــتنێکی زانســـتیانەوە لە ئەدەبیان دەڕوانی. یەکێک لەو کەسانەی کە لە برەودان و پێگەیاندنی ڕەخنەی ژیننامەییدا هەنگاوێکی گەورەی ناوە و بە ســـتایشـــکەر و درێژەپێدەری ڕێگەی (بۆڤ)ی دادەنێن، ڕەخنەگرێکی فڕەنسییە بەناوی (تین)[٨].

لەڕاستیدا (تین) بە کەمێک دەسکاریکردنەوە شوێن بۆچوونەکانی (بۆڤ) کەوت و لە هەندێک بابەتیشــدا بۆچۆنی لەگەڵ ئەودا جیاوازە. تین، کە بە بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگرانی پاشتر زیاتر شایستەی ناوی زانایە تا ڕەخنەگر، باوەڕی وابوو، کە پێویســتە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبـدا هەروەکو زینـدەوەرنـاس کـار بکرێـت، چونکە بەرهەمێکی ئەدەبی وەکو بەبەردبوویێــک(متحجر)وایە و پێکهــاتە و قــاڵبێکی ئەندامییە، کە بەرهەمەکە تێیدا ژیاوە، بەهەمان ئەو شــێوەیەی، کە لە قـاڵبی هەر بەبەردبووێکـدا بوونەوەرێـک هەبووە، لە پشـــــت هەر بەرهەمێکی ئەدەبیشـــــدا مرۆڤێـک هەیە و بەم هۆیەوە هەڵەیە، کە بەرهەمی ئەدەبی بە تاک و تەنیا و دوور لە نووسـەر یا شـاعیرەکەی بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە[٩].

شــــایـانی بـاســـەه( تین)یش لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی ئەدەبی( بەشێوەیەکی گشتی نەک تایبەتی ) بە ڕەنگدانەوەیەکی بارودۆخەکان و ژیانی نووسەر داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگەیەکی بۆ هەندێک تێڕامانە هونەرییەکان هێشـــتۆتەوە و ئەمەش خاڵێکە ، کە دەتوانێت لەســـەر بنەمای چەند لایەنێک لە دیدگاکانی(ڕەخنەی نوێ) ڕەوایەتی بە ڕەخنەی ژیاننامەیی بدات، چونکە بە باوەڕی ڕەخنەگرانی نوێش زانیارییە مێژووییی و ژیننامەییەکان دەکرێت لە تێگەیشتنی دروستی بەرهەمەکەدا یـارمەتیـدەر بن، بەڵام لەهەمـان کـاتـدا ڕەهەنـدە هونەرییەکانیش پێویســـتە ســـەرنجیان لێبدرێت. لێرەدا ئەم وتەیەی (دیچز) شـــایەنی ســـەرنجدانە :( بەرهەمدارترین و ڕوونترین جۆری ڕەخنە لە بەرهەمە ئەدەبییە کۆنەکاندا زۆربەی کات لەنێوان تێڕوانینە مێژوویی و ئیستاتیکییەکاندا لە جوڵە و بزاوت دایە)[١٠].

لەگەڵ ئەو پێشـــینەیەی، کە لەبارەی کارایی ڕەخنەی مێژوویی- ژیننامەیی خراوەتەڕوو، ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت ، کە هەندێک لە زێدەڕۆییەکان لەلایەن ڕەتکەرەوە و لایەنگران بوونەتە هۆی ئەوەی بەهای تێڕامانە مێژوویی و ژیننامەییەکان لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بکەوێتە ژێر گومـانەوە و هەنـدێجـاریش خەوشـــدار بێـت، ئەم زێدەڕۆییـانە ، کە زیـاتر لەلایەن هەنـدێک لەلایەنگرانەوەیە بە وتەی (تێری ئیگلتن) تەواوی ئەدەب بۆ مەیدانێکی ژیاننامە کەســـییەکان دەگۆڕێــت و ئیتر بەرهەمی ئەدەبی بەهۆی ئەوەی، کە بەرهەمی

ئەدەبین ناخوێنینەوە، بەڵکو بەتەواوەتی لەسەر بنەمای شێوازە لاوەکییەکان(دەستی دوو) بۆ ناسینی بوونەوەرێکی دیکە(واتە بۆ ناسینی نووسەر) ئەنجامی دەدەین[١١].

ئەگەرچی ڕەخنەی مێژوویی و ژیننامەیی لە هەندێک لە سەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا وەکو یەک بابەت سەرنجیان لێدراوە، بەڵام جیاکردنەوەیان بە وردبوونەوە لەو جیاوازیانەی، کە ئامانجەکانی هەر یەکێکیان لەئارا دایە دەکرێت سودمەنتر بێت.

## ڕەخنەی مێژوویی

لە ڕەخنەی مێژووییدا هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لەسەر بنەمای بوارە مێژووییەکانی وابەستە بە بەرهەمەکە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت. ئەم بوارانە لە ڕوویەکەوە دەکرێت تەواوی هۆکارە مێژووییەکانی پەیدابوونی بەرهەمەکە بگرێتە خۆی و لە ڕوویێکی دیکەوە دەکرێت وردەکارییەکانی بەرهەمەکە لەڕێگەی نیشاندان و خستنەڕووی چەند لایەنێک لە مێژوو ، یا ئاماژەکردن پێیانەوە ڕاڤە بکرێت ، هەر چۆنێک بێت ئەوەی لە ئارا دایە جۆرە ڕەخنە و ڕاڤەکارییەکە لەڕێگەی سەرنج و تێبینییە مێژووییەکان، بەڵام ئەم شتە بەو واتایە نییە، کە ئامادەیی یا نائامادەیی دۆکیۆمێنت و بەها مێژووییەکان لە هەر بەرهەمێکدا بە تاکە پێوەری هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگر هەژمار دەگرێت.

لێرەدا بیرهێنانەوە و باسکردنی ئەم خاڵە شتێکی گرنگە ئەویش ئەوەیە، کە لە ڕەخنەی مێژووییدا بەها و بایەخی بەرهەمەکە لە ڕێچکەی مێژوویی یا ڕەوت و بزاوتی ڕووداوە مێژووییەکانی ناو بەرهەمەکەدا هەڵناسەنگێنرێت، چونکە لە بنەڕەتدا بەرهەمی ئەدەبی تەنانەت ئەگەر وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی سوودی لێوەربگیرێت بە مەرامی مێژوونووسی و مێژووسازی نەخولقێندراوە و ئامانجی نووسەر یا شاعیر گەیاندنی زانیاری مێژوویی نەبووە و ڕەخنەگری ئەدەبیش پێویستە خۆی لەم جۆرە بارکردن و سەپاندنە تایبەتیانە بۆ سەر بەرهەمی ئەدەبی بەدوور بگرێت، هەروەکو ئەوەی یەکێک لەو ڕەخنانەی بۆ سەر ڕەخنەی مارکسیستی لە ئارادایە بریتییە لە تەماشاکردنی تەواو مێژووییانەیان بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان، چونکە فۆرم و شێواز و ناوەرۆکەکان بە تەواوەتی وەکو دەسکەوتە مێژووییەکان دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە.

شایەنی وتنە، پێش مارکس بیرێکی لەم جۆرە لە بۆچوونەکانی (هیگڵ)ی فەیلەسووفی ئایدیالیستی ئەڵمانیش دەرکەوتبوو و هەر ئەویشە، کە زۆرترین کاریگەری لەسەر تێگەیشتنە هونەری و ئیستاتیکییەکانی (مارکس)دا هەبووە[١٢].

ئەرکی ڕەخنەگری مێژوویی ئەوەیە، کە ئەو کورتبڕی و پوختەکردنە هونەرییەی، کە سوودی لە چرکەساتە مێژووییەکان وەرگرتووە ڕوونتر بکاتەوە و هەوڵبدات مەودای چێژوەرگرتنی

هونەری خوێنەر فراوان بکات، ئەگینا لێکچوونە بێهێز و نادیارییە بەهێزەکان کە خودی کاریگەرییەکە لە چڕی و تێروپڕی ناهاوشانی یا کەم هاوتایی مێژوویی دایە ، تەنانەت ئەو کاتەشی کە لە ڕێگەی ڕاڤەگەرییەکانی ڕەخنەگر ڕوون بکرێنەوە، هەمدیسان بێ بایەخ دەبێت و بە وتەی دیچز ((بەرهەمێک، کە چێژوەرگرتن لێی بنیاتنراوە لەسەر ئاگاداربوون لە پێشینە مێژووییەکان ناتوانێت ببێتە بەرهەمێکی سەرکەوتوو و بگرە چێژوەرگرتن لە بەرهەمی هونەری لەژێر ڕۆشنایی گلۆپی مێژووییشدا نایەتەکایەوە))[١٣]

لەگەڵ ئەوەی خولقێنەری بەرهەمی ئەدەبی ئەرکی مێژوونووسی نییە و بەدڵنیاییەوە ڕەخنەگری ئەدەبیش لە کاری خۆیدا ڕێگەی پێنەدراوە شتە مێژووییەکان بەسەر بەرهەمەکە بسەپێنێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت بۆ داوەریکردنە ڕەخنەییەکانی خۆی بەرامبەر بە بەرهەمەکە لە قەڵەمڕەوی مێژوویی تایبەتدا پێویستی بە چەندین زانیاری دەرەکییە و هەمان ئەو خاڵەش مایەی ڕەخنەلێگرتنە بەلای ڕەخنەگرانی نوێوە، چونکە وەکو ئەوەی وترا لە بۆچوونی ئەواندا بەرهەمی ئەدەبی پێویستە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. هەڵبەتە ئەم قسەیەی ئەوان ئەگەرچی لەو بەرهەمە لیریکیانەی، کە سوودمەندن لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی هەڵچوونی تاکەکەسی شتێکی پەسەندکراوە، بەڵام لە بەرهەمە چیرۆکییەکان و ڕۆمانەکاندا، کە هەرچۆنێک بێت بە جۆرێک لە جۆرەکان بە واقیعە مێژووییەکانەوە

بەســتراونەتەوە، شــتێکی پەســەندنەکراوە. (گراهام هۆف) یەکێک لە ڕەخنەگرە هاوچەرخەکانی ئێمەیە، کە تێگەیشتنە ڕەخنەییەکانی ئاماژە و گوزارشــتێکن لە قووڵی و فراوانی بیر و تێڕوانینی، نووســیویەتی: (هەر جۆرە ڕەخنەیەک دەربارەی ڕۆمان بنوســـرێت و بێئاگا بێت لە وابەســـتەیی ئەو ڕۆمانە بە واقیعیەتی مێژووییەوە، ئەوا بەرامبەر بە بەها ڕاستەقینەکانی ڕۆمان بارودۆخێکی درۆیینەی هەیە)[١٤] .

ئەو شــتەی ڕێگەی ســەرنج و تێبینییە مێژووییەکانمان لە بەرهەمە ئەدەبییەکان پێدەدات ئەوەیە، کە هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان لەژێر کــاریگەری هۆکــار و مەرجە تــایبەتییە کۆمەڵایەتییەکــانــدا هاتونەتەکایەوە و جیاکردنەوەیان لە ناسنامە مێژووییەکەیان یەکسان و هاوتایە بە لەدەســـتدانی چەندین ســـوود لێیان. تەنانەت دیدگا زێدەڕۆییکارانەکانی فۆرمالیســتەکانیش، کە زۆربەی کات هەوڵدەدەن نــاســـنامە و ڕۆڵی نووســـەر لە بەرهەمی هونەری جیا بکەنەوە نەیتوانیوە نکۆڵی لە ڕۆڵی پێگە مێژووییەکان بکات، بە جۆرێک، کە هەندێجار جەختکردنەوە لەســەر ئەوە لەلایەن ئەوانەوە دەبێتە مایەی ســـەرســـوڕمانی و پێویســـتە ئەوەمان لە بیر بێت، کە ئەمە قســـەی فۆرمالیســـتەکانە، کە دەڵێن: ((تەنانەت ئەگەر پوشـــکینیش بوونی نەبووایە، ئەوا کتێبی (یەڤگینی ئۆنگین) دەنوسرا.))[١٥]

ڕەخنەگری نوێ تەنانەت ئەگەر بۆ خۆدوورخســتنەوە لە بارکردن و زیــادەخســـتنەســـەرە تــایبەتییەکــان، کە دەیخەنە پــاڵ میتۆدە

تەقلیـدییەکـانی ڕەخنە چـاوی خۆی لـە بەرامبەر ئەو بەڵگە ڕوونە مێژووییانە ببەستێتەوە، کە لەبەرهەمەکەدا هەن و لە ڕوونکردنەوەی بەرهەمەکە لە سـەر بنەمای ئەم بەڵگانە خۆپارێزی بکات، هەمدیسـان ناتوانێت بەرهەمی ئەدەبی بەچاوپۆشیکردن لەو پێوەرە مێژووییانەی، کە لەناو بەرهەمەکەدا هەن بخاتە بەر سـەرنج و لێکدانەوە ، وەکو ئەوەی وتویـانە ئەدەب وەکو تەواوی دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان مەحکومە بە گۆڕانکاری و گەشـەکردن و ئەم خاڵە ئەوە نیشـان دەدات، کە لێکۆڵینەوە لە ئەدەب ناکرێت لە میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی جیابکرێتەوە[١٦] و هەتا بە گوتەی (تریلینگ): کۆنیی بەرهەم زۆربەی کـات بەشـێکە لە واتـا و بەهـای بەرهەمەکە خۆی[١٧]، بۆ نموونە دەتوانرێت بگوترێت، نەرمی و نازکی زۆرێک لە تەنزەکانی (عوبێد زاکانی) بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و زەمینە مێژووییەکانی ڕۆژگاری ئەو خۆشـی و نازکییەکیان تێدا نییە و بەم هۆیەوە بۆ تێگەیشـتنی چاکتر لە بەرهەمەکانی ئەو ئاگاداربوون لە بارودۆخە مێژووییەکانی سـەدەی هەشـتەم شـتێکی پێویسـتە. لە ئەدەبی ڕۆژئاوشـدا درککرنی شـیعرەکانی (درایدن) لە سـەدەی حەڤدەیەم و (پۆپ) لە سەدەی هەژدەیەمدا وابەستەیە بە ئاگاداربوون لە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی ڕۆژگاری ئەوان.

ئێسـتـا بە وردبوونەوە لەوەی، کە وترا رەخنەی مێژوویی وابەسـتەی تێڕامـانێکی مێژوویی دوو لایەنەیە. ئەم ڕەخنەیە لە

ڕوویێکەوە لە ڕێگەی ئەو سەرنج و تێبینییە مێژووییانەی، کە لە بەرهەمەکەدا هەن لەگەڵ جوانییەکانی دەربڕین(جوانییە وشەییەکان)و لێکدانەوە تایبەتییەکان لە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەڕوانێت و لە ڕوویێکی دیکەوە سەرنج لەو سەردەمە مێژووییە دیاریکراوە دەدات، کە ئەم بەرهەمانەی تێدا هاتۆتەکایەوە.

## ڕوانینە تاکلایەنەکانی ڕەخنەی نوێ بەرامبەر بە ڕەخنەی مێژوویی

ڕەخنەی نوێ، کە هەندێجار لە بارودۆخێکی زێدەڕۆییکارانەدا ڕەهەندە مێژووییەکان ڕەتدەکاتەوە، لە کۆتاییدا ڕەتکردنەوە و نکۆڵیکردنی خۆی بەسەر ڕەهەندە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکانیش دەگشتێنێت. دیدگایەکی لەم جۆرە لەلایەن ڕەخنەگرە نوێکانەوە لەحەقیقەتدا جۆرە سەیرکردنێکی تاکلایەنانەیە، چونکە سەربەخۆیی دان بە بەرهەمە ئەدەبییەکان بەبێ گرنگیدان و وردبوونەوە لە هۆکارە مرۆیی و کۆمەڵایەتی و مێژووییە کاریگەرەکانی ناو بەرهەمەکان دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بەرهەمی ئەدەبی لە بێ کاتی و بێ شوێنیدا بخرێتە تای تەرازوی لێکۆڵینەوە، بە دەربڕینێکی دیکە لە بۆشاییدا بخرێتە ژێر تیشکی ڕەخنە و شیکردنەوە. نادروستی ئەم بیرە ڕەنگە لە ڕەخنەی هونەرەکانی دیکە و هونەرە نیگارکێشییەکان(هێلکارییەکان) هەستپێکراوتر بێت، ئەگەر نیگارکێشێک بە پشت بەستن بە تێڕامانە تایبەتە مێژوویەکان هەڵسێت بە کێشانی تابلۆیەک، ئەوا هەرگیز ناتوانرێت بەرهەمەکەی ئەو بەبێ لەبەرچاو گرتنی تێڕامانگەلێکی

وەها بخرێتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، بۆ جەختکردنەوەی ئەم خاڵە دەتوانرێت نمونەگەلێکی زۆر بهێنرێتەوە.

لەبارەی (ماکس بیکمان)ی ئێکسپریسۆنیستی سەربەخۆ و بەتوانا، کە بەشـــێک لە نەمرترین بەرهەمەکانی قوتابخانە نیگارکێشـــییەکانی ئەڵمانی خولقاندووە نوســـیویانە، کە هونەری ئەو زادەی تاریکترین چرکەساتەکانی سەدەی بیستەمە، کە دیکتاتۆرییەتی نازی هەڕەشەی لە شارستانییەتی ئەوروپی دەکرد. ناوەرۆکی بەرهەمەکانی (بیکمان)، کە خاڵی هاوبەشی ئەو و هونەرمەندە هاوچەرخەکانیەتی نیشاندەری کاریگەربوونیەتی بە کوشـــت و کوشـــتارە دڕندانەکان لە گۆڕەپانە جەنگییەکانی فڕەنســا و کۆمەڵگای لەباریەک هەڵوەشــاوە و گەندەڵی ئەڵمانیا لە ساڵانی دوای جەنگدا[١٨].

یەکێک لە تابلۆ بەناوبانگەکانی(فرانســۆ میلێ)[١٩] بەناوی (گوڵەگەنم کۆکەرەوەکـان) وێنەی غەمبـارانەی چەنـد ژنێکی لادێییە، کە دوای دروێنە بە پشـــتی چەماوە و دەســـت و پەنجەی زبر و توێژاڵگرتوو خەریکی کۆکردنەوەی گوڵە گەنمە بەجێماوەکانی ســـەر زەوین. ئەم تابلۆیە نیشـــاندەری ڕەهەندێکی ئاشـــکرای هەژاریی گوندنشـــینانی نیوەی یەکەمی ســـەدەی نۆزدەیەمی فرەنســایە. ئاشــکرایە کە ئەگەر ڕەخنەگری هونەری لەم تابلۆیەدا تەنیا لە هۆکار و بنەما تایبەتییەکانی هەڵبژاردنی ڕەنگ و هێڵ و فیگەرەکانی و ئەم جۆرە شتانە بکۆڵێتەوە،

ئەوا بەشـێکی گەورەی لە لێکدانەوە ڕەخەییەکانی خۆی بە نەوتراوی جێهێڵاوە و خۆی لێ بواردووە[٢٠]..

ســـوودە وەرگرتن لە مەعریفە و داتا مێژووییەکان لە ڕەخنەی بەشـێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان و ڕاڤەکردن و شـیکردنەوەی ئەو بەرهەمەدا لەڕێگەی ڕەهەنـدە مێژووییەکـانەوە پێشـینەیەکی کۆنی هەیە. لەڕۆژگاری ڕابردوودا هەندێجار شـاعیران لە وێنا و خەیاڵی بەرتەسـکیاندا خۆیان بە مێژووزان دادەنا، شـیعری ئەو دەکرا وەکو بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکرا بۆ ڕووداوە مێژووییەکان هەژمار بکرێت[٢١].

ئامادەیی ئاماژە مێژوویی ئاشـکراکان یا ورد و خوازەییەکان لە بەرهەمە شـیعرییەکانی فارسـیدا یەجگار زۆرە ، ڕەخنە و ڕاڤەکردنی مێژوویی ئەم بەرهەمانە مایەی ئاشـنایەتی و چێژوەرگرتنی زیاترە لێیان، دوو نموونەی بەرچاو لە لەشـکری گەورەی ئەم بەرهەمانەدا دیوانی فەرخی و غەزەلیاتی حافزە، ئامادەییەکی وەها لە بەرهەمی نووسـەران و شـاعیرانی خۆرئاواشـدا زۆر و زەبەندە، لەوانە دەتوانرێـت ئـامـاژە بە لیریکە بەنـاوبـانگەکەی (جۆن میلتۆن)[٢٢] بەناونیشـانی ( لەناو جینۆسـایدی دوایی لە پیدمۆن)[٢٣] بکرێت، کە بەبۆنەی سـاڵوەگەری کۆمەڵکوژی ١٦٦٥ی تـاقمی (ڤـاڵـدنس)ی ئەندامانی ڕێچکەی پرۆتسـتان، کە لە دۆڵەکانی ئیتاڵیای باکووردا دەژیـان، هۆنراوەتەوە. ئـاگـاداربوون لە زەمینەی مێژوویی ئەم ڕووداوە دەتوانێت بەلانیکەم بە ئاماژەیەکی ڕاسـتەوخۆ و دوو تیل

نیشان لە لیریکی ناوبراودا ئاشنامان بکات. هەروەها پێویستە ئەوەش زیاد بکرێت، کە ئەم ناوەرۆکە گونجاوانە بۆ ڕەخنەی مێژوویی و یادداشتنامەیی دەتوانرێت لە بەشێکی دیکەی غەزەلەکانی میلتۆن بدۆزرێتەوە، بەهەمان شێوە دەتوانرێت ئاماژە بە بەرهەمگەلێکی بەناوبانگی وەک (چیرۆکی دوو شار) ی دیکنز و (هێشووەکانی تورەیی) جۆن شتاین بێک و (خانۆچکەی مامە تۆم)ی هیریت بیچراستۆ بکرێت، کە هەموویان ڕەنگدانەوەیەکی واقیع و ڕووداوە مێژووییەکانن.

## شێواز و تەکنیکی کار لە ڕەخنەی مێژووییدا

لە ڕەخنەی مێژوویىدا ڕەخنەگر هەوڵی ئەوە دەدات ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ ئاماژە وردەکان، یا بۆ ئەو زەمینە مێژووییانەی ناو بەرهەمەکە، کە شیاوی کشان و درێژکردنەوەن، کە لەوانەیە لەڕێگەی تیل نیشانەوە تەنیا گۆشەیەک لێیان نیشان درابێت، بەدەستەوە بدات. ئاشکرایە کە بەهای کاری ڕەخنەگری مێژوویی لەم نێوانەدا خۆپارێزیکردنە لە ڕوانینی تاکلایەنانە. ئەگەر ڕەخنەگری مێژوویی بە شیکردنەوەی هۆکارە مێژووییەکان واز بهێنێت، یا بەدوای بارکردن و سەپاندنی ئەو ئەگەرانەوە بێت، کە خۆی دروستی کردووە و لەڕوویێکی دیکەوە بەها هونەرییەکانی بەرهەمەکە نادیدە بگرێت، ئەوا کارەکەی لە سنووری تێڕامانێکی مێژوویی بۆ سەر بەرهەمە ئەدەبییەکە بە وەستاوی و چەقبەستوویی ماوەتەوە و

لەڕاســــتیدا وەکو دەقێکی مێژوویی و ئامرازێک بۆ گەیاندنی زانیاری مێژوویی سەرنجی لە بەرهەمە ئەدەبییەکە داوە و ئەمەش خاڵێکە، کە هەمیشە ڕێگەیەکی بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕەخنە سنووردارە مێژووییەکان هێڵاوەتەوە.

زانیـارییە دەرەکییەکـانی ڕەخنەگر بۆ بەرهەمی ئەدەبی کـاتێـک لەگەڵ تێگەیشـــتنە هونەرییەکانی بۆ بەرهەمەکە هـاوتەریب دەبێت دەتوانێـت لە پڕۆســـەی تێڕامــان و دۆزینەوە و دواتریش چێژی هونەریدا سوودێکی بنەڕەتی بۆ خوێنەری زیرەک بهێنێتەکایەوە، ئێمە لێرەدا وەکو نموونە یەکێک لە غەزەلەکانی حافز بە وردبوونەوە لە گونجاوی و شیاوی ڕەخنەی مێژوویی تێیدا دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە:

## ڕەخنەی مێژوویی لە غەزەلێکی حافزدا

حـافز لە ڕیزی هەوەڵینی ئەو شــــاعیرانەیە، کە بـازنەی غەزەلی فراوانکرد و بابەتگەلێکی جۆراوجۆری خســـتنە ناو قاڵبی غەزەلەوە. نـاوەرۆکە کۆمەڵایەتی و ڕەخنەییەکـان، کە لە کۆتـاییـدا بـارێکی مێژوویی بە بەشێک لە غەزەلەکانی حافز دەبەخشێت و بە یەکێک لەو خەسڵەتە زۆر و زەوەندانەی خواجە دادەنرێت. ئەم پۆلە لە غەزەلەکان هەندێجار بە ڕاشـــکاوانە و هەندێجار بە درکە و خوازە ئاماژە بە ڕووداوەکانی سەردەمی ئەو دەکەن.

وردی و جوانییەکانی گوزارشـتکردن و وەسـتایی حافز بۆتە هۆی ئەوەی، کە لە چەند بوار و زەمینەیەکدا خوێنەری شــــیعری حافز بە

ئاســانی لە ئاماژە تایبەتییە مێژوویی- کۆمەڵایەتییەکانی حافز نەبێت، چونکە لە زمـانی ڕەنگدانەی خواجەدا زۆربەی کات زمـانی ئـامـاژە شـــوێنگرەوەی جۆرە باوەکانی دەلالەتە، بەشـــێوەیەک تەنانەت لە بەناوبانگترین بەیتەکانیشـــیدا ئەگەر ئەو زەمینانەی، کە شـــیاوی بەبیرهێنـــانەوەن و ئەو ســـەرنج و تێبینییە مێژووییـــانەی، کە بەدەســـهێنانیان قورس و ســـەختە لەبەرچاو نەگیرێن، ئەوا جوانی و نازکی گوزارشـــتکردنی زمانەکەی بەپەنهانی دەمێننەوە، بۆ نموونە کاتێک کە خوێنەر ئەم دێڕە بەناوبانگەی حافز دەخوێنێتەوە:

**دوستان دختر رز توبه ز مستوری کرد**

**شد پی محتسب و کار به دستوری کرد**

ڕەنگە ئاگای لەم چرکە ســاتە نەبێت، کە لە ســـەردەمی زاڵبوونی ئەمیر تەیمور و هاوتا لەگەڵ ســـەردەمی پیری حافز لە خەراباتی شـــیراز، کە بە (بیت اللطف) ناوی دەهێنرا بڕە پارەیەک وەکو باج بۆ گەنجینەی حکومەت دەڕۆیشت و بە گوزارشتێک(ژنانی خەرابات، کە هاوشێوەی شەڕابی سوور لە پەنهانی و مەستوریدا تۆبەیان دەکرد، دەیانتوانی بە مۆڵەتی دارۆغە(محتســـب) کارەکەیان بکەنە شـــتێکی فەرمی و ئاشکرا)[٢٤]

ژمـارەی ئەو غەزەلانەی حـافز، کە تیـایـانـدا ڕووی لە بـارودۆخە مێژووییەکانی سەردەمی خۆی کردووە لە دیوانەکەیدا یەجگار زۆرە، بەجۆرێک کە بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی ســـەردەمەکەی بەڵگە و

گەواهی خواستن لە غەزەلەکانی شتێکی یەجگار کارئاسانیکەر و ڕێگەخۆشکەرە.

ژمارەی ئەم غەزەلانە بە ئەندازەیەکن، کە تەنانەت ناوهێنانی سەرە بەیتەکانییشیان لەم باسە کورتەدا جێگەی نابێتەوە[٢٥].

لەدوای ئەم پێشەکییەوە شیکردنەوەیەکی مێژووییمان بۆ غەزلێکی ئەو هەیە. ئەم غەزەلە لەڕیزی ئەو غەزەلانە نییە، کە پڕاوپڕن لە ئاماژە مێژووییەکان و هۆکار و بنەمای هەڵبژاردنەکە بۆ هاوسەنگی و مامناوەندێتیەکە لە ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە مێژووییەکاندا هەیەتی تا بەهۆیەوە خۆپارێزی لە ئەگەر و گومانی سەپاندنی هۆکار و بۆنە مێژوویەکاندا بکەین. حافز لەم غەزەلە هەشت دێڕییەدا وەها دەدوێت:

یاد باد آن که سر کوی توام منزل بود
دیده را روشنی از خاک درت حاصل بود
راست چون سوسن و گل از اثر صحبت پاک
در زبان بود مرا هر چه تو را در دل بود
دل چو از پیر خرد نقل معانی می کرد
عشق می گفت بشرح آنچه بر او مشکل بود
در دلم بود که بی دوست نباشم هرگز
چه توان گفت که سعی من و دل باطل بود
دوش بر یاد حریفان به خرابات شدم

ٰخم می دیدم خون در دل و پا در گل بود
بس بگشتم که بپرســــــم سبب درد فراق
مفتی عـــــقل در این مســـــاله لایعقل بــود
راستی خـــــــــــاتم فیروزەء بواســحاقی
خوش درخشید ولی دولت مــستعجل بود
دیدی آن قهقهەء کبک خـــــرامان حـــــافظ
که ز سر پنجەء شـــــاهین قضا غافل بود[٢٦]

خۆ ئەگەر گوزارشـــتی داپۆشــراوی( فیروزه بواســـحاقی)یش لە بەیتی حەوتەمی غەزەلەکەدا بیرهێنەرەوەی ناوی شـــاه شـــێخ ئەبو ئیســـحاق نەبوایە، هەمدیســـان ئاماژەگەلێکی جوان و چەند گلەیی و گازندەیەکی بەســـوێی شـــاعیرو چەندین ئاماژەی بۆ هەندێک لە ڕەهەندە مێژووییەکان بەدەستەوە دەدا.

دڵبەندبوونی حافز بە (شـاه شـێخ) لە چەندین غەزەلدا، کە شـاعیر دەربارەی ئەو هۆنیویەتیەوە ڕوون و ئاشـــکرایە، لەوانە ئەو غەزەلە کە بەو بەیتە دست پێدەکات:

یاد باد آن که نهانت نظری با ما بود
رقم مهر تو بر چهرەء ما پیدا بود

ئەم غەزەلە، کە دەســـتەواژەی( یاد باد) لە ســـەرەتای هەموو بەیتەکانیدا جەختکردنەوە لە غەمی لەدەســـتدانێکی گەورە دەگەیەنێت و بیرخەرەوەی دێڕی یەکەمی ئەو غەزەلەیە، کە خســـتومانەتە ژێر

باس و لێکۆڵینەوە، هەروەها پێدەچێت لەدوای کوژرانی شـــاه شـــێخ هۆنرابێتەوە[٢٧]، کاریگەربوونی حافز بە مەرگی شاه شێخ لە غەزەلێکی دیکەشدا دەبینرێت، کە بەم بەیتە دەست پێدەکات:

**دمی با غم به سر بردن جهان یک سر نمی ارزد**

**به می بفروش دلـــق مـــا کـزین بهتر نمی ارزد**

ئەمەش لایەنێکی دیکە لە پێوەندی حافز لەگەڵ شـــاه شـــێخدا باس دەکات و هەمدیسان غەزەلی دیکەش هەن[٢٨].

پانتایی گشـــتی غەزەلە هەڵبژێردراوەکەمان پێوەندی بە لەناوچوونی حکومەتی شـــاه شـــێخ ابوئیســـحاقی ناســـراو بە شـــاه شـــێخ و هاتنەسەرکاری (ئەمیر موبارەزەدین)ەوە هەیە.

(شـــاه شـــێخ ئەبو ئیســـحاقی ئینجو) یەکێک لە بەناوبانگترین فەرمانڕەواکانی فارس بوو، لە ٧٢١ی کۆچی لەدایکبووە، پاشـــایەکی قەد و قەڵافەت ڕێک ، ڕوخســـار جوان و لەبار ، خو و ڕەفتار چاک ، خاکی ، شیعردۆست و شیعرناس، جوامێر و دەست و دڵکراوە بووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تەواو شادمان و خۆشحاڵ بووە. خۆشترین و ئـــارامـــتـــریـــن ڕۆژگـــاری ژیـــانـــی حـــافـــز هـــاوتـــابـــووە لەگەڵ دەسەڵاتدارێتییەکەی ئەودا و ئەو خۆی دڵسۆزی و هاوڕێیەتی خۆی بۆ حافز دەنواند و نەوازشـــی دەکرد، ئاماژەگەلێک لە دیوانی حافزدا هەن ئەوە دەردەخەن[٢٩] ، کە ئەگەر حافز هاوەڵی شاه شێخ نەبووبێت، ئەوا لانیکەم لەگەڵ دەرباری ئەودا دۆســتایەتی و پێوەندی هەبووە[٣٠].

شیراز لە ڕۆژگاری ئەو لە چاوی شاعیراندا بە بەهەشتی سەر ڕووی زەوی دادەنرا[31]. دەوڵەتشای سەمەرقەندی نووسیویەتی: (هاولاتیانی فارس لەسەردەمی دەسەلاتداریێتییەکەی ئەودا، بارودۆخیان خۆش بوو، لەدوای شاە ئەبو ئیسحاق خەلکی فارس بەدبەخت بوون و خۆزگەی سەردەمی ئەویان دەخواست)[32] دەسپێکی سەردەمی شاە شێخ هاوتابوو لەگەڵ ڕۆژگاری گەنجێتی خواجەدا، ئەو کە خۆی لەگەڵ شاە شێخدا هاوتەمەن و دۆستی گیانی بەگیانی بوو و بە هەبوونی ئەو دڵخۆش بوو، هەرگیز ڕێگەی وێناکردنی لەناوچوونی لەناکاوی دەوڵەتێکی وەها زووتێپەڕی بەخۆی نەدەدا.

دوژمنی شاە شێخ واتە ئەمیر موبارەزەددین موحەممەد لە تیرەی ئالی موزەفەر بیست ساڵ لە شاە شێخ گەورەتر بوو - لەدایکبووی ٧٠٠کۆچی- هەیڤییە- فێلباز و فریودەر بوو. ئەو کە سەرەتا حکومەتی (مەیبەدی یەزد)ی هەبوو و دواتریش چەندین ساڵ حوکمڕانێتی یەزد و کرمانی کردبوو، هەمیشە ئارەزووی دەستبەسەرداگرتن و خاوەندارێتی کردنی شیرازی لەمێشکدا بوو، ئەو دوای چەندین ساڵ دوژمنایەتی و جەنگ لەگەڵ شاە شێخ لە کۆتاییدا فارسی کردە پاشکۆی قەڵەمڕەوی خۆی. ئەمیر موبارەزەددین بە جۆرێک، کە تەنانەت مێژوونووسانی نزیک لە دەسەلاتی خۆی نووسیویانە پیاوێکی بێڕێز و ڕەشۆک و دەم پیس

بوو، لەگەڵ نایەکسانی و کەللەپووتی زۆر و لەڕاددەبەدەری لە گوناه و خراپەکاری و مەیخۆری و لە کەماڵی ڕاڕایدا بوو.

ئەم قســەیەی موعینەددینی یەزدی مێژوونووســی تایبەتی ئەو بۆ نیشــــاندانی یەکێک گۆڕانی حاڵەتەکانی ئەو،(ئەمیر موبارەزەددین) بەناوبانگە، کە دەڵێت:( لە دەزگای ئەو جارجارە هاتوهاواری مەستان دەگۆڕا بۆ تەکبیری خواپەرستان و گۆرانی و چریکەی مەیخۆران بۆ نزای دینداران دەگۆڕا )[٣٣].

خۆنوێنییە پووچەکانی ئەمیر موبارەزەددین لە دینداریدا شــێوە و نموونەگەلێکی زۆریان هەیە. ئەو دوای پەنجا ســاڵ لە داوێنپیســی وەکو خۆدەرخستنێک هەوڵدەدات ڕۆژانی هەینی بە پیادە بۆ مزگەوت بڕوات، یا خۆی تەکیە و مزگەوتی دروســـتدەکرد و فەرماندان و دورکەوتنەوە(امر و نهی)ی شــەرعی دەردەکرد و مەیخۆرەکانی جەڵد دەکرد و تەنانەت هەر بۆ ئەم خۆدەرخستنە کتێبە فەلسـەفییەکانی بە بیانوی کتێبی گومڕاکەر و سەرلێشێوێنەر دەسوتاند[٣٤] و تێکڕای ئەم بارودۆخە خۆنوێنیانە و پیس بوون بە گڵاوی ناخ ببووە هۆی ئەوەی نازناوی دارۆغە(محتسب)ی پێ بدەن.

نــازنــاوی دارۆغە لەلایەن کەســـە زرنگەکـانەوە بە ئەمـیـر موبارەزەددین درابوو و ئەم قســەیەی جەلالەددینی تورانشــا چەندە جوان و نازدارانە ڕیسواکەری بارودۆخی خۆنوێیانەی ئەوە:

**رندان همه ترک میپرستی کردن**

**جز محتسب شهر که بی می مست است**[٣٥]

ئەو زیاتر لە ٨٠٠ کەسـی بە دەسـتی خۆی سـەر بڕیبوو و تەنانەت لە بڕینی سـەری منداڵانیش باکی نەبوو[٣٦]. ئەم بوونەوەرە ترسـناکە کە نووسـەرانی سـاختە و زانایانی چەلاوخۆری سەردەمەکەی نازناوی(غازی اسلام= جەنگاوەری ئیسلام) و (موعود مـائە سـبعە)[٣٧]یـان بەو دابوو، بەشـێوەیەک بوو، کە تەنـانەت مێژوونووسـێکی وەک (محمود کتبی) کە مـاڵباتەکەی لە حکومەتی ئالی مزەفەردا پێگە و پلەوپایەیان هەبوو دەربارەی ئەو نووسیویەتی: ( سـروشـتی لەسـەر خوێنڕێژی و دڵڕەقی و سـتەم خولقێنرابوو)[٣٨]، بەڵام غەزەلی(فیروزە ابواسـحاقی)، کە جۆرە خۆدواندێکی بەو ڕەنگ ڕوخسـارە سکاڵاییە گێڕانەوەئامێزە بەخشـیوە، خاوەنی سـەرخان و ژێرخانێکی شـەتەکدراو و بەیەکەوەبەسـتراوە. لە بەیتی یەکەمدا وابەسـتەیی شـاعیر بە قاپی و دەرگای شـاە شـێخ و خۆشـحاڵی و شـادمانی شـاعیر بەم وابەسـتەیی و پێوەلکانە دیارە. دێڕی دووەم قسە و باسە لەبارەی هاوسۆزی شاعیر لەگەڵ سوڵتان، کە لەمەوبەر ئاماژەی پێکرا. (سـەوسـەن) گوزارشـتێکە بۆ شـاعیر، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسـەر پلەوپایەکانی شـاعیرێتی و گۆیندەیی. (گوڵ) خوازەیە لە پاشا بە پشت بەستن بە هۆکارگەلێک کە دواتر دێن دێڕی دواتر نیشاندەری پەیوەندییەکی مەعنەوییە لە کۆڕ و مەجلیسی شێخ ئەبوئیسـحاقدا، کە پێدەچێت لەپاشـتردا هاوتا و هاوشـێوەی لە ژیانی

شـــاعیردا دووبارە نەبووبێتەوە، (دامگە) یا (دامگا) گوزارشـــتێکە، کە شـــــاعیر بۆ دونیـا هێنـاویەتییەوە. (جور=ســـــتەم) و (تطـاول= دەســـتدرێژی)خســـتنەڕووی بارودۆخی جەور و ســـتەمی حکومەتی ئەمیر موبـارەزەددینە، چونکە شـــــاعیر، کە ئومێـدی یـاوەری و هاونشـــینییەکی هەمیشـــەیی و  نزیکایەتییەکی درێژخایەنی  لە دڵدا بووە بە نەمانی حکومەتی شـاه شـێخ تووشـی بێ ئومێدییەکی زۆر هاتووە. دێڕی پێنجەمی غەزەلەکە بیرهێنەرەوەی گۆزەشـــکێنییەکانی ئەمیر موبـارەزەددینە. حـافز لەم دێڕە و دێڕی دواتردا بێ بنەمـایی زوهدی ڕوکەشـــیانەی ئەمیر موبارەزەددین دەخاتەڕوو، کە تەنیا شێوە و ڕواڵەتی نەبووی یەخەی ئەوانی دیکەی گرتووە، ئەگینا گۆزە بۆ(دارۆغەیەک کە بێ مەی مەستە)بەهەمان شێوە(خوێن لە دڵ و پێی لە گڵ)واتە لە دونیای واقیعدا بەرقەرار و بەردەوامە. درەوشـانەوەی خێرا و زووتێپەڕی(خاتم فیروزه بواسحاقی=ئەنگوستیلەی پیرۆزەی بوئیســحاقی )یش گوزارشـتێکی خوازەییە لە ماوە و کاتی حکومەتی شاه شێخدا ، کە یازدە ساڵی زیاتر نەخایاند.

لە دواهەمین دێڕی غەزەلەکەدا (کبک خرامـان= کەوی خەرامـان، واتە ئەو کەوەی بە ناز و لەنجە دەڕوات)دەشێت ئاماژەیەکی شاراوە بێ بۆ هەمان پاشا، لەگەڵ یاد و یادەوەری شادمانی و مەسروری و جوانی ئەو و هەروەهـا بێئـاگـاییەکەشـــی، چونکە کەو بە هێمـا و نیشـــانەی غەفڵەت و بێ ئەزموونیش دانراوە. (شـــاهین قضـــا=

چارەنووسـێکی وەک چارەنووسـی شـەهێن) دەشـێت نیشـاندەری چارەنووسـێکی شـووم بێت، خۆی لەخۆیدا لەگەڵ پابەندبوونی ئەشـعەرییانەی کەسـێتی خواجەدا گونجاو و شـیاوە و لەڕوویێکی دیکەوە بیرهێنەرەوەی هەبوونی بەدخویی ئەمیر موبارەزەددینە، کە شـاە شـێخیان بە فەرمانی ئەو سـەربڕی[٣٩]، هەروەهاش کوشـتنی بەئازاری شاە شێخ.

لە بەکارهێنانی ئاگایانەی وشـەی(قضـا= چارەنووس)یشـدا ڕازێک هەیە: نووسـیویانە، کە شـاە شـێخ بایەخێکی زۆری بە بیروڕای ئەسـتێرەناسـان دەدا و بە پێی بیروڕای ئەوانیش جەنگی لەگەڵ هەڵدەگیرسـاند و هەندێجار بەهۆی پەیڕەویکردن لە فەرمانی ئەوان دەستی لە جەنگ بەردەدا و بەم شێوەیە دەرفەتی خۆبەهێزکردنەوەی بە دوژمنی زامـدار دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمـوو خۆپـارێزییە سـەرەنجام خۆیشـی کەوتە داوی چارەنووس، گوتوویانە شـاە شـێخ ئەم چوارینەی لە دواهەمین چرکەساتەکانی ژیانیدا هۆنیوەتەوە:

با چرخ ستیزە کـــار مستیز و برو

با گـــردش دهر، درمیاویز و بـــرو

یک کاســـە زهر است مرگش خـوانند

خودش درکش و جرعە بر جهان ریز و برو[٤٠]

## چەند تێبینییەکی هونەری

ڕەخنەی مێژوویی ئەگەر ڕاستەوڕاست لێکۆڵینەوەیەک بێت بۆ دۆزینەوەی ئاماژە و نیشانە مێژووییەکان و لەو جوانی و وردەکارییە هونەریانەی، کە لە شیعردا هەن دورەپەرێز بێت، ئەوا ڕاستەوخۆ شیعرەکەی کردۆتە بیانوویەک بۆ ڕووداو و بۆنە مێژووییەکان و ئەمەش خاڵێکە، کە ڕۆحی شیعر لەگەڵیدا مەودایەکی زۆری هەیە بەم هۆیەوە ڕەخنەگری مێژوویی دەتوانێت لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی زیاتر و وردتر لەسەر وردەکارییەکانی مێژوو خۆی لە وردەکارییە هونەرییەکانی بەرهەمەکەی نووسەریش بەدوور نەگرێت.

بێگومان ئەو غەزەلەی، کە خرایە بەر لێکۆڵینەوە وێڕای هەموو ناوبانگەکەی لەڕووی هۆکارە هونەرییەکانی وەک خوازەکاری، تیل نیشانەکان، پاڵپشتە ئەفسانەییەکان و بەها مۆسیقییەکان لە شکڵە جۆراوجۆرەکانی خۆیدا هەروەها وێنە بەهێز و نوێکان لە ڕیزی هونەریترین غەزەلەکانی حافزدا نییە و ناوبانگەکەی زیاتر قەرزارباری زەمینە مێژووییەکەیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نابێت هەندێک لە ڕەهەندە هونەری و سۆزدارییەکان کە لەم غەزەلەدا هەن دوورەپەرێز بن لە دیدگا و تێڕوانینی ڕەخنەگری ئەدەبی.

ئەو کێشەی هەڵبژێردراوە بۆ غەزەلەکە لە ڕیزی باوترین کێشە گونجاوەکانە بۆ لاواندنەوە و سکالاکاری و یادداشتنامەی خوودی.

پاش قافیەی(بود= بوو) نیشـــاندەری بوونێک لە ڕابردوو و لەدەســـتدانێکی هەنوکەییە و دوپـاتکردنەوەکەی مـایەی چەنـد جەختکردنەوەیەکی یەک بەدوای یەکە بۆ گەیـانـدنێکی قوڵتری ئەو لەدەســتدانە. لەڕوێکی دیکەوە بزوێنی بلّندی(u= ئو)لە بیرهێنانەوەی حاڵەتی سۆزداری پرسە و ماتەم و گریە و زاریدا کاریگەرە.

(یاد باد) لە سـەرەتای دێڕی یەکەم نیشـانەی کەلەکەبوونی غەم و حەســـرەتێکە، کە یەکێتی ســـۆزداری غەزەلەکە بەوەوە دەســـتی پێکردووە و زرنگانەوەکەی لە فەزای سۆزداری شیعرەکەدا ماوەتەوە و هەستی پێدەکرێت.

جێنـاوی(تو= تۆ) لە دوو بەیتی بەدواییەکدا هـاتوودا بـاس لە گفتوگۆی ڕاســـتەوخۆ و بێ مەراییانەی شـــاعیر لەگەڵ گوێگری لەدەستچوو دەکات و گوزارشتی ناڕاستەوخۆی(دۆست= هاوڕێ) لە دێڕی پێنجەمدا ئەم بۆچوونە بەهێزتر و قایمتر دەکات.

لێکچواندنی شاعیر بە (سەوسەن) و پاشا بە (گوڵ) ئەگەرچی بە جیا لەیەک، لەڕیزی وێنە دوبارەبووەوە شیعرییەکاندایە، بەڵام پێکەوە بـوونـیـان لەگەڵ یەکـتـریـدا وێـنەیەکـی لـێـکـدراوی ڕەمـزی و هونەرمەندانەییە، هەروەها (زبان= زمان) لەگەڵ (سەوسەن) کە بە دە زمان و سـەد زمان وەسـفکراوە لەگەڵ باری شـاعیرێتی و گۆیندەیی گـونـجـاوە، هەروەک چـۆن (گـوڵ)یـش لەڕووی (تـوی تـوێ=

پەڕپەڕی)ێیەتی خۆیەوە گوزارشـــتێکی خوازەییە بۆ شـــــاراوەیی حەرەمی فەرمانڕەوایی و شکۆداریێتی ئەو.

ئەو کۆمەڵە وشـــــانەی غەزەلەکە کە خـاوەن ڕۆڵ و بـارێکی ســـۆزداری(ویژدانی) و هەنـدێجـاریش وێنەیین گونجـاون لەگەڵ بارودۆخی حەسرەت و بێئومێدی شاعیردا:

یاد/اه/دل/سوز/درد/مشکل/خون و دەستەواوژەگەلێکی وەک: جور و تطاول/ سوز و نیاز/خون در دل/ درد فراق/ بی دوست/ یاد حریفان/ پا در گل/

بەرجەســـتەکردنی دژەیەکەکان، واتە ســـەرەکیترین پەیام و باســـی شـــاعیرر لەم غەزەلەدا لە لێکنزیکردنەوەکانی: دیدە و خاک/ زبان و دل/ خرد و عشق/ کبک و شاهین بەرچاو دەکەوێت.

بەم شـێوەیە ئەوە مەزەندەیەکی ئاسـاییەکە کە ڕەخنەگری ئەدەبی بەسـەندە بە پەیوەندی نێوان ناوەرۆکی لۆژیکی ئەم غەزەلە و زەمینە مێژووییەکەی نەکات و بەها هونەری و ئیستاتیکییەکانی شیعرەکەش بە بەشێکی دانەبڕاو لە قەوارەی شیعرەکە دابنێت.

## ڕوانینێکی سەربەخۆیانە بۆ ڕەخنەی ژیننامەیی

ئەم میتۆدەی ڕەخنە بەرهەمی ئەدەبی بەشـــێوەیەکی گشـــتی نەک ڕەها وەکو ڕەنگدانەوەیەکی بارودۆخەکانی نووسەر یا کەسایەتییەکی بەرهەمەکە دادەنێـت، بەڵام پێویســـــتە ئـاگـاداری ئەوە بین، کە لە ڕەخنەی ژیننامەیی تەنیا لێکۆڵینەوە لە نووسەری بەرهەمەکە ناکرێت،

بەڵکو بەهەمان شـــێوە بەرهەمەکەش لەســـەر بنەمای بارودۆخ و خاسـیەتە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی خۆی دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە[٤١]. ئەم بابەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ڕەخنەی ژیننامەیی و ڕەخنەی مێژوویی زۆر نزیک لە یەکتر درکیان پێبکرێت، بەتایبەت ئەوەی کە بەشـــێک لە ژیاننامەکەکان لە حەقیقەتدا مێژووی بەســـەرهات و ڕووداوگەلێکن کە بەســـەر ئەو کەســـەی کە باس لە ژیانی دەکرێت( واتە ئەو کەسایەتییەی کە دەخرێتە ژێر تیشکی باس و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت)دا هاتووە. لە ڕوێکی دیکەوە ســەرنجدان لە قۆنـاغێکی تـایبەت کە نووســـەر و بەرهەمەکەی لەو قۆنـاغەدا دروست بوون بەو هۆیەوەیە کە بیروباوەڕ و خواست و ئارەزوو و دیدگاکانی هەر مرۆڤێک لە هەر قۆناغێک یا چەند قۆناغێکدا دەگۆڕێت و ئاشکرایە کە ناتوانرێت قۆناغە مێژوویی یا کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان ، کە بەرهەمەکە تێیدا پێگەییوە و کاریگەری لێ وەرگرتووە لەبەرچاو نەگیرێت[٤٢].

## شیاویی و گونجاوییەکانی ڕەخنەی ژیننامەیی

ڕەخنەی ژیننامەییش وەکو تەواوی میتۆدەکانی ڕەخنە، تەنیا بۆ بەشێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان گونجاوە. ڕۆمان و شیعری لیریکی بە یەکێک لە گونجاوترین ژانرە ئەدەبییەکان بۆ شـــیکردنەوە ژیاننامەییەکان هەژمار دەکرێت و ڕەنگە بتوانرێت بگوترێت، کە تەنانەت ڕۆمان بۆ ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە شـــیعری لیریکیش

گونجاوترە، چونکە ڕۆمان بە بەراورد لەگەڵ هۆنراوە لیریکییەکاندا چوارچێوەیەکی فراوانتری ئەزموونەکان لە خۆدەگرێت و زیاتر لەژێر کاریگەری هۆکارە دەرکییەکاندایە[٤٣] و تاڕاددەیەک کەمتر وا ڕێک دەکەوێت، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان نەتوانرێت ڕۆمان لەسەر تەوەر و بنەمایەکی تایبەتی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ژیانی نووسەری بەرهەمەکە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ناتوانرێت توانست و شیاویی ناوبراو بە کات سنوردار بکرێت، چونکە زۆرینەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەپێی بارودۆخ خاوەنی شایستەییەکی لەم جۆرەن و تەنانەت ئەم تایبەتمەندییە هەندێجار بەسەر هەموو بەرهەمەکانی نووسەر دەگشتێندرێت. لەبارەی (میلتۆن) گووتوویانە، کە بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی ڕووداوەتایبەتەکانی ژیانی ئەوە و بۆ نموونە دەتوانرێت ئاماژە بە دوو بەرهەمی ئەو، واتە (ئازارەکانی سامسۆن)[٤٤] و (داب و نەریتەکانی تەڵاق)[٤٥] بکرێت[٤٦]. لەنێو جۆرەکانی شیعردا هەروەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکرا شیعری لیریکی خاوەن ڕەهەندێکی تاکەکەسیانەترە و بەم هۆیەوە زۆربەی کات لە ناو ئەو شیکردنەوانەدا دادەنرێت کە لەسەر بنەمای باسکردنی ژیان و بەسەرهاتی شاعیر بونیاتنراون[٤٧].

## بەرهەڵستیکارانی ڕەخنەی ژیننامەیی

ســــوود وەرگرتن لە ڕەخنەی ژیننامەیی لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا مایەی چەند و چوون و ناکۆکییە لەنێو ڕەخنەگراندا. ڕەخنەگرانی نوێ ســــوودوەرگرتن لە زانیارییە ژیننامەییەکان لە ڕەخنەدا بە جۆرە ســــەپاندن و لەبەرچاونەگرتنی ســــەربەخۆیی بەرهەمە دادەنێن. ئەم کەموکورتی و ڕەخنەیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بۆ ســــەر شــێوازەکانی دیکەی ڕەخنەش لەوانە ڕەخنەی مێژوویی و دەروونناســــی شــــتێکی بەجێیە. ئەوان ڕەخنە ژیننامەییەکان بە(تاک ڕەهەندی) وەســف دەکەن و بە هۆکاری چەند هەڵەیەک لە پانتایی و زەمینەی ڕەخنەدا دەزانن[٤٨]. وا دەردەکەوێت، بەشــــێکی زۆری ئەو ڕەخنانەی کە لە ڕەخنەی ژیننامەیی گیراوە بەهۆی تێنەگەیشــــتنێکی دروســت بووە لە واقیعیەتی ئەم جۆرە ڕەخنەیە، چونکە لەم شــێوازە ڕەخنەییەدا بەرهەمی ئەدەبی بەتەواوەتی بە دەرخەری هەســــت و ئەزموونە تاکەکەســــییەکانی نووســــەر دادەنرێت، لەکاتێکدا لە دیدی بەناوبانگترین تیۆریســــتانی ڕەخنەی ئەدەبی تەنانەت کاتێک، کە بەرهەمێکی ئەدەبی خاوەنی چەند ڕەگەزێک بێت، کە ســــەد لەســــەد بتوانرێت بە وابەستەی بارودۆخەکانی نووسەر دابنرێن. هەمدیسان ڕێکخســتنی ئەم ڕەگەزانە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەگۆڕێت و قاڵب و شــــێوەیان گۆڕانی بەســــەردا دێت، کە هەموو واتا خودی و تایبەتمەندەکانی خۆیان لەدەست دەدەن[٤٩].

له ڕوانگەی بەرهەڵستکارانی ڕەخنەی ژیننامەییەوە جەختکردنەوە لەسەرئەوەی، کە ڕووداوەکانی ژیانی نووسەرە، ئەم گومانە بەرەو پێش دەبات، کە دەشێ بەرهەمەکە لە پێناوی ناسینی نووسەرەوە فەرامۆش کرا بێت، لەکاتێکدا پێویستە ڕەخنە بە واتا تایبەتییەکەی خۆی لە بەرهەمەکە بڕوانێت، نەک نووسەر[٥٠].

لە ڕوویێکی دیکەوە دەتوانرێت ناوی نووسەرانێکی زۆر بهێنرێت، کە بەرهەمەکانیان بەهیچ کلۆجێک دیمەن و نیشانەیەکی ژیانە تاکەکەسییەکەیان نییە[٥١] و ڕەنگە ڕەخنەگری ژیننامەیی بەشێکی گەورەی کۆششی خۆی بۆ پەردەهەڵماڵین لەسەر ڕووداوەکانی تایبەتەکانی ژیانی نووسەر خەرج بکات، لەکاتێکدا ئەم ڕووداوە لاوەکییانە یا وردەکارییەکانیان لە پێکهاتنی بەرهەمەکەی ئەودا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە[٥٢].

یەکێک لە ئامانجە گشتییەکان لە میتۆدی ڕەخنەی ژیننامەییدا هەوڵدانە بۆ دەست گەیشتن بە ڕەهەند و گۆشەکانی ژیانی نووسەر لەڕێگەی بەرهەمەکەیەوە. کارێکی وەها وێڕای ئەوەی، کە ڕەنگە ڕەخنەی ژیننامەیی بەرەو تێگەیشتنە دەروونناسییەکانی بەرهەمەکان کێش بکات، بەشێوەیەکی پراکتیکیش شیاوی متمانەپێکردن نییە، چونکە لە زۆربەی بارەکاندا بەرهەمی ئەدەبی زیاتر لەوەی کە ڕەنگدەرەوەی واقیعیەتی ژیانی شاعیر یا هونەرمەند بێت بەرجەستەکەری خەونەکانی ئەوە و لە حەقیقەتدا پەچەیەکە کە

کەسایەتی ڕاستەقینەی نووسەر لە پشتیدا خۆی حەشارداوە و تەنانەت بە دەربڕینێکی دیکە دەمامک یا(وێنەی دژیەک)[٥٣]ی خاوەن بەرهەمەکەیە و ئەوەی وەکو وێنەیەک لە ژیانی نووسەر بەدەست دەهێنرێت، ڕەنگە وێنەیەکی ئەو ژیانە بێت کە نووسەر بەدوای ئەوەوەیە لێی هەڵبێت[٥٤].

لە سەردەمی ئێمەدا فۆرمالیستەکان بە یەکێک لە سەرسەختترین بەرهەڵستکارانی ڕەخنەی ژیننامەیی هەژمار دەکرێن. زێدەڕۆیی فۆرمالیستەکان لە وەلاوەنانی ناسنامەی نووسەر یا شاعیر لە داوەریکردن دەربارەی بەرهەمی ئەو نووسەرە، کاریگەرە بە دیدگاکای دیاردەگەرایی لە قەڵەمڕەوی ڕەخنەی ئەدەبیدا. لە تێڕوانینە دیاردەناسییەکاندا بونیات و واقیعیەتی مێژوویی بەرهەمەکە و هۆکار و مەرجەکانی هاتنەکایەوەی بەرهەمەکە و نووسەر و تەنانەت خوێنەریش لەبەرچاو ناگیرێن و لەجیاتی ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو ناوەکیانەی بەرهەمەکە یا دەقەکە بەدوور لە گشت کاریگەرییە دەرەکییەکان گرنگی پێدەدەرێت. لێرەدا بنچینەی کارەکە زیاتر لە هەر شتێک لەسەر یەک بنەمایە و ئەویش(قەدەغەیی ڕەخنەی ژیننامەیی)یە.

لە ڕوانگەی ئەم دەستەیەوە پێویستە تەنیا لەو لایەنەی زانیارییەکانی نووسەر بکۆڵینەوە، کە لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە[٥٥]، بەڵام هەر لەم جێگەیەدا ئەم پرسیارە دەخرێتەڕوو، کە

ئایا زانیاری و ئەزموونکانی شـــاعیر و تێکڕای ئاڵۆزی تێگەیشـــتنی سۆزداریانەی ئەو شیاوی جیاکردنەوە و دیاریکردنە؟.

(تین) وەکو ڕەخنەگرێکی بیرقووڵ، ئەم وتەیەی بەنـاوبـانگە، کە دەڵێت پێوەندی بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ نووسەرەکەی وەکو پێوەندی میوەیە لەگەڵ درەخت[٥٦]. هەر بەرهەمێکی ئەدەبی زادەی بیرکردنەوە و هزر و خەیـاڵی ئەفرێنەرەکەیەتی ســـەرنجـدان لەم تەوەرانە بۆ هەڵســـەنگـاندنی بەرهەمەکە بەرەو بیرکردنەوە دەربارەی خـاوەنی بەرهەمەکە و لەکۆتـاییـدا بەرەو جۆرە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیەکی ژیننامەیی پەڵکێشمان دەکات. دۆزینەوەی ڕیشەگەلێک لە هەستەکانی نووســـەر یا شـــاعیر لە بەرهەمەکەیدا بابەتێکی نکۆڵی لێکراو نییە، هەروەک ئەوەی کە چەنـد لایەنێـک لە ژیـانی(دیکنز) دەتوانرێـت لە چیرۆکی(دایڤد کۆپەرفیڵد)دا بەدواداچوونی بۆ بکرێت[٥٧]. لێکۆڵینەوە لە بەرهەم لەڕێگەی زانیاری ســەبارەت بە نووســەرەکەی هەرچەندە لە کۆنەوە مایەی ســەرنجی ئەدەبناســان بووە، بەڵام بەها و بایەخەکەی لە تێڕوانینی دیارترین ڕەخنەگرانی ڕۆژگاری ئێمەشــدا بەشــاراوەیی نەماوەتەوە، چونکە لە گشت بارێکدا دیارترین هۆکاری هەبوونی هەر بەرهەمێک هەبوونی نووسەرەکەیەتی[٥٨].

لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناســیی هونەر ئەوە نیشــان دەدەن، کە لەو هەشـــت تیۆرەی، کە بۆ ســـەرچاوە و پەیدابوونی هونەرەکـان خســـتویانەتە ڕوو، ســـیانیان باس لە ســـەرچاوەی تاکەکەســـی یا

کەسـی(خودی) لە هونەر دەکەن، بەڵام پێویسـتە ئاگاداری ئەوە بین، کە بیرکردنەوەی تاک بەشـێوەیەکی تەنیا و جودا لەئارادا نییە، بەڵکو هەمیشـە پێگەیشـتنی دەروونی تا لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا دێتەکایەوە و ناسنامەی ڕەفتاری و دەروونیشی بەرهەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەتی[٥٩]. ئەم تێڕوانینە لە پانتایی ڕەخنەی دەروونناسیدا شکڵ و شێوەیەکی توندتر وەردەگرێت. لە ڕەخنەی دەروونناسیدا لە بەرهەمەوە تێدەگەن خاوەنی بەرهەم و بەرهەمی ئەدەبی هەروەکو دانپێدانانێکی مرۆڤ لەبەرامبەر دەروونناس لێی دەڕواندرێت و ڕەخنەگر لەو ڕاز و وردەکارییانەی، کە لەناو بەرهەمەکەدا کڵاوڕۆژنەیەک بەسـەر ژیانی نووسـەردا دەکاتەوە، یەکێک لە ڕەخنەگران-ناوی ئەدمۆند ویلسـنە- کە ڕەخنەکانی لە ڕاسـتیدا تێکەڵەیەکە لە دەروونناسـی و کۆمەڵناسـی لە بنەڕەتدا کاری ڕەخنە لە ژیانی نووسـەرەوە دەسـت پێدەکات و پاشـان سـەرنج لە بەرهەمەکەی دەدات و بەرهەمەکە بە پشـت بەسـتن بە ژیانی نووسەرەکە ڕاڤە دەکات[٦٠].

ئەگەرچی زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ڕۆژگاری ئێمە بەهۆی ختوکە و فریوی تێڕوانینە فۆرمالیسـتییەکان بەشـێوەیەکی زێدەڕۆییکارانە نکۆڵی لە بنیاتی ڕەخنەی ژیننامەیی دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بە ڕەهایی ڕەتکەرەوەی ئەم بابەتە نین، کە زانیاری لەبارەی بارودۆخەکانی خاوەنی بەرهەم بۆ ڕاڤەکردنی بەرهەمەکە شـتێکی

یەجگار سـوودمەند دەبێت[٦١]، بەڵام جەخت لەسـەر ئەوە ناکەنەوە، کە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە پشتی پێ ببەسترێت، لەکاتێکدا ئامانجی ڕەخنە لە ڕاڤەکردندا کورت نابێتەوە و بتەوێ و نەتەوێ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکەش لەئارادایە. ئەم بابەتە وێڕای هەموو پەسـەندییەکانی خاڵی نییە لە کەموکورتی، چونکە شـیکردنەوەی بەرهەم، کە خۆی لە خۆیدا لەسـەر زانیارییە ژیننامەییەکان بنیاتنراوە، بە حوکمی ڕاڤەیی بوونی بەکردارەکی لە هەڵسـەنگاندنی بەرهەمەکەدا ڕۆڵی دەبێت، گومـانێـک نییە لەوەی کە ڕەنگە لە هەنـدێـک لە بـارودۆخەکـانـدا زانیارییەکانی ئێمە سـەبارەت بە ڕووداوە لاوەکی یا سـەرەکییەکانی ژیانی نووسەر ببێتە هۆی چەند سەپاندنیکی پێچەوانەی واقیع بەسەر تێگەیشتنی ڕەخنەگر، بەڵام زۆرێک لە تێگەیشتنەکانی ئێمە لە سنوور و مەودای ڕەخنەی پێوەری(Evaluative Criticism) و ڕەخنەی وەسـفی(Descriptive Criticism)دا قەرزاربارى ئەم زانیاریانەیە، تەنانەت زۆرێک لە کارە ئەدەبییەکان کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن بە سـەربەخۆیی و جیا لە نووسـەر یا خولقێنەری خۆیان بخرێنە تای تەرازووی هەڵسـەنگـاندەوە، هەروەهـا بە دەزوگەلێکی نەبینراو بە هۆشی ئەفرێنەرانی خۆیان دەبەسترێنەوە[٦٢].

لەتەک هەموو لایەنە بەسـوودەکان و بەکارهێنانێکی پەیوەسـت بە ڕەخنەی ژیننامەیی، هەروەها تێڕوانینەکانی بەرهەڵسـتیکەرانی ئەم میتۆدە، پێویستە دان بەوەدا بنرێت، کە هەندێک لە بەرهەڵستیکردنەکان

و ڕەخنەکان بەرامبەر بە ڕەخنەی ژیننامەیی بەهۆی زێدەڕۆییەکانی ڕەخنەگرانی ڕۆمانتیکی بووە، کە پەیڕەوییان لە بۆچوونەکانی سانت بۆڤ و تین کردووە، لەبەرئەوە باسەکانی ڕەخنەی ئەدەبییان لە قایمترین و بەهێزترین شێوەکانی خۆیدا بە لق و پۆپێکی زۆر بە مرۆڤناسی[٦٣] و ڕەچەڵەکناسی و باسە زمانەوانییەکان و لقە زمانییەکانەوە پەیوەست کردووە[٦٤] و ئەم شتەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە تێگەیشتنیان بۆ ئامانجی سەرەکی هاتنەکایەوەی بەرهەمی ئەدەبی بە جۆرە تێگەیشتنێکی تەمومژاوی و گوماناوی دابنرێت.

**ژياننامە و ڕەخنەی ئەدەبی**

کاتێکی دورودرێژ بەسەر ئەو ساتە تێدەپەڕێت، کە دکتۆر ساموێل جۆنسۆن(١٧٠٩-١٧٨٤ز)هەوڵین باسە جیدییەکانی پەیوەست بە ڕەخنەی ژیننامەیی دەست پێکرد، ئەو بەم بۆچوون و بیرۆکەیەی کە ئاشنایەتی لەگەڵ ژیانی نووسەر دەکرێت لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکەی نووسەر و بۆ گەیشتن بە ڕەخنەیەکی خوازراو لە شیعری ئەودا کاریگەری هەبێت هەڵسا بە ڕەخنەی ژیننامەیی. ئەم میتۆدە ئەمڕۆیش کە دیدگاکانی ڕەخنەی ئەدەبی هاوتا لەگەڵ پێشکەوتنە زمانەوانی و واتاناسی و جۆرە نوێکانی ڕاڤە و شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە دەتوانێت لە شکڵ و شێوەیەکی مامناوەندا شیاوی سوود لێوەرگرتن بێت و بە گوتەی دیچز هیچ هۆکار و بەڵگەیەک لە ئارادا نییە کە

نەتوانرێت لە چیرۆکی بەسەرهاتی شاعیر یا نووسەرێک ئاگادار بێت و دواتر شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر بەرهەمەکەی بنووسرێت[٦٥] . لە ئایندەدا دوای دکتۆر جۆنسۆن ئەوەی وەکو ڕەخنەی ژیننامەیی(bio critical) خرایەڕوو لە ڕاستیدا گۆڕانکاری و دەستکاریکردنێک بوو لە لێکدانەوەکانی ئەودا. لەم جۆرە ڕەخنەیەدا ژیان و بەسەرهاتی خاوەن بەرهەمەکە لە بەرهەمەکە جیا ناکرێتەوە و هەریەکێک لەم دووانە دەتوانێت لە شیکردنەوەی ئەوەیتردا کاریگەری هەبێت[٦٦]. لە ڕەخنەی نوێدا لەگەڵ هەبوونی ئەو سەربەخۆییە بێ چەند و چوونەی، کە بۆ بەرهەمەکەی دادەنێن، ئەم ڕاسپاردەیەش لەبەرچاو گیراوە کە پشکنین و بەدواداچوون لە زانیارییەکانی وابەستە بەشاعیر دەتوانێت لە ڕەخنەیەکی پتەو و توندوتۆڵی شیعرەکەی یارمەتیمان بدات[٦٧].

لە ڕەخنەی ژیننامەیدا بەشێک لە کاری ڕەخنە دەچێتە ناو قەڵەمڕەوی کاری ژیاننامەنووس و لەنێوان کاری خۆی و ڕەخنەی بەرهەمەکەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینێت، چونکە لە تێڕوانینی ئەودا کاتێک، کە لە پشت هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا مرۆڤێکی زیندوو و ڕۆحدار بوونی هەبێت، ئەوا شتێکی زۆر سەخت دەبێت کە بتوانرێت لەنێوان ژیاننامە و ڕەخنەی ئەدەبیدا جوداییەکی ڕەها و ئاشکرا بهێنرێتەکایەوە[٦٨]. هەروەها پێویستە سەرنج لەوە بدرێت کە ڕەخنەیەکی خوازراو و شیاوی پەسەندکردن کە ژیاننامەنووس

دەتوانێت ئەنجامی بدات تووشـــبوونە بە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە کرۆکی بەرهەمەکە و چۆنایەتییە ئیستاتیکییەکان و تانوپۆی هونەری کـارەکە و ئەو لەم ڕەوتی لێکۆڵینەوە و ڕامـانی خۆیـدا هەوڵی ئەوەدەدات پەردە لەســـەر بیر و هەســـتی خولقێنەری بەرهەمەکە هەڵمـاڵێت. کـارێکی وەهـا بەشـــێوەیەکی ئەزموونی ئەنجامگەلێکی پەســـەند و خوازراوی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هەبووە بۆ نموونە لە ڕەخنەی شـــیعری (بۆ مەعشـــوقی شـــەرمنی خۆی)ی بەرهەمی (مارڤڵ)[٦٩]دا زانیاریگەلێکی فراوان دەربارەی شاعیر و ناخ و خوێندنی توانیویەتی لە شیکردنەوەی چوارچێوەی لۆژیکی گفتوگۆ و هەروەها تێگەیشتنی تیل نیشانە تایبەتەکان کە فەزای شیعرەکەیان پڕ کردووە کۆمەکێکی زۆر بکات.[٧٠]

لە دەرەنجام و هەڵهێنجانێکی گشـــتیدا نابێت گومان هەبێت لەوە ، کە ژیاننامە بەپێی پێویست ناتوانێت کاریگەرییەکی ڕەها بخاتە سـەر ڕەخنەیەکی پێوەری، بەڵام لەهەمـان کـاتـدا نـاتوانرێـت نکۆلی لەوە بکرێت کە ژیاننامە لە بەهادانانە ڕەخنەییەکاندا بێ ڕۆڵ و کاریگەری نابێت[٧١].

هەروەها ڕەخنەی ژینىنامەیی بە جۆرێک لە جۆرەکان دەچێتە ناو قەڵەمڕەوی شـێوازناسـیی شـیعر، چونکە لێکۆڵینەوەی شـێوازی شـیعر بە پێوەرێک لە پێوەرەکان بە چالاکییەک لە سـنووری ڕەخنە هەژمار دەکرێـت. کـاتێـک کە ژیـاننـامەنووس یـا ڕەخنەگری ژیننـامەیی

هەوڵدەدات ڕیشەگەلێک لە ئامادەیی کەسایەتی نووسەر یا شاعیر لە بەرهەمەکەیدا بپشکنێت[٧٢]، لە ڕاستیدا دەستی بۆ جۆرە هەوڵدانێک بۆ دیاریکردنی شێواز بردووە. گرنگی تێڕامان لە شێواز بۆ ژیننامەنووسی سەردەمی ئێمە لەو ڕووەوەیە کە شێواز بۆ ئەو نیشاندەری جۆرە ناسنامەیەکە لەبارەی خولقێنەری بەرهەمەکە و بە گوزارشتێکی دیکە(پاسپۆرتی نووسەرە بۆ گەیشتن بە کەسانی داهاتوو)[٧٣] سەرنجدان و وردبوونەوە لە خوددی بوونی شێواز هەندێجار ڕەخنەگر بەرەو قەڵەمڕەوی ڕەخنەی کۆمەڵناسی ، یا کۆمەڵناسی هونەر و ئەدەب پەلکێش دەکات، چونکە هەندێک لە کۆمەڵناسانیش ئەم بیروباوەڕە پەسەند دەکەن، کە شێوازی هەر هونەرمەندێک ڕاستەوڕاست زادەی کەسایەتی ئەوە و لەوەوەی کە کەسایەتی هونەرمەند بارودۆخێکی خۆکارانەی نییە، کەواتە پێویستە شێوازەکەی لە هۆکارە خولقێنەرەکانی کەسایەتییەکەی واتە لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی پشکنین و بەدواداچوونی بۆ بکرێت کە ئەمە خۆی لەخۆیدا ئاوەڵاکەری باسێکە لەبارەی پەیوەندی شێواز لەگەڵ کۆمەڵناسیدا ، کە باسکردنی لەم گوتارەدا شوێنی نابێتەوە[٧٤].

ئێستا لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا پێویستە بگوترێت، کە ڕەخنەی مێژوویی – ژیننامەیی ئەگەر لە شێوە دیاریکراو(سنووردار) و گۆشەگیرانەکەی خۆیدا سەپاندن و بارکردنی ڕووداوە مێژوویی، یا داتا ژیننامەییەکان بێت بۆ سەر بەرهەمەکە ، ئەوا بێگومان دەبێتە

هۆی تاک جەمسەرگەرایی لە ڕەخنەدا، چونکە هۆکارەکانی دیکەی بەرهەمەکە واتە ڕەهەندە هونەرییەکانی بەرهەمەکە دەخاتە خانەی فەرامۆشکردنەوە،بەڵام ئەگەر داتا مێژووییەکان و ئاگاداربوون لە بارودۆخەکانی ژیانی نووسەر یا شاعیر ببێتە هۆی تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی زیاتر لە ڕەخنە و ڕاڤەکاریدا و لە کۆتاییشدا ببێتە هۆی هەڵسەنگاندنێکی بەهێزتر بۆ بەرهەمەکە، ئەوا لەم بارەدا دەبێتە بابەتێک کە بەشێوەیەکی ڕەها ناتوانرێت لە ڕەخنەی نوێدا ڕەتبکرێتەوە

ئێستا سالانێک بەسەر هەوڵین کۆششەکانی کەسانی وەک دکتۆر سامویل جۆنسۆن و تین و سەنت بۆڤ لە بواری ڕەخنەی مێژوویی – ژیننامەییدا تێپەڕیوە و تێگەیشتنەکانی وابەستە بە ڕەخنەی مێژوویی – ژیننامەیی گۆڕانکاری و پێشکەوتنیان بەخۆیەوە بینیوە، ئەگەر ڕەخنەیەکی لەم جۆرە بتوانێت وردەکارییە هونەرییەکان لەگەڵ سەرنج و تێبینی و ڕوونکردنەوە مێژووییەکانیان هاوتەریب بکات و لە پێناوی بەهێزکردنی شرۆڤەکردن و ڕاڤەکردنی ئەدەبی و وردی و پتەوی و توندوتۆڵی هەڵسەنگاندنەکان تێبکۆشێت، ئەوا  بە هەمان شێوە دەتوانێت پەیامی خۆی لەتەک نوێترین میتۆدەکانی ڕەخنەدا بپارێزێت و بۆ چەندین بەرهەم، کە شایستەیی و گونجاوی ڕەخنەی مێژوویی – ژیننامەییان تێدایە وەکو میتۆدێکی گونجاو هەژمار بکرێت.

# پەراوێزەکانی فەسڵی نۆیەم

١- دربارەی ویلیام بیتز (William Butler Yeats ) نووسراوە، کە زۆربەی هۆنراوەکانی لە راستیدا ژیاننامەی خۆیەتی. بڕوانە:
Literary Biography by Leon Edal, London 1973, p. 57.

٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جامعە شناسی هنر، امیرحسین آریانپور، دانشگدە هنرهای زیبا دانشگاە تهران،١٣٥٤،ص١٠.

٣- بڕوانە: التفسیرالنفسي للادب، عزالدين اسماعيل، بيروت،١٩٦٢،ص١٩.

4-Sainte-Beuve (1804-1869.(

5-A Short History of Literary Criticism, By Vernon Hall, New York 1963, p100.

6-Ibid.

٧- بڕوانە: در نقد و ادب، محمد مندور، ترجمە علی شریعتی، مشهد١٣٤٩، ص١١٠.

8-H. A. Taine (1828—1893).

9-A Short History of Literary Criticism, p. 105.

١٠- شیوە های نقد ادبی، دیوید دیچز، ترجمە غلامحسین یوسفی و محمدتقی صدقیانی، انتشارات علمی، تهران ١٣٦٦، ص٤٩٩.

١١- بڕوانە: پیش درآمدی بر نظریەء ادبی، تری ایگلتون، ترجمەء عباس مخبر، نشر مرکز، تهران،١٣٦٨، ص ٦٦.

١٢- مارکسیسم و نقد ادبی، تری ایگلتون، ترجمه م. امین لاهیجی، انستشارات کار، تهران١٣٥٨،ص١١.

١٣- شیوه های نقد ادبی، پێشوو، ص٤٠٤.

١٤- گفتاری درباره نقد، گراهام هوف، ترجمه نسرین پروینی، امیرکبیر، تهران ١٣٦٥، ص١٢٥.

١٥- بڕوانە: پیش درآمدی بر نظریه ادبی، پێشوو، ص٦.

١٦- نقد ادبی، عبدالحسین زرین کوب، امیرکبیر، تهران،١٣٥٤،ج٢،ص٧٥١.

١٧- بڕوانە: شیوه های نقد ادبی، ص٥٠٢.

١٨- هنر درگذر زمان، گلن گاردنر، ترجمه محمدتقی قرامرزی، انتشارات آگاه، تهران،١٣٦٥ ،ص٤١٥.

19-Jean Francios Millet (1814-1875).

٢٠- بۆ تێبینی هونەری دەربارەی ئەو تابلۆیە،بڕوانە:

20-A Short Guide to Writing about Literature, by sylvan Barnet. Boston 1968, p. 4-6.

21-Modern Literary Criticism, Edited by Lawrence 1. Lipking and A. walton litz. New York 1972. p. 280.

22- John Milton

23-On the Late Massacre in Piedmont.

٢٤- از کوچه رندان، عبدالحسین زرینکوب، چاپ پهارم، امیرکبیر، تهران ١٣٥٤، ص٤٢.

٢٥- تەنیا بۆ هەندێ بابەت بڕوانە: تاریخ عصر حافظ، قاسم غنی، انتشارات زوار، تهران١٣٥٦ ، ص ١٨٣،١٨٤، ٢٢٩، ٢٤٣ .

٢٦- دیوان حافظ، به تصحیح و توضیح پرویز ناتل خانلری، چاپ دوم، خوارزمی، تهران١٣٦٢، ج١، صر ٤٢٢. ئەم غەزەلە لە در دیوان حافظ چاپی (علامەء قزوینی) لە ٩ بەیت پێکهاتووە.
٢٧- تاریخ عصر حافظ، پێشوو، ص١٣٥.
٢٨- از جمله غزلی با مطلع:
یاری اندر کس نمی بینیم یاران را چه شد.. (خانلری/٣٤٤)
هەروەها:
دی پیر می فروش که ذکرش به خیر باد... (خانلری/٢٠٨)
بڕوانە: تاریخ عصر حافظ، ص١٣٦.
٢٩- بڕوانە:  مقدمه دیوان حافظ، تصحیح ابوالقاسم انجوی شیرازی، علمی تهران١٣٤٦،ص٧٢.
٣٠- ازکوجه رندان، ێیشوو، ص٢٧.
٣١- به یمن معدلت پادشاه بنده نواز          بهشت روی زمین است خطەء شیراز
(دیوان عبید زاکانی / ٢٨)
٣٢- بڕوانە: تذکرةالشعراء دولتشاه سمرقندی، به همت محمد رمضانی،کلالەء خاور، تهران١٣٣٨ ،ص٢٢١.
٣٣- مواهب الهی، جلالالدین معلم یزدی، تصحیح سعید نفیسی چاپ کتابفروشی اقبال،
تهران (بی تا)،ص١٠٦.
٣٤- بڕوانە: تاریخ عصر حافظ، ص٧٥.
٣٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٨٢.
٣٦- مقدمه انجوی بر دیوان حافظ، ص٧٥.

٣٧- تاريخ عصرحافظ، ص١٨٠.

٣٨- تاريخ آل مظفر، محمود كتبى، به اهتمام وتحشيه عبدالحسين نوايى، اميركبير، تهران،ص٣٤.

٣٩- تاريخ عصرحاقظ، ص ١١٩.

٤٠-بڕوانە: تاريخ آل مظفر پێشوو، ل ٧٥.

41-A Short History of Literary Criticism, p. 100.

42-Ibid,p.106.

٤٣- بڕوانە: راهنماى رويكردهاى نقد ادبى، ويلفرد. ال٠گورين و ديگران، ترجمه زهرا ميهن خواه ، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٧٠، ص٤٤.

44-Samson Agonists.

45-The Doctrine and Disciple of Divorce.

٤٦- بڕوانە: راهنماى رويكردهاى نقد ادبى، پێشوو، ص ٤٤.

٤٧- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

٤٨- بۆ هەندێ بابەت بڕوانە: شيوه هاى نقد ادبى، ص٤٩٤.

٤٩- هەمان سەرچاوە، ل٤٩٣.

٥٠- در نقد و ادب، پێشوو، ص١١٨.

٥١- گفتارى دربارهء نقد، پێشوو، ص٧٥.

٥٢- بڕوانە: در نقد و ادب، ص١١٨-١١٩.

53-Antiself

٥٤- شيوه هاى نقد ادبى، ص٤٩٤.

٥٥- پيش درآمدى بر نظريهء ادبى، پێشوو، ص٨٢-٨٣.

٥٦- در نقد و ادب، ص١١١.

٥٧- فن السيرة، احسان عبدالقدوس. دارالثقاقة، بيروت،١٩٥٦،ص٨٩.

58-Theory of Literature by Rene Wellek and Austin Warren, U.S.A. 1966، p. 76.

٥٩- بڕوانە: جامعه شناسى هنر، پێشوو، ص٢.

٦٠- شیوه های نقد ادبی، ص ٥٧٢.

٦١- هەمان، ص٣٨٢ و ٤٩٣.

62- Literary Biography, p. 54.

63- Anthropology

64-A Short History of Literary Criticism, p. 100.

٦٥- شیوه های نقد ادبی، ص٣٨٢.

٦٦- هەمان سەرچاوە.

67-Modern Literary Criticism, p. 202.

68-Literary Biography, p. 62.

٦٩.بڕوانە: راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص٤٩-٥٤.

٧٠-هەمان سەرچاوە،ل٥١.

71-Literary Biography, p.62.

72-Ibid 53' .

73-Ibid.

٧٤-جامعه شناسی هنر، ص٩٠.

# فەسڵی دەیەم

# رەخنەی ئەفسانەیی

## چەمکی ئەفسانە

لەکاتی لێدوان لە ئەفسانەدا ئەوەی بەر لە هەموو شتێک مایەی هەڵوەستەکردن و تێڕامانە بازنەی فراوانی چەمکی ئەفسانە و پانتاییە تەواو بەربڵاوەکانیەتی و بەم هۆیەوە ئەفسانەناسان لە وەدەست خستنی پێناسەیەکی تەواو و گشتگیر، کە بتوانێت هەموو جۆرەکانی ئەفسانە و بەکارهێنانەکانیان لە تەواوی کۆمەڵگا کۆن و دێرینەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت دەستەوەستان ماونەتەوە، بگرە پێناسەیەکی وەهایان بە شتێکی نەشیاو و ناکردەنی زانیوە[١].

سەختی نیشاندانی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەفسانە زیاتر بەم هۆیەوەیە، کە لێکۆڵەرە جیاوازەکان بەپشت بەست بە بۆچوون و تێڕوانینە جۆراوجۆرە کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و دەروونناسی و

بیروباوەڕی و بنیادگەرەکان، یا ئەرکناسی(functionalism) و هاوشێوەکانیان، شیکردنەوە و چەندین ڕوونکردنەوەگەی جیاوازیان بۆ ئەفسانە بەدەستەوە داوە[٢].

(میرچا ئیلیادە) یەکێکە لە دیارترین ئەفسانەناسەکانی سەردەمی ئێمە پێناسەیەکی وەها کە کێماسییەکی کەمتری لە پێناسەکانی دیکە هەیە دەهێنێتەوە( ئەفسانە گوێزەرەوی سەرگوزشتەیەکی پیرۆز ومەعنەوییە، گێڕەرەوەی ڕوداوێکە، کە لە زەمانێکی زوو ڕوویداوە ، واتە لە زەمانی سەرسوڕهێنەری دەسپێکی هەموو شتەکانەوە ڕوویداوە)[٣]، بەڵام لە تەک هەموو پێناسەکاندا ئەوەی مایەی لەسەر کۆکبوونە بریتییە لە لەدەرەوە بوونی ناسنامە و چەمکی ئەفسانە لە سنوورەکانی تێگەیشتی عەقڵی و لۆژیکی. ئەم واتایە لە وشەیmyth ،کە بەرامبەری ئەفسانەیە بەدەست دێنین، چونکە وشەی ناوبراو لە میتۆس(mythos )ەوە وەرگیراوە، کە بە واتای چیرۆک و گێڕانەوەی ناواقیعی دێت، لەبەرامبەردا لۆگۆس(logos) بە واتای خستنەڕووی چیرۆکی ڕاست و دروستەوە دێت[٤]، ڕەنگە ئەم بابەتە بووبێتە هۆی ئەوەی تا ماوەیەکی زۆر خورافە و چیرۆکە دروستکراوەکانیش بە چاوپۆشی لە بنەڕەت و چەمک و واتای ناوەکییان بە ئەفسانە ناو بنرێن، لەکاتێکدا زۆربەیان لە چەمکی ئەفسانەدا شوێنیان نابێتەوە. ئەوەی کە دەگوترێت ئەفسانە وابەستەیە بە جیهانێک لە دەرەوەی جیهانەکانی بیر و ڕامانە، بەواتای وەستان و لەنگەرگرتن نییە

لەبەرامبەر ناواقیعیەتدا، ڕەنگە ئەم قســـەیەی جۆرج والی( George whally) کەمێک بابەتەکە ڕوونتر بکاتەوە، ئەو دەڵێت: ئەفســـانە خستنەڕوێکی ڕاستەوخۆ و فەلسەفییە، کە لەودیوی زانستەوەیە و لەســـەر شـــکڵ و بنیادی ڕەمزێک یا گێڕانەوەیەک دەردەکەوێت و بەشێک لە واقیع نیشان دەدات[٥]، کەواتە لایەنێکە لە واقیع لە پۆشاکێکدا، کە لەدەرەوی دیمەن و دەرکەوتە زانســـتی و عەقڵانییەکاندایە، بە وتەیەکی دیکە ئەفســـانە نیشـــاندەری کۆنترین هەوڵەکانی مرۆڤە بۆ درککردن و ناسینی بوون(وجود). ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە مرۆڤ بۆ ناسینی بوون لەو سەرەتایەوە دەستی بە میتۆد و لۆژیکی عەقڵی و شێوە عەقڵانییەکان  نەگەیشتووە تا پۆشاکێکی هزری و زانستی لەبەر مەعریفەکانی خۆی بکات، لەم ڕووەوە هەزاران ســـاڵ لە ژیانی ئەو بە مەعریفەیەکی ئەفسانەیی تێپەڕی، کە لە سنوورەکانی زانست و عەقڵ دوور بوو[٦]. ئەم لەمێژینەییە لە ناســـینی ســـەرەتاکان، یا مەعریفەتی ئەفســـــانەیی لە ڕوویێکی دیکەوە بۆتە هۆی ئەوەی، کە پێشینەی ئەفسانە بگاتە پێش پەیدابوونی زمان و بۆ ئەوە باوەڕ بە بە ســیســتمێکی ســەربەخۆ و ڕەمزی بهێنن، کە هەمیشــە هاوتا لەگەڵ گەشـــەکردنی زماندا نەش و نما و گەشـــەکردنی بەخۆیەوە بینیوە و پاشترێش، کە ئەفسانەکان گوێزرانەوە بۆ ناو زمان و جووڵە و ڕەنگ و ئامرازەکانی دیکە هەمیشە ئەم زمانە ڕەمزی و سیمبولییەیان وەکو هاوزا و جمکێک لە تەک خۆیاندا هەبووە[٧].

## ئەرک و ڕۆڵە بەراییەکان و مەرام و تایبەتمەندیی ئەفسانەکان

بۆ نەتەوە بەراییەکان ئەفســـــانەکان بە بنچینە و بنەمای بڕوا و بیروباوەڕە ئاینییەکان هەژمار دەکران و مرۆڤە بەراییەکان دەیانتوانی بە کۆمەکی ئەفسانەکان دیاردە گەردونی و سروشتییەکان بۆ خۆیان شـــیبکەنەوە و ڕاڤەیان بۆ بکەن[٨]، بە دەربڕینێکی دیکە ئەفســـــانەکان هەمیشـــە چیرۆکی دروســـتبوونێکیان(خەلق بوون) لەخۆ گرتووە، واتە نیشـاندەری ئەوە بوون، کە (چۆن شـتێک هاتۆتەکایەوە، خولقێنراوە و بوونی خۆی دەسپێکردووە)[٩].

وەچەکـانی کۆنی ئێمە هەوڵیـانداوە نـادیـارەکـان بۆ خۆیـان بکەنە شـــــتێکی بینراو و هەســــــتپێکراو و بەم هۆیەوە یەکێـک لە تایبەتمەندییەکانی ئەفســـانەکان پێدانی ناســـنامەیەکی مرۆیی بووە بە دیمەنە سروشتییەکان. جەستە دان بە هێزە نادیارە سروشتییەکان و بەخشـینی ناسـنامەی زیاتر پێیان هەوڵ و تەقەلایەک بووە بۆ زانین و تێگەیشـــتنێکی زیاتر. ئەم ئاشـــنابوونانە دەبووە بنچینەی بیروباوەڕ و بڕوا ئـاینییەکـانیـان و کۆمەڵە تێگەیشـــــتنێکیـان بۆ جیهـانی بوون و وابەســــتە و گرێدراوی داب و نەریتەکانیان بوو و بەهەمان شـــێوە ئەفســــانە بنیادەم لەگەڵ هەردوو جیهانی ماددی و جیهانی مەعنەویدا دەبەســــتییەوە و هەردوو دونیای ماددی و دونیای مەعنەوی پێکەوە تێکەڵ دەکرد و پێکهـاتەیەکی نوێی دەئـافرانـد و هەمیشــــە بەدوای ئەزموونێکی نوێ و ئاوێتە و دروستکردنێکی تازەدا بوو.

هەنووکە بە وردبوونەوە لەوەی، کە چەمکی ئەفسانە لەگشتگیرێتی خۆیدا خاڵی نییە لە ئاڵۆزی بۆ درککردنێکی باشتری ئەفسانە، لە واتا تایبەتییەکەیدا و بۆ خستنەدەرەوەی خورافە بێ بنەماکان باسکردنی خەسڵەتەکانی ئەفسانە شتێکی گرنگ و پێویستە، بەڵام پێش هەموو شتێک پێویستە وریای ئەوە بین، کە هەر یەکێک لەم ڕەهەندانە پێوەندی بە تێڕوانینێکی تایبەت بۆ ئەفسانە هەیە، هەڵبەتە ئێمە نامانەوێت ئەم تێڕوانیننە سنووردار بکەین :

١.ئەفسانەکان چیروکی بوونەوەرگەلێکی سەیرو سروشتین(میتافیزیکین).

٢.ئەفسانەکان  بە مێژوو و سەرگوزشتەی ڕووداوە دروست و واقیعیەکان دادەنرێن و لەوەی کە لەگەڵ بوونەوەرە میتافیزیکییەکاندا پەیوەست دەبن، شتێکی پیرۆز و مەعنەوین.

٣.ئەفسانەکان لەگەڵ ئەفراندن و پەیدابوون لەپێوەندیدان ، چونکە وەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکرا هەمیشە قسە لەبارەی پەیدابوون و دروستبوون و ڕەفتارە زگماکییەکانەوە دەکەن.

٤.ناسینی ئەفسانە بە واتای ناسینی بنج و بنەچەی کەلوپەل و بنیادی بوونە.

٥.ئەفسانەکان هەمیشە زیندوو و نەمرن[١٠].

٦.ئەفسانەکان بە دەستورگەلێک بۆ خوو و داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکان هەژمار دەکرێن و بەستراونەتەوە بە خو و نەریت وڕێوڕەسمەکانەوە(rituals)[١١].

## تەرزە سەرەتاییەکان یا شێوە میسالییەکان(ئارکی تایپەکان)

بە وردبوونەوە لە ئەفسانەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان درک بەوە دەکرێت، کە هەموویان وێڕای ئەو جۆراوجۆرییەی، کە هەیانە چەند لێکچوونێکیان لەنێواندا هەیە، کە نیشاندەری ڕەگ و ڕیشەیەکی هاوبەشی ئەفسانەکانە. بە دەربڕینێکی دیکە ئەفسانەکان خاوەنی چەند ناوەڕۆکێکی گشتین، کە بە تەرەزە سەرەتاییەکان یا شێوە میسالییەکان ناوزەد دەکرێن. گوزارشتی تەرزی سەرەتایی بە (شێوەی میسالی) یا (شێوەی ئەزەلی) لەبەر ئەوەیە، کە کۆنەست پێشینەیەکی یەجگار کۆنی هەیە، بەهەمان شێوە ئایندەیەکی بێ سنووری زەمەنی لەبەردەمدایە، هەروەها لەبەر هۆکاری بەرفراوانبوونی زێدەبوونەکانی بۆ سەدەکانی دواتر و سەختی و دژواری ناسینی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیە[١٢]. لەسەر ئەم بنەمایە دەوترێت، کە تەرزە سەرەتاییەکان بەتەواوەتی بریتین لە کرۆک و وێنە و چەندین نموونە، کە چەمک و واتایەی یەکسان و هاوشێوە بۆ ئاستێکی بەرفراوانی مرۆڤایەتی و کلتور و شوێنەکان دەگەیەنن[١٣]. وەک بڵێی ئەفسانەکان لە تۆو و ناوکێکی دیاریکراوەوە دروست بووبن، کە لەبارودۆخ و هەڵ و مەرجە کاتی و شوێنییەکاندا گەشە

دەکەن و جۆراوجۆری پەسەند دەکەن. ئەم توانە لە حەقیقەتدا هەر هەمان تەرزە سەرەتاییەکانن. ژمارەی تەرزە سەرەتاییەکان زۆرە، چونکە ئەزموونە مرۆییەکان یەجگار زۆرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی جۆرە پۆلێنبەندییەکی گشتی و ڕێژەیی بۆیان شتێکی ئاسایی و کردەنییە. ئەم نموونە و شێوانە، کە لە ناخی مرۆڤدا بوونەتە خوودی و زگماکی لەسەر شێوەی ڕەمزە جواروجۆرە گەردونی و ئاژەڵی ، یا ڕووەکییەکانەوە دەردەکەون. ئەم ڕەمزانە لە لەلایەنی خۆیانەوە دەتوانن شێوەگەلێکی جۆراوجۆر پێک بهێنن و لەسەر شێوەی کۆمەڵەیەک لە وێنە پێکەوەبەستراوەکان دەرکەون، کە هەمان ئەفسانەکان بن[١٤].

## پێشینەی چەمکی تەرزە سەرەتاییەکان

ئێستا، کە تێگەیشتنێکی پوختی تەرزی سەرەتایی کرا، پێویستە سەرنج لەوە بدرێ ، کە ئەگەرچی ئەم گوزارشتە لە وشەی ئارکی تایپ(archetype)دا پێشینەیەکی کۆنی هەیە، بەڵام لە ئەدەبدا لەڕێگەی دەروونناسی یۆنگەوە برەوی پەیدا کرد[١٥]. یۆنگ شێوە میسالییەکان بە (تایپگەلێکی بۆماوەیی)دادەنێت، کە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە ناخەکی و زگماکییەکانە[١٦]. لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەدا پێویستە بگوترێت، کە یۆنگ بە پێچەوانەی دەروونناسانی وەک لۆک(lock) لە سەدەی هەژدەیەمدا، لەسەر ئەم باوەڕە بوو، کە ناخی مرۆڤ وەکو کاغەزێک سپی نییە، بەڵکو مێشک و ناخی مرۆڤیش

هەروەکو جەستەی مرۆڤەکە تایبەتمەندیگەلێکی پێشتر دروستکراو یا شـــێوەگەلێکی ڕەفتاری هەیە، کە لەســـــەر بنەمای ئەوان ئیش دەکات. یۆنگ هۆکارەکانی خولقاندنی ئەفســــانە لە ناو هەســــتی مرۆڤدا بە هۆکـارگەلێکی هەبوو و ئـامـادە دادەنێـت و لەو بـاوەڕە دایە، کە درەوشــــانەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم هۆکارانە هەمان (ناوەرۆکەکان) و (شـێوە میسـالییەکان، یا تەرزە سـەرەتاییەکان)ن[١٧]. کەواتە لەباوەڕی یۆنگدا بەپێچەوانەی بۆچوونی هەنـدێـک لە مرۆڤنـاســــان شــــێوە میســــالییەکـان لە پـانتـایی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکـان نین، کە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە بگوازرێنەوە[١٨]، بەڵکو نیشــــاندەری پێگەیشــــتنی بۆمـاوەییە نـاخەکییەکـانی مرۆڤن، شــــتێکە شــــایەنی پێوانەکردنە لەگەڵ پێگەیشتنی جەستە فیزیکییەکەی مرۆڤ.

ئەم شــــێوانە بەهۆی ئەزموونە دوپاتبووەوە مرۆییەکان لە نەســــتدا جێگیر بوون، وردە وردە لە نەستی دەستەجەمعی مرۆڤدا هەڵنیشتوون و بوونەتە شــــتێکی زگمـاکی و خودی و بەشــــێوەیەکی بۆمـاوەیی دەگوازرێنەوە. ئەگەرچی لە ڕوانگەی زیندەوەرناســــاندا گوێزانەوەی بۆماوەیی شــێوە جۆرییەکان نەســـەلمێنراوە، بەڵام باســـکردنەکەی شـتێکی نەرێنی نییە[٢٠]. شـایەنی باسـە چەمکی شـێوە میسـالییەکان لە بۆچوونی یۆنگـدا کـاریگەرە بە تیۆری یـاکۆب بۆکهـارت( jaccob Burkhart )، کە شـێوە میسـالییەکانی بە دوورترین مێژووی ژیانی

مرۆڤ و بەرهەمی یەکەمین ئەزموونەکانی مرۆڤ لە گۆڕەپانی بوون و سروشت و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆی دادەنا[٢١].

پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت، کە لێکۆڵینەوەی شێوە جۆرییەکان هەروەکو لێکۆڵینەوە لە مرۆڤی سەرەتاییە، کە وەک بڵێی لە گشت کەسێکدا دەژییێت و بەم هۆیەوە لێکۆڵینەوەی ئەم شێوە جۆرییانە هاوتا و هاوکوفی لێکۆڵینەوەی جیهانبینی نەتەوە سەرەتاییەکان و هەروەها چەمکە باوەڕییەکانی(اعتقاد) میللەتە جۆراوجۆر و ئەفسانەکانیان و لە ڕاستیدا وەکو ( وێناکردنە بەرایی و سەرەتاییەکان)[٢٢]ە.

ئێستا ماوەیەک دوای خستنەڕوو و شیکردنەوەی تەرزی سەرەتایی ڕەخنەگرانی سەردەمی ئێمە تەرزی سەرەتایی بەواتای شێوەیەکی خەیاڵی، پنتێکی وەسفی، نموونە و شێوەیەکی پلۆت بەکار دەبەن، کە زۆر جار لە ئەدەب و ئەفسانە و ئایین و فۆلکلۆردا دەردەکەوێت و ئەم بیروباوەڕە دەهێنێتە کایەوە، کە شێوەی جۆری وروژێنەر و بانگکەری هەست و هەڵچوونە خەوتوو و قووڵەکانی ناو ناخی مرۆڤە، چونکە وابەستەیە بە یادگەی نەستەوە و دەتوانێت ببێتە هۆی چەندین کاردانەوەی ناماقوڵ(لە دەرەوەی بازنەی تێگەیشتنە عەقڵییەکان)، بەڵام بەهێز و پتەو[٢٣].

## کۆنەست و تەرزە سەرەتاییەکان

کۆنەست دەفر و سەرچاوەیەکە بۆ شێوە جۆریی یا میسالییەکان بەم هۆیەوە تێگەیشتنی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی تەرزە سەرەتاییەکان و لایەنەی تێڕوانینەکانی یۆنگ پێویستیان بە شارەزابوون و ئاشنایەتییەکی دووبارە و زیاتری نەستی دەستەجەمعییەوە هەیە.

یۆنگ لەو باوەڕەدایە، کە لە ژێر ئاستی ڕووکەشی هەستیدا، کۆنەستی ئەزەلی(سەرەتایی)(collective unconscious) هەیە، کە لەسەر شێوەی فاکتەرێکی هاوبەشی بۆماوەیی و دەروونی تەواوی ئەندامانی خانەوادەی مرۆیی دەرکەوتووە[٢٤]. یۆنگ بەپێچەوانەی فرۆید، کە باوەڕی بە نەستی تاکەکەسی هەبوو سەبارەت بە نەست باوەڕی بە دوو لایەن هەیە: نەستی تاکەکەسی و کۆنەست[٢٥]. بە مەزەندەی یۆنگ (نەستی تاکەکەسی)فرۆید یەجگار کەسییە و لەسەر ڕووەکەی چینێکی قووڵتر هەیە، کە لە ئەزموون و پێدراوە تاکەکەسییەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەسەر خودی خۆی وەستاوە. ئەم چینە قووڵە هەر ئەوەیە، کە بە (کۆنەست) ناودەبردرێت و هۆکاری بەکارهێنانی سیفەتی کۆ بۆ ئەم نەستە بەهۆی گشتی بوون و هەمەکی بوون و بەهەمان شێوە هاوبەشی بوونیەتی لەنێوان هەموو ئەندامانی مرۆڤدا، هەروەها جگە لەمەش پابەند نییە بە

ئەزموونگەرایيە تاکەکەسـییەکان و ناوەرۆک و پێکهاتەیەکی هەیە، کە لەسەرووی درککردنە تاکەکەسییەکانەوەیە[٢٦].

لە لێکچواندنێکدا بۆ نەسـتی دەسـتە جەمعی دەگوترێت، کە ئەگەر بمانتوانیبایە نەسـتێکی لەم جۆرە لە لاشـەی مرۆڤێکدا بەرجەسـتە بکەین ، ئەوا بەشـێوەی بوونەوەرێک دەردەکەوت بەدەر لە هەموو تایبەتمەندییەکانی وابەسـتە بە سـێکس و گەنجی و پیری دەبوو و لەسـەرەوەی مەرگ و ژیاندا دەژیا و توانسـت و دەسـەڵاتی بەسـەر بازرگانیی دووهەزار سـاڵی مرۆڤدا دەشـکا، نە مەحکوم بوو بە لەنـاوچوون و نە خولقێنراوی کـات دەبوو. ئەو دەیتوانی خەوە ئەزەلییەکان ببینێت و ئاگاداری زانستی پەنهان( علم غیب) بێت، چونکە ژیـانی کەس و خـانەوادە و میللەت و نەتەوەکـانی هەزاران جـار ئەزموون کردبوو و هەموو شـتێکی دەزانی[٢٧]. هەر چۆنێـک بێـت دەسـتەجەمعی بوونی ئەم نەسـتە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە خاوەنی چەنـد بـابەت و بیر و بـاوەڕێکی دەسـتەجەمعی بێت و ڕواڵەت و شـێوەیەکی جیهـانی لەخۆ بگرێـت[٢٨] و لەودیوی ئەزموونە تاکەکەسـییەکانەوە بێت. ئەم کۆنەسـتە لە تێڕوانینی فرۆید دا خاوەنی بنیاد و سەرچاوەیەکی هاوبەشە و دەسکەوتی ئەزموونەکانی تەواوی کەسانێکە، کە لە پێش ئەواندا ژیاون[٢٩].

## شیعر و ئەفسانە

ئەگەرچی تیۆریستان و ڕەخنەگرانی کۆن ئاماژەیەکردنێکی ڕاستەوخۆ و ڕوونیان بۆ پێوەندی نێوان شیعر و ئەفسانە نەبووە و تەنانەت (ئەرستۆ)ش قسەی دەربارەی ڕیشە ئەفسانەییەکان لە تراژیدیا کۆنەکانی یۆنانیدا نەکردووە[30]، بەڵام ڕەخنەگران و ئەدەبناسانی نوێ سەرنجێکی تایبەتییان لەم بابەتە داوە، تا ئەوەی کە نۆرترۆپ فرای(northrope frye) ئەفسانە و ئەدەب بە یەک شت دەزانێت و ئەفسانە بە یەکێک لە بنەما بنیاتنەر و ڕێکخەرەکانی قاڵبی ئەدەبی دادەنێت[31]. ئەم بیروباوەڕی (فرای) هەڵبەتە بانگەوازێکی گەورەیە لەبارەی پێوەندی ئەفسانە لەگەڵ ئەدەب و کەمێک زێدەڕۆیی ئامێزانە دەردەکەوێت[32]، چونکە (فرای) تەنانەت بەرهەمە ڕیالیستییەکانیش بەشێوەیەکی دیکتاتۆریانە بەهۆی نموونە ئەفسانەییەکان دەبینێت. ئەم قسەیەی ئەو هەرچۆنێک بێت نکۆڵیکردنی تێکڕای ئەزموونی شاعیران و ئەو نووسەرانەیە، کە ئەزموونە واقیعییەکانیان و ئەزموونەکانی ژیانیان چەندین سەدە ئەدەبی قەرزارباری خۆی کردووە. ڕوانینێکی میانگیرتر لەم بارەیەوە ئەوەیە، کە ئەفسانە ناسێنەری جەمسەرێکە لە ئەفراندنی شیعردا[33] و هەبوونی ئەفسانە لە شیعردا دەبێتە هۆی بەپیتکردن و جۆش و خرۆشدانی وشەکان و ئەو توانایە بە وشەکان دەبەخشێت، کە شیاوی ڕەمزداریی شێوازی ئەفسانە بن.

گرنگترین ڕەهەند و لایەنێک، کە ئەفسانە بە شیعر دەبەستێتەوە خەسڵەتی شیعریی ئەفسانەکانە، کە هەمیشە مایەی سەرسوڕمانی و سەرسامی بووە. ئەم جەوهەر و کرۆکی شیعرییەتە لە ئەفسانەکاندا لەو لایەنەوەیە، کە ئەفسانەش هەروەکو شیعر لە بەشێک لە داهێنانی خۆی قەرزارباری هێزی خەیاڵی شاعیرانەیە. تایبەتمەندییەکی دیاری دیکە ، کە لەڕیزی ئەو لقە زۆرانەی پێوەندی نێوان ئەفسانە و ئەدەب هەژمار دەکرێت پانتاییە گێڕانەوەیی و حیکایەتییەکانە لە ئەفسانەکاندا، کە خودی ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەر ئەفسانەیەک لە خودی خۆیدا شکڵ و شێوەیەکی ئەدەبی دەستەبەر بکات.

بۆ خۆپارێزی لە هەر جۆرە زێدەڕۆییەک لەبارەی پێوەندی ئەدەب لەگەڵ ئەفسانەدا پێویستە سەرنج لەم خاڵانە بدرێت:

ا- تەنیا بەشێک لە چەمکە ئەفسانەییەکان لەڕێگەی زمانەوە شیاوی مەزراندن و گونجاندنن. واپێویست دەکات، کە ئەفسانەکان پشت بە زمان نەبەستن. ئەفسانە دەتوانرێت وێنەی بکێشرێت، یا لە سەما و جوڵە ڕێکەکان ڕەنگبداتەوە. پانتایی و جۆراوجۆری ئەفسانەکان وەها نییە کە تەنیا لە زمانی وشە و دەربڕینەکان جێگەی ببێتەوە، بەڵکو ئەوان لە پانتایی بێسنووری خۆیاندا هەر چۆنێک بێت زمانی گوێزانەوەی خۆیان دەدۆزنەوە، زمانێک کە لەگەڵ فراوانی و هەمەچەشنی ئەفسانەکاندا گونجاو بێت.

ب- ئەفســـانە هەتا نەهێنرێتە ســـەر زمان ، واتە فۆرمی زمانی پەیدا نەکات ناتوانێت لەگەڵ ئەدەبدا تێکەڵ بێت.
پ- ئەفسـانە زمانێکی ڕەمزی هەیە و هەبوونی ئەفسـانە لەناو ئەدەبدا پێویســـتی بە هەمـان زمـانی ڕەمزی هەیە و ئەگەر نەتوانین زمـانی ئەفســـانە درک بکەین، ئەوا توانای درککردنی چەمکی ڕاســـتەقینەی ئەفســـانەمان نابێت و لە بارودۆخێکی وەها دا ئەفســـانەکان تەنیا بە چیرۆککگەلێکی ســـەرەتایی و نزم یا لانیکەم دەربڕینگەلێکی شـیعرییانە و بەرهەمی ئەندێشەی مرۆیی دادەنێین[٣٤].

## ڕەنگدانەوەی ئەفسانە لە شیعر و ئەدەبدا

ســـەرنجدان لە ئامادەیی ئەرک و ڕۆڵی ئەفســـانەکان و تەرزە ســـەرەتاییەکان لە شـــیعردا و باس و لێکۆڵینەوەیەکی پۆلێنکراو لەم بـوارەدا قەرزاربـاری بـۆدکیـن(Maud bodkin)ە، کە لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا بەناونیشـانی (شـێوەکانی تەرزە ئەفسـانەییەکان لە شیعردا )[٣٥] لە ساڵی ١٩٣٤دا بڵاوکراوەتەوە.

ئامادەیی ئەفسانەکان لە شیعردا هەندێجار لەچوارچێوەی ناوهێنان و ســـوود وەرگرتن لە ناوە ئەفســـانەییەکانە وەکو جوانکارییەک لە گوزارشـتە شـیعرییەکاندا لەسـنووری ئاسـت و لایەنە دەرەکییەکانی شیعردایە.

ئەم سوودوەرگرتنە لە ئەفسانەکان لە سنووری ئەدەبدا ، نزمترین شـــێوەی بەکاربردنە لاســـاییکەرەوەکانە و دوورە لە ڕەســـەنایەتی ئەفسانە لە قەڵەمڕەوی ئەدەبیاتدا.

شـێوەیەکی دیکەی، کە یەجگار باوە سـوودوەرگرتنە وێنەییەکانە و زیـاتر لەســـەر لێکچوانـدن یـا خواســـتن بنیـاتنراوە. ئەم جۆرە سـوودوەرگرتنە، ئەگەرچی لەچوارچێوەی تیل نیشـانێک یا ئاماژەیەک لەسـەر بنەمای ئەو بوار و زەمینانەی کە شیاوی بیرکەوتنەوەن پەیدا دەبێت، بەڵام زۆربەی کات دەتوانێت لە توانای گەیاندن و کاریگەری شـــیعردا ســـوودبەخش بێت بەبێ ئەوەی پێگە و پایەی هەبوونی ئەفسانەکان لە شیعردا بکاتە شتێکی کلێشەیی یا نزم.

ســـوود وەرگــرتــن لە بە کەســـــکــردن یــا بەگـیـانـدار کردن(personification)یش لە شـــیعر و ئەدەبدا لە خودی خۆیدا جۆرە سوود وەرگرتنێکی ئەفسانەییە، چونکە ڕیشەی لە مەعریفەت و تێگەیشـــتنە ئەفســـانەییەکانی مرۆڤی کۆندا هەیە، کە هەموو بەش و لایەنەکانی سروشتیان بە خاوەن ڕۆح و ناخ دەزانی.

بە چـاوپۆشـــی لەوەی، کە وترا هونەریترین ســـوودوەرگرتنە ئەفســـانەییەکان لە شـــیعردا لە ســـەر دووبارە خولقاندنەوە و پێکەوەگرێدان و گونجاندنە ئەفسانەییەکان دامەزراوە.

ژمارەی ئەو شاعیرانەی، کە لە ئەدەبی جیهانیدا دەستیان بۆ کاری ســـەرلەنوێ خولقـانـدنەوەی ئەفســـانەیی بردووە و لەم پـانتـاییەدا

داهێنانیان نیشانداوە بە ئەندازەیەک زۆرە، کە ژماردنیان وەکو شتێکی دژوار دەردەکەوێت. شاعیر لە دووبارە خولقاندنەوەی ئەفسانەییدا لە سنوورە کلتوری و بیروباوڕییەکان(عەقیدەییەکان) دەردەچێت و لە دونیای بێسنووری ئەفسانەدا سەراپای جیهانە ئەفسانەییەکان دەکاتە مەیدانی تەراتێنی خەیاڵ و داهێنانی خۆی. بۆ شاعیرێکی لەم چەشنە سوودەوەرگرتن لە ئەفسانە ئینجیلی و تەوراتی و هیندی و یۆنانی و ئێرانییەکان بەبێ هیچ ڕێگری و بیانوێک شیاوە. هەوڵدانی شاعیران لە دووبارە خولقاندنەوەی ئەفسانەییدا کۆششێکە بۆ ڕاکێشانی باری سۆزداری و واتایی ئەفسانە بۆ کاتی ئێستا و هێنانەکایەوەی زەمینەگەلێکی نوێ لە ڕێچکە و ڕێبازی تێگەیشتن و تێڕوانینی ئەفسانەییدا.

لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا وێڕای شاعیرانی بەناوبانگی وەک (ویلیام ڕۆبێرت بلیک) لەئەدەبی ئینگلیزی و زۆرێکی دیکە چاومان بە چەند ڕۆماننوس و شانۆنامەنووس و چیرۆکنووسێکی هاوچەرخ دەکەوێت، کە تۆوی کارەکانیان لە چوارچێوەی سەرلەنوێ خولقاندنەوەی ئەفسانەکاندایە.

لە ئەدەبی کۆنی ئێمەدا شاعیرانێکی وەک فیردەوسی و ئەسەدی تووسی و نیزامی و خاقانی و حافز هەمیشە بەدوای کاری دووبارە خولقاندنەوەی ئەفسانەیی بوون و لەنێو کەسانی هاوچەرخیشدا دەتوانرێت ناوی چەند شاعیر و هونەرمەندێک بهێنرێت، کە

سەرکەوتنێکی بەرزیان لە خولقاندنەوەی ئەفسانەکاندا بەدەستهێناوە. لێرەدا پێویستە سەرنج لەوە بدرێت، کە خولقاندنەوەی ئەفسانەکان وا پێویستە، کە نابێت بەهۆی شاعیران یا نووسەران و بە سەرنجدانێکی تایبەت لە بەرهەمگەلێکی ئەدەبی دیاریکراو دەرکەوتبێت، بەڵکو نموونەوەرگرتنە ئەفسانەییەکان و تێکەڵاوبوونە کلتورییەکان و کۆچکردنە نەتەوەییە گەورەکانیش دەتوانن سەرچاوەی دوبارە خولقاندنەوەی ئەفسانەیی بن. لە ڕوویێکی دیکەوە هەر ئەفسانەیەک دەشێت بە تێپەڕبوونی کات گوێزانەوە و گۆڕانکاری و گەشەسەندن بەخۆیەوە ببینێت و بگۆڕێت. بۆ نموونە ئەفسانە هیندییەکان کاتێک دەگەنە ئێران لە زەمینەی پاکی و بێگەردی چاکسازییە ئایینییەکانی زەردەشتدا سەرلەنوێ دەخرێنەوە ژێر تێڕامان و وردبوونەوە و چەند دەسکاری و دەست تێوەردانێکیان تێدا دێتەکایەوە[٣٦].

ئاوێتەکردنە ئەفسانەییەکان، بە زمانێکی سادەتر تێکەڵاوکردنی چەند ڕەگەزێک لە ئەفسانە جۆراوجۆرەکان بۆ دەستگەیشتن بە خولقاندن و پێکهاتە نوێکان شێوازێکە، کە زۆر لە شاعیرانی هاوچەرخمان کاریان لەسەر کردووە. ئەم ئاوێتەکردنە زۆربەی کات ناتوانێت بە جیا و دابڕاو لە دووبارە خولقاندنەوەی ئەفسانەیی لەئارادا بێت.یەکێک لە لایەنە دیارەکانی کارێکی لەم چەشنە لە بەرهەمەکانی (جێمز جۆیس)ی نووسەری ئێرلەندیدا ئەوە نیشاندەدات، کە ئەفسانە کۆنەکانی لەگەڵ ئەفسانە یەهودی و مەسیحی و تەرزە

سەرەتاییەکاندا تێکەڵ کردووە.لە ئەدەبی کۆنی ئێمەدا شانامەی فیردەوسی باڵاترین شێوەی پێکەوەگرێدانی ئەفسانەیی نیشان دەدات، ئەگەرچی خودی فیردەوسی داهێنەری ئەم جۆرە تێکەڵاکردنە نەبووە، بەڵام سەرلەنوێ خولقاندنەوە و بەرجەستەکردنی شیعری زۆرێک لە ئەفسانە ئێرانییەکان لە ڕیزی داهێنانی هونەری ئەودایە. یەکێک لە سەرەکیترین تێکەڵاوکردنە ئەفسانەییەکان لە شانامەی فیردەوسیدا کەسایەتی ڕۆستەم و قارەمانێتییەکانی ڕۆستەمە. لە ئەدەبیاتی ئاڤێستاییدا ئاماژەیەک لە هەبوونی ڕۆستەم لەئارادا نییە و باسی پاڵەوانەکانی دیکەی وەک گرشاسپ کراوە و بە ئەگەرێکی زۆرتر ڕۆستەم پاڵەوانی نەتەوە بیانییەکان(واپێدەچێت نەتەوەی سەکاییەکان)بووبێت، کە بەهۆی گەیشتنیان بۆ خۆرهەڵاتی ئێران و دەوروبەری سیستان ئەو چیرۆکانەی، کە پێوەندییان بەوەوە هەبووە لەگەڵ ئەفسانە ئێرانییەکاندا تێکەڵاو بوون و کەسایەتییەکی لە چەشنی (ڕۆستەم)ی وەکو پاڵەوانێکی میللی تازە لە داستانە ئێرانییەکاندا بەدەست خستووە[٣٧]. دیاردەیەکی لەم چەشنە دەکرێت لەسەر شێوەی گۆڕانی کەسایەتییەکی مێژوویی بۆ ئەفسانەیی دەرکەوێت. کەسایەتی مێژوویی لە بارودۆخێکی وەهادا هێندە دەکەوێتە بەر دەستکاری و گۆڕانکاری تێداکردن تا کەسایەتییە مێژووییەکەی دەگۆڕێت بۆ کەسایەتییەکی ئەفسانەیی هاوشێوەی کەسایەتیەک، کە ئەسکەندەر لە بەرهەمەکانی (نیزامی گەنجەوی)دا وەریگرتووە. ئەم جۆرە

ئەفسانەسازییە هەندێجار لەبارەی پاڵەوانانی هۆنراوە لیریکییەکانیش ڕاست دەردەچێت. بۆ نموونە چەندین کەسایەتی وەک لەیلا و مەجنوون و شیرین و فەرهاد و عەروە و عەفرا و هاوشێوەکانیان وردە وردە ئەفسانە دڵدارییەکان دەخولقێنن و بارودۆخێک، کە دەیخەنە پاڵیان پێکەوەگرێدان و ئاوێتەکردنێکە لە هەست و هەڵچوونەکانی مرۆڤگەلێکی زۆر، کە لە کەسایەتی ئەواندا بەرجەستە بووە.

لە ئەدەبی هاوچەرخماندا دیارترین شێوەی ئاوێتەکردنی ئەفسانەیی لە بەرهەمەکانی (سوهراب سپێهری) بەدەست دێنین، کە ئاسۆ ئەفسانەییەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە پانتاییەکانی هەست و هەڵچوونە جۆراوجۆرە شیعرییەکانی خۆیدا تێکەڵ بەیەک دەکات و لە سایەی ئەم پێکەوەگرێدانە ئەفسانەییەدا دەست بۆ ئەفراندنی کۆمەڵێک لە وێنە زنجیرەییەکان(لێکدراو) دەبات، وێنەگەلێک، کە بە گومانی من چ هاوتەریب(دوور) بن چ نزیک، وێنەی لێکدراون، کە بەپێی بارودۆخ هەندێجار کورت و هەندێجار درێژ خۆیان دەنوێنن و لەبنەڕەتدا پێکەوەگرێدانە ئەفسانەییەکان لە شیعردا بۆ پاراستنی یەکانگیری خۆی لە ڕێگەی هێنانەکایەوەی جۆرە یەکێتییەکی شیعری چ واتایی بێت یا سۆزداری یا تەواو ئیستاتیکی پێویستی بەم وێنە لێکدراونەیە.

ئەوەی لە پێکەوەگرێدانە ئەفسانەییەکانی شاعیرانی داهێنەر و هۆشیار و نوێگەردا دەمێنێتەوە پاراستنی کەسایەتی کلتوریی خودی خۆیانە و ئەمەش لایەنێکە گەرچی ڕەها و گشتی نییە، بەڵام زۆربەی کات بەرچاو دەکەوێت[٣٨].

گونجاندن(مەزراندن)ی ئەفسانەیی، کە پێش ئەمەش ئاماژەیەکی سەرپێیانەمان پێکرد لە بەرهەمەکانی شاعیرانی هاوچەرخدا ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتی بەخۆیەوە بینیوە، لەکاتێکدا شاعیرانی کۆنمان بە دەگمەن بەدوای گونجاندنی کەش و هەوای ئەفسانەکان و کەسایەتییە ئەفسانەییەکان لەگەڵ سەردەمی خۆیاندا بوون.

پێویستە دان بەوەدا بنرێت، کە شاعیرانی فارسی زمان لە سەردەمی مەشروتەوە بەم ئاراستەیە بەرەو ئەفسانەکان و سوود وەرگرتنی وێنەیی لێیان هەنگاویان ناوە، بەڵام لەم قۆناغە بەدواوە تەنانەت تەقلیدیترین شاعیرانیش ڕوویان لە جۆرە ئاراستەیەکی ئەفسانەخولقێنانە کردووە. لەنێو نوێگەرەکاندا (نیمایۆشیج) لە یەکەمین ئەو کەسانەیە، کە هونەریترین شێوەی مەزراندنە ئەفسانەییەکانی لە هونراوەکانی وەک (مرغ آمین) و (قەقنووس)دا نیشانداوە. شاعیر لەم مەزراندنانەدا – هەروەکو ئەوەی کە دێتە پێشمان- ئەفسانەکانی ڕابردوو وەکو ئاوێنەیەک بۆ دەرەوەشاندنەوەی سەردەمی خۆی دەسازێنێت و دەست بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکی ناڕاشکاوانە دەبات، واتە دەست بۆ کارێک دەبات، کە سوودمەندە لە چەند

ڕەمزســـــازی و تەمومژی و نادیاری دروســــتکردنێکی هونەری، کە شیاوی ستایشکردندنن.

## ئەرکەکانی ئەفسانە لە دنیای ئەمڕۆدا

وێناکردنی ئەو خاڵەی، کە هەبوون و ئامادەیی لە ژیانی ئەمڕۆدا لەناو بچێت شــتێکی ســـەخت و خەفەتهێنەرە. کارێکی لەم چەشـــنە بارتەقای دابڕانە لە پێوەندییە ســـۆزداری و کلتورییەکانی کۆنە، بەڵام لە هەمـان کـاتـدا ئەم حەقیقەتەش پێویســـتە پەســـەند بکرێت، کە ئەفســـانەکان ناتوانن لە دنیای هەنوکەییدا ڕۆڵێکیان هەبێت، کە تەواو لەگەڵ ڕابردوودا هاوشێوە بێت.

وەکو ئەوەی گوتمان لە ڕابردووە دورەکاندا ئەفسـانەکان کۆمەڵێک لە وێنە فێرکارییەکان بوون دەرباری سروشت و چارەنووسی مرۆڤ و فەلســـەفەی پەیـدابوونی مرۆڤ. ڕێگەیەک بوو بۆ بەڵگەکـاری و خســــتنەڕووی چۆنیەتـی هەمـوو ئەو نەزانـراو و مەتەڵانەی کە دەوروبەری مرۆڤی تەنیبوویەوە و مرۆڤ هەوڵی دەدا لە نهێنییەکانیان تێبگـات. ئەفســـــانەکـان ڕەنگدەرەوەی خەونەکـانی مرۆڤ بوون لە کەسایەتییە ئەفسانەییەکان یا ڕووداوە ئەفسانەییەکان بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکـــان لەڕێگەیەکی نـــاڕاســــتەوخۆ و دڵـــدانەوەی ترس و نائومێدییەکان و ڕازیکردنی ئارەزووەکان، بەڵام شـتێکی ناسـروشـتی نییە، کە لەگەڵ پێشــکەوتنی زانســت و هۆشــیاری مرۆڤدا ڕووبەر و پـانتـاییەکـانی بـاوڕکردنی ئەفســـــانەکـان لاواز بن و هەنـدێجـار لە

چوارچێوەی چیرۆک و گێڕانەوەیەکدا بەردەوامی بە درێژایی ژیانی خۆیان بدەن.

بۆ زۆربەی ئەو مرۆڤانەی، کە لە سەردەمی ئێەدا ژیان بەسەر دەبەن،ئەفسانە لەبەرامبەر مێژوو و زانست و فەلسەفە دەخرێتەڕوو و تەنانەت جار جارە بەشێوەیەکی بێویژدانانە لە بەرامبەر حەقیقەت دادەنرێت، لەکاتێکدا خۆی خستنەڕووی حەقیقەتە و بگرە تێگەیشتنێکی ژیرانەیە بۆ حەقیقەت. درککردنێک، کە لە دانراوە زانستی و لێکدانەوە لۆژیکییەکان نیشان نەدراوە یا ناگونجێت دەربخرێت، بەڵام ئەم قسەیە بەو واتایە نییە، کە ئەفسانەکان لە پانتایی دەسەڵاتی زانست و عەقڵدا ڕاستەوخۆ لە ئێمە دابڕێن، چونکە ئەفسانەکانی زۆرێک لە کۆمەڵگا کۆنەکان تا ڕۆژگاری ئێمە بەردەوامییان هەبووە و هەروەها دەستنیشانکەری نموونە و سەرمەشقە زیندووەکانی مرۆڤەکانن لە زۆرێک لە بوارەکان هەر لە خۆراک و ژن و هاوسەرگیرییەوە بگرە تاوەکو کار و پەروەردەکردن و هونەر و حیکمەت و دانایی[٣٩]. ئەفسانەکان هەمیشە بە ڕەگەزێکی سەرەکی بونیاتنان و دروستکردنی شارستانیەتی مرۆیی هەژمار دەکرێن و وەکو واقیعیەتێکی زیندوو و نەمر هەمیشە بۆیان دەگەڕێنەوە و کۆمەکیان لێ دەخوازن[٤٠]. لەم ڕووەوە ئەگەر بگوترێت ئەفسانەکان بگۆڕی بارودۆخ و ئازادکەری مرۆڤ بوون لە کۆت و بەندی گرفتاری و دڵتەنگییە ماددیەکان و قەرەبوکەرەوەی کەێماسییەکان و کەم و کوڕییەکانی مرۆڤ بوون

ئەوا نابێت بە شــتێکی زێدەڕۆییکارانە وەربگیرێت. ئەفســانەناناســان لەگەڵ هەموو ڕەخنە و نکۆڵیلکردنەکانیان لە دونیای زانســـتیانەی هەنووکەیی هێشـــتا باوەڕیان بە بەردەوامی ڕۆڵی ئەفســـانە لە ســـەردەمی ئێمە هەیە[٤١] و ئەفســـانە بە پاڵپشـــتییەک بۆ ژیانی مرۆڤی سەردەمی ئێمە دەزانن.

لەبەرئەوەی ئەفســانە خۆی لە کۆت و بەندی کات و هەندێجاریش شــوێن ئازاد کردووە و خاوەن توانایەکی خۆگونجاندنی بێســنوورە و بە باوەڕی هەندێک لە ئەفســانەناســان نهێنی مانەوەی ئەفســانەکان تا ڕۆژگاری ئێمەش هەر لەم توانای خۆگونجاندنی ئەفســـانەکان دایە، چونکە ئەفســـانەکان لەگەڵ بارودۆخە فیکری و کۆمەڵایەتییە تازەکان خۆیان دەگونجێنن[٤٢]، ئەگەر بەم چەشــتنە نەبووایە ئەوا ئەفســانەکان لەدوای چەند وەچەیەک لە یاد و یادەوەرییەکاندا دەسڕانەوە.

یەکێک لە ڕەهەندە بەهادارەکان لە ڕۆڵ و کارکردنی ئەفســانەکاندا بەها ڕەوشـــتی و فێرکارییەکانیانە. لە ڕوێکی دیکەوە پاڵەوانێتییەکانی پیاوانی ئەفســانەییش هەمیشــە نموونە و ســەرمەشــقگەلێک بووە بۆ مرۆڤەکان.

مرۆڤی ســەردەمی ئێمە هەندێجار لە پێویســتی ڕێچکە و شــێوازی خۆی بە ئەفســانە هەوڵدەدات خۆی ببێتە ئەفســانەســاز. زۆر بەرچاو دەکەوێت کە بەرجەســـتەکردنی خواســـت و بیروباوەڕ و ئومێد و

هەست و هەڵچوونە کەڵەکەبووەکان لە کەسایەتییەک یا بوونەوەرێکدا بۆتە هۆی پەیدابوونی ئەفسانەیەک.

ڕەنگە تاقمێک بیانەوێت پەیدابوونێکی لەم چەشتە بە نیمچە ئەفسانە ناوبنێن، ئەم بابەتە هێندە گرنگ نییە، چونک سنوری کارکردنی ئەفسانە و نیمچە ئەفسانە بۆ مرۆڤی سەردەمی ئێمە مەودایەکی دووریان لەنێواندا نییە. بۆ مرۆڤەکانی ڕۆژگاری ئێمە لەوانەیە ئەفسانەکان لەناو خودی خۆیاندا( مەبەست لە مرۆڤەکانە) لەدایک بێت. ئەمە بابەتێکە، کە لە مێژووی ڕابردووشدا بێگومان بێ پێشینە نەبووە، بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا شتێکی نوێیە.

لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەفسانەکان و ناسینیان دەکرێت لەتەک شوێنەوارناسی ئاوێنەیەک بێت بۆ شارەزایی و ئاگادار بوون لە ڕابردوو و ئەم بابەتەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە ئەفسانەناسی یا زانستی ئەفسانەکان(mythology) وەکو زانستێکی سەربەخۆ بە لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەکانی میللەتە جۆراوجۆرەکان و بەراوردکردن و شیکردنەوەیان هەڵبستێت[٤٣] و ئاشکرایە، کە لە بارودۆخێکی وەها دا شیکردنەوە ئەفسانەییەکان لە شیعر و ئەدەبیاتیشدا پێگەی شایستەی خۆی بپارێزێت و لە پێناوی نیشاندانی چەند لایەنێک لە ڕاز و ڕەمزە ئەدەبییەکان تێبکۆشێت.

## پرۆسەی ڕەخنەی ئەفسانەیی

لە دەسپێكی ئەم باسەدا سەرەتا پێویستە سەرنج لەوە بدرێ، كە بەهۆی پێوەندی توند و تۆڵ و ڕاستەوخۆی ئەفسانەكان لەگەڵ تەرزە سەرەتاییەكاندا بەشێوەیەكی بنەڕەتی جیاوازی لەنێوان هەر دوو میتۆدی ڕەخنەی ئەفسانەیی و ڕەخنەی تەرزی سەرتایی شتێكی دیار و هەستپێكراو نییە و هەردووكیان لەیەكتر جیانابنەوە و تەواوكەری یەكترن، چونكە ئەفسانە بەجۆرێك لە جۆرەكان هەمان تەرزی سەرەتاییە، هەرچەندە وا گونجاوتر دەردەكەوێت، كە ئەگەر لایەنی گێڕانەوەی هەبێت ئەوا بە ئەفسانە ناوببرێت و ئەگەر چەمكە ڕەمزییەكانی تێدا بخرێتەڕوو ئەوا بە تەرزی سەرەتای هەژمار بكرێت[٤٥]. لەبەرئەوەی ڕەخنەی ئەفسانەیی ڕەخنەیەكە بە ئاشكراكردنی ماهییەت و تایبەتمەندییەكانی ئەفسانەكان و تەرزە سەرەتاییەكان و ڕۆڵیان لە ئەدەبدا هەڵدەستێت. ڕەخنەگرانی ئەم میتۆدە بەقوولی بەدوای شێوە میسالیی و تەرزە سەرەتاییەكانی ناو بەرهەمە ئەدەبییەكاندا دەگەڕێن[٤٥] و بە دەربڕینێكی دیكە قسە لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و هونەر لەگەڵ قولاییەكانی سروشتی مرۆییدا دەكەن[٤٦]، چونكە بەرهەمی هونەری بە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی هێزە جولاو و خوودییەكانی هەڵقولاو لە كردارەكانی دەروونی دەستەجەمعی مرۆڤایەتی دادەنێن[٤٧].

ڕەخنەگرانی ڕەخنەی ئەفسانەی لە هەمان کاتدا هەوڵدەدەن خۆیان گرفتاری بابەتە بنەڕەتییەکانی دروستبوونی ئەفسانە و تەرەزە سەرەتاییەکان نەکەن و لەبەرئەوەی گفتوگۆ لەبارەی سەرچاوەی ئەفسانەکان و شێوە جۆرییەکان و قوڵبوونەوە لەم خاڵەی کە ئەفسانەکان چۆن لە ڕێورەسمە پیرۆز و بیروباوەڕە سەرەتاییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە لەدەرەوەی کاری ڕەخەگری ئەدەبییە و پەیوەست دەبێت بە بوارەکانی مرۆڤناسی و دەروونناسی و ئایینناسی و زانستەکانی دیکە، بەڵام ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت، کە شێوازی ڕەخنەی ئەفسانەیی هەمیشە لە ژێر کاریگەری دەروونناسان و مرۆڤناسانێکی وەک فرۆید و یۆنگ و فرێزەر و ئەوانی دیکەدا بووە و لە بنەڕەتدا بۆچوون و بیرۆکەکانی ئەوان بۆتە هۆی دەرکەوتنی ئەم شێوازە تایبەتییە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا[٤٨].

لەگەڵ هەبوونی چەند نیشانە و ئاماژەیەک لە کۆنی شێوازێکی لەم چەشنە لە چاخەکانی ڕابردوودا پێویستە دان بەوەدا بنرێت، کە ڕەخنەی ئەفسانەیی بەشێوەیەکی جیددی لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم خراوەتەڕوو[٤٩] و بە ماوەیەکی کەم جێگەی خۆی لەنێو میتۆدە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنە کردۆتەوە.

بە گشتی ئەرکی ڕەخنەگری ئەفسانەیی ئەوەیە، کە خۆی لە ڕەهەندە ژیننامەییەکان و بابەتە لاوەکییەکانی پەیوەست بە نووسەر یا شاعیر بەدوور بگرێت و بێ گرنگیدان بە لایەنە پەراوێزییەکانی

بەرهەمەکە سەرنجی خۆی بخاتە سەر بوار و ئاستە ناوەکییەکانی بەرهەمەکە[50] و ئاگاداری ئەو خاڵە بێت کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی یا شیعری دەکرێت شوێنی دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی چەند یا چەندین ئەفسانەی سەربەخۆ بێت یا ئەفسانە پێکەوەگرێدراوەکان بێت، کە لەسەر شێوەی زنجیرەیەکی وێنەییە. هەرچۆنێک بێت پێویست دەکات کە شێوەی کار و پرۆسەی ئەفسانەیی بۆ ڕەخنەگر ڕوون بێتەوە.

## سەرنج و تێبینییە ئەفسانەییەکان لە (سێ هۆنراوە)دا

بوارێک بۆ پێکەوەگرێدانە وێنەییەکان لە ئەفسانەدا ئەو کۆپلانەی خوارەوەیە لە هۆنراوەی (سبز به سبز) ی کۆمەڵە شیعری(حجم سبز) ی سوهراب سیپهەریدا:

من در این تاریکی
فکر یک بره روشن هستم
که بیاید و علف خستگیم را بچرد
من درین تاریکی
امتدادتر بازوهایم
زیر بارانی میبینم
که دعاهای نخستین بیشر را تر کرد
من درین تاریکی
در گشودم به چمنهای قدیم،

به طلایی هایی که به دیوار اساطیر تماشا کردیم
من درین تاریکی
ریشەها دیدم
و برای بته نورس مرگ اب را معنی کردم

لەم هۆنراوەدا جێناوی(من) لە چەمک و واتای(منی بەربڵاو) یا(منی میسالی) لە دەسپێکی هەر کۆپلەیەکدا بەرچاوترین(بابەتیترین) ڕیسی بەیەکەوەگرێدانی پارچەکانی شیعرەکەیە.

پێکەوەگرێدانە وێنەییەکانی شاعیر لەگەڵ دونیای دەرەوەدا لەڕێگەی وابەستەبوونی بە دیمەنە گشتییە سروشتییەکانی وەک (بره و علف= بەرخ و گیا)(کۆپلەی یەکەم) باران(کۆپلەی دووەم)، (چەمەن)(کۆپلەی سێیەم) (ریشە و بتە= ڕەگ و بڕک)(کۆپلەی چوارەم) دیارە.

پێکەوەلکانێکی دیکەی شیعرەکە لە دژیەکی نێوان نور و تاریکی و دوبارەکردنەوەیان لە هەموو کۆپلەکاندا دەبینین : تاریکی+ بره روشن(کۆپلەی یەکەم)، تاریکی+ باران[٥١] بیرهێنەرەوەی ڕوناکی و پاکیزەیی(کۆپلەی دووەم)، تاریکی +طلا- ڕەنگدانەوەیەکی ڕووناکی و درەوشانەوە(کۆپلەی سێیەک)، تاریکی+ اب- ڕەمزی ڕووناکی و پاکی(کۆپلەی چوارەم).

زنجیرەی وێنە بیرهێنەرەوە یا یادهێنەرەوەکان بەشێوەیەکی گشتی لە وێنە کاڵ و خەیاڵییەکاندا لایەنێکی دیکەی پێکەوەلکان و

یەکگرتوویی شـیعرەکە نیشـاندەدات، لەم پێناوەدا وێنەکانی برە، علف، چمن، ریشە، بتە، و اب یەکتری بەبیر دەهێننەوە.

لەڕووی پانتاییە ئەفسـانەییەکاندا کێشـمەکێشـمی نێوان ڕووناکی و تـاریکی(نور و ظلمـت) بە لق و پۆپە ئەفســـانەســـازە یەجگـار چاڵاکەکانییەوە لە ئەفســـانە ئێرانییەکان و هەندێک میللەتانی دیکەدا شیاوی گرنگی پێدانە و بە هەمان شێوە ناسنامەی ئەفسانەیی (بەرخی ڕوناک) نیشـــاندەری (نوری خودایی)یە لە ئەفســـانە ئێرانییەکاندا، کە تیایاندا (نوری خودایی)هەندێجار لەســـەر شـــێوەی بەرخێکی ســـپی نیشاندراوە[52].

ڕەنگە زێڕینەکان بەســـەر دیواری ئەفســـانەکان(کۆپلەی ســـێیەم) خســـتنەڕووی یادەوەرییە ئەزەلی و ئاینییە بەچێژەکانە کە لە ویژدانی شاعیردا هەست و هەڵچوونگەلێکی خۆشی و شادمانی دەگەیەنێت.

چەمکی ڕەمزیـانەی ئـاو (کۆپلەی چوارەم) کە لە ئەفســـانەکانی میللەتە جۆراوجۆرەکـانـدا نیشـــانـدەری ژیـانە لە بەرامبەر مەرگـدا ڕەنگدانەوەیەکی دیکەی پانتاییە ئەفســـانەســـازییەکانی شـــیعرەکە دەردەخات.

ڕەخنەگری ئەفســـانەیی پێویســـتە لەم خاڵە تێبگات کە شـــاعیرانی ئەفسـانەسـاز ئەفسـانە لە بۆشـایی ناخولقێنن و ئەفسـانە لە داهێنانە هونەرییەکانی ئەواندا بەهۆی گونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکان و کات و شوێنەکان ناسنامە وەردەگرێت. گونجاندنە ئەفسانەییەکان کە پێش

ئەمە قسەمان لەبارەوە کرد گرنگترین هۆکاری ڕووتێکردن یا پەیوەستبوونی شاعیرانی ئەفسانەکارە و گرنگترین کاریگەری بۆ سەر خوێنەرانێک هەیە، کە بەدوای ئەوەوەن یادەوەرییە ئەزەلییەکان لە ئاوێنەی ئێستادا بە ڕوونی ببینن. بینینی ڕابردوو لە ئێستادا چێژ و نەئشەیەکی بەهێز بۆ هەموو هونەردۆستێک کە هەوڵدەدەن لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەستیان بگات بە دۆزینەوەی ژیانی جاویدانە و چالاکی ئەفسانەیی. زەمینەیەکی گونجاندنە ئەفسانەییەکان لە شیعری هەستبزوێنی (قەقنوس)ی نیمایۆشیجدا دەبینین:

قفنوس ، مرغ خوش خوان ، آواره جهان
آواره مانده از وزش بادهای سرد
بر شاخ خیزران
بنشستەاست فرد
بر گرد او به هر سرشاخی پرندگان...
او نالەهای گمشده ترکیب می کند
از رشتەهای پارەی صدها صدای دور
در ابرهای مثل خطی تیره روی کوه
دیوار یک بنای خیالی می سازد
ان مرغ نغزخوان ،
در آن مکان ز آتش تحلیل یافته
اکنون به یک جهنم تبدیل یافته

بسته است به دم نظر و می دهد تکان،
چشمان تیز بین .
وز روی تپه
ناگاه، چون به جای پر و بال می زند
بانگی برارد از ته دل سوزناک و تلخ
که معینش نداند هر مرغ رهگذر،
آنگه ز رنجهای درونیش مست
خود را به روی هیبت آتش می افکند
باد شدید می دمد و سوخته است مرغ!
خاکستر تنش را اندوخته است مرغ!
پس جوجەهاش از دل خاکسترش به در.

هەروەهـا (اخوان ثـالـث)یش لەم هونراوەی خوارەوە ( چیرۆکی شاری بەردەڵان)دا دەرکەوتەکانی بیری ئایدیالیست و پڕ لە ئارەزووی خۆی لە وەبیرهێنانەوەی ئەفسانە کۆنەکاندا، وەها دەهۆنێتەوە:
نشانی ها که می بینیم در او بهرام را ماند،
همان بهرام ورجاوند
که پیش از روز رستاخیز خواهد خاست
هزاران کار خواهد کرد نام اور
هزاران طرفه خواهد زاد او بشکوه
پس از او گیو بن گودرز

و گرشاسپ دلیر ان شیر گنداور

و آن دیگر

و آن دیگر

انیران را فروکوبند، و ین اهریمنی رایات بر خاک.

(اندازند)

ئەو ڕەخنەگرانەی، کە ڕەخنەی ئەفسانەیی دەنووسن، بەبێ درککردنی زمانی ڕەمزیی ئەفسانەکان ناتوانن هیچ کارێک بکەن. ئەم زمانە سیمبولیکە پێویستی بە جۆرە دۆزینەوە و تێگەیشتنێکی ئەدەبی وچەند پەیبردنێکی بەهێز و کاریگەر هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی ڕەمزەکان و بەراوردکردنی وێنە ئەفسانەییەکانی شاعیران هەروەها لێکۆڵینەوەکانی مەیدانێکی تایبەت لە سنوور و قەڵەمڕەوی ئەفسانەدا شتێکی یەجگار ڕێگەخۆشکەر دەبێت.

ئەوەی دەکرێت وەکو بیرهێنانەوە و بیرخستنەوەیەک لە ڕەخنە و شیکردنەوەی ئەفسانەییدا گرنگ بێت ئەوەیە، کە تەنیا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناو و نازناوە تایبەتەکان، کە دەتوانن پەسەندکەری چەمکە ئەفسانەییەکان بن نابێت ببێتە هۆی ئەوەی، کە بەبێ هۆ چەمک یا بنەما ئەفسانەییەکان بەسەر بەرهەمەکە بسەپێنین، بەڵکو ڕەخنەگری ئەدەبی تەنیا ئەگەر زەمینەیەکی پێویست یا نزیکایەتییەکی پەسەند و گونجاو بۆ ڕاڤەکردنێکی لەم چەشنە

بدۆزێتەوە ئەوکات دەتوانێت ئەو بارە ئەفسانەییەی، کە لەبەرهەمەکەدا هەیە، هەڵبسەنگێنێت.

## کەموکوڕییەکانی ڕەخنەی ئەفسانەیی

وێڕای بـایەخ وگرنگی ڕەخنەی ئەفسـانەیی، ئەم میتۆدە بەو شێوەیەی، کە شایستەیەتی نەبۆتە شتێکی باو و ناسراو هۆکارەکانی ئەم کارەش لەبەرئەوەیە کە:

1. تەنیا لەم سـەدەیەی ئێسـتادایە، کە زانسـتگەلێکی وەک مرۆڤناسی، دەروونناسی، مێژوو و کلتوری گەلان، ناسینێکی شیاو و زەروریانەی ئەفسانەیان خستۆتە بەردەممان.
2. زۆرێـک لە لێکۆڵەرانی ئەدەبی و مـامۆسـتـا و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەهۆی ڕووتێکردنی ئەم جۆرە ڕەخنەیە بە بیروباوەڕ و داب و نەریت و شـتە نادیارەکان، ئەم جۆرە رەخنەیە بە ڕەخنەیەکی باوەڕپێکراو و بایەخدار دانانێن
3. جۆرە پەرش و بڵاویی و نایەکگرتووییەک دەربارەی چەمک و پێنـاسـەکـانی ئەم ڕەخنەیە بەتـایبەت لەنێو جڵەوداران و سـەرئامادانی بۆتە هۆی ئەوەی، کە هەندێک لە هەوادارانی ڕەخنەی ئەفسـانەیی لەم میتۆدە پاشـگەز ببنەوە و ڕوو لە میتۆدەکانی دیکەی ڕەخنە بکەن[٥٣].

لەتەک ئەوەی وترا بەشـێک لە زێـدەڕۆییەکـانی ڕەخنەگرانی ئەفسـانەییش زەمینەیەکی بۆ پشـت پێنەبەسـتن فەراهەم کردووە،

چونکە ئەوان ئەفســـانە وەکو منداڵدانێک هەژمار دەکەن، کە تەواوی ئەدەب لەوەوە لەدایک بووە[٥٤] و هەروەکو ئەوەی پێشتریش ئاماژەمان پێکرد تێڕوانینێکی لەم جۆرە بە ئەندازەی ڕەتکردنەوەی ئەزموونگەراییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی ئەفرێنەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکانە،لە ڕویێکی دیکەوە ڕوانینی تاک جەمســەرانە بە ڕەخنەی ئەفسانەیی دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە ڕەخنەگر لە ڕەهەندە هونەری و ئیستاتیکییەکانی ناو بەرهەمەکە خۆی دوورە پەرێز بگرێت، لەبەرئەوە پێویســتە ڕەخنەگری ئەدەبی تێڕوانینە ئەفســانەنانســییەکان تا ئەو شــوێنە بەکار ببات، کە چەمکی ناوەکی وزگماکی بەرهەمەکە بســەلمێنێت و بنیادی ناوەکی و چەمکی بەرهەمەکە بناســێت و لە زەمینە ئیســتاتیکییەکان دوور نەکەوێتەوە ، چونکە لەم بارەدا هەندێجار ئەوە لەبیر دەکات، کە بەرهەمێکی ئەدەبی داوەتە بەر ڕەخنە و شیکردنەوە.

# پەراوێزەکانی فەسڵی دەیەم

١- چشم اندازهای اسطوره ، میرچا الیاده، ترجمهء جلال ستاری، انتشارات توس، تهران١٣٦٢، ص١٤.
٢- بڕوانە: اسطوره زال، محمد مختاری، نشر آگاه، تهران ١٣٦٩،ص١٩.
٣- چشم اندازهای اسطوره، ص١٢.
٤- دەبێ ئەوە بڵێین،کە وشەی( (Myth)).لە بنەڕەتدا لە وشەی یۆنانی (Muthos)ەوە وەرگیراوە و بە واتای هەر دەربڕینێک دێت،کە بە دەم یان بە نووسین بخرێتەروو،بەڵام چەمکی زاراوەی Myth بە واتای چیرۆکی ناواقیعی دێت. بڕوانە:
A Dictionary of Literary Terms, Cuddon (Myth.)
همچنین جشماندازهای اسطوره، ص١٠.
٥- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، پێشوو، ص ١٧٣.
٦- بڕوانە: زبان و اسطوره، ارنستکاسیرر، ترجمة محسن ثلاثی، نشر نقره، تهران١٣٦٦، مقدمه مترجم ص٦.
٧- بڕوانە: گفتاری درباره نقد ادبی، پێشوو،ص١٤٩. بۆ کۆمەڵێ چەمک: ڕەمز،ئەفسانە، سیمبوڵ، وێنە، ڕەنگ بڕوانە: راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ١٧٦.
٢٧١٠ بۆ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر هەمان بابەت،بڕوانە: دانش اساطیر روزه باستید، ترجمة جلال ستاری، انتشارارت توس، تهران ١٣٧٠،ص٤٥.
٨- فرهنگ اصطلاحات ادبی، پێشوو، ص ٢٦.
٩- چشماندازهای اسطوره، ص ١٢.

١٠- بڕوانە: چشماندازهای اسطوره، ص ٢٧. دربارەی نهێنی مانەوەی ئەفسانە و ئامادەییان لە ژیانی مرۆڤدا دواتر باسی دەکەین.

١١- بۆ شیکردنەوەی ئەم ڕوانگەیە، بڕوانە اسطورة زال، ص٢٤.

١٢- بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ واتاکەی دەرناکەوێ،بەڵکو لە ڕێگەی وێنەی میسالی و تەرزە سەرەتاییەکانی ئەفسانەوە بەرجەستە دەبێت.

١٣- ڕاهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص ١٧٢،ج٥.

١٤- دانش اساطیر، ص ٧٠.

15-A Handbook to Literature, p. 35.

١٦- ڕاهنمای رویکردهای نقد ادبی،ص١٩٣.

١٧- هەمان سەرچاوە٠

١٨- هەمان سەرچاوە٠

١٩- دانشر اساطیر، ص ٦٨.

٢٠- بۆ ناسینی ژینگەناسی شێوە جۆرییەکان، بڕوانە: رمز و مثل در روانکاوی، ص٤٤٠.

٢١- بڕوانە: دانش اساطیر، ص٦٨-٦٩.

٢٢- رمز و مثل در روانکاوی، صر ٨٣١

23-A Handbook to Literature, p. 35.

٢٤- ڕاهنمای رویکردهای نقد ادبی،ص١٩٢.

٢٥- گفت و شنودی با یونگ، ایونز، ترجمەء برادران رفیعی، انتشارات صحافیان. مشهد١٣٥١، ص٢٧.

٢٦- بڕوانە: بت های ذهنی و خاطرەء ازلی، داریوش شایگان، امیرکبیر، تهران ١٣٥٣، ص٢٠٧.

٢٧- هەمان سەرچاوە، ، ل٢٠٨.

٢٨- بڕوانە: گفت و شنودی با یونگ، ص٤٣.

٢٩- بڕوانە: درآمدی بر نقد کهن الگویی، والتر.کی. گوردون، ترجمەء جلال سخنور، ادبستان،فروردین ٧٠، شمارەء ١٦، ص٢٧.

هەروەها بۆزانیاری زیاتر لەبارەی تەرزە سەرەتاییەکان، بڕوانە:

-Maud Badkin, Archetypal Patterns in Poetry (1934)

-Bettina Knapp, A Jungian Approach to literature (1984.)

٣٠- بڕوانە:  گفتاری دربارەء نقد ادبی، ص ١٤٨.

٣١- بڕوانە: راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٨٠.

٣٢- بڕوانە: گفتاری دربارەء نقد ادبی، ص١٥٠-١٥٦.

٣٣- هەمان سەرچاوە، ل١٥٨.

٣٤- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زبان از یاد رفته، اریک فروم ترجمەء ابراهیم امانت، چاب چهارم، انتشارات مروارید، تهران، ١٣٤٦ ، ص ٢٥٥.

35-Archetypal patterns in poetry.

٣٦- دانش اساطیر، ص٧٥.

٣٧- اساطیر ایرانی، مهرداد بهار، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران. تهران، ١٣٥٢، ص جهل و نە.

٣٨- بۆ تێگەیشتنی زیاتر بڕوانە: بینش اساطیری در شعر معاصر فارسی، بهزاد رشیدیان،نشرگسترە، تهران ١٣٧٠، ص٣٤.

٣٩- بڕوانە: جشماندازهای اسطورە، ص١٧.

٤٠- هەمان سەرچاوە،ل٢٨-٢٩.

٤١- بڕوانە: یادداشتهای جلال ستاری بر چشم اندازهای اسطور،ص٢١٥-٢١٦.

٤٢- بڕوانە: اساطیر ایرانی، مهرداد بهار، ص چهل و شش.

٤٣- واژە Mythology گاه واتا کۆمەڵێ ئەفسانە یان بە چیرۆکی ئەفسانەییش دەگوترێ.

44-"The Archetypes of Literature", Northrope Frye. Kenyon Review, VOLXlll. Winter 1951, No. 1, p. 104—105.

٤٥- بڕوانە: راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٧٢.

٤٦- هەمان سەرچاوە، ل١٧١.

٤٧- هەمان سەرچاوە،، ل١٨١.

٤٨- بڕوانە: گفتاری دربارەء نقد ادبی، صر ١٤٨. شایستەی بیرهێنانەوەیە،کە ئەم بۆچوونانە لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و بیرمەندانی ئەفلاتوونی نوێ و دواتر لە بەرهەمی رۆمانسییەکانی ئەڵمانیشدا بەرچاو دەکەوێت.

49-A Handbook to Literature, p. 307.

٥٠- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٨١.

٥١- باران گوزارشتە لە نور و رۆشنی، مشبع بە سەفا و رۆشنی چووێنراوە، ئەم بابەتە لە بەرهەمی شیعریی شاعیرانی کۆنی فارسی زمانی وەکو رۆدکی و کەسائی دا بەردیدە دەکەوێ. لە شیعری هاوچەرخی فارسیشدا هەروایە.

٥٢- باسکردنی (فرˇەء ایزدی) لە بەشە ئەفسانەیی و مێژووییەکانی شانامەی (فیردەوسی)دا دەبینرێ.

٥٣- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص١٨١.

٥٤-هەمان سەرچاوە، ل١٤٩.

# فەسڵی یازدەیەم

## ڕەخنەی فۆرمالیستی

چەند پێناســـەیەکی زۆر و هەندێجار دژیەک، کە لەبارەی فۆڕم و فۆرمالیزم لە بەرهەمەکانی ڕەخنەگرانی ئەدەبیدا هاتووە، وایکردووە، کە پێناسەی فۆرمالیزم تا ڕاددەیەک سەخت بێت.

لە پێناسەیەکی تاڕاددەیەک گشتیدا فۆرمالیزم بە واتای دۆزینەوە و باســـکردن و ڕوونکردنەوەی فۆرمە لە بەرهەمی هونەریدا. بنچینەی میتۆدی فۆرمالیستی لەسەر سەربەخۆیی بەرهەمەکەیە و بەم هۆیەوە ڕەخنەگری فۆرمـــالیســـــت لە لێکۆڵینەوە لە بـــابەتە لاوەکی و پەراوێزییەکانی بەرهەمەکە وەک ژیانی نووســـەر و ســـەردەمەکەی و تێبینییە مێژوویی و سـسـیاسـی و کۆمەڵایەتییەکان خۆی دورە پەرێز دەگرێت، یا لانیکەم لە ئاستە لاوەکی و ناسەرەکییەکاندا بە شتگەلێکی

بایەخداریان دادەنێت. ڕەخنەگرێکی لەم چەشـــنە بەدوای دۆزینەوە و بەدەستهێنانی وەڵامە بۆ چەند پرسیار و نادیارییەک لەوانە:

- بەرهەمی ئەدەبی چییە؟
- فۆرمی بەرهەمەکە و ئەو کاریگەرییەی کە ئەنجامی دەدات چییە؟
- ئەم فۆرمە و ئەو توانای کاریگەرییەی کە هەیەتی چۆن هاتۆتەکایەوە؟

لە کۆتاییشــدا پێویســتە وەڵامی ئەم پرســیانە لەناو خودی دەقەکە بەدەست بهێنێت.

پەراوێزخستنی هەموو بابەتە لاوەکی و پانتاییە کۆمەڵایەتییەکان لە شـــیکردنەوە فۆڕمـالیســـتییەکـانـدا لەو ڕووەوەیە کە لە بـاوەڕی ڕەخنەگرانی فۆرمالیســـتیدا شـــیکردنەوە مێژوویی و ســـیاســـی و کۆمەڵایەتییەکـان و گرنگیـدان بە بیروبـاوەڕ و تێڕوانینە تـایبەتە دەروونناسییەکان لە بەرهەمەکەدا لەڕووی هونەرییەوە ناتوانن ڕۆڵێکی ئەوتۆیان هەبێت.

پەراوێزخســـتنی زەمینە هەمەجۆرە دەرەکییەکـان لە ڕەخنە و شیکردنەوەی فۆرمالیستیانەدا هەموکات یەکێک بووە لە بوار و بابەتە رەخنەییەکان، کە بەرهەڵســـتیکارانی ئەم میتۆدە پەنایان بۆ بردووە و تەنانەت لەم پێناوەدا ڕەخنەگرانی فۆرمالیست خۆیشیان بەدوای جۆرە دەسکاریکردن و ڕاستکردنەوەیەک بوون.

ئەوەی دەبووە هۆی ئەوەی فۆرمالیستەکان هەموو سەرنجی خۆیان لە بەرهەمی ئەدەبی چڕ بکەنەوە ئەمە بوو، کە ئەوان لە بنەڕەتدا ئەدەب بە جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان دادەنێن، کە بە تێکچڕژانی زمانی پڕاکتیکی یا کارەکی دەردەکەوێت. ئەم تێکچڕاژانە، کە دوای ئەمە قسەی لەبارەوە دەکەین هەوڵێکە بۆ جۆرە لادانێک لە پێوەری ئاسایی و باوی زمان تا لە سایەی ئەو نامۆییەی، کە دێتەکایەوە جۆرە داهێنانێکی هونەری دەربکەوێت.

فۆرمالیستەکان لەم پێناوەدا دەڵێن ئەمە ڕاست نییە کە ئێمە لە ڕێگەی شیکردنەوەی واقیعیەتی دونیا(= واقیعیە دەرەکییەکان) بگەین بە جیهانی دەق، بەڵکو پێویستە لە ڕێگەی واقیعیەتی دەقەوە واقیعیەتی جیهانی دەرەکی بناسین.

## بنەماو دیدی فۆرمالیستەکان

بنچینە و بنەماو دیدگاکانی فۆرمالیستەکان بریتییە لە رەسەنایەتی و ئۆرژینالی فۆرم یا(تیۆری شێوەیی)، بەڵام هەروەکو ئەوەی لە دەسپێکی ئەم تەوەرەیەدا ئاماژەی پێکرا تێگەیشتنی بنەما گشتییەکانی تیۆرێکی لەم چەشنە لەنێو کۆی ئەو بۆچوونانەی، کە لە سەردەمی ئەرستۆ و هۆراسەوە تا سەردەمی (کۆڵدریج)ی شاعیر و ڕەخنەگری ناسراوی ئینگلیزی خراوەتەڕوو هێندە ئاسان نییە، چونکە ئەم تیۆرانە هەندێجار جیاواز و هەندێجار دژیەک دێنەبەرچاو .

ئەوەی ئەم تیۆرانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بانگەشە و هەوڵ و تەقەلای هەمووییانە بۆ گەیشتن بە جۆرێکی تایبەت لە (کەماڵ یا تەواومەندێتی شکڵی)، بە دەربڕینێکی سادەتر هەموویان بەدوای ئەوەوەن لە(کەماڵ و تەواومەندێتی فۆرم ) لە بەرهەمی ئەدەبیدا بکۆڵنەوە.

دۆزینەوەی بنەماگەلێک، کە سەرچاوەی پشتپێبەستنی فۆرمالیستەکان بووە، ئەگەرچی سەختە، بەڵام ئەستەمیش نییە. (گراهام هۆف) ڕەخنەگری تیۆردانەری هاوچەرخی ئینگلیزی لە لێکدانەوەیەکی زیرەکانەدا سێ بنەمای گشتی لەم زەمینەیەدا خستۆتەڕوو ئەم بنەمایانە بریتین لە:

- یەکانگیریintegritas
- گونجاوی ( هەماهەنگی)consonanatia
-ڕوونی و ڕۆشنیcaritas

## ١.یەکانگیری

مەبەست لە یەکانگیری ئەوەیە، کە بەرهەمەکە خاوەنی گشتگیرییەک بێت، بەشێوەی پارچە پارچە و لەسەر شکڵی تۆپەڵێکی نارێک و پەڕاکەندە لێی نەڕواندرێت. ئەمە بابەتێکە کە هەر لە کۆنەوە جێگەی سەرنجی ڕەخنەگرانی ئەدەبی بووە.

ئەرستۆ باوەڕی بە دەسپێک و ناوەڕاست و کۆتایی هەبووە بۆ بەرهەمی ئەدەبی.لە تێڕوانینی ڕەخنەگرانی ڕۆمانتیکیشدا لەوانە

کۆڵریدج کاتێک قسە لەبارەی شێوازی شاعیر تاوەکو گەیشتن بە فۆرم یا شێوەیەکی جاویدانە دەکرێت هەمان گشتگیرێتی یا یەکانگیری لەبەرچاو دەگیرێت. ئەم گشتگیرییە دەشێ لەژێر سایەی یەکێتییەکی بابەتی یا سۆزداری بێتەکایەوە.

## ٢.گونجاوی

هاوئاهەنگی بەواتای ئەوەیە پێویستە و مەرجە یەکپارچەیی و گونجاویی لە بەرهەمەکەدا هەبێت و بە گوزارشتنی کۆڵریج پێویستە نیشاندەری ئەم ڕاستییە بێت کە:(بۆچی بەرهەمی ئەدەبی بەم چەشنەیە و بە چەشنێکی دیکە نییە) ئەم گونجاوییە دەکرێت چەندێتی یا چۆنییەتی بێت. پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە هاوئەهەنگی تەنیا لەڕووی فۆڕمی دەرەکی و بونیاتی بەرهەمەکە نییە، بەڵکو تەواوی گونجاوی لەنێوان وێنە خەیاڵییەکان و ڕەهەندە هەستەکی و ئیدراکییەکەکانی بەرهەمەکەش دەگرێتەوە.

## ڕوونی و ڕۆشنی(درەوشانەوە):

مەبەست لە درەوشانە بوونی کرۆکی ئیستاتیکی و (ئەو)ی شاراوەیە لە بەرهەمەکەدا. شتێک کە هەندێجار بە (ئەفسونی شیعر) یا (جادووی وشەکان) گوزارشتی لێکراوە. ئەم تایبەتمەندییە لە هەندێک لە نموونە ئەدەبییەکاندا بە شێوەیەکی باڵا دەردەکەوێت و لە بەشێکی دیکەدا نزمە. بۆ نموونە ڕاپۆرتنووسی و لە چیرۆکە کرچ و

کاڵەکاندا، کە بەسـەختی دەتوانرێت ناوی ئەدەبییان لێ بنرێت نزمە و لە نموونە باڵاکان و شاکارەکاندا لە لوتکەدایە.

ئەو بنەمایانەی، کە باسـیان لێوە کرا هەمیشـە بە ئاسـانی لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا شیاوی لێتێگەیشتن و هەڵسەنگاندن نین، چونکە بۆ نموونە هەندێجار هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا سـەرەتایەکی ڕوون و دیـاریکراویـان نییە یـا خـاوەن پلان و خسـتنەڕوێکی یەکپـارچەیی نین، بەڵام وەکو بەرهەمگەلێکی بـایەخـداری ئەدەبی دانراون و کاریگەری و ناوبانگێکی بەرچاویان هەیە. لەم بەرهەمانەدا یەکـانگیری و گونجـاوی و لە کۆتـاییـدا پێویسـتە یەکێتییەک لە ئاسـتەشـاراوەکانی بەرهەمەکە، یا لە بونیاتی ژێرەوەی بەرهەمەکەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵبهێنجرێت و بەدەست بهێنرێت.

## دەسپێکی بیروباوەڕە فۆرمالیستییەکان لە ڕەخنەی نوێدا

بە چاوپۆشی لە پێشینەی گرنگیدان بە فۆرم لە بۆچوونی کەسانی پێشـتر تا کۆڵدڕیج پێویسـتە لێکدانەوە و بەدواداچوونێکی ڕێکوپێک و دروسـتی فۆرمالیزم لە بۆچوونەکانی فۆڕمالیسـتە ڕووسـەکاندا پشکنینی بۆ بکرێت.

سـەرەتـا یـا هەوەڵین دەرکەوتنی فۆرمـالیزمی ڕووسـی لە نامیلکەیەکی (ڤیکتۆر شـکلۆفسـکی)دا بەناونیشـانی(زیندووبوونەوەی وشـەکان)دا بەرچاودەکەوێت، کە لە سـاڵی ١٩١٤دا بڵاوکرایەوە . ئەو هـەموو جۆرە ڕاڤەکردنێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بۆ بەرهەمی

ئەدەبی ڕەتـدەکردەوە و بەهـای هونەری بەرهەمەکە بە جیـاواز لە هەڵویسـت و بیروباوەڕە تایبەتە دەرەکییەکان و بگرە بە جیا لە ژین و ژیانی تاکەکەسی نووسەردا لەبەرچاو دەگریت.

فۆرمالیزمی ڕووسـی وەکو قوتابخانەیەکی چالاک لە دەوروبەری سـاڵی ١٩٢٠ز دا دەسـتی بە برەو و گەشـەسـەندن کرد و هەر لە هەمان دەسـپێکدا لەژێر کاریگەری دیاردەناسـی(phenomenology) هۆسرێل و بۆچوونە زمانەوانییەکانی فردیناند دی سۆسێردا بوو.

ئەم فۆڕمالیستانە جەختیان لەسـەر فۆرم و تەکنیک (device) و نـامۆیی(strangeness)دەکردەوە و لەسـەر ئەم بـاوەڕە بوون، کە زمانی میکانیکی یا کارەکی نزمە و خاڵییە لە جوانکاری و نازکی و پێویسـتە بە یارمەتی زمانی ئەدەبی و زەمینەسـازییەکانی زمانی ئەدەبی نموونە و شـێوە باوە دەنگی و ڕێزمانی و پلۆتییەکان تێک بشکێندرێن. ئەوان وا بیریان دەکردەوە، کە نامۆیی دەبێتە هۆی تەڕی و پاراوی و چالاکی و زیندوێتی بەرهەمی ئەدەبی و هەوڵ و تەقەلای هەموویان لەوانە (شـکلۆڤسـکی) و (یۆری تینیانۆڤ) و لە کۆتاییشـدا (ڕۆمان یاکۆبسـن) و (ڤلادیمێر پرۆپ) و (ئایخینباوم) و ئەوانیتر هەر لەم زەمینەیەدا بووە. ژیانی فۆرمالیزمی ڕووسـی، کە لە کرۆک و هەناوی چالاکی خۆیدا چەند قۆناغێکی تێپەڕاندبوو بەهۆی فشارەکانی سـیسـتمی مارکسـیسـتی و بەرهەڵسـتیکارییەکانی ڕەخنەگرانی مارکسـیسـت کۆتایی پێهات و بە گوێزانەوەی تێڕوانینەکانیان بۆ

پۆڵەندا و چیکۆسلۆڤاکیا لەماوەی نێوان هەردوو جەنگدا بنەڕەتی تیۆری بنیاتگەرایی دارێژرا، بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە، کە ئەگەر ئەو ڕیزبەستنەی سوپای ڕەخنەگرانی مارکسیستیش لە بەرامبەر فۆرمالیستەکاندا نەبوایە، ئەوا هەمدیسان لە کۆتاییدا بنچینەی تیۆری پتەوی فۆرمالیستەکان دەربارەی یەکێتی فۆرم و ناوەرۆک بە خستنەڕووی تیڕوانینگەلێکی نوێتر، کە بەهۆی بنیادگەرەکان و جێنشینەکانیان واتە پۆست بونیادگەرەکان دەرکەوتبوو دەڕوخا، ئێستا ئەگەرچی دەبێت قسەی (ڕینێ ویلک)ی ڕەخنەگر و تیۆردانەری دیاری ئەمریکی پەسەند بکرێت و بڕوای پێبکرێت بەوەی، کە دەڵێت لە ڕۆژگاری ئێمەدا فۆرمالیزم بە واتا پتەوەکەی خۆی جگە لە پەیگەرێکی بێ گیان شتێکی دیکە نییە، بەڵام بێ گومان پێگەی فۆرمالیستەکان لە خستنەڕووی بابەتگەلێکی یەجگار گرنگ و ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەی، کە لە قەڵەمڕەوی ڕەخنەی ئەدەبیدا هێنایانەکایەوە، هەرگیز ناتوانرێت لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا لەبەر چاوان ون بێت.

## چەمکی شێوە یا فۆرم

درککردنی ڕاست و دروستی تیۆری فۆرمالیستەکان و ئاشنابوون بە پرۆسەی شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەم میتۆدەدا بەبێ ئاگاداربوون و شارەزابوون لە چەمکی شێوە یا فۆرم شتێکی شیاو نییە.

چەمکی شـێوە لە بیری ڕەخنەگرانی ئەدەبیدا سـەرەڕای هەبوونی پێشـینە کۆنەکەی خۆی هەمیشـە لە تێڕوانین و تێگەیشـتنێکی جیاواز سوودمەند بووە. فۆرم لە واتا تەقلیدییەکەی خۆیدا بە شێوە یا شکڵی دەرەکی بەرهەمەکە دادەنرێت و بەم هۆیەوە لە ئەدەبی کلاسـیکدا شـێوە بە واتای شـکڵی ڕووکەشـی و بینای دەرەکی بەرهەمەکەیە و کاتێک کە قسە لەبارەی قاڵب یا شێوە دەکرێت هەمیشە مێشک بەرەو لای شێوە دەرەکییەکان و قاڵبە شیعرییەکانی وەک قەسیدە و غەزەل و مەسـنەوی و هاوشـێوەکانیان دەڕوات. چەمکی شـێوە لە ئەدەبی خۆرئاوشدا هەندێجار ڕاستەوڕاست بە واتای قاڵب و چوارچێوەکانی بەرهەمەکە خراوەتەڕوو و بەم هۆیەوەیە، کە داسـتان یا تراژیدیایان بە جۆرێک لە جۆرەکان بە قاڵب هەژمار کردووە. لە تێگەیشـتنێکی وەهادا شـێوە بە جودا و جیاواز لە ناوەرۆک باسـی لێوەکراوە، لەکاتێکدا لە بۆچوونی ڕەخنەگرانی پاشـتر و نوێدا شـێوە تەنیا بە واتای هۆکاری شـکڵ پێدەری بەرهەم و یا قاڵبێک بۆ لەخۆگرتنی نـاوەرۆک نییە. لەسـەر بنەمـای ئەم بیروبـاوەڕە لە بەرهەمێکی سـەرکەوتووی ئەدەبیـدا نـاتوانرێـت فۆرم و نـاوەرۆک لە یەکتر جیابکرێنەوە.

تێڕوانین و تێگەیشـتنی نوێ بۆ فۆرم بەرامبەر بەوەی، کە (کۆڵدریج ) وەکو شـێوەی ئۆرگـانیکی(organic form) یـا (قـاڵبی زینـدوو) خسـتیەڕوو بەرفراوانییەکی زیـاتری بەخۆیەوە بینی. لە

تێڕوانینی (کۆلدریج)دا شـــیعر هەروەکو گیایەک بە یارمەتی هێزە ناوەکی و زگماکییەکانی خۆی گەشـــە دەکات و شـــکڵ و شـــێوە وەردەگرێت و شـێوەی دەرەکی و ناوەکی خۆی بەدەســـت دێنێت و بەم هۆیەوە ناتوانرێت قالّبێکی پێشتر دروستکراو دوور لە بارودۆخە ناوەکییەکان و جیا لە بەشـە پێکهێنەرەکانی شـیعر لەسـەر شـیعرەکە باربکرێت. خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە بەشە پێکهێنەرەکانی فۆرم یـا شـــێوە تەنیـا لە پێوەنـدی لەگەڵ ئەو گشـــتگیرێتییەی کە لە بەرهەمەکەدا هەیە دەبنە خاوەنی واتا و واتا پەیدا دەکەن. پێویســـتە تۆوی تیۆری کۆلّریج دەربارەی ئەم تێگەیشـــتە تایبەتە بۆ فۆرم لە نامیلکەی (فیدرۆس)ی ئەفلاتوون بەدواداچوونی بۆ بکرێت. سـوکرات پرۆســەی هاتنەکایەوەی وتارێکی بە گەشــەکردن و نەشـونماکردنی بوونەوەرێکی زیندوو بەراورد کردووە و کۆلریج لە حەقیقەتدا هەمان تیۆری پەرەپێداوە. ئێستا پێویستە دان بەوەدا بنرێت، کە سـەرنجدان لە فۆرم وەکو (بوونێکی ئۆرگانیکی) قەرزارباری هەوڵ و کۆشــشــی تێکڕای ڕەخنەگرانی ڕۆمــانتیکی ئەدەبی ئەوەروپی کۆتــاییەکــانی سەدەی هەژدەم و نۆزدەیەمە، چونکە ئەوان زۆربەی کات بە دیدێکی بایۆلۆژیانە و زیندەورناســـانە لە ئەدەبیان دەکۆڵییەوە و بەرهەمە ئەدەبییەکــانیــان بە بوونەوەرگەلێکی زینــدوو دەچوانــد،بەڵام ئۆرگانیکیەتی بەرهەمی ئەدەبی لە چوارچێوەی ئەو هێزە خەیاڵییەیە، کە لەناو بەرهەمەکەدایە و ئەو شـێوە وەرگرتن و گۆڕانکاریانەی، کە

لە بەرهەمەکە پەیدا دەبێت بەهۆی ئەم هێزی خەیاڵکردنە دێتەکایەوە، چونکە بە کۆمەکی خەیاڵ و داهێنانێک کە لەژێر سایەی ئەودا پێکدێت تەنیـا جۆرە کۆبوونەوە و پێکەوەگرێـدانێـک لە نێوان بەشـــە پێکهێنەرەکانی بەرهەمەکەدا دروســــت نابێت، بەڵکو بارودۆخێکی پەرەسەندن لە ناوک یا تۆوی سەرەکی پەیدا دەبێت و بەم هۆیەوەیە، کە ڕەخنەگرانێکی وەک (دیچز) لەســــەر ئەم باوەڕەن، کە شـــێوەی ئۆرگانیکی شتێک نییە جگە لە بەرهەم و بەروبوومێکی خەیاڵ کردن.

ڕەخنەگرانی ئەدەبی لە تێڕوانینە نوێکانی خۆیان بۆ شـــێوە، ئەو بەشانەی کە لەناو بەرهەمێکدا هەن بە خاوەن چالاکیەکی کارلێککاری دادەنێن، چونکە هەر کامیکیان بە ئەندازەی خۆی ڕۆڵی لە یەکخستن و ئۆرگانیکیەتی بەرهەمەکە هەیە.

هـارۆڵـد ئۆزبۆرن(Harold Osborn) دەربـارەی ئەم کـارلێـک و لێکدانەبڕاوییە دەڵێت: پەیکەری شـــیعر ، بنیاتی کێش و ســـەروا، ســـازگاری مۆســـیقایی و زەمینەســـازییە تایبەتەکان، هیچ یەکێکیان ناتوانن بە جیا لە ناوەرۆکی واتایی شـــیعر لەئارادا بن و لەبنەڕەتدا هەر شـــیعرێک پێویســـتە وەکو قەوارەیەکی گشـــتگیر و یەکگرتوو بخرێتەڕوو تا ڕوون بێت و شـــیاوی درککردن بێت. لەســـەر ئەم بنەمایە دژایەیەتییەک لەنێوان شـێوە و ناوەرۆک لەئارادا نییە، چونکە هیچ یەکێکیان ناتوانن بە بێ ئەوەی دیکەیان بوونیان هەبێت و بەم

هۆیەوە جیاکردنەوەیان لە یەکتر وەکو ئەوە وایە کە هەردووکیان نابووت بکرێن.

لەگەڵ ئەم دەسپێک و سەرەتایەی، کە باسکرا ئەوە دەردەکەوێت، کە شیعر بە هیچ هۆکارێکی دیکە وابەستە نییە جگە لە دەستەیەک لەم پەیوەندییانە نەبێت، ئەرکی ڕەخنەگری ئەدەبی ئەوەیە، کە ڕەگەزەکانی پەیوەندییەکی لەم چەشنە بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. هەرچۆنێک بێت ئەوەی گرنگە خستنەڕووی ئەو خاڵەیە، کە جیاکردنەوەیەکی کۆن و دێرین کە هەمیشە لەنێوان شێوە و ناوەرۆکدا لەئارادا بووە ئێستا شیاوی ئەوە نییە بەرگری لێبکرێت.

## پرۆسەی ڕەخنەی فۆرمالیستی

بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی بکەوێتە ژێر تێڕامانێکی ڕەخنەگرانە پێویستە بەرهەمەکە بە جیا و دوور لە نووسەر و ژیانی نووسەر و ترس و پەیوەندی و ململانێکان قسەی لەبارەوە بکرێت. ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەم چەشنە دەشێ بۆ مامۆستا تەقلیدییەکانی ئەدەب بە شتێکی ناوبۆش و بێمانا بێتە بەر چاو، چونکە وا باو بووە، کە لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە هەنگاوی یەکەمدا جەخت لەسەر بیروباوەڕەکان و کەسایەتی نووسەر و هەروەها نووسین و قسە و یادەوەرییەکانی نووسەر بکاتەوە - هاوشێوەی ئەوە لە ڕەخنە ڕۆژنامەییەکان بەرچاو دەکەوێت.

ڕەنگە جیاکردنەوەی بەرهەم لە خاوەنەکەی ئەم بابەتە بهێنێتە گۆڕی کە هەرچۆنێک بێت لە پشـــت هەر بەرهەمێک نووســـەر یا شاعیرێک هەیە، کە قسە لەگەڵ کەسانی دیکە دەکات و ئەو کەسێکە کە بەرهەمەکەی هێناوەتەکایەوە و کەسانی دیکەی بە گوێگر داناوە ، کەواتە چۆن دەتوانرێت ئەو نادیدە بگیرێت. لە ڕوێکی دیکەوە هەر بەرهەمێک ڕەگ و ڕیشـــەیەکی مێژوویی هەیە، مێژووی ئێســـتا و ڕابردوو، لەبەرئەوە ناتوانرێت پێگەی ئەو بەرهەمە لە بونیات و سیاقێکی مێژووییدا فەرامۆش بکرێت.

ڕەخنەگری فۆرمالیست بە ئاگاداری و داننان بە هەموو ئەوانە، لە پلەی یەکەمدا ســـەرنجی خۆی دەخاتە ســـەر دەقەکە ، چونکە ســـەرنجدان لە نووســـەری بەرهەمەکە دەبێتەهۆی ئەوەی هۆش و ســـەرنجی ڕەخنەگری ئەدەبی بەرەو چەند بابەتێکی ژیاننامەیی و ڕهەندگەلێکی دەروونناسی بڕوات . ئەم بابەتانە ئەگەرچی دەتوانن بە ئەندازەی خۆیان بەهادار بن، بەڵام تێکەڵاوکردنیان بە دەق کارێکی دروســـت نییە. ئەم بابەتانە دەتوانن پرۆســـەی هاتنەکایەوەی بەرهەمەکە شـــیبکەنەوە، بەڵام توانای ڕوونکردنەوەی بونیاتی ئەو بەرهەمەیان نییە کە هاتۆتەکایەوە. لە روێکی دیکەوە. ئەو بابەتەی باســـیان لێوەکرا دەتوانن لە هەموو جۆرە بەرهەمە ئەدەبییەکان لە لاوازەوە تا بەهێز و بگرە لەوەشـــی کە نائەدەبییە بخرێنە بەر باس و

هەڵبەت لێکۆڵینەوەیان لێناکرێت بە ئامانجی ســــەرەکی و خوازراوی ڕەخنەگری ئەژمار بکرێت.

هەوەڵین هەنگــاو لە شــــیکردنەوەی فۆرمــالیســـــتیــانەدا خــوێـنـدنەوەیەکـی ورد و زیـرەکـانەی بەرهەمـی ئەدەبـیـیە بە هەســـــتیارییەکی تایبەت بەرامبەر وشـــــەکان و واتای بنەڕەتی یا ئاشکرا(Denotative) و واتای شاراوە یا سەربار (Connotative) تەنانەت بنج و ڕیشەی وشەکان(بە سوود وەرگرتن لەو فەرهەنگانەی کە هەن) بۆ بەدەستهێنانی چەند سەرەداوێکی بەسوود بە مەبەستی گەیشتن بە ناوەرۆک و واتای بەرهەمەکە.

ســەرنج و تێڕامانەکانی ڕەخنەگر لە وشــە کلیلییەکاندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە پەیوەســت بوون و چوونەپاڵ یەکیان داهێنەری بەشـێکی ســەرەکی شـێوەی ئۆرگانیکی شـیعرە و لە ڕوێکی دیکەوە ئەم وشــــانە بە بنچینە و بناغەی ناوەرۆکە گشــــتییەکان هەژمار دەکرێن. ئەم هەوڵەی ڕەخـنەگـر دەتـوانـێــت پەل بـۆ دركـكـردنـی کـاریگەرییە تـایبەتییەکـانی بەرهەمەکە بهـاوێژێـت لەڕێگەی پـاش و پێشکردنی وشەکان، یا ئامادەیی و بەکارهێنانی تایبەتی جێناوێک، بۆ نموونە جێناوە لکاوەکان(جێگۆڕاوەکان).

خاسیەت و شێوازێک، کە لە هۆنراوەکانی حافز و بە ئەندازەیەکی کەمتر لای سەعدی لە چەند نامۆییگەراییەکی تایبەت و چەند لادانێکە لە بــاو ســــەرچــاوەی گرتووە ، کە بوونەتە هۆی گەیــانـدن و

کاریگەرییەکی هونەری ناوازە و باڵا. لێرەدا جیاوازییە بچووکەکانی ڕێزمان و پشـــودان و هەڵوەســـتە و جەختکردنەوەکانیش دەکرێت واتادار بن، چونکە هەموویان هۆکارگەلێکن کە شـــێوەی بەکارهێنانی زمان دەگۆڕن. ئەم بەشـــە لە گۆڕانکارییەکان دەبنە مایەی دەســـت تێوەردان لە ئاخاوتنی میکانیکی یا گوزارشـــتە دوبارە و مردووەکان بۆ هێنانەکایەوەی ئەفراندنیکی هونەری تازە یا داهێنانێکی نوێ و لەبنەڕەتدا فۆرمالیستەکان هەمیشە بەدوای ئەم تەکنیکانەدا دەگەڕان، تەکنیککگەلێک، کە نووسەران بۆ هێنانەکایەوەی کاریگەرییە تایبەتەکان بەکاریان دەهێنا. لەتەک ئەوەی وترا سەرنجدان لە بنیات و شێوەکانی دەربڕین و گوزارشـــتکردنی گوتاریش شـــتێکی گرنگە، چونکە بۆتە مایەی چەند ســـودبەخشـــینێکی تایبەت لە پێکهاتن و شـــێوەگیری بەرهەمەکە.

جیاکردنەوەی بەش و بەندە ناوەرۆکییەکان بۆ چەند جۆرێکی شـیعر- شـیعرە وەرگێڕدراوەکان لە زمانەکانی دیکە و نموونەگەلێک لە هۆنراوەکانی نوێگەرەکان- بەبێ ئەوەی هیچ بەشـــێک لە پەیکەری گشـــتی شـــیعرەکە داببڕێـت دەکرێـت ببێتە هۆی ڕاڤەکردن و شـــیکردنەوەیەکی چاکتری شـــیعرەکە. لەبارەی چەندین بەرهەم، کە خاوەن بنیاتێکی ڕوکەشـی(Surface Structure) پچڕاو یا ڕواڵەت پچڕاون، نیشاندانی شیکردنەوەیەکی لەم چەشنە بەبێ دەستگەیشتن بە ئاســـتی قووڵی واتایی(Deep Structure) و تیمەی شـــیعرەکە

شتێکی نەشیاوە.شایەنی گوتنە لە هەندێک لە هۆنراوەکانی شاعیرانی نوێ لە شـــێوازی هیندیدا خوێنەر و ڕەخنەگر ناچارن بەهەمان ئەو بنەڕەت و بنیاتە ناوەرۆکییانەی، کە لەڕێگەی تاک تاکی دێڕەکان بەدەســـتی دەهێنن خۆیان قایل بکەن . درککردنی پێوەندی نێوان وێنەکان دەبێتە هۆی تێگەیشـــتنی یەکێتی هونەری لە شـــیعردا. ئەم یەکێتییە دەتوانێت بەدەر لە زەمینە هونەری و ســـتاتیکییەکانی خۆی خاوەن ڕەهەندگەلێکی سۆزداری بێت- هاوشێوەی یەکێتییەک، کە لە شیعرە زیندانینامەیی و لاواندنەوەکاندا بەرچاو دەکەوێت.

بوارێکی دیکەی کاری ڕەخنەگر ســـەرنجدانە لە تیل نیشـــان و ئەفســـانە و ئاماژە مێژوویی و ئەدەبییەکان، بۆ نموونە تێگەیشـــتنی واتای وردی زۆرێک لە دێڕەکانی حافزی شاعیری ناوداری فارسی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم جۆرە تیل نیشـــانانە و وردەکاری گەلێک فەراهەم نابێت.

ڕەخنەگری فۆرمالیســـت ســـەرباری لەتەک یەک دانانی ڕەهەندە وشەیی و ڕێزمانی و کێشی و لایەنە دەنگییەکان و چنین و ناوەرۆک و پلانی بەرهەمەکە پێویســـتە بتوانێت ڕێگەیەک بەرەو قالب و پەیکەری بەرهەمەکە بدۆزێتەوە. ئەم بابە لە ئەدەبی چیرۆکیدا بە یارمەتی درککردنی گونجانی بونیاتی چیرۆک لەگەڵ واتا و پەیامی چیرۆکەکە بەدەست دەهێنرێت.

تەواومەندێتی ڕێژەیی لە پرۆسەی شیکردنەوەی فۆرمالیستیانەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان لەسەر بنەمای ئەوەی وترا لەمەدا کورت دەبێتەوە، کە تەواوی ئەو ڕەگەزانەی کە لەناو بەرهەمی هونەریدا هەن بەپێی شێوە دیار و هەستپێکراوەکەی بەرهەمەکە ڕاڤە دەکرێن، هەروەها پێویستە ئەوە باس بکرێت، کە ئەگەرچی ماهییەتی شێوە(فۆرم) لە ژانرە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکاندا تارادەیەک لێک نزیکن، بەڵام بێگومان بۆ ڕەخنەگری فۆرمالیست شیکردنەوەی شیعرە لیریکییە مەیلەو کورتەکان بە گونجاوترین ژانری ئەدەبی هەژمار دەکرێت. ئەم شتە بەو هۆیەوەیە کە کورتی بەرهەم ئەم بوارە بە ڕەخنەگر دەدات کە بتوانێت بە ئاسوودەیی بەرهەمەکە بخاتە مێشکیەوە و پێداچوونەوەی بۆ بکات و دەربارەی بەشە جیاوازەکانی بەرهەمەکە وێڕای هەبوونی تێگەیشتنێکی گشتی، سەرنج و تێڕامانێکی ڕەخنەگرانەی هەبێت.

## ڕەخنە و شیکردنەوەی غەزەلێکی حافز

سرو چمان من چرا میل چمن نمی کند
همدم گل نمی شود، یاد سمن نمی کند
دی گلەای ز طرەاش کردم و از سر افسوس
گفت کە این سیاه کج گوش بە من نمی کند
تا دل هرزە گرد من رفت چین زلف او
زان سفر دراز خود عزم وطن نمی کند

پیش کـــمان ابرویش لابه همی کـــنم ولی
گوش کشیده‌است، از ان گوش به من نمیکند
با همــــه عطف دامنت ایدم از صـــبا عجب
کـــز گـــذر تو خاک را مشک ختن نمی کند
چون ز نســـیم می شود زلف بنفشه پرشکن
وه که دلم چه یاد از ان عهدشـــکن نمی کند
دل به امید روی او همدم جان نمی شــــود
جان به هوای کـــوی او خدمت تن نمی کــند
ساقی سیم ســـاق من گر همه درد می دهــد
کیست که تن چو جام می جمله دهن نمی کند
دست خـــوش جفا مکن ان رخم کـــه فیض ابر
بی مدد سرشـــک من در عـــــدن نمی کـــند
کشـــته غمزه تو شد حــــافظ ناشـــنیده پند
تیغ سزاست هر که را درد ســـخن نمی کـــند

## شیکردنەوەیەکی فۆرمالیستیانە

له غەزەلەکانی حافزدا وێڕای ســـەرخان(ئاســـتی ســـەرەوە)[٥]ێکی شـکڵ و شـێوە پچڕاو کە تایبەتمەندی پاک و بێگەردترین شـیعرەکانی حافزە پێویســـتە ناوەرۆکی شـــیعرەکە لە ئاســـتی قووڵ(ژێرخان)ی

٥ .surface structure.

غەزەلەکە گەڕان و بەدواداچوونی بۆ بکرێتـــــــ بەڵام پێکەوەلکانی ســــەرخانی ئەو غەزەلەی ســــەرەوە بەو ئەندازەیە مامناوەندە کە بتوانرێت بە ئاسوودەیی پەیامی شاعیر درک بکرێت.

هەموو وردەکاری و جوانییە دەربڕینی و هونەرییەکانی خواجە لەم غەزەلەدا نیشـــاندەری ئەوەیە کە شـــاعیر بێبەشـــە لە ویســـاڵی مەحبووب و بە گەیشتنی بەهار پەرۆشی و جۆش و خۆشی لە ناخی خۆیدا بەگڕ و تینتر دەبینێت، بەو هەموو حەســرەت و فیراقە هێشــتا هۆکـارەکـانی ئومێـدی گەیشــــتن بەو لە دڵی خۆیـدا نـامرێنێت و هەوڵدەدات تا گەیشــــتنی بەهار هۆکار و پاڵنەرێک بۆ ڕاکێشــــانی ســــەرنج و ڕووتێکردنی مەحبووبی خۆی بهێنێتەکـایەوە. ئەو لەم پێنـاوەدا لە بری ئەوەی مەحبووب ســــەرزەنشــــت بکـات بەدوای ڕاکێشانی میهری یارە بەرەوە لای خۆی.

بە سـەرنج و تێڕامانێک لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم شـیعرە ئەوە دەبینین کە چۆن ڕەگەزە وێنەیی و ڕەوانبێژییەکان و ڕەهەندە مۆســـیقـاییەکـان و بەکـاربردنە وشــــەیی و تەکنیکە هونەرییە جۆراوجۆرەکـان بەکـار دەهێنرێن تـا یەکێتییەکی هەمەلایەنە بە پەیکەری ئەم شیعرە ببەخشن.

قســـە و گوفتاری شـــاعیر خســـتنەڕووی هەســـتێکی قووڵە لە بچووکترین و پوختترین شـــێوەی خۆیدا کە دە دێڕ دەگرێتەوە بە سوودەوەرگرتنگەلێکی زۆر لە کورتکردنەوەیەک کە هەمیشە شیاو و

گونجاوە لەگەڵ شـــکڵ و شـــێوەی غەزەلە چاک و بێگەردەکان لە شـــیعری فارســـیدا و ئەوە لەیاد نەکەین کە نموونە لیریکییەکان زۆربەی کات داوای جۆرە کورت و پوختییەک دەکەن. دەربڕینگەلێکی وەک (سرو چمان=خواستنە بۆ مەحبووبی بەژن و باڵا جوان)، (گلە= گلەیی)(دل هرزە گرد= دڵی وێـڵ)، (لابە=پـاڕانەوە)، (یـاد= یـاد) لە مەحبووبی پەیمان شـــکێن، (امید= ئومێد)، (هوا= حەزوو ئارەزوو)، (دسـتخوش جفا= دیلی جەفا ) و (کشـتە غمزە= کوشـتەی غەمزە) لە دیارترین ئەو وشـە و دەسـتەواژانەن کە بەدوای یەکداهاتنی تەوەر و لایەنە ناوەرۆکسـازییەکانی شـاعیر و پانتایی سـۆزداری شـیعرەکە لە کێشە هێمن و مامناوەندەکەی ئەم غەزەلە نیشان دەدەن.

هەر لە هەمان دەسپێکی شیعرەکەدا دەتوانرێت ئەوە درک بکرێت، کە ڕووی قسە بەرامبەر مەحبووبێکە کە بە گوزارشتی (سرو چمان) باسی لێوەدەکرێت، مەحبووبێک کە باڵای بە بەرزی سەروو و ناز و لەنجەی لە ســەما و لەنجەی ســەروو دەچێت. ئەم گوزارشــتە(ســرو چمان) لەگەڵ وشەی (چمن= چیمەن) کە بە مەودایەکی کەم لە هەمان نیوەدێڕدا هـاتووە، هەروەهـا بوونی نەبزوێنی(چ) لە وشـــەی(چرا= بۆچی)دیاری و بەرجەســتەیی وەردەگرن، بەم هۆیەوە (ســرو چمان) هاوتەریب لەگەل باری واتایی و گەیاندنی خۆی لە هۆشدا جێگیری و بەرقەراری بەدەســت دێنێت و جێدەگرێت. وشــەکان زۆربەی کات بە هۆی ڕەگەزدۆزی و بەتایبەت ڕەگەزدۆزی گەلێک کە نیشـــاندەری

پەرۆشـــی و ئارەزوو یا نیمچە حەز بن دیاری و بەرجەســـتەیی وەردەگرن. شـــاعیر لەم تەکنیکە هونەرییەدا ســـەربـاری دوبارەکردنەوەی وشەکان سوودی لە گونجاندنە وشەییەکان و چەند ڕەچاوکردنێکی گونجانی(تناسب یا مراعات النظیر) وەرگرتووە کە لە چەند شوێنێکی ئەم غەزەلە بەرچاو دەکەون بە مەرامی دەرخستن و بەرجەســـتەکاری وشـــەیی. بە هەمان شـــێوە لە دێڕی دواتریش دوپاتکردنەوەی چـار جـاری نەبزوێنی(س) بەشـــێوەی بڕگەیەکی چڕوپڕ لەنێوان دوو نەبزوێنی (ش)وشـــەکـانی دێڕەکەی دیـار و بەرجەستە کردووە:

**دی گلەای ز گرەاش کردم و از سر افسوس**

**گفت کە این سیاە کج گوش بە من نمی کـند**

شـــاعیر دەربارەی مەحبووبەکەی خۆی کە بێگومان مەحبووبی ئەم دونیایە و لە دەرەوەی بازنەی بوونی تایبەتی سۆفیگەرییە بێجگە لە ســێ دێڕ: چوارەم و نۆیەم و دەیەم بەشــێوەی نائامادە(غایب)، یا کەســی ســێیەم قســە دەکات ، بە گوێگردانانی مەحبووب و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو لە شوێنەکانی دیکەدا هەوڵێکە بۆ هێنانەدەرەوە و دورخســـتنەوەی گوتار لە شـــێوازی دووبارە و جاڕســـکەری نیشـاندانێکی تەواو گێڕانەوەیی. ئەم چەشـنە ســەرنج و ئاوڕدانەوانە دەکرێت لە کورتکردنەوەیەکی غەزەلیدا وەکو تام و بۆیەک بێت بۆ نەهێشتنی وەڕزی و بێزاری.

پـــانتــایی گشـــــتی گوتــارەکە گــازانــدەیەکی تێکەڵ بە چەنـد وەسـفکردنێکی جوانی مەحبووب پێکدەهێنێت ئەو وەسـفکردنانەی کە لە مەحبووبەوە دەســــت پێدەکەن و پاشـــان دەگەن بە ئەندام و پـارچەکـانی جەســـتەی ئەو و دووبـارە بەرەو خودی مەحبووب دەگەڕێنەوە.

لێکچوانـدنی مەحبوب بە(ســــەروو)و بـاســــکردنی هـاودەمی و هـاوســــۆزی ڕابردووی ئەو لەگەڵ گوڵ و یاســـــەمین هەوڵێکە بۆ هێنــانەکــایەوەی بەراوردکردنێکی نــاڕاســـتەوخۆ لەنێوان جوانی مەحبووب لەگەڵ ســەروو و گوڵ و ســەمەن(دێڕی یەکەم). گلەیی لە زوڵفی مەحبووب و کـاردانەوەی گـاڵتەجـاڕانە و پڕنـاز و مەکری گێسووی ئەو و پاشان هاوتاکردن و هاوشێوەکردنی ڕەنگی ڕەش و لولی زوڵفی مەحبووب بە(سیە کج= بەدڕەفتار، بە پۆشین(التوریە) بۆ ڕەش لە واتای کۆیلەی ڕەشپێست ) گوزارشتی شاعیر بەرچاوییەکی بەهێزتر وەردەگرێت. (دێڕی دووەم).

کـاتێک کە لە دێڕی دواتردا گێســـــوو(کەزی)ی مەحبووب لە زراڤی ودرێژیــدا بە چین(= ڕێگەی چین و بەرفراوانییەکەی بە هەموو ســـەیروســـەمەرەکانی و پۆشــین(ایهام= التوریە) بە زوڵفی لول لول) هاوتا و هاوشێوە دەبن وەک بڵێی ئەو وەسفکردنە کامڵتر و تەواوتر دەبێت(دێڕی سێیەم). لەتەک هەموو ئەمانەدا وشـەکانی (سفر دراز= گەشـــتی درێژ) و (چین= چین) و (عزم وطن= خواســـــت و

خۆشەویستی نیشتیمان)زەمینەیەکی سۆزداری غەمناکانەی غەمی غەریبی و هیجران کە نیشاندەری(گەشت و مەترسییەکانی) دونیای کۆنە، دەهێنێتەوە یاد.

پاڕانەوە و لالانەوەی عاشق لە بەرامبەر ئەبرۆی مەحبووب، کە بە کەوان چوێندراوە و بێباکی ئەبرۆی مەحبووب (= گوش کشیدن یا گوشە کشیدن= واتە گوێ کشاندنەوە بۆ دواوە کە خوازەیە لە گوێ پێنەدان و ئاوڕ لێنەدانەوە، بە پۆشین(ئیهام) بەواتای بردنە سەرەوەی ئەبرۆ وەک نیشانە و ئاماژەیەک بۆ بێ مەیلی و بێ نیازی دێت) یش کۆششێکی دیکەیە بۆ داهێنانە گوزارشتییەکانی شاعیر لەم غەزەلەدا لەهەمان کاتدا (بە کەس کردن)ێکی دیکەیە، چونکە قسەکردن لەگەڵ ئەندامەکانی جەستەی یار کۆششێکە لەپێناو هێنانەکایەوەی ناسنامە یا کەسێتییەکی مرۆیی(= بە کەس کردن)ە.(دێڕی چوارەم)

شاعیر دوای ئەوە لە سەراپای جەستەی مەحبووب و بۆنخۆشی جەستەی ئەو ڕادەمینێت بەڵام بە دەربڕینێکی جیاواز لەو شکڵ و شێوە دوبارانەی کە ئاوەزی خوێنەر لە ترادسیۆنە باوەکانی هۆنراوەکاریدا خوی پێوەگرتوون و ئاڵوودە بووە پێیانەوە.

شاعیر لەوباوەڕەیە کە کاتێک لچکی بۆنداری کراسەکەی مەحبووب کە بۆنی جەستەی بۆندارانەی ئەوی لێدێت لە خاک دەخشێت، خاکیش بۆنخۆش دەکات و سەیرە گەر بادی سەبا خاکێکی بۆنداری وەها لە هەموو شوێنێک نەپرژێنێت و پاذتایی زەوی(=

خـــاک) بۆنــدار نەکــات! پێویســـــتە ئەوە لەبەرچــاو بگیرێــت کە وشــــەکانی(خـاک) و (خەتەن) بەهۆی هـاوشــــێوەبوونی نەبزوێنی سەرەتایان یەکتری دەردەخەن.

باســکردنی ســەبا و بۆنخۆشــی جەســتەی مەحبووب، مێشــکی شــاعیر لە دێڕی دواتردا بەرەو ناوەرۆکێکی دیکە پەلکێش دەکات کە لە وشەکانی (نسیم=نەسیم) و (بنفشە=بنەوشە)دا خۆیان دەردەخەن. شــاعیر لێرەدا جارێکی دیکە بە یارمەتی ئاماژەیەکی ناڕاســتەوخۆ و خوازەیی ئـامـاژە بە وەرزی بەهـار دەکـات کە کـاتی ئەم چیرۆکە دڵدارییەیە. هەوەڵین ئـامـاژەی کـاتی لە دێڕی یەکەمـدا بە یـارمەتی وشــەکانی(گل= گوڵ) و (ســمن= یاســەمین)نیشــاندراوە. بە گەیشــتنی بەهار و دەرکەوتنی شــــەپۆلی گەڵاکانی وەنەوشــــە یادی یار تازە دەبێتەوە، چونکە لولبوونی زوڵفی وەنەوشە کە بیرهێنەرەوەی زوڵفی مەحبووبە، تامەزرۆیی و خۆشــەویستی بۆ مەحبووبی پەیمان شــکێن لە دڵی شــاعیردا زیندوو دەکاتەوە. دوپاتکردنەوەی وشــەی(شــکن= شــکێن یا لوول)و هەبوونی ســێ بارەی نەبزوێنی (ش) چەشــنێک لە هەمەجۆری ســــۆزداری هێنـاوەتەکـایەوە، چونکە پـاتکردنەوەی ئەم نەبزوێنە گەیێنەری سۆز و هەڵچوونی شادمانییە و ئەم سۆزە شیاوە لەگەڵ زەمینەی کاتیی شیعرەکە و بیرهێنەرەوەی بەهارە.

خوازیاری پڕ لە پاڕانەوەی شــــاعیر و خســــتنەڕووی بێگوناهی عاشـقانەی ئەو هاوتەریب و هاوتایە لەگەڵ چەند زێدەڕۆییەکارییەکی

هونەری، زێدەڕۆییەک کە لە سایەی داهێنانە سەیرە گوزارشتی و ناوەرۆکییەکان دەبێتە مایەی کاریگەرییەکی یەجگار زۆر. ئەو کە گوێگری پەند و ئامۆژگاری کەسێک نییە لەبارەی خۆپارێزی لە مامەڵەی دڵداری ، مەعشوق ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە: ئەشکی بێگوناهانەی من کە وەکو دەریا فریادڕەسی هەورە، دەست لە یاری جەفاکارانەی خۆت بەرمەدە، چونکە مرواریەکانی دەریای عەدەن (= دەریایەک کە لە ئۆقیانووسی هیندی جیابۆتەوە لە باشووری خۆرئاوای سعودیە) گەوهەری پاکی و سەفای خۆیان لە ئەشکێکی پاکی لەم چەشنە وەردەگرن. سوود و بەرهەمی تیلنیشانکردن بە مروارییەکانی دەریای عەدەن هەوڵێکی هونەرمەندانەیە بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی سۆزداری ئەم شیعرە، بەهەمان شێوەش پێوەندی نێوان ئەشکی عاشق لەگەڵ ئەبرۆ و دەریا هەوڵێکە بۆ هێنانەکایەوەی جۆرە پەیوەندی و پێکەوەگرێدانێکی جیهانی و سەراپایی. پێوەندی و گرێدانی شاعیر و سۆزەکەی بە تەواوی بوون(وجود).

بوونی پاش سەروای(نمی کند= ناکات) کە یازدە جار لە غەزەلەکە دوبارە بۆتەوە، هاوتا لەگەڵ دوجار دوبارەبوونەوەی فرمانی (نمی شود= نابێت)لە دەقی غەزەلەک، ئەگەرچی نیشاندەری بارودۆخەکانی نائومێدی و پەرێشانییە، بەڵام تەنز و سکاڵایەکی هێمن کە جۆرە پرسیارکردن و نیشاندانی سەرسوڕمانییەکی لەتەکدایە دەرخەری

ئەوەیە کە هێشـتا دەزولە باریکەکانی ئومێدەواری ماون و شـاعیر بە پەنابردن بۆ ئەم دەزوولە باریکانەی ئومێد و لالانەوەی تەنزئامێزانەی خۆی هەوڵـدەدات دڵی مەحبووب نەرم بکـات و بەرەو لای خۆی ڕایکێشـێت، ئەگەرچی لە هیچ بارێکدا ترسـی پەسـەندکردنی ئازار لە ڕێگەی دڵدارییەوە لەدەسـت نادات و بە هۆکارەکانی دڵدانەوەی دڵی خۆی دەزانێت و هەوڵدەدات بۆن و بەرامەی بیرو هەسـتێکی لەم چەشنە سەراپای غەزەلەکە بۆندار بکات.

# پەراوێزەکانی فەسڵی یازدەیەم

1- Concepts of Criticism, by Renne Welled, Yale University 1963, p. 65.

٢- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص٨٩.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٨٩.

٤- فۆرمالیستەکان خۆیان لە شیکردنەوەی مێژوویي بەدوور دەگرن،چونکە تێگەیشتنمان بۆ راستییە مێژووییەکان بە تەواوی ڕێژەییە، هەر سەردەم و رۆژگارێک تێگەیشتنی تایبەتی خۆی هەیە، لە تیشکی درک پێکردنی مرۆڤدا هەیە.لەمەشیاندا کلریگەریي تێڕوانینەکانی (هێگل)یان بەسەرەوەیە.

٥-بۆ نموونە، شکلۆڤسکی ،کە خۆی بنیاتنەری فۆرمالیستی روسییە ، دواجار لەژێر فشاری مارکسیست و تروتسکیستەکان گۆڕانکاری گورەی بەسەر تیۆرییەکانی رابردوویدا هێنا.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ساختار و تأویل متن،ج ١، ص٤٦.

6-Practical Language.

٧- بڕوانە: ساختار و تأویل متن،ج ١، ص٤٥.

٨-ئەرستۆ وای دەبینێ ئفسانە لە چەند بەشێک پێکهاتووەو بە هەموویانەوە یەک (گشت) پێکدەهێنن، جیکردنەوەو جێگۆڕکێ پێکردنیان نەشیاوە،بەم تێڕوانەش لە (فۆرمی ئۆرگانیک) نزیک بۆتەوە. بڕوانە: فن شعر، پیشووتر،ص١٢٧.

٩- بۆ زانیاری زیاتر،بڕوانە: گفتاری دربارەء نقد ادبی،گراهان هوف، ص ٢٨٠-٣٤.

١٠- بڕوانە: ساختار و تأویل متن،ج ١، مر ٢٢٠ سەرنجی ئەوە دراوە،کە لە زۆر رووەوە، هەست و درک کردنی نووسەر لە بەرهەمەکەیدا لەگەڵ

ژیانی ئاسایي خریدا جیاوازە. یاکوبسنJacobson ئەو مەسەلەیەی لەسەر بەرهەم و ژیانی هەندێ لە نووسەران خستۆتەروو. بۆ زیاتر روونکردنەوە بڕوانە: هەمان سەرچاوە،ج ١، ل٤٦.

11- A Handbook to Literature, by, Hugh Holman and William Harmon،

Sixth Edition, New Yord 1992, p 203.

12-Structuralism

13-Concepts of Criticism, p. 65.

١٤- بڕوانە: فرهنک اصطلاحات ادبی، سیماداد، انتشارات مروارید، تهران، ص١٣٧٣،ص٢٣٢.

١٥- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

١٦-گفتار دربارهء نقد ادبی، ص ١٦٥.

١٧-هەروەک دیارە، ئەم تیۆرییە پێچەوانەی بیرکردنەوەی رەخنەگرانی کلاسیک و کلاسیکی نوێیە، چونکە شێوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێ بە پێی یاسا پێشبینیکراو و دەرەکییەکان بێتە بەرهەم،بڕوانە فرهنک اصطلاحات ادبی، ص٢٣٢.

١٨- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص٩٢.

١٩- بڕوانە: شیوه های نقد ادبی، ص ١٨٢-١٨٣.

20-Concepts of Criticism, p 55.

هەروەها بڕوانە:

A Handbook to Literature, p. 202.

21- Five Approaches of Literary Criticism, p. 180.

22-Concepts of Criticism,, p. 55.

23-The Formalist Critics», by Cleanth Brooks. The Kenyon Review، winter 1951, vol. XIII, No. 1, p.2.

24-The Formalist Critics ,,, p.3.

٢٥- راهنمای نظریه ادبی معاصر رامان سلدن، ترجمه عباس مخبر طرح نو، تهران ١٣٧٢،ص٢٠.

٢٦-بۆ نموونە لەم بەیتەی خوارەوەی حافظ دا:

سرکش مشو که چون شمع از غیرتت بسوزد

دلـــــبر که در کف او، مومست ســنگ خـارا

لەم بەیتەدا جێناوی لکاوی (ت)خاوەنی ڕۆڵێکی کارایە و لە ڕەوتی ئاسایي قسەدا دەردەکەوێ، جێناوی لکاوی «ازغیرت بسوزدت»٠ یا در بیتی از بوستان سعدی:

که چون بدگهر پرورم لاجرم          خیانت روا داردم در حرم

لێرەش جێناوی لکاوی (م) پێوەندی بە وشەی حەرەمەوە هەیە.، واتە:

خیانت روا دارد در حرمم

٢٧- بڕوانە: ساختار و تأویل متن،ج ١، ص٥٣.

٢٨- راهنمای نظریه ادبی معاصر ،ص٢٠.

٢٩- راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ص٩٧.

٣٠- هەمان سەرچاوە، ل٩٩.

٣١- همان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ڕەخنەی فۆرمالیستی، سەرەڕای پەراوێزەکانی ئەم فەسڵە بڕوانە:

-Victor Erlich, Russian Fromalism: Histore Doctorine, 3d ed (1969).

-Fredric Jameson, The prison - House of Language: A Critical Account of Structuralism and Russian Formalism (1972).

-peter Striner, Russian Formalism: A Metaphoric (1984).

# فەسڵی دوازدەیەم

# ڕەخنەی بنیاتگەری

### چەمکی گشتی بنیاتگەری

پێکهاتە یا بنیات لە واتا و چەمکدا چوارچێوەی ڕێکخراو و ئاشکرا یا نائاشکرای بەرهەمی ئەدەبییە. بنیاد لە ڕاستیدا بریتییە لە سیستمێک کە تێیدا هەموو پارچەکانی بەرهەمەکە بە کارلێک لەگەڵ یەکدا و لە سایەی پێکەوەلکانیان لەگەڵ یەکتریدا گشتگیرییەکی هاوئاهەنگ و گونجاو دەخولقێنن هاوشێوەی ئۆتۆمبێلێک، کە جووڵە و ئیشکردنەکەی بەرهەمی هەروەزی و هاوئاهەنگی پارچەکانیەتی.

لە شیکردنەوەیەک کە ڕەخنەی بنیاتگەری بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ نموونە بۆ پارچە شیعرێک دەیدات بەدەستەوە، ڕەهەندە دەرەکییەکان و زمانی بەرهەمەکە(= ئاستی سەرەوە= سەرخان) لە پەیوەندی و یەکانگیرییان لەگەڵ وێنە و لایەنە ڕەوانبێژییەکان و

هەروەها کرۆکی گشتی و ناوەرۆکی بەرهەمەکە(= ئاستی ژێرەوە= ژێرخان) بنیات پێکدێنن، بەدەربڕینێکی دیکە پێویستە ئەم بنیاتە بە واتای سیستمی گونجانی واتایی و ناوەرۆکی پارچەکانی بەرهەمەکە سەیری بکرێت، کە لە ئیشکردنێکی تێکچڕاو و خاوەن کارلێکدا قەوارەیەکی ئەدەبییان خولقاندووە[1]. ئەم هاوئاهەنگی و کارلێکەی پاژ و پارچە دەرەکی و ناوەکییەکانی بەرهەمەکە (پەیوەندییە بنیاتییەکان) دەخولقێنێت. بەشی دەرەکی واتە ڕستەکان، دەربڕینەکان، وشەکان ، دەستەواژەکان و هاوشێوەکانیان سەرخانی بەرهەمەکە پێکدەهێنن و بەشی ناوەکی و کرۆکی ژێرخان دروست دەکات و ئەم دوو ڕەگەزە واتە سەرخان و ژێرخان لە پەیدابوون و پێکهاتنی خۆیاندا قەرزاربازی کارلێک و ئامادەیی و هەبوونی یەکترن[2].

تێڕوانینی بنیاتگەری و یەکێتییەک کە بەهۆی کارلێک و بەیەکداچوونی بەشەکان و ئەندامەکان دێتەکایەوە لە بیرکاری و فیزیاوە هاتە ناو زیندەوەرناسی و لەوێشەوە هاتە ناو زماننناسی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئابووری و لە دەیەی شەستی سەدەی بیستەمی زایینیدا کەوتە سەر زمان[3] و ناوی کەوتە ناو ناوان و لەم کاتەوەیە، کە پێناسەگەلێکی جیاواز بۆ بنیات کراوە و تائەوەی کە (ڕینێ ویلک)ی ڕەخنەگری ئەمریکی بە ڕەچەڵەک ئەوروپی لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەناونیشانی(چەمکە ڕەخنەییەکان) ئەوە دەنووسێت: کە بەئاسانی دەتوانرێت سەدان پێناسە

دەربارەی(بنیات) بخرێتەڕوو. جیاوازی و هەندێجاردژیەکی نێوان پێناسەکان وەهایە کە مرۆڤ وا بەباش دەزانێت ڕاستەوڕاست پێناسە و زاراوەکان وەلاوە بنێت[٤] و وەکو دەسـپێک و دەروازەیەک بۆ چوونە ناو ڕەخنەی بونیادی لە بنچینە و بنەما بنیاتگەرییەکان بکۆڵێتەوە.

## فردیناد دی سۆسێر و بنیاتگەری

لە مێژووی بنیاتگەریدا هەمیشە بۆچوونەکانی زمانەوانی ناسراوی سویسری (فردیناند دی سۆسێر FERDINAND DE SAUSSORRE) بە بنچینە و بنەمای تیۆری بنیاتگەری لە زمانەوانی و بە پەیڕەویکردن لێی لە ڕەخنەی ئەدەبی هەژمار دەکرێت. تێڕوانینە شۆڕشگێڕانەییەکانی سوسێر لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی دەسپێکی سەدەی بیستەمدا ڕەوتی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و بەراوردکاری زمانی گۆڕی و چەند ڕوانگەیەکی نوێی لە لێکۆڵینەوە و باسکردنی زماندا ئاوەڵا کرد.

سۆسێر، کە دەرەنجامی دەسکەوتە زمانناسییەکانی خۆی لە گوتارەکانی ناو وانەکانی دەخستەڕوو تا کۆتایی تەمەنیشی هەلی چاپکردنیانی لەسەر شێوە کتێب بۆ نەڕەخسا، بەڵام خوێندکارەکانی سێ ساڵ دوای مردنی ئەو ، بەرهەم و بەروبوومی لێکۆڵینەوەکانی ئەویان لە ساڵی ١٩١٦ بە ناونیشانی (**چەند وانەیەک لەبارەی زمانناسی گشتییەوە**)[٥] بڵاو کردەوە.

ئەوەی بۆچوونەکانی سوسێر بە ڕەخنەی بنیاتی دەبەستێتەوە و وەکو دەسپێکێک بۆ لێکۆڵینەوە بنیادناسییەکان لە ئەدەبدا دەیناسێنێت خستنەڕووی بابەتی جیاوازییەکانە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زماندا، کە بەر لە هەموویان پێویستە باسی جیاوازی نێوان زمان و گوتن، جیاوازی نێوان نیشانە و نیشانە بۆکراو(دال و مەدلول)، لێکۆڵینەوەی دایکرۆنی و سینکرۆنی و تەوەر یا ئاستی ئاسۆیی و ستونی بکرێت.

## زمان و ئاخاوتن(گوتن)

سۆسێر بۆ یەکەمین جار ئەم لایەنەی خستەڕوو، کە زمان(langue) و گوتن(parole) جیاوازن لە یەکتر. سوسێر زمان بە کۆمەڵێک لە نیشانە و ئاماژە بڕیارلەسەردراوە[٦] تایبەتەکان دادەنێت، کە قسەکەرانی کۆمەڵێکی زمانی بۆ هێنانەکایەوەی پێوەندی لەگەڵ یەکتریدا بەکاری دەبەن و هەر کۆمەڵێکی زمانی سوود لە جۆرێکی تایبەتی ئەم کۆمەڵە ڕەمزە و نیشانانە وەردەگرێت. لە ڕوانگەی سوسێر ئاخاوتن بەواتای کرداری تاکەکەسی و توانای بەکاربردنی یاساکانی زمانە، بەهەمان شێوە ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە سوود وەرگرتن لە زمان شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەیە، بەڵام بەکاربردنی یاسا و شێوازەکانی ئاخاوتن خاوەن شێوەیەکی خۆویستانەیە. بە

[٦](واتە ئەو ڕەمز و نیشانانەی کە بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی دانراون.و)

دەربڕینێکی سادەتر زمان خاوەنی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییە، لەکاتێکدا گوتن خاوەن ماهییەتێکی خودی و تاکەکەسییە.

سۆسێر بۆ نیشاندانی ڕووبەرەکانی کارکردنی زمان و گوتن، دەزگای زمانی بەو سیستمە دەچوێنێت کە لە شەتڕەنجدا هەیە. ئەو سیستمەی زاڵە بەسەر یاری شەتڕەنج و یاساکانی، شیاوی بەراوردکردنە لەگەڵ زمان . گوتن وەکو جووڵەکانی کارکردنی شەترەنجبازە. لەم بەراوردەدا پێویستە سەرنج لەوە بدرێت، کە هەر بارودۆخێک لە یاری شەتڕەنج لەگەڵ بارودۆخێک لە زمان هاوتا و گونجاوە و بەهای بەردەکان(بەردەکانی یاری شەترەنج) لە پەیوەندی و جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا دەردەکەون، بەهەمان ئەو شیوەیەی کە لە زمانیشدا بەهای هەر وشەیەک لە جیاوازی لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا ڕوون دەبێتەوە و واتای وشەکان لەڕووی ئەو جیاوازییەی کە لەگەڵ یەک هەیانە شیاوی درککردنە. درەخت درەختە لەبەرئەوەی بەرد نییە. کار لە جیاوازی لەگەڵ ناو، یا ئاوەڵکار بە جیاوازی لەگەڵ ئاوەڵناو درک دەکرێت. لە یاری شەترەنجدا بەردەکان جووڵە دەکەن تا یارییەکە بێتەکایەوە، لە زمانیشدا وشەکان شوێنگۆڕکێ دەکەن تا بارودۆخە زمانییەکان دروست ببن. لە یاری شەترەنجدا جووڵەی بەردەکان بە هەمان شێوە لە زمانیشدا شوێنگۆڕکێی وشەیەک کاریگەری دەخاتە سەر وتای وشەیەکی دیکە یا دەقی بەرهەمەکە[٦].

درێژە و بەردەوامی ئاشـــنایەتی بە بۆچوونەکانی ســـوســـێر و بنچینەی بنیاتگەری پێویســـتی بە ئاشـــنایەتی و ئاگاداربوونە لە ئاماژەناسی و ئاماژەکردنێکی کورت و سەرپێیانە لەم بوارەدا شتێکی گرنگ و پێویستە.

## تێڕوانینی سوسێر و ئاماژەناسی

سـوسـێر لەو باوەڕە بوو، کە سـیسـتمە دەلالەتییەکان – کە زمان یەکێکە لەوان- زۆر و جۆراوجۆرن. هەر دالێک(نیشـــانە) دەلالەت لە مەدلولێک(نیشـــانەبۆکراو) دەکات. ئەم داله یا ئەم نیشـــانەیە دەکرێت تەواوی نیشـانە سـەربازییەکان و نیشـانە ئاراسـتەییەکان(نیشـانەکانی ڕێگەنیشاندان) و نیشانە دەنگییەکان و شێوەکانی نووسین و شێواز و داب و نەریت و جوڵە ڕەمزییەکان بگرێتەوە، ئەو زانســـتەی، کە لە چۆنیەتی دەلالەتکردنی ئـامـاژەکـان دەکۆڵێتەوە پێیـدەوترێـت ئاماژەناسـی(Semiology)[٧]. لە ڕوانگەی سـوسـێر زمانناسـی لقێکە لە ئاماژەناســـی، چونکە زمان هاوشـــێوەی ئاماژە کار دەکات و بە دەربڕینێکی دیکە ئەو یاسـایانەی، کە لە ئاماژەناسـی دەخرێنەڕوو، لە زمانناســیشــدا ڕۆڵ و کاراییان هەیە[٨]، هەمان ئەم تێڕوانینەشـــە، کە ئـاماژەنـاســـی بە شـــیکردنەوەی بونیـاد لە بەرهەمە ئەدەبییەکـان دەبەستێتەوە. زەمینەسازی و ڕازاندنەوەکارییەکان، هونەرکارییەکان، تەکنیکەکانی ڕەوانبێژی و هاوشێوەکانی سیستمێکن لە ئاماژەکان، کە واتا و چەمکێکی تایبەت لە بەرهەمەکەدا دەهێننەکایەوە و لەســـەر

بنەمای ئەم دیدگا و تێڕوانینەیە کە پێکهاتە و ئیش و ڕۆڵی ڕەگەزە ئەدەبییەکـان دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زەمینەکاری و ئامادەســازییە ئەدەبییەکان چۆن دەبنە هۆی ئەوەی، کە واتا یا هەستێکی تایبەت بگوازرێتەوە[٩].

(ڕۆلان بارت)ی ڕەخنەگر و زمانناســی بنیاتگەرایی فرەنســی بەشــێوەیەکی تایبەت جەختی لە ئاماژەناســی بۆ ســەر بنیاتی بەرهەمەکە کردۆتەوە. ئەو داهێنانی ئەدەبی بە جۆرە نیشانەسازییەک دادەنێـت و بەشــێوەیەکی گشــتی لە بۆچوونی ئەودا مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاماژەســازە، هەندێک کەس بۆ شــت و کەلوپەلەکان دەلالەت دەخولقێنن و لەم ڕووەوە شــیکردنەوەی بنیاتی لە ڕوانگەی ئەودا ڕوونکەرەوەی ئەو خاڵەیە، کە:( مرۆڤ چۆن واتا بە شــت و کردارە جۆراوجۆرەکـان دەبەخشــێـت)[١٠] بەم شــێوەیە هەموو کورتکردنەوەکان، پۆشینەکان(ایهام)، ڕەمز و نیشانە و لێکچواندنەکان ئاماژەگەلێکن کە واتایەک باس دەکەن و پێویســتە لە شــیکردنەوەی بونیاتی بەرهەمەکەدا سەرنج لەهەموو ئەوانە بدرێت[١١].

لێرەدا پێویســتە ســەرنج لەوە بدرێت، کە لەهەمان کاتدا ناکرێت ئاماژەناسی بە تاکە ئامرازی ڕەخنە و شیکردنەوەی ئەدەبی هەژمارە بکەین و سەبارەت بەوە زێدەڕۆیی بکەین، چونکە کرۆکی ئیستاتیکی بەرهەمەکە جیا لە پەیوەندییە دەلالەتی و ئاماژەییەکان لە چوارچێوەی چەند بابەت و مەســەلەیەکی دیکەدایە لەوانە دەتوانرێت ئاماژە بە

پرۆسـەی ئەفراندنی ئەدەبی، تێڕوانین و دیدگا فەلسـەفییەکان، زەمینە سۆزدارییەکان و بگرە ماهییەتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیش بکرێت.

## ئاستی سینکرۆنی و ئاستی دایکرۆنی

به پەســـەندکردنی ئەم خاڵەی، کە داهێنان و ئەفراندنی ئەدەبی دیـاردەیەکە لە زمـانـدا دێتەکـایەوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە مـاهییەتی بەرهەمەکە و ڕەخنە و شـــیکردنەوەی بەرهەمە لەســـەر بنەمـای ئـاگـاداربوون بەرامبەر زمـان و لێکۆڵینەوە لە ئیشـــکردنی زمـان دامەزراوە. بۆ ئەم مەبەســـتە ئاگاداربوون و شـــارەزاییەکی کورت لەســـەر تەوەرەکانی ســـینکرۆنی و دایکرۆنی(وەســفی و مێژوویی) و ئاسۆیی و ستونی(هاونشینی و تەکنشینی). شتێکی گرنگ و پێویستە.

هەردوو تەوەری ســینکرۆنی و دایکرۆنی بریتین لە ڕێگە(مەودا) و لێڕوانین لە لێکۆڵینەوەی زمـانـدا، واتە جۆری تێڕوانینی وردی ئێمە سەبارەت بە زمان دیاریدەکەن. سوسێر بە توندی سوور بوو لەسەر جیاکردنەوەی ئەم دوو ئـاســـت یا تەوەرەیە و جەختی لەســـەر دەکردەوە.

سوسێر، کە زمانی بە سیستمێکی ئاماژەکان دەزانی و زمانی بە خاوەن قەوارەیەکی ئێستایی و هەبوونی ڕەگ و ڕیشەیەکی ڕابردوو دادەنـا. زمـانێک کە ئەمڕۆ بەکـاری دەهێنین ڕەگ و ڕیشـــەیەی لە ڕابردوو هەیە و دەتوانێت لە ڕەوتی خۆیدا لە ڕابردوو تا ئێسـتا و لە ئێســـتا تا داهاتوو دوچاری چەند گۆڕانکارییەک ببێتەوە. زماننـاس بە

لێکۆڵینەوەکانی خۆی بۆ زمان لە ڕەوتی زمان لە ڕابردوو دەکۆڵێتەوە یـا بەتەواوەتی ســـەرنج لە زمـانی ئێســـتـا دەدات. لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی پێش سوسـێردا، کە لەسـەر زمانناسـی مێژوویی و بەراوردکاری بنیـاتنرا بوون و بوونی ڕابڕدوو و ئێســـتـای زمـان لەیەکتر جیـانەدەکرانەوە. ســـوســـێر هێل و مەودای لێکۆڵینەوەی دەستنیشانکرد و زمانی لە دوو ڕوانگەوە خستە ژێر لێکۆڵینەوە:

١.لێکۆڵینەوەی ئەو زمانەی ئێستا- لە هەر کاتێکی تایبەت، کە هەبێت- کە ناوی زمانناسی وەسفی لێنا.

٢.لێکۆڵینەوەی مێژوویی زمان و گۆڕانکارییە زمانییەکان بە درێژایی کات، کە ناوی زمانناسی کاتی(= مێژوویی) لێنا[١٢].

ئەم ئاراستـەیە و شـێوازی تێڕوانینی سـوسـێر ڕەوت و ڕێچکەی لێکۆڵینەوە نەریتییەکانی زمـانـنـاســـی گۆڕی و ڕێگەیەکی تـازەی لە لێکۆڵینەوەی زماندا ئاوەڵا کرد و لە ڕاستیدا زمانەوانی بنیاتگەری، کە ڕەخنەی بنیـادگەری قەرزاربـاریەتی بەرهەم و بەروبوومی هەمـان سەرنج و تێڕوانین بوو.

## ئاســتی ئاسـۆیی و ئاسـتی سـتوونی(تەوەری تەکنشـینی و تەوەری هاونشینی)١٣:

پێشـــتر ئـامـاژە بەوەکرا، کە لە زمـان و بە شــــوێنپێهەڵگرتن و پەیڕەویکردنی زمانیش لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، وشـــە وەکو دال یا ئاماژە کار دەکات. بوونی وشــــەکان لە زمان یا بەرهەمی ئەدەبی

بەشـــێوەیەکی تاک و تەنیا و ســـەربەخۆ نییە، بەڵکو کۆمەڵەیەکی بەدواییەکداهاتوو و بەیەکەوەبەستراوی وشەکانە کە زمان پێکدەهێنن. هاتنی وشەکان بەدوای یەکتر زنجیرەی قسە دەخولقێنێت کە پێیدەڵێن بەدواییەکداهاتنی شـــریتی(هێلەکی= خطی) یا ســـروشـــتی هێلەکی زمان[١٤]. هەر گوتە و ڕســـتەیەکی وتادار لە چەند یا چەندین وشـــە پێکهاتووە کە لە شـــوێنێک دەســـت پێدەکات و لە جێگەیەکی دیکە کۆتـایی پێـدێـت. ئەم بەدواییەکـداهـاتنە یـا زنجیرەیە پێیـدەوترێـت (تەوەری ئاسۆیی یا تەکنشینی).

لە بنیاتی زماندا دەشێ لە ڕستەیەکدا وشـەیەک ببێتە جێگرەوە و جێنشـــینی وشـــەیەکی دیکە تا مانای جیاواز لە ڕســـتەکە بەدەســـت بخرێت. ئەم توانســـتە پێیدەوترێت(تەوەری هاونشـــینی یا ئاســـتی ستوونی) بۆ نموونە لەم دوو نیوە دێڕەی خوارەوە:

**در نعل سمند او شکل مه نو پیدا**
**وز قد بلند او بالای صنوبر پست (حافظ)**

وشـەکانی: در/ نعل/سمند/ شکل/مه نو/پیدا/ لە نیوەدێڕی دووەمدا شوێنی خۆیان بە وشەکانی وز/ قد/ بلند/ صنوبر/ پست داوە و ئەم جێگرتنەوەیە گوتە و ئـاخـاوتنێکی دیکەی بە واتـایەکی جیـاوازەوە هێنـاوەتەکـایەوە بەهەمـان شـــێوە پێش ئەوە بەدواییەکداهـاتنی ئەو

وشـــانەی کە لەســـەرەوە ناومان بردن لە تەکنشـــینی لەگەڵ یەکتریدا واتایەکی جیاوازیان هێنابوویە کایەوە.

بە یارمەتی هەردوو تەوەری ئاســـۆیی و ســـتونی دەتوانرێت هەزاران ڕســـتە بە هەزاران بارودۆخی ســـۆزداری و ئیســـتاتیکی جۆراوجۆر بخولقێنرێت و ئەم بنەمـایەیە کە ئەدەب دەخولقێنێت و زمانی شیعر و پەخشان لەیەکتر جیا دەکاتەوە. هەر ئەم بابەتە دەبێتە هـۆی ئەوەی کە جەخـتـکـردنەوە لەســـەر ئەم دوو تەوەرە لە شـــیکردنەوەی بونیـاتیی شـــیعردا گرنگییەکی زۆر پەیدا بکات و لێکۆڵینەوە لە چەند دیاردە و دەرکەوتەیەکی ئەم دوو تەوەرە لەناو شیعردا بەشێک لە ئەرکی ڕەخنەی بنیاتیی پێک بهێنێت.

ئەوەی شـایەنی باسـە لێرەدا ئەوەیە، کە تەوەری ئاسـۆیی لەسـەر ڕیزبوون(ڕێزمان) و تەوەری سـتونی لەســـەر هەڵبژاردن دامەزراوە، بەڵام ئەم ڕیزبوون و هەڵبژاردنە سنور و بەرنامەگەلێکی هەیە و هەر وشـــەیەک نـاتوانێت لە تەک وشـــەیەکی دیکە دابنرێـت یـا ببێتە شوێنگرەوەی وشەیەکی دیکە.

## شیکردنەوەی ئەدەبی لە فۆرمالیزم یا بنیاتگەریدا

دەتوانرێت بگوترێت لەو کاتەوەی، کە زمانناســـان لێکۆڵینەوەی زانســـتی خۆیان لەبارەی بنیاتی زمانی شـــیعر و ئەدەب بەرەو پێش برد، چەند دەروازەیەک بەڕووی ڕەخنەی بنیاتگەری ئاوەڵا کرا.

بنیاتگەرەکان لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لەو بنچینەوە دەستپێکرد کە فۆرمالیستەکان دایان نابوو. فۆڕمالیستەکان لەسەر ئەم باوەڕە بوون، کە ناتوانرێت زمان و فۆرم لە واتا و ناوەرۆکی بەرهەم جیابکرێتەوە و لە بنەڕەتدا زمانی هەر بەرهەمێک ڕوێکی دیکە یا شێوەیەکی دیکەی ناوەرۆکە، بەهەمان شێوە قەوارە و کیانی ناوەرۆکیش لە زمانی بەرهەمەکە وەرگیراوە. بەڵام ڕەخنەگری بونیادگەر هێندەی بیر لە فۆرم دەکاتەوە ئەوەندە ئیشی بە ناوەرۆک نییە، ئەو وەکو زمانناسی کاردەکات کە کەمتر لە واتای ڕستە دەکۆڵێتەوە و سەرنجی لەسەر پێکهاتەیەکە، کە ناوەرۆک یا واتای هێناوەتە کایەوە[١٥]. بنیاتی ڕووکەشی کە ڕەگ و ڕیشەکەی لەناو بەرهەمەکە دایە، نیشاندەری پێوەندی پێکداچوون و کارلێکی ڕەگەزەکان و بەشە پێکهێنەرەکانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییە. ئەم بەشانە لە هەر بەرهەمێکی خوازراو و شیاودا گشتگیرییەکی سیستماتیکی دەهێننەکایەوە و ڕەخنەگری بنیادگەر هەوڵدەدات چۆنایەتی ئەو کارلێکەی کە باسی لێوەکرا ڕوونبکاتەوە.

## شیکردنەوەی بنیاتی شیعر و بەرهەمی ئەدەبی

شیکردنەوەی بنیاتی شیعر یەجگار نزیکە لە میتۆدی ڕەخنە و شیکردنەوەی فۆرمالیستەکان. بە باوەڕی یاکۆبسنی زمانناس و رەخنەگری ناسراوی ئەدەبی بۆ درککردنی واتای شیعر پێویستە سەرەتا لەوە تێبگەین، کە شیعرەکە چۆن بنیاتنراوە. میتۆدی

یاكۆبسن لەم بوارەدا بە دەسپێكێك بۆ چوونەناو (ئاسۆی واتایی شیعر) دادەنرێت[١٦]. لە ڕاستیدا گرنگترین بەها و بایەخی چوونەناو واتای شیعر لێكۆڵینەوە و بەدواداچوونە لەم خاڵەی كە چۆن و پاڵپشت بە چ تایبەتمەندیگەلێك زمانی میكانیكی( زمانی خۆكار و ناهونەری) گۆڕاوە بۆ زمانێكی شیعری و هونەری، پاشان ئەم زمانە هونەرییە چۆن دەتوانێت واتایەكی تایبەت كە هاوكوفی شێوە هونەرییەكەیەتی بگەیەنێت. بەم شێوەیە واتای تایبەتی بەرهەمەكە پێویستە لەڕێگەی زمانێكی تایبەت، كە بەكارهێنراوە درك بكرێت، واتە هەمان ئەو زمانەی كە واتای بونیاتناوە و لەهەمان كاتیشدا ناشێت لەواتا جیابكرێتەوە و دابڕێندرێت.

ئاشكرایە، كە زمانی شیعر تێكڕای قەوارە و بوونی دەرەكی شیعر پێكناهێنێت، چونكە سەرەڕای شێوەی دەرەكی، بنیات و پێكهاتەی عەقڵی و خەیاڵی و بەها هونەری و مۆسیقییەكانی شیعریش خاوەن گرنگییەكی جەوهەرین و لەهەمانكاتدا هەمووشیان پەیوەندییان بە زمان و واتای شیعر هەیە.

لە پرۆسەی شیكردنەوەی بنیاتی بەرهەم ، كە گونجاو بێت لەگەڵ جۆری بەرهەمەكەدا، ئەم ڕەهەندە جیاوازانەی خوارەوە لە پێوەندی و بەیەكەوەلكانیان لەگەڵ یەكتریدا سەرنجیان لێدەدرێت:

١.بنیاتی زمانی بەرهەمەكە.

٢.بنیاتی عەقڵی و ناوەرۆكی شیعر.

٣.بنیاتی ئیستاتیکی و مۆسیقایی.

٤.بنیاتی پەیکەر یا قاڵبی بەرهەمەکە.

هەروەکو ئەوەی ئاماژەی پێکرا ئەم ڕەهەندانە حەتمی نین و بەپێی ژانری ئەدەبی شیاوی دەسکاری تێداکردنن. لە بەرهەمێکی چیرۆکیدا ڕەنگە بونیاتی مۆسیقی بەشێوەیەکی تەواو پەراوێزخراو بێت، بەڵام لەبەرهەمێکی هۆنراوەییدا یەکێک لە کرۆکە سەرەکییەکانی بەرهەمەکە پێکدهێنێت.

## بنیاتی زمانیی شیعر

فۆرمالیستەکانی قوتابخانەی پڕاگ و پاشتریش بنیاتگەرەکان لەتەک ئەو باسکردنە وردەی، کە بۆ زمان و سیستمی دەنگی زمان بەدەستیان داوە. دەربارەی زمانی زمانی شیعر شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکیان هەیە کە ئاگاداربوون لەم لێکدانەوەیە لە ڕەخنەی فۆرمالیستی و بنیاتگەری گرنگیی خۆی هەیە. گرننگترین تەوەرەکانی ئەم لێکدانەوەیە بریتین لە:

١.زمانی شیعر خاوەن تایبەتمەندیگەلێکی وردە، کە پێویستە وشیار و بەئاگا بین لە بەرامبەر ئەم تایبەتمەندییانە. هەوەڵین هەنگاو ئەوەیە، کە درک بە جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی میکانیکی واتە زمانێک، کە بۆ هێنانەکایەوەی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی ڕۆژانە بەکاری دەهێنین بکەین. زمانی شیعر سەرەڕای ڕەهەندە تاکەکەسییەکان و ئافراندن و داهێنانی شاعیر

کاریگەرە بە نەریت و ترادیسیۆنە شیعرییەکان و زمانی ڕۆژگاری شاعیر.

٢.زمانی شـــیعری زۆربەی کات گرفتاری کێشـــمەکێشـــمێکی شـــاراوەی نێوان داهێنانە زمانییەکانی شـــیعر و زمانی باوی ســـەردەمەکەیەتی لەگەڵ نەریتە شـیعرییەکان، هەندێجار لە زمانی ئاخاوتن نزیک دەبێتەوە و هەندێجار وەها هاوتا دەبێت لەگەل نەریت و قاڵبە شـــیعرییەکان، کە لە مۆدێلی زمانی گوتاری و باو دور دەکەوێتەوە.

٣.زمانی شیعر زمانی شیعر خاوەن چەند ئاستێکی جیاوازی وەک دەنگی و وشەیی و ڕێزمانی و ڕەوانبێژی و هونەرییە. ئەم ئاستانە تێکچڕژاون و دابڕاو و جیا نین لەیەکتر.

٤.بەهای دەنگی خاڵی دەسـپێکە لە باسـکردنی بونیاتی زمانیی شـیعر، چونکە ڕوونکەرەوەی گونجان و نزیکایەتییەکان و چوونەپاڵ یەک و بوونی وشـــەکان و پیتەکان و چۆنایەتییەکانی وابەســـتە بە ڕیتم و ئاوازەکان یا گونجانە دەنگی و مۆسیقییەکانە.

٥.شێوەی خوازراو بۆ لێکۆڵینەوەی ئاستە جیاوازەکانی شیعر بریتییە لە بەرجەســـتەکردن و نیشـــاندانی شـــیعرەکە بەشـــێوەی تۆڕێکی تێکچڕژاو. بەشـــەکان لەم تۆڕەدا چالاکییەکی کارلێککەرییانەیان هەیە، بەم شێوەیە بۆنموونە سەروا لە سیستمی مۆسیقاییدا بە وەستاوی نـامێنێتەوە، بەڵکو لەپەیوەنـدییەکی تونـدوتۆڵ دایە لەگەڵ پێکهـاتەی

مۆرۆفۆلۆژی و ڕێزمانی و شێوازگەری و وشەیی شیعرەکە و هەر لەسەر ئەم ڕەوتەش هەریەک لەم ڕەگەزانە وابەستەن بە ڕەگەزگەلی دیکەوە.

٦.لە زمانی شیعردا ، هەبوون وئامادەیی وشەکان زۆربەی کات لەسەر باری دەلالەتکردنی ڕاستەوخۆ و واتای فەرهەنگییەکانیان دانەمەزراون و واتا شاراوە یا ڕەمزییەکانیان خاوەن هێزێکی زیاترن و بەم هۆیەوە کاتێک لێکدانەوەی شیعری لایەنێکی مێژوویی یا کۆمەڵناسی یا تەنانەت دەروونناسی لەخۆ دەگرێت بەهای هونەری شیعرەکە دەکەوێتە ژێر ڕۆشنایی ئەم لایەنانە و لەم ڕووەوە لیکۆڵینەوە لەم ڕەهەندانە لە شیکردنەوەی بونیاتیی شیعردا دەکەوێتە پەراوێزەوە[١٧].

## جۆرەکانی زمانی شیعر و باری دەلالەتی وشەکان

(یان مۆکارۆڤسکی)، کە یەکیکە لە زمانناسانی بازنەی پراگ سێ جۆر زمانی شیعری خستۆتەڕوو:

١.زمانێک کە ڕاستەوڕاست هاوتا و دەقاودەقە لەگەڵ زمانی پێوەر(باو) و بەند و وابەستەیە بە پارێزگاریکردنی زمانی پێوەر و سەرپێچی نەکردن لێی.

٢.زمانیک، کە تەنیا بەهۆی چەند پێویستییەکەوە لە زمانی پێوەر دوور دەکەوێتەوە، بۆنموونە گوێزانەوەی قسە وتە ڕاستەوخۆ لەسەر زمانی ئەو کەسایەتییانەی، کە لەناو دەقی چیرۆکەکەدا

هەن بۆ نیشـــــاندانی کەســـــایەتی و بـارودۆخە کلتوری و دەروونییەکەی لەڕێگەی ئەو گفتوگۆ و دیـالۆکەی کە لە نـاو دەقەکەدا هەیە.

٣.زمانی لادەر لە باو،واتە زمانیک کە خاوەن چەند دەســتیۆەردان و ســـەرپێچییەکی ئـاگـایـانەیە لە زمـانی بـاو و پێوەرەکـانی بە مەبەستی گوێزانەوەی بنەماکانی شیعرییەت بۆ ناو بەرهەمەکە[١٨].

لە لێکۆڵینەوەی بونیاتی شـــیعردا تێکڕای ســـەرنج و تێڕامانەکان لەســەر ئەم سێ جۆرەی ســەرەوە چڕدەبنەوە. وشــەکان لە زمانێکی لەم چەشنەدا خاوەن بارودۆخگەلێکی جیاوازن:

-باری دەلالەتی ڕاســـتەوخۆ(کە لە وشـــە ئامرازی و ناســـەرەکی شیعرەکە لەئارایە).

-باری ڕەمزی، خواستنی و خوازەیی.

-باری سۆزداری.

-باری پۆشینکاری(ایهامی).

-پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە هەموو وشەکان بە بارە جیاوازەکانی خۆیانەوە بوون و ناســـنامە لەیەکتر وەردەگرن، واتە وشە بەشێوەی سەربەخۆ و لەدەرەوەی کاریگەری وشە هاوسێکانی خۆی ناسنامەیەکی هونەری نییە و بەهاو بایەخی نییە، لێرەدا دەشێت تایبەتمەندی شـــێوازیی لایەنگیرییەکی زیاتر بۆ یەکێک لەم بارودۆخە

جیاوازانە نیشان بدات، کە لە خودی خۆیدا لەڕووی ناسینی شێوازی شاعیر شتێکی گرنگ و ستراتیجییە.

## هەڵبژاردنی وشەی شیعریی

جۆرە وشـــەییەکـانی شـــیعر یەکێـک لە بنەڕەتیترین بەشـــە پێکهێنەرەکانی یەکێتی شـیعرە و لەسـەردەمی کۆنەوە مایەی سـەرنج بووە. ئەرســتۆ لە هونەری شــیعردا لە دوتوێی قســەکردن لەبارەی بەشەکانی ئاخاوتن گفتوگۆ و باسێکی ورد لە بوارەدا دەخاتەڕوو[١٩].

گرنگترین خاڵ لە ڕەگەزی زمانی شیعردا هەڵبژاردنی وشەییە. ئەم هەڵبژاردنە بەســتراوەتەوە بە بەهرەی پێگەیشــتوو(پەروەردەکراو) و ئەزموونگەراییەکان و داهێنانی شاعیر.هۆشی شاعیر لە پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنەدا دوو قۆناغ تێدەپەڕێنێت:

**١.دیاریکردن:**

شـــاعیر لە قۆنـاغی دیـاریکردنـدا لەنێو تێکڕای توانســـت و توانا زمانییەکانی خۆیدا دەست بۆ دیاریکردن دەبات. ئەم توانستە زمانیانە لە ڕاستیدا شوێن و کانگەیەکی عەمبارکردنە کە لە سـەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆری وەک: زمانی پەتی ئەدەبی، زمانی ئاخاوتن و ڕۆژانە، قاڵب و نەریتە شـیعرییەکان، وەرگرتنە زمانی و دەربڕینە خواسـتنیی و خوازەیی و درکەییەکان هاتۆتەکایەوە.

شــاعیر لە قۆناغی هەڵبژاردندا هەندێک لە وشــەکان دەســڕێتەوە و هەندێکی دیکە لە شـــوێنیان دادەنێت. هەڵبژاردنێکی لەم چەشـــنە

حەتمەن پێویسـتە لەڕووی گونجان و کارلێککردندا لەگەڵ تەواوی ڕەگەزەکانی بونیاتی شیعر بێت.

## ٢.گشتاندن(فراوانکردن):

شـاعیر لە قۆناغی گشـتاندندا دوای وەلاوەنانی هەندێک لە وشەکان هەڵدەستێت بە فراوانکردنی زمانی شیعری خۆی. ئەم کارە لەڕێگەی تەکنیکگەلێکی تایبەت دێتەکایەوە کە گرنگترینیان بریتین لە:

-بەکارهێنانی وشە کۆن و بەسەرچووەکان(= کۆنگەرایی وشەیی).

-دروسـتکردنی پێکهاتەگەلێکی تـایبەت یـا زیـادکردنی یـاسـا ڕیزمانییەکان.

-فراوانکردن و پانوپۆڕکردنی مەدلولەکانی وشـە و دروسـتکردنی واتاگەلی تازە بۆیان(ئاماژەسازی و مەدلول خولقێنی).

شتێکی ئاساییە، کە ئەم گشتاندنە پێویستە لە بازنەی ڕێگەپێدانی زمان و بەدەربڕینێکی دیکە بە ڕێگەپێدانە زمانییەکان بهێتەکایەوە. بـازنەی ڕێگەپێـدان نـابێتە ڕێگر لەبەردەم داهێنـانە هونەرییەکـانی شاعیر، چونکە زۆرێک لە ئاڵۆزکاری و لادان لە باوەکان بە مەبەستی دەسـکەوتە ڕەوانبێژی و گەیاندنییەکان هەر لەم بازنەی مۆڵەتپێدانی زمانییەدا شتێکی شیاو و پەسەندە[20].

هەڵبژردن و فراوانکردن ئەگەرچی لە بەکارهێنانە وشـەییەکانی شاعیرانی گەورەی ڕابردوودا بە تایبەت حافز خۆنواندنێکی تایبەتیان هەیە، بەلام سـوودوەرگرتن لێیـان لە بەرهەمە شـیعرییە

هاوچەرخەکاندا زیاتر بەرچاودەکەوێت. ئەم خاڵە بەها و بایەخی ئەوەی هەیە کە باس بکرێت ئەویش ئەوەیە، کە هەڵبژاردنی وشـــەیی بەبێ لەبەرچـاوگرتنی یەکێتی و زەمینەی نـاوەرۆکی و هونەری بەرهەمەکە بێسوود دەبێت. بە قسەی (ڕامان سیلدرن)ی ڕەخنەگر و تیۆریسـتی هاوچەرخی ئینگلیزی هەموو ئامادەسـازییە شـیعرییەکان لەوانە: نـائـاشـــنـاکردن(de familiarization)، بەپێی ئەو بـارودۆخ و زەمینەیەی کە هەیە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری دەبێت.

کۆنگەرایی لە دەقێکی داسـتانی ڕۆژگاری ئێمەدا دەکرێت ڕۆڵێکی بەرز و کاریگەری هەبێت، لەکاتێکدا هەمان کۆنگەرایی لە شـــیعرێکی داشـــۆریندا دەبێتەمایەی بەهێزکردنی لایەن و بنەما تەنزییەکان[٢١]. بۆنموونە ئەم هەڵبژاردنە دەکرێت لە تێکەڵەیەکی ڕاسـتەقینە(جیددی) و تەنزیدا بۆ بەخشـینی وردەکاری و بەرچاوڕوونی بە پێداویسـتی و داواکارییەکانی ژیاننامە(یادداشتنامە) و وەسفکردنی زەمینە ڕۆحی و سۆزدارییەکان ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت:

بـــــاز می بینم کە پشـــــــت میلە
مادرم اســــتادە با چشـــــمان تر
نالەاش گم گشـــــتە در فـــــریادها،
گـــــــویدم گویی کە: (من لالم تو کر)
اخر انگشتی کند چـــــون خــــامەای
دست دیــــگر را بســـان نامـــــەای

گویدم:( بنویس و راحت شو) به رمــز،
(- تو عجب دیــوانه و خـــــودکامه‌ای)،
من ســـری بـــالا زنم چـــــون ماکیان
از پس نوشـــــیدن هر جـــــــرعه‌ای
مـــــادرم جنباند از افســـوس سـر،
هرچه از ان گـــوید ، این بیند جـــوان.
(اخوان ثالث/ نادر یا اسکند)[٢٢].

## نموونە ئاوەزییەکانی شاعیر و هەڵبژاردنی وشەیی

هەڵبژاردنی وشـــەیی بە یارمەتی شـــکڵە چەســـپاوەکان لە ئاوەزی شـاعیر دێتەکایەوە. ئەم شـکڵانە ئەزموونگەرایی و بەهرە و توانسـتی شـــیعری و بارودۆخەکانی دیکە دروســـت دەکەن. لەم شـــکڵانەدا، هەندێک لە وشـــەکان جمک و هاوزای شـــیعر و ناوەرۆکی شـــیعرن، بەشـــێوەیەک کە ســـڕینەوەیان دەبێتە مایەی لەناوچوونی شـــیعرەکە، بەڵام پێویســـتە ســـەرنج لەوە بدرێت، کە وشـــەکان هەمیشـــە لە بەها ڕەوانبێژی و مۆســـیقی و گەیاندنەکانی خۆیاندا قەرزارباری بونیاتی ڕێزمانی و ئاستی ئاسۆیین. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە سەرنج لە دوو بارودۆخی بەکارهێنانی وشەی (آتش= ئاگر) بدە:

یەکەمین بارودۆخ لەم بەیتەی خوارەوەی حافزە:

- بیان شوق چه حاجت که حال اتش دل

- توان شناخت ز سوزی که در سخن باشد

پانتایی گوتارەکە ڕەنگ و بارودۆخێکی ناکارا و پاسـیڤی هەیە و هاوئاهەنگە لەگەڵ کێشـە نەرم و هێمنەکەی شـیعرەکە، کە گونجاوە لەگەڵ ئەو جۆرە شـیعرە ئۆتۆبیۆگرافییە خواسـت و مراز ئامێزە، وشەی (آتش= ئاگر) بەهۆی بوونی نەبزوێنی(ش) لە وشەکانی(شوق) و (شـناخت)هەروەها بە یارمەتی دووبارەبوونەوە و پاتکردنەوەی پاش قافیەی (باشد) لە هەیکەلی گشتی شیعرەکە، واتە لە غەزەلەکەدا بەرجەسـتە کراوە. ئەم بەرجەسـتەیی و دیارخسـتنە هەم لەڕووی واتـاییشـەوە لەڕێگەی گونجـانی(آتش) لەگەڵ(سـوز) و جیـاوازی نەبزوێنەکانی(ش) و (س) لە هەردوو وشـەی ناوبراو بەهێز دەبێت. وشـەی(آتش) لەڕوێکی دیکەوە لەتەک (دڵ) لە دەسـتەواژەی(اتش دل)لە واتا فەرهەنگییەکەی خۆی دەچێتەدەرەوە و واتایەکی خوازەیی وەردەگرێت و ئەم واتا خوازەییە و بارودۆخە پاسـیڤ و ناکاراکەی لە سەرانسەری دێڕەکە بڵاو دەبێتەوە.

هەمـان وشـە(آتش) لە دێڕێکی دیکەی(عونسـوری بەلخی)دا بارودۆخێکی جیاوازی هەیە:

آب جوش بردمد زرین شود گیتی

آتش خشمش بخیزد سنگ خاکستر سود

بەیتەکە لە چوارچێوەیەکی ستایشیدا هۆنراوەتەوە. ترپەی ئاوازی شـیعرەکە لێرەدا توندترە لە هۆنراوەکەی پێشـووی حافز و لەگەڵ

فەزای نیمچە داستانی شیعرەکە کە باسکردن و وەسفکردنی دلێری و جوامێری و هەیبەتی پاشایە گونجاوە. قسەکردن لەبری نیشاندانی لایەنی ژینامەیی و ناکارایی(کارتێکراوی)، شـــێوەیەکی کاریگەر و وروژێنەری هەیە، وشـــەی (اتـش) لەرێگەی بەرامبەرکردن و دژییەککردن بەهۆی وشـــەی(آب= ئاو) دیارخراوە، نەبزوێنی(ش) لە لە هەردوو بەشی گرێی (آتش خشم) سەرباری بەرجەستەیی وشەیی توانای فەرهەنگی و واقیعی وشەی (اتش= ئاگر)ی زیاتر کردووە . لە پانتایی ناوەرۆکی شـیعرەکەدا (آتش خشـم= ئاگری قین و تورەیی) بەرد دەکات بە خۆڵەمێش و لە ئەنجامدا وشەی (آتش) لە فرێزی(آتش خشـــم) بەپێچەوانەی دێرەکەی حافز بارێکی کارا وەردەگرێت کە خۆی لەخۆیدا لەگەڵ فەزای نیمچە داستانی شیعرەکە گونجاوە.

## بنیاتی رێزمانی و شیکردنەوەی شیعر

لە بنیاتی رێزمانی شـیعردا تەوەری ئاسـۆیی(تەکنشـینی) رۆڵێکی ســـەرەکی هەیە و لایەنێکی گرنگ لە شـــیکردنەوەی بنیاتی شـــیعر پێکدەهێنێت و رۆڵ و بەهـایەکی کـاریگەری هەیە لە شـــیعرییەتی شیعرەکەدا. لە بنیاتی رێزمانیدا رازاندنەوە و ئاراییشی وشەکان لە چوارچێوەی گشـــتێتی شـــیعرەکە دایە، چونکە هەموو دەلالەتە بەشـــەکییەکان لە خزمەتی دەلالەتی گشـــتی بەرهەمەکە کاردەکەن. وشـەکان واتای خۆیان لە رسـتە و دەسـتەواژەکان وەردەگرن واتای قووڵی رستە و دەربرینەکان بە واتای گشتی شیعرەکە بەستراوەتەوە.

لێکۆڵینەوەی بنیادی ڕێزمانی شیعر لە شێوەناسی ڕستەکان لەڕووی هەواڵگەیاندن و دانانی بوونیان و شوێنی بەشەکانی ڕستە وەکو ناوەکان، کارەکان، ئاوڵکارەکان و تەنانەت ئامرازەکانی دانەپاڵ و پێوەندی و هاوشێوەکانیان دەست پێدەکات و دەگات بە پێکهاتە و بنیاتی شیعرەکە[٢٣]. ئەم شێوازی لێکۆڵینەوەیە، ئەگەرچی زانایانی ڕەوانبێژی کۆنیش هەندێجار ئاوڕیان لێداوەتەوە و بەکاریان هێناوە، بەڵام تێڕوانین و سەرەنجەکانیان کەمتر وابەستە بووە بە گشتێتی بەرهەمەکە.

## بنیاتی مۆسیقایی شیعر و ڕۆڵی دەنگەکان (فۆنیمەکان)

بەشێکی بەرچاو لە بنیاتی مۆسیقایی شیعردا لەسەر دووبارەکردنەوە دەنگییەکان و هاوسەنگییە دەنگییەکان(بالانسی دەنگەکان) وەستاوە[٢٤]، ئەم دووبارەکردنەوانە جۆراوجۆرن و خاوەن ئاستگەلێکی هەمەجۆرن، لە دوبارەکردنەوەی فۆنیمێک[٢٥]، چەند فۆنیمیک، بڕگەیەک، چەند بڕگەیەک و دوبارەکردنەوەی وشەوە دەست پێدەکات و تا دووبارەکردنەوەی دەستەواژە و ڕستە و نیوەدێڕ و دێڕ و تەنانەت کۆپلەش درێژ دەبێتەوە. هەریەک لەم دووبارەکردنەوانە بەجۆرێک لە جۆرەکان باری مۆسیقی دروست دەکەن، بەڵام بەهەمان شێوەی کە ئاماژەی پێکرا هیچ بەهایەک ناکرێت بە جیا و دابڕاو لە بەهاکانی دیکە بخرێتەڕوو، لەبەرئەوە دەشێت دوبارەکردنەوەکان وێڕای بەهای مۆسیقی ببنە هۆی بەها و

بایەخگەلی جەختکردنەوەیی، وروژێنەری، وێنەیی یا سۆزداری. لەم نێوەندەدا هەندێجار یەکێک لە بەهاکان بەسەر لایەنەکانی دیکە زاڵ دەبێت وەکو دووبارەکردنەوەی سەروا و پاش سەروا لە قەسیدەی(بوی جوی مولیان) ی ڕوودەکی کە بەم سەرەدێڕە دەست پێدەکات:

**بوی جوی مولیان آید هی یاد یار مهربان اید همی**

لەم هۆنراوە ناسک و سۆزدارییەدا باری مۆسیقی پاش سەروا بۆتە هۆی وروژاندن و کاریگەرییەکی سۆزداری بەرز و باڵا.

بەروبومێک کە لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی فۆنیمەکان دروست دەبێت و لە زاراوەناسی باودا (پەخش کردن) یا دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی(Alliteration)[٧] پێدەوترێت، وێڕای دروستکردن و هێنانەکایەوەی باری مۆسیقی دەبێتە هۆی گوێزانەوەیەکی سۆزداری و ئیدراکی تایبەتی، ئەوەی پێدەوترێت کاریگەری وروژاندنی و دووپاتکردنەوەیی زیاتر لەڕێگەی بەرجەستەکاری وشەیی کاردەکات، کە یەکێک لە هۆکار و ئامرازەکانی بریتییە لە (دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی):

**شب است و شاهد و شمع و شراب و شیرینی**

[٧]. هەردوو زاراوەی Alliteration & Assonance بۆ مەبەستی دووبارەکردنەوەی دەنگی لەوشەکاندا بەکاردێت، کە ئێمە هاودەنگی یا دووبارەکردنەوەمان بۆ بەکارهێناوە، بەڵام یەکەمیان بۆ دووبارەکردنەوەی بزوێنی و دووەمیان بۆ دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی بەکاردێت. و. کوردی.

**غنیمت اســـت چنین شـــب كه دوســـتان بینی**

وشـــەگەلێک، کە بە نەبزوێنی(ش) دەســـتیان پێکردووە وێڕای هێنـانەکـایەوەی مۆســـیقـایەکی بەهێز لە نیوەدێڕی یەکەم و دروســـتکردنی هەســـت و ســـۆزێکی شـــادمـانی، خـاوەن بەرجەستەکارییەکی وشەیین: شب، شاهد، شمع، شراب، شیرینی.

یا لەم دێڕە بەناوبانگەی مەنوچەهری دامغانیدا:

**خیزید و خز آرید كه هنگام خزان است**

**باد خنك از جانب خوارزم وزان است**

دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی (خ) و (ز) لە وشـــەکانی(خیزید) و (خزارید) و (خوارزم) و لەتەکیاندا نەبزوێنی(خ) لە وشـــەی (خنک) خـاوەن چەنـد کـاریگەرییەکی دەنگی و وروژێنەری جۆراوجۆرە. وشـــکی و ســـوانی(خ) و (ز) ســـەرباری دروســـتکردنی بنیاتگەلێکی هاوشێوەی مۆسیقایی لە دێڕەکەدا ، وەسفکەری وەڕزی و ناخۆشی بایە پایزییەکان و دەســـپێکی وشـــکی ســـروشـــتە لە وەرزی خەزاندا. شـایەنی باســـە بەرجەســـتەیی وشـــەکانی(خز) و (خزان) و (خوارزم) ســـەرمایە و دەسـکەوتێکە بۆ پێشـــەکی شـاعیر لە کۆپلەکانی دواتری موســـەممەتێک[8] کە ئەم دێڕە ســـەرەدێڕی موســـەممەتەکەیە و بەم شـــێوەیە هەوەڵین ئەلقە لە زنجیرەی موســـەممەتێکی درێژ پێکەوە دەبەسترێت و شەتەک دەدرێت.

[8]. موسەممەت، شیعرێکی کلاسیکە لای کورد و عەرەب و فارس هەیە و پێکهاتووە لەچەند دێڕێکی هاوسەروا

دو بارەکردنەوەی بزوێنە کان یا بەپێی زارەوە باوەکە (هاودەنگی بزوێنی Assonance)[٢٦] توانایەکی دیکە لە بەهای مۆسیقی لە شیعردا دێنێتەکایەوە. ئەم دوبارەکردنەوەیە وەکو دوبارەکردنەوەی نەبزوێنی سەرەڕای بەهێزکردنی مۆسیقای شیعر دەبێتە مایەی بەرجەستەبوونی وشەکان و بەهێزبوونی وێنەکارییەکانی شاعیر بۆنموونە لەم دێڕەی خوارەوەی حافزدا:

**تو و طوبی و ما و قامت یار　　فکر هر کس به قدر همت اوست**

دوبارەکردنەوەی سێ جاری بزوێنی درێژی(ا) لە نیوەدێڕی یەکەم و لەهەمانکاتدا هەبوونی ئەم بزوێنە لە نیوەدێڕی دووەمدا بۆتە هۆی چەند دەسکەوت و بەروبومێک لە دێڕەکەدا:

١.بەهێزکردنی مۆسیقای ناوەوەی نیوەدێڕی یەکەم.

٢. بەرجەستەبوونی وشە سەرەکییەکانی (طوبی= جۆرە درەختێکە)، (ما= ئێمە) ، (قامت یار= بەژن و باڵای یار).

٣.بەهێزتر بوونی پەیوەندی وێنەیی نێوان طوبی(= درەختی تووبی) و باڵای یار.

شایەنی باسە، دووبارەکردنەوە و گونجانی بزوێنەکان لە سەراپای دێرێک کە ئەم غەزەلە وابەستەیە پێیەوە بەهەمان شێوە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی یەکێتی شیعرەکەی بەدیهێناوە. ئەم جۆرە دووبارەکردنەوە و گونجانانە لە هەندێک لە جۆرەکانی شیعردا دەبێتە مایەی چڕکردنەوەی باری سۆزداری. شاعیرانی کۆن،

ســـــوودێکی زۆریـان لەم خـاڵە وردە وەرگرتووە بۆ ڕازانـدنەوەی ســــۆزداری لاوانــدنەوەکــان بـۆ نـموونە لەم دێـڕەی یەکەمـی لاواندنەوەیەکی سەنائی غەزنەوی:

**کرد ناگه گنبد بسیار عمر خوار**

**فخر ال گنبدی را بی جمال عمر خوار**

دەبینین کە بزوێنی درێژی(آ) و بیرهێنەرەوەی وشـــــەی(آە) بۆتە هۆی گوێزانەوەی هەسـتی غەم و پاشـان سـەروا سـوودمەندەکان لە بزوێنی بنەڕەتی هاوشێوەیی( آ) سەرانسەری لاواندنەوەکەی کردۆتە خاوەنی باری‌کی مۆسیقایی و سۆزداریی غەمبارانە[27].

فەخرەددینی عێراقیش لە لاوانـدنەوەیەک بۆ مردنی بەهـائەددین زەکەریـا دووبـارەکردنەوەی بزوێنەکـان بە کۆمەک و یـارمەتی سەرواکان بەهێز دەکات تا باری سۆزداری شیعرەکە زیاتر بکات:

**چون ننالم چرا نگریم زار**

**چون نمویم که می نتاب بار**

**کارم از دست رفت و دست از کار**

**دیده بی نور ماند و دل بی یار**

**دل فگارم چرا نگریم خون**

**دردمندم چرا ننالم زار**

(دیوان عراقی/ ١١٤)

پێویستە سەرنج لەوە بدرێت، کە لە دووبارەکردنەوەی بزوێنەکانیشدا بەهای مۆسـیقی لە چوارچێوە و بازنەی بونیات دایە و لە ڕاسـتیدا تۆڕی کارلێکە وشـەیی و دەنگییەکان لە بونیاتی مۆسـیقی شـیعردا بەهۆی ئەوان کار دەکات بۆ نموونە لەم دێڕەی خوارەوەی حافزدا:

**خرقه زهد مرا اب خرابات ببرد**

**خانه عقل مرا اتش میخانه بسوخت**

بنیاتی وشـەیی خاوەن بەیەکەوەلکان و توندوتۆڵییەکی بەرزە و دەسـتەیەک لە دووبـارەکـردنەوەی نەبـزوێـنـی(Alliteration) و دووبارەکردنەوەی بزوێنی(Assonance) و وشـەسـەرەکییەکانی دێڕەکەی پێکەوە بەستۆتەوە و شاعیر بە یارمەتی لێک نزیککردنەوە دەنگییەکان بونیاتی مۆسـیقی شـیعرەکەی ڕێکخسـتووە و لە ڕوێکی دیکەوە بەهۆی پەیوەندییە مۆسیقییەکان زۆربەی وشە سەرەکییەکانی دێڕەکە بەرجەستەیی و ڕەونەقیان وەرگرتووە[٢٨].

# پەراوێزەکانی فەسڵی دوازدەیەم

1-A Hamdbook to Literature, C.Hough Holman and Willim Harmon،NewYork 1992, p. 459—460.

٢- بۆ ئاشنایی لەگەڵ بنیاد و بنیادی قووڵ، بڕوانە:

(حافظ شناسی: خودشناسی)، محمدعلی حقشناس درکتاب دربارهء حافظ ، زیر نظر نصرالله پورجوادی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی ١٣٦٥، ص٢١٩-٢٢٠.

٣- بڕوانە: نقد تکوینی، لوسین گلدمن، ترجمە محمدتقی ضیائی، تهران، اتنتشارات بزرگمهر، ١٣٦٩، ص٩.

4-Concepts of Criticism, by Rene Wellek, yale University 1971, p. 54.

5- Course De Linguistique Generale.

٦- بۆ بەراورکردنی کارایی زمان و یاری شەترەنج ، بگەڕێوە: درسهای زبانشناسی همگانی، فردیناند دو سوسور، ترجمە نازیلا خلخالی، تهران، نشر فرزان ١٣٧٨، ص ١٢٨-١٢٩.

٧-بڕوانە:درسهای زبانشناسی همگانی، ص ١٠٣-١٠٨ . پیشنهاد شده اسث، کە نشانە شناسی در علوم طبیعی را Semiotics و نشانە شناسی در علوم انسانی را Semiology بخوانند٠ ر٠ک: ساختار و تأویل متن، بابک احمدی، تهران، نشر مرکز١٣٧٠،ج ١، ص١٣.

شایانی باسە، کە مصداق و مفهوم، جیاوازییان هەیە و لێرەدا بۆ رکثیکرنێکی ریژەيي بابەتەکە، بە لێبووردەییەوە وەکو هاوواتا بەکارهاتوون. دەربارەی مێژووی نیشانەناسی بڕوانە:

Writing on General theory of Sight (1971).

٨- بڕوانە: درسهای زبانشناسی همگانی، سوسور، ص ٤٥-٤٦. پس از سوسور، لویی یلمسلف زبانشناس دانمارکی، نشانە شناسی علمی و نشانە شناسی غیرعلمی را از هم جداکرد وتفاوت بین Semiotics و Semiology مطرح ساخت٠ بنگرید بە ساختار و تاویل متن،ج ٢،ص١٣.

9- A Handbook to Literature, p. 459-460.

١٠- ساختار و تأویل متن، ج١، ص٢١٧.

١١- در تحلیل ساختاری غزلی از حاقظ، قرآیند جنین تحلیلی، بهتر نمایانده خواهد شد. بڕوانە: ساختارایی و نقد ساختاری، نصرالله امامی، نشر رسش اهواز ١٣٨٢، ص٤٥-٥٠.

١٢-ئەم بابەتە پێشتر بە درێژی باسی لێکراوە، بۆ ورەکاری زیاتر بڕوانە: درسهای زبانشناسی همگانی، فصل سوم، ص١١٨-١٤٠.هەروەها سیر زبانشناسی، مهدی مشکوەالدینی، مشهد، انتشارات دانشگاە فردوسی ١٣٧٦،ص٧٢.

١٣- بڕوانە: سیر زبانشناسی، ص٧٩.

١٤- بڕوانە: مبانی زبانشناسی وکاربرد ویژە آن در زبان فارسی، ابوالحسن نجفی، تهران، انتشارات نیلوفر، ١٣٨٥،ص٤٤.

١٥- بڕوانە: ساختار و تأویل متن، ج١، ص٢١٦.

١٦- هەمان سەرچاوە،ج ١، ل٥٧.

١٧- بڕوانە: نظرية البنائية فى النقد الادبي، دكتور صلاح فضل، القاهرة، دارالشرق ١٩٩٨، ص ٨٠-٨٢.

١٨- بڕوانە ساختار و تأویل متن،ج١،ص١٢٦.

١٩- بڕوانە: ارسطو و فن شعر، عبدالحسین زرین کوب، تهران، امیرکبیر ١٣٥٧، ص١٤٩-١٥١.

٢٠- بڕوانە: زبان شعر و واژگان شعری»، نصرالله امامی، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه فردوسی مشهد، سال بیست و سوم (١٣٦٩)، شماره سوم و چهارم، ص٦٦٤-٦٦٦.

٢١- بڕوانە: راهنمای نظریه ادبی معاصر پێشووتر، ص٢٩.

٢٢- آخر شاهنامه، مهدی اخوان ثالث، تهران، مروارید ١٣٧٨، ص ٢١-٢٢.

٢٣- بڕوانە: مقالهء «زبانشناسی و شعر» اثر رومن یاکوبسن، درکتاب زبانشناسی و نقد ادبی، از راجر فالر و دیگران، ترجمه مریم خوزان ل حسین پاینده، تهران، نشر نی١٣٦٩، ص ٧٥-٨٥ و ساختار و تاویل متن،ج ١، ص١٢٨.

٢٤- بۆ دووپاتکردنەوەی وتە بڕوانە : از زبانشناسی به ادبیات، ج ١، ص ١٥٥-.

٢٥- واج (Phoneme ) بچووکترین دانەی دەنگیی زمانە، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. هەموو دەنگەکانی زمان دەنگ نین، بەڵگە کاتێک بە دەنگ دەژمێردرێن کە جیاوازی لە واتادا دروست بکەن. ئەم دەنگانە بە تەنیا ئەرکی رێزمانییان نیە و واتاشیان هەیە٠ (رک: فرهنگ اصطلاحات زبانشناسی، جلیل ساغروانیان، مشهد، نشر نما ١٣٦٩، ص ٤٦٥) دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیریت، کە فۆنیم وێنەی گۆکراوە و شێوەی نووسینەکەی پێی دەوترێت پیت. بۆ نموونە لە وشەی (آواز) لە چوار

دەنگ پێکهاتووە، کە بە شێوەی(آ ، و ، ا، ز) دەنووسرێن، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: ( مبانی زبانشناسی وکاربرد آن در زبان فارسی، پێشووتر، ص٢١-٢٨.

٢٦- باوەڕ وایە، کە بەکارهێنانی هاودەنگی دەبێتە جۆرێک لە خراپ بەکارهێنان و وا دەزانرێ، کە فۆنیمەکان تەنها دەنگیان هەیەو ناتوانن دەنگیان بۆ هاوەنگەکانیان هەبێ، هەر بۆیە پێشنازکراوە، کە لە جیاتی هاودەنگی لە دوپاتکرگنەوەی فۆنیمەکان بۆ Assonance سوود وەرگرن، بڕوانە: زبانشناسی به ادبیات،ج ١، ص١٧٩.

٢٧- بۆ ئاشنایی زیاتر لەبارەی ئەم لاواندنەوەیە، بڕوانە: مرثیه سرایی در ادبیات فارسی، نصرالله امامی، تهران انتشارات دفتر مرکزی جهاد دانشگاهی، تهران ١٣٦٩، ص٩-١٥٨.

٢٨- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بنیادی ئەو بەیتە، بڕوانە: ساختگرایی و نقد ساختاری، نصرالله امامی، پێشووتر، ص٤٥-٥٠.

# فەسڵی سێزەدەیەم

# هەڵوەشاندنەوەگەرایی

## چەمکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی

هەڵوەشاندنەوەگەرایی کە لە زمانی فارسیدا بەچەند ناوێکی دیکەی وەک بونیات شکێنی و ژێرخان ڕووخێنی ناوبانگی پەیدا کردووە ، بەپێی بیروباوەڕی تیۆریستەکانی بە شێواز یا میتۆد دانانرێت و بەبڕوای ئەوان تەنانەت ناتوانرێت پێناسەیەکی وردی هەڵوەشاندنەوەگەراییش بەدەست بخرێت، چونکە بەدەستەوەدانی هەر پێناسەیەک وەکو ئەوە وایە کە بمانەوێ سنور و تخوبێک بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی دیاری بکەین، لە کاتێکدا هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە پێناسەیەکدا شوێنی نابێتەوە[١].

هەڵوەشاندنەوەگەرایی هاوشێوەی تاودانی واتا و هێنانەکایەوەی شوێنێکە بۆ فرە واتایی لە قەڵەمڕەوی دەقدا. بە دەربڕینێکی دیکە

هەوڵێکە بۆ هێنانەدەرەوەی دەق لە سنوری ئەو واتایەی، کە لە تێڕوانینی یەکەمدا لامان بەرجەستە دەبێت. هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەم پێودانگە هەوڵێکە بۆئەوەی دەق لە قەفەسی واتایی تایبەت و داخراو و حەتمی بهێنێتە دەرەوە و گومان و وەهمی یەک واتای نەگۆڕ یا ڕەهایەتی واتایی تایبەت لە دەق وەلا بنێت.

لە هەڵوەشاندنەوەگەراییدا کە جۆرە (کردارێکی ڕاڤەاری یا شیکردنەوەییە) ڕێگە بەسەر خوێندنەوە و ڕاڤەکردنەکانی دیکە دانەخراوە. لەم پڕۆسە ڕاڤەکارییەدا کە هەندێجار بەتەواوەتی لەگەڵ واتای ڕوون و ئاشکرای دەقەکە دژ دەوەستێت چەند سەرنج و تێگەیشتنێکی تایبەت لە دەقەکە دێتەکایەوە کە بنچینەکەی لە جیاوازی و دژایەتییەکانی ناو هەمان دەق وەرگیراوە.

لەگەڵ ئەو ڕوونکردنەوەی کە کرا (ژاک دریدا)ی فەیلەسووف و دوربینترین تیۆریستی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە ڕاشکاوییەکی تەواوەوە دەڵێت: ( هەڵوەشاندنەوەگەرایی میتۆدێک نییە)[٢] تا لە شکڵ و چوارچێوەیەکی تایبەت جێگەی بێتەوە و لەم ڕووەوە دەشێ لە هەڵوەشاندنەوەگەراییدا کاری هەر ڕەخنەگرێک جیاواز بێت لە کاری ڕەخنەگرێکی دیکە و لەڕێگەی لێکچوون و هاوشێوەییەکان بتوانرێت شێواز و میتۆدێک بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی وێنا بکرێت و هەر جۆرە وێنایەک بۆ میتۆد لە هەڵوەشاندنەوەگەرایدا کاریگەرە بە مۆدێل یا شێواز و ڤێرشنی ئەمریکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و چێژ و

سەلیقەیەکی تایبەت کە ڕەخنەگرانی ئەمریکی لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم خستیانەڕوو. ئەم مۆدێل و تیڕوانینە زۆری نەخایاند بەهۆی تیۆریستە دیارەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەک ڕۆدۆڵف گاشێ[٤](١٩٨٦) و جیۆفری بنینگتۆن[٥](١٩٨٨) بە توندی ڕەتکرایەوە.

## پێشینەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی

هەڵوەشاندنەوەگەرایی هاوشانی هەوڵدان بۆ گۆڕینی بۆچوونی تاک واتایی ڕەهای بەرهەم و کۆشش بۆ فرەواتایی، تەقەلایەکە لە ڕێگەی توانستی ڕاڤەکاری و توانای شیکردنەوەی جیاواز بۆ ئەدەب. ئەم تایبەتمەندییە خودییە لە ئەدەبدا هەڵبەتە لە ڕابردووە زۆر دوورەکانەوە سەرنجی لێدراوە و ڕەنگە بتوانرێت بگوترێت، کە فەلسەفەی هەبوونی هەندێک لە سیفاتە ئەدەبییەکانی وەک پۆشینەکان، لێڵی و نادیارییەکان، خوازە و خواستنەکان بۆ ئەوەیە کە خوێنەر بتوانێت تێگەیشتن و درککردنێکی جۆراوجۆری بۆ بەرهەمەکە هەبێت و لە ڕاستیدا ڕاکێشانی زمان لە بارە دەلالەتییە جێگیرەکەی بەرەو دەلالەتە شاراوە و خوازەییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەق بەرگە و توانای فرەواتایی هەبێت.

ئەوەی لە سەدەی بیستەمی زایینی بووە هۆی ڕووکردنە هەڵوەشاندنەوەگەرایی، هەژان و شلۆقی ڕەهاییە زانستییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و تەواوی سەدەی بیستەم بوو. ئەم هەژان و ناجێگیریانە کە دەبوونە هۆی گومانی فەلسەفی بەرامبەر بە واقیعیەت

بە گرنگترین بونیاتی فیکری تیۆری هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەژمار دەکرێن[٦]، بەڵام پێویستە سەرنج لەوە بدرێت کە ڕەگ و ڕیشەگەلی ئەم گومانە دەتوانرێت لە بیری هەندێک لە فەیلەسووفانی کۆنیش ببینرێت. ئەوان لەو باوەڕە بوون کە مەعریفەی مرۆیی جۆرە ڕاڤەکردن یا شیکردنەوەیەکە بەرامبەر بە جیهان و ناتوانرێت وەکو واقیعیەتێکی تەواو و بێگەرد وێنا بکرێت[٧].

لە بواری ئەدەبدا ئەم بیروباوەڕەی، کە دەڵێت دەق دەکرێت بەراواژکردنەوە و هەڵگەڕاندنەوەی ئەو واتایە بێت کە نووسەر مەبەستی بووە لە ڕابردووە دوورەکان و بگرە لە سەردەمی سوکراتیشدا ڕەتکراوەتەوە[٨]، هەروەها هەبوونی چەند ئاماژە و نیشانەیەک لە دەقە ئەدەبییە کۆنەکانی خۆرهەڵات بە تایبەت لە ئەدەبی فارسی و عەرەبیدا توانستی فرەواتایی و ڕاڤەکاری پشتڕاست دەکەنەوە کە چەند لایەن و بوارێک لەوانە دەتوانرێت لە مەسنەوی مەعنەوی مەولەوی و (کەلیلە و دیمنە)دا ببینرێت[٩].

گومانە گەورەکانی نیچە و هایدگەر و تیۆرە شۆڕشگێرانییەکانی داروین و فرۆید وەکو بەشێکی نکۆڵی لێنەکراو لە ژێرخانە زانستی و فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم لە پەیدابوونی هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەکو تیۆرێکی ڕێک و پێک کاریگەرییەکی نکۆڵی لێنەکراویان هەیە. نیچە دەیگوت لە دونیادا هیچ ڕەهایەتییەک بوونی نییە و بەم هۆیەوە دەربڕین و شیکردنەوەکانی ئێمە بۆ حەقیقەت دەکرێت جیاواز بێت.

ئەو بە بوێرییەكی سەرسوڕهێنەرانە ئەم بیروباوەڕەی هەبوو كە دەیگوت (حەقیقەتەكان هەمان ئەو گومانانەن كە گومان لێكردنیان فەرامۆشكراوە)[١٠].

هەندێك لە لێكچوون و نزیكایەتییەكانی بیری (نیچە) لەگەڵ (داروین) نیشاندەری ئەم خاڵەیە، كە لە هەمان ئەو سەردەمەی كە گومانەكان بەرامبەر بنیاتە جەستەیی و ڕۆحییەكانی مرۆڤ خرانەڕوو، چەند پەنجەرەیەكی فیكریی مرۆڤ بە تەواوەتی بەرەو ڕووی ڕێژەیی بوونی ڕاڤەكارییەكان و هەلاتن لە ڕەهاییەتی ئاوەڵا كران و هەڵەبەتە ئەدەب و هونەریش لەم بوارەدا بێبەش نەبوون و بەم هۆیەوەیە، كە نابێت هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە ئەدەب ببەستینەوە، چونكە ئەم تیۆرە دەتوانێت یەخەی گشت باوەڕ و بیرێك یا بەرهەمێك بگرێت و تەنانەت خودی هەڵوەشاندنەوەگەراییش بێبەش نەكات.

## هەڵوەشاندنەوەگەرایی و دەرچوون لە بنیادگەرایی

دەتوانرێت ڕیشەگەلێكی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە چەندین شێوەی پەڕاكەندە و پەرش و بڵاو، بەڵام ڕوون و دیار لە بیروباوەڕی بنیادگەرەكاندا بدۆزرێتەوە.

(جاك دریدا) بنیاتگەری بە قۆناغێكی گرنگ و پێویست بۆ چوونەناو هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەزانێت[١١]. بنیاتگەرەكان بە كاریگەربوونی ڕاستەوخۆیان بە تێڕوانینە زمانناسییەكان هەر واتایەكی زیندوویان بە هەڵقوڵاو لە بنیاتیكی زمانناسانەی دیاریكراو دەزانی و پێوەندی

دەلالەتکردنی ڕاستەوخۆی دەقیان بەسەر پەیوەندی دەلالەتکردنی خوازەیی زاڵ دەکرد و بەم هۆیەوە لە جووڵەکردن بەرەو ڕووی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا نەیاندەزانی لەگەڵ قاڵبە چەسپاوەکانی زمانناسی چی بکەن و ئەم خاڵەش بووە هۆی ئەوەی زۆرێک لەوان بە تایبەت بنیاتگەرە ئەمریکییەکان هەوڵبدەن بۆ هەڵوەشاندنەوەگەراییش وێنای جۆرە چوارچێوە و قاڵبێکی چەسپاو بکەن و ئەمەش بێگومان کارێک بوو، کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە توندی خۆی لێدەپاراست[١٢]، چونکە هەڵوەشاندنەوەگەراکان بوونی هەر جۆرە شکڵێکی جێگیریان بۆ کارەکەی خۆیان ڕەتدەکردەوە.

پێویستە سەرنج لەوە بدرێت، کە تێکڕای ئەوەی وەکو (پاش بنیاتگەری) لە کۆتایی دەیەی شەست بەدواوەی سەدەی بیستەم خراوەتەڕوو لە هەناوی بنیاتگەری هاتۆتە دەرەوە و لە ڕاستیدا بیرەکانی پاش بنیاتگەری جۆرە ڕەوتێکی پێگەیشتووی بونیادگەری بوو لە لق و بیروباوەڕە بنیاتگەرییەکاندا. شایەنی باسە هەر ئەم جۆراوجۆری بیرانە بووە هۆی ئەوەی، کە تیۆریستانی بنیاتگەری لە ئەنجامدا مەیل و ئارەزوو بۆ جۆرە سازشێک لەنێوان بنیاتگەری و ئەو تێگەیشتنانەی، کە لەئارادابوون نیشان بدەن و نکۆڵی لە ئەگەرەکانیان نەکەن[١٣]. ئەم خواست و ئارەزووە ئەوە نیشان دەدات، کە بنیاتگەرەکان بە دەسکاریکردنی بۆچوونی پێشووی خۆیان بەم ئەنجامە گەیشتبوون، کە بنیاتگەراییش دەتوانێت لە ڕەوت و ئاراستەی

تێگەیشتنەکانی خوێنەر جووڵە بکات و خوێنەری زیرەک دەتوانێت بۆ تێگەیشتنەکانی خۆی سوودە لە قاڵب و شێوە عەقڵییەکانی خۆی وەربگرێت.ئەم جووڵە و بزاوتەی بنیاتگەرەکان لەڕاستیدا شتێکی گرنگ و پێویست بوو، چونکە بنیاتگەرەکان یا پێویست بوو بە شێوەیەکی پلەڕەوتی(تدریجی) ڕادەستی قەبوڵکردنی تێگەیشتن و خوێندنەوە جیاوازەکان بۆ دەق ببوان یا لە قەڵەمڕەوی تێگەیشتنە سنوردارەکانی خۆیاندا بەوەستاوی بمابانەوە.

## هەڵوەشاندنەوەگەرایی و بەرامبەریە دوانەییەکان

(**جیاوازییە دوانەییەکان**):

کرۆکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەرچوون لە تێڕوانینی جیاوازی(بەرامبەری) بوو و بەم هۆیەوە تێڕامانێکی کورت لە تێڕوانینی بەرامبەری یا دوالیزمی لە کلتوری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا بۆ ناسینی ماهییەتی هەڵوەشاندنەوەگەرایی شتێکی پێویستە.

لە تێڕوانینی بنیاتگەریی فردیناند سۆسێری زمانناسی سویسریدا زمانناسی سیستمێکی لە بەها بەرامبەربەیەکەکان(دژیەکەکان)دا هاتۆتەکایەوە. ئەم بەهایانە بەهۆی بەرامبەر یەک وەستان یا جیاوازییەک، کە لەگەڵ یەکتریدا هەیانە لە یەکتری جیادەکرێنەوە. ئەم بیروباوەڕە بیرهێنەرەوەی بنەمای(تعرف الاشیاء باضدادها/ شتەکان بەهۆی دژەکانیانەوە دەناسرێنەوە)ە.

دریدا باوەڕی وایە کە کلتوری خۆرئاوا بە توندی لەژێر کاریگەری ئەم تێگەیشتنە بەرامبەرییە دایە ، هەڵبەتە پێشینەی ئەم بۆچوونە بۆ ڕۆژگاری ئەفلاتوون و ئەرستۆ و بگرە بۆ پێش ئەوانیش دەگەڕێتەوە، تێڕوانینی کرۆک و کاکڵ(جوهر و عرض)، شێوە و مادده، وشە و واتا و بابەتگەلێکی دژەیەکی دیکە لە بیر و بۆچوونی ئەرستۆدا بۆ چەندین سەدە بنەڕەت و بنەمای مەعریفەتی دژیەکی(بەرامبەربەیەکی) بووە لە بواری بیری ئادەمیزادا.

دریدا بە دەرچوون لەم تێڕوانینە بەرامبەرییە(دژیەکییە) هەوڵیدا ئەوە نیشان بدات، کە ئەم بەرامبەرییانە لە هەمان کاتدا خاوەن بونیاتێکی زنجیرەی پلە و پایەیین(Hierarchical)، هەندێک جار بەبێ هیچ بەڵگەیەکی پتەو هەمیشە ڕەگەزێک بەرزی و بالایی بەسەر ڕەگەزێکی دیکە بەدەست دەهێنێت و ئەم شتەش دەبێتە بنەما و بنەڕەتی بەها بۆنموونە دەستبالایی و زاڵی واتا بەسەر وشە، سپی بەسەر ڕەش، ڕووناکی بەسەر تاریکی، ڕۆژ بەسەر شەو. دریدا بە پەسەندنەکردنی بۆچوونێکی لەم چەشنە ئەم زنجیرەی پلەوپایەیە بەشێوەیەکی کاتی دەگۆڕێت و لە هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەقدا بەشێوەیەک دەیخاتەڕوو کە دەرخەر و نیشاندەری خاڵی جیاواز و دژیەکی ئەو واتایە دەبێت،کە لەسەرەتادا خۆی نیشانداوە[١٤].

دریدا بەپشتن بەستن بە تێڕوانینی نابەرامبەرکاریانەی خۆی مەسەلەی بالادەستی و زاڵی گوتار بەسەر نووسین، کە سوسێر

خستبوویەڕوو ڕەتدەکاتەوە. بنیاتگەران لەسەر بنەمای بۆچوونی سۆسێر باوەریان وابوو، کە گوتنی زارەکی بەهۆی تایبەتمەندی ئامادەبوون (Presence) خاوەن جۆرە گەرماوگەرمی و ڕاستەوخۆییەکە، کە نووسین نییەتی و بەکورتی گوتنی زارەکی دەتوانێت ڕۆحی قسەکەر بەرجەستە بکات، لەکاتێکدا نووسین ئەم تایبەتمەندییەی تێدا نییە. دریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە دەڵێت: کە نائامادەیی(غیاب) یا ناوەندێک(مەودایەک)، کە سوسێر لە نووسیندا باسی لێوە دەکات لە گوتنیشدا شیاوی درککردنە، چونکە ئەگەر نووسین بەهۆی نیشانە و ئامرازەکانی نووسین درک دەکەین، ئەوا گوتنیش لەڕێگەی نیشانە فۆنەتیکییەکان و دەنگەکان درک دەکەین، کەواتە هەمان ئەو ناوەند(مەودا) یا چەقەی، کە بۆ نووسین بە مێشکدا دێت لە گوتنیشدا بوونی هەیە، چونکە دال (= ئامرازی دەلالەت) دەشێت نووسین(خط) یا گوتن(لفظ) بێت.

جیاوازییەکانەوە دروست بووەو شێوەی گرتووە، ئەو لە خستنەڕووی چەمکی جیاوازیدا کاریگەرە بە بیرۆکەکانی سۆسێر و نیچە و فرۆید و هۆسرێل و هایدگەر. جیاوازی لە بیری ئەم بیرمەندانەدا ڕۆڵی ژیانی هەیە، چونکە ئەوان لە هزری خۆیاندا بۆ سیستمە دەلالەتییەکان گەیشتوون بە جیاوازی و جیاوازیناسی(differentiation) و جەختکردنەوە لەسەری[١٥].

چەمکی جیاوازی ئەوەیە، کە هەر وشەیەک لەڕێگەی ئەو جیاوازییەی کە لەگەڵ وشەیەکی دیکە هەیەتی درک دەکرێت، درەخت درەختە لەبەرئەوەی بەرد نییە. لە ڕوویێکی دیکەوە واتای وشەیەک لەڕێگەی هاوواتاکەی درک دک دەکەین. (باش) لەگەڵ وشەی (چاک) ڕاڤە دەکەین، واتای (چاک) لەگەڵ وشەی (خوازراو) درک دەکەین و بەم شێوەیە واتای وشەیەک بە وشەیەکی دیکە دەسپێردرێت، واتە واتاکەی بەهۆی وشەیەکی دیکە دوادەخرێت.

دریدا بۆ نیشاندانی ئەم جیاوازیی و دواخستنە وشەی Differanceی داهێناوە تا واتایەکی فراوانتر لە(جیاوازی=Difference ) بە وشەکە ببەخشێت. لەم وشە داهێنراوەدا بەشیAnce لەبری Ence بەکارهێنراوە تا هاوئامێزی و پێکداچوونی (Fusion) دوو واتای فرمانی Defferer لە زمانی فرەنسیدا بگەیەنێت: یەکێکیان جیاوازی بوون یا جیاوازی (Defference)و ئەوەیتر دواخستن یا درەنگ خستن(Deferment). سەیر لەوەدایە، کە هەردوو وشەی (Difference) و ( Difference) وەکو یەک گۆدەکرێن، لەکاتێکدا فۆرم و شێوەی نووسینیان لەیەکتر جیاوازە.

خاڵێکی ورد لێرەدا بیرخەرەوەی ئەوەیە، کە لە زمانی نووسیندا هەندێجار دەتوانرێت بە جیاوازی یا جوداییەک بگەیت کە زمانی ئاخاوتن توانای نیشاندانی ئەم جیاوازییەی نییە[١٦].

ئێستا پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە،کە ئەم جیاوازی و دواخستنە چۆن  پێوەندی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەگەرایی پەیدا دەکەن؟

(دریدا) بە پشتن بەستن بە دواخستن لەو باوەڕەیە، کە واتای وشەکانی هەرگیز بەشێوەیەکی تەواو و کامڵ درک ناکرێن، بەڵک هەمیشە واتایەک بە واتایەکی دیکە دەسپێردرێت. بۆ نموونە هەر وشەیەک لە فەرهەنگی وشەکاندا لە ڕێگەی وشەیەکی دیکەوە دەناسرێت، لەکاتێکدا درککردنی وشەی دووەمیش پێویستی بە وشەیەکی دیکەیە و ئەم زنجیرە و خولە بەردەوام دەبێت و خاڵی

دواخستن لە قەڵەمڕەوی ناسینی وشەکاندا دەبێتە هۆی باسکردن و خستنەڕووی بابەتێکی دیکە لەلایەن (دریدا)وە. ئەو ئەم خاڵە دەخاتەڕوو، کە بە جۆرێک واتا هەرگیز بەشێوەی سەربەخۆ یا چەسپاو بوونی نییە، بەڵکو هەمیشە لە سنوور و قەڵەمڕەوی گوتن یا نووسیندا لە بارودۆخێکی زێدەبوون و گۆڕان و داخزیندایە، دریدا ئەم پەرتکردن و جووڵ واتاییە، کە بەشێوەیەکی ناوەکیانە و شاراوە کاریگەرە بە دەق بە (پەخشکردن= بڵاوکردنەوە) (Dissemination )[١٨] ناودەبات. مەبەست لە پەخشکردن پەرش و بڵاوکردن و بڵاوکردنەوەی واتایە لە ڕێگەی جێگرتنەوە یا هاووتاکانی یەک وشە لە مێشکدا و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە واتایەکی حەتمی و ڕەهایە[١٩]. بۆ نموونە هەر وشەیەک خاوەن واتا و مەرامێکە لە بونیاتی قسە یا ڕستەدا بەپێی تەکنشینی لەگەڵ وشەکانی دیکە یا زەمینە هزرییەکانی

تاکەکەس یا ڕوانین و تێگەیشتنە تایبەتەکانی ئەو دەبێتە هۆی تێگەیشتنگەلێکی زۆر و بەم شێوەیە ئێمە ڕووبەڕووی تۆڕێکی فراوانی واتایی دەبینەوە. ئەم فراوانییە هۆکاری جۆراوجۆری وتایی یا هەمان پەرتبوون و بڵاوبوونەوەی واتاییە لە دەقدا. ئەم بنەمایە لە بیری دریدادا دەسکەوت و سەرمایەیەکە بۆ گەیشتن بۆ هەمان ئەو زێدەبوونە واتاییەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا.

ئەوەمان گوت، کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی تۆڕێکی فراوانی هەیە. (دریدا) لە مەیدانی مرۆڤناسیشدا مەسەلەی جیاوازی سروشت و شارستانیەت، کە ڕۆسۆ و شتراوس خستبوویانەڕوو دەخاتە ژێر گومانەوە و لە ڕەتکردنەوەی ئەم خاڵەی، کە سروشت باڵاترە لە شارستانیەت سوود لە هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەردەگرێت. ئەو سەرەتا بە ڕەتکردنەوەی باڵادەستی سروشت بەسەر شارستانییەت ئەم تێگەیشتنەی، کە دەڵێت سروشت لە بارودۆخی تازە و دەستلێنەراوی خۆیدا بەسەر شارستانیەت زاڵە دەخاتە ژێر گومانەوە و پاشان ئەم پرسە دەخاتەڕوو کە ئایا لە بنەڕەتدا جێگایەک بۆ پەسەندکردنی ژیانی سەرەتایی و داب و نەریتەکانی وابەستە بە قوربانیکردن و جەنگ و ململانێیەک، کە بنەمای زۆرێک لە توندوتیژییە بەربەرییەکانە بوونی هەیە تا لەسەر ئەو بنەمایە بەشێوەیەکی ڕەها سروشت بەسەر شارستانیەتدا زاڵ بکرێت؟

هەرچۆنێک بێت هاوشێوەی ئەم چەشنە شیکردنەوانە دەتوانرێت لە مەیدانە جیاوازەکانی شارستانیەت و هونەر و لایەنەکانی دیکەدا بخرێتەڕوو، هەربۆیە، کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی ڕۆڵێکی گەورەی لە پڕۆسەی فیکری سەدەی بیستەمدا هەیە، بۆ نموونە، دەربارەی ڕەهایەتی مێژوویی هەندێک کەس ئەم بۆچوونەیان خستۆتەڕوو، کە واقیعیەتی مێژوویی لە بنەڕەتدا بوونی نییە، بەڵکو چیرۆک و گێڕانەوەیەکە، کە ئێمە لەبارەی مێژوو نیشانی دەدەین[٢٠].

بە وردبوونەوە لەوەی وترا چاکترە هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەکو ڕەتکردنەوەی بنیادگەری و پوچەڵکردنەوەی بنیادگەری دانەنێین، بەڵکو بە قۆناغی پێگەیشتووی دەرچوون لە بنیادگەری دابنێین. هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە دەربڕینێک جۆرە پێچەوانە و دژایەتییەکە بۆ تێڕوانینی حەتمی بنیات و جووڵەیەکە بەرەو سازگارکردن و ڕەوانکردنی تا پێوەندی نێوان دال و مەدلول لە بارە تاک ڕەهەندی و نەگۆڕاوەکەی دەرباز بکات و ئەم خاڵە پەسەند بکرێت، کە هەر دالێک دەتوانێت مەدلولگەلێکی جۆراوجۆر و زۆری هەبێت و چەمک و واتاگەلێکی هەمەجۆر لە دەق یا بەرهەم، کە لە حەقیقەتدا لە گرووپێک لە دالەکان پێکهاتوون، بەدەست بهێنرێت.

## هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە پرۆسەی شیکردنەوەدا

لە هەڵوەشاندنەوەگەراییدا هاوشێوەی بنیاتگەری تەواوی چالاکییەکان لە تەوەری دەقدا دەخولێنەوە. بە گوتەی (ج. میلەر)، کە یەکێکە لە گەورەترین تیۆریستەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە سەدەی بیستەمدا هەڵوەشاندنەوەگەرایی شتێکی زیاتر یا کەمتر نییە لە خوێندنەوەو زیرەکانەی دەق[٢١].

جیاوازی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەگەڵ بنیاتگەری لە پرۆسەی شیکردنەوەدا ئەوەیە، کە هزر و هۆشی ڕاڤەکەر وێڕای فۆکۆس جەختکردنە سەر دەقی ئەدەبی کاریگەرە بە ئەزموونە دەرەکی و دەسکەوتە فەلسەفی و ژێرخانە فیکرییەکانی خۆیشی و لەهەندێک بواردا ئەزموونگەراییە دەرەکییەکانی ڕەخنەگر ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی دەبێت. لە هەڵوەشاندنەوەگەراییدا بوونی بنیات وەکو حەقیقەتێکی جێگیر و نەگۆڕ شتێکی پەسەند نەکراوە. لە ڕوانگەی (دریدا)ەوە دەق نابێت بەشێوەیەکی حەتمی خاوەنی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بێت، کە لەگەڵ یەک لەپێوەندی دابن و پێکەوە بەسترابنەوە. لە تێڕوانینی ئەودا دەق لە هەر کوێیەکەوە دەستی پێبکەی دەقە. دەتوانرێت بگوترێت، کە ئەم ڕوانینە شیاوی بەراوردکردنە لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز یا وەکو نموونە دیوانی حافز لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئێمەدا، چونکە خوێندنەوەی ئەوانە لە

هەر شوێنێکەوە دەشێت وەکو دەسپێکێک وێنا بکرێت و پانتاییەک بۆ درککردن و ڕاڤەکاری بەدەستەوە بدات.

لە شیکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا هەر بنیاتێک ئەم توانست و شایستەییەی هەیە- یا دەشێت بە شاراوەیی هەیبێت- کە تێگەیشتنە باو و ناسراوەکەی تێک بشکێندرێت و تێگەیشتن و واتایەکی نوێ و جیاوازی لێ بەدەست بخرێت.

هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە مەرامی کردنەوەی(بونیاتی بەرهەم ) ئەو سنورەی کە بنیاتگەری دروستی کردووە و هەڵبەز و دابەز و تاودانی واتای لەم بونیاتەدا زیندانی کردووە، دەبەزێنێت تا چەقبەستوویی لە چەمک و واتای بەرهەم دور بخاتەوە[٢٢].

وشەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی نابێت لە تێڕوانینێکی سادەدا بەواتای وێرانکردنی بەرهەمەکە هەژمار بکرێت[٢٣]، چونکە شکاندن لێرەدا بەواتای بێ ڕۆڵکردن یا پەکخستنی تێگەیشتنی تاکلایەنانەیە بەرامبەر دەق[٢٤]. لە هەڵوەشاندنەوەگەراییدا واتای بەرهەمی ئەدەبی هەرگیز بە یەکەیەکی ئەبەدی و ڕەها و حەتمی دانانرێت. هەر دەقێک دەتوانێت بەپێی شایستەییەکەی خۆی کۆمەڵێک شیکردنەوەی زۆر و زەوەند لە خۆیدا بەدەستەوە بدات. ئەمە تاوانێکی ئەدەبی دزێوە، کە وا نیشان بدەین لە هەر داهێنانێکی زمانیدا تەنیا یەک حەقیقەت یا واقیعیەتێکی سیستماتیک و یەکتا دێتە بەرهەم[٢٥] و هەوڵی دریدا لە

قەڵەمڕەوی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا ئەوەیە، کە لەگەڵ تێگەیشتنە تەقلیدی و باوەکانی دەق بجەنگێت.

بە وتەی گادامێری فەیلەسووفی ڕاڤەگەرای ئەڵمانی- بەڕەچەڵەک پۆڵەندی و یەکێک لە شوێنکەوتووەکانی هایدگەر هەموو شیکردنەوەکانی ئێمە بۆ ئەدەب لەژێر کاریگەری ئەزموونە هەنووکەییەکاندایە. تێگەیشتنی ئێمە دەکرێت لە بارودۆخە زەمەنییە جیاوازەکاندا جیاواز بێت بە دەربڕینێکی وردتر و پتەوتر پێویستە بگوترێت کە کۆششەکانمان بۆ درککردنی بەرهەم بە پرسیارگەلێک بەستراوەتەوە کە فەزای کلتوری خودی خۆمان توانای خستنەڕووی ئەو پرسیارانەی فەراهەم کردووە)[٢٦].

وەکو خۆبەستانەوەیەکی بەئاگایانە و بۆ دورکەوتنەوە لە هەڵە تێگەیشتنەکان پێویستە سەرنج لەوە بدرێت، کە هەر دەقێکی سادە و ساکار ناتوانێت تواناو شایستەیی چەند شیکردنەوەیەکی جۆراوجۆری لە چوارچێوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا هەبێت، چونکە دەقە زانیاری گەیەنەکان و ئەو نووسینانەی کە بەتەواوەتی بۆ زانیاریگەلێکی تایبەت(بەشەکی) و دەسنیشانکراو وگشتی بڵاو دەکرێنەوە زۆربەی کات بارێکی شیکردنەوەیی یا ڕاڤەکاریی گرنگ و بەرچاویان تێدانییە، بەهەمان شیوەش چاوەڕوانی چێژلێوەرگرتن و بەهای هونەری و ئەدەبیشیان لێناکرێت.

(ئیمبرتۆ ئیکۆ)ی فەیلەسووف و نووسەری ئیتاڵی لە کتێبی(ڕۆڵی خوێنەر)[٢٧]دا بەشێک لە دەقەکان بەهۆی هەبوونی توانای ڕاڤەکاری تیایاندا بە (دەقی کراوە) وەسف دەکات. ئەم دەقانە بواری خستنەڕووی شیکردنەوە یا ڕاڤەکردن بە خوێنەر دەدەن، لە بەرامبەردا دەقگەلێکی دیکەش هەن، بۆنموونە دەقە پۆلیسییەکان یا دەقە هەزلییەکان کە پێیاندەڵێن(دەقە داخراوەکان). ئەم دەقانە کە بەدوای مەرامێکی چەسپاو دەکەون خاوەن توانایەکی کەمی وەرگرتن و پەسەندکردنی شیکردنەوەن[٢٨].

ئەوەی لە لە شیکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا دەکرێت وەکو دەسکەوت و سەرمایەی شیکردنەوە سەیری بکرێت داننانە بە نارەهاییەتی واتایی لە دەقدا، تا ئەو شوێنەی کە تەنانەت خودی هەڵوەشاندنەوەگەراییش ڕەهایەتی و نەمری لەدەست دەدات. بە شێوەیەک کە دەروازەی هەر جۆرە داوەریکردن و ڕەخنەکارییەک بەڕووی هەموو شیکردنەوە هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان کراوەتەوە.

## هەڵوەشاندنەوەگەرایی و بیروبۆچوونی نەیارانی

کاتێک لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتا و سەرەتاکانی دەیەی هەشتای سەدەی بیستەمی زایینیدا هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ هەوەڵین جار لە زانکۆکانی ئەمریکای باکور و ئەوروپای خۆرئاوادا خرایەڕوو وەکو ڤایرۆس یا میکرۆبێک سەیری کرا و هێندەی نەخایاند کە بزاوتێک بە ئاراستەی بە فۆرمالیستیکردنی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەستی پێکرد.

ئەم لەقاڵبدانەی هەڵوەشاندنەوەگەراییی کە لەگەڵ ڕۆحی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و بۆچوونەکانی دریدادا دژایەتی هەبوو ڕەنگە بتوانرێت ناوی(هەڵوەشاندنەوەگەرایی فۆڕمالیستی )لێبنرێت، لەڕویێکی دیکەوە پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە بنەڕەتدا وشەیەکە کە لەڕووی وشەییەوە چەند تێگەیشتنێکی نادروست دەخاتە ناو مێشکەوە و ئەم هەڵە تێگەیشتنە وشەییەش بووە هۆی ئەوەی دریدا ئەوە ڕابگەیەنێت کە(هەڵوەشاندنەوەگەرایی) وشەیەکە کە هەرگیز خۆشی نەویستووە و حەزی پێنەکردووە، چونکە تێگەیشتنگەلێکی نادروست لە مەرام و سروشتی شیکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەخاتە مێشکەوە[٢٩].

ئەو ڕەخنانەی کە لەسەر هەڵوەشاندنەوەگەرایی- لانیکەم لە مۆدێلە ئەمریکییەکەی- نووسراون نیشاندەری سەپاندن(لێ بارکردن)ی ڕەخنەگران و دانان و چاندنی چەمکێکی سەپاندنە بەسەر هەڵوەشاندنەوەگەرایی، هەڵبەتە ئەم سەپاندنانە لەگەڵ ئەوەی کە دریدا لە زەینیدایە جیاوازە، چونکە بیرکردنەوەی ئازادی هەڵوەشاندنەوەگەراکان لە ئەنجامدا بۆتە هۆی جۆرە کۆت و بەندی و سنوردارییەکی فۆڕمالیستی.

هەر چۆنێک بێت هەڵوەشاندنەوەگەرایی وێڕای هەموو ڕەخنەلێگرتنە نادادپەروەرانە و ڕووخێنەرەکان هێشتا لە واتا ڕەسەن و بنەڕەتییەکەی خۆیدا بەردەوامی بە ڕێگەی خۆی دەدا[٣٠].

# پەراوێزکانی فەسڵی سێزدەیەم

١-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گذر از مدرنیتە، شاهرخ حقیقی، تهران، آگاه ١٣٧٩، ص٢٧.

What is Deconstruction? by Nicholas Royle, in: Deconstruction, a User Guide, Nicholas Royle, 2000, p. 40.

3-Version

4-Rodelf Gasher

5-Geoffer Bennington

٦- راهنمای نظریە ادبي معاصر، رامان سلدن، ترجمە عباس مخبر تهران، طرح نو،١٣٧٢، ص ٢١٧.

٧- شالودەشکنی،کریستوفر نوریس، ترجمە پیام یزدانجو، تهران، نشر شیرازە، ١٣٨٠، ص٩.

٨-رک: ساختار و تأویل متن، بابک احمدی، تهران، نشر مرکز ، ١٣٧٠،ج٢، ص٣٩٩-٤٠١.

٩-راڤە جیاوازەکانی داستانی تووتی و بازرگان لە دەفتەری یەکەم وتەفسیری تووتی بە رۆحی بنیادەمێکی کامڵ و قەفەس لەبەر و و جەستەی ماددی و تەفسیری خۆمراندن بە بێدەنگی، لەوەوە هاتووە. چیرۆکی راکردنی ئەو پیاوە لە پێش وشترێکی مەستەوە دەچێتە خانەی ئاوێتەبوون بە سروشت و جێگەکانەوە و بینینی شارە هەنگەکان و خۆ خەریک کردن بە خواردنی هەنگوین جیاوازە لەگەڵ ئەو راڤەکارییەی، کە لە (کەلیلە و دیمنە

)دا هاتووەو بابەتێکی ترە.بڕوانە: کلیله و دمنه، تصحیح مجتبی مینوی، تهران، دانشگاه تهران، ١٣٤٣، ص٥٦–٥٧.

١٠– ر.ک: شالودەشکنی، پیشین، ص٨٥.

١١– هەمان سەرچاوە، ل٧.

١٢– زمانەنەوانان لەو باوەڕەدان، کە درک کردنی ئێمە بۆ دەقەکان لەسەر بنچینەی نموونە رێزمانییەکانی پێشووترن، کەواتە تێگەیشتنمان لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە نابێت و درک کرنمان زۆر سنووردارە، هەر بۆیە بەشێوەیەکی ناراسنەوخۆ رێگەی شرۆڤە و تێگەیشتنێکی بینراو دەگرینە بەر.

١٣– هەمان سەرچاوە، ل٦.

14-Deconstruction, Guide to Literary Theory and Criticism, J. Douglas
Kneale, John Hopkins University Press, 1997, p. 200.

15-On Deconstruction, Theory and Criticism after Structuralism Jonathan Culeer, GB, 1987, p. 23،.

١٦– دریدا چەند باسێکی بە ناونیشانی Grammatoltgy خستۆتەروو، ئەو بەرهەمێکیشی بە ناونیشانی هەر بەم ناوەوە (De La Grammatology هەیە.) ئەم زاراوەیە بە واتای نوشتارشناسی است.

داریوش أشوری لە بەرامبەر ئەم زاراوەیەدا «دبیره شناسی» پێشنیاز کردووە. بڕوانە: فرهنگ علوم انسانی، داریوش آشوری، تهران، نشر مرکز ١٣٧٤، دەروازە Grammatoltgy

17-Literary Theory: An Introduction, p. 103.
18-Ibid, p. 102.

١٩– بۆ زانیاری زیاتر دربارە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بڕوانە:

-A Glossary of Literary Terms, M.H.Abrams, USA 1993, p. 227.
-Deconstruction: Derrida, Julian WoLfreys, USA 1998, p. 108, 115, 202.

٢٠- بڕوانە: راهنمای نظریه ادبی، ص ٩.

21-Deconstruction, Derrida, p.9

٢٢-شالوده شكنى، نوريس، ص ٦.

٢٣- رک: ساختار و تأويل متن،ج ٢، ص ٣٨٨.

٢٤-هەمان سەرچاوە.

٢٥- بڕوانە: راهنمای نظریه ادبی معاصر، ص١٤٦.

٢٦- همان سەرچاوە، ل ٢٣٣.

27-the Role of the reader.

٢٨- راهنمای نظریه ادبي معاصر، پێشتر، ص ٢٢٣.

29-What is Deconstruction? , p. 5-6.

- بڕوانە: «بایان کار دیکانستراکشن و آغاز دوبله خوانی در نقد هنری و ادبی امروز»، علی اصغر قره باغی، مجله گلستانه، سال ٤، ش (١٣٨١)،ص٥١.

- برای نمونه ای از تحلیل ساخث شکنی، بڕوانە: ساختشکنی در فرایند تحلیل ادبی، نصرالله امامی، نشر رسش، اهواز ١٣٨٢،ص ٢٨-٦٧.

# فەسڵی چواردەیەم

# هێرمۆنەتیك(ڕاڤەگەری)

## چەمکی ڕاڤەگەری(هێرمۆنەتیک)

هـێـرمـۆنەتـیـک بە واتـای ڕاڤەگەری(الـتـاویـل) لە وشـــەی یۆنانی(Hermeneus) وەرگیراوە کە واتای (شیکردنەوە(شرۆڤەکردن) و هەڵگێڕانەوە و ڕاڤەکردن)دەگەیەنێت. ئەم وشـــەیەیان بە (هێرمس) بەســـتاوەتەوە . هێرمس پەیامبەرێکی باڵداری کێوی ئۆڵمپ[1]( Moun Olymus) بوو، کە شیکردنەوە و قسەی دەخستنەڕوو و بەم هۆیەوە پێوەندی نێوان هێرمۆنەتیک و هێرمس لەخۆوە و بێ هۆ نییە، چونکە هەر ڕاڤەکارییەک پێویستی بە ئامراز و نێوەندێکە تا بیگەیەنێت.

هێرمۆنەتیک وەکو تیۆرێکی ڕاڤەکاری دەق- چ گوتن چ نووسین- کردارێکی هونەری یا تەکنیکییە. ئەم پێناسە و وەسفکردنە وێڕای ئەو

هەموو و کەم و کوڕییەکانی کە لێیان گرتووە، بێگومان پەسەندکراوترین و بەسوودترین پێناسەیە[٢].

هەندێجار هێرمۆنەتیکیان بە ئاویتەیەک لە تیۆر و کردار هەژمار کردووە[٣] و هەندێجاریش بە شێواز یا تەکنیکێکیان داناوە[٤].

بەکارهێنانی زاراوەی هێرمۆنەتیک بۆ سەدەی حەڤدەیەم دەگەڕێتەوە، بەڵام کار و کردەکەی پێشینەیەکی بەقەد کۆنی شارستانییەتە کۆنەکان و بنەما فیکرییەکانی مرۆڤ هەیە و ئەمڕۆش لەپاش تێپەڕینی چەندین سەدە هێرمۆنەتیک توانیویەتی خۆی وەکو سیستمێکی گشتی و سەراپایی بناسێنێت و هەوڵبدات بە یارمەتی بنەڕەت و بنەماگەلێکی تایبەت جۆرە جیاوازەکانی شیکردنەوە و ڕاڤەگەری بکاتە شتێکی خاوەن سیستەم[٥].

هێرمۆنەتیک بەهۆی پێوەندییەکەی لەگەڵ تێگەیشتن و ئیدراکی مرۆڤ تەنانەت لە شێوە نافەلسەفییەکەی خۆشیدا خاوەن ڕەگ و شێوەیەکی فەلسەفییە.

هێرمۆنەتیک سەروکاری لەگەڵ دەق دایە، دەق لە تێڕوانینە نوێکاندا خاوەن چەمک و واتایەکی فراوان و بەربڵاوە و تەواوی جۆرەکانی گوتاری نووسراو، زارەکی، نواندنی(شانۆیی)، نیگارکێشی، پەیکەرسازی، مۆسیقی و تەنانەت ڕووداوەکان دەگرێتەوە. هێرمۆنەتیک لە ڕاستیدا لەگەڵ بابەت و بنەماگەلێک سەروکاری هەیە، کە بۆ درککردن پێویستیان بە شیکردنەوە هەیە. ئەم ڕۆڵ و ئیشەی

هێرمۆنەتیک لە سەردەمانی کۆنەوە تا سەردەمی ئێمە پەسەند کراوە[٦] و بەم هۆیەوە هێرمۆنەتیکیان بە گوتارێکی هاوبەش لەنێو بەشەکانی مەعریفەدا زانیوە[٧]. هەموو شیکردنەوە و وەرگێڕانەکان و لێکدانەوەی شتە سەخت و ئاڵۆزەکانی دەقەکان و تەنانەت چاککردنەوەی کەم و کوڕییەکانی لێکدانەوەکانیان و درککردنی ڕەمزە شیعرییەکان و بوارگەلێک لەم بابەتانە، بە هەوڵ و تەقەلایگەلێک لە قەڵەمڕەوی فراوانی هێرمۆنەتیک هەژمار دەکرێن[٨].

بە وردبوونەوە لەوەی وترا ئامادەیی و هەبوونی هێرمۆنەتیک لە پانتایی کلتوردا زۆر لەسەرەوەی سنوورەکانی دەقەئەدەبییەکان و ئەدەبدایە.

## پێشینەی هێرمۆنەتیک

ئەگەرچی دیمەنەکانی هێرمۆنەتیک و تێڕوانینە هێرمۆنەتیکییەکان لە میراتی ئەدەب و کلتوری خۆرهەڵاتدا کەم نییە، بەڵام گفتوگۆ و بەدواداچوون دەربارەی هێرمۆنەتیک لە خۆرئاواوە دەستی پێکردووە.

هێرمۆنەتیک لە خۆرئاوادا ڕەگ و ڕیشەکەی لە دوو سەرچاوەوە هاتووە:

١.لێکۆلینەوە ڕەوانبیژییەکان لە ئەدەبی کۆنی یۆنانی، لە ئەسکەندەریەدا هاتەکایەوە[٩].

٢.کلتور و نەریتی شیکردنەوەی ئینجیل[١٠].

نەریتی ڕاڤەکردنی ئینجیل لە مەسیحییەتدا وابەستەبوو بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنان و دۆزینەوەی حەقیقەتێکی بێهاوتا و یەکتا لەڕێگەی وشە و دەستەواژەکانی ئینجیل. ئەم هەوڵدانە کە هەوەڵین هەنگاوە دیار و ناسراوەکانی هێرمۆنەتیک و ڕاڤەکاری کتێبی پیرۆزە نیشاندەری پێویستی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی مەسیحییە بۆ ڕاڤەکردنی کتێبی پیرۆز و یاسا ئایینی و فیکری و ڕەفتارییەکان، بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنرێت، کە تێڕوانینی هێرمۆنەتیکی پیاوانی ئایینی مەسیحی بۆ دەقە پیرۆزەکان بە واتای وردی وشەکە نابێت بە هێرمۆنەتیکی لێی بڕواندرێت، چونکە ئەوان بۆ تێگەیشتنی خوێنەرانی ئینجیل بە سنورێک ڕازی دەبوون، کە لەگەڵ ماهییەتی هێرمۆنەتیکدا نەگونجاوە. تێڕوانین و سەرنجدانی هەڵبژاردنی ئەوان بۆ ڕاڤەکاران و ئەم لایەنەی، کە چ کەسانێک شیاون بۆ ڕاڤەکارییی ، ئەگەر لە کاتی خۆیدا ڕوونکردنەوە و پاساوێکی هەبوبێت، ئەوا لانیکەم لە ڕۆژگاری ئێستادا لەگەڵ ماهییەتی هێرمۆنەتیکدا هێندە سازگار و گونجاو نییە.

کلتور و نەریتی ڕاڤەکاری لە مەسیحییەتدا هەوڵدان بوو بۆ بەدەستهێنانی حەقیقەتێکی بێهاوتا لە ڕێگەی دەربڕین و دەستەواژەکانی ناو ئینجیل. لێکۆڵەر و توێژەرانی ئینجیل بەدوای ئەوەوە بوون کە باری واتای چەمکەکانی ئەم کتێبە لەڕێگەی سیستمە جۆراوجۆرەکانی ڕاڤەکاری بخەنە ژێر پشکنین و بەدواداچوون و

تاڕاددەیەک فراوانی بکەن. ئەم کەسانە پاشتر بە زیادکردن و خستنەسەری چەند ڕەهەند و لایەنێکی شیکردنەوەی ناوەکی و عیرفانی چالاکی هێرمۆنەتیکییان بەهێز کرد و هەوڵیاندا سیستمێکی پشت بەخۆ بەستوو(لەسەرخۆوەستاو) و سەربەخۆ لە شیکردنەوەی کتێبی پیرۆز بدەن بەدەستەوە[11]، کە خۆی لە خۆیدا بووە پێشەکی و دەروازەیەک بۆ تێڕوانینە شۆڕشگێڕانەییەکانی شلایەرماخەر و هێرمۆنەتیکی گشتی(General Hermenutics) لە سەدەی نۆزدەیەم و گۆڕانکارییەکانی دیکە[12].

## ڕاڤەکردن و شیکردنەوە(تاویل و تفسیر)

ڕاڤەکردن وشەیەکی عەرەبییە بەواتای گەڕاندنەوە(ارجاع) یا هەڵگێڕانەوەی شتێک بە شتێکی دیکەیە. ڕاڤەکردنی گوتار بە واتای خستنەڕووی شتێکە کە گوتار بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. ڕاڤەکردن لە واتا زاراوەییەکەی خۆیدا بەواتای گەڕاندنەوەی گوتارە لە ڕواڵەتەکەیدا بۆ واتایەک کە بۆی مەزەندە دەکرێت. بەکورتی بریتییە لە دۆزینەوەی واتایەکی جیاواز لەو واتایەی کە لە ڕواڵەتی گوتارەکە دایە[13].

هەندێک لە ڕاڤەکارە بەراییەکانی قورئان شیکردنەوە و ڕاڤەکردنیان بە یەک شت داناوە[14]، بەڵام ئەم دووە لەڕووی زاراوەییەوە چەند جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکدا هەیە. ئەوەی وەکو ڕاڤەکردن دەخرێتەڕوو لێکدانەوەیەکی ناوەکی یا خوێندنەوەیەکی جۆراوجۆری سۆفیانە و عیرفانی و زمانی و هاوشێوەکانیانە بۆ

ئایەتەکانی قورئان. شـــیکردنەوە لە پێوانەکردن لەگەڵ ڕاڤەکردندا کارێکی تاڕاددەیەک سادەتر و یاسادارترە و زۆربەی کات لە سنوری واتـای ڕووکەشـــی یـا کردنەوەی واتـایەکی ئـاڵۆز لە هەمـان ئەو پانتاییەی کە ڕواڵەت و ڕووکەشـی گوتە و دەربڕینەکان سـنورەکانی دیاری دەکەن دەرناچێت. بە دەربڕینێکی دیکە پڕۆسـەی شـیکردنەوە لە چوارچێوەی مەعریفە زمانییەکانی وەک ڕێزمان، وشـە، ڕەوانبێژی و هاوشێوەی ئەوانە ناچێتەدەرەوە و بەتوندی وابەستەیە بە سیستمی ئاماژە و ڕەمزەکان یا ئەو وشـــانەی کە لەناو زماندان، لەکاتێکدا ڕاڤەگەری بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەر هۆش و چالاکییە عەقڵییەکانی مرۆڤ وەستاوە[١٥].

لە نەریت و کلتوری زانایانی شـــەریعەتدا ڕاڤەگەری ڕەهاییەتی تێدانییە، ڕاڤەگەری لە تێڕوانینی ئەواندا گومان و مەزەندەیە لەبارەی واتای تایبەتەکاندا، بەڵام شـیکردنەوە شـێوەیەکی ڕەهای هەیە و بەم هۆیەوەیە کە هەمیشـــە بۆ ڕاڤەگەری بـابەت و بواری مەزەنـدە (ئەگەر)یان خســـتۆتەڕوو، بەڵام لە هەمان کاتدا کە ڕاڤەگەرییان بە بونیاتنراو لەسـەر(ئەگەر) زانیوە ، کۆکن لەسـەر (دڵنیایی= یەقین) بۆ شیکردنەوە.

بە وردبوونەوە لەوەی کە گوترا ئاسـانکردنی دەقە شـیعرییەکان یا شـیکردنەوە و سـەرنجدان لە شـتە بەشـەکییە وشـەیی و واتاییەکان ناتوانرێت بە ڕاڤەکاری دابنرێت و لە ناولێنانی ڕاڤەکاری بە بوار و

بابەتگەلێکی لەم چەشـــتنە پێویســـتە بەئاگا و هۆشـــیار بین، چونکە نـــاتوانین دابەزانـــدنی زمـــان بۆ تێگەیشـــتنگەلێکی ســـــادە یـــا چارەســـەرکردنی گرفتە وشـــەیی و ســـەرەتاییەکانی دەقەکان بە ڕاڤەکاری دابنێین، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا شـــیعر لە مـاهییەتی خودی خۆیدا دەکرێت فراوانترین مەیدان  بێت بۆ ڕاڤەکاری و لە بنەڕەتدا لە بیروباوەڕی کەسـێکی وەکو ئەفلاتووندا شـاعیران وەکو (ڕاڤەکاران) یا (hermenes) سەیریان کراوە[١٦].

ڕاڤەکردن لە بواری شـیعردا دەکرێت هەڵگێڕانەوەی واتایەک بێت لە ڕەنگ و بۆیەکی سـۆفیگەری بۆ ناسـۆفیگەری یا بەپێچەوانەوە. لە قەڵەمڕەوی ڕاڤەکـاریـدا وەکو نموونە دەتوانرێت غەزەلێکی حـافز لە پنتێکی ســـۆفیگەرییەوە دەســـتی پێبکرێـت و بگەیـت واتـاگەلێکی ناسۆفیگەریانە، یا لە دڵداری ماددییەوە(عیشـقی سـەرزەمینی) دەسـت پێبکرێت و بگەیت بە خۆشەویستی خودایی.

چەند نموونەیەک لەم جۆرە ڕاڤەکردنە (محێدینی ئیبن عەرەبی) لە ڕاڤەکاری خۆی بۆ هۆنراوەکەی کە ناوی(ترجمان العشاق)ە ئەنجامی داوە، هەروەهـا لە ئەدەبی فـارســـیدا مەولانـا موحەممەد شـــیرین مەغریبی بۆ هۆنراوە لیرکییەکـانی خۆی وێڕای نکۆڵیکردنی بەرهەڵســـتیکاران و کەســـانی ڕووکەشـــگەرا چەند ڕاڤەکارییەکی سۆفیگەریانە بەدەستەوە دەدات.

## ڕاڤەکاری لە سەدەکانی ناوەڕاست

ڕاڤەکاری لە سـەدەکانی ناوەند یا ناوەڕاسـتدا تێکەڵاوبوو لەگەڵ شیکردنەوە و لە دووتوێی جەختکردنەوە لەسەر ڕەهەندە وشەییەکان لەسەر چوار شێواز وەستابوو:

١.ئـاوڕدانەوە لە واتـا وشـەییەکـانی[١٧] کتێبی پیرۆز و دەلالەتی ڕاستەوخۆ و تاکلایەنەی دەق.

٢.جەختکردنەوە لەسـەر واتای خوازەیی[١٨] کە تێیدا هەوڵیاندەدا دەق بە ئـاوردانەوە لە واتـا و نـاوەرۆکی نەریتخوازانە و بیروبـاوەڕە حەتمییەکانی کڵێسـا بخەنە ژێر لێکۆڵینەوە و بۆ هەر بەکارهێنانێکی وشـەیی دەرکەوتن و بەرجەسـتەبوونێکی واتـا ڕەمزی و جەفەنگییەکانی تێدا بدۆزنەوە.

٣.بەکارهێنانی ڕەوشتیانەی دەق[١٩].

٤.سـەرنجدان لە ئاماژە ناوەکییەکانی دەق[٢٠] ،کە باری عیرفانی و باوەڕناسی لەخۆ دەگرێت.

بە چاوپۆشی لەو زاراوەسازییانەی هێرمۆنەتیکی نەریتی ئەگەر بە ڕوانینێکی گشـتی سـەرنج لە دەق بدەین، ئەوا لەوە تێدەگەین کە پێکهاتە و بونیاتی بنەڕەتی کتێبی پیرۆز زیاتر لە دوو ڕەهەند لەخۆ نـاگرێـت: یەکێـک ڕەهەنـدی وشـەیی[٢١] و ئەوەیتر ڕەهەنـدی ناوەکی(شاراوە)[٢٢].

شــیکەرەوانی ســەدەکانی ناوەڕاســت لە شــیکردنەوەکانی خۆیان دەســت بە دامێنی مەزەندەگەلێکی پێشــوەختە دەبوون تا بە یارمەتی ئەوانە چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز وەکو پەند و وانەگەلێکی لە سنوری دامەزراوەی کڵێســـا و فێرکارییە باوەکانی شـــیبکەنەوە و یا وەکو چیرۆککگەلێکی ڕۆحی پیرۆز بۆ ژیـان هەژمـاری بکەن. واتـای ئەم چیرۆکانە کە لە چوارچێوەی پێدانی چەند مەبەســـت و ئامانجێکی تـایبەت بە ئینجیـل دەخولایەوە و لەســـەر ڕەهەنـدە فێرکـاری و ڕەوشتییەکان بونیاتنرابوون و بەر لەوەی کە لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی وردی دەق دامەزرابێـت بەرهەمی چەنـد ئەرک و فەرزێـک بوو لە ترادیسیۆن و نەریتی مەسیحیدا، بەم هۆیەوە کاتێک چاکسازیخوازان لە ســـەدەی نۆزدەیەمدا ئەم خاڵەیان خســـتەڕوو کە مەســـیحییەکان دەتوانن ئینجیل بۆ خۆیان ڕاڤە بکەن کڵێســای کاسـۆلیک کاردانەوەی نیشــاندا و ڕەچاوکردنی نەریتی مەســیحی وەکو کارێکی ناچاریانە و زۆرەملێیانە خستەڕوو.

## هێرمۆنەتیک لە سەدەی نۆزدەیەم و تێڕوانینی شلایەرماخەر

داهێنانی تیۆرێکی سەربەخۆ و سەراپایی بۆ هێرمۆنەتیک بەرهەمی چەند هەوڵ و کۆششێکە کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا هاتنەکایەوە. ئەم هەوڵانە بۆ ئەوە بوون تا بنەماگەلێک بۆ درککردن و ڕاڤەکاری هەموو بەرهەمە نووسراوەکان لەوانە دەقە ئەدەبیی و مێژوویی و یاسایی و هیتر بەدەستەوە بدەن. هەوەڵین هەنگاو لەم پێناوەدا هەوڵی

شلایەرماخەر(Shleier Macher)ی فەیلەسووف و بیرمەندی ئەڵمانی بوو کە لە زنجیرە وتارێک کە لەساڵی ١٨١٩ی زایینیدا خستیەڕوو، دەرکەوت. ئەو یەکەمین چوارچێوەی تیۆرێکی خستە بەر دەست کە بە تیۆری(هێرمۆنەتیکی گشتی) ناسرا[٢٣]. دیدگای شلایەرماخەر دواتر بە هۆی (دیلتای)[٢٤] فراوانکرا. دیلتای هەروەکو ئەوەی دواتر قسەی لەبارەوە دەکەین بنەماگەلێکی بۆ هێرمۆنەتیک خستەڕوو کە بتوانێت لە بارەی تێکڕای زانستە مرۆییەکان شیاوی کار لەسەر کردن بێت.

شـــــلایەرماخەر، کە هەندێجار بە باوکی هێرمۆنەتیکی نوێ ناوی براوە لەو باوەڕە بوو، کە پێویســــتە کەلێنی مێژوویی نێوان ڕاڤەکەر ونووســــەر هەڵبگیرێت و نەمێنێت تا ڕاڤەکردن فەراهەم بێت. ئەو بـاوەڕی وابوو، کە هەنـدێجـار ڕاڤەکەر بە بـارودۆخە کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و کلتوری و ئابوورییەکانی نووســەر ئەم کەلێن و مەودایە پڕ دەکــاتەوە[٢٥]. پێیوابوو کە بۆ درککردنی بەرهەم دەبێــت بچیتە ئەودیوی واتای وشــەکان و بەدوای مەبەســت و مەرامی نووســەر بێت[٢٦].

لە ڕوانگەی شلایەرماخەر بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی هەر بەرهەمێک پێویســتە لە ژیان و بەرهەمانی دیکەی نووســەرەکە بگەیت، بەڵام لە ڕوێکی دیکەوە نـاتوانین نووســــەر بەبێ درککردنی بەرهەمەکـانی بناســین، هەروەها درککردنی تەواوەتی ئێمە لە دەق وابەســتەیە بە درککردنی دەستەواژە و وشەکان، بەڵام درککردنی وشەکانیش خۆی

لە خۆیدا لە چوارچێوەی تێگەیشتنی گشتیی دەقەکەیە. ئاشکرایە کە لێرەدا ڕووبەڕووی بازنەگەلێک دەبینەوە: ناسینی نووسەر لە ژێر ڕۆشنایی ناسینی ژیانی ئەو فەراهەم دەبێت و ناسینی ژیانی نووسەر وابەستەیە بە ناسینی بەرهەمەکانی ئەو. تێگەیشتنی گشتی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە چوارچێوەی درککردنی وشە و دەستەواژەکاندایە، بەڵام وشەکانیش بەبێ درککردنی گشتی بەرهەمەکە ناناسرێن و درک ناکرێن، ئەم پرۆسەیە کە بۆتە مایەی گفتوگۆ و ڕەخنەیەکی زۆر بە (بازنەی هێرمۆنەتیکی)[٢٧] بەناوبانگە[٢٨].

شلایەرماخەر(بازنەی هێرمۆنەتیکی) یا خولی هێرمۆنەتیکی، کە ژێرخانی تیۆرەکەی ئەوە وەها پێناسە دەکات:( بەش لەچوارچێوەی گشت دەناسرێت و درککردنی گشتیش بە یارمەتی بەشەکان دێتەکایەوە)[٢٩].

## دیلتای و فراوانکردنی تیۆری شلایەرماخەر

ئاوڕدانەوەیەکی قووڵ لە بەرهەمەکانی شلایەرماخەر و شیکردنەوەی تێڕوانینەکانی ئەو قەرزاربارى هەوڵەکانی ویلیام دیلتایە. دیلتای خوێندکار بەهۆی شلایەرماخەر تێڕوانینە هێرمۆنەتیکییەکانی ئەوی کردە شتێکی سیستماتیکی. ئەو لەکتێبێکدا بەناونیشانی(دەربارەی ژیان و ڕوونکردنەوەی بەرهەمەکانی شلایەرماخەر)دا گۆشەکانی تیۆری شلایەرماخەری خستە ژێر پشنین و چەند لایەنێکی نوێی خستەسەری. دیلتای سەرەتا جەختی

لەســـــەر جیاکردنەوەی زانســــتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ زانســــتییە پەتییەکــان کردەوە، چونکە لە تێڕوانینی مــاقوڵ و پەســـەندکراوی ئەودا ڕاڤەکاری لە بنەڕەتدا کارێکە کە لە قەڵەمڕەوی داهێنانەکانی عەقڵی مرۆڤدا ڕاســتی پەیدا دەکات و بەزۆری زانســـتە مرۆییەکان دەگرێتەوە.

دیلتای مەســـەلەی(تێگەیشـــتن) کە لە تێڕوانینی شـــلایەرماخەردا زمــان و دەق و تێڕوانینی داهێنەری بەرهەمەکە دەگرێتەوە لە قەڵەمڕەوی فراوانی ژیانی مرۆییدا دەگشـــتێنێت. ئەو(تێگەیشـــتن) وەکو(بوار و زەمینەی ژیان) دادەنێت، واتە مرۆڤ هەمیشـــە خۆی لە بـارودۆخگەلێکی جۆراوجۆر هەســـــت پێدەکـات و هەوڵـدەدات لە بارودۆخ و ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی تێبگات و هاوتەریب و هاوتا لەگەڵ ئەم تێگەیشتنە پلان دابنێت و دەست بە کار بکات و بەم شێوەیە ئەوە ئاشکرایە کە تێگەیشتن پێویستە بە بەشێک لە مرۆڤ هەژمار بکرێت و وەکو کردارێکی مرۆیی دابنرێت.

دیلتای لە ڕێگەی تێگەیشـــتنی بەرهەم و گوتاری نووســـــەر و بەدوای ڕۆحی نووســـــەر و مەبەســـــتەکانیەتی و بەم هۆیەوەیە، کە ئەویــان زیــاد لە ئەنــدازەی پێویســـــت بە ڕۆمــانتیک دانــاوە و بە(باوەڕوبوون بە دەروون) تۆمەتباریان کردووە. ئەم تۆمەتە بووە هۆی ئەوەی پەیڕەوکارانی دیلتای بۆ هەڵاتن و دەرچوون لەم چەشنە بیانووە سەرنجی خۆیان لە مەبەستی نووسەرەوە بەرەو خودی دەق

و (ئەزموونی خوێندنەوە) بگۆڕن کە خۆی لەخۆیدا دەسپێکێک بوو بەرەو بیرۆکەی(دەق تەوەری)[٣٠].

لە تێڕوانینی دیلتایدا بۆ دۆزینەوەی(مەرامی نووسەر) پێویستە خۆت لە جێگەی نووسەر دابنێیت و لەسەر مەودا کاتی و شوێنییەکانی ئەودا هەڵوەستە بکەیت و بە دەربڕینێکی دیکە لە ئاسۆی بارودۆخە مێژوویی و زەمەنییەکانی نووسەرەوە سەرنج لە بەرهەمەکە بدەیت. لەم تێڕوانینەدا ڕاڤەکەر بینین و تێڕوانینی خۆی ناخاتەناوەوە بەڵکو هەوڵدەدات کەلێن و مەوداکانی خۆی بە نووسەر پڕ بکاتەوە و دەستی بە واتای کۆتایی ئەو بگات.

دیلتای بە خستنەڕووی هێرمۆنەتیکی خاوەن میتۆد و مێژووبینانە کە بەردەوامی پێدەری ڕێگەی شلایەرماخەر و (بازنەی هێرمۆنەتیکی) شلایەرماخەر بووە توانی لە سەردەمی خۆیدا شێوازێکی زانستیانەتر و میتۆدیانەتر بۆ ڕاڤەکاری بخاتەڕوو.

## هێرمۆنەتیک لە سەدەی بیستەم و تێڕوانینە نوێترەکان

هێرمۆنەتیکی نوێ بە لق و پۆپ و تێڕوانینە فەلسەفی و ئاراستە جیاوازەکانییەوە، کە لەسەدەی بیستەمدا وەریگرتووە قەرزاربارى بیرمەندانی ڕابردووە بە تایبەت شلایەرماخەر و دیلتای.

زۆرێک لە لێکۆڵەران هەوڵەکانی نیچە بە دەسپێکی هێرمۆنەتیکی نوێ دادەنێن کە بە خستنەڕووی واتایەکی نوێ بۆ حەقیقەت ڕێگەیەکی تازەی لە ڕاڤەگەریدا کردەوە. نیچە حەقیقەت وەکو کارێکی

دروســـتکراو و دانراوی مرۆڤ دەزانێت. مرۆڤ حەقیقەت دروســـت دەکات و خۆی هەڵدەستێت بە ستایشـی کردنی ، نیچە(حەقیقەت بە سوپا و لەشکرێکی خوازە و خواستنەکان) دەزانێت، کە بە خواست و ئـارەزووی مرۆڤ دروســــتکراوە. ئەم لەشـــکرە جوڵاوە دوای بەکارهێنانێکی فراوان لەلایەن خەڵکێکی پابەند وەکو شتێکی خورتەکی و فەرمی خۆی دەنوێنێت[٣١].

(نیچە) لەو باوەڕەدا بوو کە هۆکاری چاکە و خراپە و دروستی و نادروســـتی لە قۆناغ و ســـەردەمە جۆراوجۆرەکاندا دەگۆڕێت. لە تێڕوانینی ئەودا نادروستی بۆچوونێک نابێتە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە . مەســەلەکە ئەوەیە کە ئەو تێڕوانینە یا ئەوبۆچوونە ژیانی مرۆڤ تا کوێ بەرەو پێشـــەوە دەبات و تا کوێ پارێزیکەری بوونی مرۆڤە، بەم شـــێوەیە تەنانەت نادروســـتترین بۆچوونەکان و بگرە درۆیەکـان دەشـــێ لە بارودۆخ و مەودایەکی زەمەنی تایبەتدا بە مەرجی ژیان دابنرێت[٣٢].

بە پشت بەستن بەم پێشینانەی، کە باسکران لە ڕوانگەی نیچەوە خواســـت و ئارەزووەکان پاڵنەرێکە کە ڕاڤەکاری دەخولقێنێت. هەر ئـارەزوویـک دەخوازێـت چەنـد ئـارەزووێکی دیکە ڕاڤە بکـات. هەر ڕاڤەکردنێک دەیەوێت ڕاڤەکردنەکانی دیکە ڕازی بکات و بەم شێوەیە ڕاڤەگەری بریتییە لە واتا پێدان نەوەک ڕوونکردنەوە و هەمدیســـان

بەم شـێوەیەیە کە هەر شـتێک لە قەڵەمڕەوی ڕاڤەکردندا بەها و نرخ پەیدا دەکات و بەهای جیهان لە ڕاڤەکردنی مرۆڤدا شاردراوەتەوە[٣٣].

لەسەر بنەمای بیری (نیچە) واتای ڕەسەن و کۆتایی لەناو دەچێت و لە هێرمۆنەتیکی ئەودا بەپێچەوانەی هێرمۆنەتیکی نەریتی واتـای ڕەســـەن و کۆتایی لە ئارادا نییە و چیتر ڕاڤەکاری هەوڵدانادات بە واتای کۆتایی بگات.

## لە هایدگەرەوە تا گادامێر

لە ســـەدەی بیســـتەمدا هێرمۆنەتیکی فەلســـەفی هایدگەر(١٨٨٩-١٩٧٦ز) ســـەرنج و تێڕوانینی خۆی لە شـــیکردنەوەی دەقەکانەوە بەرەو تێگەیشـــتنێکی بونگەراییـانە دەگوازێتەوە. هـایـدگەر بە ڕەتکردنەوەی تێڕوانینی شـلایەرماخەر و دیلتای ڕاڤەکردن بە جۆرە نێوەنـدگیریی و میـانگیرییەک ســـەیر دەکـات و لەو بـاوەڕەیە، کە ڕاڤەکاری پڕۆســـەیەکی بێســـنوورە کە تێیدا ئاســـۆ و ڕوانگەکانی نووســـەر و ڕاڤەکار دەچنە ناو یەک و تەنانەت ڕاڤەکردنی دەق پێش لە مەرامی نووسەر دەگرێت[٣٤].

هێرمۆنەتیکی بوونگەرایی هایدگەر جەخت لەسەر زمان دەکاتەوە، درککردن و شـــیکردنەوە وەکو پێکداچوونی ئاســـۆکان- ئاســـۆی ڕاڤەکار و ئاسـۆی نووسـەر- پڕۆسـەیەکی زماننناسـیانەی هەیە و لە ڕێگەی زمانەوەیە کە ڕابردوو و ئێستا بەشێوەیەکی لێکدژانە(بەرامبەر

بەیەک) پێکدادەچن و لە ڕوانگەی هایدگەر (تێگەیشــتن) و (زمان ) بە ڕەهەندگەلێکی لێکدانەبڕاوی بوونی مرۆڤ هەژمار دەکرێن[٣٥].

هانز.گ. گادامێری خوێندکار لەڕێگەی هایدگەر بنەڕەت و بنەمای تێڕوانینی خۆی لەســـەر ڕێژەیی بوون و نـاڕەهـاییەتی لە ڕوانینی حەقیقەت دانـا. لە بۆچوونی ئەودا هیچ ڕێگـایەک بۆ گەیشـــتن بە حەقیـقەتـی ڕەهــا بوونـی نـییە. ڕوانـیـنـی گــادامـێر ڕوانـیـنـێکـی (مێژووگەرایی)یانەیە. لە تێڕوانینی گادامێردا بوونی مرۆڤ ماهییەت و پێگەیەکی مێژوویی هەیە و تێگەیشـــتنی مرۆڤیش لەژێر کاریگەری مێژوو دایە و مرۆڤ ناتوانێت لە تێگەیشـتنەکانی خۆیدا ڕەنگ و بۆی مێژوویی لە خۆی دوور بخاتەوە.

لە تێڕوانینی گادامێردا کاتێک کە خوێنەر یا ڕاڤەکەر بە خوێندنەوە دەق هەڵدەســـتێت دەرگایەکی پەیوەندیکردن لەگەڵ دەق دەکاتەوە کە لە حەقیقەتدا جۆرە گفتوگۆیەکە. خوێنەر لە گفتوگۆیەکی وەهادا لەژێر کاریگەری داوەریکردنە پێشوەختەکان و زەمینە مەعریفییە تایبەتەکان دایە کە لە پێگەی مێژوویی و تێگەیشتنی مێژوویی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە گفتوگۆ یــا پەیڤینی هێرمۆنەتیکی نێوان ڕاڤەکەر و دەقــدا پەیوەندییەکی وەکو پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ دروست دەبێت. ئەم خوێندنەوەیە ئامرازێک نییە بۆ گەیشـــتن بە تێگەیشـــتنی بەرامبەر،

بەڵکو خودی خۆی بریتییە لە پرۆســـەی تێگەیشـــتن و هەڵبەتە لە کارێکی لەم جۆرەدا ڕاڤەکەر و دەق هەردووکیان هاوبەشن[٣٦].

لە بۆچوونی گادامێردا کاتێک ئاســـۆ و ڕوانگەی نووســـەر و ڕاڤەکەر پێکـدادەچن داوەریکردنە پێشـــوەختەکـان و گریمـانە پێشـوەختەکان وەکو پێشـەکی و دەسـپێکێکی ئەم پێوەندییە دێنە ناو کارەکەوە، کە مەرجی گشت جۆرە درککردنێکن[٣٧]. زەمینەی مێژوویی یـا بە دەربڕینێکی دیکە(زانیـاری مێژوورییـانەی مرۆڤ) ئیزن و مۆڵەتنامەی گشت ڕاڤەکردنێکە و هیچ ڕاڤەکەرێک ناتوانێت کاریگەری ئەم ئامادەیی(هەبوون) و تێگەیشتنە مێژووییەی لەسەر نەبێت.

لە پێوەندی ئاسـۆکانی دەقدا، ئاسـۆی ڕابردوو ئەو ئاسـۆیەیە، کە بە قەلەمی نووسەر دەرکەوتووە و نوسراوە، ئاسۆی هەنوکەیی دەق یـا نووســـینەوەکەی، ڕاڤەکردنێکە بەهۆی ڕاڤەکەر یـار خوێنەر دێتەکـایەوە[٣٨]، لە ڕاڤەکردنێکی لەم چەشـــنەدا هەموو هەوڵەکـان بۆ ئەوەیە، کە مەودای نێوان دەق و خوێنەر پڕ بکرێتەوە و ئەرکی خوێنەر یا ڕاڤەکەرە، کە ئەم کەلێن و مەودا زەمەنییە پڕ بکـاتەوە و بەئەندازەی پێویست دەست بۆ نوێکردنەوەی ئەدەب ببات و هەر لەم شوێن و کەشەشدایە کە پێویستە بە ڕاشکاوییەکی تەواوە بگوترێت : ئەدەب بەبێ ڕاڤەکردن دەمرێت.

## (هیرش) و گەڕانەوە بۆ واتای کۆتایی

هیرش(E.D.hirsh) تیۆریستی ئەمریکی لەگەڵ چەمکی کلیلیی(سەرەکی) گادامێر واتە(پێکداچوونی ئاسۆکان)[٣٩] پێچەوانە و دژە. ئەو بەجۆرە تەبایی و کۆکبوونێک لەگەڵ ڕێچکەی هێرمۆنەتیکی شلایەرماخەر و دیلتای و بەدوای (واتای کۆتایی دەق) و (مەرامی نووسەر)ە. لە تێڕوانینی هیرشدا دەق واتە (مەرامی نووسەر).

لە تێڕوانینی ئەودا مەرامی نووسەر تەنانەت لە باری لێڵی و فرەواتاییدا جێگیرە و بە تێپەڕینی ڕۆژگار ناگۆڕێت. هیرش بە جەختکردنەوە لەسەر جیاکردنەوە و جیاوازی نێوان واتا(= واتای وشەیی) و دەلالەت[٤٠] لەگەڵ هێرمۆنەتیکی تەقلیدیدا هاوکۆک دەبێت.

لە تێڕوانینی هیرشدا (واتای وشەیی) یا واتایەک کە نووسەر نیشانی داوە ڕەها و چەسپاوە و ناتوانێت وەکو دیاردەیەک لەسەر شێوەی مێژوویی کارا بێت، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا (دەلالەت) کە بریتییە لە پەیوەندی واتای وشەیی لەگەڵ شتەکانی دیکە لەوانە چێژ، قۆناغ، بیروباوەڕ، کاردانەوە تاکەکەسییەکانی خوێنەر، زەمینە کلتورییە باوەکان و بەهاکان شتێکە ناڕەها و کارایە و ئەم دەلالەتەیە کە دەتوانێت دەق بە زیندوویی و بزێوی بهێڵێتەوە و هەروەکو بوتی عەیار(= لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا خوازەیە لە یاری فێڵباز کە هەر چرکەیەک بە شێوەیەک خۆی دەردەخات و لەسەر قەول و قەرارێکە.و.کوردی) هەر چرکەیەک بە شێوەیەک واتا دەربخات و

بۆنموونە هەر لەم پێناوەدایە کە دێڕێکی حافز بە واتا وشـــەیی و چەسپاوەکەی خۆی لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا چەند دەلالەت و ڕاڤەکردنێکی جۆراوجۆر پەیدا دەکات.

## پۆڵ ڕیکۆر و میتۆدۆلۆژی هێرمۆنەتیک

پۆل ڕیکۆری فەیلەســووفی فەڕەنســی (لە ١٩١٣ لەدایکبووە) کە ڕۆڵێکی نکۆڵی لێنەکراوی لە گەشــەکردن و پێگەیاندنی هێرمۆنەتیکی مۆدێرن هەیە بە سوود وەرگرتن لە تێڕوانینەکانی هایدگەر و گادامێر سەرکەوتوو بوو لە خستنەڕووی شێوەیەکی تەواو و پێگەیشتووتری هێرمۆنەتیکی مۆدێرن. لە باوەڕی ئەودا هەر ڕاڤەکردنێک لەسەر دوو بنەما بنیاتنراوە: یەکەم توانســـتنەکانی دەق و دووەم تێگەیشـــتنە پێشـوەختەکانی ڕاڤەکارەکەی. ئەو لەوباوەڕەدایە، کە ڕاڤەکەر دەشـێ لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی خۆیدا چەند ڕاڤەکردنێکی جۆراوجۆر و بگرە دژ و پێچەوانە بخـاتەڕوو بۆ نموونە شـــیعرێـک یـا فیلمێکی ســـینەمـایی یا پارچە مۆســـیقایەک دەکرێت لە مەودا زەمەنییە جیـاوازەکـان واتـاگەلێکی جۆراوجۆری بۆ ئێمە هەبێـت. ڕیکۆر لە (بوون و هێرمۆنەتیـک)دا ئەم لایەنە بە هۆکـاری تەوژمی فیکری و ژێرخـانی تێگەیشـــتنەکـانی خوێنەر دادەنێـت، کە کـاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕاڤەکردنەکانی ئەو هەیە[٤١]. ڕیکۆر لەسەر بنەمای

ئەم ســـــەرنج و تێڕوانینانە واتای دەق لە مەرامی نووســـــەر جیا دەکاتەوە.

واتای دەق ئەوەیە کە ئێمە بە پشـــت بەســـتن بە زەمینە عەقڵی و تێگەیشتنە مێژووییەکانی خۆمان هەڵیدەهێنجین.

ڕیکۆر بە گشـــتانـدنی توانـای ڕاڤەکـاری لە هەموو لقەکـانی مەعریفەی مرۆیی لەگەڵ ئەو بـابەتەی کە ئێمە لە زانســـتەکـانـدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک لە دراوە حەقیقییەکان و یاســـاکان دەبینەوە و بەم هۆیەوە لەم زانســـتانەدا ڕاڤەکاری بوونی نییە دژ دەوەســـتێت و ئەم لایەنە ڕەتـدەکـاتەوە کە ئێمە تەنیـا لە زانســـتە مرۆییەکـانـدا ڕووبەڕووی نیشـانە و ڕاڤەکردنەکان دەبینەوە. ڕیکۆر ئەم قسـانە بە ئەفســـانە دادەنێت و بە زادەی عەقڵی ڕۆشـــنبیرانێکیان دادەنێت کە درککردنێکی ناتەواویان بۆ زانســت هەیە و ســتایشــکردنێکی نابەجێ بەرامبەر بە زانســـت نیشـــان دەدەن. ڕیکۆر لەو باوەڕەیە کە لە زانســـتیشـــدا ئەوەی بوونی هەیە بێگومان پڕۆســـەی ڕاڤەکردنە کە بەرەو پێش دەچێت[٤٢].

هێرمۆنەتیکی نوێ بە پـاڵپشـــتی تیۆریی بیرمەنـدانێکی وەک ڤیتگنشـــتـاین[٤٣] ،کە تێڕوانینەکەی ئـاوێتەیەکە لەنێوان هێرمۆنەتیکی تەقلیـدی و هێرمۆنەتیکی مۆدێرن و ژاک دریـدا، کە بونیـاتی واتـایی بەرایی دەق بە پشـــت بە ســـتن بە ئاماژە و نیشـــانەکانی درککردن

تێکدەشــکێنێت و واتایەکی تازە بەدەســتەوە دەدات، پێگەیەکی پتەو و بەهێزی بەدەست هێناوە.

شایەنی باسە، دریدا بە مەزەندەی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان بۆ دەق بەشـێوەیەکی کردارەکی نیشـانەی ڕاسـت لە بەردەم جۆرێک لە فرەگەرایی و ڕەتکردنەوەی ڕەهایی بوونی حەقیقەتی واتایی لە دەق دادەنێت، چونکە کاتێک لە مەیدانی هەڵوەشـــاندنەوەگەراییدا هەر خوێنـدنەوەیەکی نوێ دەتوانێـت واتـایەکی تـازە دروســـت بکـات جێگەیەک بۆ واتای کۆتایی و حەقیقەتی واتایی لە دەق نامێنێتەوە.

## هێرمۆنەتیک لە تەرازووی ڕەخنەکاریدا

هێرمۆنەتیـک وەکو هەر تیۆر و میتۆد یـا ڕوانینێکی فیکری بەدور نییە لە چەنـد کەم و کوڕییەک. ئەو ڕەخنـانەی، کە لە هێرمۆنەتیـک دەگیردرێن بـابەتگەلێک نین، کە تیۆرســـتانی هێرمۆنەتیک بەدوای ڕوونکردنەوە یا پەراوێزخســـتنیانەوە بن، هەندێک لەم ڕەخنەنانە لە ڕاســـتیدا پرســـیارگەلێکی بێ وەڵامن، کە لەناو خودی فەلســـەفە و مـاهیەتی هێرمۆنەتیکـدا بوونیـان هەیە[٤٤]. یەکێـک لەم ڕەخنـانە بەبێ ئەوەی، کە تخووبی هێرمۆنەتیکی تەقلیـدی لە هێرمۆنەتیکی مۆدێرن جیـابکـاتەوە ســـەرنج لەم لایەنە دەدات کە بـاری ڕەخنەکـاری و هەڵســـەنگاندن لە هێرمۆنەتیکدا داخراوە، چونکە لە چەند ڕاڤەکردنێکی زۆردا جێگەیەک بۆ داوەریکردن یا باڵادەســـتکردنی لایەنێک بەســـەر

لایەنێکی دیکە نامێنێتەوە. ئەو وەڵامەی کە بۆ ئەم نەبوونی ڕوانین و سەرنجی ڕەخنەکارییانە لە ڕووی زۆری و فرەیی ڕاڤەکردنەکان دەدرێتەوە ئەمەیە، کە ڕاڤەکردنە جۆراوجۆرەکان لە دەرکەوتنی کۆمەڵایەتی خۆیاندا ، لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندی و کارلێک دان و لە چوارچێوەی ڕازیکردنی یەکتریدا دەتوانن بە چەند لایەنێکی هاوبەش بگەن[٤٥] بەبێ ئەوەی کە بەدوای ڕەهاییەتی و حەتمییەتەوە بن.

بەهەمان شێوە دەوترێت گۆڕانی گریمانە پێشوەختەکان و ئەو مەرج و بارودۆخانەی کە زەمینە بۆ ڕاڤەکردن ساز دەکەن لێناگەڕێن تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەکان بە چەسپاوی و بەبێ گۆڕانکاری بمێننەوە و ئەم شتە بۆتە هۆی ئەوەی کە تیۆریستان و بیرمەندانێکی وەک(هابرماس) ڕەخنە لە هێرمۆنەتیکی نوێ بگرن بەوەی کە تێڕوانینی هێرمۆنەتیکی تەنیا دیمەن و دەرکەوتنێکی زووتێپەڕی حەقیقەتە لە چرکەساتێکی زەمەندا[٤٦].

هێرمۆنەتیکی بوونگەراییش بە هەمان شێوە لەم ڕەخنەلێگرتنە پارێزراو نەبووە. وەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکرا هێرمۆنەتیکی بوونناسی ماهییەتێکی (زمان تەوەر)ی هەیە و لەو باوەڕەیە کە درککرن و شیکردنەوە هاوشێوەی پێکداچوونی ئاسۆکان پرۆسەیەکی بوونناسییە لەڕێگەی زمانەوەیە کە ڕابردوو و ئێستا بەشێوەیەکی دژیەکانە بەناویەکدا دەچن و بەم هۆیەوەیە کە هایدگەر (تێگەیشتن)

و (زمان) بە لایەنگەلیکی جیانەکراوە لە بوونی مرۆڤ دادەنێت. ئەم ڕوانینەش مـــایەی ڕەخنەلێگرتنە، بەو واتـــایەی کە ڕەخنەگران ناوەندێتی(سێنترالیتی= چەقێتی) زمان لە شیکردنەوەی دەقدا پەسەند دەکەن، بەڵام مەرامی ســەرەکی نووســەریشـیان لەبەر چاوە . ئەوان مەرامی نووســـەر نەک وەکو کار و چالاکییەکی تەواو عەقڵی ، بەڵکو وەکو کارێکی کۆمەلایەتی دادەنێن کە لە زماندا بوون و ناســـنامەی وەرگرتووە و ئەگەر نـاوەنـدێتییەیەک بە زمـان دەدرێـت، ئەوا بەو هۆیەوەیە کە تەنیـا لە زمـانـدا و لەڕێگەی زمـانەوەیە، کە دەتوانرێت بیروباوەڕەکانی خۆت دەربخەیت.

## ڕاڤەکردنی هێرمۆنەتیکی و ڕەخنەی خوێنەر تەوەر

زۆربەی تێڕوانینە ڕەخنەییەکان بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان لە کۆنەوە تا دەسپێکی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و تەنانەت کەمێک پاش ئەوە هەمیشـــە گرنگیان بە نووســـەر داوە و مێژووە ئەدەبییەکان زۆربەی کات مێژووی نووســـەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکان بووینە، نەوەک بەرهەمە ئەدەبییەکـان و ئەدەب. لە مـاوەی دەیەی چـل و پەنجـای ئەم ســـەدەیەدا گروپێـک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی ئەم تێڕوانینەیان خســـتبوویەڕوو کە گرنگیپێدانی ســـەرەکی و بنەڕەتی پێویســـتە لە بری نووســـەر لە دەق چڕبکرێتەوە. ڕەخنەگر پێویســـتە لەبری لێکۆڵینەوە لە نووســـەر و ژیانی نووســـەر ســـەرنج لە زمان و

شـێوە و بونیاتی دەق بدات.درێژەی ئەم تێڕوانینە ئەوە بوو ، کە واتا نەک لە ڕێگەی نووســـەر بەڵکو لەڕێگەی ئەو زمانەی کە لەناو دەقدا هەیە دروســـت دەبێت. تێڕوانینی ناوبراو لە کۆتاییدا گەیشـــتە ئەو شـــوێنەی کە خوێنەر لە پرۆســـەی خوێندنەوە و ڕەخنەی بەرهەمدا ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە. جەختکردنەوە لەسەر سەرەکی بوونی ڕۆڵی خوێنەر بووە هۆی دەرکەوتنی(تیۆری خوێنەر)[٤٧]، کە خۆی لەخۆیدا بووە هۆی جەختکردنەوە لەســـەر پرۆســـەی خوێنـدنەوە و دەرکەوتنی(تیۆری وەرگرتن)[٤٨].

گرنگیـدان بە خوێنەر و پێگەکەی پێشـــینەیەکی کۆنی هەیە، هەروەکو ئەوەی هۆراس لە هونەری شیعردا ئاماژە بە ڕۆڵی خوێنەر و گوێگر دەکات. لە ئەدەبی سەدەی هەژدەیەمیشدا خوێنەر و گرنگی ڕۆڵەکەی سەرنجی لێدراوە، بەهەمان شێوەش ئای ئەی ڕیچاردز، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ســـەرئامەدی ڕەخنەی نوێیە لە (ڕەخنەی پراکتیکی)خۆیدا جەخت لەسەر ڕۆڵ و پێگەی خوێنەر دەکاتەوە.

باس و گفتوگۆی تیۆریی سەربەخۆ لە سەردەمی ئێمەدا لەبارەی ڕۆڵی خوێنەر هەمیشە بیرهێنەرەوەی ناوی(ڕۆلان بارت)[٤٩]ی نووسەر و ڕەخـنەگـری فەڕەنســـییە کە لە بەرامـبەر تـێـڕوانـینە تەقلیدییەکانی(نووســەر تەوەر) و (دەق تەوەر) وەســتاو و لە بەهای ڕۆڵی خوێنەر لە شـــیکردنەوە و پێگەی خوێنەر لە دووبـارە

بەرهەمهێنانەوەی بەرهەمی کۆڵییەوە و لە گوزارشتی (مەرگی نووسەر)دا بەرگری لە بیروباوەڕە بەناوبانگەکەی خۆی کرد.

ئەوەی بارت وەکو تێڕوانینی خوێنەر تەوەر خستیەرووو ڕەگ و ڕیشەی لە بیری بیرمەندانی هێرمۆنەتیکی دایە، چونکە بە وردبوونەوە لە قسەکانی بارت لەوە تێدەگەیت کە ئەویش لە شیکردنەوەی دەقدا جەخت لەسەر فرە دەلالەتییەکانی دەق و زۆر و زەوەندی تێگەیشتنەکانی خوێنەران دەکاتەوە. بارت وەکو بیرمەندانی هێرمۆنەتیک شیکردنەوەی دەق لە چوارچێوەی ئەزموونی خوێنەر وبە دەرئەنجامی زەمینە عەقلییەکانی خوێنەر دادەنێت و بەم شێوەیە لەم باوەڕە دایە کە خوێنەر لە تێگەیشتنی خۆیدا دەتوانێت شتێکی جیاواز لە مەرامی نووسەر و لایەنەکانی ئەو دەلالەتەی کە لە بەرچاویەتی لە دەق بەدەست بهێنێت[٥٠].

## ڕۆڵان بارت و مەرگی نووسەر

بەرگریکردنی سەرەکیانەی بارت لە ڕۆڵی خوێنەر لە تێگەیشتنی دەقدا لە وتارێک بە ناوی (مەرگی نووسەر)[٥١]خرایەڕوو. ئەو لەم وتارە کاریگەرەدا کەوتە سەر ئەوەی کە تۆماری نالۆژیکی ژیننامەکاران لە ڕەخنە و شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بپێچێتەوە.

بارت دەڵێت وێنەی ئەدەب لە کلتورە باوەکاندا بە شـــێوەیەکی ستەمکارانە لەســەر بنەمای نووســەر و کەسـایەتییەکەی و ژیان و پەیوەندی و ئارەزووەکانی کێشراوە.

لە ڕوانگەی بارتدا ئەگەرچی ســـەردەمی جەختکردنەوە لەســـەر دەق و پەیوەندی دەق و نووســـەر بە تەوەری ســـەرەکی هەر جۆرە ڕەخنە و شـیکردنەوەیەکی ئەدەبی هەژمار دەکرێت، بەڵام ئێسـتا ئەم دەزووە پچڕاوە و دەق وەکو بوونێکی ســـەربەخۆ لەبەردەم خوێنەر دایە. بارت، کە بەدوای کەمکردنەوەی ڕۆڵی نووسەریشە لە پڕۆسەی نووسینی بەرهەمدا لەو باوەڕەدایە، کە فرە واتایی دەق نەوەستاوەتە ســـەر دەروونی نووســـەر، بەڵکو بەرهەمی هەوڵی عەقڵی خوێنەرە. بارت لەو باوەڕە دایە، کە بەشـــێوەیەکی جیددی پێویســـتمان بەوە هەیە، کە ئەفسانەی نووسەر توورِ بدەین و ئەوە پەسەند بکەین ، کە (لەدایکبوونی خوێنەر) بە (قوربانیدانی نووسەر) دێتەکایەوە[٥٢].

تازەیی و سەرنجڕاکێشی تێڕوانینی بارت لەو بۆچوونە بەرفراوان و بێسنوورانەیە، کە بەخوێنەری دەبەخشێت، چونکە وەکو ئەوەی کە پێشـــتر ئاماژەمان پێکرد خوێنەران دەتوانن دەرگای دەلالەتگەلێکی تایبەت لە دەقدا ئاوەڵا بکەن و بەپێی زەمینە و ئارەزووە عەقڵییەکانی خۆیان چێژ لەم دەلالەتە تایبەتییانەی ناو دەق وەربگرن.

تیۆری بارت وێڕای هەموو کاریگەرییە بەرچاوەکانی، بەڵام خاڵی نییە لە گرفت و کێشـــە. تێری ئیگڵتۆن لە ڕەخنەگرتن لە تیۆری بارتدا دەڵێت:

بێگومـــان خوێنەر لە بۆشـــــاییدا ڕووبەڕووی دەق نـــابێتەوە، خوێنەران خاوەنی زەمینەکی پێوەختەی مێژوویی و کۆمەڵایەتین، کە بە قووڵی کاریگەری دەخاتە سـەر چۆنییەتی شیکردنەوەیان بۆ دەقی بەرهەمەکە[٥٣]. ئـاســـــاییە کە ئەگەر هـاوبەشـــــی زەمینەیی لەنێوان کەســـەکاندا هەبێت- کە هەیە - ناتوانرێت شـــیکردنەوەی خوێنەر بە دیاردەیەکی تەواو تاکەکەسی دابنرێت.

لە کۆتـایی ئەم ڕوانینە ســــــەرپێیە و بە چاوپۆشـــــی لە ڕخنە و تێبینییەکان پێویســــــتە بگوترێت کە:( تێڕوانینی خوێنەر تەوەر )تەنیا ڕێچکە و لایەنگیرییەکە، نەوەک میتۆد. ئەم ڕێچکە و بیروبـــاوەڕە لەگەڵ هەموو زێدەڕۆییەکانی کە لە دەقە فارســـــییەکاندا لە دەوری کۆبۆتەوە ئێســــــتا لە ترۆپک و تین و هێزی بەرایی خۆی کەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا لەڕووی زانســـتییەوە هێشـــتا لەئارادایە بە تایبەت لە بەکـاربردنە زانکۆییەکـانیـدا، کە بیرهێنەرەوەی ڕەخنەی پڕاکتیکی ئـای ئەی ڕیچـاردزە تـاوەکو ئێســــــتـا کـاریگەری بنەڕەتی خۆی پاراستووە[٥٤].

# پەراوێزەکانی فەسڵی چواردەیەم

١- ئۆلۆمپ(Olamp )ناوی زنجیره چیایەکە لە یۆنان، بە شوێنی نیشتەجێبوونی خوداکانیان زانیوە.

٢- لە بارەی کێماسییەکانی ئەم پێناسەیە بڕوانە: ساختار و هرمنوتیک، بابک احمدی، گام نو، تهران١٣٨١، ص٦١.

3-A Dictionary of Modern Critical Terms, p. 109

٤- هرمنوتیک مدرن، ترجمه بابک احمدی، مهران مهاجر و محمد نبوی، نشر مرکز، تهران١٣٧٧،ص١١١.

5-Twentieth Century continantal philosophy, p. 290.

٦- بڕوانە: پست مدرنیته و پست مدرنیسم، ص٦٥٣.

٧- بڕوانە: ساختار و تأویل متن، بابک احمدی، نشر مرکز، تهران،١٣٧٠ ،ج١، ص٦٤.

٨- هەمان سەرچاوە.

9- Hellenic Alexanderia

10-Wikpedia, the Free Encyc. (2005), Hermenuties.

١١- لەم قۆناغەدا نابێ ڕۆڵی پرۆتستانەکان و بزاڤی ئاییینی پیرایی(Reformation )مەسیحی نادیدە بگیرێت.

12-A Dictionary of Modern Critical terms, edited by Roger Fowler, NewYork 1997, p. 109.

١٣- بڕوانە: لغت نامه دهخدا، ذیل «تأویل»؛ و اقرب الموارد و لسان العرب، ذیل «أول»٠

١٤- بڕوانە: «نکاهی نو بە تأویل» سید محمد راستگو، مجلد دانشگدە ادبیات و علوم انسانی، دانشگاە تربیت معلم، ص١٢،ش٤٥-٤٦،ص١٩-٤٦.

١٥ - ساختار و هرمنوتیک، ص٦٦.

١٦- بڕوانە ساختار و تاویل متن، ج ١ ، ص٦٩.

17- Sensus Literalis

18-Sensus allegoricus

19- Sensus moralis

20-Implicit allusions

21-Sensus Literalis

22-Sensus Spritualis

23-A Glassory of Literary Terms, M.H. Abrams, U.S.A 1993, p. 91.

24-Wilhelm Dilthey (1833 – 1911)

25-Routledge Ency C.vol.4, p. 386.

26- ibid.

27-hemenutical circle

٢٨- بۆ ئەلقەی هێرمینۆتیکی یان خولی هێرمینۆتیکی لە دەقی فارسیدا بڕوانە: ساختار و تأویل متن،ج ١، ص ٥٢٧ و هرمنوتیک مدرن، ص٣٣٨-٣٤١.

٢٩- بڕوانە: «هرمنوتیک»، کم ام. نیوتون، ترجمە یوسف اباذری، ارغنون، سال اول(زمستان ١٣٧٣» ش٤ » ص١٨٥.

٣٠-بڕوانە: هرمنوتیک مدرن، ص١١.

٣١- بڕوانە «قطعە هایی دربارە تأویل»، فریدریش نیچە، هرمنوتیک مدرن، ص٣٠-٥٤.

٣٢- بڕوانە ساختار و تأویل متن،ج ١، ص٨٨.

٣٣- بڕوانە «خواست قدرت» نیچە، هرمنوتیک مدرن، ص٥٢.

٣٤- رک: پست مدرنیتە و پست مدرنیسم، پێشوو، ص٦٥٤.

٣٥- هەمان سەرچاوە. ئەم تێڕوانینە لە لای رەخنەگرانەوە بڵاوبۆوە.

٣٦- بڕوانە«زبان بە مثابە میانجی هرمنوتیکی»، هانس گئورگ گادامر، هرمنوتیک مدرن، ص٢٠٩.
٣٧- بڕوانە مدرنیتە و پست مدرنیسم، ص ٤٥٤-٤٥٥.
٣٨- بڕوانە ساختار و تأویل متن،ج ١، ص٥٧٤ و هەروا: مدرنیتە و پست مدرنیسم، ص٦٩٣.

39-Fusion of horizons
40-meaning and significance

٤١- بڕوانە: وجود و هرمنرتیک، پل ریکور، هرمنوتیک مدرن، ص١١١.
٤٢- بڕوانە زندگی در دنیای متن، پل ریکور، ترجمە بابک احمدی، نشر مرکز تهران،١٣٧٤.

43-Ludwig Wittgenstien

٤٤- بۆ هەندێک لەو بابەتانە بڕوانە: ساختار و هرمنوتیک، ص٦٢.
٤٥- هەمان سەرچاوە،ل ١٢٥.
٤٦- هەمان سەرچاوە،ل١٢٤-١٢٥.

47-reader theory
48-receptoin theory
49-Roland Barthes

٥٠- بڕوانە:

Reader» in Modern Critical terms, p. 197.
51-the death of the reader», in: Image - Music — TeXl', Roland Barthes London, 1977, p. 143.

بۆ وەرگێڕانی ئەم وتارە بڕوانە: «مرگ نویسندە»، رولان بارت، ترجمە داریوش کریمی، فصلنامە هنر، ش ٢٥ تابستان ١٣٧٣، ص٢٧٧-٣٨١.
52-Studying Literary theory: An Introduction, p. 18 – 19.

# فەسڵی پازدەیەم

# رەخنەی فیمینیستی

## چەمکی فیمینیزم

پێناسـه و تەنانەت وەسـفکردن و باسـکردنی فیمینیزم کارێکی سـەختە، چونکە جۆراوجۆری چەمک و ڕێچکە فیمینیسـتییەکان دەرفەتی پێناسـەیەکی گشـتگیر و بێخەوش ناهێڵێتەوە بەم هۆیەوە هەر پێناسـەیەک بۆ فیمینیزم پێویستە بەناچاری لەسـەر ئامانجەکانی فیمینیزم بنیاتنرابێت، لەکاتێکدا فیمینیزم بە نزیکبوونەوە لە پانتاییە جۆراوجۆرەکانی مێژوونووسـی و کۆمەڵناسـی و کلتورناسـی و ناسـینەوەی نەریتەکان و شـیکردنەوە ئەفسـانەییەکان و زمانناسـی خاوەن جۆراوجۆرییەکی وەهایە، کە دەبێتە هۆی هەمەجۆری ئامانج و تێڕوانینە فیمینیستییەکان لە ڕێچکە هاوتاکاندا.

فیمینیسـتەکان لەو باوەڕەدان، کە هەموو پێوەرەکانی دنیای ئەمڕۆ و ڕابردوو لە سەر تا خوار لەسەر سیستمێکی(باوکسالاری)ن. ئەوان

لەســـەر ئەم بنەمایە هەوڵدەدەن ئەو کۆڵەگە و بنیاتە تێکبشـــکێنن، کە بەچاوێکی پیاوانە لە هەموو شـــــتێک دەڕوانێت. ئەوان پێوەرەکانی دونیای ئێســتا لە دید و ڕوانین بەرامبەر بە ژن ڕەتدەکەنەوە، چونکە لە تێڕوانینی ئەواندا هەموو ئەو تیۆرانەی کە لە دامەزراوە ئەکادیمی و زانکۆییەکان هەڵقوڵاون زۆربەی کات ماهییەتێکی پیاوانەیان هەیە[١]. فیمینیســـــتەکان بە ڕێچکە و لقە جۆراوجۆرەکانی خۆیانەوە لەســــەر چەند بنەمایەک کۆکن. سیما هاوبەشەکانی بیروباوەڕی فیمینیستەکان بریتین لە:

١.شـارسـتانیەتی خۆرئاوا بەشـێوەیەکی گشـتگیر(باوکسـالاری)[٢]یە، بە دەربڕینێکی دیکە(پیـــاو تەوەر)ە و لەژێر دەســــەڵات و کۆنترۆڵی پیاواندایە و هەمیشــــە هەوڵیداوە ژنان لە کاروبارە خێزانیی، ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، مافە یاساییەکان و تەنانەت هونەریش بخاتە ژێر کۆنترۆڵ و گوێڕایەڵیکردنی خۆیەوە. ژنان لە ســـەردەمی کۆنەوە بینەری ئەوە بوون کە لە بەرامبەر پیاوان و لەئاســـت ئەواندا کە بە پێوەری(مرۆڤ) هەژمـــار کراون وەکو (ڕەگەزی دووەم) و جیاواز لە پیاو ســـەیریان کراوە. ڕەگەزێکی دووەم کە خاڵییە لە هێز و تایبەتمەندی پیاوانە.

٢.لەگەڵ ئەوەی کە ڕەگەزی مرۆڤ لەســـــەر بنەمـای کۆمەڵێـک لە تایبەتمەندییە جەستەناسییەکان[٣].(Anatomic) دەست نیشان دەکرێت، بەڵام چەمکی ڕەگەز زۆربەی کات دروستکراوی بونیاتە کلتورییەکانە

و لەسەر ئەم بنەمایە بیروباوەڕە باوکسالارییە هەمیشەئامادەکان وێنەیەکی نەرێنییان لەبارەی ژن دروستکردووە، لەکاتێکدا بە وتەی (سیمۆن دی بۆڤوار)ی بیرمەند و ژنە نووسەری فرەنسی مرۆڤ بە ژنی لەدایک نابێت، بەڵکو دەبێتە ژن و ئەوە بیروباوەڕە ڕێکخراوەکانی ناو شارستانیەتی ئێمەیە کە بوون و ناسنامەی ئەم بوونەوەرەی دیاریکردووە.

٣.بیروباوەڕی باوکسالاری لەسەر ئەوەیە کە بەرهەم و میراتە ئەدەبییەکانی مرۆڤ دروستکراوی پیاوانن و بەهۆی پیاوانەوە نووسراون و بەشی سەرەکی ئەم ئەدەبە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەسەر پاڵەوانانی پیاو بونیاتنراوە و جەخت لە پیاوان دەکاتەوە. چیرۆکی ئۆدیپ، ئۆلیسیس، هاملێت، تۆم جۆنز، هاکلبری فین،هەموویان بەرجەستەکەری ئارەزووەکانی پیاوان و هەست و پەیوەندییەکانی پیاوانن. لەم ئەدەبە پیاوانەیەدا، ئەگەر ژنان ڕۆڵێکیشیان هەیە، ئەوا ڕۆڵێکی لاوەکی و پەراوێزییە[٤].

فیمینیستەکان خۆیان بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فیکری دادەنێن کە بەرگریکاری مافەکانی ژن و داواکاری مافەکانی ژنە. لە باوەڕی ئەواندا وێنەی بەرجەستەبووی ژن لە هزرەکان و درککردنی مێژوویی بەرامبەر ژن و سیمای وەسفکراوی ژن لە بەرهەمی نووسەرانی جۆراوجۆردا نیشاندەری سیمای ڕاستەقینەی ژن نییە و لە بنەڕەتدا پیاوان هەرگیز ڕوخساری واقیعی ژنانیان لە بەرهەمەکانی

خۆیاندا نیشـــان نەداوە و کاتێک هەوڵیانداوە وەســـفکردنێک بۆ ژن بەدەســـتەوە بـدەن، تەنیـا دیمەن و دەرکەوتەیەکی کرچ و کـاڵی ناسـنامەی حەقیقی ژن دەربخەن و ئاشـنایەتییان لەگەڵ حەفت لۆی[٩] ناخی ژن و چینە ڕۆحی و ڕەفتارییەکانی ئەو نەبووە و بەم هۆیەوە پێویســـتە ئەو ســـیمایەی کە لە یادگەی کۆمەڵ و ئەدەبدا بۆ ژن بەرجەستەکراوە بخرێتە بەر پێداچوونەوە.

## ئامانجی فیمینیستەکان

یەکسانی ژن و پیاو گونجاوترین و ماقوڵترین داواکاری فیمینیزمی میانڕەو و ناڕادیکاڵییە و ئەمە ئەو شتەیە، کە زۆرێک لە ئایدۆلۆژیاکان لایەنگرین و ئـاییندکـان و مێژووی بیری مرۆڤیش قســـەیەکی پێچەوانەی ئەوەیان نەخســـتۆتەڕوو، بەڵام فیمینیســـتە ڕادیکاڵەکان لەســـەر ئەو باوەڕەن کە ئەم یەکســـانییە هەرگیز لە مێژووی مرۆڤدا نەهاتۆتە دی.

ئەوەی لە پشـــت بیرۆکە ڕادیکاڵی و زێدەڕۆییەکانی پەیڕەوانی بـزووتـنـەوەی(ڕەســـەنـایـەتـی ژن)دایە زیـاتـر لەوەی، کە بەدوای بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و یەکسانی ژن و پیاوەوە بێت، بەدوای هەوڵدانە بۆ نیشـــاندانی تێڕوانینێکی زێدەڕۆیی ئامێز، کە ئامانجی بە بەرزتردانانی ژنە بەســـەر پیاو و ئاشـکرایە کە ئەم تێڕوانینە سـەیرە

[٩]. بەواتای شوێنێکی ئاڵۆز و پێچا و پێچ دێت، لە کوردیدا حەوت لۆی بۆ بەکاردێت.و.کوردی

شتێک نییە، جگە لە پەرچدانەوەیەک بەرامبەر سەرجەم ئەو گرێ مێژووییانەی کە لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی پیاوان هاتوونەتە کایەوە[5].

فیمینیستە ئەوروپییەکان بەتایبەت فرەنسییەکان و پێشەواکانیان لەوانە ژولیا کریستیڤا[6] و سیمۆن دی بۆڤوار[7] بەدوای ئەوەوەن زۆرێک لەو چەمک و بیروباوەڕانەی کە بەسەر کۆمەڵگای ئەوروپی زاڵن و بنیاتی بیروباوەڕی ئەم کۆمەڵگایانە بخەنە ژێر پشکنین و لێکۆڵینەوە. ئەوان هەوڵیانداوە لە هەڵسەنگاندنە نوێکانی خۆیان بۆ ژن تێگەیشتنەکانی ڕابردوو لە ڕەهەندە فیسیۆلۆژییەکانەوە بگرە تا لایەنە میتافیزیکییەکان بخەنە ژێر میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی.

فیمینیزمی فرەنسی کە زیاتر لێکۆڵینەوە لەسەر پانتاییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا فرەنسی زمانەکانی وەک تەواوی وڵاتی فرەنسا و بەلژیکا و هەرێمی کیوبیکی کەنەدا دەکات ، خاوەن ماهییەتێکی ڕادیکاڵانەترە لە ئاست فیمینیزمی ئینگلیزی- ئەمریکی. ڕەخنەگری فیمینیستیی فرەنسی، کە ڕۆشنبیرانی کۆمەڵی نوێی ئەورپان گروپێکی یەجگار هەمەجۆری فەیلەسووفان و دەروونناسان و شاعیران و ڕۆماننووسان و زماناسان و ڕۆژنامەنووسان لەخۆ دەگرێت. ئەوان، کە زۆربەی کات سیاسەتیان بە ژێرخانی تێڕوانینەکانی خۆیان داناوە و سروشت و باری سیاسی بە باڵادەست دادەنێن بەسەر گشت بیرێکدا[8].

فیمینیسـتە ئینگلیزی – ئەمریکییەکـان ئەگەرچی لە کـاریگەری فیمینیزمی فرەنسـی بەدەر نین ، بەڵام زیاتر هەوڵدەدەن لەدووتوێی خۆپاریزی کردن لە بیروباوەڕە ئەبسـتراکی و نامێژووییەکانی ناو فیمینیسـتی فرەنسـی هەوڵ و تەقەلا زیاتری خۆیان بە لێکۆڵینەوەی بوارە ئەدەبیی و کلتوری و شێواز و چۆنیەتی نیشاندانەوەی ژنان لە دەقەکان وابەستە بکەن[٩].

## ڕەخنەی فیمینیستی لە ئەدەبدا

ڕەخنەی فیمینیستی با پاڵپشتی و پاشخانێکی زیاد لە دوو سەدە قەرزارباری نووسەرانی پێش سەدەی بیستەم و نووسەرانی ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانییە[١٠]. یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ئەم ڕەخنەیە ئەوەیە، کە نەریت و تـرادیسـیۆنی بـاوی ئەدەبی بە ئەندازەیەکی زۆر ئامادەیی و بەرهەمەکانی نووسـەرانی ژنی شاردۆتەوە.

باسـەکانی وابەسـتە بە ڕەخنەی فیمینیسـتی، کە دەروازەکەی لە ئەدەبی کۆتایی دەیەی شـەشـەمی سـەدەی بیسـتەمی زایینی(١٩٦٠) ئاوەلا کرا بە شـێوەیەکی بەرتەسـک بە (فیمینیزمی سـیاسـی) و بە ڕووکردنە بوارەکانی کۆمەڵناسـی و ئابووری و ئازادی کلتوری و یەکسـانی بەسـتراوەتەوە. پێشـەوای ڕەخنەی فیمینیسـتی (ڤێرجینیا وۆڵف)[١١]ە، کە سـەربـاری بەرهەمەکـانی هەوڵیدا لە بەرهەمێک بە ناوی(ژوورێک لەپێناو خۆت)[١٢] و کۆمەڵە وتارێکدا[١٣]، بە پشت بەستن

بە بیروباوەڕەکانی خۆی بێتوانایی و سیستی کلتوری، ئابووری و پەروەردەی کۆمەڵگای باوکسالار، کە ڕێگر و بەرهەڵستیکەری دووبارە نیشاندانی توانا داهێنەرەکانی ژنانە، ئاشکرا بکات. شایەنی باسە کتێبی(ژووریک لەپێناو خۆت) یان بە خاڵی دەسپێک بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەدەبی ژنان و سەرەتایەک بۆ ڕەخنەی فیمینیستی داناوە[14].

وەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکرا شێوەی ڕادیکاڵی ڕەخنەی فیمینیستی لە فرەنسا بەهۆی سیمۆن دی بۆڤوار[15] بە کتێبی(ڕەگەزی دووەم)[16] دەستی پێکرد. ئەم کتێبە ڕەخنە و ناڕەزاییەتییەکی فراوانە سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی پێگەی ژن لە پێوانەکردنی لەگەڵ پیاودا.

لە ئەمریکا ڕەخنەی نوێی فیمینیستی بە لێکۆڵینەوە وردەکانی (ماری ئیلمان) لە کتێبێکدا بەناونیشانی(بیرکردنەوە سەبارەت بە ژنان)[18] دەستی پێکرد. ئەم کتێبە دەربارەی نکۆڵیکردن و کپکردنی کەسایەتی ژنە لە بەرهەمی نووسەرانی پیاودا. ئیلمان کۆمەڵ و دامەزراوەکانی ڕۆژئاوا بە لەبەرچاونەگرتن و پەنهانکردنی پێگەی واقیعی ژن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی پیاو تۆمەتبار دەکات و لە هەمان کاتدا تێڕوانینە دەروونناسییەکانی فرۆیدیش لەبەر ئەم هۆیە سەرزەنشت دەکات و بە شیکردنەوەی چەند هەڵبژاردەیەک لە بەرهەمەکانی د.هـ.لۆرانس[19] و هێنری میلەر[20] و ژان ژینێ[21] بە

هەڵســـــوکەوتێکی هێرشـــــبەرانە و پیـاوســـــالارانە بەرامبەر بەژن تاوانباریان دەکات[٢٢].

لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی پوخت و گشتگیر، دوو ڕێچکە لە ڕەخنەی فیمینیستیدا بەرچاو دەکەون:

ڕێچکەی یەکەم ڕەخنەگرانی ئینگلیزی و ئەمریکین، کە جەخـت لەســەر زیندووکردنەوە و دووبارە چاپکردنەوە و هەڵسـەنگاندنەوەی بەرهەمەکــانی ژن وەکـو کـلـتـوری چـیـنـی کەمـیـنە دەکەنەوە و سـتراتیژیەتیان[٢٣] بەشـێوەیەکی بنەڕەتی لەســەر بەرگریکردن لە ژنان و باشکردنی بارودۆخی هەنوکەیی وەستاوە.

ڕێچکەی دووەم، کە ســـــروشــــتێکی بەرهەڵســـــتیکارانەی هەیە وابەستەیە بە ڕەخنەگرانی فرەنسی. ئەوان زیاتر جەخت لەسەر زمان وەکو شـوێن و پەناگەیەکی بەرایی ســەرکوتکاری و بیرکردنەوە[٢٤] لە کەســانی دیکە لە هەمبەر ژنان دەکەنەوە و بەدوای ئەوەوەن تا ئەوە نیشـان بدەن، کە ئەوەی لە ئەدەبی کۆن بۆ ژنان خراوەتەڕوو شـتێک نییە جگە لە وێناکردن و سەپاندنێکی پیاوانە[٢٥].

## ڕەخنەی فیمینیستی و زمانی ژنانە

ڤێرجینیا وۆڵف وەکو سەرئامەدی ڕەخنەی فیمینیستی بەبێ ئەوەی، کە تێڕوانینێکی تیۆری بەرامبەر بە زمان هەبێت باوەڕی بە ڕۆڵی زمان لە تێگەیشتن و فێربوونی تایبەتی ڕەگەزیدا هەیە، ئەوەی وۆڵف خستیەڕوو پاشتر لە بەرهەمی ڕەخنەگرانی دیکەی فیمینیستی وەک (داڵ سپێندەر)[٢٦] بەناوی (زمانی دروستکراوی پیاو)[٢٧] بەرفراوانی و توندوتۆڵی بەخۆیەوە بینی[٢٨].

خستنەڕووی زمانی ژنانە لەلایەن ژولیا کریستیڤا کە ژێرخانی تێڕوانینە فیمینیستییەکەی ئەو لەژێر کاریگەری مەعریفە زمانناسی و دەروونییەکانی دایە تا ئەو شوێنە بەرەو پێش ڕۆیشت کە لە بیر و بۆچوونی ئەودا هاتنەکایەوەی گۆڕانکاری لە مێژووە باڵادەستەکانی پیاوان بە پێویستی هەبوونی شێوەگەلێکی نوێی زمانی ژنانە زانرا[٢٩].

ئەوەی فیمینیستەکان لەبارەی زمانەوە خستویانەڕوو، بە بیروبۆچوونی ئەوان بەر لەوەی کە بەرهەمی دەسەڵاتی کۆمەڵگای پیاوسالار بێت، هەڵقوڵاوی واقیعیەتە سروشتی و ڕەفتارییەکانە. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان نیشانداوە، کە سەرەڕای زێدەڕۆیی فیمینیستەکان چەند پەیوەندی و وابەستەییەک لەنێوان ڕەگەز و هەڵسوکەوتی زمانیدا لەئارادایە و بەم هۆیەوەیە، کە زمانی ژنان و پیاوان چەند جیاوازییەک لەگەڵ یەکتریدا پەیدا دەکەن کە لەسەر بنەمای تەرازووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و پیاوان کەم و

زیاد دەکات. بەشـــێوەیەک کە هەندێجار جیاوازییەکان لە ســـنوری زاراوە و تایبەتمەندییەکانی ئاوازی زمان دەمێنێتەوە و هەندێجاریش تا ئاسـتی وشـەیی و ڕێزمانی و دەنگی درێژ دەبێتەوە[٣٠]. لە ڕوویێکی دیکەوە ئەوە ئاشـــکرایە کە جیاوازی لە چالاکی کۆمەلایەتی دەبێتە هۆی چەنـد جیـاوازییەکی زمـانیش بۆ نموونە ژنـان لە بوارەکـانی بەرگدوری و چنین و چێشـــتلێنان و ڕازاندنەوەکاری چالاکییەکی زیاتریان هەیە و بەم هۆیەوە زۆرێک لە زاراوەکانی وابەســـتە بەم بوارانە وەکو زاراوەگەلی ژنـانە دێنەبەرچـاو، یـا بۆنموونە پیـاوان لە بوارە ســـەربازی و کانزاکاری و میکانیکدا چالاکترن و ئاســـاییە، کە وشـــە و زاراوەکانی وابەســـتە بەم بابەتانە وەکو زاراوەگەلی پیاوانە سەیر بکرێن.

جیـاوازی نێوان زمـانی ژنـان و پیـاوان دەتوانرێت بە جیـاوازی نێوان جوولە ڕەفتارییەکان(جوولە و ئاماژەکانی دەســـت و ســـەر و ڕوخسـار) و پۆشـینی جل و بەرگ بەراورد بکرێت، لەکاتێکدا کە هیچ کەس نـاتوانێـت جیـاوازی نێوان ئەم بـابەتـانە بخـاتە ئەســـتۆی کاریگەریتی دەسەلاتی پیاوانە بەسەریان[٣١].

ئەوەی فیمینیســـتەکان بەدوای ئەوەوەن ڕوونی بکەنەوە هەمان ئەو شـــتەیە، کە لە تێڕوانینی زمانەوانان بە هەلاتن و لادان لە باو ســـەیر دەکرێت. زمـانی ژنـانە جۆرە گۆڕانکـارییەکە لە بـاو، بەبێ

ئەوەی، کە ئەم گۆڕانە لە خودی خۆیدا خاوەن ماهییەتێکی بەهایی بێت و یا لەژێر کاریگەری و دەسەڵاتی پیاوان هاتبێتەکایەوە.

هەوڵی ئایدیاڵیانەی هەندێک لە گروپە فیمینیستییەکان بۆ داهێنانی زمانێکی تایبەت بە ژنان بەشێوەیەکی کردارەکی شتێکی سەختە و بگرە نەشیاویشە و هەرگیزیش نەهاتۆتەدی، لە ڕویێکی دیکەوە بە پێشنیارکردنی زمانێکی سەربەخۆ بۆ ژنان ئەوە ڕوون نییە کە(نیمچە زمان)ێکی لەم چەشنە بتوانێت لە مەیدانی واقیعدا دەسکەوتێکی بۆ ژنان بەدواوە بێت.

فیمینیستەکان لەو باوەڕەدان، کە باسکردنی ژن لە بەرهەمەکانی پیاوان بەهۆی پیاوان و بە ئامرازە زمانییە پیاوسالارییەکان دێتەکایەوە و بەم هۆیەوە ژنان خۆیان لە ڕێگەی زمانی پیاوانەوە دەناسن و لەم ڕووەوە تێگەیشتنی ژنان لە خۆیان ناکرێت تێگەیشتنێکی ڕەسەن بێت، لە کاتێکدا کە ڕۆڵی سەرەکی لەو چەشنە وەسفکردنانە وابەستەنییە بە زمان بەڵکو بەرهەمی تێڕوانین و تێگەیشتنە.

زۆرێک لە خوێنەرانی ژن وەسفکردنی مەحموود دەوڵەت ئابادی بۆ بارودۆخە دەروونییەکانی(ماڕاڵ) لە (کەلیدەر)دا بە هەڵقولاو لە ترۆپکی ناسینی واقیعیەتە دەروونییەکانی ژن دەزانن، لە کاتێکدا، کە زمانی دەوڵەت ئابادی لە وەسفکردنی ئەم بارودۆخانەدا هەمان ئەو زمانەیە، کە لووتکەی لایەنە پاڵەوانییەتییەکانی پێ وەسفکراوە[٣٢]، لە

بەرامبەردا چۆن دەتوانرێت ئەوە پەسەند بكرێت كە هەمیشە وەسفكردنی ژنان بۆ خۆیان تەنیا بە هۆی زمان و گوزارشتە ژنانەكەیان تێگەیشتنێكی ڕەسەن و واقیعییە. ئێستا بەچاوپۆشی لە بیروباوەڕی زمانی فیمینیستەكان پێویستە سەرنج لەو بابەتە بدرێت كە ئەوەی لە خستنەڕووی زمان و سەرەنجام لە نووسینی ژناندا دەخرێتەڕوو خۆی لەبەرامبەر دوو پرسیاری سەرەكی دەبینێتەوە:

١.ئایا لە بنچینەدا نووسینی ژنانە لەگەڵ نووسینی پیاوانەدا جیاوازییەكی دیاریكراوی هەیە؟

٢.ئەگەر بەم چەشنەیە ، چۆن دەتوانرێت نووسینی ژنانە پێناسە بكرێت؟[٣٣]

لە ڕوویێكی دیكەوە هیچ جۆرە جیاوازییەک لەڕووی ڕەگەزییەوە لە بنەما بنچینەییەكانی زمان بوونی نییە، چونكە منداڵ زمانی بنچینەیی(زمانی یەكەم) لە دایكی فێردەبێت و دایک- تەنانەت ئەگەر بشیەوێت- ناتوانێت لە سنوری بنەماكانی زماندا چەشنێكی تایبەت بۆ منداڵەكەی خۆی بگوازێتەوە و بە مەزەندەكردنی هەبوونی خواستێک بۆ گوێزانەوە وەكو نموونە بۆ گوێزانەوەی زمانێكی ژنانە- هەتا بۆ منداڵی مێیینە- هەوڵ و تەقەڵاكەی لە سنووری ژمارەیەک وشە و ڕەنگە لە ئاوازی زمان تێپەڕ نەكات و لەڕاستیدا گەیاندنی زمانێكی لەم چەشنە شتێكی كرارەكی و شیاو نابێت.

## شیعری فارسی و تێڕوانینی فیمینیستی

شیعری فارسی لە مێژووی هەزار ساڵەی خۆی لە گۆشەنیگای تێگەیشتنی فیمینیستیدا شایەنی ڕەخنە و تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە و تەنانەت شاعیرانی عەقڵانیی وەک فیردەوسی و مەولەوی و سەعدیش لە بۆچوونی فیمینیستەکاندا پارێزراون نەبوون لە بیرکردنەوەیەکی پیاوسالاریانە، ئەگەرچی هەندێک لە هۆنراوەکانی فیردەوسی کە جۆرە ناوەرۆکێکیان لەبارەی سووککردنی ژنان تێدایە لەڕووی دروستی دانەپاڵییەوە وەکو شتێکی مایەی گومان دێتەبەرچاو، بەڵام لانیکەم لەبارەی ڕاستی زۆرێک لە هۆنراوەکانی سەعدی بە تایبەت ئەوەی لە بوستان هاتووە جێگەی گومان نییە و هەڵبەتە ناتوانرێت نکۆڵی لە کاریگەری کەشی فیکری و ڕوانینی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەشی بکرێت.

لە ڕوانگەی فیمینیستەکانەوە ژنان لە مێژووی ئەدەبیاتی فارسیدا پەراوێزنشین بوون و نەهاتوونەتە ناو کرۆکی دەقەکانەوە، ئامادەیی(هەبوون)ی پەنهان و دەگمەنی هەندێک لە شاعیرانی ژن، کە لە کۆتاییدا ژمارەیان کەمە و لە بارەی چەند ڕووداو یا پێشهاتێکە کە لە مەودای چەند دەیەیەک یا چەند سەدەیەک ڕوویداوە و کاری ئەم شاعیرانە لە ڕۆژگاری خۆیاندا پێدەچێت هاوشێوەی جۆرە داهێنانێک یا پێچەوانەی نەریت بێت تا ئەوەی کە نیشاندەری سروشتی ڕاستەقینەی بارودۆخەکە بێت.

دیـارترین ئـامـادەیی و دەرکەوتنی ژن لە ئەدەبی فـارســـیدا دەرکەوتنە دایکانەیەتی کە ئەوەش لە سەرەتای شیعری فارسیدا ڕۆڵ و بەرچـاوییەکی نەبووە و بە شـــێوەیەکی پلەڕەوتی بەتـایبەت لە هۆنراوە نوێکان دەرکەوتووە.

ژن لە ســـەر شـــێوەی مەحبووب و مەعشـــووقیشـــدا بوون و ناسـنامەیەکی وەها نادیار و گوماناوی هەیە کە هەندێجار هیچ جۆرە جیـاکردنەوەیەک بۆ دیـاری کردن و درککردنی ڕەگەزێتییەکەی بەدەست ناهێنرێت.

لە دیوانی ڕوودەکی، مەنوچەهری، فەرخی، عونسوری، هیچ جۆرە بوون و ناســـنامەیەکی دیاری ژنانەیی هەســـتی پێناکرێت و لە هۆنراوەکانی شاعیرانی دوای ئەوان وەکو خاقانی تێڕوانینێکی ئەرێنی بۆ ژن بەرچاو ناکەوێت، تائەوەی، کە هەندێجار هۆنراوەکانی شـاعیر ڕەنگ و بۆیەکی(دژە ژن) لەخۆ دەگرێت، بەڵام ڕاســتییەکەی ئەوەیە، کە ئەم تێڕوانینە دژەژنە خۆی لە خۆیـدا ڕەنگـدانەوەیەکی غەم و خەفەتی نـاخەکی شـــاعیر بووە بەرامبەر بـاری نـاهەمواری ژنـانی ســـەردەمی خۆی[٣٤]. واتە خەســـڵەت و چۆنـایەتییەک کە ڕەنگە لە تێڕوانینی ڕەشبینانەی فیمینیستەکاندا شیاوی درککردن نەبێت.

هەرچی تێڕوانینی خاقانییە لە پلەیەکی ســـازگار و گونجاوتردایە لەبەرامبەر قســـەی نیزامی لە لەیلاو و مەجنوونـدا. نیزامی لەم مەسـنەویە دڵدارییەدا لەپاش بیسـتنی دەنگۆی هاوسـەرگیری لەیلا لە

سەر زمانی مەجنوون چەند قسەیەک دەکات، کە ئەوەش لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی پیاوسالاریانەی سەردەمی ئەوە و ڕەنگە لە شیعری فارسیدا هاوتای کەم بێت[٣٥] .

پێویستە سەرنج لەوە بدرێ کە بوون و دەرکەوتنی دەرەکی و چالاکی کۆمەڵایەتی ژنان لەڕێگەی کاریگەربوون بە نەریتی سەردەم بە توندی مایەی ڕەتکردنەوە بووە و ئەم لایەنە بۆتەهۆی ئەوەی، کە ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی ژنان لە ئەدەبی کۆندا شتێکی بەرجەستە و هەستپێکراو نەبێت[٣٦]. شایەنی باسە کە لەم ئامادەنەبوونە دێرینە تەنیا وابەستە نییە بە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان، بەڵکو لە جیهانی خۆرئاواشدا لە سەدە جۆراوجۆرەکان تا سەردەمە نوێکانیش ئاماژەیەک لە دەرکەوتن و ئامادەیی حەقیقی ژن بەرچاو ناکەوێت، هەروەک ئەوەی، کە ئەدەبی پیاوسالاری ئەو کۆمەڵگایانەش هەمیشە بەم هۆیەوە بۆتە مایەی هێرش و پەلاماری ڕەخنەگرە فیمینیستەکان.

لە مێژووی کۆنی شیعری فارسیدا هۆنراوەکانی مەهەستی گەنجەوی[٣٧] و لە سەردەمی هاوچەرخدا شیعرەکانی فوروغی فروخزاد یەکێکن لەو نموونە دەگمەنانەی کە تیایاندا ڕووبەڕووی چەند دیمەنێکی هەست و هەڵچوونی ژنانە دەبینەوە، دیمەنگەلێک کە هەندێجار لە تێڕوانینی باوی سەردەمدا ڕەنگ و بۆیەکی بێباکیشی لەخۆ گرتووە.

هۆنراوەکـانی پەروینی ئیعتیســـــامی ئەگەرچی خــاڵی نییە لە بەرجەســــتەبوونە کاڵ و کەمڕەنگە فیمینیســــتییەکان، بەڵام لە پلەو پێگەی نیشـــــاندان و دەرکەوتنی هەســــت و هەڵچوونە ژنانەییەکاندا زیاتر ڕەنگ و بۆیەکی دایکانەی هەیە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا دەکرێت ڕەگ و ڕیشـــەی لە زەمینە ڕۆحییەکان و پێشـــینەی ژیانی شـــاعیر هەبێت.

شـــایەنی گوتنە (ناســـنامە و کرۆکی ژنانە) لە شـــیعری پەرویندا بەتەواوەتی ڕوونە و بەپێچەوانەی ئەوانەی، کە پەروین بە شاعیرێکی وا دادەنێن، کە ڕوانینێکی پیاوانەی هەیە ، ڕەنگدانەوە ژنانەییەکان لە شیعری ئەودا بەرچاو و هەستپێکراوە.

وێڕای چەند لێکۆڵینەوەیەکی گرانبەها کە لە زمانی فارســــیدا دەربارەی ڕۆڵی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و هەندێجاریش ئەدەبی ژن ئەنجام دراوە[٣٨]، ڕەخنەی ئەدەبی ژنان و هەڵســـەنگاندنە شـــیکاری و هونەرییەکەی لە گۆشـــەنیگای (ڕەســـەنایەتی ژن)ەوە پێویســـتی بە چەند لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە.

زۆرێک لە ڕۆمانە هاوچەرخە فارسییەکان، کە ئەم مەودا تەسکە تەنانەت بواری ئاماژەپێکردنێکیشان ناهێڵێتەوە، دەکرێت ببنە هەوێنی چەند شـیکردنەوەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی گرنگ،کە بێگومان زۆر گۆشـــەی کەم زانراوی مێژووی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە ڕوون دەکەنە وە.

# پەراوێزەکانی فەسڵی پازدەیەم

١-بڕوانە:راهنمای نظریه ادبی معاصر،رامان سلدن،ترجمه عباس مخبر،طرح نو،تهران،١٣٧٢،ص٢٥٦.

2-Patriarcal

3-anatomic

4-A Glossary of Literary terms,M.H.Abrams,U.S.A. 1963,P.234-236.

٥- بڕوانە:فرهنگ نظریه های فمینیستی،مگی هام،ترجمه فیروزه مهاجر،نوشینا احمدیخراسانی و فرخ قرەداغی،نشر توسعه، تهران، ص٥٢١.

6-Julia Kristeva

7-Simon de Beavoir

٨-ر.ک:دانش نامه نظریه های ادبی معاصر،ایرنا مکاریک،ترجمه مهران مهاجر و محمود نبوی،اگه،تهران،١٣٨٣،ص٣٨٨.

٩- هەمان سەرچاوە،ص٣٩٦.

١٠- نموونەی ئەو هەوڵانە دەتوانن لەم بەرهەمانەدا بدۆزنەوە:

–Vindication of Right of the Women,by Mary Wollston Craft(1972).

-The Subjection of Women,by John Stuart Mill(1869).

-Woman in Ninteenth Century,by Margaret Fuller(1845).

11-Virginia Woolf

12-A Room of One,s Own(1929).

١٣-ئەم وتارانە لە کۆمەڵەیەکدا بەناوی Women on Writing لە ساڵی ٢٠٠٠ بە کۆششی M.Barrett بڵاکراوەتەوە.

14-Studying Literary theory: An Introduction,Roger Webster,G.B.1995,P.75.

15-Simom de Beavoir

16-Second Sex(1949)

17-Mary Ellman

18-Thinking about Women(1988).

19-D.H.Lewrence

20-Henry Miller

21-Jean Genet

22-A Glossar of Literary terms,p.233-234.

23-Strategy

24-Otherness

25-A Dictionary of Modern Critical Terms,Edited by Roger Fowler,Routledge,1977,p.92.

Dale Spender

Man Made Language(1980)

Studying Literary theory: An Introduction,p.76.

٢٦- فرهنگ نظریه های فمینیستی،سەرچاوەی پێشوو،ص ٢٣٦.

٢٧- بڕوانە:درامدی بر جامعه شناسی زبان،یحیی مدرسی،مؤسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی،تهران، ١٣٦٨،ص ١٦٢.

٢٨- ر.ک: هەمان سەرچاوە،ص١٦١.

٢٩- بۆ نموونە بڕوانە: کلیدر،محمود دول ابادی،چاپ هفدهم،نشر فرهنگ معاصر، تهران،١٣٨٤، ص ٣٠-٣٥.

٣٠- ر.ک: دانشـنامه نظریه های‌ادبی معاصـر، سـەرچاوەی پێشـوو، ص ٣٩٧.

٣١- خاقانی بۆ لە دایکبوونی رۆڵەی کچەکەی هۆنیویەتیەوە:

مرا چه نقصان گر جفت من بزاد کنون

به چشم زخم هزاران پسر یکی دختر

اگر بمیرد شاید بهشت را خاتون

وگر بماند زیبد مسیح را خواهر.....

٣٥- زن گر نه یکی هزار باشد

در عهد کم استوار باشد

چون نقش وفا و عهد بستند

بر نام زنان قلم شـــکســـتند....(لیلی و مجنون،خمســـه نظامی،چاپ علمی/٦٠٣)

٣٦- اوحدی مراغه ای ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

زن چو بیرون رود بزن سخنش

خودنمایی کند بکن رختش

ورکند سرکشی هلاکش کن

اب رخ می برد به خاکش کن

زن چو خامی کند، بجوشانش

رخ نپوشـــد کفن بپوشـــانش (دیوان اوحدی مراغه ای،نعیم امیر احمد اشرفی،تهران،١٣٦٢،ص ٥٢٦).هەروەها سعدی گوتویوتی:

چون زن راه بازار گیرد بزن

و گر نه تو در خانه بنشین چو زن(بوستان/١٦٣).

٣٧- ئەگەرچی باس لەوە دەکرێ کە ڕەنگە هەندێک لەو هۆنراوانەی درابنە پاڵ مهســـــتی گنجە ای هی ئەو نەبن و ڕەنگە پیاوان ئەو هۆنراوانەیان نووســی بێت.بەڵام بەشــێک لەو چوارینانە بەهۆی ئەوەی جیلوەو ســۆزی ژنانەیان تێدایە بێگومان هی ئەو یان شاعیرێکی تری ژن بووە.

٣٨- بۆنموونە بڕوانە:

- زن در تاریخ معاصــــر ایران،(٢ جلد)، مرادعلی توانا، انتشـــارات برگ زیتون،تهران، ١٣٨٠.
- شـــناخت هویت زن ایرانی،شـــهلا لاهیجی و مهرانگیز کار،انتشـــارات روشنگران، تهران،١٣٧٧.
- بررســـی موقعیت و منزلت زن در تاریخ ایران(مجموعه مقالات)، به کوشش جمعی از نویسندگان، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران، ١٣٨١.

# لیستی سەرچاوەکان


- آدمیت، فریدون:**اندیشه های میرزا فتحعلی آخوند زاده**، تهران، خوارزمی ۱۳۴۹.
- آذر بیگدلی،لطف علی: **تذکره آتشگده**، تصحیح سیدحسن سادات ناصری، امیرکبیر، تهران،۱۳۳۶.
- آریان پور، امیرحسین: **فرویدیسم به اشاراتی به ادبیات و عرفان**، شرکت سهامی، کتابهای جیبی، تهران،۱۳۵۷.
- آریان پور، امیرحسین: **جامعه شناسی هنر**، دانشگده هنرهای زیبای دانشگاه تهران، تهران،۱۳۵۴.
- آرین پور، یحیی: **از صبا تا نیما**، شرکت سهامی کتابهای جیبی، تهران،۱۳۵۱.
- احمدی، بابک: **ساختا ر و تاویل متن**،نشر مرکز، تهران،۱۳۷۰.
- احمدی، بابک: مهران مهاجر و محمود نبوی: **هرمنوتیک مدرن**، نشر مرکزه تهران،۱۳۷۷.
- اخوان ثالث، مهدی:**آخر شاهنامه**، مروارید، تهران،۱۳۷۸.
- استاریکف، ا: **فردوسی و شاهنامه**، ترجمه رضا رعد آذرخشی، انتشارات جیبی، تهران،۱۳۴۶.
- اسماعیل، عزالدین: **التفسیر النفسي للادب**، بیروت،۱۹۶۲.
- اعتصامی، پروین: **دیوان**، انتشارات زوار، تهران،۱۳۳۳.

- ال گورین ویلفرد و دیگران: **راهنمای رویکردهای نقد ادبی**، ترجمه انتشارات اطلاعات، تهران،۱۳۷۰.
- الیامیر چاده:**چشم اندازهای اسطوره**، ترجمه جلال ستاری، انتشارات طوس، تهران،۱۳۷۲.
- امامی، نصرالله: **ساخت شکنی در فرآیند تحلیلی ادبی**، نشر رسش، اهواز،۱۲۸۲.
- امامی، نصرالله: **ساختگرایی و نقد ساختاری**، نشر رسش، اهواز،۱۳۸۲.
- امامی، نصرالله: **منوچهری دامغانی، ادوار زندگی وآفرینش های هنری**، دانشگاه شهید چمران، اهواز،۱۳۷۱.
- امین، احمد: **النقد الادبي**، دارالکتاب العربی،بیروت،۱۹۶۷.
- ایکلتون، تری: **پیش در آمدی برنظریه نقد ادبی**، ترجمه عباس مخبر، نشر مرکز، تهران،۱۳۶۸.
- ایکلتون، تری: **مارکسیسم ونقد ادبی**، ترجمه م۰لاهیجی، انتشارات کار، تهران،۱۳۵۸.
- ایونز:**گفت وشنودی با یونگ**، ترجمه برادران رفیعی، انتشارات صحافیان. مشهد،۱۳۵۱.
- بهار، مهرداد: **اساطیر ایرانی**، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران، ۱۳۵۲.
- بیرجندی، پروین: **روانشناسی رفتار غیرعادی (مرضی،)**، ترجمه و تألیف،کتاب فروشیدهخدا، تهران،۱۳۶۲.
- جامی، مولانا عبدالرحمن: **بهارستان**، چاپ وین، افست کتابفروشی مرکزی، تهران،۱۳۴۸.

- حافظ شمسالدین محمد: **دیوان**، تصحیح پرویز ناتل خانلری، خوارزمی، تهران،۱۳۶۲.
- حافظ، شمس الدین محمد: **دیوان** تصحیح محمد قزوینی،کتاب فروشی زوار، تهران،(بی تا).
- حقیقی، شاهرخ :**گذر از مدرنیته**، آگاه، تهران، ۱۳۷۹.
- خانلری، پرویز: **هفتاد سخن (مجموعه مقالات)**، انتشارات توس، تهران،۱۳۶۷.
- داد، سیما: **فرهنگ اصطلاحات ادبی**، انتشارات مروارید، تهران،۱۳۷۳.
- دهقانی، محمد: **پیشگامانی نقد ادبی در ایران**، انتشارات سخن، ۱۳۸۰.
- دیجز، دیوید: **شیوه های نقد ادبی**، ترجمه غلامحسین یوسفی و محمدتقی صدقیانی، انتشارات علمی، تهران،۱۳۶۶.
- دینوری، ابن قتیبه، **مقدمة الشعر و الشعراء**، ترجمه آذرنوش آذرتاش، تهران، ۱۳۶۳.
- رادویانی، عمر: **ترجمان البلاغه**، به تصحیح و اهتمام احمد آتش، انتشارات اساطیر،تهران،۱۳۶۲.
- رازی، شمس قیس: **المعجم في معاییر اشعار العجم**،تصحیح محمد قزوینی،چاپ کتابفروشی تهران، تهران (بی تا).
- رجائی، نجمه: **آشنایی با نقد ادبی معاصر عرب**، انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد،۱۳۷۸.
- رستگار فسائی، منصور: **انواع شعر فارسی**، انتشارات نوید، شیراز،۱۳۷۲.
- رشیدیان، بهزاد: **بینش اساطیری درشعرفارسی معاصر**، نشرگستره، تهران، ۱۳۷۰.

- ریکور،پل: **زندگی در دنیای متن**، ترجمه بابک احمدی، نشر مرکزه تهران،۱۳۷۴.
- زرین کوب،عبدالحسین: **ارسطو و فن الشعر**، امیرکبیر، تهران،۱۳۵۷.
- زرین کوب،عبدالحسین: **از کوجه رندان**، امیرکبیر، تیران،۱۳۵۴.
- زرین کوب،عبدالحسین: **با کاروان حله**، انتشارات علمی، تهران،۱۳۴۷.
- زرین کوب،عبدالحسین: **شعر بی دروغ شعر بی نقاب**، انتشارات علمی، تهران،۱۳۴۶.
- زرین کوب،عبدالحسین: **نقد ادبی**، امیرکبیر، تهران،۱۳۵۴.
- زرین کوب،عبدالحسین: **يادداشتها واندیشه ها**، تهران،۱۳۵۶.
- ساغروانیان، جلیل، **فرهنگ اصطلاحات زبانشناسی**، نشر نیما، مشهد،۱۳۶۹.
- ستاری، جلال، **رمز و مثل در روانکاوی**، انتشارات توس، تهران،۱۳۶۶.
- سرامی، قدمعلی: **از رنگ گل تا رنج خار**، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران،۱۳۶۸.
- سلدن، رامان: **راهنمای نظریه ادبی معاصر**، ترجمه عباس مخبر، طرح نو، تهران،۱۳۷۲.
- سمرقندی، دولتشاه: **تذکره الشعراء**، به همت محمد رمضانی،کلاله خاور، تهران،۱۳۳۸.
- سوسور، فردیناند: **درسهای زبان شناسی همگانی**، ترجمه نازیلا خلخالی، نشر فرزان،تهران ۱۳۷۸.
- سوفوکل، **ادیب شهریار**، ترجمه شاهرخ مسکوب، نشر اندیشه تهران، ۱۳۴۷.

- سیدحسینی، رضا، **مکتبهای ادبی**، انتشارات کتاب زمان، تهران، ۱۳۶۵.
- شاریه، ژان پل: **فروید، ناخودآگاه و روانکاوی**،ترجمه سیدعلی محد، نشر نکته،تهران، ۱۳۷۰.
- شایگان، داریوش: **بت های ذهنی وخاطره ازلی**، امیرکبیر، تهران،۱۳۵۳.
- شمیسا، سیروس: **سبک شناسی شعر**، انتشارات فردوس، تهران،۱۳۷۴.
- صفائی، ابراهیم: **نهضت ادبی ایران درعصر قاجار**، (بی تا)،تهران،۱۳۳۳.
- عاصی، میشل: **في النقد الادبي**، دارالعلم للملايين، بيروت، ۱۹۹۰.
- عباس. احسان: **تاريخ النقد الادبی عند العرب**، عمان،۱۹۸۶.
- عبدالقدوس احسان: **فن السيرة**، دارالثقافة، بيروت،۱۹۵۶.
- عدنان سعيد: **الاتجاهات الفلسفية في النقد الادبي**، دار الرائد، بيروت،۱۹۸۷.
- عنصرالمعالی،کیکاووس: **قابوسنامه**، به اهتمام و تصحیح غلامحسین یوسفی، شرکت
انتشارات علمی و فرهنگی، تهران،۱۳۶۴.
- عوفی، سدیدالدین محمد: **لباب الالباب**، تصحیح ادوارد براون، لیدن،۱۹۰۳.
- غنی، قاسم: **تاریخ عصرحافظ**، انتشارات زوار، تهران، ۱۳۵۶.
- فاخوری حنا: **تاریخ ادبیات عرب**، ترجمه عبدالمحمد آیتی، انتشارات توس، تهران، (بی تا).
- فالر، راجر و دیگران: **زبانشناسی ونقد ادبی**، ترجمه مریم خوزان و حسین پاینده، نشر نی،تهران، ۱۳۶۹.
- فرزاد، مسعود: **جامع نسخ حافظ**، دانشگاه شیراز، شیراز،۱۳۴۷.

- فروخ، عمر: **عقايد فلسفی ابو العلاء معري**، ترجمه حسين خديو جم، شركت سهامی كتابهای جيبی، تهران١٣٤٨.
- فروزانفر: بديع الزمان، **سخن وسخنوران**، انتشارات خوارزمی، تهران، ١٣٥٠.
- فروم، اريک: **زبان از ياد رفته**، ترجمه إبراهيم امانت، انتشارات مرواريد، تهران،١٣٤٦.
- فرويد، زيكموند: **تعبيرخواب وبيماری های روانی**، ترجمه ايرج پورباقر، انتشارات آسيا،تهران،١٣٤١.
- فرويد، زيكموند: **روانشناسی**، ترجمه مهدی افشار، انتشارات كاويان، تهران (بی تا).
- فضل،صلاح: **نظرية البنائية في النقد الادبی**، القاهرة، دارالشرق،١٩٩٨.
- كاسيرر، ارنست: **زبان و اسطوره**، ترجمه محسن ثلاثی، نشر نقره تهران،١٣٦٦.
- كتبی، محمود: **تاريخ آل مظفر**،به اهتمام و تحشيه عبدالحسين نوايی، اسيركبير، تهران،١٣٤٦.
- كيانوش، محمود: **قدما و نقد ادبی**، انتشارات رز، تهران،١٣٥٤.
- گادنر،گلن:**هنر در گذر زمان**،ترجمه محمدتقی فرامرزی، انتشارات، آگاه،تهران،١٣٦٥.
- گريس، ويليام: **ادبيات و بازت آن**،ترجمه بهروز عزب دفتری، انتشارات آگاه، تهران،١٣٦٥.
- گلبن، محمد: **بهار و ادبی فارسی**، (مجموعه مقالات ملک الشعراء بهار)، خوارزمی، تهران،١٣٥١.

- گلبن، محمد:**نقد و سیاحت (مجموعه مقالات)** به کوشش معمدگلبن، تهران، ۱۳۸۰.
- لنگرودی، شمس:**مکتب بازگشت ادبی**، نشر مرکز تهران،۱۳۷۲.
- مان، نرمال: **اصول روانشناسی**، ترجمه و اقتباس محمود ساعتچی، انتننشارات امیرکبیر، تهران،۱۳۶۶.
- مایل هروی، نجیب: **نقد و تصحیع متون**، آستان قدس رضوی، مشهد،۱۳۶۹.
- مجیدی، عنایت الله: **تجدید عهدی با خاطره استاد**، انتشارات دهخدا، تهران،۱۳۵۱.
- مجیدی، عنایت الله: **مجموعه مقالات و اشعار استاد بدیع الزمان فروزانفر**،تهران،۱۳۵۱.
- محمدی، محمد: **فرهنگ ایرانی پیش از اسلام**، انتشارات توس، تهران،۱۳۵۴.
- مختاری،محمد: **اسطوره زال**، نشر آگاه، تهران،۱۳۶۹.
- مدرسی، یحیی: **در آمدی بر جامعه شناسی زبان**، مؤسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی،تهران،۱۳۶۸.
- مشکوه الدینی، مهدی: **سیر زبانشناسی**، انتشارات دانشگاه مشهد،۱۳۷۶.
- مکاریک، ایرنا ریما: **دانشنامه نظریه های ادبی معاصر**، ترجمه مهران مهاجرو محمد نبوی،آگه،نهران،۱۳۸۳.
- مندور. محمد: **در نقد وادب**، ترجمه دکتر علی شریعتی، مشهد،۱۳۴۹.
- منشی، نصرالله:**کلیله ودمنه**، تصحیح و تحشد مجتبی مینوی، دانشگاه تهران،۱۳۴۲.

- نجفی، ابوالحسن: **مبانی زبانشناسی وکاربرده های ویژه آن در زبان فارسی**، انتشارات نیلوفر،تهران،١٣٥٨.
- نظامی عروضی: **چهارمقاله**، به سعی محمد قزوینی، لیدن،١٩٠٩.
- نوریس،کریستوقر: **شالوده شکنی**، ترجمه هیام یزدانجو، نشر شیراز، تهران، ١٣٨٠.
- وطواط شیرازی: رشیدالدین عمر،**حدائق السحر**، تصحیح عباس اقبال، کتابخانه سنائی و کتابخانه طهوری، تهران،١٣٦٢.
- ولک، رنه و أوستن وارن: **نظریه ادبیات**، ترجمه ضیاء موحد و پرویز مهاجر، انتشارات علمیو فرهنگی، تهران،١٣٧٢.
- هام، مگلی: **فرهنگ نظریه های فیمنیستی**، ترجمه فیروز مهاجر و نوشین احمدی خراسانی وفرخ قرەداغی، نشر توسعه، تهران، ١٣٨٢.
- هوف،گراهام: **گفتاری درباره نقد**، ترجمه نسرین مهروینی، امیر کبیر،تهران،١٣٦٥.

- Abrams, M.H.:**A Glossary of Literary Terms**, U.S.A.1993.
- Barnet, Sylvan: **A Short Guide to Writing about Literature**, Boston 1968.
- Barthes, Roland: **Image - Music - Text**, London 1977.
- Coyle, Martin and others: **Encyclopedia of Literature and Criticism**، London 1991.
- Cuddon, Terms: **A Dictionary of Literary Terms**, G.B.1984.

- Culler, Jonathan: **On Deconstruction, Theory and Criticism after Structuralism**, G.B.1987.
- Dotton, Richard: **An Introduction to Literary Criticism**, New York 1986.
- Eden Leon: **Literary Biography**, London 1973.
- Fowler, Roger: (**edited by), A Dictionary of Modern Critical Terms**, New York 1997.
- Fry, northrop: **Anatomy of Criticism**, Princeton 1957.
- Hall Vernon: **A Short History of Literary Criticism**, London 1964.
- Harman, William: **A Handbook to Literature**, sixth edition, New York
- Hoffman, Frederick J .: **Freudianism and Literary Mind**, USA, 1967.
- Holman, c. Hough & William Harman: **A Handbook to Literature**, new York, 1992.
- Kneale, j. Douglas: **Decostruction, Guide to Literary Theory and Criticism**، John Hopkins University Press, 1997.
- Lipking, Lawrence & A. Waton litz: **Modern Literary Criticism**, New York,1972.
- Royle, Nicholas: "**What is Deconstruction?" in Decostruction A User Guide**, USA, 2000.
- Scott, Wilber 5.: **Five Approaches of Literary Criticism**, London, 1970.

- Strelka, Joseph: **Literary Criticism and Psycology**. London, 1966.
- Tennenhouse, Leonard: **The Practice of Psychoanalitic Criticism**, Detoit,1976.
- Thrope, James: **Principles of Textual Criticism**, California, 1973.
- Webster, Roger: **Studying Literary Theory: An Introduction**, G.B.1990.
- Wellek, Rene: **Concept of Criticism**, Yale University, 1963.
- Wolfreys, Julian**: Deconstruction:** Derrida, U.S.A. 1998.

# ژیاننامەی د.نصرالله امامی



ISNA / PHOTO: Borna Ghasemi

- د.نصرالله امامی لە سالی ١٩٤٩ لە شاری ئابادان لە ئێران لە دایکبووە.
- بەکالیۆریۆسی لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە زانستگای تاران وەرگرتووە.لەو سەردەمەدا لە کۆڕی ئوستادانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی وەکو د.عبدالحسین زرینکوب و جعفر شهیدی سوودی وەرگرتووە.
- نصرالله امامی شاگردی تایبەتی د.ژبیح الله صفا بووەو لە زۆر لە نووسینەکانیدا هاوکاریی کردووە. نامەی ماستەری لە زانستگای تەبرێز تەواو کردووە.

- وەکو مامۆستا لە زانستگای چمران لە ئە هواز دەست بەکاربووە.دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا جارێکی دی بۆ تاران گەڕایەوە.دوای تەواوکردنی دکتۆرا ژیانی خۆی یۆ تۆژینەوەو کاری ئەکادیمی تەرخانکردووە.بە تایبەتی لە بواری تۆژینەوەی شیعرەکانی خاقانی و حافز دا چەندین بەرگ کتێب و وتاری نووسیوەو لە میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی هاوچەرخی رۆژئاواییشدا چەندین بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە.ئەم کتێبەی بەردەستتان نموونەیەکی ئەو بەرهەمانەیە.
- ساڵانێکە دەرسەکانی رێبازە ئەدەبییەکانی عەرەبی و دەقی حەماسی و لیریک و خاقانی لە خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆی چمران دەڵێتەوە.
- سەرچاوەی رۆشنبیریی ئەم نووسەرە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فرەنسییە.
- دکتۆر ئیمامی لە ساڵی ١٩٩٩ دا وەکو مامۆستای نموونەیی وڵاتی ئێران هەڵبژێردرا.
- لە ساڵی( ١٩٩٦)ەوە وەکو ئوستادی زمان و ئەدەبیاتی فارسی ناسراوەو سەرپەرشتیی ژمارەیەکی زۆر نامەی ماستەر و دکتۆرای ئەدەبی عەرەبی و فارسی کردووە.

## هەندێ لە کتێبە چاپکراوەکانی:

- تصحیح دیوان رودکی
- مرثیه سرایی در ادب فارسی
- بر آستان جانان (شرح دیوان حافظ)
- ارمغان صبح (شرح قصاید خاقانی)
- پرنیان هفت رنگ
- رودکی استاد شاعران
- منوچهری دامغانی
- از رودکی تا حافظ
- برخی از مقالات علمی و پژوهشی دکتر امامی عبارتند از:
- از واژه تا اسطوره
- اسرائلیات و اساطیر ایرانی
- تصویرهای دریایی در شعر حافظ
- توصیفهای هنری ناصرخسرو در سفرنامه
- رخسار صبح در آیینه
- زبان شعر و واژگان شعری
- زندگی‌نامه نویسی، شیوه و تاریخچه
- ساختار زبانی و بیانی شاهنامه
- غزلهای نظامی
- گزیده سازی و گزیده پردازی

# وەرگێڕەکان

- **هیمداد حوسێن** لە سالی ١٩٦٤ دا لە دایک بووە.
- لە سالی ٢٠٠١ دکتۆرای لە ئەدەبیات و رۆژنامەوانیی کوردی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.
- لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر پرۆفیسۆری ئەدەبیاتی نوێی و رۆژنامەوانیی کوردییە و سەرپەرشتی ژمارەیەک خویندکاری دکتۆرا و ماستەری لە بەشەکانی کوردی و فارسی و راگەیاندندا کردووەو زیاتر لە ٣٥ کتێبی چاپکراوی هەیە.
- سکرتیری رۆشنبیریی یەکیتیی نووسەرانی کوردە.

..........................

- **سەنگەر نازم حسین** لە هەولێر لە سالی ١٩٨٩ دا لەدایک بووە.
- ساڵی ٢٠١١ بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە وەرگرتووە.
- ساڵی ٢٠١٥ ماستەری لە ئەدەبی نویی کوردیدا وەرگرتووە.ناونیشانی نامەکەی بریتییە لە: وێنەی پیاو لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد و فروغی فەروخزاد.
- ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە.

**کتێبە چاپکراوە هاوبەشەکانمان:**

١- ڕێبازە ئەدەبییەکان، سیروس شمیسا، وەرگێڕان، هەولێر،٢٠١٨.

٢- کۆمەڵناسیی ئەدەب،رۆبێر ئیسکارپیت، وەرگێڕەکان، هەولێر،٢٠١٨.

٣- قەحپە بەڕێزەکە،ژان پۆل سارتەر، وەرگێڕەکان، هەولێر،٢٠١٨.

٤- ئازارەکانی ڤارتەری لاو،گۆتە، وەرگێڕەکان، هەولێر،٢٠١٨.

٥- بنەماو میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی، د.نصرالله امامی، وەرگێڕان،هەولێر، ٢٠١٨.